مەریوان وریا قانیع

# بەختەوەریی و بێدەنگی
## دەربارەی کێشە ئێستاییەکانی کۆمەڵگای کوردی

سلێمانی ـ ٢٠٠٤

ناوی کتێب: بەختەوەری و بێدەنگی
بابەت: چاوپێکەوتن
ناوی نووسەر: مەریوان وریا قانیع
تیراژ:
ژمارەی سپاردن:
چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

بەختەوەری و بێدەنگی
دەربارەی کێشە ئێستاییەکانی کۆمەڵگای کوردی

بۆ هاوڕێکانم:
ئاراس و بەختیار و ڕێبین،
بۆ ئەوەیەک وازناهێنێت لە خەونبینین بە جیهانێکەوە جوانتر و دۆستانەتر و بەختەوەرتر لەم جیهانە.

ناواخن:


١- پێشەکی ٦
٢- ئایا کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگای دوای ئەنفالە یان کۆمەڵگای ١٠
پێش ئەنفال؟
چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان
٣- نیشتیمان و بەختەوریی ٢٢
چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی برایەتی
٤- شیزۆفرینییای کولتوریی: دەربارەی خێزان و ڕاستگۆیی و پاتریارکیەت. ٣٦
چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری گوڵان
٥- ئەوروپا و ڕاسیستەکانی.
چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی. ٦٦
٦- لەنێوان هەژاری سیاسیی و هەژاری ڕۆشنبیرییدا. ٨٤
چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری کوردستان ـ تاران.
٧- ئاینی زەردەشت و شووناسی نەتەوەیی ئێمە؟ ١٦٨
چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری سەنتەری برایەتی
٨- بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گرفتی نەبوونی شوناسی تایبەت ١٨٨
چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی تێکۆشانی قوتابیان
٩- دەربارەی ئەدەب و ڕەخنە و ئیلتیزام ٢٠٣
چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری سەردەم
١٠- لەوەش ترسناکتر ئاشکرابوونی چۆڵەوانییەکی گەورەبوو. ٢٤١
چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری ئێستا.
١١- ئێمە و ڕۆژئاوا: کێشەکانی فیکر و میتۆد و خوێندنەوە ٢٩٨
چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری کاروان.

## پێشەکی

ئەم کتێبە هەڵبژاردەی کۆمەڵێک لەو چاوپێکەوتنانەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا لەلایەن کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆژنامەنووسی جیاوازەوە لەگەڵمدا سازدراون. لەبەرئەوەی هەریەکێک لەم چاوپێکەوتنانە لە کات و سات و ڕۆژنامە و گۆڤاری جیاوازدا ئەنجامدراون، بۆیە بەشێک لە خوێنەران نەیانتوانیوە هەموویان یان بەشێکی زۆریان ببینن، کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا بەنیازی بەخشینی ئەو هەلەیە بە خوێنەران.

بەر لە هەمووشتێکیش حەزدەکەم سوپاسی زۆری ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە بکەم کە مەودای ئەوەیان بۆ ڕخساندم وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە و سەرنجەکانم لەسەر ئەو کێشە و گرفت و مەسەلانە ڕوونکەمەوە کە لە پرسیارەکانیاندا وروژاندوویانە، بەتایبەتی سوپاسی سەبر و دڵفراوانیان دەکەم کە بێ پەلەکردن و تابۆیان کرابێت ماوەی پێویستیان پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی وەڵامەکانم.

ئەگەر بخوازین بە ووشەیەک باس لە بابەتی هەرە سەرەکی ئەم کتێبە بکەین دەکرێت بڵێین ئەم کتێبە باس لە «ئێستا» دەکات، «ئێستا» وەک کۆمەڵێک کێشەی فیکری و سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و وەک کۆمەڵێک پرسیار لەبەردەم ووشیاری و بیرکردنەوەدا. ئەو وەڵامانەش لەم کتێبەدا بە پرسیارەکان دراونەتەوە هەوڵدانێکن بۆخوێندنەوەی ئەو دەرکەوتە جیاوازانەی ئەم «ئێستایە» لەخۆیگرتووە. بۆیە دەکرێت بێدوودڵی بڵێم ئەو پرسیارە سەرەکییەی ئەم کتێبە دەخوازێت وەڵامی بداتەوە ئەمەیە: ئایا «ئێستا»ی ئێمە چۆنە و «ئێستابوونمان» هەڵگری چ کارەکتەر و کێشە و گرفت و ئەگەرێکە؟

ئاشکرایە هەموو پرسیارێک دەربارەی «ئێستابوون» لەهەمانکاتدا پرسیارە دەربارەی چۆنیەتی تێپەڕاندنی ئەم ئێستایە و چۆنیەتی دەرچوون لە فۆرمە چەپێنەر و نائینسانی و ناشیرینەکانی. بەڵام پرسیار دەربارەی «چۆنیەتی تێپەڕاندنی ئەم ئێستایە» ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم کتێبە هەڵگری نەخشەیەکی فیکری و ئایدیۆلۆژی پێشتر ئامادەکراو بێت بۆ گۆڕان، یان بە خوێنەران بڵێت چی بکەن و چ هەڵوستێک وەرگرن و چۆن مامەڵەی پێدراوەکانی ئەو جیهانە بکەن کە لەناویدا ئامادەن. نا، ئەم کتێبە تا ئەو شوێنە دەڕوات کە بە خوێنەران بڵێت ئەوەی لە ئێستادا ئامادەیە چییە؟ چ کاراکتەرێکی هەیە؟ بەچ شێوەیەک

لەناو نەخشە ئایدیۆلۆژییە باڵادەستەکانی ئێستادا بووەتە کێشەیەکی فیکری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی؟.
بێگومان ئەم کتێبە تەماحی ئەوەشی هەیە ئاماژە بۆ ئایندە و ئەودیوی ئێستا بکات، دەخوازێت وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە کە لەدەوری شێوەی ئەو ئایندەیە دەسوڕێنەوە کە هێشتا نەهاتووە. بەڵام دیسانەوە لێرەشدا قسەکردن لەسەر ئایندە لەدەرەوەی هەر جۆرە نەخشەیەکی ئایدیۆلۆژی پێشوەخت دانراودا کاردەکات. ئەم کتێبە پرسیارگەلی لەم بابەتە دەخاتەوە: ئەو شتانەی کە دەکرێت بەمشێوەیەی ئێستا نەبن چین؟ چین ئەو شێوانەی ئێستایبوون کە دەکرێت بەو شێوەیە نەبن کە لە ئێستادا هەن؟ ئەو لۆژیکەش کە لەپشتی وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانەوەیە لۆژیکێکی مێژوویە و لەو ڕاستییە فیکرییەوە دەستپێدەکات کە شتەکان هەمیشە بەو شێوەیە نەبوون وەک ئێستا هەن، بۆیە دەکرێت فۆرمە ئێستاییەکانیان بگۆڕێت و شێوە و ناوەرۆکی نوێ وەرگرن و جیاوازبن لەوەی کە لە ئێستادا هەن.
پێموایە گەڕاندنەوەی ئەم ڕەهەندە مێژووییە بۆ دیاردەکان لە ڕۆشنبیری ئێمەدا گرنگییەکی گەورەیان هەبێت، چونکە بە مێژوویکردنی دیاردەکان و نیشتەجێکردنیان لەناو سەرزەمین و ژینگە تایبەتیەکانیاندا ئەوەمان نیشانئەدات کە دیاردەی کاتی و تێپەڕ و مێژووکردن، بۆیە دیاردەی قابیلی گۆڕان و دەسکاریکردن و نوێکردنەوەن. لەدایکبوونی ووشیارییەکیش لە نیشتەجێکردنی دیاردەکانەوە لەناو مێژوودا دەستپێبکات، لەدایکبوونی ووشیارییەکی گۆڕانخوازە. گۆڕان بە مانای بەرەنجامی بەریەککەوتنی ووشیاری و جیهان، نەک لەدایکبووی نەخشەیەکی ئایدیۆلۆژی پێشوەخت کامڵ و دەستنیشانکراو.
کە دەڵێم ئەم کتێبە هەڵگری نەخشەیەکی ئایدیۆلۆژی نییە تا لەڕێگایەوە بە خوێنەران بڵێت چی بکەن و چ بڕیارێک بدەن و چۆن دنیای خۆیان بگۆڕن، دەمەوێت جارێکی دی جەغد لەو ڕاستییە بکەمەوە کە ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوە نییە بە خەڵک بڵێت چی بکات، یان ئیرادەی سیاسیان دەستنیشانکات، بەرنامەی گۆڕانیان بۆدانێت و لەباتی ئەوان بڕیاربدات. نا، ئەرکی ڕۆشنبیر، وەک میشێل فۆکۆ دەڵێت، بریتییە لەوەی شتە بەڵگەنەویست و ئاساییی و سەپێنراوەکان

بخاتە ژێر پرسیارەوە، بە شتە ئاشنا و قبوولکراوەکاندا بچێتەوە، شێوە کۆنەکانی بیرکردنەوە و کارکردن و تێرامان بشلەژێنێت، سەرلەنوێ دەزگا و بونیاد و ڕێگاچارە بالادەستەکان هەڵسەنگێنێتەوە. لەم کتێبەدا، لە هەموو ئەو بۆچوون و ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنانەدا کە خوێنەر بەرچاوی دەکەوێت ئەم تێڕوانینە بۆ ڕۆڵی ڕۆشنبیر ڕێنماییکەر بووە، نەک تێڕوانینێک ڕۆشنبیر تیایدا ببێتە هێزێکی سیحری و لەباتی هەمووان و بۆ هەمووان بیربکاتەوە و بڕیاربدات.

ئەم کتێبە لە کۆمەڵێک بابەتی هەمەجۆر ئەدوێت کە هەریەکێکیان باس لە ڕەهەندێکی گرنگی ئەو «ئێستایە» دەکات کە باسمانکرد، باس لەو کێشە فیکری و سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییانە دەکات کە ڕووبەڕووی ئەو «ئێستایە» بوونەتەوە کە ئێمە وەک تاکەکەس و میللەت و ووشیاری لەناویدا ئامادەین. وەلامەکانیش لەسەرێکەوە خوازیاری وەبیرهێنانەوە و نیشاندانی ئەو کێشانەن کە ئامادەن و لەسەرێکی دیکەشەوە لە هەوڵی بەرفراوانکردنی ئەو زەمینە فیکری و تیوری و پراکتیکییەدان کە دەشێت تیایاندا بەدوای فۆرمی نوێی چارەسەر و پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندندا بگەڕێین و بە «بەئێستایبوونمان» شێوازێکی نوێ و کراوە و تەندروست ببەخشین.

بێگومان وەلامەکانی من بە پرسیارەکان وەلامی بنەبڕ و سەد دەر سەد و قەتعی نین، فەتوا نین و لەو شێوە وەلامانەش نین کە دواهەمین قسەیان لەسەر ئەو مەسەلانە کردبێت کە پرسیارەکان وروژاندوویانە. خۆشحاڵدەبم و وا هەستدەکەم ئەم کتێبە پەیامەکەی خۆی بەتەواوی گەیاندوە گەر خوێنەر ئەم وەلامانە وەک داوەتێک بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان و دیالۆگ ببینێت، وەک سەرەتایەک بۆ ڕاڤەکردنێکی قووڵ و ڕاستەقینە و بەرپرسیاری ئەو کێشانەی کۆمەڵگا و مێژوو ئینسانی ئێمە دووچاریانە.

ئەم کتێبە بە چاوپێکەوتنێکی کوورت دەربارەی ئەنفال دەستپێدەکات و بە چاوپێکەوتنێکی درێژیش کۆتایی دێت دەربارەی ئەو کێشە فیکری و فەلسەفی و میتۆدیانەی ڕۆشنبیریی کوردی بەرهەمیهێناون لە مامەڵەکردنیدا بۆ خۆی و بۆ فیکر و بۆ جیهان و بۆ بوون. لەو نێوانەشدا باس لە چەندان بابەتی دیکە کراوە، لەوانە: مەسەلەی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەریتی، کێشەکانی بزوتنەوەی

خـــوێندكـــاران، قـــەیرانەكـــانی خـــێـــزانی كـــوردیی و بونیـــادی بەها و نۆرمی پاتریاركیانەی ئەم خێزانە، كێشەی ڕەسەنایەتی و خواستن و تازەكردنەوە، مەسەلەی ئەدەب و ڕەخنە لە كوردستاندا، مەسەلەی جیهانگیری و كۆچ، تێگەیشتنمان بۆ كۆمەڵگا و كولتوور و شووناس، ئیسلام و زەردەشتیەت و ئاین لە پەیوەندیاندا بەژیان و بوون و تێڕوانینی ئێمەوە بۆ خۆمان و دەوروبەر و جیهان، ئیسلامی سیاسی و تیورەی عەلمانیەت و چەندان بابەتی جیاوازی تریش كە لە دە ساڵی ڕابووردودا ئەو تەوەرە گرنگانە بوون كە من كارم تێداكردون.

لە كاتی سەرلەنوێ خوێندنەوە و ئامادەكردنی چاوپێكەوتنەكان بۆ چاپكردن لەم كتێبەدا بەپێویستم زانی لەهەندێك شوێندا دەسكارییەكی كەمی دەقە ئەسڵییەكان بكەم. بۆیە ئەوەی خوێنەر لێرەدا دەیانخوێنێتەوە، لەڕووی ڕێنووس و داڕشتنەوەی هەندێك ڕستە و پەرەگراف و گۆڕین و لابردن و زیادكردنی هەندێك وشە و دێڕەوە، جیاوازە لەوەی كە پێشتر بڵاوبۆتەوە. لەهەندێك شوێنی دیكەشدا دەسكارییەكی كەمی ناوەرۆكی هەندێك لە وەڵامەكان كراوە و هەندێك خاڵ زیاتر و فراوانتر روونكراوەتەوە و هەندێكی تریان كە دووبارەبوونەوەی تێدابووە لابراوە، یان كورتكراوەتەوە. ڕەنگە ئەو چاوپێكەوتنەی كە لەگەڵ كاك ڕێبینی ئەحمەد هەردیدا ئەنجامدراوە لەهەمووان زیاتر گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، هۆكەشی ئەوەیە ئەو چاوپێكەوتنە چاوپێكەوتنێكی زارەكی بوو و من مەودای ئەوەم نەبوو دواتر بە وەڵامەكاندا بچمەوە، بۆیە بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتری ئەو بۆچوونانەی لەو چاوپێكەوتنەدا پێشكەشكراون ناچاربووم لەهەندێك شوێندا گۆڕانی بەرچاو بەسەر تێكستە ئەسڵیەكەدا بهێنم.

هیوادارم هەم ئەوانەی چاوپێكەوتنەكانیان لەگەڵدا ئەنجامداوم و هەم ئەوانەش كە دەیانخوێننەوە لەم وردە دەسكارییانە خۆشبن.

مەریوان وریا قانیع
ئەمستردام
هاوینی ساڵی ٢٠٠٣

## ئایا کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگای «دوای ئەنفالە»
## یان کۆمەڵگای «پێش ئەنفال» ؟

«ئەنفال هەنگاوی یەکەمی کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنێکی سەرتاسەری هەموو کۆمەڵگای ئێمە بوو. وێرانکردنی لادێکانی کوردستان، کە ستراتیژی سەرەکی ئەنفال بوو، وێرانکردنی هەموو ئەو توانایانە بوو کە کۆمەڵگای ئێمە بۆ بەرگری و خۆپارێزی و خۆژێنی لەبەردەمیدابوو»

«ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا هەناسە دەدەین تیایدا قوربانییان و تاوانبارانی ئەنفال لەپاڵیەکدا دەژین، بەبێئەوەی ئەم کۆمەڵگایە بوێرێت باس لەم ڕاستییە تاڵە بکات و پەنجە بۆ تاوانبارەکانی ئەم جینۆسایدە درێژبکات، چجای ئەوەی ناچاریانکات داوای کەمترین لێبوردن لە قوربانییەکان بکەن، یان لانیکەم حیکایەتی تێوەگلانی خۆیان و ئەنفال بگێڕنەوە و پاڵنەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانی باسبکەن»

چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان
ساڵی ۲۰۰۱
ئەمستردام

پرسیار: چ بەهایەکی ئایدیۆلۆژی لەپشتی ئەنفالەوە بوو، ڕژێم بەم هەڵمەتە دەیویست چی لە بنیاتی کۆمەڵگای کوردی بکات؟

وەڵام: ئەنفال بۆ ڕژێمی عێراقی ڕووداوێکی لەپڕ و ناوازە و خۆبەخۆ نەبوو، ڕووداوێک نەبوو لە ساتەوەختێکی تووڕەبووندا بڕیاری لەسەردرابێ و بکرایە لە ساتەوەختی هێمنبوونەوەدا لێیپاشگەزببێتەوە، ئەنفال بڕیارێکی ستراتیژی بوو کە ڕاستەوخۆ وابەستەی کارەکتەر و پێکهات و شێوازی ئەو دەسەڵاتەیە کە من لە یەکێک لە نووسینەکانمادا بە شێوە «دەسەڵاتی جینۆسایدی» ناونووسم کردوە. دەسەڵاتێکیش کاراکتەری جینۆسایدی هەبێت دەسەڵاتێک نییە لەسەر بڕیاری خۆبەخۆ کاربکات و بەتەنها سایکۆلۆژیای دیکتاتۆرێک و زەوقی نوخبەیەکی سیاسی بەڕێوەیببات، بەپێچەوانەوە "دەسەڵاتی جینۆسایدی" شێوە دەسەڵاتێکە پلانکار و بیرۆکرات و ڕۆژانە. پلانکارە بەمانای ئەوەی بڕیارەکانی بەرهەمی لێکدانەوەیەکی ورد و پێشین و حیساببۆکراوە، بیروکراتە بەمانای ئەوەی ئەوانەی بەشدارن لە دەرکردن و جێبەجێکردنیدا خۆبەخۆ کارناکەن بەڵکو لەژێر سایەی یاساکانی ماشانێکی گەورەی بیرۆکراسیدا جێبەجێیدەکەن، بۆ نموونە، پیادەکردنی تاواناکان بەوە پاساو ئەدەن کە گوایە ئەوان لێیبەرپرسیار نین و ئەوان تەنها «ئەرک» یان واجبێکیان جێبەجێکردوە کە لەسەرەوەڕا بۆیان دابەزیوە.

ئەم تاوانە ڕۆژانەشە بە مانای ئەوەی ئەو دەزگایانەی بڕیاریان لەسەرداوە و جێبەجێیان کردوە کۆمەڵێک دەزگان کە ژیانی ڕۆژانەی هەریەکێک لە ئێمە بەڕێوەدەبەن.

کەوابوو ئەوەی لەپشتی ئەنفالەوە ئامادەیە بەهایەکی ئایدیۆلۆژی نییە بە تەنها، ئەوەندەی خودناسینی دەسەڵاتێکە بۆ خۆی، سەلماندنەوە و پاسادانکردنی کاراکتەرە کوشندەکانی ئەو دەسەڵاتەیە لەبەردەم خۆی و لەبەردەم ئەو کۆمەڵگایەدا کە بەڕێوەیدەبات. ئەنفال لەم ڕووەوە ناردنی پەیامێک بوو بۆ کۆمەڵگای عێراقی بە گشتی و کۆمەڵگای کوردی بە تایبەتی، پەیامی ئەوەی کە هیچ هێزێک بۆی نییە سادەترین پرسیار لە شەرعیەت و مانەوەی دەسەڵاتی بەعس بکات لە ڕۆژگاری دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران و عێراقدا، ئەوەشی بوێرێت و سەرچڵییەکی لەم بابەتە ئەنجامبدات چارەنووسی وێرانکردن و

لەناوبردنی سەرتاسەری دەبێت. وەک دەبینن من قسە لە ڕۆژگاری دوای کۆتاییهاتنی جەنگ دەکەم، ڕۆژگارێک تێیدا بنەماکانی شەرعیەتی دەسەڵات لە عێراقدا لە وێرانبوون و پوکانەوەیەکی تەواوەتیدا بوو. بەڵام داخۆ مەبەستمان چییە لەوەی کە دەڵێین «بنەماکانی شەرعیەتی دەسەڵات» لە عێراقدا لە ساتەوەختی پوکانەوەدا بوو، لەکاتێکدا هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە دەسەڵاتی بەعس لە عێراقدا هەرگیز دسەڵاتێکی شەرعی نەبووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت لە هەلومەرج و ساتەوەختی ڕوودانی ئەنفال و پێش ڕوودانی ئەنفال بڕوانین. بەبۆچوونی من ساتەوەختی ڕوودانی ئەنفال ساتەوەختی قەیرانی هەرە گەورەی دەسەڵاتی بەعسە لە ڕۆژی هاتنەسەر حوکمییەوە تا ئەو کاتە. جەنگی ئێران و عێراق لە کۆتاییهاتندابوو بەبێ ئەوەی عێراق بتوانێت حیکایەتی سەرکەوتنی خۆی لەم جەنگە خوێناوییەدا بە کەس بفرۆشێت، ئەم جەنگە وڵاتەکەی گۆڕیبووە سەر کوانویەکی بەتاڵ و وێران، لەڕووی ئابوورییەوە عێراق لەوپەڕی لاوازیدابوو، نزیکەی چوار تا پێنج ملیۆن ئینسان لە عێراقدا چەکداربوون و لەپڕێکدا هەمووان لەبەردەم ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەختی بێکاری و بێئاییندەیی و بیشوێن و جێیی ناو کۆمەڵگای عێراقی دوای جەنگدا بوون، نوخبەی بیرۆکراتی دەوڵەت تەواو سەرقاڵی فرۆشتنی کەرتی ئابووری گشتی بوو بە خۆی و بەم کارەش دەوڵەت هەر ڕۆژە و بەشێک لەو توانا ئابوورییە کەمەی ئەدۆڕاند کە بۆی مابووەوە، بەشێکی گەورەی سەرمایەی عێراقی کە لە پیشەسازی سەربازیدا خەرجکرابوو، دوای جەنگ بەهیچ مانایەک بایەخی نەمابوو. لەپڕێکدا دەوڵەت مایەپووچ بوو، ئەمە جگە لەوەی هەشت ساڵ جەنگ کۆمەڵگای عێراقی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کارەستای کۆمەڵایەتی و کولتووری و سایکۆلۆژی گەورە کردبۆوە.

ئەوەی لەپشتی ئەم وێنە تاریکەوە ئامادەیە ئەو ڕاستییەیە کە دەوڵەتی بەعس لەیەکەمین ڕۆژەوە هەموو «شەرعیەتی» سیاسی خۆی لەسەر بەدیهێنانی کۆمەڵێک «دەسکەوت» و دابینکردنی لانیکەمی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای عێراقی، بنیادنابوو، ئەوەی خۆیان پێیان دەگوت "منجزات الثورە". بەعس هێزێکی ناشەرعی بوو، کەس هەڵینەبژاردبوو، بە سواری کۆمەڵێک دەبابە هاتبوونە سەر حوکم، ئەم ناشەرعیەتەشی لەژێر پەردەی دابینکردن و

پێشکەشکردنی ئەو لانیکەمی پێویستییانەدا شاردبۆوە کە ناویان نابوو منجزات الثورە. لەپڕێکدا ئەم بناغە تایبەتەی شەرعیەت لەدەستدرا، دەوڵەت چیدی نەیدەتوانی «منجزات»ی هەبێت، نەیدەتوانی بەردەوامبێت بەو شێوەیەی لە هەفتاکان و هەشتاکاندا ئامادەبوو، نەیدەتوانی چیدی کۆمەڵگا وەک گشتێک بەخێوکات و لانیکەمی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ دابینکات. کە ئەمەشی نەکرد یەکەمین شتێک ڕووبەڕووی ببوایەتەوە پرسیاری شەرعیەتی بوونی ئەو دەوڵەتە و ئەو نوخبەیەیە کە بەڕێوەی دەبەن. لە ڕاستیدا هەر ئەم هەلومەرجەی دەوڵەتی عێراقی دوای ئەنفالە دەوڵەتی کوێتیشی بەو چارەنووسە برد کە هەموومان دەیزانین. لە کۆتاییەکانی جەنگی ئێران و عێراقدا و لە دۆخێکی قەیراناوی لەو بابەتەدا بەعس لە عێراقدا دوو ئەگەری لەبەردەمدابوو. یان ئەوەتا دەبوایە دەرگاکانی بەشداربوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی والاکات و لە دەوڵەتێکی تۆتالیتار و خێزانییەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی کراوە بەڕووی کۆمەڵگادا و کارەکتەرێکی دیموکراسی وەرگرێت، بەمەش ئەو هەژارییەی بە ڕێوەبوو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هەمووواندا دابەشبکات، وەک دەگوترێت کە نانی نەبوو بیدات بە خەڵک دەبێ ئازادی و مافی قسەکردنیان بداتێ. یاخود ئەوەبوو کاراکتەرە توند و تیژ و جینۆسایدییەکەی بە کۆمەڵگا نیشاندات و بیسەلمێنێت کە عێراقییەکان لەپاڵ هەژاریشدا دەبێت بێدەنگیش قبوولبکەن. بەعس یەکەمیانی بۆ جێبەجێنەدەکراو و هەرگیزیش بۆی جێبەجێناکرێت، بەڵام دووهەمیانی زۆر بە ئاسانی جێبەجێکرد، لەم ڕووەوە ئەنفال وەڵامێکی جینۆسایدیانە بوو بە هەر هێزێک لە عێراقدا «دەوڵەتی خێزانی» سەدام و منداڵەکانی قبووڵنەبێت. پێموایە گرنگی ئەنفال لە ئاستی عێراقدا لە ناردنی ئەو پەیامەدایە کە باسمکرد. هەر ئەمەشە وادەکات بەعس ئەنجامدانی پەلامارەکانی ئەنفال نەشارێتەوە و هەواڵەکانی لە میدیا و ڕۆژنامە و کۆڕو کۆبوونەوەکانیدا باسبکات، لەکاتێکدا بەدرێژایی مێژووی خۆی ستراتیژی بێدەنگی و شاردنەوە و پشتگوێخستنی بەرامبەر بە هەواڵەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان پەسەندکردبوو.

بەڵام لە ئاستی کوردستاندا ئەنفال کۆمەڵێک مەبەستی دیکەی جێبەجێکرد، وەک ئاشکرایە ئامانجی سەرەکی پەلامارەکانی ئەنفال تێکدانی تەواوەتی لادێکانی

کـوردسـتـان بوو، هـەمـووشـمـان دەزانین لادێی کـوردی سـەربەخـۆترین بەشی کـۆمـەڵگای کـوردییـە، ئەم لادێیـە لادێیـەک بوو خـۆژێین و لە چەند ڕووەیەکی تایبـەتیـشـەوە شـارژێین. واتـە لادێیـەک بـوو هەم توانای ژیاندنی خـۆی و هەم توانای ژیاندنی بەشێکی کەمی دانیـشتوانی شـارەکانی کـوردسـتـانی هەبوو، لەمەش بترازێت سەرزەمین و حەشارگەی ئەو بزوتنەوە چەکدارەبوو کە ساڵەهای ساڵبوو لە کوردستـاندا ئامادەبوو، هەروەها جوگرافیـای تایبـەتی هەر هێزێکی بەرهەڵستکەری ئایندەیش بوو کە دەکرا دوای وەستانی شەڕی ئێران و عێراق و تەقینەوەی قـەیرانەکـانی دەوڵەت دروسـتـبـبێت، لێرەوە وێرانکردنی لادێکانی کوردستان وێرانکردنی ئەگەرەکانی ژیان و گەشەکردنی هەموو ئەو هێزە ناڕازی و تورانەش بوو کـە دەکرا کـۆمـەڵگای قـەیراناوی دوای جەنگی عێراق و ئێران بەرهەمیانبهێنێت. بەم مانایە ئەنفال تێکدانی دواهەمین پەناگای هەر هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازیش بوو کە لەدەرەوەی نەخشـەکانی بەعسدا خەونی سەربەخۆبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی بینیبێت. ئەمە جگە لەوە تێکدانی لادێکانی کـوردسـتـان تێکدانی ئەو پەیوەندییـە تایبـەتە بوو کـە لەنێـوان لادێی کـوردی و شـاری کـوردیدا هەبوو، کـۆکـردنـەوەی بەزۆری خـەڵکی لادێکانی کـوردسـتـان لە ئۆردوگـا بەزۆرەکـانی نزیک بە شـارەکـانی کوردسـتـاندا، لەزۆر ڕووەوە تێکدانی ئەو هـاوسـەنگییـە تایبـەتەبوو کە مێژووی ئێمـە لەنێوان شـار و لادێدا دروستیکردبوو. ئەم پرۆسـەیە لە دوای ڕاپەڕینەوە بە ئاشکرا دەرنجامێکی خـراپی لێکەوتۆتـەوە کـە دەکرێت ناوی پرۆسـەی بە «بەلادێکردنی شـارەکـان» ی کـوردسـتـانی لێبنێین. ئەو فـەزا کـۆنەپارێزەی ئەمـڕۆ لـە زۆربەی شـارەکـانی کوردستـاندا ئامادەیە، بە بەراوردکردنی بە فـەزای هەفتاکان و هەشتـاکان، لە چەند ڕوویەکەوە، دەرەنجامی ئەو پرۆسە بەرفراوانەی بە لادێکردنی شارەکانە.

بە کورتی ئەنفـال هەنگاوی یەکەمی کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنێکی سـەرتاسـەری هەمـوو کۆمـەڵگای ئێمـە بوو، وێرانکردنی لادێکانی کوردستـان، کە سـتـراتیـژی سـەرەکی ئەنفال بوو، وێرانکردنی هەموو ئەو توانایانە بوو کە کۆمـەڵگای ئێمە بۆ بەرگری و خۆپارێزی و خۆژێنی لەبەردەمیدابوو. لە خـەیاڵ و عەقڵیـەتی بەعسدا کۆکـردنەوەی خـەڵکی کـوردسـتـان لە سێ شـاری گـەورە و کۆمـەڵێک ئۆردوگـای زۆرەملێـدا پرۆژەی تـەسلیـمـبـوونی تـەواوەتی کـۆمــەڵگای کـوردی، تا ڕادەی

لەناوبردنی سەرتاسەری ئەم کۆمەڵگایە، مەیسەر و ئاساندەکات. ئەگەر جەنگی خەلیج و ئەو دەرەنجامانەی دواتر لەم جەنگەوە کەوتنەوە نەبوایە، دەوێرم بڵێم کۆمەگای کوردی وەک گشتێک لەبەردەم هەڕەشەی نەمانی سەرتاسەریدا بوو، ئەنفال کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی ئەم هەڕەشە کوشندەیە بوو لەسەر هەمووومان.

پرسیار: ئەنفال چ کارلێکێکی لەسەر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەخلاقی و سایکۆلۆژی کۆمەڵگای کوردی دانا؟
وەڵام: پێمـوایە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری پێشـوودا لەسـەر هەندێک لەو دەرەنجامانە دوام کە گرنگترینیان مەسەلەی لەناوبردنی بناغەکانی خۆژێنی و پشتبەخۆبەستن و سەربەخۆبوونی کۆمەڵایەتی ئێمە بوو. لە ڕووی ئابورییەوە دروستکردنی کۆمەڵگایەک بوو کە بۆ دابینکردنی سادەترین پێویستییە ئابوورییەکانی ژیانی ڕۆژانەی چاوی لە دەستی دەوڵەت بێت. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دروستکردنی زیاد لە دوو ملیۆن پەناهەندی ناوەکی و بەرهەمهێنانی خەڵکانێک بوو لەدەرەوەی سادەترین مەرجی سەربەخۆی بەردەوامبوونی ژیانی کۆمەڵایەتییاندا، بە زۆر مانا زەحمەتە بە کۆمەڵگای کوردی دوای ئەنفال بڵێین کۆمەڵگا، کۆمەڵگا بەمانای بوونی پێکەوەیی کۆمەڵێک خەڵک لە شوێنێکدا کە لە پەیوەندییەکی سەربەخۆی کارلێک و کارلێکی پێچەوانەدابن لەگەڵ یەکدا، لە دوای ئەنفالەوە پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمە بە کەناڵەکانی دەوڵەتدا تێدەپەڕی، دەوڵەت پێدزکێیەکی تەواوەتی کردبووە ناو هەموو ئەو پەیوەندیانەوە کە هێزێکی بە هێزێکی کۆمەڵایەتی دیکەوە و بە توێژە جیاوازەکانی ناو خۆشیەوە گرێدەدا. بڕی کۆنترۆڵکردنی ئەم کۆمەڵگایە بە ڕادەیەک بوو دەکرێت بڵێم کۆمەڵگای کوردی لەبەردەم قامکەکانی بەعسدا وەک تابلۆیەکی لێهاتبوو چۆنی بوێت وا وێنەی بکات، ئەمەش مانای ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە هەموو تواناکانی سەربەخۆبوونی لەدەستدابوو.
پێشتر باسم لە پرۆسەی بە لادێکردنی شارەکانی کوردستان کرد، پێموایە ئەنفال لەم ڕووەوە کۆمەڵێک کێشەی بۆ کۆمەڵگای کوردی دروستکردوە کە

چارەسەرکردنیان پێویستی بە دەیان ساڵی ئیشی بەرنامەیی ورد و لەسەرخۆ هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پەیوەندییانە بۆ قۆناغی بەر لە ئەنفال، بە هەموو کێشەو قەیرانەکانی ئەو کاتەشەوە.
سەد دەر سەد لەو باوەڕەدام کە ئەنفال لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە دەیان کێشەی گەورە گەورەی بۆ مرۆڤی کورد و گروپەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی دروستکردوە. بەڵام لاوازی فیکری سایکۆلۆژی و نەبوونی لێزان و نەبوونی سێنتەر و ناوەندی سایکۆلۆژی تایبەت لە کوردستاندا، نەیانهێشتوە ئەو کێشە سایکۆلۆژیانە ببینین. زانکۆکانی کوردستانیش لەم ڕووەوە تا ئێستا هەوڵێکی سەرەتاییشیان بۆ خوێندنەوەی ئەم جیهانە سایکۆلۆژییە تەواو تاریکەی ئینسانی ئێمەی دوای ئەنفالییان نەداوە و لەم ڕووەوە ئەم ڕووبەرە گرنگەی ژیانی هاوچەرخی ئێمە بە تەواوی فەرامۆشە.
ڕەنگە یەکێک لە سەختترین دەرەنجامەکانی ئەنفال دەرەنجامە ئەخلاقییەکانی بێت. ئەنفال لەڕووی ئەخلاقییەوە کێشەی گەورەی بۆ کۆمەڵگای ئێمە دروستکردوە، بەشداربوونی کورد خۆی لە ئەنفالدا بەشدارییەکی بەرچاوە و تا ئێستاش ئەم «شەرمەزاری» و «تاوانبارییە» نەبوونەتە سەرچاوەی هاتنەکایەی کۆمەڵێک پرسیاری ئەخلاقی سەبارەت بە بیرۆکەکانی: بەرپرسیاریەت، لێبوردن، لێنەبوردن، گەردنئازادی، هەستکردن بە گوناه، بەرپرسیاریەت. پێموایە ئەنفال کۆمەڵێک کێشەی وجودیانەی دروستکردوە کە تا ئێستا دەستنەبراوە بۆ خوێندنەوەی سادەترین دەرکەوت و ڕووکارەکانی. ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا هەناسە دەدەین تیایدا قوربانییان و تاوانبارانی ئەنفال لەپاڵیەکدا دەژین، بەبێئەوەی ئەم کۆمەڵگایە بوێرێت باس لەم ڕاستییە تاڵە بکات و پەنجە بۆ تاوانبارەکانی ئەم جینۆسایدە درێژبکات، چجای ئەوەی ناچاریانکات داوای کەمترین لێبوردن لە قوربانییەکان بکەن، یان لانیکەم حیکایەتی تێوەگلانی خۆیان و ئەنفال بگێڕنەوە و پاڵنەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانی باسبکەن.
بەپێچەوانەوە زۆرن ئەوانەی تاوانباری ئەنفالن کەچی ئەمڕۆ لە ڕیزی پێشەوەی پیاوە "بەڕێز" و "گەورە" و "پاکەکان" ی کۆمەڵگای ئێمەدا دانراون. بەداخەوە دوای ١٤ ساڵ ئەنفال و دە ساڵ ئازادی هێشتا ئەنفال نەبۆتە بابەتێک کە ناچارمانکات بە کولتووری سیاسی و پێکهاتی ئەخلاقی ئەم کۆمەڵگایەدا

بچینەوە کە تێیدا بەشێک لە کورد ڕاستەوخۆ بەشدارە لە وێرانکردنی بەشەکانی دیکەیدا.
ڕاستە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە هەلومەرجێکی سیاسی زۆر تایبەتدا و بۆ کۆمەڵێک مەبەستی سیاسی دیاریکراو لە تاوانبارانی ئەنفال خۆشبوون، بەڵام لێبوردنی سیاسی مانای لیبوردنی ئەخلاقی نییە. لێبوردنی ئەخلاقی بەبێ بە قسەهاتنی تاوانبارانی ئەنفال و بەبێ داواکردنی لێبوردن لە قوربانییەکان مەیسەر نابێت. لێبوردنی ئەخلاقی وابەستەی «ویژدانی کۆیی» کۆمەڵگایە، وابەستەی ئەوەیە مرۆڤی ئێمە لەوەبگات کە کۆمەڵێک سنووری ئینسانی و ئەخلاقی هەیە نابێت ببەزێنرێن، کە بەزێنراشن و ئازاریان بۆ کەسانێکی دیکە دروستکرد، ئەوکات داوای لێبوردن کەمترین شتێکە جێبەجێکرێت. بەبۆچوونی من کارەساتێکی ئەخلاقی گەورەیە تا ئێستاش کۆمەڵگای ئێمە نازانێت ئەو بەشەی کە تاوانی کردوە، لەبەرچی کردویەتی؟ چی کردوە؟ چۆن کردویەتی؟ ئەو پاڵنەرانە چیبوون وایکردوە هەزاران هەزار کورد بەشداربن لە پەلامارەکانی ئەنفالدا؟ ئایا بەشداربووەکان چ لێکدانەوەیەکیان بۆ ئەم بەشداربوونە هەیە و لەدیدی ئەوانەوە بەشداربوونیان چ «مانا» یەکی هەبووە و هەیە؟ هەموو ڕاگەیاندنی کوردی لەم دە ساڵەی دوایی چاوپێکەوتنێکی تێدا نییە لەگەڵ یەکێک لەوانەدا کە بەشدرای پەلامارەکانی ئەنفالی کردوە. تا ئێستا یەک حیکایەتمان لەبەردەستدا نییە کە تێوەگلانی یەکێک لە بەشداربووەکانمان بۆ بگێڕێتەوە. ئەو گوناهە گەورەیەی بەرامبەر بە قوربانییەکان و بەرامبەر بە کۆمەڵگای ئێمە کراوە ئەوەیە کە لێبوردنی سیاسی و لێبوردنی ئەخلاقی بەیەکدی یەکسانکراون و بەم یەکسانکردنەش ڕێ لە دروستبوونی «ویژدانێکی ئەخلاقیی» ڕەخنەیی و ئینسانە دۆست گیراوە کە هەر کۆمەڵگایەک بیەوێت پارێزگاری لانیکەمی ئینسانیەتی خۆی بکات، پێویستی پێیەتی.

پرسیار: بۆچی ئەوکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر بەو کارەساتە نەبوو؟
وەڵام: پێموایە ئەم بێدەنگبوونە کەم تا زۆر وابەستەی ستراکتوری سیستمی نێونەتەوەیی و کولتووری سیاسی باڵادەستی ڕۆژگاری جەنگی ساردە. عێراق

یەکێکە لەو دەوڵەتە دیکتاتۆریانەی زۆر بە وردی لەسەر ستراکتور و کولتوور و هاوکێشەکانی ڕۆژگاری جەنگی سارد گەمەی دەکرد. خۆشحاڵانە ئەمڕۆکە ئەو ستراکتور و کولتوور و هاوکێشانە کۆتاییان پێهاتوە، پرنسیپی «سەروەری نەتەوەیی»، السیادە الوطنیە، کە یەکێک لە گرنگترین پرنسیپە سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارەیە، لە زۆر ڕووەوە لەژێر پرسیاردایە و ئەو گرنگییەی نەماوە کە لە قۆناغەکانی پێشتردا هەیبووە، هەلومەرجی پارێزراوی ئێستای کوردستان خۆی نموونەی لاوازبوونی ئەم پرنسیپەیە. پرنسیپی «سەروەری نەتەوەیی» یەکێکە لە پڕ مەترسیترین پرنسیپەکانی فەلسەفەی سیاسی ئەم سێ سەدەیەی دوایی گەشەکردنی مۆدێرنە، لەژێر سایەی پاراستنی ئەم پرنسیپەدا دەستی زۆر دەوڵەت والابوو لە کوکوژی ئەو گروهە ئەتنی و ئاینی و کولتووری و کۆمەلایەتییانەدا کە نەدەکەوتنە ناو هەندەسەی کۆمەلایەتی و خەیاڵی سیاسی دەوڵەتەوە. زۆربەی کات «سەروەری نەتەوەیی» مانای قڕوقەپی جیهان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بوو بەرامبەر ئەو هەموو «تاوانە ناوەکییانەی» دەوڵەت بەرامبەر بە گروهە نارەزا و نەویست و بە ناپاک ناوبراوەکان، ئەنجامی ئەدا.

لەمانەش بترازێت عێراق لەڕووی ئابوورییەوە دەوڵەتێکی گرنگە و خاوەنی نەوتێکی هێجگار زۆرە، ڕازیکردنی ئەو دەسەلاتانەی ئەم وڵاتە بەڕێوەدەبەن لەبەر خاتری سود و قازانج و دەسکەوتی ئابووری تایبەت، مەسەلەیەکی بەردەوامبووە و کەم تازۆر بەردەوامیش دەبێت. بۆیە ئەوەی لە عێراق و کوردستاندا گرنگە ئەنجامدرێت دروستکردن و داهێنانی کۆمەڵێک دەزگای تایبەتە کە بتوانێت دەسەلاتی ئەوانەی دەوڵەت لە عێراقدا بەڕێوەدەبەن بخاتە ژێر چاودێری و لێپرسینەوە، بەبێ چاودێریکردنی دەسەلات، بەبێ سنووردارکردنی تواناکانی دەوڵەت و حیزبە سیاسییە بالادەستەکان، بەبێ بوونی ووشیارییەکی چاودێریکەر، ئەگەر و مەترسی جینۆساید لە عێراقدا ئەگەر و مەترسیی زیندوون. خۆشحالانە چیدی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتەنها کۆمپانیا گەورەکان و دەزگا و دامەزراوە نێودەوڵەتییە ڕەسمییەکان نین، بەڵکو چەندەها هێز و گروهی مەدەنی نادەوڵەتی و تاکەکەسی سەربەخۆشن کە هەندێکجار دەتوانن دەنگی ئینسانی لاواز و گروهی بچووک و ترسێنراوی قوژبنە تەریک و نەدیتراوەکانی زەوی بە جیهان بگەیەنن. ئەم ئەگەرانە گەرچی بچووکن بەڵام

دەشێت کاری گەورەیان پێبکرێت. لەم ڕووەوە «کۆمەڵگای نێودەوڵەتی» ئەمڕۆ جیاوازەییەکی بەرچاوی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەردەمانی جەنگی ساردا هەیە.

پرسیار: هێزە سیاسییەکان چۆن ڕووبەڕووی ئەنفالەکان بوونەوە، چییانکرد و ئێستا لەو بوارەدا چییان پێیە؟
وەڵام: ئەوەی تا ئێستا سەبارەت بە ئەنفال کراوە کەمە و زۆریش کەمە، ڕاستە لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند شتێکی سەرەتایی ئەنجامدراون، بۆ نموونە کۆمەڵێک هەوڵ درا بۆ ئامارکردنی ژمارەی قوربانیەکانی ئەنفال و دۆکۆمێنتکردنی، دەرکردنی بڕیاری تایبەت بۆ کۆتایهێنان بە مەسەلەی «بزربووەکان»، لەم دواییانەشدا بڕینەوەی مانگانە و یارمەتی تایبەت بۆ پاشماوەی خێزانە ئەنفالکراوەکان. بەڵام ئەم کارانە، لەگەڵ باشیشیاندا، هێشتا سەرەتای سەرەتاکانن. ئەنفال جینۆسایدە، پاککردنەوەی کۆمەڵگایەک لە ئەگەری جینۆساید تەنها بە ئامارکردن و بڕینەوەی یارمەتی مانگانە بۆ قوربانییەکان کۆتاییپێنایەت.
لەم ڕووەوە خوێندنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتێک جینۆسایدیان بەرهەمهێنابێت کارێکی لەڕادەبەدەر گرنگە، بەڵام پاککردنەوەی کۆمەڵگایەک لە ڕەهەندە جینۆسایدییەکانی دەسەڵات کاری زۆر و وردی دەوێت. بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان بەگشتی و زانکۆکان بە تایبەتی، دەبێت پرۆژەیەکی گەورەی خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵگا و دەسەڵات و ئەخلاقیات و خەیاڵ و عەقڵیەتە دەستپێبکەن کە کارەساتی ئەنفالیان بەرهەمهێنا. چ کولتوورێکی سیاسی، کام مۆراڵی کۆمەڵایەتی، چ شێوازێکی کارکردنی دەسەڵات، کام پێکهات و بونیادی ئابوری، کام فۆرمی دەوڵەت، چ سیسمێکی بەڕێوەبردن، لە پشتی کارەساتی ئەنفالەوەیە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستمان بە ووتنەوەی دەیان کۆرسی تایبەت لە بوارە زانستییە جیاجیاکاندا هەیە، پێویستمان بە وەگەڕخستنی چەندان دید و میتۆد و زانستی جیاجیایە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە تاریکەکانی ئەم کۆکوژیە گەورەیە، دەبێت سروشتی ئەو دەسەڵات و کولتوور و خەیاڵ و عەقڵیەتە بخوێندرێتەوە کە ئەنفالی دروستکرد،

تەماشای ئەو بنکە کۆمەڵایەتی و کولتووری و سایکۆلۆژیانە بکرێت کە کارەساتێکی لەم بابەتە بەرهەمدەهێنن، لەوە بڕوانرێت تاچەند ئەنفال ئەگەرێک لە ئەگەرە زیندووەکانی ئەو پێکاهەتە کۆمەڵایەتیی و سیاسی و کولتوورییەیە کە ئەمڕۆ تێیدا دەژین، ئایا ئەنفال شتێکە لە دوامانەوە یان ئەگەرێک لە پێشمانەوە، شتێکە تێپەڕیوە یان تاریکییەکە بەرەوڕووی دەڕۆین؟ نایشارمەوە، باوەڕی تەواوەتیم بەوەیە کە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگای «دوای ئەنفال» نییە، بەڵکو کۆمەڵگای «بەر لە ئەنفالە» بە هەموو مەترسییەکانی دووبارەبوونەوەی ئەنفالەوە. ئەنفال لەدیدی مندا کارەساتێک نییە یەکجار ڕوویدابێ و تەواو بووبێت، ئەو کۆمەڵگایەی ئەنفالی دروستکرد، ئەو شێوازی دەسەڵاتەی ئەنفالی بەرهەمهێنا، ئەو کولتوورە سیاسییەی لەپشتی ئەم تاوانە گەورەیەوەیە، بە کورتی بەشێکی زۆری ئەو هۆکارانەی ئەنفالیان دروستکرد، هێشتاکو وەک خۆیان ماونەتەوە و کاری ڕاستەقینە بۆ لابردن و گۆڕانیان نەکراوە.

لە ئاستی خوێندەوەی شیلگیردا دەبێت تیمی لێکۆڵینەوەی زانستی دروستببێت بۆ خوێندنەوەی دەرەنجامە جیاوازەکانی ئەنفال بۆ سەر سیاسەت، کولتوور، پێکهاتی کۆمەڵایەتی و پێکهاتی خەیاڵ و سایکۆلۆژیا و چاوەڕوانییەکانی ئینسان و گروپەکانی کۆمەڵگای ئێمە.
لە ڕاستیدا من تەواو باوەڕم بەوەیە بەبێ بە قسەهێنانی تاوانبارانی ئەنفال و بەبێ گوێگرتن لە حیکایەتی ئەوانەی بەشداربوون لە پیادەکردنی رووکارە جیاجیاکانی ئەنفالدا، ناتوانین لەزۆر ڕەهەندی گرنگی کۆمەڵگا و بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و کولتوور و سایکۆلۆژیای ئینسانی ئێمە بگەین. دەشێت تاوانبارانی ئەنفال شتی زۆر گرنمان پێبڵێن لەسەر ماناکانی کوردبوون، ماناکانی کوردستان وەک نیشتیمان، ماناکانی شۆڕش و چەندان چەمکی دیکە کە بەشێکی گرنگی ئەو چەمکانەن کە خۆمان و ئەو جیهانەی پێ پێناسدەکەین کە تێیدا دەژین. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدان بۆ دروستکردنی دادگا یان هەر ناوەندێک کە تاوانبارانی ئەنفال تێیدا خۆبەخۆ حیکایەتی خۆیان بگێڕنەوە و تێیدا داوای لێبوردن لە قوربانییەکان بکەن، مەسەلەیەکی هێجگار گرنگە. بێگومان نابێت ئەم مەسەلەیە مەسەلەی دانانی پلان بێت بۆ گرتن و کوشتن و

ونکردنی خەڵکانێک کە بەشداربوون لە ئەنفالدا، بەپێچەوانەوە دەبێت مەسەلەی کردنەوەی دەرگایەکی ڕاستەقینەبێت لەسەر لێبوردنێکی ئەخلاقی گەورە و بنیادنانی ویژدانێکی کۆیی تەندروست و هەنگاوی یەکەمی لە ڕیشە هەڵکێشانی ئەو بنەما کولتووری و سایکۆلۆژی و ئەخلاقیانە بێت کە ئەنفالیان دروستکرد.

## نیشتیمان و بەختەوەریی

«خەڵک نیشتیمانیان تەنها لەبەر ئەوە خۆشناوێت چونکە بە ڕێکەوت لەوێدا لەدایکبوون و دەژین، گۆڕستانی باو و باپیر و شەهیدەکانیان لەوێدایە و ڕەنگە خۆشیان هەر لەوێدا بمرن. مرۆڤ نیشتیمانی خۆشدەوێت چونکە نیشتیمان وەک مرۆڤێکی خاوەن بەها مامەڵەی دەکات، ئەگەری بوونێکی پڕ کەرامەتی دەخاتە بەردەم، مژدەی بەختەوەریی زیاتری پێدەبەخشێت، بەڵێنی ئەوەی ئەداتێ کە ژیانی خۆی و ژیانی ئەوانەی دوای خۆی جوانتر و ئینسانیتر و مانادارتربێت. هەڵاتنی بە کۆمەڵی خەڵکی ئێمە لە نیشتیمان، بەتایبەتی نەوە نوێکان، بۆ گەڕان بەدوای بەختەوەریدا لە نیشتیمانی خەڵکانی دیکەدا، بەهەر نرخێک بووە تا بە مەرگیش دەگات، هێمایەکی ئاشکرایە کە مانا کۆنەکانی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەریتی لە کوردستانی ئەم دەسەڵای دواییدا گۆڕانی ریشەیی و بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە. چیدی گۆڕی باپیران و گۆڕستانی شەهیدان و قەبری سەرکردەکان بە تەنها خەڵک بە نیشتیمانەوە نابەستنەوە، نیشتیمان دەبێت شتی دی و مانای دی و چاوەڕوانی دی بە خەڵک ببەخشێت»

چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی برایەتی
بەهاری ٢٠٠٢
ئەمستردام

پرسیار: له کوێوه نیشتیمانپەروەریی دەستپێدەکات؟ ئایا تەنیا لەچەک هەڵگرتن و بەرگریکردن له نیشتیمان و بەهای مرۆڤەکاندایە؟ ئایا لەدەرەوەی ئەوانەدا، مەسەلەی دیکه نین شایانی بایەخپێدان بن ؟

وەڵام: نیشتیمانپەروەریی چەمکێکه هێما بۆ شێوازێکی تایبەتی پەیوەندیی نێوان ئینسان و شوێن دەکات، پەیوەندییەکه تێیدا خۆشەویستی و دڵسۆزی و وەفا کۆڵەکه سەرەکییەکانی پێکدێنن. بۆ تێگەیشتن لەم پەیوەندییه تایبەته و دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی دەبێت پێشوەخت ماناکانی نیشتیمان دەستنیشانکەین و جیایکەینەوه لەو «شوێن»انەی دیکه که مرۆڤ تیایاندا ژیاوه و دەژی، بەڵام مانای دیکەیان پێدەبەخشێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش من لێرەدا سێ شێوازی تایبەتی «شوێن» لەیەکدی جیادەکەمەوه: یەکەمیان ناودەنێم «ماڵ»، دووهەمیان «زادگا» و سێهەمیش «نیشتیمان».

«ماڵ» ئەو جوگرافیا تایبەت و بچووک و تاکەکەسییەیه که بوونێکی فیزیایی دیاریکراو و سنووردار و بەرجەستەی هەیه، ئێمه ڕۆژانه لەناویدا دەژین و دەنوین و دەخۆین و پێدەکەنین و دەگرین، بەهۆیەوه سنوورێک لەنێوان خۆمان و جیهانی دەرەوەماندا دەکێشین. وەک شتێکی «تایبەت» له شته «گشتییەکان» جیایدەکەینەوه. «ماڵ» ئەو شوێنه تایبەتەیه که تاکەکەسبوونمان دادەپۆشێ و پەردەیەک بەسەر نهێنییەکانماندا ئەدات و لەنێوان ئێمه و دەرەوەدا فاسیلەیەک دروستدەکات. سەرەکیترین سیفەتی ماڵ تایبەتیبوون و فەردیەت و سنووورداربوونیەتی.

هەرچی «زادگا»یه جوگرافییایەکی گەورەتر و فراوانتر و ئاڵۆزتره له ماڵ، شتێکی تاکەکەسی نییه و دەستەییه، گروپێک یان چەند گروپێک له چوارچێوەی خۆیدا کۆدەکاتەوه، ئەم گروپانه دەشێت گروپی ئەتنی، ئاینی، خێڵ یان هەر پێکهاتێکی ناوچەیی بچووکبن که پەیوەندی خوێن، خزمخواهی، کولتووری، ئاینی یان ئەتنی بەیەکیانەوه کۆکاتەوه و بەو شوێنەشەوه گرێیانبدات که تێیدا دەژین. «زادگا» شوێنی کۆبوونەوەی چەندان ماڵی تایبەته که پەیوەندی توند بەیەکدییەوه گرێیانئەدات. هەروەها سەرزەمینی بەر له دروستبوونی خەیاڵ و عەقڵانیەت و وێناکردنەکانی ناسیۆنالیزمه.

«نیشتیمان» چەمکێکه فراوانتر له «ماڵ» و له «زادگا»، شوێنێکه دەشێت

چەندەها «زادگا» ی جیاوازی تێدابێت. ئەوەشی ئەم زادگا جیاوازنە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە هێزی ئەو خەیاڵە نەتەوەییە هاوبەشەیە کە وێناکردنێکی هاوبەش بۆ ئێستا و ڕابوورد و ئاینده و هەستی پێکەوەبوونێکی چارەنووسساز بە هەمووان دەبەخشێت. نیشتیمان بریتییە لە کۆبوونەوەی زادگا جیاوازەکان بەیەکەوە و بوونیان بە «شوێنی هەمووان»، هەمووانێک کە ناوی نەتەوەی پێدەبەخشین. ئاکاری سەرەکی نیشتیمان ئەوەیە کە «جوگرافییایەکی خەیاڵی»یە، بەشێکە لە فانتازیای تاکەکەس و گروپەکان بۆ شوێن، شوێنێکی پێکەوەیی و هاوبەش و گشتی. کە باس لە «جوگرافیای خەیاڵی» دەکەم باس لە جوگرافییایەکی گەورە و بەرفراوان و گشتی دەکەم کە هەمووان دەزانن هەیە و ئامادەیە، بەڵام مەرجنییە هەمووان هەموو بەشەکانی ئەو جوگرافیایە و هەموو ئەو کەسانەی لەو چوارچێوەیدا دەژین، دیبێت و ناسیبێت، یان ڕێیان کەوتبێتە زادگا جیاوازەکانەوە و تیامابنەوە. بۆنموونە مەرجنییە خەڵکی ئاکرێ، تەوێڵە و بیارەیان بینیبێت بۆئەوەی ئەو دوو شارۆچکەیە وەک بەشێک لە نیشتیمانی خۆیان وێنابکەن، یان دەشێت یەکێک لە دەربەندیخان لەهەموو ژیانیندا ڕێی نەکەوتبێتە زاخۆوە، بەڵام دەزانێت زاخۆ بەشێکە لەنیشتیمانی ئەو. بەم مانایە نیشتیمان چەمکێکی ئەبستراکتە، خەیاڵییە و لە فانتازیای کەسەکاندا ئامادەیە گەرچی دەشێت لە پراکتیکدا نەیاندیبێت. بە مانایەکی دیکە دەشێت کەسانێکی کەم هەبن هەموو بەشە جیاوازەکانی نیشتمانێکی تایبەتیان دیبێت و ناسیبێت کەچی ئەم نەبینین و نەناسینە بۆ زۆربەی دانیشتوانی ئەو نیشتیمانە نابێتە هۆی ئەوەوەی ئەو شوێنانەی نەیاندیوە بە بەشێک لە نیشتیمانی خۆیان نەزانن و هەست بەوە نەکەن لە شوێنێکدا دەژین گەورەتر لە «ماڵ»و «زادگا»ی خۆیان.

بە کورتی نیشتیمان ئەو شوێنەیە کە هەم ماڵە جیاوازەکان و هەم زادگا جیاوازەکان دەگرێتە خۆی، ئەو چوارچێوەیەیە کە هەموو شوێنە تایبەتەکان لەناو گشتێکی خەیاڵیدا کۆدەکاتەوە و مانایەکی نوێیان پێدەبەخشێت جیاواز لە مانای شوێنە بچووکەکان زۆرجاریش گرنگتر لەو مانایانە. بەم مانایەیە کە دەڵێین نیشتیمان جوگرافیایەکی خەیاڵییە، یان جوگرافییایەکە لە خەیاڵدا دروستیدەکیەن.

دروستبوونی ئەو خەیاڵە تایبەتەی شوێن لە فۆرمی نیشتیماندا وێنادەکات، یان بە شوێن سیفەتی نیشتیمان دەبەخشێت، شتێکی سروشتی و بەڵگەنەویست و پێشوەخت پێدراو نییە، هەمیشە و هەردەم بوونی نەبووە، بەڵکو لە سەردەم و ڕۆژگار و هەلومەرجێکی مێژوویی و سیاسی و کولتووری دیاریکراودا لەدایکدەبێت، کە سەردەم و ڕۆژگاری خەیاڵی ناسیۆنالیزمانە و بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمە. ئەوەی نیشتیمان وەک جوگرافییایەکی گشتی دەخولقێنێت خەیاڵی نەتەوەییە، ئەوەشی ماڵە جیاوازەکان و زادگا جیاوازەکان دەکاتە بەشی جیاوازی شوێنێکی گەورەتر لە ماڵ و لە زادگا هەر خودی ئەم خەیاڵە نەتەوەییەیە. بەم مانایە نیشتیمان و نەتەوە دوو شتن ناکرێت لەیەکدیان جیابکەینەوە، نیشتیمان دەرەنجامیێکی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی، خەیاڵی جوگرافیی نەتەوەییە، خەیاڵی جوگرافی نەتەوەییش هەمیشە لە فۆرمی نیشتیمانێکدا بەرجەستەدەبێت. بەبێ خەیاڵی نەتەوەیی شتێک نییە ناوی نیشتیمان بێت و کە ئەم خەیاڵەش نەبوو شتێکیش نابێت ناوی نیشتیمانپەروەریی بێت. لێرەوە دەشێت نیشتیمانپەروەریی وا پێناسەبکەین وەک ئەوەی بریتیبێت لە بەرهەمهێنان و پاراستن و قبووڵکردنی ئەم خەیاڵە نەتەوەییە و بەرگریلێکردن و گەشەپێدان و بەهێزکردنی، وای ببینین وەک ئەوەی هەوڵدانێکی بەردەوامبێت بۆ بەرهەمهێنانی سیمبول و پیادەکردنی سیاسەت و ئەنجامدانی کاری فیکری و کۆمەڵایەتی و کولتووری تایبەت کە ئەم خەیاڵە نەتەوەییە قووڵتر و هەمەلایەنتر و گشتیترکات.

ئەگەر نەتوانین لەدەرەوەی خەیاڵی نەتەوەییدا باس لەنیشتیمان بکەین، ئەوکات ناتوانین لەدەرەوەی هەمان خەیاڵەدا باس لە نیشتیمانپەروەریش بکەین. لەنێوان خەیاڵی نەتەوەیی و نیشتیمان و نیشتیمانپەروەریدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و دیالکێکتیکی هەیە. بۆیە گەر هەستی نیشتیمانپەروەری لەلاوازبووندا بێت، ئەمە مانای ئەوەیە قەیرانێک یان نووقسانییەک لە خەیاڵی نەتەوەییدا هەیە، ئەوکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەو شوێنەی کە دەبێت تەماشایبکەین و بیخوێنینەوە و بیپشکنین سەرزەمینی «خەیاڵی نەتەوەییە»، سەرزەمینی ئەو پلان و هەڵسوکەوت و سیاسەتانەیە کە لەگەڵ خەیاڵی نەتەوەییدا مامەڵە دەکەن، پانتایی ئەو کولتوورەیە کە پایەکانی خەیاڵی نەتەوەیی دادەڕێژێت،

بەرهەمهێنانی ئەو سیمبولانەیە کە دەبنە کەرەستەی خەیاڵی نەتەوەیی، پشکنینی ئەو سیاسەتانەیە کە بەناوی نەتەوەوە دەدوێن. لاوازبوونی نیشتیمانپەروەریی مانای بوونی قەیران لەکۆی ئەو ڕەهەندانەدا کە خەیاڵی نەتەوەیی تیایدا بەرهەمدەهێنرێت، بەهێزبوونیشی لەبەهێزبوونی ئەو ڕەهەندانەوەیە. گەر نیشتیمانپەروەریمان لەم ئاستە تایبەتەدا بینی ئەوکات هەرشتێک هۆکاری بەهێزبوونی خەیاڵ و سیاسەت و کولتووری نەتەوەیی بێت، دەچێتە خانەی نیشتیمانپەروەرییە و هەرچییەکیش خەیاڵ و سیاسەت و کولتووری نەتەوەیی لاوازکات دەچێتە خانەی دەرەوەی نیشتیمانپەروەرییەوە.

دەبێت دەستبەجێ ئەو ڕاستییە ئاشکراکەم کە من لێرەدا چەمکی نیشتیمانپەروەری وەک چەمکێکی بێلایەن پێناسەدەکەم، وەک چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ئینتیما دەیبینم، بەڵام ناوەرۆکی ئەم ئینتیمایە چییە و نیشتیمانپەروەری چ مەودایەک دەگرێتە خۆی؟ ئەوە مەسەلەیەکە لە هەلومەرجی جیاوازدا مانای جیاوازی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە دەشێت گەورەبوونی هەستی نیشتیمانپەروەری و بەهێزکردنی خەیاڵی نەتەوەییی لە ساتێکی دیاریکراودا مەسەلەیەکی پێشکەوتنخواز و لەڕووی مێژووییەوە ئینسانی و گرنگبێت، بەڵام دەشێت بەهێزکردنی ئەم هەستە لەهەندێک ساتی دیکەدا هەڵگری مەترسییەکی فاشییانەی گەورەبێت. نیشتیمانپەروەری لە ئەڵمانیای نازیەتدا تاوان و لە قۆناغی شەڕی سەربەخۆیی جیهانی سێدا دژ بە کۆلۆنیالیزم مانای ئینسانی هەیە. وەک ووتم من لەو پێناسەی سەرەوەدا بۆ نیشتیمانپەروەری قسەم لەسەر ناوەرۆکی نیشتیمانپەروەریی نییە، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم دەستنیشانکردنی هەستی نیشتیمانپەروەرییە وەک چوارچێوەیەکی مێژوویی تایبەت بۆ ئینتیما. لێرەوە دەشێت چەکهەڵگرتن و خەباتی چەکداریی توندوتیژ لە سەردەمێکی دیاریکراودا شێوازێکی گرنگی دەربڕینی هەستی نیشتیمانپەروەری و پیادەکردنی ڕۆڵێکی نیشتیمانپەروەرانە بێت، بەڵام دەشێت لە قۆناغێکی دیکەدا هەموو دەستبردنێک بۆ تفەنگ دژ بە سادەترین ماناکانی نیشتیمانپەروەریی بێت. کەوابوو نیشتیمانپەروەریی پێدراوێکی سروشتی نییە یەک مانای هەمیشەیی و نەگۆڕی هەبێت، بەڵکو پێدراوێکی مێژووییە و ئەمەش وایلێدەکات مانای جیاواز و هەمەجۆر و پڕ گۆڕانی هەبێت. خودی نیشتیمان خۆشی

دەشێت لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا مانای جیاوازی هەبێت، بەر لە ڕاپەڕین نیشتیمان مانایەکی هەبوو تەواو جیاواز لە ماناکانی دوای ڕاپەڕین. لە قۆناغی یەکەمدا سەرزەمینێکی داگیرکراوبوو کە زۆران ئامادەبوون قوربانی بە ژیانیان بدەن بۆ ئازادکردنی، لەدوای ڕاپەڕینەوە بۆتە ماڵی حیزب و شوێنی پیادەکردنی تەماح و خەون و ستراتیژە تایبەتییەکانی حیزب، لە یەکەمیاندا نیشتیمان یەکەیەکی قابیلی دابەش و پارچەپارچە نەکردن بوو، لە دووهەمیاندا لە ڕووی سیاسی و کولتووری و ئابوری و جوگرافییەوە تەواو بەشبەش و پارچەپارچە کراوە. ئەم ڕاستییانەن وادەکەن ئەو مانایانەی بەر لە ڕاپەڕین بە نیشتیمانپەروەری ئەدرا لە دوای ڕاپەڕینەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت، بەر لە ڕاپەڕین یەکێک لە مانا گرنگەکانی نیشتیمان پەروەریی بریتیبوو لە چەک هەڵگرتن و چوون بۆ چیا، لەدوای ڕاپەڕینەوە یەکێک لە مانا گرنگەکانی نیشتیمانپەروەری بریتییە لە چەک فڕێدان و نەچوون بۆ شەڕی یەکدیکوژی، بەر لە ڕاپەڕین نیشتیمانپەروەری بریتیبوو لە بەهێزکردنی ڕووکارە سەربازی و بەرگریکارەکەی شۆڕشی کوردستان، دوای ڕاپەڕین نیشتیمانپەروەری بریتییە لە بەهێزکردنی ڕووکارە دیموکراسی و یاسایی و مەدەنییەکانی ئەم شۆڕشە. وەک دەبینین ماناکانی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەریەتی بە گۆڕانی کات و سەردەم و هەلومەرجی جیاواز گۆڕانی جیاوازیان بەسەردادێت. هەر ساتەوەختێکی تایبەت جۆرێکی تایبەتی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەرێتی بەرهەمدەهێنێت، ناتوانین مانایەک دروستکەین و بڵێین ئەمە یەکەمین و دواهەمین مانای نیشتیمان و نیشتیمانپەروەرییە.

پرسیار: ئێوە لەگەڵمانانین چەمکی نیشتیمان پەورەریی و ئینتیما بۆ کوردستان زۆر دابەزیوە و بەرەو ئەوەیە کەمترین پەرێز لە بیرکردنەوە و ڕەفتار و بڕیارەکان سەبارەت بە زۆر پرس و کێشە بگرێتەوە؟

وەڵام: من سەد دەر سەد ئەم تێبینییە گرنگەی ئێوەم قبووڵە و پێموایە یەکێک لە ڕاستییە تاڵەکانی هەلومەرجی سیاسی ئەم دە ساڵەی دواییە، ئەو مافەش بەخۆم ئەدەم هەنگاوێک دورتربڕۆم و ئەم تێبینییە قووڵترکەمەوە و بڵێم: ئەو پارچە زەویەی ئێمە تێیدا دەژین لەزۆر ڕووەوە ماناکانی نیشتیمانی لەدەستداوە،

نیشتیمان بە مانای سەرزەمینی نیشتەجێبوون و بەرهەمهێنانی سیاسەت و خەیاڵ و خەون و کولتوور و مژدە و سیمبولی نەتەوەیی. جیهانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی جیهانی خەیاڵی نەتەوەیی و سیاسەتی نەتەوەیی و کاری نەتەوەیی نییە، بەڵکو جیهانی دابەشبوونێکی ترسناکە بەسەر خەیاڵی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی چەند حیزبێکدا کە لەم دە ساڵەی دواییدا یەکێک لە کارە هەرەسەرەکییەکانیان قووڵکردنەوەی دابەشکردنەکان و سوکایەتکردن بووە بەیەکدی. ئەم هێزانە خەیاڵی نەتەوەیی ئێمەیان گۆڕیوەتە سەر خەیاڵێکی حیزبی و ئەو ڕەهەندە بان حیزبییانەیان لێسەندۆتەوە کە لەمێژووی خۆیدا هەڵگریبووە. کە خەیاڵی نەتەوەییش لاوازدەبێت و دابدەبەزێت بۆ ئاستی بەر لە دروستبوونی نەتەوە و کووردتدەبێتەوە بۆ خەیاڵێکی حیزبی کورتەبالا و بەرتەسک، یەکەمینشتێک کە دەمرێت بیرۆکەی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەرییە. وەک ووتم نیشتیمان خەیاڵی جوگرافیی نەتەوە دروستیدەکات، کە ئەم خەیاڵە جوگرافییە ڕەهەندە نەتەوەییەکانی لەدەستدا، ئەوکات نیشتیمانیش مانا گشتیی و نەتەوەییەکانی ئەدۆڕێنێت. کە نیشتیمان ئەم مانا گشتییانەشی دۆڕاند، ئیتر لە سەرزەمینی بەختەوەری هەمووانەوە دەبێت بە سەرزەمینی بەختەوەری نوخبەیەکی بچووک، لە ماڵی نەتەوەوە دەبێتە ماڵی پێکهاتە ناوچەییەکانی بەر لە نەتەوە، لە چەمکی نیشتیمانەوە دەگۆڕێت بۆ چەمکی زادگا، زادگاش کورتدەبێتەوە بۆ شوێنی دەسەلات و کارکردن و مانەوەی حیزب. ئەم دابەزین و بچووکبوونەوەیەیە وادەکات نیشتیمان لە شوێنی حوکمی یاسا و بەهای یەکسانخواز و ڕۆحی دیموکراسییانەوە ببێتە شوێنی پیادەکردنی شەڕی ناوخۆ و گۆڕەپانی حوکمی تاکرەوتێتی حیزبی و ئۆردوگای ناعەدالەتییەکی کۆمەلایەتی و سیاسی گەورە، هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە وادەکەن ڕووبەڕووی دۆخێک بینەوە کە تێیدا بستێک زەوی بۆ نیشتیمان و نیشتیمانپەروەریەتی نەمێنێتەوە. ئەمەش بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی وەک بزوتنەوەی سیاسی کوردستانی، بزوتنەوەیەک کە ڕۆژگارێکی درێژە بێ هاوڕێ و بێ دۆست و بێ دراوسێی ڕاستەقینەیە و بە کۆمەڵێک ناحەزی گەورە و تەماحدار گەمارۆدراوە، کارەساتێکی سیاسی و ئەخلاقی و وجودی گەورەیە، لەوەدەچێت حیزبە سیاسییە بالادەستەکانی کوردستان ئەو ڕاستییەیان لەیادکردبێت کە ئەوان

لەسەر دەسەڵاتێک ململانێی خوێنین و ناڕاست و ناشیرین دەکەن کە هیچ یەکێکیان ڕۆژێک بەتەنها بۆی ناپارێزرێت، نیشتیمان بۆ کۆمەڵە مەبەستێک بەشبەشدەکەن کە کاتییە و وابەستەی هەلومەرجێکی سیاسی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییە کە تاسەر بەو شێوەیە نامێنێتەوە. کێشەی هەرە گەورەی سیاسەتکردن لە کوردستاندا لەوەدایە کە نیشتیمانپەروەری لە ساتەوەختێکدا بێمانادەکات کە وەک نان و ئاو بۆ مێژوو و کۆمەڵگا و ئایندەی ئێمە پێویستە. کورتکردنەوەی ماناکانی نیشتیمان بۆ ماناکانی زادگا و بارگاویکردنی ماناکانی زادگاش بەمانای حیزبی ئەو میکانیزمە جەهەنەمییەیە کە لە کوردستاندا بەر بە کارکردنی هەستی نیشتیمانپەروەرێتی دەگرێت.
ڕەگەکانی لاوازبوونی هەستی نیشتیمانپەروەریی لەم دابەزاندنە ستراتیژیەی ماناکانی نیشتیماندایە کە لەدوای ڕاپەڕینەوە بەشێکە لە کاری ڕۆژانەی حیزبە سیاسییەکانی ئێمە. بۆئەوەی ئەمڕۆکە و دوای دە ساڵ لە ئازادی داوای هەستی نیشتیمانپەروەری لە ئینسانە سادەکانی کۆمەڵگای کوردی بکەین، دەبێت بەو ئینسانانە وێنەی نیشتیمانێک بدەین نەبووبێت بە زادگا و ڕۆژانە زیاتر و زیاتر بەشبەش و پارچەپارچە نەکرێت، شەڕی خوێناوی و ناکۆکی کوشندە لەنێوان بەشەکانیدا دروستنەکرێ و لەم سەرییەوە بۆ ئەو سەری پڕ نەکرێت لە خاڵی تەفتیش و پشکنین و گومرکی حیزبی، نەکرابێتە لانکێک بۆ ناعەدالەتی کۆمەلایەتی و دوژمنایەتی سیاسی. نیشتیمانێک نەتوانێت مژدەی ئایندەیەکی ئاسودە، مژدەی عەدالەت، مژدەی کاری پێکەوەیی، مژدەی یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا، مژدەی چارەنووسی هاوبەش، بەهەمووان بدات ناتوانێت داوای خۆشەویستی لە کەس بکات. خەڵک نیشتیمانیان تەنها لەبەر ئەوە خۆشناوێت چونکە بە ڕێکەوت لەوێدا لەدایکبوون و دەژین، گۆڕستانی باو و باپیر و شەهیدەکانیان لەوێدایە و ڕەنگە خۆشیان هەر لەوێدا بمرن. مرۆڤ نیشتیمانی خۆشدەوێت چونکە نیشتیمان وەک مرۆڤێکی خاوەن بەها مامەڵەی دەکات، ئەگەری بوونێکی پڕ کەرامەتی دەخاتە بەردەم، مژدەی بەختەوەریی زیاتری پێدەبەخشێت، بەڵێنی ئەوەی ئەداتێ کە ژیانی خۆی و ژیانی ئەوانەی دوای خۆی جوانتر و ئینسانیتر و ماناداترببێت. هەلاتنی بە کۆمەڵی خەڵکی ئێمە لە نیشتیمان، بەتایبەتی نەوە نوێکان، بۆ گەڕان بەدوای بەختەوەریدا لە نیشتیمانی

خەڵکانی دیکەدا، بەهەر نرخێک بووە تا بە مەرگیش دەگات، هێمایەکی ئاشکرایە کە مانا کۆنەکانی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەرێتی لە کوردستانی ئەم دەسەڵاتی دواییدا گۆڕانی ڕیشەیی و بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە. چیدی گۆڕی باپیران و گۆڕستانی شەهیدان و قەبری سەرکردەکان بە تەنها خەڵک بە نیشتیمانەوە نابەستنەوە، نیشتیمان دەبێت شتی دی و مانای دی و چاوەڕوانی دی بە خەڵک ببەخشێت تا وا لە مرۆڤ بکەن ببێتە بوونەوەرێکی نیشتیماندۆست و بەرپرسیار.

پرسیار: ئایا پێویستمان بەوە نییە بیر لەو لایەنە ژیارییانە بکەینەوە کەمەسەلەیەکە هۆکاری بوون و مانەوە و بژێوی ڕۆژانەمانە؟
وەڵام: بێگومان پێویستمان بەبیرکردنەوە لە هەموو ئەو هۆکارانە هەیە کە هەستی نیشتیمانپەروەریی لای ئینسانی ئێمە لاوازدەکەن، لە پێش هەمووشیانەوە پێداچوونەوە بە مێژووی پڕ لە ناکۆکی و دابەشکردن و قەبراندنی هەر ڕەهەندێکی نەتەوەیی سیاسەتکردن لەم دەساڵەی دواییدا. دەبێت ماناکانی نیشتیمان بەو مانا ئینسانی و یەکسانخوازی و دیموکراسییانەوە گرێبدەین کە بەشێکن لە ڕووە گەشەکانی شارستاینەت و ژیاری هاوچەرخ. ئەوەی زۆر گرنگە هەمیشە لەبەرچاودابێت ئەوەیە کە کۆمەڵێک مانای ئایندەیی بە نیشتیمان و نەتەوە و سیاسەت ببەخشین، واز لەوە بهێنین بەردەوام لە سەروەری و پیرۆزی و نەمری حیزب و سەرکردەکانی بدوێین، کاتی ئەوە هاتووە سیاسییەکانی ئێمە لەو ڕاستییە سادەیە تێبگەن کە چیدی فرۆشتنی ڕابووردوی خۆیان و ڕابووردوی حیزبەکانیان بە خەڵکی کوردستان ناتوانێت ببێتە سەرچاوەی دروستبوونی هەستی نیشتیمانپەروەریی، چیدی ناکرێت ماناکانی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەری بە ڕابووردوی خۆیان و حیزبەکانیانەوە گرێدەن. بە ژیاریکردنی ماناکانی نیشتیمان، مانای بەخشینی ئەو مانا و توانا و ئەگەرە ئینسانییە گەورانەی کە ژیارە زیندووەکانی دنیا هەڵیانگرتووە، مانای بنیادنانی سیستمێکی سیاسی کە هەڵگری ئەگەری بەختەوەری زیاتر بێت بۆ تاکەکەس و گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمە، ڕێز لە ئینسانی کورد و ویست و خەیاڵ و حەزەکانی بگرێت، نەک بەردەوام بمانبەنەوە بۆ ناو ڕابووردوی حیزب و

ڕابوردوی سەرکردە و کادرەکان و لەباتی بەختەوەریی، یادەوەریی بە خەڵک بفرۆشن. بەبێ تازەکردنەوەی ماناکانی سیاسەت و حیزبایەتی و خەباتکردن بە ئاراستەی پتەوکردنی خەیاڵ و عەقڵیەت و کولتووری نەتەوەیی ناتوانین مانا ڕاستەقینەکانی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەری بپارێزین و ناتوانین ببین بە بەشێک لە ژیار و شارستانیەتی هاوچەرخ.

پرسیاری چوارەم: ئایا نیشتیمانپەروەریی و ئینتیما لەماڵ و قوتابخانە و پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و هەروەها لەزانکۆ و مزگەوت و زۆربەی بوارەکانی دیکەی ژیانەوە دەستپێناکات؟ ئایا بایەخدان بە منداڵ و پەروەردەکردنی لەسەر چەمکەکانی بەها و مێژووی گەل و خۆشەویستی کوردستان و پێگەیشتنی ساغڵەم و خستنەبەر خوێندنی، بنەماکانی نیشتیمانپەروەریی نین؟ ژینگە بەگشت شێوەکانی و فێرکردنی خەڵک لەسەر چۆنیەتی پارێزگاری لێکردنی، بەدار ودرەخت وگیانلەبەرەکانی و پاکڕاگرتنی ماڵ و جادە و نووسینگە و شوێنی ئیش. هەمووئەمانە هی ئەوەنین بایەخیان پێبدرێت؟
وەڵام: سەد دەر سەد دەبێت گرنگی زۆر بەم شتانە بدرێت، دەبێت ئەو جیهانەی تێیدا دەژین جوانتر و ئینسانیتر و کراوەتر بکەین، دەبێت لە دەرگای خۆشەویستییەوە بچینە ناو ماڵ و کۆمەڵگا و ژینگەوە، دەرسی ڕێز و دیالۆگ و یەکدیقبووڵکردن لە مزگەوت و خێزان و زانکۆ و شوێنەکانی گشتییەکانی دیکەدا بڵێینەوە. بەڵام ئەم کارانە چۆن ئەنجامدەین گەر نیشتیمان وەک چەمکێکی گشتی لە قەیرانێکی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی گەورەدا بژی. گەر نیشتیمان کورتبووبێتەوە بۆ زادگای حیزب و لەباتی هێما بۆ بۆ بەختەوەری بکات هێما بۆ گۆڕستانەکانی حیزب بکات. کە دەڵێم نیشتیمان لە قەیرانێکی سیاسیدا دەژی مەبەستم کردنی نیشتیمانە لە ماڵی نەتەوەوە بە ماڵی حیزب، کە باس لە قەیرانی کولتووری دەکەم مەبەستم نەبوونی ستراتیژێکی کولتووریی نەتەوەییە کە زمان و ڕەمز و دیدی نەتەوەیی بەرهەمبهێنێت، ئیدی لە نەبوونی میدیای نەتەوەییە بیگرە تا نەبوونی تاقە دەزگایەک کە هی حیزب نەبێت و هی کورد بێت وەک کورد، کارەسات نییە لە دوای دە ساڵ لە حوکمی کورد لە کوردستاندا تاقە دەزگایەکمان نەبێت کە موڵکی کورد یان حوکومەتی

کوردیبێت، نەک هی حیزب. مەبەستم لە قەیرانی کۆمەڵایەتیش ئەو داگیرکردنە بێمانایەیە کە حیزب بۆ هەموو ئەو شوێن و جێ و دەزگا «دەوڵەتی» و نادەوڵەتییانە پەیڕەویدەکات کە مژدەی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە ئینسانی ئێمە ئەدەن، ئەم مەسەلەیە بە ئاستێک گەیشتووە گەر هاتوو ئەندامی ئەم یان ئەو حیزب نەبیت ئیدی هەلی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەبەردەمتا داخرابێت و کەم تا زۆر زەحمەتبێت سادەترین پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەت دابینبکەیت.

منالآنی ئێمە بەوە فێری خۆشویستنی کوردستان نابن تەنها باسی مێژووی کوردیان بۆ بکەین، ناوی پاڵەوانەکانی ڕابووریان پێ لەبەرکەین، بەرنامەی تەلەفیزۆن و ڕادیۆ و بڵندگۆی مزگەوتەکانیان بۆ پڕبکەین لە نەسیحەت و شیعری ئاگراوی و وەعزی ناسیۆنالیستانە، منالآنی ئێمە کاتێک دەبنە نیشتیمانپەروەری ڕاستەقینە کە لەوە تێبگەن لە وڵاتێکدا دەژین ڕێز لە ویست و ئارەزو و تواناکانیان دەگرێت، سیاسەتێک جیهانیان بۆ بەڕێوەدەبات کە بڕی ئاشتی و دیالۆگ و قبوڵکردنی جیاوازییان بۆ گەورە دەکات، ستراتیژێکی کولتووری ئامادەیە کە دەینکاتە مرۆڤی هاوچەرخ و دەیانبەستێتەوە بە جومگە زیندووەکانی جیهانی ئەمڕۆوە. کاتی ئەوە هاتووە لەو ڕاستییە سادەیە تێبگەین کە ڕابووردوی ئێمە تەنها لە دۆخێکدا مانا پەیدا دەکات کە ئێستایەکمان دروستکردبێت تێیدا ئینسان هەست بە نرخ و بەها و قورسایی خۆی بکات، پێیوابێت لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە دەتوانێت باوەڕی پێبکا و پشتی پێببەستێ و هەل و ئەگەری گەشەکردنی بخاتەبەردەم. کاتێک ئەم شتانە بوونیان نەبوو باسکردنی ڕابووردو دەبێتە کۆمیدیایەکی بێلەزەت و کەسێک نادۆزیتەوە لە دڵەوە باوەڕی بەو قسانەبێت کە ڕۆژانە میدیا و دەزگاکانی بەرهەمهێنانی وێنە و حیکایەت و دەنگوباس بە خەڵکی ئەدەن.

لە وڵاتێکدا گەنجەکانی بە کۆمەڵ سەرهەڵگرن و هەمووشێک لەدوای خۆیانەوە بەجێبهێڵن، نوکتەیە داوای پاراستنی ژینگە و ئاژەڵبکەین، پاراستنی ژینگە کاتێک مانای دەبێت کە تۆ نەتەوێت هەڵبێیت، نەتەوێ خەڵک و ژینگە و دۆست و هاوڕێ بەسەریەکەوە بەجێبێڵیت، هەستبکەیت کوری ئەو ژینگەیەیت و ژیان و ئیرادە و بەختەوەریت گرێدراوی پاراستنی ئەو ژینگەیەیە. ئینسان کاتێک داوای

پاراستنی ئاژەڵ دەکات کە پێشوەخت ژیانی خۆی وەک ئینسانێک پارێزرابێت، کە ووشەی «ژیان» یش بەکاردێنم مەبەستم تەنها هەبوونی نان نییە، لەمێژە مەسیح گوتوویەتی ئینسان تەنها بە نان ناژی، بەڵکو کۆی ئەو شتانەی دیکەشە کە بە ئینسان ڕێز و نرخ و بەها دەبەخشن.

بەبۆچوونی من زۆر لەو شتانەی کە مرۆڤ دەکەنە بوونەوەرێکی خاوەن هەست و ڕێز و خۆشەویستی بۆ ژینگە لە کوردستاندا بوونییان نییە و بەشێکیش نین لەو پرنسیپانەی کە سیاسەت لە کوردستاندا بەڕێوەدەبەن. بۆ پاراستنی سروشت و شار و گوندەکانی کوردستان سەرەتا پێویستمان بە سیاسەتێک هەیە ئینسان بپارێزێت، ئینسان بکاتە بەهایەکی سیاسی گەورە و وەک کەسێکی خاوەن ماف و توانا و بڕیاری سەربەخۆ تەماشایکات، ئەگەر ئینسان لەسەر بوونی توانا و سەلیقە و بەهرە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرا و کۆمەڵێک حیساباتی دیکەی بۆ کرا کە لەوەی خست هەست بە ئینسانبوونی خۆی بکات و هەست بەوە بکات لە نیشتیمانێکدا دەژی ڕێزی دەگرێت، ئیدی زەحمەتە داوای ئاکار و هەڵسوکەوتێکی عەقڵانی و بەرپرسیاری لێبکەین. لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئینسانبوونی ئینسان بریندارکرا، هەموو شتەکانی دیکە بە ئاسانی بریندار دەکرێن.

بەر لەوەی نیشتیمان ووردکەینەوە بۆ پاکردنەوەی ژینگە و شەقام و شارەکان، پێویستە وردیکەینەوە بۆ پاککردنەوەی ئەخلاق و خەیاڵ و عەقڵییەتی سیاسی. ناتوانین داوای پاکژڕاگرتنی شەقامەکانی نیشتیمان بکەین لەکاتێکدا نیشتیمان لێوانلێوبێت لە ناپاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی. نیشتمان هەمیشە حیکایەتی بوونێکی هاوبەش دەگێڕێتەوە، بوونێک تێیدا هەمووومان لانیکەم لە سەرەتای سەرەتاکاندا یەکسانبین، هەمووومان هەمان هەلی سوودوەرگتنمان لە دەسکەوتەکانی نیشتیمان هەبێت و مەترسی و ئازارەکانیشی بە یەکسانی و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشکەین، کە ئەمانەمان نەبوو ناتوانین نیشتیمانپەروەری وردکەینەوە بۆ ئەو شتانەی ئێوە لە پرسیارەکەتاندا باسیدەکەن، گەرچی ئەو شتانە گرنگن و شایستەی گرنگی پێدانن.

دەشێت لەقۆناغێکی دیاریکراودا نیشتیمان لە شیعر و چیرۆک و نووسیندا دەربارەی پیرۆزی و سەرەوەری و قوربانیدان بۆ نیشتیمان دروستکەین و

بپارێزین، بەڵام لە هەموو مێژوودا نیشتیمانێک نادۆزینەوە تەنها لەسەر داواکردنی قوربانی لە خەڵک بژی، تەنها زەحمەتی و ئازار و پەژارەی هەبێت بە خەڵکی بدات، هێزێک بیبات بەڕێوە کە وەک کۆمەڵێک خاڵی گومرک تەماشایبکات. بۆئەوەی ئینسان بتوانێت بایەخ بە ڕووکارە جیاوازەکانی نیشتیمان بدات دەبێت مژدە و مەترسییەکانی نیشتیمان بەشێوەیەکی داپەروەرانە لە نێوان هەمواندا بەشکرێن.

پرسیاری پێنجەم: ئێمە دەپرسین دەبێ ڕێگەچارەی گەشەپێدانی ئەو لایەنە چۆن بێ؟ ئەو هەنگاوانە چین کە لەسەرمانە بیاندۆزینەوە بۆ پەرەپێدانی ئەو هەستە بەرزە لە ڕەفتارو هەڵسوکەوت و نووسینەکانماندا؟ بەچ شێوەیەک کاربکەین بۆئەوەی هاووڵاتی کورد هەست بەوە بکات کە بەهایەکی گەورەی هەیە؟
وەڵام: وا هەستدەکەم لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشودا لەچەند سەرێکەوە وەڵامی ئەم پرسیارەم دابێتەوە، ئەوەی لێرەدا بکرێت بە کورتی باسیبکەم مەسەلەی مامەڵەکردنی مرۆڤی ئێمەیە وەک هاووڵاتی. ئاسانە خەڵکی کوردستان بە «هاووڵاتی» نانووسکەین و بێوچان بۆ پێناسەکردنی خەڵک بەکاریبهێنین، بەڵام باوەڕناکەم خەڵکی کوردستان وەک هاووڵاتی مامەڵەیان لەگەڵداکرابێت. هاووڵاتیبوون چەمکێکی سیاسییە و سەر بە سیستم و فەلسەفەیەکی سیاسی تایبەتە کە تێیدا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، پەیمانی کۆمەڵایەتی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکدی، بوونی کۆمەڵگا بە چاودێر بەسەر حیزب و سێنتەرەکانی دەسەڵاتەوە، مافی یەکسان ئامادەیە. هاوڵاتیبوون مناڵی سیستمێکە تێیدا تاکەکەس گەورەترین بەهایە، دەستوور حوکمدەکات و هەموو لێپرساوێکی دەسەڵاتداریش قابیلی لێپرسینەوە و بەرپرسیارکردنە بەرامبەر ئەو شتانەی دەیانکات. گەر فێڵ لە خۆمان نەکەین و بوێرین کەمەکێک ڕەخنەگرانە لە خۆمان بڕوانین، دەزانین هەموو ئەم شتانە لە کوردستاندا بوونیان نییە، یان زۆر بە نیوە و ناچڵی ئامادەن. بۆیە من پێموایە ڕێگاچارە لەوەدایە ئێمە ئەو دیدە سیاسییە بگۆڕین کە ئینسانی ئێمە نەک وەک هاووڵاتی بەڵکو وەک ڕەعیەت مامەڵە دەکات، نەک وەک مرۆڤێکی خاوەن ماف دەیبینێت، بەڵکو وەک ئەندامی ئەم یان ئەو خێزان، ئەم یان ئەو حیزب و ئەم یان ئەو ناوچە تەماشایدەکات. نیشتیمان شوێنێکە تێیدا هەموومان وەک یاک مافمان هەیە و وەک یەک بەرپرسیارین،

وەک یەک خەم و دەسکەوت و شادی و شیوەنەکانی بەشدەکەین، ئەوەشی ئێمە دەکاتە بوونەوەری خاوەن ماف و خاوەن بەرپرسیاریەت فەلسەفەی هاوولاتییە. بۆئەوەی هەستی نیشتیمانپەراوەریی گەورە بکەین دەبێت هەموومان ببینە هاوولاتی، لە سەرکردەکانەوە بۆ ئەو شوانانەی لە بناری قەندیلدا ئاژەڵکاری دەکەن.

**شیزۆفرینیای کولتوریی:**
**دەربارەی خێزان و ڕاستگۆیی و پاتریارکیەت**

«لە ڕاستیدا کۆمەڵگای ئێمە بەجۆرێک پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ، خێزان و دەرەوەی خێزان، شتە ئاشکرا و شتە نهێنییەکانی ڕێکخستوە، دەکرێ بڵێم، ئیسنانی ئێمەی کردۆتە بوونەوەرێکی «جووت کاراکتەر»، واتە شیزۆفرینی. ئینسانێک بەردەوام لە دوو جیهانی دژ بەیەک و ناکۆکدا بژی، یەکێکیان بۆکۆمەڵگا و ئاین و حیزب و بەها کولتوورییە باڵادەستەکان، ئەویدیان بۆ خۆی و بۆ حەز و ئارەزو و ویستە نهێنییەکانی. جیهانی یەکەمیان جیهانێکی ئاشکرایە و ڕۆژانە لەڕێگای ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزۆن و مزگەوت و کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا بەرهەمدەهێنرێتەوە، ئەویدیان نهێنییە و هەرکەسە و بە شێوەیەکی تایبەت دەرکەوتە جیاجیاکانی دەشارێتەوە. جیهانی یەکەمیان جیهانە بۆ ئەوانیدی، جیهانە بۆ پاراستنی شتە تەقلیدی و ڕووکەش و قبووڵکراوەکان، بەڵام دووهەمیان جیهانی پیادەکردنی حەرامە کولتووری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانە. یەکەمیان گەرچی جیهانێکی ئاشکرایە بەڵام لەزۆر ئاستدا ساختەیە، دووهەمیان، گەرچی جیهانێکی نائاشکرا و نهێنییە، بەڵام بەزۆر مانا جیهانی ڕاستەقینەی کەسەکانە»

چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری گۆڵان
سازدانی کامەران
ئەمستردام
بەهاری ٢٠٠٢

پرسیار: گرنگترین و ترسناکترین ئەو تەحەدیاتانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی خێزانی کوردەواری بوونەتەوە چین؟ سیما و کێشە و قەیرانەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی ئێستای خێزانی کوردی چۆن دەبینیت؟

وەڵام: زەحمەتە بەبێ بوونی زانیاری ورد و بەبێ بوونی لێکۆڵینەوەی مەیدانی وەڵامێکی ڕاستەقینەی ئەم پرسیارە بدەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵئەدەم زۆر بە گشتی دوو مەترسی یان دوو تەحەدای گەورە دەستنیشانکەم کە پێموایە لەمڕۆدا ڕووبەڕووی خێزان وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی گرنگ لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بۆتەوە. ئەو دوو تەحەدایەش بریتین لە:

یەکەم: نەبوونی توانا بۆ دروستکردن و پێکهێنانی خێزان.

دووهەم: نەبوونی وێران یان جورئەتی کۆمەڵایەتی ۆکۆتایهێنان بە خێزان.

با لە یەکەمیانەوە دەستپێبکەین: ئەمڕۆ دەزگای خێزان، سەرەڕای ئەو هەمووکێشە گەورەگەورانەی لەناوەوەڕا دووچاریەتی، وەک کێشەی بونیادی دەسەڵاتگەر و نادیموکراسییانەی خێزان، نایەکسانی نێوان گەورە و بچووک و جیاوازی گەورەی نێر لە مێ، دەڵێم سەرەڕای ئەم کێشە گەورانە ئەمڕۆکە ئەم دەزگایە لەبەردەم کێشەیەکی گەورەتردایە کە دەشێت بە «کێشەی نەبوونی توانا بۆ دروستکردنی خێزان» ناونووسیکەین. هەمووماں دەزانین دەزگای خێزان لە کۆمەڵگای ئێمەدا یەکێکە لەو دەزگا گرنگانەی کە دروستکردنی «بەڵگەنەویستێکی کۆمەڵایەتی» بووە و تاڕادەیەکی زۆریش سیفەتێکی «سروشتیی» وەرگرتوە، لە کولتووری ئێمەدا چەند ئاسایی و سروشتییە مرۆڤ ناوی هەبێ و جلوبەرگی لەبەردابێ و لە شوێنێکدا بژی، ئاواش سروشتییە خێزانی هەبێ. ئەمڕۆ ئەم پێدراوە «سروشتییە» لە قەیراندایە و بەهەزاران هەزار گەنجی کوڕ وکچ هەن کە ناتوانن خێزان دروستبکەن. لەوانەیە لە مێژووی هاوچەرخی کۆمەڵگای کوردستانیدا هەرگیز بەئەندازەی ئەمڕۆکە گەنجی بێئومێد لە دروستکردنی خێزان نەدۆزینەوە. دیارە دروستکردنی خێزان جگە لەوەی پێویستییەکی بەردەوامی بە توانای ئابووری و مادی گەورە هەیە لەهەمانکاتدا پێویستی بە جێگیری دەرونی و متمانەی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی سیاسی و ئاسودەگی ڕۆحیش هەیە. ئەو نەوە گەنجەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا لە قۆناغی بنیادنان و دروستکردنی خێزاندایە هەڵگری لانیکەمی هیچ یەکێک لەو پێداویستییە مادی و ڕۆحی و دەرونیانە نییە. ئەمڕۆکە ژمارەیەکی هێجگار

گەورەی گەنجی ئێمە بێکارە، کاریشی هەبێت ئەوەی پەیدایدەکات بایی ئەوە نییە سادەترین پێداویستییە مادییەکانی بنیادنانی خێزانی پێدابینکات، ئەمەشی هەبێت هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی ئەوەندە ناجێگیر و متمانەپێنەکراو لە ئارادایە، ویستی دروستکردنی خێزان دەکوژێت. بەم مانایەیە کە من دەڵێم یەکێک لە گەورەترین ئەو کێشانەی ئەمڕۆکە ڕووبەڕووی دەزگای خێزان دەبێتەوە نەبوونی توانای دروستکردن و پێکهێنانیەتی. ڕەنگە ئەمە یەکەمیان جاربێت لە مێژووی ئێمەدا کە زیاد لەنەوەیەک لەبەردەم ئەم تەحەدا گەورەیەدابن.

کێشەی دووهەمییان کێشەی نەبوونی جورئەتی کۆمەڵایەتییە بۆ کۆتایهێنان بە خێزان. مەبەستم لە «کۆتاییهێنان بەخێزان» ئەوە نییە ئەم دەزگایە لابرێت و مافی بوون و مانەوەی لێبسێندرێتەوە، یان بڵێم کەس هەوڵی دروسکردنی نەدات، یان وەک شتێکی سوک و بێمانا تەماشابکرێت. نا، مەبەستی من لە نەبوونی وێرانی کۆمەڵایەتی بۆکۆتاییهێنان بە خێزان ئەوەیە کاتێک ژن و پیاو لە کۆمەڵگای ئێمەدا خێزانیان دروستکرد، ئیدی ئازادی ئەوەیان لەبەردەمدا نییە گەر نەیانویست ونەیانتوانی پێکەوە بژین، لێکجیابببنەوە بەبێئەوەی ئەم لێکجودابوونەوەیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئازارێکی زۆریان بدات و لە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئینسانیان کەمکاتەوە. ئەمەش مانای ئەوەی ئینسانی ئێمە ئەو مەرجانەی لەبەردەمدا نییە کە نەهێڵن خێزان ببێتە زیندانێکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی و کولتووری، هەر کەکەوتیتە ناوییەوە دەرچوون و هاتنەدەرەوە و دەربازبوون لێی زەحمەت و تاڕادەیەکی زۆریش مەحاڵبێت، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان، کە جیابوونەوەیان وەک شوورەیی و کارەساتێکی ئەخلاقی دەبینرێت. بۆیە زۆربەی ئافرەتان ناچارن بۆ پاراستنی شوێن وجێی تاکەکەسی و ئینسانی و کولتووری خۆیان و کەسوکاریان بەشێکی زۆری ئەو توندوتیژییە فیزیایی و ڕەمزییە قبوولکەن کە لەناو پێکهاتی پاتریارکییانەی خێزانی کوردیدا ئامادەیە و نەوێرن نیشانەی پرسیارێکی بەرامبەر بەرزبکەنەوە. ئاشکرایە پلە و مەقامی کۆمەڵایەتی و ئینسانی و کولتووری ئافرەتی جیابووەوە لە وڵاتی ئێمەدا چەند نزمە، زۆرجار مایەی شەرم و شکاندنەوە و سووکبوونێکی گەورەیە، سەرچاوەی برینداربوونی ناو و ناوبانگی خێزان و کەسوکارە، پەککستنی سەرمایەی ڕەمزی ئەو بنەماڵەیە کە

کچە شووکردوەکانیان تووشی جیابوونەوە ئەبن. هەرچی پیاویشە توانای جیابوونەوەی نییە چونکە دەزانێت دروستکردنەوەی سەرلەنوێی خێزان کارێکی زەحمەتە و لانیکەم لەڕووی ئابوورییەوە بۆ زۆران مەحاڵە.

لێرەوە کێشەی سەرەکی خێزان لەولاتی ئێمەدا هەم کێشەی دروستکردن و هەم کێشەی کۆتاییپێهێنانیەتی. ئەم دوو کێشەیەش بچووک نین و کەم خێزان هەن بەدەست یەکێکیانەوە گیرۆدەنەبێت. ژمارەی کچ و کوڕی پیر لە ولاتی ئێمەدا کێشەیەکی کۆمەلایەتی و ئینسانی و کولتووری گەورەیە، نیشتیمان پڕیەتی لە کچ و کوڕی تەنها کە بەپێی حیساب و کیتابی ئەخلاقیاتی کۆمەلایەتی باو سەردەمانی شوکردن و ژنهێنانیان بەسەرچووە. ئەمەش ڕاستەوخۆ توڕیداونەتە ناو تەنیاییەکی ڕۆحی و دەرونی کوشندەوە و لەناخی هەریەکێکیاندا بیابانێک لە حەز و ئارەزو ویستی کوژراوی دروستکردوە. بە دیوی ئەودیویشدا ولاتی ئێمە پڕیەتی لە هەزاران ژن و پیاو کە ناچارن لەچوارچێوەی خێزاندا بەیەکەوە بژین لە بەبێئەوەی لانی کەمی خۆشەویستی یان شتێکی دی شکببەن کە پێکەوە کۆیانکاتەوە، جگە لە توندوتیژی و ناچاری و ترس لە برینداربوونی شوێن و جێی کولتووری و سیاسی و کۆمەلایەتی.

کێشەکەش لەوەدایە کۆمەڵگای ئێمە ئامادەیە قوربانی بەو هەموو مرۆڤانە بدات کە لەسەرێکەوە ناتوانن خێزان دروستکەن و لەسەرێکی دیکەوە ناتوانن کۆتایی پێبهێنن، بۆ پارستنی هەندێک بەهای کولتووری و ئاینی کە وەک بەهای پیرۆز پێناسکراون. زەحمەتێکی زۆری ناوێت ئەو ڕاستییە ببینین کە پاراستنی ئەم بەهایانە بەهەموو مانایەک دژ بە بەختەوەری و ئاسودەیی و خۆشحاڵی هەزران هەزرا ئینسانن.

پێموایە بوون و ئامادەگی ئەم دوو کێشە گەورەیە پێویستە سەرەتایەکی گرنگ بێت بۆ دروستبوونی بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی و کولتووری نوێ کە خوازیاری پێداچوونەوەیەکی ڕاستەقینەبێت بەماناکانی دروستکردنی خێزان و شووکردن و ژنهێنان و جیابونەوە و دەستپێکردنەوەیەکی نوێدا . بزوتنەوەیەک بوێرێت ئەو بەهایانە ڕەخنەبکات کە مایای کوشتنی بەختەوەری و ئاسودەیین و هەوڵی پێشنیارکردنی کۆمەڵێک بەهای نوێ بدات کە لەباتی قوربانیدان بە بەختەوەری ئینسانەکان قوربانی بەهەندێک ڕەهەندی ئەو بەها کۆمەلایەتی و کولتوورییانە بدا کە ئامادەن. بەداخەوە لەم ئاستەدا خەیاڵی کۆمەلایەتی ئێمە لە دۆخی

سڕبوونێکی پڕمەترسیدایە، تادێتیش سنووری ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان بچووک و بەرتەسکتر دەبێتەوە. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەرەنجامی بەهێزبوونی چەندان گروهی ئاینیی کۆنەپارێزە لەکوردستاندا کە بەشێکی بەرچاوی ئەو دەسکەوتە بچووکانەی گەنجانی ئێمە لە سی ساڵی ڕابووردودا بە دەستیانهێنابوو، لەناودەبات و سنوورەکانی ئازادی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بەرتەسکتر دەکاتەوە.

بە زۆرمانا ئەمڕۆ بۆشاییەکی گەورە لە پەیوەندی نێوان نێر و مێی کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە و لەباتی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەش بە کۆمەڵێک داواکاری نوێ و بە هەوڵێکی ڕاسەقینە بۆ ڕێکخستنەوەیەکی ئینسانیانەی پەیوەندی نێوان نێر ومێ، بە برێکی زۆر لە دۆگم و فەتواو و ئەحکامی ئاینی پڕکراوەتەوە. لەباتی پاراستنی تەندروستی ڕۆحی گەنجان و لەباتی چارەسەرکردنی کێشە جنسی و ماتریالییەکانیان، لەباتی کۆتاییهێنان بەو تەنیاییە ڕۆحی و سایکۆلۆژی و مەعنەوییە کوشندەیەی گیرۆدەیین، هەوڵەکان زیاتر بە ئاقاری پاراستنی کۆمەڵێک بەها و نۆرمی ئەخلاقی سوونەتیدا دەڕۆن کە خۆیان ڕێگرێکی سەرەکیین لەبەردم دروستکردنی خێزان و دروستکردنی پەیوەندییەکی ئینسانی و هاوسەنگ و تەندروستدا لەنێوان نێر و مێی کۆمەڵگای ئێمەدا.

جگە لەو دوو کێشەگرنگەی لەسەرەوە باسمکردن کێشەیەکی گرنگی دیکە ئەوەیە تا ئێستا ڕۆشنبیریی ئێمە قەیرانە قووڵەکانی خێزان و پەیوەندیی نا ئینسانییانەی پڕ سەرکوتکردن و چەپاندنی نێوان نێر و مێی نەکردۆتە بابەتی گفتوگۆیەکی ڕاستەقینە و ئەم مەسەلانە نەبوونەتە کێشەگەلێک کە هەم سیاسەت و هەم کولتوور و هەم ئەخلاقیاتی ئاشکرا و باڵادەستی کۆمەڵگای ئێمە بخەنە ژێر پرسیارەوە. سەرەڕای ئەوەی بە هەزاران کوڕ و کچی گەنج لە وڵاتی ئێمەدا توانای دروستکردنی خێزانی تەقلیدیان نییە کەچی بەها تەقلیدییەکانی خێزان نەک نەخراونەتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو بەهێزتر کراون. هەمان دید بۆمەسەلەی کۆتاییپێهێنانی خێزانیش هەر ڕاستە.

لەبەردەم ئەم هەلومەرجەدا کاتی ئەوە هاتووە ئەم دوو پرسیارە سەرەکییە لەخۆمان بکەین:

١ـ تاچەند پێویستە دەزگای خێزان بەم شێوەیەی ئێستای بمێنێتەوە کە دروستکردن و بنیادنانی بۆ بەشێکی گەورەی گەنجی ئەو وڵاتە لەسنووری مەحاڵ نزیکبۆتەوە؟
٢ـ تاچەند کۆمەڵگای ئێمە ئامادەیە لەسەرێکەوە دەزگای خێزان تازە بکاتەوە، لەسەرێکی دیکەشەوە شێوازی دیکەی پەیوەندی نێوان نێر ومێ و مەسەلەی پێکەوەبوونیان دروست و قبووڵبکات؟
تا ئەمساتەی ئێستامان هەڵبژاردنەکان بەو شێوەیەبوون کە فۆرم و بەها تەقلیدییەکانی خێزان، بەهەر نرخێک بووە، بپارێزن و باز بەسەر ئازاری جەستەیی و دەروونی و ڕۆحی هەزاران گەنجی نائومێد و تێکشکاودا بدەن.

پرسیار: بەڕای تۆ سەرچاوەی کێشە و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە لە کوێدایە، لەخێزان خۆی، یاخود لەسەرجەم ئەو سیستمە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەی کە لەسایەیدا دەژین؟
وەڵام: نازانم مەبەستت لە دەستەواژەی «کێشە و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە» چییە و پرسیاری کام کێشە و کام قەیران لەمن دەکەیت. لێگەڕێ با کێشەکانمان لە چوارچێوەی ئەو چەند گرفتەدا سنووردارابکەین کە لەوەڵامی پرسیاری پێشودا دەستنیشانم کردن. مەبەستم مەسەلەی نەبوونی توانای ڕۆحی و سایکۆلۆژی و مادی دروستکردن و کۆتاییهێنانە بە خێزان، مەسەلەی بوونی ئەندازەیەکی زۆری چەپاندن و ئامادەگی بێدەنگبوونێکی گەورە بەرامبەر بە کێشەکانی خێزان و نەکردنیان بە بابەتی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی ئاشکرا و دواتریش قوربانیدان بە ژیانی گەنجی ئێمە لە پێناوی پاراستنی کۆمەڵێک بەهای کولتووری و ئەخلاقی و دینی تایبەتدا.
بێگومان ئەم کێشانە چەند کێشەی خێزان خۆیەتی وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و چەند وابەستەی ستراکتور و میکانزمە ناوەکییەکانی خێزانە وەک دەزگا، ئەوەندەش وابەستەی ئەو وێناکردن و تێڕوانین و پێناسانەیە کە «خەیاڵی کۆمەڵایەتی» ئێمە لەدەرەوەی خێزاندا و لەناو دەزگاکانی پەروەردە و میدیا و ئاین و حیزب و مزگەوت و «فەزای گشتیدا» بەرهەمیاندەهێنێت. ناتوانین کێشەکانی خێزان لە کوردستاندا لە کێشەکانی کۆمەڵگا، ئەخلاقیاتی ناو خێزان

له ئەخلاقیاتی کۆمەڵایەتی و وێناکردنمان بۆ خێزان لە وێناکردنی کولتووریمان بۆ پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی دابڕین. ڕاستە لە هەندێک تیورەی کۆمەڵایەتیدا خێزان بە «مەجالی تایبەت» و کۆمەڵگا بە «مەجالی گشتی» ناودەبرێت، بەڵام ئەمڕۆکە کەم کۆمەڵناس و ئینسانناس دەدۆزینەوە ئەم دووانە لە یەکدی جیابکەنەوە، لە ڕاستیدا ڕەخنەی فێمینستی لە سیاسەت و لە کۆمەڵگا و لە دەوڵەت لەمێژە ئەم لێکدیجاکردنەوەیەی پەکخستوە و خێزان و دەرەوەی خێزانی بە توندی بەیەکەوە گرێداوە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا ڕەوایە لەخۆمانی بپرسین ئەوەیە: بۆچی سەرەڕای ئەو هەموو کێشانەی باسمانکردن کەچی خێزان و کێشەکانی نەبوونەتە گوتراوی فیکری و بابەتی دیالۆگ لەسەرکردن و لێدوانی کولتووری و مشتومڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاشکرا لە کوردستاندا؟ داخۆ ڕەگەکانی ئەم بێدەنگییە لە کوێدایە و ئینسانی ئێمە، بەتایبەتی گەنجان کە خاوەنی کێشەکەن، بۆ ناوێرن و ناتوانن لە خۆیان و کێشە و حەز و ئارەزووەکانیان بدوێن؟

بەبۆچوونی من هەم ستراکتووری خێزان و هەم ستراکتووری قوتابخانە و هەم ستراکتوری حیزب و هەم ستراکتوری مزگەوت و هەم ستراکتوری بەشێکی گەورەی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تری کۆمەڵگای ئێمە لەسەر بێدەنگکردنی ئینسانی ئێمە دەژین. لەبیرت نەچێت بێدەنگکردن و ترساندن و پەکخستنی توانای تەعبیرکردن لە گرنگترین ئامرازە فاشییەکانی کارکردنی سیستمی بەعس بوون لە عێراقدا. دوای دە ساڵ لەئازادی، ئێمە هێشتا لەو کەلەپوورە نەخۆشە و لەو بونیادە پەروەردەیی و کولتووریی و ڕەمزییە ڕزگارمان نەبووە، لە پەیوەندیدا بەمەسەلەی چۆنیەتی بنیادنانەوەی خێزان و چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ و بەستنەوەی «فەزای تایبەت» بە «فەزای گشتییەوە» تا ئێستاش لەناو هەمان بونیاد و ستراکتوور وخەیاڵی کۆمەڵایەتی وکولتووریدا دەجوڵێین.

لە سیستمی پەروەردەیی و کولتووریی ئێمەدا منداڵی خاوەن کەسایەتی و ئیرادە، منداڵێک فێربێت بەرگری لە خەون و خەیاڵ و ڕاو و بۆچوون و شووناسی تایەبتی خۆی بکات، منداڵێک جیاوازبێت لەوانیدی، وەک فەشەلێکی پەروەردەیی و کولتووریی و ئەخلاقی تەماشادەکرێت. منداڵە ئیرادەگەرەکانی کۆمەڵگای ئێمە وەک هێمای کەوتن و بەچۆکداهاتنی سیستمی پەروەردەیی و خێزان و بەهاکان

دەبینرێن. بوونی کەسێک ئامادەنەبێت تەسلیم بە بەها و یاسا و نۆرمە باڵادەستەکان بێت، وا وێنادەکرێت وەک ئەوەی دایک و باوک و ئەو مامۆستایانەی پەروەردەیان کردوە، سەرنەکەوتبن لە چاندنی ئەو بەها کولتووریی و ئەخلاقیی و پەروەردەییانەدا کە ئینسانی ئێمە لەبوونەوەرێکی ئیرادەگەرەوە دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی گوێڕایەڵ، لە کەسایەتییەکی ئازادەوە دەیکاتە کەسایەتییەکی پاشکۆ و لەڕۆحێکی سەربەستەوە دەیگۆڕێت بۆ ڕۆحێکی ترساو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو کەسەی سیستمی پەروەردەیی و کولتووریی و ئەخلاقی دەستەمۆی نەکردبێ و نەیتوانیبێت ئیرادەی بێدەنگ و لاوازکات، وەک یاخیگەرێک دەبینرێت کە شوێنی مەترسییە بۆ کولتوور و ئەخلاق و بەهاکانی کۆمەڵگا. ئەمجۆرە کەسانە وەک دێوانەیەک دەبینرێن کە خوازیاری قبوڵکردنی عەقڵانیەت و کولتوور و بەهاو نۆرمی باڵادست نین، دێوانەیەک کەدەبێت بهێنرێنەوە سەر ڕێی ڕاست و دەسکارییەکی تەواوی خەیاڵ و عەقڵ و ڕاڤەکردنەکانیان بکرێت.

کە باس لە بێدەنگکردن دەکەم نامەوێت ئەو بۆچوونە بسەلمێنم کە گەنجی ئێمە تەواو بێدەنگە و زمان و دەم و خەیاڵ و عەقڵی بەتەواوی کلیلدراوە، بە پێچەوانەوە، هەموو کۆمەڵگایەک چۆن هەڵگری تەکنیکی دیسپلین و بێدەنگکردنە ئاواش هەڵگری شێوازی تایبەتی قسەکردن و بەدەنگهاتنە. بەڵام ئەو شێوازە تایبەتانەی قسەکردن لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەن شێوازێکن تا ئەو شوێنە قبووڵدەکرێن کە ستراکتورە باڵادەستەکان لە هەڕەشەی گۆڕانی ڕیشەیی بپارێزن. لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو پەراوێزەی بۆ قسە و دیالۆگ و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی دەستەمۆنەکراو و جیاواز هەیە، پەراوێزێکی هێجگار بچووکە و بەجۆرێک بە گوتار و قسەکردنی باڵادەست پڕکراوەتەوە، کە تواناکانی بۆ بەرپاکردنی گۆڕانی ڕاستەقینە زۆر لاواز بووە. هەموومان دەزانین ئەمڕۆکە لەپاڵ هەموو قەیرانە گەورەکانی خێزاندا هەراوهۆرییایەکی گەورە هەیە سەبارەت بە پاراستنی بەها و کولتوور و ڕەسەنایەتی کوردیی، دەنگەدەنگێکی عەجیب لەئارادایە دەربارەی «خۆماڵیبوون» و «ڕەسەنبوون» و «کوردەواریبوونی» بەهاکان، کە بەسەریەکەوە ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە داخستنی هەر دەرگایەکدا بەڕووی ئەگەر و توانای گۆڕانی ڕاستەقینەدا، لەهەمانکاتدا ڕۆڵێکی مەترسیداریش دەبینن لە زیادکردنی بڕی چەپاندن و بڕی ئازاری دەرونی و

گێنگڵی ناتەندروستی گەنجانی ئێمەدا. ئەم گوتارە دەربارەی ڕەسەنایەتی، کە لەژێر کاریگەری ئیسلامی سیاسیدا بۆتە گوتارێک کە چەپ و ڕاست و دینی و غەیرە دینی هەڵیانگرتوە، ناهێڵێت قسەکردنی ڕاستەقینە لەسەر کێشە جنسی و ڕەوشتی و جەستەییەکانی ئینسانی ئێمە بێتەکایەوە و ناشهێڵێت ڕووبەڕووبوونەوەییەکی ڕاستەقینە دروستببێت لەگەڵ ئەو کولتوورە تەقلیدییەدا کە ئەو کێشانەی دروستکردوە. ئەمە جگە لەوەی گوتارێکی زۆر بێماناش لەسەر سووککردن و قسەوتن بە لەش و بە چێژ و بە ئارەزوو لەئارادایە وەک ئەوەی جەستە لە کوردستاندا هەموو مافەکانی وەرگرتبێت. گوتارێک بەناوی ڕۆحانیەتێکی سوونەتگەرایی ساختە و چەپێنەرەوە ئەدوێت کە جیهانی ئێمە لە ناشیرینییەکەوە بۆ ناشیرینییەکی دی پاڵێوەدەنێت.

لە ڕاستیدا کۆمەڵگای ئێمە بەجۆرێک پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ، خێزان و دەرەوەی خێزان، شتە ئاشکرا و شتە نهێنییەکانی ڕێکخستوە، دەکرێ بڵێم، ئیسنانی ئێمەی کردۆتە بوونەوەرێکی «جووت کاراکتەر»، واتە شیزۆفرینی. ئینسانێک بەردەوام لە دوو جیهانی دژ بەیەک و ناکۆکدا بژی، یەکێکیان بۆکۆمەڵگا و ئاین و حیزب و بەها کولتوورییە باڵادەستەکان، ئەویدیان بۆ خۆی و بۆ حەز و ئارەزو و ویستە نهێنییەکانی. جیهانی یەکەمیان جیهانێکی ئاشکرایە و ڕۆژانە لەڕێگای ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزۆن و مزگەوت و کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا بەرهەمدەهێنرێتەوە، ئەویدیان نهێنییە و هەرکەسە و بە شێوەیەکی تایبەت دەرکەوتە جیاجیاکانی دەشارێتەوە. جیهانی یەکەمیان جیهانە بۆ ئەوانیدی، جیهانە بۆ پاراستنی شتە تەقلیدی و ڕووکەش و قبووڵکراوەکان، بەڵام دووهەمیان جیهانی پیادەکردنی حەرامە کولتووری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانە. یەکەمیان گەرچی جیهانێکی ئاشکرایە بەڵام لەزۆر ئاستدا ساختەیە، دووهەمیان، گەرچی جیهانێکی نائاشکرا و نهێنییە، بەڵام بەزۆر مانا جیهانی ڕاستەقینەی کەسەکانە. جیهانی یەکەمیان خۆشەویستیی یاساغ دەکات، جیهانی دووهەمیان پانتاییەکی نهێنی پێدەبەخشێت، لە یەکەمدا درۆی کولتووریی و سیاسی و ئەخلاقی دەکرێت، لە دووهەمدا شتەکان ڕاستەقینەتر و سۆزبەخشتر و ئینسانیتر پیادەدەبن، یەکەمیان جیهانێکە خۆشەویستی درۆ، حەزی درۆ، ئارەزووی ساختەی تێدا، بەڵام بەشێوەیەکی ئاشکرا، لەکاتێکدا دووهەمیان خۆشەویستی ڕاستەقینە، حەزی ڕاستەقینە و ئارەزووی

ڕاستەقینەی تێدایە، بەڵام بە نهێنی و بە شاراوەیی. ئەم ناکۆکییە قووڵەیە وادەکات ئینسان نائومێدانە لەنێوان دوو کاراکتەری ناکۆک و دژبەیەکدا بێت و بچێت و لە خراپترین دۆخی دەرونی و ئینسانیدا بژی.
ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو جیهانە ناکۆکەی لە کوردستاندا ڕێکخستووە، توندوتیژییە، هەم توندوتیژی فیزیایی و هەم توندوتیژی ڕەمزی. ئەوکەسەی بیەوێت سنووری ئەم دوو جیهانە بەیەکدی تێکەڵکات، بیەوێت حەرامە کولتوورییەکان لە جیهانی نهێنییەوە بۆ جیهانی ئاشکرا بگوازێتەوە، بیەوێت بۆ نموونە بە ئاشکرا خۆشەویستی بکات، وەک تاونبارێکی ئەخلاقی و دینی و کولتووری دەبینرێت و سزای سەخت دەدرێت. بۆیە ترس دەبێتە ئەو هەڵقەیەی کە ئەو دوو جیهانە بەیەکەوە گرێدەدات، هەر کاتێکیش لانیکەمی ئەو جیهانە نهێنییە ئاشکرابێت، ئیدی توندوتیژی دەبێتە زمانی قسەکردنی کۆمەڵگا و ئەخلاق و دین و سیاسەت لەگەڵ ئینسانی ئێمەدا. لەبیرمان نەچێت تا ئێستاش لە وڵاتی ئێمەدا کیژێک لەسەرنامەیەکی دڵداری دەشێت بکوژرێت، خانمێک لەسەر پێکەنینێک دەشێت پەتپەتی دنیای پێبکرێت، پێکەوەبوونی نێر و مێییەک دەشێت دوژمنایەتیەکی گەورەی لێبکەوێتەوە. هەموو ئەم مەسەلانە وایکردوە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی دوو جیهانیبێت، یەکێکیان ئاشکرا و قبووڵکراو و دانپیانراو، ئەویدیان نهێنی و یاساغ و نەفرەتلێکراو. کۆمەڵگای ئێمە و سیستمە کولتووریی و ئەخلاقی و سیاسییەکەی، ئینسانی ئێمەیان ناچارکردوە بەردەوام لەو دووجیهانە بەیەک ناکۆکەدا بژی، بۆیە درۆکردن و شاردنەوە و نهێنیکاری دەبێتە تاقە ستراتیژیەتێک ئینسان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەنێوان ئەم دوو جیهانە ناکۆکەدا پەنای بۆببات.
بەبێ ئاشتکردنەوەی ئەم دوو جیهانە بەیەکدی، بەبێ دروستکردنی فەزایەکی سیاسی و کولتووری و ئاینی کراوە کە تێیدا ئەم دوو جیهانە لە پەیوەندییەکی هارمۆنیدابن، بەبێ ئاشکراکردنی ئارەزووەکان و بەخشینی سەرزەمینی تێرکردنی تایبەت پێیان، بەبێ بەرهەمهێنانی سیاسەتێکی نوێ بۆ دەستنیشانکردنی حەڵاڵ و حەرامی کولتووری، زەحمەتە کۆتایی بەم کارەکتەرە شیزۆفرینییە بهێنین و هەنگاوێک لە تەندروستی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئینسانی نزیکبکەوینەوە. ئەمەش مەحاڵە بەبێ دەسکاریکردنێکی گەورەی سیستمی پەروەردە و کولتوور و سیاسەت و ئاین لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

پرسیار: کۆمەڵگای کوردەواری تا ئێستاش لە زۆرڕووکاریدا کۆمەڵگایەکی (ناوخۆیی) کشتوکاڵییە، کە وابەستەیی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەندامەکانیدا لەئاستێکی توند و تۆڵدایە، کەچی تا ئەمساتەش دیاردەکانی بە جیهانیبوون و شۆڕشی زانیاری و پەیوەندیکردن، نەیانتوانیوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەبونیادەکانی خێزان، لە ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادا بهێننە کایە... دەکرێ قسە لەومەسەلەیە بکەی؟

وەڵام: سەرەتا من پێموانییە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی «کشتوکاڵی»، «ناوخۆیی» بێت و جوتیاران هێزی یەکەمی بەرهەمهێنانبن لە کوردستاندا، لەمانەش بترازێت ئەمڕۆ بەشێکی گرنگی هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی لە ناو شارە گەورەکانی ڕۆژئاوادا دەژین. ئەو پێناسەیەی کە کۆمەڵگای ئێمە بە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی ناودەبات، گەر بۆ بیست تا سی ساڵێک لەمەوبەر ڕاستبووبێت، بۆ ئێستا ڕاستنییە. لەدوای پەلامارەکانی ئەنفالەوە جیهانی جوتیاران لە کوردستاندا وێرانە، واتە ئەو جیهانەی کە کۆمەڵگای ئێمەی دەکردە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بوونی نەماوە. ئەمڕۆ بۆ قسەکردن لەسەر کۆمەڵگای کوردی پێویستمان بە پێناس و دید و چەمکی دیکەیە، کە باسکردنیان دەکەوێتە دەرەوەی توانای وەڵامی ئەم پرسیارەی ئێوەوە.

دەربارەی وابەستەیی کۆمەڵایەتی و توندوتۆڵی پەیوەندییەکان لەنێوان ئەندامانی خێزانی کوردیدا، من ڕام وایە، ئەم وابەستەییە لەو ئاستە توندوتۆڵدا نییە کە پێشنیاردەکرێت. ئەم وێنەیە بۆ خێزانی کوردی، کە گوایە خێزانێکە ئەندامەکانی لە پەیوەندییەکی هارمۆنی و توندوتۆڵ و هاوسەنگدان لەگەڵیەکدا، وێنەیەکی ناڕاستە و لەزۆر ڕووەوە دەربڕی درۆیەکی کولتووری و سۆسیۆلۆژی و سیاسی و ئاینییە، نەک ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر. لە پشتی وێنەی هارمۆنیی خێزانی کوردییەوە، بڕێکی زۆر توندوتیژی و سووکایەتی و خراپەکاری هەیە کە ئەم وێنەیە دێت بۆ شاردنەوە و داپۆشینی. ئەم وێنە قەشەنگە لێناگەڕێت ئەو سووکایەتییەی لە خێزاندا بە ئافرەت دەکرێت، ئەو دەسەڵاتە چاودێرینەکراو و هەمەلایەن و توندوتیژە کە باوک بەرامبەر بە هەمووان، نێر بەرامبەر بە مێ، گەورە بەرامبەر بە بچووک هەیەتی، ببینرێت. ئەم وێنەیە ناهێڵێت ئەو ڕق و

تووڕەیی و ناڕەزاییـــانە ئاشکرابن کـــە نادیارانە لە ژێرەوە بڕێکی زۆری پەیوەندییەکانی ناو خێزان بەڕێوەدەبات. ئەوەشی وایکردوە ئەم درۆ کولتوورییە بەدرێژایی مێـژووی درێژەی خـێـزان لە کـۆمـەڵگای ئێـمـەدا بمێنێـتـەوە و ئاشکرانەبێت، وابەستەی ئەو توندوتیژییە کوشندەیەیە کە خێزان لە ناوەوەڕا وەک گشتێک بەیەکەوە گرێدەدات، نەک توندوتۆڵی پەیوەندییەکان.
ئەم وێنەیە بەشێـوەیەک زاڵ و باڵادەست و فـشارهێنە و بە ڕادەیەک بارگاوییە بەترس، کەس نەوێرێت ڕەخنەبیکات و وێنە ڕاستەقینەکانی ناو خێزان بە دنیای دەرەوە نیشـانبـدات. تەنانەت لە ئەدەبیـشـدا جگە لە چەند هەوڵێکی بچـووک و شـەرمنانە بۆ نیشـاندانی ئەو جیـهانە ناوەکییە، لای کەسـانێکی وەک شێـرزاد حـەسـەن و مـحـەمـەد موکری و ئەحلام مـەنسور و چەند نووسـەرێکی کەمی دیکە، هیچی ئەوتۆی لەسـەر نەگوتراوە، بێگومان ئەم هـەوڵانەش ئەوەندە نین بتوانن ئەو درۆ کولتوورییە بە تەواوی ئاشکراکەن و بنەماکانی لەبەریەکدی هەڵوەشێننەوە.
لە پشـتـی ئەو وێنانەوە کـە خـێـزان تیـایانـدا خـۆی وەک سـەرزەمـینـی سـۆز و خۆشـەویسـتی و هارمۆنیـیەت نیشـانئەدات، بڕێکی زۆر لەناشیـرنی و زوڵم و توندوتیژی فرەجۆر هەیە، میکانیزمی تایبەتی بێدەنگکردن و بێکەسایەتیکردن و بێئیرادەکردن هەیە، توندوتیژی فیزیایی و توندوتیژی ڕەمزی هەیە، کاتی ئەوە هاتووە ئەم جیهانە مەحکەم و داپۆشراوە نیشاندەین و حیکایەتە ناشیرینەکانی بگێـڕینەوە، کـارێک بکەین لەناوەوەڕا ناچاربێت بگۆڕێ و تازەببـێـتـەوە و کاراکتەرێکی دیموکراس و ئینسانیانە وەرگرێت. ئەمەش مـەحاڵە بەبێ بوونی کـۆمـەڵێک دەزگـای کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسی کـە ببنە پەناگای ئەوانەی دەوێرن قـسـەبکەن، داڵدەی ئەو نەوەیە بدەن کـە دەوێرن حـیکایەتە ناشـیـرینـەکـانی ناو خێزانمان بۆ بگێڕنەوە، پێویستمان بە کۆمەڵێک یاسای نوێ هەیە کە دەسەڵاتی نێر لەناو خێزاندا بخاتە ژێر چاودێرییەوە، سنوورێک بۆ ئەو دەسـەڵاتە دابنێت و نەهێڵـێت خـێزان لەژێر ڕەحمـی سـایکۆلۆژیی پیـاودا بژی. لەمـانەش گـرنگتـر پێویستـمـان بە لەدایکبوونی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی و فێمینیستی شێلگیر هەیە، بوێرێت بدوێ و خراپەکارییەکان لە مەسـەلەی تایبەتی ئەم یان ئەو خێزان و فلان یان فیسـار تاکەکەسەوە بکاتە مەسەلەی کۆمەڵایەتی و داوای چارەسـەری یاسایی و سیاسـیـان بۆ بکات، بەکـورتی دەبێت شـتـەکان لە سنووری تەسکی خێزان بهێنرێتە دەرەوە و بکرێن بە مەسەلەی کۆمەڵایەتی و کولتووری گشتی.

بۆ ئەم مەبەستەش ئافرەتان و گەنجانی ئێمە دەبێت فێربن بدوێن، باسی خۆیان بکەن، ئەو دەستدرێژییە فیزیایی و ڕەمزییانە بگێڕنەوە کە لەژێر پەردەی خۆشەویستی و سۆز و هارمۆنیەتی خێزاندا دەکرێتە سەریان، باسی گومان و ترس و ئامانج و دوودڵی و چاوەڕوانییەکانیان بکەن، باسی فشاری ڕۆحی و دەرونی و ڕەمزی ناو خێزان و پەیوەندییە نایەکسانەکانی بکەن، کچان و کوڕانی کۆمەڵگای ئێمە دەبێت فێربن باسی شتە ورد و درشتەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بکەن، باسی پەیوەندی نایەکسانی نێوانی خۆیان و باوکیان، خۆیان و براکانیان، خۆیان و خزم و ناسراوەکانیان بکەن. کاتی ئەوە هاتووە شتە کەسیی و تایبەتەکان وەک شتی سیاسی ببینین، لەوە تێبگەین کە پێناسەکانی ماڵ، خێزان، گەورەیی و بچووکی، نێر و مێ پێناسی سیاسین و لەپشتی هەریەکێکیانەوە شێوازێکی تایبەتی دەسەڵات ئامادەیە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا شێوەیەکی پاتریارکی نێرانەی نادیموکراس و نایەکسان و توندوتیژی هەیە.

لەم پرۆسەی گۆڕان و خەونبینینەدا دەشێت جیهانگیری یارمەتیدەربێت و چارەسەرکان ئاسانترکات، بەڵام دەشێت ڕێگرێکی گەورەبێت و دەرگای ناوئومێدییەکی گەورەترمان لەسەر بکاتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونە با سەرەتا بزانین جیهانگیری یانیچی و لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگای ئێمەوە هەڵگری چ ئەگەر و کێشە و ئومێد و خراپەکارییەکە؟

بەداخەوە جیهانگیری لای ئێمە کورتکراوەتەوە بۆ کڕین و هێنان و گواستنەوەی ئامرازە تەکنۆلۆژییە تازەکان بۆ کوردستان، زۆرکەس هەن پێیانوایە مادامەکی کۆمپیوتەر و تەلەفۆنی مۆبیل و ساتالایت لەکوردستاندا هەن کەواتە جیهانگیری ئامادەیە. ئەم تێڕوانینە بۆ جیهانگیری تێڕوانینێکی کاریکاتێری و سادەیە، بەهیچ شێوەیەک یارمەتی ئەوەمان نادات ئەو گۆڕانکارییانە ببینین کە جیهانگیری لە جیهانی ئێمەدا پیادەیکردون. جگە لەمە لە کوردستاندا دوو گروە هەن یەکێکیان بەردەوام بەناوی خۆماڵیبوون و ڕەسەنایەتی و ئاینەوە جنێو بە جیهانگیری ئەدات و یەکسانیدەکات بە بە ئەمریکاییبوون، ئەویدیکەیان وادەزانێت جیهانگیری ڕزگارکەری کورد و کوردستانە و بەهەشتمان لە سلێمانی و دهۆک و هەولێردا بۆ دروستدەکات. ئەم دوو دیدە دیدی سادە و یەکلایەن و ناڕاستن.

بەداخەوە ئێرە شوێنی قسەکردن لەسەر جیهانگیری نییە، بەڵام لەپەیوەندییدا بە پرسیارەکەی ئێوەوە هەوڵئەدەم لە دووڕەهەندی گرنگی جیهانگیری بدوێم کەپێموایە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر کۆمەڵگا و خێزان و پەیوەندییە کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگای ئێمە هەبووە و هەیە. ڕەهەندی یەکەمیان ڕەهەندی لاوازبوونی چەمکی «سەروەری نەتەوەیی» یە، ڕەهەندی دووهەمیان کۆچە.

یەکەمیان لەدوای جەنگی (گەردەلولی بیابانەوە) کوردستانی خستۆتە ژێردەستی هێزە کوردییەکان و تا ئێستاش ئەم ناوچەیە لەلایەن جیهانی دەرەوەوە پارێزراوە. دووهەمیان ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی کوردستانی بەرەو ڕۆژئاوا بردوە و بەسەر دەیان وڵات و شار و ناوچەی جیاوازدا پەرش و بڵاوی کردونەتەوە، لەپێش هەمووشیانەوە گەنجان.

ئازدبوونی کوردستان لەزۆر ڕووەوە دەسکەوتێکی مێژوویی گەورەیە و شایستەی پارستن و بەرگری لێکردنێکی بێوچان و سەرسەختە، بەڵام لەهەمانکاتدا سەرچاوەی هاتنەکایەی کۆمەڵێک کێشەی گەورە گەورەشە، لەپێش هەموویانەوە کێشەی بەشبەشکردنێکی سیاسی بەرتەسکی هەموو هێز و توانا و پرۆژەکان بەسەر خەیاڵی سیاسی ئەم یان ئەو حیزبدا. ئەم بەشبەشبوونە بەڕادەیەکە دەرگای بەڕووی دروستبوونی هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی یەکگرتوودا داخستوە کە سنورەکانی ناوچە و حیزب و هاوکێشە سیاسییە لۆکاڵیەکان تێپەڕکات، بۆنموونە بزوتنەوەییەکی گشتی ئافرەتان و گەنجان و قوتابیان لە کوردستاندا دروستنەبووە بەرگری لە خۆیان و کێشەکانیان بکەن لەدەرەوەی دابەشکردنە سیاسی و ناوچەیی و حیزبییەکاندا، نەک هەر ئەمە، بەڵکو دابەشبوونە سیاسییەکان بەجۆرێک لەنێو ئەم هێزە گەنجانەدا چێنراون کە بەخەبەرهاتنەوەیان وەک بزوتنەوەی کۆمەلایەتی سەربەخۆ، کات و سات و هەوڵ و کۆششێکی هێجگار زۆری دەوێت.

خاڵێکی دیکەی نێگەتیڤی ئەم ئەزموونە لە دەساڵەی ڕابووردودا بەهێزبوونێکی بەرچاو و هەمەلایەنەی نوخبەی ئاینییە، لەکوردستاندا هیچ هێزێکی سیاسی خاوەن قورسایی نادۆزینەوە، مزگەوت و مەلا و فەتواچی تایبەتی نەبێت یان دروستی نەکردبێت، هەر حیزبێکی سیاسی گروهێکی ئاینی بەهێزکردوە و بەهێزدەکا، هەر یەکێکیان بەشێوەیەکی تایبەت سیاسەت و ئاین، دەزگا

کۆمەڵایەتییەکان و ئاین، ژیان و ئاین بەیەکدی تێکەڵدەکات. گەر بەهێزبوونی ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی سیاسی و زیادبوونی ئۆرگانە کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم گروپەش بخەینە سەر ئەم دیمەنە، ئەوکات تێدەگەین بۆچی لەم دە ساڵەی ئازادیدا هێزی ئاین و هێزی پیاوانی ئاین بەجۆرێک گەورەبووە کە پێموانییە لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا ئەم هێزەی ئێستایان هەبووبێت. هەموو ئەمانەش لە کوردستاندا فەزایەکی ئەخلاقی کۆنەپارێزیان دروستکردوە کە بیست ساڵ لەمەوبەر بوونی نەبوو. ئەم فەزا ئەخلاقییە ئاینییە کۆنەپارێزەش ڕاست دژ بە کرانەوەی خێزان و دژ بە بەدیموکراسیکردنی پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ و دژ بە زیادبوونی پانتایی ئازادییە مەدەنییەکانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کاردەکات. کە ئەمە ئەڵێم مەبەستم نییە بڵێم ئاین تا درێژایی خەت دژ بە دیموکراسیەت و کرانەوە و یەکسانییە، نامەوێت ئەو دیدە سادە و ناڕاستە بسەلمێنم کە پێیوایە ئاین خراپەکارییەکی بێسنورە و هەڵگری جوانیی و مەحەبەت و لێبوردن نییە، بەپێچەوانەوە ئاین دەشێت ڕۆڵێکی گرنگ لەپرۆسەی کرانەوەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کولتووریدا ببینێت، دەشێت هۆکارێکی گرنگبێت لە قووڵکردنەوەی پرسیارە ڕۆحییەکانی مرۆڤدا و لە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی ناوەکی ئەو تاکەکەسانەدا کە لە پەنجەرەی ئاینەوە لە جیهان ڕادەمێنن. بەڵام ئەم شێوازە کراوە و ڕۆحی و دەوڵەمەندکەرەی ئاین لە کوردستاندا ئامادە نییە، ئەو ئاینەی لای هێزە ئیسلامییەکان و لای فەتواچی ناو هێزە عەلمانییەکان ئامادەیە، لە هێرشێکی کوێرانەدایە بۆسەر ژیان، ئاینێکە هەوڵێکی بەردەوامی ناشیرینکردنی ئینسان و کۆمەڵگا و جیهان ئەدات. بۆیە ئەم شێوەیە لە ئاین ئەو شێوە گرنگەی ئاین نییە کە لەپاڵ کرانەوە و ئازادی و یەکسانیدابێت. ئەمە جگە لەوەی کە جیهانگیری هەلومەرجی پەیوەندی و یارمەتی نێوان هێزە ئیسلامییە نێودەوڵەتییەکان و هێزە ناوچەیی و لۆکاڵییەکانی ئاسانتر و هەمەلایەنتر و قووڵتر کردۆتەوە کە ئەمیشان دیسانەوە ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە و دەبینێت لە بە ئاینیکردنی فەزا جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریدا.

بەم مانایانە جیهانگیری، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە قازانجی ئەوهێزە گەنج و نوێیانەدا نەبووە کە لە دە ساڵی ڕابووردودا گەنجێتی خۆیان لە کوردستاندا بردۆتەسەر، گەنجانێک لەسەرێکەوە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیان لەلایەن

حیزبەوە داگیر و پارچەپارچە کراوە و هەموو ئەرزیەتێکی سەربەخۆبوونیان لێسەندراوەتەوە، لەسەرێکی دیکەوە ژیانی ڕۆژانە و ئازادییە تاکەکەسییە بچکۆلانەکانیشیان لەبەردەم هێرشی کوێرانەی ئەو نوخبە ئایینییە داخراوەدا بووە کە لە دەساڵی ڕابووردودا سەرقاڵی ئەوەبوون کوردستان بکەنە مزگەوتێکی گەورە.

ئێستا گەر تەماشای کۆچ و هەندێک لە دەرنجامەکانی بکەین، لە پەیوەندیدا بە کرانەوەی ئەخلاقی و گۆڕینی پێکهاتی پاتریارکی خێزانی کوردییەوە، دیسانەوە بەهەمان دەرەنجامی نێگەتیڤ دەگەین. ئێمە دەزانین ژمارەیەکی زۆری گەنجی کورد لەباتی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی خۆیان لەناو واقیعی خۆیاندا، لەباتی ناچارکردنی کۆمەڵگا و کولتوور و سیاسەتی کوردی بەکرانەوەی زیاتر، سەریانهەڵگرت. بێگومان هۆکارەکانی سەرهەڵگرتنی گەنجی کورد زۆرن، بەڵام یەکێک لە گرنگترینیان وابەستەی گەڕانی گەنجانە بەدوای چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و دەرونی و جنسییەکانیاندا، چارەسەرێک لە دەرەوەی یاسا و جەبر و وسنوورە پرۆکێنەرەکانی کۆمەڵگای کوردی خۆیدا. خودی سەرهەڵگرتنەکە خۆی دەشێت کێشەیەکی گەورە نەبێت گەر هاتبا کۆچکردوەکان لە دەرەوەی کوردستاندا ببوونایە بە هێزێک هەڵگری پرۆژەیەکی نوێ بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەسکاریکردنێکی قووڵی پەیوەندی نێوان نێر و مێ و ڕەخنەکردنی بونیادی سوونەتییانەی خێزانی کوردی. یاخود گەر ئەم هێزە لە ساڵە درێژەکانی کۆچدا نموونەیەکی دیکەی شێوازی پێکەوەبوونی نێر و مێی بە کۆمەڵگای کوردی نیشانبدایە. بەپێچەوانەوە، کۆچ لە دە ساڵی ڕابووردودا بونیادی تەقلیدیانەی خێزانی کوردی بەهێزتر کردوە، لاوازی نەکردوە. چۆنیەتی ژنهێنان و شووکردنی هەزاران هەزار لەوانەی کۆچیانکردوە، چۆنیەتی دروستکردنی خێزان بەتایبەتی لەڕێی ئەوەوە کە کەسێکی دی، زۆرجار دایک و باوک، یان خوشک و برا و هەندێکجاریش هاوڕێییەک یان ناسراوێک، ئافرەتێک بۆ کەسی کۆچکردو بدۆزنەوە و بۆیان بنێرن، بۆتە هۆی بەهێزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەشێکی زۆری ئەو ڕەوشتە کۆمەڵایەتیانەی زیاد لەسەدەیەکە ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکانی کوردستان ڕەخنەیان دەکەن و لە هەفتاکان و هەشتاکاندا زۆر لەمرۆ لاوازتربوون. بنیادنانی خێزان لای ژمارەیەکی زۆر لە کۆچکردوەکان پەیوەندییەکی ئەوتۆی نییە بە مەسەلەی خۆشەویستی و

یەکدیناسین و لێکتێگەیشتنێکی ئینسانییەوە، بەپێچەوانەوە خێزان دروستکردن تەواو لەناو یاسا تەقلیدی و باوەکانی کۆمەڵگای کوردیدا نووقمە و لەهەندێک دۆخدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە زیندووکردنەوەی هەندێک بەهادا کە پێمانوابوو بەسەرچوون و کۆتاییانپێهاتوە. هەموو ئەمانەش گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆی خولقاند بۆ ئەو شێوازی ژنهێنان و خێزان دروستکردنە سوونەتییەی کە چەندان سەدەیە لە کوردستاندا ئامادەیە و بەهیچ مانایەک شوێنێکی لە جیهان و ووشیاریی و وێناکردنی هاوچەرخدا نییە. ئەم شێوە تایبەتەی دروستکردنی خێزان، زۆر لەو پێکهات و عادەت و ئاکارانەی خێزانی تەقلیدی زیندوکردەوە کە لە هەفتاکان و هەشتاکاندا تا ڕادەیەکی زۆر لاوازبووبوون.

لەپاڵ ئەم کێشەیەدا، کەمن ناویدەنێم کێشەی «زیندوکردنەوەی تەقلیدیەت»، بەشێکی گرنگی خێزانی کوردی لە ئەوروپادا ڕووبەڕووی قەیرانی دیکە بوونەتەوە، ژمارەیەکی بەرچاوی خێزانە کۆچکردوەکان یان ئەوەتە لەبەریەکهەڵوەشاونەتەوە، یان خەریکە لەبەریەکهەڵدەوەشێنەوە یان بۆ خۆپاراستن لە هەڵوەشاندنەوە فۆرمێکی تەقلیدیتریان وەرگرتوە لەوەی لە کوردستاندا هەیە. (بێگومان ئەم قسانە ناکرێت گشتگیرکرێن و وابزانین هەموو خێزانێک لەبەردەم ئەم قەیرانانەدان، بەلام ئەمانە فۆرمی تازەی قەیرانن کە جیهانگیری و کۆچ دروستیکردون). ئەم قەیرانانەش هەندێکجار دەرەنجامی باش و هەندێکجار دەرەنجامی خراپیان لێدەکەوێتەوە کە بەداخەوە من لێرەدا مەودای باسکردنیانم نییە.

بەکوورتی تا ئێستا ئامادەیی جیهانگیری لەکوردستاندا لەوە تێپەڕینەکردوە کە کۆمەڵێک ئامێری نوێ هاتبێتە ئەو ولاتە و کوردێکی زۆریشی لە فۆرمی پەناهەندەدا بە جیهاندا بلاوکردبێتەوە (بێگومان لەپاڵ ئەو کێشانەشدا کە لەسەرەوە دەستنیشانمان کردن).

ئەو ڕەهەندانەی جیهانگیری کەدەشێت یارمەتیدەری گۆڕان بن لە کوردستاندا کەمتر ئامادەن، بۆنموونە، بە دەگمەن ڕێدەکەوێت گروپێکی کوردی، لەڕێگای ئینتەرنێتەوە، لەپەیوەندیدا بێت لەگەڵ گروپێکی غەیرەکوردی دەرەوەی کۆمەڵگای کوردیدا و لەم ڕێگەیەوە ئەزموون و بۆچوون و دید و چاوەڕوانییەکانیان ئالۆگۆڕکەن. ڕەهەندە تەکنیکییەکانی جیهانگیری نەبونەتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی نوێ لەنێوان کۆمەڵگای ئێمە و دەرەوەی خۆیدا، بەڵکو بوونەتە هۆی

گواستەنەوەی بەشێکی زۆری کێشەکانی کوردستان بۆ دەرەوەی کوردستان، ڕووەکانی دیکەی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی تا ئێستا ئەو هێزانەیان نەدۆزیوەتەوە کەبتوانن جیهانگیری وەرگێڕنە سەر کۆمەڵێک دەسکەوتی مێژوویی. بێگومان هەموو ئەمشتانە ڕێژەیین و دەشێت لەهەندێک شوێندا و لای هەندێک تاکەکەس و گروپ ڕێچکەی ئەم جۆرە گۆڕانە پۆزەتیڤانە بدۆزینەوە.

پرسیار: من تێبینی ئەمەم کردووە کە لەبەشێکی زۆری خێزانی ڕۆژهەڵاتی لە ناویاندا (لە وڵاتی ئێمەش) نەگونجان و ناکۆکی هەیە لەنێوان باوک و کوڕدا. جا ئەم ململانێیە بە شێوە و ڕووکاری جیاجیا دەردەکەوێت. ئایا ئەمە بە سیماکانی ململانێی کۆمەڵایەتی و ململانێی نێوان نەوەکان دادەنرێت؟ یا ئەمەش یەکێکە لەقەیرانەکانی ئەمڕۆی خێزانی ڕۆژهەڵاتی و کوردی... یان بۆ کۆێی قەیرانەکانی ئەو سیستمە دەگەڕێتەوە کەئێمە لەناویا ئەژین؟
وەڵام: هەستدەکەم لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا، کەم تا زۆر، وەڵامی ئەم پرسیارەم دابێتەوە. ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بۆ ئەو وەڵامانەی زیادبکەم ئەوەیە کە ئەو ململانێیەی تۆ باسی دەکەیت، واتە ململانێی نێوان باوک و کوڕ، لە کوردستاندا ململانێییەکی ناوەکییە و تا ئێستاش سنووری خێزانی نەبزاندوە، ململانێیەکە دانەبەزیوەتە ناو فەزای گشتی کۆمەڵگای ئێمەوە و نەیتوانیوە لە ئاستی ململانێی تاکەکەسی دابڕاو و بێئاگا لەیەکەوە، بگوێزرێتەوە بۆ ئاستی ململانێیەکی کۆمەڵایەتی ئاشکرا و گشتی و بەرچاو، نەبۆتە ململانێیەک داوای دانانی یاسای نوێ بکات بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان منداڵ و دایک و باوک، گەورە و بچووک، ژن و پیاو. یاخود داوای ئەوە بکات ئافرەتانیش لە فەزای گشتیدا مافی ئامادەبوونیان هەبێت، شوێنی گشتی بۆ پێکەوەبوونی نێر و مێ دروستبکرێت، مافی قسەکردن و دیالۆگ و لێکتێگەیشتن هەبێت.
لەلایەکی دیکەوە ئەو ململانێیە تا ئێستاش سەرزەمینی کاردانەوەی سایکۆلۆژی نەبزاندوە و نەپەڕیوەتەوە بۆسەرزەمینی سیاسەت، لە کێشەی تاکەکەسەوە نەبۆتە کێشەی کۆمەڵگا، لەناو ڕۆحی وێرانی مرۆڤەکانەوە نەهاتۆتەدەر و ببێتە بەشێک لە بەرنامەیەکی گشتی بۆ پێداچوونەوەی کۆمەڵگا و کولتوور و ئەخلاق و سیاسەت. ڕەنگە بوونی ترسێکی گەورە و وەڵامدانەوەی توندوتیژی باوکە جیاوازەکان بەم ململانێیە و بە دواکارییەکانی، لە باوکی

بایۆلۆژیەوە بۆ باوکی سیاسی و دینی، نەیهێشتبێت و نەهێڵێت ئەو پەڕینەوانە ڕوبدەن، ڕەنگە نەبوونی ووشیارییەک کە هێما بۆ ئایندەیەکی باشتر بکات هۆکاربێت، ڕەنگە نائومێدی و باوەڕنەمان و لەدەستدانی متمانەبێت بە توانا و ئیرادەی ئەو هێزانەی کۆمەڵگای ئێمە بەڕێوەدەبەن. بەڵام ئەوەی کە ناتوانین خۆمانی لێدەربازکەین ئەو ڕاستیەیە کە هەریەکێک لەو هۆکارانە هێما بۆ بوونی قەیرانێکی گەورە دەکات لە کۆی سیستمی سیاسی و کولتووری و پەروەردەیی ئێمەدا.

بێومان ئەم دۆخە قەیراناوییە دۆخێکی سیحری و قەدەری و هەمیشەیی نییە، دۆخێکە دەکرێت بگۆڕدرێت و گریمانە و پێناس و پێدراوەکانی تازەبکرێتەوە، بەڵام ئەم گۆڕانە وابەستەی بڕی ئامادەیی و شێلگیری ئەو نەوەیەیە ئەمڕۆکە لە کوردستاندا بەدەست ئەوکێشانەوە گیرۆدەیە، ئەوخاڵە گشتییانەی کەدەشێت سەرەتایەکی باشبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانە بریتین لە:

دەرکردنی ئەو کێشە و ململانێیانە لە سنووری خێزان و کردنیان بەبابەتی قسە لەسەرکردنی گشتی لەناو کۆمەڵگا خۆیدا، لانیکەم لە ڕێگای میدیای ئەو حیزب و گروهە سیاسییانەوە کە ئامادەن لەسەر ئەم کێشانە بدوێن و کاربکەن.

گەڕان بەدوای پەیوەندییەکی نوێدا بە ڕۆشنبیرانەوە کە تێیدا تیوریزەکردنی ئەو کێشانە ببێتە ئەرکێکی فیکری و کۆمەڵایەتی گرنگ.

نووسینی بەردەوام لەسەر ئەو کێشانە و خۆکۆکردنەوە و خۆپیشاندانی نارەزایی بەردەوام و هێمنانە. دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕەخنەیی، بەڵام پتە و بەهێز، بەو کەسانەوە کە لەناو هێزە سیاسییە باڵادەستەکاندا ئامادیی گوێگرتنیان تێدایە و خوازیاری پیادەکردنی هەندێک گۆڕانکارین، واتە دروستکردنی لۆبییەک بۆ گەنجان لەناو حیزبە حوکمڕان و باڵادەستەکاندا.

لەهەمووشی گرنگتر هەوڵدان بۆ دروستکردنی کۆمەڵێک دەزگا و ناوەندی تایبەت بە گەنجان کە بشێت تێیدا ئازادانە لەسەر ئەم کێشانە قسەبکرێت.

پرسیار: پێتوانییە کە دەسەڵاتی باوک، بە دیوێکی فراوانتریشدا دەسەڵاتی نێر، لای ئێمە بە پرۆسەیەکی مێژووکردی درێژخایەندا ڕەت بووبێ، بۆیە ناکرێت وابە ئاسانی باوک واز لەو ڕۆڵ و پێگە و ئیمتیازە مێژووییە بهێنێت؟ ئایا باوک دەتوانێ تاسەر بەرگری لەو دەسەڵات و پێگەیەی خۆی بکات، لەکاتێکدا تەواوی

دنیا لەهەمــوو ئاســتــەکــاندا کــەوتوونەتە ژێر کــاریگەرییــەکــانی دیاردەکــانی بەجــیــهــانیــبــوون؟ پێــتــوانیــیــە کــەدەســەڵاتی تـاکـرەوی، باوک، درێژبوونەوە و ڕەنگدانەوەی هەمان سیستەم و کایەکانی ناوکۆمەڵگایە؟

وەڵام: مــانەوەی دەســەڵاتی باوک زۆر هــۆکــاری هــەیە، بەڵام یـەکـێـک لە هۆکــارە قووڵەکـانی هۆکارێکی دینییە. تا ئێستاش کولتووری ئێمە وێنەی باوک و وێنەی خـودای لەیەکـدی جـیـانەکـردۆتەوە، ئەو وێناکردنەی ئەم کولتـوورە بۆ دەسـەڵاتی باوکی هەیە هەمان ئەو وێناکردنەیە کە بۆ دەسـەڵاتی خـوداوەندی هەیە. خـێـزان مڵکی باوکە وەکچـۆن ئینسـان مـوڵکی خـودایە. وەکـچـۆن خـودا لە دەسـەڵاتیدا بەســەر ئـینســانـدا تـوانایـەکی مــوتڵــەقی هـەیە، ئاواش بـاوک لە پەیوەندیدا بە خێزانەوە هەڵگری هەمان توانایە. بێگومـان لە پشتی ئەم وێناکردنە تایبەتەوە بۆ دەسـەڵاتی باوک مـێـژوویەکی درێژ ئـامـادەیە، لەم مـێـژووەشـدا هـەم باوک و هـەم ڕەگەزی نێرینە بەرهەمـهێن و پـارێزەر و بڵاوکەرەوەی ئـەو وێنەیە بوون. ئەوەشـی لە پشـتی ئەم وێنەیەوە پارێزراوە، ئەو شـێوازەیە لە دەسـەڵات کـەتێیدا باوک، یان پیـاو، یان نوێنەرەکـانی، قسـەکـەری یەکەم و زۆرجـاریش تاقە کـەسێکن مـافی قسەکردن و بڕیاردانیان هەیە.

بەڵام چـۆن ئەم دەســەڵاتە بگۆڕین؟ ئـایا جــیــهــانگیــری ئەم دەسـەڵاتەمــان بۆ دەگـۆڕێت؟ سـەرەتا با لەو خـاڵەوە دەسـتـپـێکەین کـە کـەس لەخـۆیەوە واز لە دەسەڵاتی خـۆی ناهێنێت، هەر هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کاتێک ئامادەیە واز لە بەشـێک لە دەسـەڵاتی خـۆی بـهـێنێت کـە ناچارکـرابێت بە وازهێنان، ناچارکـرابێت بە دابەشکردنی ئەو دەســەڵاتە لەگــەڵ ئەوهـێـزانەدا کــە داوای دابەشـکردنـەوەی دەســەڵات دەکــەن. بۆ ئـەنجـامــدانی ئەم گــۆڕانکارییــەش جــیــهــانگیـری چارەســەر نییــە، دەشـێت جـیــهـانگیـری ڕۆڵێکی تـایبـەت لە بەرفـراوانبــوونی ووشـیــاری ئینســانی ئێـمـەدا ببـینێ و هەسـتـکردن بە مـافی سـەربەخۆیی و مافی جیاوازبوونی لا گەورەبکات، بەڵام جیهانگیری بەشێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی نابێتـە هۆکـاری لاوازبوونی ئەم مۆدێلە لە دەسـەڵات. من لە وەڵامی پرسیاری پێشوتردا سەرنجم بۆ هەندێک لە دەرەنجامە خراپەکانی جیهانگیری ڕاکێشـان، مـەبەستی من لەو سەرنجانە ئەوەبوو ئەو ڕاستییانە نیشـانبدەم کە پرۆژەی گۆڕان کاتێک مانا پەیدادەکات، کە دەرەنجامی کارکردنی ووشیارانەی ئینسـانبێت لەناو کۆمـەڵگا و جیهـان و مێژوودا، نەک لێشـاوێکی دەرەکی بێت و

بیبات، یان بێئەوەی بەخۆی بزانێت کۆمەڵێک کار ئەنجامدات کە دەرەنجامی خراپ بخاتەوە و تەقلیدیەت بەهێزبکات.
بۆ تێگەیشتنمان لە دەسەڵاتی باوک لە کۆمەڵگای کوردیدا دەبێت بەردەوام ئەو خاڵەمان لەبەرچاوبێت کە ستراتیژی سەرەکی ئەم دەسەڵاتە لە کولتوور و کۆمەڵگای ئێمەدا لەوەدا پەنهانە کە خۆی بەبەردەوامی وەک دەسەڵاتێکی «سروشتی» نیشانبدات و وەک دەسەڵاتێکی سروشتیش ببینرێت. تەواو وەک چۆن باران وەک بەشێک لە سروشت دەبینین ئاوا ئەم دەسەڵاتە لە شێوە پاتریارکیەکەیدا وەک بەشێک لەبوونی سروشتیانەی ئینسان ببینین. چی لەکوردستاندا لەوە ئاساییتر و سروشتیترە کە بەشی هەرە زۆری دسەڵاتەکان لە دەستی باوکدابێت، دەسەڵاتی باوک دەسەڵاتێک بێت نەشێت هیچ پرسیارێکی دەربارە بکەین. وەریگرین و قبوولمانبێت، وەکچۆن ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکانمان وەک بەشێک لە گەردون قبووڵە. ئەم خۆ بە سروشتیکردن و ئاساییبوونە بەشێوەیەک گشتگیر و هەمەلایەنە ڕستێک «نائاساییبوون» و «ناسروشتیبوونی» گەورەی خستۆتەوە، ڕەنگە هەرە «نائاساترین» شتێک ئەوەبێت بوێرین سەرەتاییترین پرسیار و کەمترین گومان بەرامبەر سنوورەکانی دەسەڵاتی باوک بەرزبکەینەوە، هەموو پرسیارکردنێک لە دەسەڵاتی باوک بە کۆمەڵێک بەهای ئەخلاقی نێگەتیڤانە گەمارۆدراوە کە پرسیارکەرەکە وەک بەدئەخلاقێک ناوزەد دەکات.
لێرەوە یەکەمین ململانێییەک بشێت لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا ئەنجامدرێت، سەندنەوەی سیفەت و کارەکتەری ئاسییبوون و سروشتیبوونە لێی، لەباتی ئەمەش نیشاندان و پێناسکردن و ڕاڤەکردنیەتی وەک دەسەڵاتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری. واتە کاری یەکەممان گواستنەوەی بنەماکانی ئەم دەسەڵاتەیە لەناو سروشتەوە بۆ کۆمەڵگا و لە زەمەنی ڕەهای سروشتەوە بۆ زەمەنی ڕێژەیی مێژوو. ئەم کارەش کاتێک مەیسەردەبێت کە ئێمە ئامادەبین خێزان، نەک وەک پێکهاتێکی سروشتی نەگۆڕ، بەڵکو وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی قابیلی گۆڕان و دەسکاریکردن ببینین، وەک یەکەیەک کە لەناوەوەڕا پڕە لە کێشە و ململانێ و کێبەرکێی سایکۆلۆژی و ماتریالی و ڕەمزی لەسەر چۆنیەتی پێناسەکردنی پەیوەندییەکان و چۆنیەتی ناونانی دیاردەکان و چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەناویدا. ئەم کارانە نەکەین ناتوانین دەسەڵاتی

باوکان بگۆڕین، جیهانگیری هەبێت ونەبێت، لە کوردستان بژین یان لە ئەوروپا، ئەوەی سەرچاوەی گۆڕان و دینامیکیەتی کۆمەڵایەتییە ئامادەیی ئەو هێزانەن کە قازانج و بەختەوەری و ئاسودەییان وابەستەی گۆڕانە. گواستنەوەی دەسەڵات لە باوکەوە بۆ هەمووان پێویستی بە هاتنە قسەی هەمووان و هاریکاری هەمووان و ئامادەگی هەمووان هەیە بۆ گۆڕان.

باوکسالاری لە جیهانی ئێمەدا کولتوورێکی بەرهەمهێناوە ناشیرینترین شتێک تیایدا ڕەخنەکردنی خێزان و ماڵ و ئەو شوێنەیە کە باوک لەخێزاندا هەیەتی. کولتووری پاتریارکی کولتووری داپۆشین و بێدەنگکردن و شاردنەوەی کێشەکانی ناو خێزانە، کولتووری قبوڵکردنێکی بێپرسیاری ئەو دەسەڵاتەیە کە هیرارکیەت و نایەکسانی و هەڵاوێردن جەوهەرەکەیەتی. گرنگترین چەمکە ئەخلاقییەکانی ناو سیستمی پاتریارکیەت لەسەر داخستنی دەرگا و پەنجەرەکانی ماڵ و ڕەخنەنەکردنی باوک و پەرستنی دایک و قوربانیدان بە خود لەپێناو خێزاندا دروستبووە. مەسەلەی، حەیا، حورمەت، شەرەف، ئەخلاق، وەفا، چاکە، خراپە، هەموویان ڕاستەوخۆ گرێدراوی داخستنی سنوورەکانی خێزان و ماڵن بەڕووی جیهانی دەرەوەدا، وابەستەی نیشاندانی خێزان و ماڵن وەک جیهانێکی پڕ هارمۆنی و خۆشەویستی و میهرەبانی. تا ئێستا دەستی کەم ڕۆشنبیر و نووسەری ئێمە گەیشتۆتە ناو ئەو جیهانە داخراوەی کەناوی خێزانی کوردییە و لەم ڕووەوە هێشتاکو هەنگاوی سەرەتایی بۆ شکاندنی دەرگاکانی ئەو جیهانە داخراوە، نەنراوە. بۆیە کردنەوەی دەرگاکانی ئەم جیهانە و پێناسەکردنی دیاردەکانی ناوی وەک دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و بەستنەوەیان بە ستراتیژە گەورە و تەکنیکە ڕۆژانەییەکانی دەسەڵاتەوە، هەنگاوی یەکەمە بۆ هەوڵدان بۆ گۆڕانی ئەو دەسەڵاتە ناهاوسەنگ و نایەکسانەی لە خێزاندا ئامادەیە.

داخستنی جیهانی ناوەکی خێزان، شاردنەوەی دیاردەکانی، پێشکەشکردنی پەیوەندییەکانی ناو خێزان وەک پەیوەندی سروشتی، بارگاویکردنی ئەم پەیوەندییە سروشتیانەش بە وزەیەکی دینی، کولتوورێکی دروستکردوە کە دەشێت بە کولتووری شەرم یان شەرمی کولتووری ناونووسیکەین. ئەم شەرمە شەرمێکە شێوازێکی تایبەتی توانای قسەکردن و بێدەنگبوون لەناو مرۆڤدا دەچێنێ کە هەموو ئازادییەکی قسەکردن و ڕادەربڕین و جیاوازبوونی

لێدەستێنێتەوە، وادەکات نەوێریت، شەرمبکات، دوودڵبێت، جیهانی پڕ توندوتیژیی خێزان بگوێزێتەوە بۆناو فەزای گشتی کۆمەڵگا، بۆناو کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکان، بۆ ناو هۆڵی دادگا و ئەو دەزگایانەی دیکە کە دەشێت کاریگەریەکی پۆزەتیڤیان لەسەر چارەسەرکردنی هەندێک لەو کێشانە هەبێت.

بێگومان ڕەخنەکردنی خێزان ڕەخنەکردنی بەشێکی زۆری ئەو سیمبولانەشە کە لەکولتووری ئێمەدا وەک بوونەوەری پیرۆز پێناسکراون، ڕەخنەکردنی باوک ڕەخنەکردنی ئەو بەهایانەشە کە لە دەرەوەی خێزاندا سەرکردەکان و دەسەڵاتداران و پیاوانی ئاین هەڵگریانن، ڕەخنە لەخێزان هەمان ڕەخنەیە کە دەشێت لە حیزب، لە مزگەوت، لە قوتابخانە و لە کۆی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی بگرین.

پرسیار: کەی و چۆن بەچی ئەو دەسەڵاتی پیاوزاڵی و پیاوسالاریی باوک لەکۆمەڵگای ئێمەدا دەڕوخێ؟ ئایا بە زەرورەت هەر پێویستمان بەدەسەڵاتی باوک و پیاو هەیە؟ پێتوایە ئەگەر پایەکانی ئەو دەسەڵاتە بڕۆخێ فەوزای کۆمەڵایەتی ڕوودەدات؟ کەواتە ئەلتەرناتیڤ چییە؟

وەڵام: وەک پێشتریش ووتم هیچ هێزێک لەخۆیەوە وازلە دەسەڵاتی خۆی ناهێنێت، یەکەمین ململانێییەکیش بشێت لەگەڵ پیاوزاڵی و باوکسالاریدا ئەنجامدرێت، لانیکەم لە ئاستی فیکریدا، سەندنەوەی سیفەت و کارەکتەری سروشتیبوونە لەو دەسەڵاتەی هەیانە. بەشێکی دیکەی بەگژاچوونەوەی ئەم مۆدێلە تاکەکەسی و هیرارکییە پێویستی بە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکەکانی ماڵ، کولتوور، دانەپاڵ (ئینتیما)، ناپاکی، وەفا، شەرم، خێزان هەیە. بارگاویکردنی ئەم چەمکانە بە مانا دیموکراسییەکان و موتوربەکردنیان بە بەندەکانی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ کاری هێجگار گرنگن. ئەم مەسەلەیەش ڕاستەوخۆ گرێدراوی پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای ئێمەیە وەک گشتێک کە تێیدا جۆرێکی نوێی ماڵ و کولتوور و دانەپاڵ و وەفا و شەرم و هتد...دروستببێت. دەبێت سیاسەت و ئاین و کولتووری خۆمان ناچارکەین بە زمانی مافەکانی مرۆڤ بدوێن. بەڵام ئەمانە مەحاڵن بەبێ بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی شێلگیر، جیهان بە قسە ناگۆڕێت، بە قسە و وەعز و نەسیحەت بوایە ئێستا لە هیچ قوژبنێکی جیهاندا مرۆڤێکمان نە ئەدۆزیەوە

ئامادەبێت خوێن لە پەنجەی مرۆڤێکی دیکە بهێنێ. بەداخەوە چارەسەرەکان بە نەسیحەتکردن نایەنەکایەوە، بۆئەوەی کۆمەڵگایەکی نوێ دروستکەین پێویستمان بە سیاسەتی نوێ هەیە، بۆئەوەی سیاسەتی نوێشمان هەبێت پێویستمان بە پرۆژە و بزوتنەوە و کولتووری نوێ هەیە.

ئەو شێوازی دەسەڵاتەی ئەمرۆ پێویستمان پێیەتی ئەو شێوازەیە کە لەناوەوەڕا هێز بە ئینسانی ئێمە دەبەخشێت و وەک بوونەوەرێکی خاوەن ئیرادە و ڕێز و داهاتوو وێنایدەکات. دەسەڵاتێک هەر بەشێکی لە سوچێکی کۆمەڵگای ئێمەدابێ و هەربەشێکی بە دەستی هێزێک لەهێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێت، دابەشبووبێت بەسەر هەموو جەستەی کۆمەڵایەتیدا، نەک هەمووی لە دەستی ئەم یان ئەو سەرکردە، فلان یان فیسار لایەن و ئەم یان ئەو حیزبدا کۆکرابێتەوە. ئەوەی ئەمرۆ پێوستمان پێیەتی دەسەڵاتی باوکانە نییە، کە دەسەڵاتێکی نادیموکراسی و تاکەکەسی و سزادەرە، بەڵکو ئەو شێوازەیە لە دەسەڵات کە هەر کەسێک بە موڵکی خۆی بزانێ و بەشێک لەئیرادە و چاوەڕوانی و ئامانجەکانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. ئەوەی پێماندەڵێت بەبێ دەسەڵاتی باوکانە ڕووبەڕووی فەوزای کۆمەڵایەتی ئەبینەوە، خوازیاری مانەوەی ئەو جیهانە کۆنەیە کە کۆمەڵگای ئێمەی پڕکردوە لە قەیران، کە ئیرادەی تاکەکەسی و گشتی ئێمەی کەنارگیرکردوە و مێژوویەکی بۆ بەرهەمهێناوین کە زۆرجار هەموومانی لەبەردەم فەنابووندا فڕێداوە. ئەوەی باس لە فەوزای دوای لاوازبوونی پاتریارکییەت دەکات کەسێکە ناخوازێت جیهانی ئێمە ببێت بە بەشێک لەجیهانی هاوچەرخ و ئینسانی ئێمە لەباتی زەلیلی هەست بە هێز و ئیرداە و کەسایەتی خۆی بکات.

لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری فەوزای کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی ئەمرۆکەی کۆمەڵگای کوردی دەرەنجامی بالادەستی باوکسالارییە. زەحمەتە لە جیهانی ئەمرۆدا میللەتێک بدۆزینەوە ڕازیبێت هەموو دەسەڵەتەکانی بە تاقە کەسێک ببەخشێت، بەلام کە ئەو دەسەلاتە لەو تاقە دەستەدا بە دابەشنەکراوی مابێتەوە لەوەوە نەهاتووە کە خەڵک ئەوەیان دەوێت، بەڵکو لەوێوە هاتووە کە پاتریارکیەت بەر بە گۆڕان و کرانەوە و دابەشبوون دەگرێت. لە جیهانی مۆدێرندا هیچ لەوە ترسانکتر نییە دەسەلات دابەشنەکرێت و بنەماکانی بەیاسا و دەزگا و میکانیزمی تایبەتی چاودێریکردنی کۆمەلایەتی گەمارۆ نەدرێت. ئەوەی بە ناوی ترس لە بەرپابوونی فەوزای کۆمەلایەتییەوە ڕێ لە تازەبوونەوەی شێوازەکانی

دەسەڵات و چۆنیەتی پراکتیکردنی دەگرێت، ئەوەی داوامان لێدەکات تا دەمرین بەوەفابین بۆ دەسەڵاتی باوکانە، نایەوێت گەورەبین و قۆناغی مناڵی بەجێبێڵین، ناخوازێت ببینە بوونەوەرێکی کامڵی ناو جیهانی ئەمرۆ.

پرسیار: پەیوەندی دایک بە کچ، کوڕ بە باوک، ژن بە مێرد، لەئێستای خێزاندا لای ئێمە چۆن دەبینیت؟ وای نابینی پەیوەندی ژن ومێرد وەک پەیوەندی نێوان سەردارو ڕەعیەتەکەی بێتە پێش چاو؟ داخۆ ژنی کورد خۆی ڕۆڵێکی نێگەتیڤی نابینێت لەوەدا کە ڕۆڵێکی هامشی لەخێزاندا هەیە؟ بۆچی پیاوی ئێمە ناتوانێت ڕێز لەمافە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی ژن بنێ، بەبێئەوەی هەست بە ئیهانەی پیاوەتی خۆی نەکات؟

وەڵام: دایک لە کولتووری ئێمەدا کراوەتە بوونەورێکی نموونەیی، یەکسانکراوە بە نەتەوە، بە نیشتیمان، بە زەوی، بەڵام گەر وردتر لەم یەکسانکردنانە بڕوانین دەبینین ئەم دایکە نموونەییە دایکێکی بێدەنگ و بێکەسایەتییە، دایکێکە دەبێت بێچاوەڕوانی قوربانی بدات، خۆی و ویست و ئارەزووەکانی لەیادبکات، لە بوونەوەرێکی ئاسایی و سەرزەمینییەوە ببێتە ئایدیالێکی ئەفسانەیی. بێگومان ئەم دایکە دایکێکی تایبەتە، بەڵام بەهیچ مانایەک  دایکێکی نموونەیی نییە، ئەم دایکە تا ئەوشوێنە نموونەییە کە توانای پاراستنی کۆڵەکەکانی پاتریارکیەتی هەیە، توانای پاراستن و ڕێزگرتن و بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە نایەکسانەکانی دەسەڵاتی هەیە، تا ئەو شوێنەی بێدەنگە، ترسێنراوە، ئیرادەی لە دەستی باوک و سیمبوڵەکانی باوکدایە، نموونەییە، بەڵام کە ئەمانەی بەزاند هەمووشتێکە تەنها نموونەیی نەبێت. بەکورتی لەپشتی وێنەی دایکی نموونەییەوە بوونەوەرێکی ئیفلیجکراو، بێدەنگکراو و بێشوناس ئامادەیە.
کوردبوونی ئافرەتی ئێمە، تا ڕادەیەکی زۆر، مانای بێدەنگبوون و تەسلیمبوونی ئەم بوونەوەرە بە ویست و ئارەزو و ئیرادەی پیاو. کوردبوون، لەپەیوەندیدا بە ئافرەتی کوردەوە، زیاتر لە کۆیلەبوونەوە نزیکە تا بوونێکی ئینسانی ڕێزبۆدانراو و ئازاد. بۆئەوەی ئەم ڕاستییە سادەیەمان بۆدەرکەوێت دەبێت بەردەوام وێنەکانی دایک و وێنەکانی ئافرەت لە کولتووری ئێمەدا بەیەکەوە گرێدەین. ناتوانین وێنەیەکی تایبەتمان هەبێت بۆ دایک دابڕاو لەو وێنە گشتییەی بۆ ئافرەت ئامادەیە، ئەم دابڕانە ئەو داخوازییە ناڕاستەیە کە پاتریارکیەت

دەیەوێت. بەبێ گرێدانی ئەم دوو وێنەیە بەیەکەوە لەو درۆ کولتوورییە ناگەین کە پاتریارکیەت دایکی پێ پیرۆز کردوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئافرەتی پێکردۆتە بوونەوەرێکی پلە دوو. ئاخر دایک هەمان ئەو ئافرەتەیە کە پاتریارکیەت دەیان وێنەی ناشیرینی بۆ دروستکردوە، هەمان ئەو ئافرەتەیە کە لەسەر گۆڕینەوەی نامەیەکی خۆشەویستی دەیکوژێت، هەمان ئەو بوونەوەرەیە کە هەمیشە لە پیاو بە کەمتر دادەنرێت و مامەڵەی کەسێکی ژمارە دووی لەگەڵدادەکرێت.

بێگومان تۆ ڕاستدەکەیت بڕێکی گەورەی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد لە کوردستاندا پەیوەندی نێوان سەردار و ڕەعیەتە، گەر کەمەکێک وردتر بڕوانین دەبینین مۆدێلی خێزان و مۆدێلی سەربازگە لە وڵاتی ئێمەدا زۆر لێکدەچن. لەم مۆدێلەدا نێر و گەورە ئەفسەرن و مێ و بچووک سەرباز. دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبیرنەچێت کە مۆدێلی سەربازگە مۆدێلی هەرە خۆشەویستی پاتریارکیەتە، ئەو مۆدێلەیە گەر بکرێت لەهەموو خانەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەیچێنێت. لەم مۆدێلەدا چەند سەرباز و ئەفسەر یەکسانن، بەهەمان ئەندازە ژن و پیاویش یەکسانن. سەرەڕای ئەمە مۆدێلی سەربازگە مۆدێلی دیسپلینکردنێکی سەرتاسەرییە کە کوژراوی یەکەم تێیدا ئازادییە، بەم مانایە خێزانی پاتریارکی خێزانێک نییە پانتایی پێویست بۆ ئازادی جێبهێڵێت. بێگومان دەبێت کەمەکێک ڕێژەییبین و پەراوێزێک بۆ ئەو شێوازانەی دیکەی پەیوەندی بهێڵینەوە کە فۆرمێکی ئینسانی و یەکسانخواز و کراوەیان هەیە. واتە لە پاتریارکترین خێزاندا هەمیشە پەراوێزێک بۆ نزیکی و سۆز و ئازادی ڕاستەقینە هەر دروسدەبێت. گرنگی ئەم پەراوێزەش لەوەدایە کە تەحەدایەکی ناوەکییە بۆ پاتریارکیەت و یاساکانی، ئەم پەراوێزە مۆدێلێکی دیکەی خێزان نیشانئەدات کە پاتریارکیەت بەڕێوەی نابات، ڕاستە ئەم پەراوێزە بچووکە، بەڵام بوونی هێجگار گرنگە چونکە هێما بۆ بوونی مۆدێلێکی ئینسانیتر و جوانتر و شیعریتری خێزان دەکات.

بێگومان ئافرەتی کورد خۆی هەڵگری بەشێک لە بەرپرسیاریەتە بەرامبەر بەو دۆخە نالەبارەی تێیکەوتوە، چونکە بە ڕادەیەکی بێمانا تەسلیمی ئەو ڕۆڵە نێگەتیڤە بووە کە پاتریارکیەت بۆی داناوە، تا ئێستاش لەم ڕۆڵە دەرنەچووە و لە زمانی قوربانییەوە نەیگواستۆتەوە بۆ زمانی قسەکەرێکی بەرپرسیار بەرامبەر بەبوون و ڕۆڵی خۆی لەو کێشانەدا کە گەمارۆیانداوە. بەڵام دەبێت هەمیشە

ئاگــاداربین و زۆر نەڕۆین لە بە بەرپرســیــارکــردنی ئافــرەتان بەرامــبــەر بەو هەلومــەرجــە نالەبارەی لەئارادایە، دەبێت ئەو مــەســەلەیەمــان لەبەرچاوبێت کــە سنووری کار و بەرگری ئافرەتی ئێمە زۆر تەسکە. بڕی توندوتیژی بەڕادەیەکە کــە بێــدەنگبــوون یان تەسلیــمبــوون، زۆرجــار تاقــە ســتــراتیــژێکی مــانەوەیە. لەیادیشــمان نەچێت ڕۆژانە لە کوردستــاندا چەندان ئافرەت لەڕێگای جیاجیاوە، تا بە خۆکوشتن دەگات، نارەزایی و پرۆتێستی خۆیان بەرامبەر بە هەلومەرجی ژیان و بوونیــان دەردەبڕن، ئەمــە ســەرەڕای بوونی هەندێک گروهــی ئافــرەتان کە ووشــیــارانە کــاردەکــەن و بە ئاراســتــەیەکی باشــدا چالاکی و هــەوڵەکــانیــان دەخەنەگەڕ.

ئەوەی لێــرەدا شــایانی جــەغــدلێکردنە ئەوەیە مــەســەلەی کــۆتــایهــێنان بە هەلومــەرجــێک پاتریارکــیــەت ســەروەرکــات، بەهیــچ مــانایــەک تەنهــا کــار و بەرپرســیــاریەتی ئافــرەتان نیــیە. پیــاوی کــورد، بەتایبــەت نوخبــە خــوێندەوار و ڕۆشنبیــر و کراوەکەی، لەوانەش گەنجــان، بەهەمــان ئەندازە بەرپرســیــارن. بەبێ دروستــبــوونی ئەوەی گــرامشــی ناوێ «بلۆکــێکی مــێــژوویی» نوێی لێــدەنێت، واتە بەبێ کــۆبوونەوەی هــێــزە مــۆدێرن و ئینســانــدۆست و پێــشکەوتنخــوازەکــان لە ســتــراتیــژێکی ســیــاســی و کــۆمــەڵایەتی و کــولتــووریی تــایبــەتدا و بەبێ بەگــــژاچوونەوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانەی هــێـــزە تەقلیـــدی و پــاتریارکی و ئوســوڵییــەکــان، تا ئەو ئەندازەیەی ناچــاربن بگــۆڕێن، هەلی پێشکەوتن لە وڵاتی ئێمەدا زۆر بچووکە.

سەبارەت بەوەی بۆ پیاوی ئێمە ناتوانێت ڕێزی ئافرەت بگرێت بەبێئەوەی هەست بە ئیــهــانەی پیــاوەتی خــۆی نەکــات، هەستــدەکــەم ئەم مەسەلەیە وابەســتــەی ئەو پێناســانەیە کــە کــولتــووری ئێــمــە بــۆ چەمکەکــانی «پیــاوەتی» و «ژنایــەتی» یان «ژبوون» ی کردوە و دەکات. لەم کولتووردەدا پیاوەتی بە درێژایی خەت وەک دژە دیوی ژنبـــوون پێناسکراوە، ئەگـــەر ژنبـــوون هێـــمـــابێت بۆلاوازی، دوودڵی، ســۆزمــەندی و زۆرجــاریش نەفــامی، ئەوا پیــاوەتی هێــمــایە بۆ چاوقــایمی، هێــز، دڵنیایی، ئازایەتی و عەقڵانیەت. لێرەوە کاتێک بە پیاوێکی تەقلیدی دەڵێیت پیاو و ژن یەکســانن، ڕاستــەوخۆ ئەو وێنە و پێناســە خــراپانەی بیــردەکەوێتــەوە کە کولتووری ئێمــە بۆ ژن و ژنبــوونی هەیە، بەمــەش ئەو وێنانەی لــەســەر پیــاوبوونی خــۆی هــەیەتی وێراندەبێت. ئەمـــەش مـــانای ئەوەی ئەو کـــەســـە دەکـــەوێتـــە

سەرزەمینێکی نوێی ماناوە کە تێیدا مانا تەقلیدییەکانی پیاوەتی نادۆزێتەوە، کە ئەمەشی بۆ نەکرا شووناسی خۆی وەک پیاوێک و وەک ئینسانێک دەدۆڕێنێت. ئەمەیە وادەکات پیاوی تەقلیدی، هەموو قسەکردنێک لەسەر ڕێزدانان بۆ مافەکانی ئافرەت، وەک هێرش و هەڕەشە و پەلامار بۆ سەر پیاوبوون و ئینسانبوونی خۆی ببینێت. مادامەکی ئەم پیاوە هیچ پێناس و وێنە و تێگەیشتنێکی دیکەی بۆ پیاوەتی خۆی لەبەردەستدا نییە جگە لە وێنە و تێگەیشتن و پێناسەکانی پاتریارکیەت کە ئافرەت بە نەفام و ناعەقڵانی و لاواز پێناسدەکات، بۆیە هەر لادانێک لەو وێنانە دەبێتە لادان لە پیاوەتی و لادانیش لە پیاوەتی دەبێتە لادان لە ئینسانبوون.

لێرەوە ئەوەی ئەمڕۆکە لەسەر ڕۆشنبیرانی ئێمە و بزوتنەوەی ئافرەتان و هێزە نوێکانی کۆمەڵگای کوردی پێویستە، سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکەکانی پیاوەتی و ژنبوون و ئینسانبوونە بە ئاراستەی بارگاویکردنیان بە مافی یەکسانبوون و ئازادی و ڕێزگرتنی دوولایەنە. ئەمڕۆ ڕۆشنبیران و هێزە گەنجەکان دەبێت سەرزەمینی نوێ بۆ مانا لەبەردەم هەموو ئەوانەدا بکەنەوە کە وێنە و پێناس و دیدیان لە پاتریارکیەت وەردەگرن و تەنها لەپاڵ پاتریارکیەتدا دەتوانن مانایەک بە بوونی خۆیان و جیهان و شتەکانی دەروبەریان بدەن. بەڵام ئەم کارە مەحاڵە بەبێ دەسکاریکردنی هەموو سیستمی بەرهەمهێنانی مانا لە کوردستاندا، بەبێ پێداچوونەوەی کۆی ئەو سیمبۆل و چەمک و مانایانەی پێشتر بەرهەمهێنراون، لێرەوە چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی بارۆدۆخی ئافرەتان، بێگومان هی پیاوانیش، بەبێ دەسکاریکردنی ئەو وێنانەی ئێمە بۆ نەتەوە، نیشتیمان، مێژووی نەتەوەیی، سوونەتی کولتووریی، پیاو، ژن، مناڵ و چەندانی دیش هەمانە، کارێکی مەحاڵە. زۆربەی هەرە زۆری ئەم وێنانە وێنەی پیاوانەن و خەیاڵ و دەسەڵات و هێزی پیاوان سەروەریانکردوە و سەروەریدەکەن. ئەم وێنە پیاوانانەن پێماندەڵێن کوردبوون مانی چی، مێژووی نەتەوەیی کامەیە، کولتووری ئێمە چییە، کوردبوونی ئافرەتی ئێمە مانای چی. ئەم وێنانەن دەستنیشانی ئەوە دەکەن ژیانی ئەخلاقی ئێمە دەبێت چۆنبێت، ژیانی ڕۆحیمان چ فۆرم و ناوەرۆکێکی هەبێت، ئەخلاق و بێئەخلاقی چین، نیشتمانپەروەر کێیە، ناپاک و ناڕاست و تاوانبار کێن، کچ چییە و ئەبێت چۆنبێت، کوڕ چۆنە و دەبێت چ کارەبێت، ئافرەت چۆن و پیاو چۆن و مناڵ چۆن

و گەنج چۆن هتد.. لە ڕاستیدا ئەم وێنانەن پێماندەڵێن بە دزییەوە چیدەکیت بیکە، بەڵام دەمـوچاوێکی ئەخـلاقی پیـشـانی کـۆمـەڵگا و دەزگـا و ئیـمـام و سەرکردەکان بدە.

پرسیار: ئاسۆی دوارۆژی خێزانی کوردەواری چۆن دەبینی؟ چی بکەین بۆئەوەی خێزانێکی بەختەوەری هاوچەرخ بنیاتبنێین؟

وەڵام: بەختیاری شتێک نییە بە ڕەچەتە بۆیەکدی بنووسین، هەموو ئەو فەلسەفە و ئاین و ئایدیۆلۆژیانەش کە ڕەچەتەی گشتیان بۆ بەختیاری پێییە جگە لە تۆتالیتاریزم هیچی دی بەرهەمناهێنن. هەر بوونەوەرێک خۆی هەڵگری بەختیاری و بەدبەختی خۆیەتی، خۆی دەزانێت بەچی بەختیار و بەچی بەدبەخت، بەچی دڵشاد و بەچی ناشاد، بەچی مانادار و بەچی بێمانادەبێت. بێگومان بەختیاری هەمیشە پێویستی بە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی وکولتووری دیاریکراو هەیە، چوارچێوەیەک مرۆڤ تێیدا، بۆ نموونە، بتوانێت ئازادانە شتەکان هەڵبژێرێت، ڕێزی لێبگیرێت، وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدابکرێت، نەکوژرێت، بوون و ئیرادە و ئارەزوی بریندارنەکرێت. ئەمانەش زەحمەتە بەبێ دروستکردنی جیهانێکی نوێ. بەمانایەکی دیکە بەختیاری تاکەکەس وابەستەی بوونی فەزایەکی تایبەتە بشێت بە ئینسان هەلی بەختیاربوون ببەخشێت.

گۆڕانی خێزانیش بەبێ گۆڕان لەجیهانبینیماندا مەحاڵە. لەم ڕووەشەوە پێویستمان بە پەرەپێدانی دیدێکی لیبرالانەی ئازادە بۆ جیهان و کۆمەڵگا و ئینسان، دیدێک گرنترین بەها تێیدا بیرۆکەی تاکەس و بیرۆکەی سەربەخۆبوون بێت، بیرۆکەی ئازادی و بیرۆکەی بەرپرسیایەت لێکجیانەکاتەوە، هەمووان یەکسانکات لەبەردەم یاسا و ویژدانی کۆمەڵایەتیدا. ئەمەش بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرەتا و پرنسیپە سادە وسەرەکییەکانی لیبرایزم مەحاڵە. لەڕووی مێژووییەوە تیورەی سیاسی لیبرالیزم وەک ڕەتکردنەوەی تیورەی باوکسالارانەی سیاسەت لەدایکبووە. لە تیورەی باوکسالاریدا هەندێ کەس، بۆنموونە پادشا کە لەسەر هەمان وێنەی باوک کاردەکات، لە خودی خۆیاندا سەروەرترن لەوانیدی، ئەوان مافی زیاتریان هەیە و مەقام و شوێنیشیان بەرزترە، لەسەر ئەم بناغەیەش داوای دەسەڵاتێکی بێسنوور و ڕەها دەکەن کە وەک درێژکراوەی دەسەڵاتی

خوداوەند بێت. لیبرالەکان، ڕێک دژ بەم دیدە باوکسالارییە لەسەر تێزەی «مافی سروشتی» کاردەکەن، لیبرالەکان لەم تیورەیەدا بەرگری لەو بۆچوونە دەکەن کە هەموو ئینسانێک لە ڕووی سروشتییەوە بە قەد یەک یەکسان و بەقەد یەک ئازاد و بەقەد یەک سەروەرن. تیورەی لیبرالیزم لەهەوڵی بنیادنانی کۆمەڵگایەکدایە کە تێیدا دان بە تایبەتمەندی هەر کەسێکدا بنرێت و بە هەمووانیش هەلومەرجی گەشەکردن و پێگەیشتنی یەکسان ببەخشرێت. بەختیاری لە کۆمەڵگایەکدا دەتوانێت گەورەبێت کە بڕی ئازادی و سەربەخۆبوونی مرۆڤ ڕۆژانە ڕووی لەزیادبوونبێت و ئەو هەلومەرجە لاببرێت کە بەدبەختی گەورە دەکات.

زەحمەتە بتوانین خێزانی بەختەوەر دروستبکەین بەبێئەوەی کۆمەڵگایەکی بەختەورەمان دروستکردبێت، یان لانیکەم کۆمەڵگایەکمان دروستکردبێت کە تێیدا بەختەوەری توانای لەدایکبوون و ژیان و گەورەبوونی هەبێت.

پێموایە لە چوارئاستی سەرەکیدا دەتوانین کار بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەک بکەین کە بەختەوەری تێیدا، لە پەیوەندیدا بە خێزان و بە ئافرەتەوە، بتوانێت بژی:

١ـ ئاستی ئابووری، تیایدا ئافرت هەمان مافی یەکسانی کارکردنی هەبێت کە پیاو هەیەتی، ئەمەش مانای مافی خوێندن و فێربوون و گەشەدان بەکۆی ئەو توانایانەش کە ئافرەت دەبێت بەدەستیانبهێنێت بۆئەوەی بتوانێت لە کەرتە ئابوورییە جیاجیاکاندا کاربکات.

٢ـ ئاستی سیاسی: بوونی مافی سیاسی هاوبەش بۆ دەنگدان وخۆهەڵبژاردن بۆ هەر شوێن وجێ و پلە و پایەیەکی سیاسی لەوڵاتدا. ئەمەش بەبێ خەبات بۆ سەپاندنی بیرۆکەی هاووڵاتی یەکسان و کامڵ مەحاڵە جێبەجێببێت.

٣ـ ئاستی سایکۆلۆژی: ئازادبوون لەو بونیاد و میکانزمە سایکۆلۆژییانەی کە ئینسان دەکەنە بوونەوەرێکی بچووک.

٤ـ ئاستی کولتووری: شەڕ لەگەڵ کۆی ئەو پێشداوەرییە کولتووریانەدا کە ئافرەت وەک بوونەوەرێکی لاواز و پلەدوو دەناسێنێت و هەمووکمان ناچاردەکات لە دوو جیهانی ناکۆک و دژ بەیەکدا بژین.

**ئەوروپا و ڕاسیستەکانی**

«لە ئەوروپادا شتێکی سەیر نییە ڕۆژنامەنووسێک ببێتە هۆکاری کەوتنی حکومەتێک و بەرنامەیەکی چەند چرکەیی لە ڕادیۆ یان لە تەلەفیزیۆندا وەزیرێک یان چەند وەزیرێک ناچار بە وازهێنان و دەستکشانەوە لە کار بکات»

«دادگاکانی ئەوروپا خاوەنی هێزێکی ئەوتۆن (...) وەکچۆن لەکاتی پێشێلکردنی یاسادا هاوولاتییە سادەکان پەلکێشدەکەنە ناو ژوورەکانی لێپرسینەوە و داوەریکردنی ئاشکراوە، ئاواش دەتوانن سەرەک کۆمار و وەزیر و سیاسییە گەورەکان بۆ هەمان شوێن پەلکێشکەن»

چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی هاولاتی
سازدانی: عەدنان عوسمان
مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٢
ئەمستردام

پرسـیـار: پێشـئـەوەی بچـینە ناو کـرۆکی گفـتوگـۆکـەمـان دیاردەیەک هەیە کـە زۆرکەس بـە یەکێک لە هۆکارەکانی سـەرکەوتنی ڕاسـتڕەوە پەڕگیرەکان ئەزانن، ئەویش کـەمی بەشـداربوونی دەنگدانە لە زۆربەی وڵاتانـی ئەوروپادا، بەجـۆرێک ئاسـتی دەنگدان ساڵ لە دوای سـاڵ لە کەمبووندایە و تاڕادەیەکی زۆر گوێنەدان و کەمتـەرخەمی بەرامبەر بە هەڵبژاردن لەئارادایە. هەندێک وا سـەیری دەکەن کە ئەوە نیـشانەی جێگیربوونی سـیستمی دیموکراسـییـە و هـەندێکیش بە نیشانەی وەسـتـان و قـەیرانی هەمـان سـیـسـتـمی دەبیـنن، ئێـوە چۆن ئەم دیاردەیە دەخوێننەوە؟

وەڵام: بێگومـان ڕاسـتـە کە لەم دە سـاڵەی دوایی مێژووی وڵاتە ئـەوروپییـەکاندا دوورکـــەوتنـەوە و لاوازبـوونێکی بەرچاو لە بـەشـــداربـوون و دەنگدان و بە دەمەوەچوونی چالاکی سیاسیدا، تێبینی دەکرێت. لە زۆر ڕووەوە ئەو گرنگییەی لە شـەسـتـەکان و هەفتاکان و هەشتاکاندا بە بەشداربوونی سیاسی ئەدرا لە نەوەدەکاندا هێزی خۆی لەدەستئەدات، ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی گشتییە و شـتـێک نیـیـە تایبـەت بەم وڵات یان ئەو وڵاتی ئـەروپی، بەڵکو زۆربـەی وڵاتە ئەوروپییـەکانی گرتۆتەوە. بۆ نموونە لە هەڵبـژاردنی گشـتی ئەڵمـانیـای سـاڵی ١٩٧٢ دا لە ٩٠٪ ئـەوانەی مـافی دەنگدانیـان هەبووە بەشـداربـوون و دەنگیـان داوە، کـەچی ئەم ڕێژەیە لە سـاڵی ١٩٩٤ دا دادەبەزێت بۆ ٧٨٪، لـە پورتوگـال لە ٩٢٪ دادەبەزێت بۆ ٦٨٪، لە هـۆڵەندا و بەلجیکا و شـوێنەکانی دیکەشـدا نزیکەی ٣٠٪ خـەڵک ئـامـادەنەبوون دەنگبـدەن. بێگومـان دیاردەی کـەمبـوونـەوەی بایەخی سیاسەت تەنها لە کەمی دەنگدەرەکاندا بەرجەسـتە نییە، بەڵکو لەو شێوازانەی دیکەشـدا بەرجـەسـتـەیە کـە کـارکردنی سـیـاسـەت لە شـێـوە تەقلیـدییـەکـەیدا بەکـاریاندێنێت، لە پێش هەمـووشـیـانەوە دابەزینی گەورە و سـەرسـوڕهێنەری ژمـارەی ئەوانەی ئەندامن لە حـیـزبە سـیـاسـیـیـەکـاندا. لە شـوێنێکی وەک ئینگلتـەرەدا تەنها لە ٦,١٪ خـەڵکی ئەندامی حیـزبی سیاسین، لە هۆڵەندا ئەم ڕێژەیە ٢,٢٪ ، لە بەلجیکا لە ٦٪ و لە سوید، کە گەورەترین ڕێژەیە لە ئەوروپادا، ١٤,٥٪.

ڕاسـتت دەوێت من هەست ناکـەم بەهێـزبـوونی هێـزە ڕاسـتـڕەوە پەڕگـیـرەکـان

پەیوەندییان بەم پاشەکشێ بەرچاوەی سیاسەتەوە هەبێت، ئەم شێوازە تایبەتەی پاشەکشێکردن گشتییە و هەم چەپ و هەم ڕاستییش دەگرێتەوە. بێگومان ئەم پاشەکشێیە دیاردەیەکی زەق و تێبینیکراوە بەڵام لە جەوهەردا دەربڕی پاشەکشێی کۆمەڵێک فۆرمی تەقلیدی بەڕێوەبردنی کاری سیاسییە و هەموو شێوەکانی کارکردنی سیاسەت ناگرێتەوە. واتە ڕاستە سیاسەت لەو ئاستانەی سەرەوەدا پاشکەشێی کردوە، واتە لە ئاستی دەنگدان و بوون بە ئەندام لە حیزبە سیاسییەکاندا، بەڵام ئەو ئاستانە هەموو ئاستەکانی کارکردنی سیاسی نین لە ئەوروپادا. کاری سیاسی لە ئەوروپدا بە تەنها لە سنووری حیزبە سیاسییەکان و سنووری چوارساڵ جارێک هەڵبژاردندا سنووربەند نییە، بەڵکو کۆمەڵێک ڕەهەندی تریشی هەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەکۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە و فرەلایەنی ناو کۆمەڵگا ئەوروپییەکانەوە هەیە. من لێرەدا هێما بۆ ڕووکارە گرنگەکانی هەندێک لەو گۆڕانکاریانە دەکەم:

١- لاوازبوونی جیاوازی ئایدیۆلۆژیی نێوان هێزە ڕاسترەو و چەپڕەوەکانی ئەوروپا و نزیکبوونەوەیان لەیەکتری. لە وڵاتێکی وەک هۆڵەندادا و بە درێژایی هەشت ساڵ، سۆسیال دیموکراتەکان، کە وەک هێزی چەپ ناسراون، لەگەڵ لیبرالەکاندا، کە هێزی ڕاسترەون، لە یەک کابینەی حکومیدا کاریانکرد. ئەم مەسەلەیە لە شەستەکان و هەفتاکان و هەشتاکاندا نەک تەنها مەحاڵ بووە، بەڵکو گوناهێکی سیاسی گەورەش بووە. ئەم نزیکبوونەوە ئایدیۆلۆژییەی چەپ و ڕاست لەیەکدی کارێکی کردوە زۆر کەس بەو باوەڕە بگەن گرنگ نەبێت کێ دەسەڵات دەگرێتە دەست و کێ زۆربەی دەنگەکان دەباتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆرانێک هەن کە پێیان وایە سیاسەتمەدارانی ئەوروپا خۆیان بوونەتە «توێژێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ» و پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تری ناو کۆمەڵگاکانیانەوە نەماوە. ئەمەش ئەو هەستەی لای ئینسانی سادەی ئەم وڵاتانە دروستکردوە کە چوون و نەچوون بۆ هەڵبژاردن هیچ لە مەسەلەکان نەگۆڕێت، مادام چەپ و ڕاست لێکدەچن، مادام سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاکانیان تادێت وەک یەکیان لێدێت، مادام سیاسییەکان لە کۆمەڵگا دابڕاون، بۆیە گرنگ نییە کێ هەڵبژاردن دەباتەوە و کێ دەیدۆڕێنێت. لە دیدی بەشێکی گرنگی خەڵکی ئەم وڵاتانەدا زۆربەی هێزە سیاسییەکان لێکدەچن و

تەنها لە تەفاسیل و وردەکارییە سادەکاندا لێکجیاوازن.
٢- بێگومان ئەو خاڵەی سەرەوە بە ڕەهایی ڕاست نییە و لە باشترین دۆخدا پاڵنەری هەندێک گروه و هێزی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە بۆ پاشەکشێکردن لە ژیانی سیاسیدا. ڕاستییەکی دیکە ئەوەیە کە سیستمی دیموکراسیەت لە ئەوروپادا بەشێوەیەک گەشەیکردوە و بەجۆرێک دەسەڵاتی دابەش و بڵاوکردۆتەوە، بۆتە هۆی دروستبوونی چەندان کەناڵی تایبەتی دیکە کە بشێت لەڕێیانەوە کار بکرێتە سەر بڕیاردانی سیاسی، لەوانەش:
ا - بوون و ئامادەگی میدیایەکی فرەلایەن و فرەدەنگ و زۆرجار ڕەخنەیی، لە فۆرمی ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و تەکنیکی تازەی پەیوەندیدا. ئەم مدیدیایە ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر دەوڵەت و نوخبەی سیاسی و ئەو هێزانەدا ئامادەیە کە بڕیاردانی سیاسی بەڕێوەدەبەن، لە ئەوروپادا شتێکی سەیر نییە ڕۆژنامەنووسێک ببێتە هۆکاری کەوتنی حکومەتێک، بەرنامەیەکی چەند چرکەیی لە ڕادیۆ یان تەلەفیزیۆندا وەزیرێک یان چەند وەزیرێک ناچار بە وازهێنان و دەستکشانەوە لە کار بکات.
ب - بوونی چەندان بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی جیاجیا کە هەریەکێکیان لە کەناڵە تایبەتەکانی خۆیانەوە دەتوانن کاریگەری گەورە لەسەر بڕیاردانی سیاسی بەجێبهێڵن. لە دەساڵی ڕابووردودا بزوتنەوەیەکی گرنگی وەک (ئاشتی سەوز، Green peace) یان بزوتنەوەی فێمینیستی، یان بزوتنەوەی بەرگری لە ژینگە کاریگەری گەورەیان لەسەر چۆنیەتی بڕیاردانی سیاسی و پلاندانانی کۆمەڵایەتی و بەرنامەی کولتووری و پەروەردەیی هەبووە و هەیە. ئەم بزوتنەوانەش لە فۆرمی حیزب و گروهی سیاسی ڕێکخراودا بەرجەستە نین، بەڵکو شێوازی دیکەی ڕێکخستن و کارکردنیان هەیە.
ج - دۆزینەوەی فۆرمی نوێی سیاسەتکردن کە نە پێویستی بە دروستکردنی حیزبی سیاسی گەورە هەیە و نە بە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیش، هەرە دیارترین نموونەی ئەم شێوە تازەیەی کاری سیاسی بریتییە لەو جۆرە سیاسەتەی کە پێیدەگوترێت (سیاسەتی یەک مەسەلەیی). مەبەست لە سیاسەتی یەک مەسەلەیی ئەو شێوەیەیە لە سیاسەتکردن کە تێیدا گروپێکی دیارکیراو، لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا خۆی تەنها بە یەک مەسەلەی دیاریکراوەوە

خەریکدەکات و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە ئەدات کە لەو مەسەلەیەوە ئالاون. دوای چارەسەرکردنی ئەم کێشانە ئیدی ئەو گروهە یان خۆی لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە، یان بەردەوام دەبێت و خۆی بەکێشەیەکی دیکەوە خەریکدەکات.

د ـ لەبیرمان نەچێت بوونی سیستمێکی دادگایی سەربەخۆ، کە نە دەوڵەت و نە حیزب و نە سیاسەت ناتوانن کاریگەری گەورەیان لەسەری هەبێت، کاریکی کردوە ئەو کەسانەی هەستدەکەن بێمافن، یان بەشێوەیەک لە شێوەکان دادپەروەرانە مامەڵە نەکراون، یان دەوڵەت و سیاسەت و حیزب ناهەقییان بەرامبەر کردوون، ڕاستەوخۆ مەسەلەکانیان دەبەنە بەردەمی دادگا و لەوێدا بەدوای مافی خۆیاندا دەگەڕێن. دادگاکانی ئەوروپا خاوەنی هێزێکی ئەوتۆن کە دەتوانن ئەو بڕیارە سیاسیانە هەڵوەشێندنەوە کە لەگەڵ دەستور و یاسادا ناگونجێن، وەکچۆن لەکاتی پێشێلکردنی یاسادا هاوولاتییە سادەکان پەلکێشدەکەنە ناو ژوورەکانی لێپرسینەوە و داوەریکردنی ئاشکراوە، ئاواش دەتوانن سەرەک کۆمار و وەزیر و سیاسییە گەورەکان بۆ هەمان شوێن پەلکێشکەن.

هەموو ئەم مەسەلانە بەسەریەکەوە هەلومەرجێکی شارستانی و سیاسی و کۆمەلایەتییان خولقاندوە کە هەلی ئەوە بە تاک و گروهەکان ببەخشێت پێویست نەکات ببنە ئەندامی ئەم یان ئەو حیزب، بەشداربن یان نەبن لە دەنگداندا، بۆئەوەی کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی و لەسەر کارکردنی دەوڵەت و لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا هەبێت. لەم کۆمەڵگایانەدا ئەوەی پێیدەگوترێت (کۆمەڵگای مەدەنی) بەشێوەیەک بەهێزە کە نە حیزب، نە دەوڵەت، نەهیچ هێزێکی دیکە ناتوانێت بێدەنگ و ئیفلیجیکات. بەپێچەوانەوە ئەم کۆمەڵگایانە چەندان ڕێگا و میکانیزمی جیاوازیان هەیە بۆ ئەوەی دەنگی ئینسانی ناڕازی بەدەرەوە بگەیەنن و چارەسەرێک بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە. کەواتە، کەمتەرخەمی و بەشدارنەبوون لە دەنگداندا، بەشێکی، وابەستەی لێکچوونی هەتا دێت زیاتری چەپ و ڕاستە لەو ولاتانەدا، بەشێکی دی وابەستەی باوەڕنەمانە بەو توێژە سیاسییەی لە ئەوروپادا ژیانی سیاسی بەڕێوە دەبات، بەشەکەی دیکەشی، وابەستەی بوونی ئەو هەموو کەنالانەی دیکەی

قسەکردن و پیادەکردنی کاریگەرییە کە هێمامان پێکردن. ئەگەر یەکەم و دووهەمیان وەک جۆرێک لە قەیران لە دیموکراسیەتدا دەرکەوێت، دووهەمیان دەرنجامی چەسپاندن و بەهێزبوونی سیستمی دیموکراسیەتە.

پرسیار: لە دەورانی جیهانگیری و یەکێتی ئەوروپا و دراوی هاوبەشدا (ئێرۆ)، جێگای سەرسوڕمانە کە هێزە توندڕەو و ناسیۆنالیستەکان بەو شێوەیە بێنە گۆڕەپانی سیاسی و زۆربەی ئەوروپا بهەژێنن، ئێوە چۆن ئەو دیاردەیە هەڵدەسەنگێنن و هۆکارە سەرەکییەکانی لە چیدا ئەبینن؟ ئایا خودی ئەو سەرسامی و هەژانەش نیشانەی بێبناغەیی و لاوازی و بێڕیشەیی ئەم هێزانە نیین لە کۆمەڵگای ئەوروپیدا؟

وەڵام: دەشێت جۆرێک لە سەرسوڕمان لە ئارادابێت بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی ئەمرۆ لە ئەوروپادا ڕوودەدەن، لەسەرێکەوە دیاردەی لەبەریەکترازانی ناسیۆنالیزم و گەورەبوونی ئەوروپای یەکگرتوو لەئارادایە، کەچی لەهەمانکاتدا چەندان شێوەی پەرگیر و فۆبیایی ناسیۆنالیزم لەدایکدەبێت. لە ئەوروپای ئەمرۆدا بەهێزبوون و گەشەکردنی دیاردەی توندڕەویی ناسیۆنالیزمانە کۆمەڵێک هۆکاری جیاجیای هەیە کە من لێرەدا هەرە گرنگەکانیان باس و دەستنیشاندەکەم:

١- جیهانگیری:

بێگومان جیهانگیری و یەکێتی ئەوروپا و ئێرۆ، دیاردەی ساکار و یەک مانا و یەک ئاراستە نین، بەتەنها هەڵگری کرانەوە و بەزاندنی سنوور و سڕینەوەی جیاوزییەکان نین، بەهیچ مانایەک یەک دەرەنجام و یەک چاوەڕوانی و یەک مژدەشیان پێنییە. ئەم دیاردانە دیاردەی ئاڵۆز و فرە لایەن و فرە مانان، چەند سنوور لادەبەن، چەند پانتایی گەورە دروستدەکەن و چەند هەڵگری دیدێکی کۆسمۆپۆلیتی جیهانین، بەهەمان ئەندازەش دروستکەری شێوازی نوێی سنوور و پانتایی بچووک و دیدی لۆکاڵی و شوناسی ئەتنی و کولتووری بەرتەسکن. لە هەناوی جیهانگیریدا دیاردەی کرانەوە و داخران، کۆسمۆپۆلیتیزم و ناسیۆنالیزم، فرە کولتووری و تاک کولتووری شانبەشان دەڕۆن. لەهەمان کاتدا جیهانگیری چەند ئەگەری هاوشێوەبوون زیادەدەکات ئەوەندەش ئەگەری

جیاوازبوون، چەند ئەگەری دیموکراسیەت زیاد دەکات ئەوەندەش ئەگەری فاشیەت، چەند هەڵگری ئەگەری کرانەوەیەکی عەلمانییە بەهەمان ئەندازەش هۆکاری وەگەڕخستنی ماشێنێکی ئوسوڵی ئیسلامی توندڕە و دۆگامییە، چەند کۆچ دروستدەکات، ئەوەندەش دژایەتیکردنی کۆچ بەرهەمدێنێت. واتە جیهانگیری شتی ناکۆک و دژ بەیەک بەرهەمدەهێنێت، لە ئەوروپاشدا ئەو ناکۆکییانە دروستدەکات کە تۆ لە پرسیارەکەتدا هێمایان پێدەکەیت، هەم ئێرۆ دروستدەکات هەم جان ماری لۆپێن، هەم فرەکولتووری و هەم ڕاسیزم.

ڕاستە لەزۆر ڕووەوە هاتنەکایەی ئێرۆ وابەستەی پەرەسەندنی جیهانگیری و یەکگرتنی ئەوروپایە وەک بلۆکێکی ئابووری بەهێز کە بتوانێت درێژە بە ململانێ و کێبەرکێی ئابووری سەرکەوتوو بدات لەگەڵ بلۆکە گەورەکانی دیکەی جیهاندا، ڕاستە ئەم دۆخە قازانجێکی گەورە بەزۆر هێزی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری دەگەیەنێت، مەوداکانی سەفەر و تێکەڵبوون و ئازادی فراوان دەکات، ئەم سەری ئەوروپا بەو سەری ئەوروپاوە گرێدەدات، جوڵەی مرۆڤ و وێنە و سەرمایە و شتەکانی دیکەش ئاساندەکات. بەڵام لەهەمانکاتدا برێکی زۆر لە تواناکانی دەوڵەتی نەتەوەیی کەمدەکاتەوە و لە کۆمەڵێک ئاستدا بەتەواوی ئیفلیجی دەکات. بێتوانایی دەوڵەتی نەتەوەیی لە مەسەلەی چاودێریکردنی بەرهەمهێنان و بازاڕەکانی پارەوپوول و کۆچ و جوڵەی وێنە و جوڵەی شوناس و تێکەڵبوونی کولتووردا، دیارترین دەرنجامەکانی جیهانگیرین. واتە جیهانگیری هەندێک توانا لە دەوڵەتی نەتەوەیی دەسێنێتەوە و دەیخاتە دەستی ئەو دەزگا و ئۆرگان و میکانیزمانەی کە سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبەزێنن. بێگومان بەشێکی ئەم پرۆسەیە بۆ زۆربەی ئەوروپییەکان باش، یان لانیکەم بێزیانە، بەڵام بەشێکی دیکەی زیانبەخشە. ڕەنگە خراپترین دەرەنجامێک جیهانگیری لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا خستبێتییەوە، لاوازکردنی تواناکانی دەوڵەتە وەک دەوڵەتێکی خەمخۆر و خۆشنوودگەرا، دوله الرفاه. هەندێک لە میکانیزمە تایبەتەکانی جیهانگیری وادەکەن دەوڵەت نەتوانێت بەشێکی زۆری ئەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییانە پێشکەشکات کە پێشتر بە کۆمەڵگا و بە هێزە کۆمەڵایەتییە لاوازەکانی پێشکەشدەکرد، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک هێزی پەراوێزکراو کە ناتوانن بۆ دەرچوون لەو پەراوێزبوونە پشت بە

دەوڵەت ببەستن. ئەم هێزانە ڕووبەڕووی ترسێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سایکۆلۆژی گەورە دەبنەوە. ئەم ترسەش لەڕێگای هەندێک هێزی سیاسی دیاریکراوەوە بەکاردەهێنرێ و بەهۆیەوە توندڕەوترین فۆرمی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی بڵاودەکرێتەوە. ئەم ناسیۆنالیزمە توندڕەو و پەرگیرە ئەو کێشانەی جیهانگیری بۆ دەوڵەتی خۆشنوودگەرای دروستدەکات وا لێکدەداتەوە وەک ئەوەی دەرەنجامی کۆچی بەرفراوانی خەڵکی هەژاری جیهانی سێ، یان خواری گۆی زەویبێت، بۆ ناو ڕۆژئاوا، لەشێوەی پەناهەندە، کۆچبەری یاساغ، کرێکاری کۆچکردو یان هەر شێوەیەکی دیکەدا. ئەم هێزانە دەڵێن دەوڵەت بۆیە ناتوانێت کۆمەڵگا بەخێوکات چونکە خەڵکێکی بیانی زۆر هاتوون و هەموویان پارەی بێکاری و یارمەتی لەم دەوڵەتە وەردەگرن، ئەمەش وادەکات دەوڵەت نەتوانێت خەڵکی ئەسڵی وڵاتەکە خۆی بەخێوبکات. بەم کارەشیان خەڵکێکی زۆری زیانپێگەیشتوو و ترساو و بەپەراوێزبوو لە ژێر چەتری ناسیۆنالیزمێکی پەرگیردا لەدژی بێگانە ڕێکدەخەن. بێگانەش دەشێت هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئەو وڵاتە نین، واتە دەشێت هەم خەڵکی جیهانی سێ و هەم خەڵکی وڵاتە ئەوروپییە دراوسێکان بن. لێرەوەیە کە لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیدا دەگوترێت لەباتی ئەوەی لێزانی کۆمپیوتەر لە هیند یان هەر وڵاتێکی دیکەوە بهێنین، کە تێچوونی هەرزانە، با پارە لە منداڵەکانی خۆماندا سەرفبکەین و ئەوان فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بکەین، ئەگەرچی ئەم کارە پارەیەکی زۆر زیاتری تێدەچێت. بەبۆچوونی من سەرچاوەی یەکەمی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی ئەوروپی لێرەدایە.واتە لە دەرەنجامە خراپەکانی جیهانگیریدایە بۆ ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی پەراوێزدەبن و قۆستنەوەی ئەم هەلومەرجە لەلایەن کۆمەڵێک هێزی ڕاستڕەوەوە.

٢ـ بالادەستی گوتاری کولتوور و گوتاری جیاوازی کولتووریی:

ئەوروپا نیو سەدەیە ئەو قۆناغەی بەجێهێشتوە کە ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسییە گەورەکانی لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنەوەی سەروەت و سامانی کۆمەڵایەتی بێت، لە دوای جەنگی دووهەمەوە دەوڵەتی خۆشنودگەرا و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کاریکیان کردوە کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئەم وڵاتانە لانیکەمی توانای ئابووریان بۆ ژیان لەبەردەستدابێت. ئەم لاوازبوونەی

ناکۆکییە ئابوورییەکان لە هەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکاندا دەبێتە هۆکاری لەدایکبوونی گوتارێکی کولتووری کە تیایدا پێداگرتن لەسەر جیاوازی بەها و نرخ و ترادیسیۆن ڕۆڵێکی گەورە و سەرەکی ببینێت. واتە ئینسانی ئەوروپی لە گەڕانیدا بەدوای جیاوازیدا ناگەڕێتەوە بۆ جیاوازی چینایەتی کە بنەمایەکی ئابووری هەیە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کولتووریی کە زیاتر بنەمایەکی ئەتنی و نەتەوەیی و ئاینی هەیە. لەپاڵ ئەم گوتارەدا هێزە ناسیۆنالیستە پەڕگیرەکان هێڵێکی شاقوڵی لەنێوان دانیشتوانی ئەسڵی وڵاتە ئەوروپییەکان و بێگانەکاندا دەکێشن، ئەم هێڵەش هەندێک جار لەسەر بنەمای ئەتنییەت، هەندێکجار لەسەر بنەمای ئاین و هەندێکجاریش لەسەر بنەمای کولتوور دەکێشرێت، زۆرجاریش لەسەر بنەمای هەرسێکیان پێکەوە. ئەو بارودۆخە تازەیەی جیهانگیریش لە ئەوروپادا دروستیکردوە جۆرێکی نوێ لە ناسیۆنالیزم بەرهەمدەهێنێت کە پێ لەسەر ئەم دابەشبونە کولتوورییە دادەگرێت و تا دێت فو بە دەمارەکانیدا دەکات. ئەم ناسیۆنالیزمە ناکۆکییە کوولتوریەکان تیژدەکاتەوە و وادەکات ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەش لە فۆرمی ناکۆکی کوولتووریدا دەرکەون. ئەم ناسیۆنالیزمە ناوەرۆکێکی فیکری نییە و داهێنەری ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتیش نییە، بەڵکو هێزێکە بێ بێزاربوون باس لە شووناس و کولتووور و ئاین و بەهاو نرخی تایبەت دەکات. لەڕاستیدا ئەم ناسیۆنالیزمە ڕەنگدانەوەی هەستکردنێکی ڕۆژانەیە بە ترس و دوودڵی و دڵەڕاوکێ، سەرچاوەکانی لە ڕووداوە ساکارەکان و نائارامییە بچووک و گومانە سادەکانی ژیانی ڕۆژانەوە هەڵدەقوڵێت، نەک لە پێشینە و زەمینەیەکی ئایدیۆلۆژی پتەوەوە. بەبۆچونی من هێزە ڕاستڕەوە پەڕگیرەکانی ئەوروپا لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا ئەم پرۆسەیەیان بەتەواوی قۆزتۆتەوە و لە پەڕگیرترین فۆرمیدا بەکاریدەهێنن.

لای ئێمەش، واتە لە کوردستاندا، جیهانگیری کۆمەڵێک هێزی سیاسی و سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری ڕاستڕەوی دروستکردوە کە لە هەمان دیدی کولتوورییەوە لە جیهانگیری و جیهان و کۆمەڵگا دەڕوانن. وەکچۆن هێزە ڕاستڕەوەکانی ئەوروپا جیهانگیری کورتدەکەنەوە بۆ لەدەستدانی کارەکتەر و جەوهەر و شوناسی نەتەوەیی، وەکچۆن کەسانێکی وەک لۆپێن و هایدەر و دی

ڤینتەر جیهانگیری یەکساندەکەن بە پرۆسەی بە ئەمریکایکردنی دنیا و داوای پاراستنی ڕەسەنایەتی و ئاین و کولتووری نەتەوەیی دەکەن، ئاواش لای ئێمە و لە جیهانی عەرەبیشدا هێزەکانی ئیسلامی سیاسی و هەوادار و ڕۆشنبیرەکانی ئەم ئیسلامە و نەتەوەییە پەڕگیرەکان بە هەمان لۆژیک لە جیهانگیری دەڕوانن و لەهەمان دیدەوە ڕاڤەیدەکەن. بەم مانایە ناسیۆنالیستە ڕاستڕەوەکانی جیهانی عەرەب، ئوسولییە دۆگماییەکانی لای خۆمان، کولتوورگەرا ڕەسەنخوازەکانی شوێنانی دی، لەهەمان گۆمدا مەلەدەکەن کە ڕاستڕەوەکانی ئەوروپا مەلەی تێدا دەکەن. هەموویان باس لە ونبوونی ڕەسەنایەتی و لەدەستدانی کولتوور و بە ئەمریکاییبوونی جیهان دەکەن. هەر لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین لە ماناکانی سەردانی کەسێکی وەک یۆرگن هایدەری نازی نەمساوی لە دیکتاتۆرێکی وەک سەدام حوسەین تێبگەین، هەر لەم دیدەشەوە دەتوانین هێڵێکی هاوبەش بدۆزینەوە لە نێوان ئوسولیەتی هێزە توندڕەوەکانی ناو ئاینی جولەکە و ناو مەسیحیەت و ناو ئیسلامی ئەمڕۆدا. «دژ ـ بە ـ ئەمریکا بوون»، تا ڕادەی بوونی بە عوسابێکی سایکۆلۆژی و کولتووریی، یەکێک لە گرنگترین کارەکتەرە سیاسی و کولتوورییەکانی ڕاستڕەوە نوێکانی ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپان. لەدیدی ڕاستڕەوەکانی ئەڵمانایا و نەمسادا، ئەوەی بەرپرسیاری لەناوچوون و لاوازبوونی بەها و نرخ و کولتووری ئەڵمانییە، ئەمریکا و پرۆسەی بە ئەمریکاییبوونە، ئەم ڕاستڕەوانە بە سادەییەکی سەرسوڕهێنەرەوە ئەمریکا و کولتووری ئەمریکی بۆ کولتووری ماکدۆنالد کورتدەکەنەوە و ئەم کولتوورەش بەتەواوی ڕیسوا و بێنرخ و بێبایەخ دەکەن. ئەم پرۆسەیە لە وڵاتی ئێمە و دراوسێکانیشماندا ئامادەیە و چەند هێزێکی سیاسی و کۆمەڵێک ئیمام و گروهێک ئایەتوڵا و دەستەیەک فەتواچی و نوخبەیەک ڕۆشنبیری ڕاستڕەو و دۆگمایی هەن کە ئەم دیدە بە ناوی بەرگریکردن لە ڕەسەنایەتییەوە بە خەڵک دەفرۆشن. هەموو ئەم بەڕێزانە باس لە کولتوور و ئاین و شوناسی تایبەت دەکەن، باس لە کولتووری ئێمە بەرامبەر بە کولتووری ئەوان، بەهای ئێمە بەرامبەر بە بەهای ئەوان و مێژووی ئێمە بەرامبەر بە مێژووی ئەوان دەکەن و لە وەرچەرخانێکی نارسیستی داخراویشدا خود بە پیرۆز و ئەویدی بە گڵاو لەقەڵەم ئەدەن.

ئەم هێزە ڕاستڕەوانە چ لە ئەوروپا و چ لەدەرەوەی ئەوروپادا بە تەنها لەناو بازنەی حیزبێک یان چەند حزبێکی سیاسیدا، یان لە ناو بازنەی ئەم یان ئەو گروهی کولتووریدا جێگیر نین، بەڵکو بریتین لە تۆڕێک ئۆرگان و چاپخانە و ڕۆژنامە و گۆڤار و نووسەر و ڕۆشنبیر و گروهی هەمەجۆر. کاری سەرەکی ئەم تۆڕە لە ئەوروپادا بریتییە لە هەڵگرتنی تابو لەسەر کۆی ئەو بابەتانەی تامێکی تاڵیان لە یادەوەری ئینسانی ئەوروپیدا هەیە، بۆ نموونە ئەم هێزانە شەرم لەوە ناکەن باس لە پێویستی گەڕانەوەی نازیەت، دژایەتیکردنی بێگانە، دژایەتیکردنی ئەمریکا و قسەوتن بە بەئەمریکاییبوون، گومانکردن لە ئەوروپای یەکگرتوو، گومانکردن لە گەردونیبوونی مافەکانی مرۆڤ، بەبچووک و بێبایەخدانانی کولتوورەکانی دیکە و چەندان بابەتی دیکەی لەم بابەتە، بکەن... بەڵام خۆشحاڵانە هێزی ئەم گروهە ڕاستڕەوانەی ناو ئەوروپا بەو ڕادەیە نییە کە لە میدیاکاندا باس دەکرێت، هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی فەرەنسا ئاشکاریکرد کە ٨٢٪ خەڵکی فەرەنسا نەک ناڕازییە بەرامبەر بەم هێزە ڕاستڕەوانە بەڵکو تووڕەشن لێیان. لای ئێمەش ئەم تۆڕە، لەپاڵ چەپڵەلێدان بۆ خۆماڵیبوون و ڕەسەنایەتی و شوناسی تایبەتدا، پڕوپاگەندەیەکی گەورە بۆ گوتاری دژ بە ئەمریکا و بەئەمریکایبوون دەکات کە زیاتر لە گرێی سایکۆلۆژییەوە نزیکە تا لە سادەترین لێکدانەوەی سیاسی و کولتووری و فیکرییەوە.

٣ـ کۆچ:

ئاشکریە یەکێک لە دەرەنجامە گرنگەکانی جیهانگیری کۆچە، یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ڕاسترەوە پەڕگیرەکانی ئەوروپاش شەڕە لەگەڵ کۆچدا. کۆچ وایکردوە (مەجالی گشتی) هەر یەکێک لە شارە ئەوروپییە گەورەکان ببێتە (مەجالێکی تێکەڵ)، مەجالی گشتی بریتییە لە کۆی ئەو فەزا گشتییەی لە شارێکی دیاریکراودا ئامادەیە، بۆ نموونە باخ و شەقام و یانە و چاخانە و هتد.. لە شوێنێکی وەک ئەمستردامدا زیاد لە سەد نەتەوە و دەیەها گروهی ئەتنی و ئاینی و کولتووری جیاواز پێکەوە دەژین، ئەمانە هەر یەکەو بەها و نرخ و کولتوور و داب و نەریەتی تایبەتی خۆی هەیە. لەهەندێک دۆخی تایبەتدا ئامادەگی ئەم هەموو بەهاو نەریەت و کولتووره جیاوازانە هۆکاری بەریەککەوتن

لەگەڵ یەکدا، بەریەکەوتنی شێوازە جیاوەزەکانی ژیان، خەیاڵ، پاشخان، چاوەڕوانی و یاداوەری و هتد... بەڵام وەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکرد پایەکانی دیموکراسیەت لەم وڵاتانەدا، تا ئەم ساتەی ئێستاشمان، بەشێوەیەک پتەو و کراوەیە کە لەیەک چوارچێوەدا شوێنی هەموو ئەو جیاوازییانەی کردۆتەوە، وەکچۆن خانمێکی ئەوروپی نیمچەڕووت لە باخێکدا ڕادەکشێت و خۆی دەداتە بەر خۆر، ئاواش کچێکی موسڵمانی پەچەپۆشیش لە هەمان باخدا و لەولایەوە دادەنیشێت. ئەوەی لە ئێستادا ڕاستڕەوەکان شەڕی لەسەر دەکەن داگیرکردنی ئەم فەزا گشتییە و دەستبەسەراگرتن و مۆنۆپۆڵکردنی تەواوەتییەتی، ئەوەی ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینەش بەرگری لێدەکەن کرانەوە و پاراستنی ئەم فەزا گشتییە کراوەیەیە، نەک پڕوپاگەندەکردن بۆ ڕەسەنایەتییەکی درۆ کە لۆژیکی هەموو پێکەوەبوونێکی جیاواز دەکوژێت و «مەجالی گشتی» دەداتە دەستی یەک هێز و یەک ئایدیۆلۆژیا و یەک دۆگم. بێگومان ئەم قسانە مانای ئەوە نییە کە ڕاسیزم و هەڵاوردن و خراپەکاری بەرامبەر بە کۆچبەران لە ئارادانییە و ئەمانیش بەهەمانئەندازەی خەڵکی ئەم وڵاتانە هەلی بەشداربوون و گەشەکردن و پێشکەوتنی یەکسانیان لەبەردەمدایە، بەپێچەوانەوە هەموو ئەم دیاردە نێگەتیڤانە ئامادەن، بەڵام ئامرازی بەرەنگاربوونەوە و توانای بەرەنگاربوونەشیان ئامادەن. هەر ئەم ڕاستییەیە وادەکات ئەوروپا مێژووییەکی کراوە و فرەئەگەر و پێشبینینەکراو بژی، بەبەراورد بە مێژووی ئێمە کە مێژووییەکە هەڵگری ئەو کرانەوەیە نییە.

٤ـ فاکتەرێکی دیکەی بەهێزبوونی هێزە ڕاستڕەوە پەرگیرەکانی ئەوروپا بریتییە لەو گۆڕانە گەورە گەورە و ڕیشەییانەی لە سی ساڵی ڕابوردودا لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا هاتوونەتەکایەوە و هەندێک نووسەر بە گواستنەوە لە (قۆناغی پیشەسازییەوە) بۆ قۆناغی (دوای پیشەسازی) ناویدەبەن. ئەم گواستنەوەیە، بۆ هەندێک گروه و توێژی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، هاوشانە بە هاتنەکایەی هەستکردنێکی قووڵ بە «تەنیاکەوتنێکی کۆمەڵایەتی» سەخت. مەبەست لە دەستەواژەی «تەنیاکەوتنی کۆمەڵایەتی» ئەو دۆخە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەیە کە دوای بەرپابوونی کۆمەڵێک گۆڕانی لەپڕ و ڕیشەیی و فرە لایەن بەشێک لە توێژە کۆمەڵایەتییەکانی تێدەکەوێت. ئەم توێژانە ئەو جیهانە ناسراو و

تایبەت و تەقلیدییەیان لەدەستئەچێت کە لەقۆناغی بەر لە جیهانگیری و کۆچ و گۆڕانەکانی تردا لە ئارادابووە. جیهانی متمانەپێکراوی خۆیان ئەدۆڕێنن و ناشتوانن لەگەڵ پێدراوەکانی ئەو جیهانە تازەیەدا بگونجێن کە دەکەونە ناویەوە، بۆیە لای ئەم هێزانە هەستکردن بە دابڕان و بە پەراوێزبوون و بە تەنیاکەوتنی کۆمەڵایەتی بەهێزدەبێت. لەم هەلومەرجەدا دەنگدانی ئەم گروپانە بە ڕاستڕەوە پەڕگیرەکان دەنگدانە بەو هێزانەی کە بەناوی گشت و نەتەوە و کولتوور و کۆی شتە دەستەییەکانی دیکەوە ئەدوێن و مژدەی چارەسەرکردنی ئەم تەنیا کەوتنە کۆمەڵایەتییەیان پێئەدەن.

٥- دواهەمین خاڵێک بمەوێت لێرەدا سەبارەت بە بەهێزبوونی هێزە ڕاستڕەوە پەڕگیرەکان باسیبکەم، پەیوەندی ئەم بەهێزبوونەیە بە بەهێزبوونی نەوەی دووهەم و سێهەمی ئەو کۆچبەرانەوە کە ئەمڕۆ لە زۆر وڵاتی ئەورووپیدا کاردەکەن و بە دەیان ڕۆژنامەنووس و نووسەر و سیاسی بەتوانا و خاوەن ناو و کاریگەریان بەرهەمهێناوە. ئەم نەوە تازانە، وەک هاووڵاتی ئەو کۆمەڵگایانە، بە دەیان و سەدان شوێن و جێی گرنگ و کاریگەریان لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگایانەدا بەدەستهێناوە. ئەم دۆخەش هەلومەرجێکی کراوەی بۆ ململانێی و پێکدادانی ڕەمزی و کولتووری خۆشکردوە کە دەشێت ئەزموونی دیموکراسیەت قوڵترکاتەوە، نەک فاشیەت بەرهەمبێنێت.

بێگومان بەهێزبوونی ڕێژەیی ئەم هێزە ڕاستڕەوە پەڕگیرانە شوێنی مەترسییە، لە دوای ١١ سێپتێمبەرەوە ئەم مەترسییانە گەورەتر و فراوانتربوون، لەهەندێک سات و شوێن و دۆخی تایبەتدا بەشێکی گرنگی مافەکانی مرۆڤ و پرنسیپەکانی یەکسانی و دیموکراسیەت خراونەتە ژێر پێوە. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ژێرپێخستنانە ببینین و تاوانباریانکەین، دەبێت بۆ خودی مافەکانی مرۆڤ و پرنسیپەکانی یەکسانی و دیموکراسیەت بگەڕێینەوە، هێزی ئەم شارستانیەتە و هێزی سیستمی دیموکراسیەت لەوەدایە کە توانای گەمارۆدان و کەنالیزەکردنی ئەم مەترسییانەیان هەیە و بەردەوامیش هێزی ڕەخنەگر بەرهەمدەهێنن کە لە شەڕێکی بەردەوامدان لەگەڵ ڕووکارە ناشیرینی ئەم کۆمەڵگایانەدا.

پرسیار: وەک دەزانین ڕابەری ڕاستڕەوەکانی هۆڵەندا لەم ڕۆژانەدا تیرۆرکرا،

ئەمەش سەرجەم کۆمەڵگای هۆڵەندی هەژاند، پەنابردن بۆ چەک بۆ یەکالاکردنەوەی ناکۆکییەکان تا ئێستا مۆرکی ولاتانی لەمەڕ خۆمانە و بەشێکە لە کولتووری سیاسی ئێمە. هەندێک وایدەبینن ئەم تیرۆرکردنە بایەکانی ئەو هێزە توندڕەوە بەهێزئەکات و گۆڕانکاری قوڵیش لە ژیانی سیاسی ئەم ولاتەدا پێکدەهێنێت. ئێوە کە لەنزیکەوە بەدوای نیشانە و ئاکامەکانی ئەم ڕووداوە و خودی دیاردەکەشدان، چۆن سەیری ئەم بارودۆخە دەکەن؟ چۆن دەڕواننە ئاکام و دەلالەتەکانی؟

وەلام: لە سەدەی شازدەهەمەوە تا هەفتەی پێشو تیرۆری سیاسی لە هۆڵەندادا ڕووی نەداوە، زیاد لە چوار سەدەیە مێژووی سیاسی ئەم ولاتە خاڵییە لە تیرۆری سیاسی، لە سەدەکانی پێشودا زۆربەی ئەو ڕۆشنبیر و نووسەر و گروهە ئاینیانەی لە ولاتە ئەوروپییەکانی تردا لەسەر مەسەلەی جیاوازی فیکری و بۆچوونی ئاینی و تێڕوانینی سیاسی تووشی نارەحەتی هاتوون، بۆ هۆڵەندا ڕایانکردوە، ڕەنگە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا میللەتێک نەدۆزینەوە ئەوەندەی هۆڵەندییەکان خۆیان وەک وەک میللەتێکی لێبورد و میانڕەو و جیاوازی قبووڵکەر ببینن، بۆیە کوشتنی ئەم پیاوە لەسەر بۆچوونە سیاسی و فیکرییەکانی هەژانێکی بێوێنە و لە ڕادەبەدەر و چاوەڕواننەکراوی دروستکرد. بەلام کوشتنی ڤۆر تاون بەهیچ مانایەک یەکسانکردنی کولتووری سیاسی هۆڵەندی نییە بەو کولتوورە سیاسییە پڕ تیرۆر و پیلان و توندوتیژییەی لای ئێمە و لە بەشێکی گەورەی جیهانی سێدا ئامادەیە.

ئەم پیاوە ڕاستڕەوە سیاسی نەبوو، بە ئەسڵ پرۆفیسۆری سۆسسیۆلۆژیا بوو، لەم سالانەی دواییشدا زیاتر خەریکی نووسین بووو، تا سێ مانگیش لەمەوبەر ستوون نوسێکی هەفتانە بوو لە یەکێک لە گۆڤارە فرە خوێنەرکانی هۆڵەندادا. کە بڕیاریشی دا بچێتە ناو جیهانی سیاسەتەوە نە حیزبی هەبوو نە حیزبیشی دروستکرد، ئەو لیستێکی تایبەتی پێکهێنا و کەوتە بانگێشەکردن بۆ خۆی و لیستەکەی. بە حوکمی ئەوەی میدیای ئەم ولاتانە تا ڕادەیەکی زۆر ئازادن و بەدوای ڕووداوە دەگمەنەکاندا دەگەڕێن، ڤۆر تاونیش ڕووداوێکی دەگمەن بوو، بۆیە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا و لەڕێگای میدیاوە توانی دەنگێکی زۆر لە خۆی و لە دەوری ئەو بۆچوونانە کۆکاتەوە کە دەیوسیت پیادەیانکات. بەپێی ڕاپێوەکان،

ئەم پیاوە، گەر نە کوژرابا، دەیتوانی لە کۆی کورسییەکانی پەرلەمانی هۆڵەندی کە ١٥٠ کورسین، ١٨ تا ٢٠ کورسی بەدەستبهێنێت. (دوای کوشتنی ڤور تاون، ئەو گروپەکەی بەناوی ئەوەوە چوونە هەڵبژاردنەوە ٢٦ کورسییان هێنا و ساڵێک لەگەڵ لیبرال و مەسیحییەکاندا حوکمیانکرد، دوای کۆمەڵێک سکاندال و کێشەی ساسی گەورە، حکومەتەکە لەبەریەک هەڵوەشایەوە. لە هەڵبژاردنی تازەدا ئەم گروپە تەنها ٧ کورسیان هێنا)

ڕەخنەی ئەم پیاوە لە حیزبە سیاسییە باڵادەستەکان ڕەخنەیەکی توند بوو، ئەو ئەو توێژە سیاسییە باڵادەستەی بەوە تاوانبارکرد کە لە کۆمەڵگا دابڕاون، ئاگایان لە کێشە و گرفتەکانی نەماوە و بوونەتە هێزێکی تەواو سەربەخۆی دەرەوەی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە. یەکێک لەو خاڵانەی کە ئەم پیاوە گرنگییەکی تایبەتی پێدا مەسەلەی بێگانە و ئیسلامە لە هۆڵەندا، ئەم دوو مەسەلەیە لەم دە ساڵەی دواییدا و بەتایبەتی لەدوای ١١ سێپتێمبەرەوە بوونەتە شوێنی مشتومڕ و ململانێ فیکری و سیاسی گەورە. بە باوەڕی ئەم پیاوە ئیسلام کولتوورێکی بێمانا و نزم و کەمبایەخە، قورئان دژ بە ئافرەت و یەکسانی و دادپەروەرییە، ئیسلام لەگەڵ دیموکراسییەتدا ناگونجێت، ئەوانەشی لە هۆڵەندا موسڵمانن ئەبێت لەناو کۆمەڵگای هۆڵەندیدا بتوێنەوە و بەپێی بەهاو نرخ و کەلەپووری ئەم وڵاتە بجوڵێنەوە. ڤورتاون دژ بەوەبوو کە ئافرەتی موسڵمان لە هۆڵەندادا پەچە بپۆشێت، دژی ئەوە بوو بێگانەکان هەموویان لە کۆمەڵێک گەڕەکی بەیەک نزیکدا کۆببنەوە، نەیدەویست چیدی پەناهەندەی نوێ، بەتایبەت موسڵمان، بێتە ناو هۆڵەنداوە، داوای ئەوەی دەکرد کە یاساکانی وەرگرتنی پەناهەندەیی و دروستکردنی خێزان زۆر توندتربکرێنەوە. ئەوەی چەپی هۆڵەندی و هێزە دیموکراسییەکانی دیکەی نیگەرانکرد ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەم داواکاریانە دژ بە دەستووری هۆڵەندی و ئەو ئازادییانەن کە لەم وڵاتەدا دەستور دەیانپارێزێت. بۆ نموونە بەپێی یاسا ئینسان ئازادە چ جۆرە جل و بەرگێک لەبەردەکات، پەچە پۆشبیت یان نا بڕیارێکی تاکەکەسییە و کەس ناتوانێت لەسەرەوەڕا و بەزۆر بیسەپێنێت. بۆیە بۆچوونەکانی ڤور تاون لەلایەن چەپەوە وەک پەلامار و دەستدرێژیکردنە سەر دەستور دەبنیرا. دەبێت لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بەڕۆڵی خراپی هەندێک لەو ئیمامە دۆگماییانە بکەین کە لە

مزگەوتی موسڵمانەکانی هۆڵەندادا دەستبەکارن، لە بەهێزکردن و بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی ئەم پیاوەدا. ئەم ئیمامانە لە فەتواچییە توندڕەوەکانی لای خۆمان خراپتر و دۆگماییترن، لەم چەند ساڵەی دواییدا پڕوپاگندەیان بۆ تەرزێکی دۆگمایی و توندڕەوی ئیسلام کردوە و وێنەیەکی کۆنەپەرست و تاریک و بێمانای ئەم دینەیان بە کۆمەڵگای هۆڵەندی نیشانداوە، بەم کارەشیان زەمینەیەکی لەباریان بۆ بۆچوونەکانی ئەم سیاسییە توندڕەوە خۆشکردوە.

تا ئەو کاتەی ئەم پیاوە نەکوژرابوو شوێنی مەترسی نەبوو، خەڵکێکی زۆر گاڵتەیان بە ڕاو بۆچوونەکانی دەهات، بە تایبەتی لەسەرەتای دەستپێکردنی کامپانیای هەڵبژاردنەکەیدا، بەڵام لەڕۆژی کوشتنەکەیەوە کارەکتەری ئەفسانەی وەرگرتوە، کەسایەتی شەهیدی فیکر و شەهیدی ئازادی بەیان و ڕادەربڕینی پێدراوە، وەک مەسیحێکی کوژراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و هێزی ئەو لە قەبرەکەیدا زۆر گەورەترە لە هێزی ئەو کاتێک زیندوبوو و لەناو شاشەی تەلەفیزۆنەکانەوە بۆ خەڵک ئەدوا. ئەم بە ئەفسانە و بە مەسیح بوونەیە ئەم پیاوە مردوەی کردۆتە کەسێکی شوێنی مەترسی. ئەو نوخبە ڕاستڕەوە لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و نووسەران کە لە هۆڵەندادا هەن و هەمان دیدی ئەم سیاسییەیان هەیە، لەدوای کوشتنی ئەم پیاوەوە، لەهەموو کات بەهێزترن. بەناوی بەرگریکردن لە بیروبۆچوونەکانی ئەوەوە ڕۆژانە دەیان ووتار و نووسینی بێتام و بێلەزەت بڵاودەبێتەوە کە مایەی بێزاریی کەسانێکی زۆرن. مەرگی ئەم پیاوە و ئامادەگی بەرفراوانی ئەم نوخبە ڕاستڕەوە وایکردوە فەزای گشتی هۆڵەندا بشێوێت. بەپێی ڕاپێوەکان لیستی ئەم پیاوە دەشێت زیاد لە ٣٠ کورسی پەرلەمان بهێنێت و ڕەنگە بشبێتە گەورەترین حیزبی سیاسی هۆڵەندا.

لەم ساتەدا هەموو هۆڵەندا بەم مەسەلەیەوە خەریکە، لە ڕۆژی کوشتنی ئەم پیاوەوە زۆربەی سێنتەرە ڕۆشنبیری و فیکری و زانیارییەکان سەرقاڵی خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەم دیاردەیەن، تا ئەم ساتەی ئێستامان دەنگی ڕاستڕەوەکان دەنگی بالادەستە، چەپی هۆڵەندی لە خانەی بەرگریدایە و ئەوەی ئەو پیاوەشی تیرۆرکرد ئەکتیڤیستێکی چەپە، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا خەریکی بەرگریکردن لە مافی ئاژەڵ و پاراستنی ژینگەیە. گومانی تیا نییە کوشتنی ئەم پیاوە هێزە ڕاستڕەوەکانی هۆڵەندەی بەهێزکردوە، بەڵام من پێموایە ئەم

بەهێزبوونە کاتییە و وابەستەی ئەو دۆخە سایکۆلۆژییە دەستەجەمعیەیە کە لە دوای مردنی ئەم پیاوەوە دروستبووە. لەمەش بترازێت هیچ هێزێک نییە لەم وڵاتەدا بتوانێت بە ئارەزووی خۆی و چۆنی دەوێت وا حوکمبکات، لێرە دەستور هەیە کە دەبێت پارێزگاری بکرێت، دادگا و میدیای ئازاد هەیە، هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە کە ناکرێت پەراوێزکرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەر هێزە ڕاستڕەوەکان هەڵبژاردن ببەنەوە، دەشێت ژیانی زۆرکەس لەم وڵاتەدا ناخۆش و زەحمەت بکەن، لەپێش هەمووانیشەوە ژیانی بێگانەکان. کە دەڵێم ژیان ناخۆش و زەحمەت دەبێت، مەبەستم نییە بڵێم ژیانی بێگانەکان و لەوانەش کوردەکانی ئەم وڵاتە تێکدەچێ و سووکایەتییان پێدەکرێت. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە هاتنە سەر حوکمی ڕاستڕەوەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی فەزایەک کە تێیدا بەردەوام هەستبکەیت کە خەڵکی ئەم وڵاتە نیت و میوانێکی نابەجێیت. ئەمەش بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بێگانە، کە جگە لە هۆڵەندا هیچ نیشتیمانێکی تریان نییە، دۆخێکی ڕۆحی سەختە، بەتایبەتی بۆ ئەو نەوەیە لە منداڵی کرێکارە کۆچکردوەکان کە لە هۆڵەندا لەدایکبوون و لە هۆڵەندا گەورەبوون، نە زمانی دایکیان دەزانن، نە مێژوو و ڕابوردی نیشتیمانی باوکیشیان، بە سەفەریش نەبێت ڕێیان نەکەوتۆتە ئەو نیشتیمانە خەیاڵییەوە.

لەسەرێکی دیکەوە دەشێت خودی دروستبوونی ڤور تاون و بەهێزبوونی لەو ماوە کورتەدا وەک هێمایەک بۆ هێزی دیموکراسیەت لەم وڵاتەدا ببینین، دیاردەی دروستبوون و گەشەکردنی ئەم پیاوە نیشانیدان هیچ کەسێک لەم وڵاتەدا ناتوانێت سیاسەت و دەوڵەت و دەسەڵات مۆنۆپۆڵکات، کەس ناتوانێت بازنەیەک بە دەوری خۆی و هاوڕێ و خزم و بنەماڵەکەیدا بکێشێت و تەنها لەوێدا سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران بەرهەمبهێنرێن، ئەزموونی ئەم پیاوە نیشانیدا ئەم کۆمەڵگایە چەند کراوە و ئازاد و بەتوانایە لە دروستکردنی ئەو کەسانەدا کە دەیەوێت، نیشانی دا بازنەی دەسەڵات چەند کراوەیە، چۆن سیاسەت بێحیزب و بێ مەکتەبی سیاسی و بێ ئۆرگانی گەورە دەشێت بەڕێوەببرێت، چۆن کەس ناتوانێت وەک سەکردە لە دایکبێت و هەتا ئەشمرێت هەر بە سەرکردەیی بمێنێتەوە. ئەزموونی ئەم پیاوە نیشانیدا کولتوورێکی سیاسی لەم وڵاتەدا

ئامادەیە گرنگترین شتێک تێیدا بڕیاری ئەو کەسانەیە کە لەڕێی هەڵبژاردنەوە دەستنیشانی ئەوە دەکەن کێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو حوکمبکات، لە چ ئان و ساتێکدا بڕوات و بۆ بڕوات؟

## لەنێوان هەژاری سیاسی و هەژاری ڕۆشنبیریدا

«کاتی ئەوە هاتووە لەو ڕاستییە سادەیە تێبگەین کە ئێمە لە هەژارییەکی ڕۆشنبیریی کوشندەدا دەژین و بەشێکی گەورەی سەرچاوەکانی هەژاری سیاسیشمان لەم هەژارییە ڕۆشنبیرییەوە لەدایکدەبێت»

«هیچ واقیعێک نییە ڕەخنەگری خۆی نەبێت و هیچ ڕەخنەیەکیش نییە ڕووی لە واقیعێکی دیاریکراو نەبێت، تەنانەت ڕەخنەگرتن لە ئاسمانیش لە جەوهەردا ڕەخنەگرتنە لە واقیعێکی سەرزەمینی»

«ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو کە ڕۆشنبیر هەڵگری گوتارێکی سیاسی سادەبێت و پێیوابێت کە گوتی کورد چەوساوەیە ئیدی نوقسانییە فیکرییەکانی داپۆشیوە. ئەمڕۆکە بۆئەوەی بتوانیت وەک ڕۆشنبیر کاری فیکری و مەنهەجی ڕاستەقینە بکەیت، بۆئەوەی قورساییەکی ڕەمزی بە کایەی ڕۆشنبیریی و بە ڕۆڵی ڕۆشنبیران ببەخشیت، دەبێت سەرقاڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بیت بۆ کایەی ڕۆشنبیریی تابتوانیت بەپێی مەرجە ناوەکییەکانی کاری فیکری و زانستی مەنهەجی بنووسیت. کاتی ئەوە هاتوە فیکر و خوتبەی ناو مزگەوت، فیکر و نووسینی ناو دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی و ڕۆشنبیر و ئەکتیڤیستی سیاسی لێکجیاکەینەوە»

چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری کوردستان
سازدانی: سامانی حوسەینی
بەهاری ٢٠٠١
تاران - ئێران

پرسیار: بەپێی تێگەیشتن و ناسین و پێویستییەکانی پرۆسەی ڕۆشنبیری لە جیهانی کێشە و ئاڵۆزی سەردەمی ئێستادا ڕەوت و ئاراستەی ڕۆشنبیری ئەمڕۆی کورد چۆن پێناسە دەکەی؟ بەڕای تۆ گوتاری ئەم ڕەوتە ڕۆشنبیرییە چەندە جیاوازە لە گوتاری ڕەوتە ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی بەر لەخۆی؟

وەڵام: بەر لەوەی باس لە ڕەوتی ئەمڕۆکەی ڕۆشنبیریی کوردی بکەم، پێم باشە چەند هەنگاوێک بەرەو دواوە بگەڕێینەوە و چەند سەرنجێکی خێرا لەو گوتارە تایبەتانە بدەین کە لە سەدەی بیستەمدا لەسەر ماناکانی ڕۆشنبیریی و ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە کوردستاندا ئامادەبوون. بەبۆچوونی من دەکرێت لەم سەدەیەدا چوار گوتاری جیاواز و چوار مۆدێلی تایبەتی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیربوون لە کوردستاندا لەیەکدی جیاکەینەوە.

گوتاری یەکەمیان گوتاری ئەو کۆمەڵە شاعیر و چیرۆکنووس و نووسەرانەیە کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دێن و لە ناو کایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا چالاکانە دەستبەکارن. دیارترین کەسانێک کە بشێت لە چوارچێوەی ئەم گوتارەدا کۆیان کەینەوە بریتین لە ئەحمەد موختار جاف، بێکەس، قانع، زیوەر، پیرەمێرد و جەمیل سائیب هتد... ئەم گوتارە ڕۆشنبیرییە تا ڕادەیەکی زۆر گوتارێکی ڕۆشنگەری گەشبینە و هەڵگری کۆمەڵێک مژدە و چاوەڕوانی و بەڵێنی مێژوویی گەورەیە. ئەم گروهە لە ڕۆشنبیران خۆیان وەک بکەرێکی کۆمەڵایەتی ڕەخنەیی وێنادەکەن و هەڵگری دیدێکی ڕەخنەیی تایبەتن و پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ ڕۆژگار و سەردەم و کۆمەڵگاکەیاندا دروستدەکەن. ئاشکرایە سروشت و پێکهاتی ئەم ڕەخنەیە سروشت و پێکهاتێکی سادەگۆ و وەعزی و نەسیحەتئامێزە، ئامرازی سەرەکی ڕەخنەگرتنیش شیعر و چیرۆک و نووسینی ڕۆژنامەگەریی سادەیە، نەک، بۆ نموونە، لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. سیفەتی سەرەکی ئەم گوتارە ڕۆشنگەرە گەشبینە تێکەڵکردنی ئەم دیدە ڕەخنەیەیە بە کۆمەڵێک مژدەی مێژوویی و خەونی پێشکەوتن کە لەگەڵ سەرەتاکانی گوتاری ناسیۆنالیزمدا یەکانگیرە. ڕەنگە دیارترین مژدەی ئەم قۆناغە مژدەی بردنی هێڵی شەمەندەفەربێت بۆ شاخەکانی هەورامان لای ئەحمەد موختار جاف، کە دەشێت بە مژدەیەکی یۆتۆپی ناونووسیکەین و وەک بەشێک لە فانتازیای ئەو نوخبە ڕۆشنبیرییەی ئەو قۆناغە

تەماشایکەین.لای بکەرەکانی ئەم گوتارە بیرۆکەی پێشکەوتنی کوردستان و خەونبینین بە گۆڕانی گەورەوە و هاندانی کۆمەڵگا بۆ تازەبوونەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە چۆنیەتی تەماشاکردنی ئەم نەوەیەدا بۆ مەسەلەی ڕۆڵی ڕۆشنبیران.
ئەم گوتارە پێشنیاری شێوەیەکی دیاریکراوی ڕۆشنبیر و کاری ڕۆشنبیرانە دەکات کە لە قووڵاییەکانیدا درێژکراوەی ڕۆشنبیریی ناو مزگەت و حوجرە و فێرگە ئاینییەکانە، بەڵام لەهەمانکاتدا موتوربەکراوە بەو ووشیارییەی کە لە ئاگاداربوونی ئەوانەوە لە گۆڕانکارییەکانی جیهان و سەردەمەکەوە لەدایکبووە، بە تایبەتی لای کەسێکی وەک پیرەمێرد. پەند و وەعز و هاندان ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم گوتارەیە. لەزۆر ڕووەوە ئەم مۆدێلە لە ڕۆشنبیران درێژکراوەی مۆدێلی حاجی قادری کۆییە و ڕەگە قووڵەکانی لە گۆڕانکارییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە هاتووە. خەیاڵ و ئارەزو و مژدە و چاوەڕوانییەکانی ئەم نەوەیە لە ڕۆشنبیران تا ڕادەیەکی زۆر لەیەکدەچن. دەشێت ئەم شێوازە لە ڕۆشنبیر بە «ڕۆشنبیری ڕەخنەیی ـ وەعزی» ناوببەین.

لە ڕۆژگاری جەنگی جیهانی دووهەم و دوای جەنگەکەدا مۆدێلێکی دیکە لە ڕۆشنبیر و گوتارێکی دیکەی ڕۆشنبیریی لەدایکدەبێت کە جیاوازن لەو گوتار و مۆدێلەی پێشتر باسمانکرد. ئەم شێوە تازەیە لە ڕۆشنبیران ئەو کەسانەن کە دەخوازن حیزبی سیاسیی دروستکەن و لەڕێگەی حیزبەوە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکان پیادەبکەن. گواستنەوە لە ئەدەب و شیعر و پەند و وەعزەوە بۆ دروستکردنی حیزبی سیاسی خاڵی هەرەسەرەکی جیابوونەوەی ئەم گوتارە ڕۆشنبیرییەیە لە گوتاری بەر لە خۆی. ڕەنگە باشترین کەسانێک ئەم مۆدێلە تازەیەی ڕۆشنبیر و ئەم گوتارە تازەیەی ڕۆشنبیریی بەرجەستەکەن، ئیبراهیم ئەحمەد و ڕەفیق حیلمی بن. بە پلەی یەکەم ئەم ڕۆشنبیرانە هەڵگری گوتارێکی سیاسین و کاری ڕۆشنبیریی وەک پێشینەی کاری سیاسی دەبینن. ناوەڕۆکی گوتاری سیاسی ئەم نەوەیە ناوەڕۆکێکی «ناسیۆنالیستی تەنمەوییە». ناسیۆنالیستییە بەو مانایەی کە بەناوی نەتەوەیەکی تایبەتەوە ئەدوێت و تەنمەویشە بەو مانایەی کە دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دەگۆڕنەوە بە دروسشمی ئۆتۆنۆمی و پێشخستن و

بەرەوپێشەوەبردنی بەشە کوردییەکەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. ئەم گوتارە لەرووی پێکهات و ئامانج و ئامرازەوە ئاڵۆزترە لە گوتاری یەکەمیان و بکەرەکانیشیان جیاوازن. ئەگەر بکەرەکانی گوتاری یەکەم تا رادەیەکی زۆر گوندنشین بن و لەناو فێرگە ئاینییەکانەوە هاتبن، ئەوا بکەرەکانی ئەم گوتارە تازەیە کوڕانی خوێندەواری شارە گەورەکانی کوردستانن و دەرچوی زانکۆن و لەژێر کاریگەری ڕێبازە ئایدیۆلۆژییە گرنگەکانی سەردەمانی خۆیاندا لە جیهان ڕاماون. دیارترین ئایدیۆلۆژیایەکیش ئەم نەوەیە پێی ئاشنا بووبێت مارکسیزمە. پێموایە ئەم گوتارە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کوردستانی ئێرانی سەردەمانی کۆماری مەهەبادیش بگرێتە خۆی و بکرێت ئەوانیش وەک بکەرانی ئەم گوتارە تازەیە ببینین. دەشێت ئەم شێوازە لە ڕۆشنبیران بە «ڕۆشنبیری سیاسی ـ ئایدیۆلۆژیی» ناوببەین.

مۆدێلی سێهەمی ڕۆشنبیران لە شەستەکان و لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی چەکداریدا دروستدەبێت. لەگەڵ تەقاندنی یەکەمین فیشەکاکانی شۆڕشدا گوتارێکی ڕۆشنبیری دێتەکایەوە کە تێیدا قسەکردن لەسەر شۆڕش و خەباتی چەکداری دەچێتە شوێنی قسەکردن لەسەر کۆمەڵگا و کێشەکانی. لەم گوتارە تازەیەدا خەونە ڕۆشنگەرییەکان، بەشێوەیەکی ئاشکرا، شوێنی خۆیان ئەدەن بە خەونی شۆڕشگێڕانە. گوتاری بەرهەمهێنانی حەماسەت و پتەوکردنی ڕۆحی بەرگریکردن و پاراستنی سایکۆلۆژیای ئامادەبوون بۆ گیانفیدایی گرنگترین کارەکتەری ئەم گوتارە ڕۆشنبیرییە پێکدەهێنن. لەم گوتارە حەماسییەدا هەڵوسێتە ئینسانیی و کۆمەڵایەتی و مەعریفییەکانی ڕۆشنبیر بە ڕادەیەکی بەرفراوان کوورتدەبێتەوە بۆ هەڵوێستی سیاسی، شوێن و جێی ڕۆشنبیر لەناو نەخشەکانی شۆڕشدا دەبێتە شوێن وجێییەکی گرنگتر لە هەڵوێستیان لەناو گوتاری زانستی و کولتووری و مەعریفیدا. بە مانایەکی دیکە ئەوەی دەستنیشانی ئەرک و ئامانج و پەیامی ڕۆشنبیران دەکات هەڵوێستی سیاسی ئەوانە بەرامبەر بەو خەباتە چەکدارەی لە شاخەکانی کوردستاندا بەرپادەبێت، ئاراستەی ڕەخنەکانیشیان لە ڕەخنە لە کۆمەڵگاوە دەگۆڕێت بۆ ڕەخنە لە دەوڵەت. ئەم گوتارە نوێیە فیکر وەک چەک و شیعر وەک نارنجۆک و ڕۆشنبیر لە

فۆرمی پێشمەرگە یان کەسێکی بەرگریکەری مولتەزیمدا وێنادەکات. گوتاری بەرگریکردن لە شۆڕش و بەرهەمهێنانی حەماسەت بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری شۆڕش و لێکدانەوەی دروشمەکانی شۆڕش و هاندانی خەڵک بۆ بەشداربوون لە خەباتی چەکداردا، گرنگترین ئەرکێکن ئەم شێوە تازەیەی ڕۆشنبیر بیخاتە سەرشانی خۆی. لەم گوتارەدا تا ڕادەیەک گرنگ نییە تۆ بەرگری لەکام دیدی سیاسی و کام ئایدیۆلۆژیا و کام هێزی شۆڕشگێڕ دەکەی، گرنگ ئەوەیە تۆ بەرگری دەکەیت. بەم مانایە بەرگری دەبێتە ژێرخانی کاری ڕۆشنبیریی و ژێرخانی بەرهەمهێنانی مانا و ژێرخانی هەڵوێستوەرگرتن لە ڕۆشنبیری ئێمەدا. دیارترین نموونەیەکی ئەم شێوازە لە ڕۆشنبیران شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیر و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵا پەشێو و حەمە فەریق حەسەن و چەندانی دیکەن، دەشێت هێمنی مەهابادی و سوارەش لەم چوارچێوەیەدا کۆکەینەوە. دەتوانین ئەم شێوازە لە ڕۆشنبیران بە ڕۆشنبیری حەماسی - بەرگریکەر ناونوسکەین. (ئەوەمان لەیاد نەچێت کە جیاوازی ئایدیۆلۆژی ئەم نەوەیە لە ڕۆشنبیران لەناوەوەڕا پارچەپارچە دەکات).

لە کۆتایی هەشتاکانیشەوە شێوازی چوارەمی ڕۆشنبیر و گوتاری چوارەمی ڕۆشنبیریی لە کوردستاندا لەدایکدەبێت. ئەم گوتارەش لە پەیوەندییەکی هەمەلایەن و ئاڵۆزدایە بەو هەلومەرج و دۆخ و ڕووداوانەوە کە هەشتاکانی مێژوویی کوردستان ئەزموونیاندەکات. وێرانبوونی کوردستان و ژەهرڕێژکردنی شار و گوند و پێشمەرگەکانی، ئەنفال و دەرەنجامە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و دیمۆگرافییەکانی کە لەزۆر ڕووەوە کوردستانی عێراقی لە نیشتیمانێکی ئاساییەوە گۆڕی بۆ کەمپێکی گەورەی پەناهەندەی ناوەکی، بە چڵەپۆپە گەیشتنی گەشەی سیستمی تۆتالیتاریزمی بەعس لە عێراقدا، وێرانبوونی پەی دەرپەی کوردستانی تورکیا لە ئەنجامی خەباتی سەرسەختانەی کوردەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا و لاوازبوونی بێئەندازەی هێزی بەرگریی چەکدار لە کوردستانی ئێراندا، هەشت ساڵ جەنگی وێرانکاری ئێران و عێراق و لە هەمووشیان کوشندەتر بەرپابوونی ئەزموونی تاڵ و درێژ و عەبەسیانەی شەڕی ناوخۆی هێزە کوردییەکان لەگەڵ یەکدا، بەسەریەکەوە بوونە هۆی ئەوەی

نەوەیەکی نوێ لە ڕۆشنبیرانی کورد دروستبێن کە کوردستان وکۆمەڵگای کوردی و ناوچەکە و جیهان جیاواز ببینن لەوانی بەر لە خۆیان. لای ئەم نەوەیە لە ڕۆشنبیران نە گوتاری شۆڕش و نە گوتاری حەماسەت و نە گوتاری سیاسی و ئایدیۆلۆژی دامەزراندنی حیزب و نە ئەو ڕۆحە وەعزی و ڕەخنەییە سادەیە ئاماد نییە کە لە گوتارەکانی پێشتردا ئامادەبوون. لە هەشتاکاندا ئەو گوتارانە نەیاندەتوانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە ئەم نەوەیە ڕووبەڕوویان بووبووەوە و دەرەقەتی خوێندنەوە و ناسینی ئەو جیهانە پڕ لە گۆڕانکاری و کارەسات و وێرانبوونەش نەدەهاتن کە لەئارادابوو. جیهانی کۆتایی هەشتاکان و کوردستانی ئەو سەردەمە بەهیچ مانایەک جیهان و کوردستانی ساڵەکانی پێشتر نەبوون و ئەو گوتارە ڕۆشنبیرییانەی لە کوردستانی ئەو کاتەدا ئامادەبوون گوتاری جیهانێکبوون تێپەڕیبوو، بۆیە لە کۆتایی هەشتاکاندا گوتارێکی ڕۆشنبیریی دیکە دێتە کایەوە جیاواز لە گوتارەکانی بەر لەخۆی.

ئەم قۆناغە تازەیە ڕۆژگاری قەیرانێکی گەورەیە لە ڕۆشنبیری کوردیدا، جەوهەری ئەم قەیرانەش لەوەدایە کە پێکهاتی ڕۆشنبیریی کوردیی و ئەو کەرەستانەی ئەم ڕۆشنبیرییە لەبەردەستیدایە توانای خوێندنەوەی ئەو جیهانەی نییە کە ئینسانی کورد کەوتۆتە ناوییەوە. گوتاری چوارەم دێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەموکوڕییە بونیادییە قووڵە، پێموایە ئەو نەوە تازەیەی ئەمڕۆکە دەنوسێت، کە من یەکێکم لە نووسەرەکانی، دامەزرێنەری ئەم گوتارە تازەیە و ئەم سەردەمە نوێیەی ڕۆشنبیری کوردین. ئەم نەوەیە نیشاندەری مۆدێلێکی دیکەی کاری ڕۆشنبیریی و ئەرکی ڕۆشنبیرن جیاواز لەوانەی بەر لە خۆیان.

لەم قۆناغەدا خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی مەعریفی و مەنهەجی ئەو کێشانەی لە واقیع و ڕۆشنبیری کوردیدا دروستدەبن چیدی لە توانای ئەو شێوازە ڕۆشنبیرییەدا نییە کە ئەحمەد موختار و قانیع و بێکەس و پیرەمێرد و هەژار و هێمنی مەهابادی و ڕەفیق حیلمی و ئەوانیدی نوێنەریبوون. ئەم سەردەمە پێویستی بە کاری تایبەت و هەوڵی جیاواز و خوێندنەوەی نوێ هەیە و ئەم گوتارە تازەیە دێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە. بەڵام داخۆ تایبەتمەندییەکانی ئەم گوتارە تازەیە چیین و لەچیدا خۆی لە گوتارەکانی بەر لە خۆی جیادەکاتەوە؟ یەکەمین تایبەتمەندی ئەم گوتارە ڕەخنەییبوونیەتی بەرامبەر بە دنیای کورد و

ئەو پێکهاتە تەقلیدییەی ڕۆشنبیریی کوردیی بینایکردوە، نەک بە تەنها ڕەخنەییبوون بەرامبەر بە داگیرکەران.
دووهەمین تایبەتمەندی بریتییە لەوەی ئەم گوتارە گوتارێکی مەنهەجی و مەعریفییە و پشتئەستوورە بە زەخیرەیەکی فیکریی فرەڕەنگ کە سەرچاوەکانی لەناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان و فەلسەفە و قوتابخانە فیکرییە هاوچەرخەکاندایە.
تایبەتمەندێتی سێهەمی ئەم گوتارە ئەوەیە کە لەدەرەوەی هەر پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژیدا کاردەکات و فرە مەنهەجە و سڵ لەوە ناکاتەوە کە حەرامترین پرسیار بکات. لە زۆر ڕووەوە ئەم گوتارە گوتاری خوێندنەوەی تابو و حەرامەکانی ناو ڕۆشنبیریی کوردییە، لەپێش هەمووشیانەوە خوێندنەوەی پێکهاتی تەقلیدی ئەم ڕۆشنبیرییە خۆی و کردنی بە بابەتی خوێندنەوە و شیتەڵکردن.
چوارەم تایبەتمەندی ئەم گوتارە ئەوەیە کە شێوازێک لە ڕۆشنبیر پێشنیاردەکات کە سەرمایە ڕەمزییەکەی لە بەرهەمهێنانی فیکری و مەعریفی و ئەدەبی و هونەرییەوە وەرگرێت، نەک لە هەڵوێستی سیاسی و ئینتیمای بۆ حیزب و ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی تایبەتەوە، دروشمی سیاسی و حەماسەت و وەعز و وەعزکاری بەرهەمناهێنێت ...هتد.
تایبەتمەندی پێنجەم بریتییە لە هەوڵی ئەم گوتارە بۆ کردنی کایەی ڕۆشنبیری بە کایەیەکی سەربەخۆ لەدەرەوەی کایەی سیاسەت و گۆڕانە وەرزییەکانی کاری سیاسیدا.
تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە من و کۆمەڵێک لە هاوڕێکانمەوە هەبێت، ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە، لە هەردوو گۆڤاری «ئازادی» و «ڕەهەند» دا، بە ئاراستەی چەسپاندنی بنەما و پایەکانی ئەم گوتارە تازەیە و ئەم شێوازە نوێیە لە تێگەیشتن بۆ ڕۆڵی ڕۆشنبیر و کاری ڕۆشنبیریی کارمانکردوە و کاردەکەین. لێرەدا حەزدەکەم کەمەکێک درێژتر و وردتر لەسەر یەکێک لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی ئەم گوتارە ڕۆشنبیرییە نوێیە و ئەم مۆدێلە تازەیە لە ڕۆشنبیر بدوێم، کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی کایەی ڕۆشنبیریی لە کایەکانی دیکە و کردنی ڕۆشنبیریی بە کایەیەکی سەربەخۆ لەدەرەوەی کایەی

سیاسەت و ئابووری و ئەخلاق و ئەو بەها کۆمەڵایەتییە باوانەدا کە وێنەیەکی تایبەتیان بە ڕۆشنبیر و کاری ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگای کوردیدا بەخشیوە. با لەو ڕاستییە سادەیەوە دەستپێبکەین کە ئێمە لە ئێستادا لە جیهانێکدا دەژین چیدی ئەوە بەس نییە کە تۆ ئینسانێکی بەڕێز و خەمخۆر و هەست ناسکبیت بۆئەوەی بتوانیت ڕاڤەی بکەیت و کێشەکانی شیبکەیتەوە، یان ئەوت بەسبێت کە لەم یان لەو حیزبی سیاسیدا دەستبەکاربیت و وابزانیت بەم دەسبەکاربوونەت دەتوانی لە دنیا و سەردەم و واقیعی خۆت تێبگەیت، یان پێتوابێ مادامەکی سەر بە فلان یان بنەماڵەیت ئیدی تۆ هەر لە ئەساسەوە وەک ڕۆشنبیر لەدایکبوویت. لەڕاستیدا ڕۆشنبیر چیدی ئەو کەسە نییە کە ڕۆشنبیربوونی لە ڕێز و پاراستنی ئەخلاقیاتی باوەوە بەدەست دێنێت، دەشێت کەسێک ڕێزێکی زۆری خەڵکانی دەوروبەری بگرێت بەڵام ڕۆشنبیر نەبێت، وەکچۆن دەکرێت کەسێک هەبێت زۆر بێڕێزبێت بەرامبەر ئەو دنیایەی تێیدا دەژی بەڵام ڕۆشنبیرێکی گەورەبێت. تۆ دەشێت حیزبێک بێت و بتکات بە وەزیری ڕۆشنبیری بەڵام نە ڕۆشنبیربیت و نە کار و ڕۆڵی ڕۆشنبیران ببینیت، لەکاتێکدا کەسێکی دیکە کە لە هەموو ژیانیدا بەشداری کۆبونەوەیەکی حیزبی نەکردبێت بەڵام ڕۆشنبیرێکی گەورەبێت. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم پێداگرتنە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە ئەو پێوەرانەی لە گوتارەکانی دیکەدا بۆ کەسی ڕۆشنبیر و کاری ڕۆشنبیرانە هەبوون، لەناو ئەم گوتارە تازەیەدا جێینابێتەوە. ئەم نەوە تازەیە شەڕ لەسەر ئەوە دەکات کە کایەی ڕۆشنبیریی بکاتە کایەیەکی سەربەخۆ، کایەیەک پێوەرەکانی لەناو خودی کایەکە خۆیدابێت و ڕۆشنبیربوون ماناکانی لە بەرهەمهێنانی فیکری و مەنهەجی بەردەوام و داهێنان و تازەکردنەوە وەرگرێت، نەک لە دەرەوەڕا و لەکایەی سیاسەت و ئەخلاق و ئاین و شتەکانی دیکەوە. لەم بۆچوونەدا کایەی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیران دەبێت لەسەر تواناکانیان بۆ خوێندنەوەی کێشەکانی ناو واقیعی کوردی موحاکەمەبکرێن، نەک لەسەر ئینتیمای بۆ ئەم یان ئەو لایەنی دیاریکراو. ئەم گوتارە تازەیە لە هەوڵی ئەوەدایە لەدەرەوەی حەڵاڵ و حەرامەکانی واقیعی کوریدا بدوێت و خودی ئەم واقیعە بداتە بەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی و مەنهەجی، ئەم گوتارە دەخوازێت لەسەر کایەی ئەخلاق و مۆراڵی کۆمەڵایەتی و ئاین بدوێت و سڵ لەوە نەکاتەوە کە ڕووە

تاریک و ناشیرینەکانی ئەم ئەخلاقیاتە کۆمەڵایەتییە نیشانبدات و پایە فیکری و کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتییەکانی بخوێنێتەوە.

بێگومان ڕۆشنبیرێک بۆئەوەی بتوانێت بە ئیلتیزام و بەرپرسیارییەوە قسە لەسەر ئەم دیاردانەبکات و بە وردی بیانخوێنێتەوە، پێویستی بەوەیە کایەی ڕۆشنبیریی پێشوەخت لە کایەکانی دیکە جیاکردبێتەوە و جۆرێک لە شەرعیەتی فیکری و کۆمەڵایەتی و مەعریفی بۆ ڕەخنە و کاری ڕەخنەیی دروستکردبێت. هەوڵدان بۆ دروتسکردنی ئەم کایە سەربەخۆیەیە ڕۆشنبیرانی ناو ئەم گوتارە تازەیەی تووشی کۆمەڵێک کێشە کردوە لەگەڵ هەمو ئەو ستراتیژە ڕۆشنبیریی و سیاسی و ئەخلاقیانەدا کە ڕێگرن لە دروستبوونی سەربەخۆیی ئەم کایەیە. بە پلەی یەکەمیش لەگەڵ ئەو نەوەیە لە ڕۆشنبیراندا کە بەشێکی گەورەی سەرمایەی ڕەمزییان لەسەر تەسلیمکردنی نووسین و فیکر و ڕۆشنبیریی بە هێزەکانی دەرەوەی فیکر و دەرەوەی ڕۆشنبیریی، دروستبووە. ئێمە ئیدی ناتوانین بە نەسیحەت سیاسەتی حیزبە کوردستانییەکان بگۆڕین، بە نەسیحەت بوایە دەبوایە لە کوردستاندا کورد فیشەکێکی بە مێشولەیەکی ناو وڵاتەکەی خۆیەوە نەنایە، بەڵام کە فیشەکەکان دەنرێن بەسەردڵی یەکدییەوە و کورد بە دەستی خۆی ماڵی خۆی وێراندەکات، ئەوکات دەبێت بچین کایەی سیاسی کوردی، کولتووری سیاسی کوردی، بونیادی دەسەڵات لەناو حیزبی سیاسی کوردیدا، پەیوەندی نێوان کاریزما و دەسەڵات، پەیوەندی خێڵ و خێزان و بنەماڵە بە دەسەڵاتەوە بخوێنینەوە. دەبێت لە خەیاڵ و عەقڵییەت و وێناکردنەکانی سیاسەت لە کۆمەڵگای خۆماندا بڕوانین و ڕەگە قووڵەکانی ئەم تێگەیشتنە تایبەتە بۆ سیاسەت بدۆزینەوە و بەر ڕەخنەی زانسی بدەین. ئەمانەش ناکرێن لەدەرەوەی دەسکەوتە مەنهەجییەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکاندا، ناکرێن بەبێ ناسین و فێربوونی بەشێکی گرنگی فیکری هاوچەرخ و بەبێ پەڕینەوە لە «ترس لە قسەکردنەوە» بەرە و «مافی قسەکردن». هەموو ئەم شتانە مەحاڵن بەبێ کردنی بەرهەمهێنانی فیکری بە کاری ڕاستەقینەی ڕۆشنبیر، بە کارێکی مەنهەجیانەی سەربەخۆ لەناو کایەیەکی ڕۆشنبیریدا کە بەپێی داخوازییەکانی کایەکە خۆی کاربکات، نەک لەدەرەوەڕا پرۆگرام و پرسیارەکانی بۆ دابنرێت.

بێگومـان ئێمـە هەمـوومـان کـوردین و کـوردبوونی خـۆشـمـان خـۆشـدەوێت و خـۆشـحـاڵدەبین کە بارودۆخی بزوتنەوەی سـیاسی کـوردسـتـان و هەلومـەرجی کۆمـەڵگاکەمـان باشبێت و بەرەوپێشـەوە بچێت، بەڵام ئەم دۆخی خۆشـویسـتنە ناکـرێت جـیـابکرێتـەوە لە لێکدانەوە و خـوێندنەوە و ڕاڤـەکـردنـی ئەو کـێـشـە بونیـادییـانەی ئەم کۆمـەڵگایە بەدەسـتییـەوە دەناڵێنێت. خـۆشـویسـتن مـانای چاو نووقاندن نییە، مانای ئەوە نییە ئێمە لەو میکانیزمە جەهەنەمییانە ڕانەمێنین کە لەناوەوەرا شـەڕی ناوخۆ لە کوردستـاندا بەرپا دەکات و بە دەیان سـاڵ تەمەنی بۆ دەنووسـێت، نابێت بێـدەنگبین لەبەردەم ئەو پارچە پارچـەبوونە نەتـەوەییـەدا کـە ڕۆژانە حـیزبە سیاسـییـەکانی کوردسـتـان بەشـێـوازی جیـاواز دروسـتـیدەکەن و بەرهـەمیدەهێننەوە. لەهـەموو کوردستاندا دەزگایـەکی نەتەوەیی نییە ڕۆشـنبیران بتـوانن لەناویـدا کـاربکەن، هەمـوو دەزگـاکـان دەزگـای حـیـزبـن. ناکـرێت لەبەردەم کـوشـتنی کـیـژۆڵەیەک لەسـەر نامـەیەکی دڵداری بێدەنگبین و پێشـمـانوابێت لە بە ئەخلاقترین کۆمەڵگای سـەر ئەم ئەستێرەیەدا ئەژین. ئێمە چۆن لەبەردەم ناهەقی کۆمـەڵایەتیدا بێـدەنگبین و پێـمـانوابێت بەم بێدەنگبوونـەمـان خزمـەتی کورد و مـێـژوو و کـۆمـەڵگای کـوردیمان کـردوە. بە کـورتی ئـەوەی من لێـرەدا دەمـەوێت جەغدی لێکەم هەوڵدانە بۆ بنیادنانی کـایەیەکی ڕۆشنبیریی سـەربەخـۆ، کایەیەک تێیدا ڕۆشنبیر ڕۆشـنبیربێت، نەک واعیز و نەسـیحـەتکەر و حـەماسـەخولقێن و ئادیۆلۆژیست و ئەکتیڤیستی سیاسی و حیزبییەکی کوورتبین.

ڕەنگە یەکێک لە گرنگترین سـەرچاوەکانی کێشـەی گۆڤـارەکەی ئێمـە، گۆڤـاری ڕەهەند، لـەگـەڵ بـڕێک لە نووسـەرانی نـاو ناوەندە ڕەسـمـیـیـەکـەی ڕۆشـنبـیـریی کوردیدا لەم تێڕڕوانینە تایبـەتەوە هەڵقـوڵێت بۆ پێویسـتـی جیاکردنەوەی کـایەی ڕۆشـنبـیـریی لە کـایەکـانی دیکە و پێـویسـتـی هاتنەکـایەی شـێـوازێکی دیکە لە ڕۆشـنبـیـر و کـاری ڕۆشـنبـیـریی. من خـۆم تەواو باوەڕم وایە کـە کـوردسـتـان پێـویسـتی بە نـەوەیەکی نوێی ڕۆشـنبـیـران هەیە کـە کـاریان بریتـیـبـێت لە تیـۆریزەکـردنی واقـیع و تۆژینـەوە و خـوێندنـەوەی ئەو جـومگە کـۆمـەڵایـەتی و سیاسی و کولتوورییە تاریکانەی لەناوەوەڕا وادەکەن کێشەکانی دنیای ئێمە ئەو ڕەهەندە کوشندانە بگرنەخـۆیان کە لـە بیست سی سـاڵی ڕابووردودا گرتویانەتە خـۆیان. ئێـمـە پێـویسـتـمـان بـە نەوەیەک لە ڕۆشـنبـیـران هەیە جـیـهـانمان بۆ

لێکبدەنەوە، نەک وەعز و نەسیحەت و وەهمی ئایدیۆلۆژی و ڕێزی کۆمەڵایەتی بە خەڵک بفرۆشن، پێویستمان بە نەوەیەکە کە فیکر بەرهەمبهێنێت نەک هەر خەریکی ڕێکخستنی ڤێستیڤاڵ و بۆنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت، ئێمە لە قۆناغێکدا ناژین ڕۆشنبیرێک بێت و بەردەوام یاداوەرییەکانی خۆیمان لەگەڵ فلان نووسەری مردو و فیسار شاعیری کۆچکردودا بۆ بگێڕێتەوە، ئێمە لە جیهانێکدا دەژین بۆئەوەی بتوانین تێیدا بمێنینەوە دەبێت بیناسین و بیخوێنینەوە و بیگۆڕین. ڕۆشنبیرانی ئێمە لەیەککاتدا لەبەردەم ئەرکی تەفسیرکردن و گۆڕانی واقیعدان، ئێمە کە هێشتا جیهانمان لێکنەداوەتەوە چۆن دەتوانین بیگۆڕین؟

بێگومان هاتنی هەریەکێک لەو چوار گوتارەی باسمکردن مانای لابردن و سڕینەوە و لەناوچوونی گوتارەکانی بەر لەخۆی نییە. کە گوتاری دووهەم و شێوازی دووهەمی ڕۆشنبیران لەدایکدەبن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیدی گوتاری یەکەم و شێوازی یەکەمی ڕۆشنبیر لە واقیعی ئێمەدا بوونیان نامێنێت، یان کە گوتاری سێهەم و شێوازی سێهەمی ڕۆشنبیر دێنەکایەوە ئیدی هی دووهەم و هی یەکەم لەناودەچن. بەپێچەوانەوە ئەم گوتارانە لەپاڵ یەکدا و بەتەنیشت یەکەوە ئامادەن، بەڵام لە هەر سەردەمێکدا یەکێکیان باڵادەستە. بۆ نموونە لە شەستەکانەوە تا کۆتایی هەشتاکان گوتاری حەماسەت و مۆدێلی ڕۆشنبیری حەماسەخولقێن باڵادەستە، بەڵام لەپاڵ ئەو جۆرە ڕۆشنبیرەدا ئەو شێوازەی دیکەی ڕۆشنبیرانیش هەر ماوە کە بیریان لە دروستکردنی حیزبی نوێ کردۆتەوە، یان ئەو شێوازەی ڕۆشنبیران کە نەسیحەت و وەعزی ئەخلاقی و مژدەی جۆراوجۆریان بە کۆمەڵگا پێشکەشکردوە. بەڵام دەبێت ئەو خاڵەمان لەیادنەچێت کە ئەمانە لە شەستەکان بەدوا لە کەنارەکانی ڕۆشنبیریی ئێمەدا نیشتەجێبوون نەک لە سێنتەرەکەیدا. سەرەڕای ئەم ڕاستییە ئێمە ڕۆشنبیرمان هەبووە کە لەناو گوتاری حەماسەتدا کاریکردوە و گوتاری بەرگری سەرچاوەی وێناکردنەکانی بووە بۆ کاری ڕۆشنبیریی، بەڵام لەهەمانکاتدا بەشێک لە ڕۆحیەتی مۆدێلی ڕۆشنبیرانی ئایدیۆلۆژیی سیاسی و خەونێک لە خەونە ڕۆشنگەرەکانی مۆدێلی یەکەمیشی لەلابووە. ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت هێڵە گشتییەکانی نیشانبدەم بوونی ئەو مۆدێلە جیاوازانەیە، بەڵام ناتوانین لەنێوان

ئەم گوتار و مۆدێلانەدا دیوارێک دروستکەین و سنوورەکانیان بەشێوەیەکی قەتعی لەیەکدی دابڕین. ئەو مۆدێلانە لەهەندێک شوێندا دابڕاو لەیەک و لەهەندێک شوێندا چوون بەناویەکدا، بەڵام لەهەموو دۆخێکدا هەڵگری گوتاری جیاوازبوون دەربارەی تێگەیشتنیان بۆ ماهیەتی کاری ڕۆشنبیریی و ئەو ڕۆڵەی ڕۆشنبیران دەبێت بیبینن.

پرسیار: ببوورە ، تارادەیەک وەڵامی پرسیارەکەمان درایەوە بەڵام ئەوەی بۆ من پرسیارێکی دیکە گەڵاڵە دەکات هەر لەناو بابەتەکەی تۆدا ئەوەیە کە گوتاری تازە، کە من ناوی دەنێم گوتاری ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە، جۆرێک لە بەرەنگارییە، هەربۆیە جۆرێک لە سەربەخۆیی پێویستە بۆئەوەی جیاوازبێت لە گوتارەکانی پێشوی خۆی. بەبڕوای من ئەو گوتارانەی تۆ باستکردن لەبەرەی واقیعی کوردی و پێکهاتەی کوردیدا بوون، یانی ئەگەرچی بۆخۆشیان خاوەنی گوتارێکی ڕۆشنبیری بوون و جۆرێک لە خسوسیەتی دیدگاهی و بیروڕایان بووە بەڵام لەهەمانکاتیشدا گوتاری یەکەم گوتارێک بووە کە کۆمەڵگای هانداوە بۆئەوەی جۆرێک بەرهەڵستکاری هەبێ، گوتاری دووهەمیش بەردەوام لەبەرەی پێکهاتەی حیزبی کوردی و پێکهاتەی سیاسی کوردیدا بووە. بەڵام گوتاری چوارەم گوتارێکە پێویستی بە دوو شتی سەرەکی هەیە، یەکەمیان ڕەخنەگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ واقیعدا، کە بەپێی تێگەیشتن لە دنیای سەردەم و بەپێی بەرینبوونەوە و مەنهەجیبوونی دنیای ئەمڕۆ نیازی بەجۆرێک لە لێدان و بەجۆرێک ڕوخاندنی هەموو ئەو تەوتەم و تابۆیانە هەیە کە لە واقیعدا هەن و بەر بە ئیشکردنی ئەم گوتارە دەگرن. لە پرسیاری یەکەمدا باسی تێگەیشتنمان لە دنیای ئەمڕۆ کرد، بێگومان هەم تۆش و هەم هەموو ئەوانەش کە بەو ڕووانینە تازەیەوە لە دنیای ئەمڕۆدا ئیشدەکەن، هەمووتان باش ئەزانن کە قەیرانێکی گەورە هەیە لەناو واقیعی کوردیدا. خسوسیەتی ئەو قەیرانەش ئەوەیە کە ڕۆشنبیرانی پێشو بە گوتارێکی کۆنەوە لەمڕۆدا ئامادەن و کەچی هێشتا دەخوازن پێیانبگوترێت ڕۆشنبیر، ئەم ڕۆشنبیرانە بەجۆرێک لەجۆرەکان خزمەتی مانەوەی ئەو واقیعە ئەکەن بۆ مانەوەی بەشێوەی خۆی. ئەمە یەکێک لە قەیرانەکانی ناو کۆمەڵگای کوردییە. گرفتی دووهەمیش ئەوەیە کە بەداخەوە

هەموو ڕایەڵبەنەکانی کۆمەڵگای کوردی یان نایانەوێت لە دنیای ئەمڕۆ تێبگەن و خۆیان بەو دنیایە تێکەڵکەن، یان ئەوەیە تێیناگەن. پێتوایە تێگەیشتن لە دنیای ئەمڕۆ هەمووی و ئەو فاکتەرانەش کە ئەیانەوێت کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ شەپۆلەکانی خۆیاندا بەرنەپێش چین؟

وەڵام: با لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە تۆ پێیدەڵێیت «ڕۆشنبیری ڕەخنەگری داهێنەر» بەتایبەتی با سەرنج لە ووشەی «ڕەخنەگر» لەو دەستەواژەیەدا بدەین کە وەک سیسفەتی ڕۆشنبیری داهێنەر پێشنیارکراوە. بەبۆچوونی من ڕەخنەگرتن میراتێک نییە ئەم نەوە تازەیەی ناو ڕۆشنبیریی کوردیی، واتە نەوەی هەشتاکان و نەوەدەکانی ڕۆشنبیریی کوردیی، دایهێنابێت. بە درێژایی مێژووی ڕۆشنبیریی ئێمە نوخبەیەکی گرنگی ڕۆشنبیرانی کورد ڕۆڵێکی ڕەخنەیی بەرچاویان بینیوە و کەسانی ڕەخنەگر بوون. هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی ڕۆشنبیریی ئێمە و هەر گوتارێک لە گوتارەکانی ئەم ڕۆشنبیرییە ڕەخنەگری خۆی بەرهەمهێناوە. بەهیچ مانایەک ڕەخنەگرتن سوونەتێک نییە گۆڤاری ئازادی و گۆڤاری ڕەهەند لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا دایانهێنابێت. ڕاستە ئەمڕۆ هەندێک سیاسی و ڕۆشنبیریی تەقلیدی دیاریکراو دەخوازن کارە ڕەخنەییەکانی نەوەی ئێمە و ڕەنجی زۆر ڕۆشنبیری هاوچەرخی دیکەش وەک داهێنراوێکی نوێ و نامۆ بە واقیع و کولتووری کوردی نیشاندەن و بانگێشەی ئەوە بکەن کە ئێمە دڵسۆزی ئەزموونی سیاسی کوردی نین و بە کەلەپوور و ڕۆشنبیریی کوردی نامۆین، غەریبزەدە و دز و جەردەین، بەڵام ئەم بانگێشە ئایدیۆلۆژییە شتێکە و مێژووی ڕۆشنبیریی کوردی و مێژووی گوتارەکانی ئەم ڕۆشنبیرییە شتێکی دیکەن. بەبۆچوونی من ڕەخنەی ئێمە لە ئەزموونی ئەم دە ساڵەی دوایی هەڵسوکەوت و سیاسەت و کارە کولتوورییەکانی دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، ڕەخنەی ئێمە لە پێکهاتی ئەو ڕۆشنبیرە تەقلیدییەی کە ناتوانێ لە جیهان تێبگات، ڕەخنەی ئێمە لە کولتووری سیاسیی، بەهیچ مانایەک لە ڕەخنەی نەوەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەزموونی حوکمڕانی شێخ مەحمود و لە خوێندەوارە تەقلیدییەکانی دەوری شێخ توندتر نییە. ڕەخنەی ئێمە لە واقیعی ئێمە بە چ مانایەک لە ڕەخنەی بێکەس لە واقیعی کۆمەڵایەتی

کوردی توندتره، ڕەخنەی قانیع لە ئاین بەهەموو پێوانێک ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵە، ڕەخنەی جەمیل سائیب لە شێخ مەحمود، ڕەخنەیەکی قووڵە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕەخنەی ئێمە و ڕەخنەی نەوەکانی پێشووتر هەمانشتە. جیاوازی ئەزموونی ئەم گوتارە نوێیەی ڕەخنەگرتن لەگەڵ ئەزموونەکانی بەر لەخۆیدا لەوەدایە کە میتۆد و بابەت و مەودای ڕەخنەکان جیاوازن، ڕەخنەی ئێمە ڕەخنەیەکە پایەکانی لەناو کاری مەنهەجی و فیکریی و دەسکەوتی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندایە، لەکاتێکدا ڕەخنەی پێشتر بە ڕادەیەکی زۆر ڕەخنەیەکی ئەخلاقی و وەعزی و نەسیحەت ئامێزبووە. ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە نەوەی ئێمە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا و لە کوردستانێکی تەواو جیاوازدا ناتوانێت هەمان ڕەخنە دووبارەبکاتەوە کە قانیع یان بێکەس لە نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیەدا ڕووبەڕووی ئەم کۆمەڵگایەیان کردۆتەوە، یان هەمان ڕۆڵ ببینین کە هێمنی مەهابادی لە ڕۆشنبیریی کوردی لە کوردستانی ئێراندا بینیویەتی، گەر ئێمە ئەمەمانکرد مانای ئەوەیە نە ئێمە گۆڕاوین نە ئەو کۆمەڵگایەی...

پرسیار: ئەسڵی مەبەستەکەی من لەو پرسیارە دا ئەوەبوو کە ئەم پۆلین بەندییە و بە ڕەخنەیی ناونانەی گوتاری تازە بۆیە دەکەم، لەبەرئەوەی کاری پێشوو وەک جۆرێک لەگەڵ ڕەوتەکە ناچێتە پێشەوە و ئەبێتە بەشێک لەپێکهاتەی واقیع. لەمخاڵەشدا جیاوازە لە گوتاری تازە کە کە دەخوازێت ڕەخنەبگرێ و لەهیچ شوێنێکدا ناتوانێت سازش بکات لەسەر کۆمەڵێک لەو گرفت و قەیرانانەی کە بەجدی جێگای قسەکردنن و هیچ سنوورێک و هیچ ڕایەڵێک ناتوانێت ڕۆشنبیر لەم گوتارە تازەیە بەرگرێ و نەهێڵێت ڕۆشنبیر قسە نەکا. بەپێچەوانەوە، من پێمwایە ئەم خسوسیەتە ڕەخنەییە لەگوتارەکانی پێشودا و لە قۆناغێکدا لەبەردەم تەهدیدا بووە و لەدرێژبوونەوەی خۆیدا جۆرێک خسوسیەتی گشتی وەرگرتووە یان بووەتە بەشێک لە پێکهاتەکە بەڵام ئەم گوتارە بەو مەعنایە ڕەخنەگرە کە لە درێژەدا خسوسیەتی گوتارەکەی خسوسیەتێکی ڕەخنەگرییە.

وەڵام: ڕەنگە بەڕێزت ڕاستبکەیت، دەشێت ئەم نەوەیە تووڕەتر و ڕەخنەییتر بێت لە نەوەکانی بەر لەخۆی، بەڵام ئەمە وابەستەی ئاڵۆزی ئەو جیهانەیە کە کەوتۆتە ناویەوە و وابەستەی ئەو خاڵیبوونە ترسناکەی ڕۆشنبیریی کوردیشە لە هەر پێدراوێکی تیوری و فیکری و میتۆدی بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی ئەم دنیایە، من دواتر دێمەوە سەر ئەم خاڵە. ئەوەی لێرەدا گرنگە وەبیری خۆمانی بهێنینەوە ئەوەیە کە هیچ واقیعێک نییە ڕەخنەگری خۆی نەبێت و هیچ ڕەخنەیەکیش نییە ڕووی لە واقیعێکی دیاریکراو نەبێت، تەنانەت ڕەخنەگرتن لە ئاسمانیش لە جەوهەردا ڕەخنەگرتنە لە واقیعێکی سەرزەمینی. بەدرێژایی مێژوو واقیعێک نادۆزینەوە ڕەخنەگری خۆی نەبووێت، هەموو ڕەخنەیەکیش بەشێکە لە پێکهاتەی ئەو واقیعەی تێیدا دەژی. ڕەخنە لەدەرەوەی واقیع و لە دەرەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکاندا بوونی نییە.

ڕەخنە بریتییە لەو ڕەهەندە تایبەتەی واقیع کە ڕازینییە بەوەی کە لەو ساتەدا بووە بە واقیع و وەک واقیع بەرجەستەیە، بەم مانایە ڕەخنە بریتییە لە پەلاماری ڕەهەندە یۆتۆپیاکانی واقیعێک بۆ سەر ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیاکانی هەمان واقیع، هێرش و هەڕەشەی ئەگەر و توانا نادیار و ناوەکییەکانی واقیعە بۆسەر ڕووکارە بەرجەستە و وەستاو و چەقبەستووەکانی. بە زمانی ئەرستۆ بدوێم، دەکرێت بڵێم ڕەخنە بریتییە لە پەلاماری «بوونی بە زەبری» واقیع بۆسەر «بوونی بەکردەوەی» واقیع. بەڵام ئاست و مەوداکانی ڕەخنە دەگۆڕێن، ڕەخنە هەیە دەخوازێت تەنها دەسکارییەکی ڕووکەشی جیهان و دیاردەکان بکات، ناخوازێت مەرجەع و بنەما قووڵەکان و شێوازی ڕیزبەستنی دەسەڵات و مەعریفە و شووناس و پەیوەندییەکانی مانا و دەسەڵات و بەرهەمهێنان بخاتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ڕەخنەی دیکە هەیە کە بە پرسیارکردن دەربارەی ئەو شتە سەرەکییانە دەستپێدەکات. ڕەخنە هەیە لە پەراوێزی ئەگەرە ئایدیۆلۆژییەکاندا ئەژی، لەکاتێکدا ڕەخنەی تر هەیە لە ئایدیۆلۆژیاوە دەپەڕێتەوە و دەچێتە سەرزەمینی یۆتۆپیا. من لێرەدا دەستەواژەی ئایدیۆلۆژیا و یۆتۆپیا بەو مانایە بەکاردێنم کە (پۆل ڕیکور) پێیان دەبەخشێت، ئایدیۆلۆژیا بەمانای ئەو هێزەی لێناگەڕێت واقیع بگۆڕێت و یۆتۆپیاش بە مانای ئەو هێزەی کە دەخوازێت واقیع بگۆڕێت.

لەهەموو دۆخێکدا دەبێت کەمەکێک بە ئاگادارییەوە سەرنجەکانمان لەسەر

مـێژووی ڕەخنە و مـێژووی ڕۆشنبـیرە ڕەخنەییـەکـانی ناو دنیـای ڕۆشنـبیـری کـوردیـی دەربڕین. ئەوەی پێـویسـتـیی ئەم ئاگـاداربوونە زیاتردەکـات نەبوونی پۆلینبەندیی ئەو مۆدێلە ڕەخنەییانەیە کە ڕۆشنبیرانی کورد لە واقیعی کوردیان گـرتووە. کـە ئەمـەشـمـان نەبوو نازانین جـەوهـەری ڕەخنەی قـۆناغ و سـەردەم و شـێوازێکی تایبـەت لە ڕۆشنبـیران لە هـی قۆناغێکی دیکە جیاکـەینەوە، واتە ناتوانین مێژوویەک بۆ ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری دروستکەین و بزانین کـام فۆرمی ڕەخنە کۆنبـووە و کۆتاییـپێـهاتوە و کـامیـشـیـان تا ئەمڕۆ بەردەوامـە و لەئێسـتـادا هـێزێکی مـەعنەوی و ڕەمـزی بە ڕەخنەگـرانی ئەمـڕۆ دەبەخـشـێت. بەبۆچوونی من ئەو دیدە ڕەخنەییـەی ڕۆشنبـیـرێکی وەک حـاجی قـادری کۆیی یان قـانیع بەرامبەر بە ئاین هەیانبـووە، دیدێک کـە سـەر بە مـۆدێلی یەکەمی ڕۆشنبیرانی ناو واقیعی ئێمـەیە، تائەمڕۆکە لەزۆر ئاستدا گرنگی خۆیان لە دەست نەداوە. ئـەمـڕۆ دیدی بەشـێکی دیاریکراوی هێـزە سـیـاسـیی و کـۆمـەڵایەتی و ڕۆشـنبـیـرییـەکـانی ئێـمـە بـەرامـبـەر بە دین، لە قـۆناغـی بەر لە ڕەخنەکـانی حـاجی قـادری کۆیی و قـانیعدا دەژین. ئەمڕۆ  هەڵوێست لە ئاین، هەڵوێست لە ئافرەت، هەڵوێست لە فێربوون، هەڵوێست لە پەیوەندی نێوان ئاین و واقـیع، هـەڵوێسـت لە خـوێندەوارە ئاینیـیـەکـان لای زۆر دەسـتـە و تـاقـمی خوێندەوار و نەخوێندەوار و سیاسی و غەیرە سیاسی ئەمڕۆکە، هەڵوێستگەلێکن سـەر بـە جیـهـانی بەر لە ڕەخنەکانی حـاجی قادری کـۆیی و قـانیع و بێکەسن. ئەمەش مـانای ئەوەی ڕەخنەی ئەم ڕۆشنبیرە گرنگانەی ناو ڕۆشنبیریی ئێمە تا ئێسـتـاش بەهاکـانی خـۆیان لەدەسـتنەداوە، گـەرچی ڕەخنەیەکن لەزۆر ڕووەوە ناتەواون و پێویستیان بە دەوڵەمەندکردنێکی فیکری و میتۆدی هەمەلایەن هەیە. بۆئەوەی ئەم دیدە ڕوونتر بکەمەوە با سەرنج لەم نموونەیە بدەین. لەکاتی شەڕ و پێکدادانە ناوخۆییـەکـانی کـوردسـتـانی عـێراقـدا و لەبەر دەرگـاکانی سـەدەی بیسـتویەکەمدا لەناو هێزێکی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و هـێزێکی وەک یەکـێتی نیـشـتیـمـانی کـوردسـتـاندا بەرپرس و سـیـاسـی و کەسـانی واهەبوون نەیاندەهێـشت منـاڵی لایەنگرانی حـیـزبەکـەی تر لەنـاوچەکـانی ژێر دەسـەڵاتی خـۆیاندا بچن بۆ قـوتابخـانە، لەکـاتێکدا ڕۆشنگـەرێکی وەک مـەلا نـەجمـەدین لە شـەسـتـەکاندا لە سلێـمـانی خـەڵکی نەخوێندەواری کۆکردۆتـەوە و بەخـۆڕایی و

لەسەر ئەرک و حیساب و ماندووبونی خۆی فێری خوێندن و نووسینی کردوون. جیاوازی ئەم دوو هەڵوێستە جیاوازی نێوان دیدێکی ڕۆشنگەری کراوە و بەرفراوانە بەرامبەر بە دیدێکی حیزبی و سیاسی بەرتەسک، بۆیە تەنانەت ئەو داوایەی مەلای کۆیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەیکات بۆ خوێندەواربوونی خەڵکی کوردستان زۆر لەپێش کۆمەڵێک ئاستی ئەو ئەخلاقیاتە سیاسییە باڵادەستەوەیە کە ئەمڕۆ لەناو واقیعی ئێمەدا ئامادەیە.

ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم پێداگرتنە لەسەر ئەو ڕۆحیەتە ڕەخنەییەی کە لای کۆمەڵێک لە ڕۆشنگەرانی ناو مێژووی ڕۆشنبیریی کوردیدا لە ئارادابووە، ئەم ڕۆحیەتە بناغەیەکی ڕەمزی گرنگە بۆ ڕەخنەی ئێمە لەمڕۆدا و ڕەخنەی ئێمە بەمانایەک لە ماناکان درێژکراوەی ئەو دید و وێناکردنە ڕەخنەییانەیە کە لە قۆناغەکانی پێشوتردا ئامادەبووە. بەڵام بێگومان ئەو شێوە ڕەخنەیەی نەوەی قانیع و بێکەس، بەرامبەر بە ئاین هەیانبووە، ئەو ئامرازانەی بەهۆیەوە ئەم ڕەخنانەیان بەرجەستەکردوە، ئەو وێناکردنەی بۆ شوێن و جێی ئاین لە کۆمەڵگادا هەیانبووە، جیاوازە لەوەی نەوەی ئەمڕۆکە هەڵگریەتی. ئێمە ئەمڕۆکە ناتوانین بۆ تێگەیشتن لە ئاین، دوای دروستبوونی چەندان حیزب و گروهی سیاسی ئاینی و زیادبوونی ژمارەی ڕێکخراوە پیشەییە ئاینییەکان و دروستبوونی چەندان ئۆرگان و کۆڕ و کۆمەڵی ئاینی، بە ئامرازە ڕەخنەییەکانی حاجی قادر و مەلای گەورە و قانیع و بێکەس کاربکەین. ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە دەسکەوتە گرنگەکانی سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا و فەلسەفەی ئاینیە. بەمانایەکی دیکە جیاوازی ڕەخنەی ئێمە لە ئێستادا لە ئاین لەگەڵ ڕەخنەی حاجی قادر و قانیع و بێکەسدا لەوەدایە کە ئێمە ناتوانین ڕەخنەکانمان کورتکەینەوە بۆ چەند دێڕێک شیعر و وەعز و نەسیحەتی ڕۆشنگەرانە. ئێستاکە کە ئاین لە کوردستاندا لەشێوەی حیزبی سیاسیدا بەرجەستەیە، کە فیکری دینی کەناڵی تەلەفیزۆن و ڕۆژنامە و ڕادیۆی تایبەتی هەیە، کە بەسەدان ئەکتیڤیستی سیاسیمان هەیە ئاین ئایدیۆلۆژیای سیاسییانە، بۆ تێگەیشتن لەم دەرکەوتانە پێویستمان بە ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسیی و چەندان زانستی دیکەیە کە پێمانبڵێت ئەو پەیوەندییە ناوەکییە چییە و چۆنە کە سیاسەت و ئاین بەیەکەوە گرێدەدات. ئەمڕۆ دەشێت ئێمە ڕۆحە

ڕەخنەییەکەی گوتاری یەکەم یارمەتیدەرمانبێت، بەڵام ئەم گوتارە نە ئامراز و نە چەمک و نە مەنهەجێکی بۆ بەجێنەهێشتووین بەهۆیانەوە بتوانین کێشەکانی ئاین لە جیهان و واقیعی ئەمڕۆماندا بخوێنینەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە و بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە گەورەیە، دەبێت بۆ سۆسیۆلۆژیای ئاینیی دۆرکهایم و ماکس ڤێبەر و مارکس و سبنسەر و بیرگەر و چەندانی دیکە بگەڕێینەوە. لەم ئاستەدا من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی تۆدا یەکدەگرمەوە کە دەڵێت بوونیادی قووڵی ئەم گوتارە ڕۆشنبیرییە نوێییە بونیادێکی ڕەخنەییە، چونکە ئێمە لە واقیعێکدا دەژین کە بەبێ ڕەخنەکردنێکی بەردەوام دەبێت بە جەهەنەم.

بەبۆچوونی من ئەمڕۆکە دیدی ڕەخنەگرانەی نەوەی نوێی ناو ڕۆشنبیری کوردیی چەند لەبەردەم هەڕەشە و بەپەراوێزکردن و فشاربۆهێناندایە، دیدی نەوەی قانیع و بێکەسیش بەهەمانئەندازە لەبەردەم هەڕەشە و فشاردابووە. حاجی قادری کۆیی دواجار ناچاربووە هەڵێت، قانیع لەزۆر دێ و گوندی کوردستاندا دەربەدەرکراوە و لێنەگەڕاون دەستبەکاربێت، بێکەس لە سەردەمانی خۆیدا کێشەی گەورەی لەگەڵ ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەدا هەبووە کە تێیدا ژیاوە. یەکێک لە کێشەکانی ئەمڕۆکەی ڕۆشنبیریی ئێمە لەوەدایە کە ژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیری تەقلیدی هەن کە نە توانای بەرهەمهێنانێکی فیکری و مەنهەجییان هەیە، نە خاوەنی ئەو هەڵوێستە ڕۆشنگەرانەشن کە ڕۆشنگەرانی پێشتر هەیانبووە، بەڵام زۆریشیان لە شوێنی بڕیارداندان و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ئێمە بەڕێوەدەبەن. بەم کارەشیان زیانێکی گەورەیان بە ڕۆشنبیریی کوردی و بە توانا و دەسەڵاتی ئەم ڕۆشنبیرییە لە خوێندنەوەی واقیعی ئێمەدا گەیاندوە.

ئێمە ژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیرمان هەیە کە نایەنەوێت لەو ڕاستییە تێبگەن کە سەردەمانی ئینشا نووسین و زەخرەفەسازی و ڕیزکردنی تیباق و جیناس بەدوای یەکدا بەسەرچووە. ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو کە ڕۆشنبیر هەڵگری گوتارێکی سیاسی سادەبێت و پێیوابێت کە گوتی کورد چەوساوەیە ئیدی نوقسانییە فیکرییەکانی داپۆشیبێت. ئەمڕۆکە بۆئەوەی بتوانیت وەک ڕۆشنبیر کاری فیکری و مەنهەجی ڕاستەقینە بکەیت، بۆئەوەی قورساییەکی ڕەمزی بە کایەی ڕۆشنبیریی و بە ڕۆڵی ڕۆشنبیران ببەخشیت، دەبێت سەرقاڵی بەدەستنهێنانی سەربەخۆیی بیت بۆ کایەی ڕۆشنبیریی تابتوانیت بەپێی مەرجە

ناوەکییەکانی کاری فیکری و زانستی مەنهەجی بنووسیت. کاتی ئەوە هاتوە فیکر و خوتبەی ناو مزگەوت، فیکر و نووسینی ناو دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی و ڕۆشنبیر و ئەکتیڤیستی سیاسی لێکجیاکەینەوە. تێکەڵکردنی ئەم شتانە بەیەکدی زیان بە هەموویان دەگەیەنێت. کاری ڕۆشنبیر بریتی نییە لە چەپڵەلێدان بۆ ئەم یان ئەو لایەن، ئەم کەس یانی ئەویدی، فلان یان فیسار ڕێبازی فیکری، کاری ڕۆشنبیر دانیشتنە لە ژوورەکەی خۆیدا بۆ بەرهەمهێنانی فیکری و ئەدەبی و هونەری کە لەڕێگایەوە بکرێت واقیع باشتر بناسرێت و بخوێندرێتەوە و ئەگەرەکانی گۆڕانی گەورەتربکرێت.

هیچ ڕۆشنبیرێکیش بەبێ زەخیرەیەکی ڕۆشنبیریی قووڵ و هەمەلایەن ناتوانێت لەسەر خۆی و دەوروبەر و ئەوجیهانەی تێیدا دەژی قسەبکات، بەبێ خوێندەوەی قوتابخانە فیکرییە کۆن و نوێکان، بەبێ ناسینی میتۆدە جیاجیاکان، بەبێ کردنەوەی دەرگاکانی عەقڵ و خەیاڵ بۆ هەر دەسکەوتێک لە دەسکەوتە زانستییەکان، بەبێ تازەکردنەوەی دەزگا چەمکی و فیکرییەکان، زەحمەتە بتوانیت واقیعی خۆت و دەوروبەر و ئەو جیهانەی تێیدا دەژیت، بناسیت. ئینسان فریای ئەم هەموو ئەرکە قورسانەی فێربوونیش ناکەوێت گەر ڕۆشنبیربوون نەبووێت بە ئەرکێک جیاواز لە ئەرکەکانی دیکە، گەر ڕۆشنبیربوون وەک کارێکی جیاواز خۆی لە کارەکانی دیکە جیانەکردبێتەوە و شەڕێکی تەواوی بۆ ئۆتۆنۆمبوونی خۆی نەکردبێت. لێرەوەیە کە من پێموایە زۆر گرنگە بەهاکانی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریمان بەستبێتەوە بە بەرهەمهێنانی فیکری و داهێنان و کاری مەعریفی خۆیەوە، نەک بە ئەندامبوون یان نەبوون لە فلان یان فیسار حیزبدا، بەبەشداربوون یان نەبوون لە فلانە بۆنە و کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتیدا یان دۆستایەتی کردن یان نەکردنی فلان ڕێبازی ئایدیۆلۆژی. یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی شێوازی چوارەمی ڕۆشنبیر لەمێژووی ئێمەدا کردنی خودی ڕۆشنبیرییە بە بەهایەکی سەربەخۆ لە بەهاکانی دەرەوەی ڕۆشنبیریی، کردنی خودی ڕۆشنبیر خۆشیەتی بە بکەرێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لە کەسی سیاسی. ئەمانەش ناکرێن بەبێ ڕەخنەگرتنێکی سەرتاسەری لەکۆی ئەو ڕێگرە سیاسی و فیکری و کولتووری و کۆمەڵایەتییانەی کە ناهێڵن ئەم جیابوونەوەیە دروستببێت، ڕەنگە لەم ڕووەوە ئەو بۆچوونەی تۆ ڕاستبێت کە

دەڵێیت ڕەخنەگربون لە خسوسیاتی ناوەکی ئەم مۆدێلەدایە، چونکە ئەم مۆدێلە بۆ جیاکردنەوەی خۆی لە شتەکانی دیکە و بۆ بەدەستنهێانی سەربەخۆیی ناچارە وەک ڕەخنەگرێکی هەمەلایەن لەدایکببێت.
جگە لەم خاڵە ئەم نەوەیە لە ڕۆشنبیران ناو کۆمەڵێک ڕووداودا ئامادەن کە ناتوانن ڕەخنەیی نەبن بەرامبەریان. کاتێک شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا دادەگرسێت، کاتێک ئەو هەموو خوێنە لە سی ساڵی ڕابووردودا بە تفەنگی کورد بەرامبەر بە کورد دەڕێژرێت، کاتێک ناکۆکییە ناوەکییەکان، کۆمەڵگای ئێمە بەرە و کەناری خودکوژییەکی دەستەجەمعی دەبات، کاتێک کۆمەڵێک دۆگمای فیکری و ئاینی خەریکن ڕەگ و ڕیشەی ژیان لە واقیعی ئێمەدا لە بێخەوە هەڵدەکێشن، کاتێک کایەیەکی ڕۆشنبیری بێ مەنهەجیەت و بێ فیکر و بێ تێز و تیورە دەبینیت، کاتێک ئیفلیجی سیستمی پەروەردە و کورتبوونەوەی سیستمی زانکۆکان بۆ بەرهەمهێنانی دەرچووی بێفیکر و بێخەیاڵ و بێتوانا لە تەماشاکردنێکی زانسیتیانەی جیهاندا دەبینیت، کاتێک پاشەکشەی ئازادییە کۆمەلایەتییە بچووکەکانی ژیانی ڕۆژانە لەژێر زەبری ئوسوڵیەتی ئاینیدا دەبینی و کاتێک ڕۆژانە ڕووت بە ڕووی بەهێزبوونی گروهە تەقلیدی و سەلەفییەکانی وڵاتی ئێمەدا دەتەقێتەوە، ناتوانیت بێدەنگبیت، ناتوانی ئەو وەهمە بپارێزیت کە تۆ لە دنیاییەکدا دەژی بێکێشە و بێگرفت و بەهەشتیی. دروست لەو کاتەدا کاری ڕۆشنبیر دەبێتە هەوڵدانێکی سەرسەخت و قووڵ و بەردەوام بۆ دۆزینەوەی هۆکار و میکانیزمەکانی کارکردن و بەردەوامی ئەم کارەساتە سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و ئەخلاقییانە، ڕۆشنبیر هەوڵدەدات تێبگات ئەم شەڕە لەکوێوە دێت، لەناو کام پێکهاتەی کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتووورییەوە سەرچاوەدەگرێت، پەیوەندی نێوان شەڕی ناوخۆ و کولتووری سیاسی ئێمە چییە، چ پەیوندییەک لەنێوان شەڕ و بونیادی خێزانی کوردی و شەڕ و پەیوەندی نێوان نەوەکان و شەڕ و پەیوەندی نێر و مێ لە کوردستاندا هەیە؟ ئایا شێوازی ڕێکخستن و دابەشکردنی دەسەلات لە کۆمەڵگای ئێمەدا چەند کاریگەری لەسەر شەڕ هەیە؟ ئایا کایەی سیاسی کوردی تاچەند توانای بەرهەمهێنانی گوتارێکی ئاشتیئامێزی ڕاستەقینەی هەیە؟ ئایا تێگەیشتنی ئێمە بۆ چەمکەکانی لێبوردن، جیاوازیی، پێکەوەبوون هتد.. چییە و ئەمانە چ ڕۆڵێکیان لە هەڵگیرسان یان

هەڵنەگیرسانی شەڕدا هەیە؟ مەسەلەکە نابێت تەنها بەوە واز لێبێنین و بڵێین ئەم شەڕە لەدەرەوەرا بەسەر ئێمەدا دەسەپێنرێت، تەنها ئەو بانگێشە مردوە دووبارە بکەینەوە و ئەو وەهمە بڵێینەوە کە گوایە ئەوانیدی نایەڵن ماڵی خۆمان بکەین بە بەهەشت. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەش ئەوەندە بەس نییە وەک قانیع و بێکەس و حاجی قادر شیعر بنووسین و خەڵک ئامۆژگاری کەین، بەڵکو پێویستمان بە وەرشەیەکی فیکری گەورە هەیە.

بێگومان کارکردن بەم ئاراستەیە بۆ کاری ڕۆشنبیری و فیکریی بەبێ بوونی وزەیەکی ناوەکی بۆ ڕەخنەگرتن و بەبێ بوونی دیدێکی ڕەخنەییانەی هەمەلایەن و بەبێ پاشخانێکی فیکری گەورە کە بتوانێت لەزیاد گۆشەنیگایەکەوە دیاردەکان ببینێت دروستنابێت. لەم حاڵەشدا جارێکی دیکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گوتارە نوێیەی ڕۆشنبیریی لە کوردستاندا لە پەیوەندیدا بە ڕەخنە و ڕەخنەییبوونەوە ئاشکرادەبێت. بێگومان هەوڵدانی خوێندنەوەی دیاردەیکی وەک شەڕی ناوخۆ بەهیچ مانایەک هەمووومان بەرە و یەک خوێندنەوە و یەک لێکدانەوە و یەک ڕاڤەکردن نابات. بۆ نموونە کاک بەختیار عەلی پێیوایە لە پشتی شەڕی ناوخۆوە کۆمەڵگایەک ئامادەیە کە مەرگدۆستە و مەرگدۆستی سیاسەتی کوردییە کە شەڕی ناوخۆ دەخاتەوە. لەکاتێکدا ئەو تێزەی من بەرگری لێدەکەم چ لە دوور و چ لە نزیکەوە ناچێتەوە ناو مەرگ دۆستی، بەڵکو ڕاستەوخۆ شەڕی ناوخۆ بە بێتوانایی کۆمەڵگای ئێمە و هێزە سیاسییەکانی ناوییەوە لە قبووڵکردنی جیاوازیدا دەبەستێتەوە، کێشەی شەڕی ناوخۆ لەلای من لە سیستمی باڵادەستی هەقیقەت و لە سیاسەتی بەرهەمهێنانی هەقیقەت لە کوردستاندا دانابرێت. هیچ هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتی ئێمەدا ئامادە نییە، دیالۆگ لەسەر هەقیقەتەکانی خۆی بکات و بە هەقیقەتی موتڵەق و ڕەهایان نەزانێت. شەڕی ناوخۆ بەم مانایە پێکدادانی کۆمەڵێک وێناکردنی ڕەها و موتڵەقە بۆ شێوە جیاوازەکانی هەقیقەت. من تا ئەو شوێنەش ڕۆیشتووم و گوتوومە گەر بمانەوێت کۆمەڵگا و کایەیەکی سیاسی یەکگرتوومان هەبێت دەبێت سیستمێکی هەقیقەتی پارچە پارچەمان هەبێت. گەر هەقیقەتمان بەشبەش نەکرد و بەهەر بەشێکیش مافی بوون و ژیانمان نەبەخشی، ناتوانین قسە لە بوونی لانیکەمی ئیجماعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری بکەین.

وەک دەبینیت ئەم دوو لێکدانەوەیە بۆ دیاردەی شەڕ و توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەیەک جیاوازن، بەڵام هەردوکیان بە مانایەک لە ماناکان ڕاستن، هەریەکێکیان پێ لەسەر ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای هێزە کۆمەڵایەتییەکان دادەگرێت. ئەوەی ئەم دوو بۆچوونە بە قووڵی بەیەکدیەوە دەبەستێتەوە ڕەخنەیبوونیانە، ئەم دوو بۆچوونە دێن بۆئەوەی ڕەگە قووڵەکانی یەکێک لە دیاردە ترسناکەکانی دنیای ئێمە نیشانبدەن. جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان سووری گوڵ و سووری خوێندا، بەرامبەر یەکەمیان تا ئەوپەڕی کرانەوە دەرگاکانی خەیاڵ و چێژکردنمان دەکەینەوە، بەڵام بەرامبەر بە دووهەمیان تواناکانی عەقڵمان لە ڕەخنەگرتندابەدواهەمین قۆناغ دەگەیەنین. بەداخەوە ئێمە لەنێو باخچەیەکی پڕ گوڵ و باڵندەدا ناژین، بەڵکو لەنێو واقیعێکدا دەژین لە قەبرستان دەچێت.

پرسیار: کاک مەریوان، شەڕی ناوخۆ وەک نەموزەجێک ڕابوردوی قۆناغێکی ئەوروپا، بەتایبەتی شەڕی جیهانی دووهەمم، بیردێنێتەوە، کە هەمیشە هەستمکردوە لەناو دەقەکانی یەکێکی وەک ئەلبێر کامۆدا ئامادەبووە. من جۆرێک لە خسوسیەت یان ڕۆحیەتێکی تایبەت بۆ قۆناغی دوای شەڕ دەبینم، ئەوەندەی بیرمبێت و ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم تۆ لە وتووێژێکدا باسی نائومێدیت کردبوو ووتبووت کە یەکێک لە گرفتە بەرچاوەکانی کورد لەوەدایە کە هەمیشە پێمانوایە دەبێت ئومێدەواربین، هەموو ئەو تێز و تیورانەش کە ئامادەبوون ووتویانە حوکمە دەبێت هیوامان هەبێت و شوێنی ئەو هیوایە بکەوین، لەکاتێکدا ئێمە پێویستمان بەجۆرێک لە نائومێدی هەیە. کاک فاروق ڕەفیقیش لە ووتوێژێکدا لە گەڵ (کوردستانی نوێ) دا ووتویەتی کە دەبێت ئێمە بە قۆناغێکی نائومێدیدا تێپەڕین بۆئەوەی بتوانین جارێکی دیکە ئومێدەکانمان پێناسەبکەینەوە، من پێموایە لەشێوەی تیوریدا، لەشێوەی دەربڕیندا هەموو جارێک سیاسییەکان و ڕۆشنبیرە جۆربەجۆرەکان بە وتاری جۆراوجۆر جۆرێک لە قەناعەتیان هەیە بەهەموو ئەو مەنتیقانەی کە ئەمرۆ ڕای تۆ یان ڕای هەر ڕۆشنبیرێکی گوتاری تازە دەگرێتە خۆی. بەڵام وەختێ شێوەی عەمەلی و پراکتیک پەیادەکات بەجۆرێکی دی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکرێت. لێرەوەیە ئەرکی

ئەم گوتارە تۆزێک قورسترئەبێت، ئەرکەکەی دەبێتە ئەرکی تیوریزەکردنی واقیعێک کە بەجۆرێک دێتە ناو جوغزەکانی سیاسەتەوە. بێگومان سیاسییەکانیش لە قۆناغێکدا ئیعتیراف بەمە ئەکەن کە قۆناغی داسەپاندنی هەموو ئەو تەفەکورانەیە لە بواری سیاسەتدا، ڕەنگە تۆ ئەگەر تیورەیەکت هەبێ و ئەم تیورەیە لە مەداری بیرکردنەوە و نووسینداببێت، بەڵام بۆ نموونە، ئەگەر هێزێکی ماف پارێز لە ڕۆژئاواوە حیزبێکی کوردی هۆشیاربکاتەوە لەوەی کە مافی مرۆڤ پێشێل ئەکرێ و ئەمە دەبێتە خاڵێک لەسەرەی، بێگومان ئەو حیزبە کوردییە هەوڵئەدات بەجۆرێک ئەو خاڵە لەسەرخۆی نەهێڵێت. بەڵام ئەگەر لە گوتارەکەی تۆدا هەوڵدرابێت بۆ دەستنیشانکردنی هەموو ئەو هۆکارانەی دۆخێکی وایان پێکهێناوە و ئاشوبێکی وایان دروستکردوە کە ئەم دەرەنجامانەی لێ بەرهەم هاتووە، بە قسەی تۆ ناکات؟

وەڵام: پرسیارێکی ئاڵۆز و درێژ، بەڵام هەوڵئەدەم بەگشتی لەسەر هەندێک لەو خاڵانە بووەستم کە وروژاندوتن. سەرەتا لە بەراوردکردنی شەڕی ئێمە بە شەڕی ئەوروپییەکان لە جەنگی جیهانی دووهەمەوە دەستپێدەکەم. پێموایە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر ئێمە شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا بە شەڕی بەشە جیاوازەکانی تری جیهان بەراوردکەین، نە لەبەرئەوەی کورد بوونەوەرێکە لەهیچ بوونەوەرێکی دیکەی سەر ئەم ئەستێرەیە ناچێت و کۆمەڵگای کوردیش کۆمەڵگایەکە لە مەریخەوە دابەزیوە، نا، مەسەلەکەدا لەوەدایە کە لە پشتی شەڕی ئێمەوە بۆشاییەکی گەورە و پرۆژەی لەناوچوونێکی دەستەجەمعی و عەدەمیەتێکی سیاسی کوشندە هەیە. شەڕی ئێمە شەڕێکە دێت بۆ وێرانکردنی هەموو ئەو شووناس و پێناس و ناوانەی ئێمە بەدرێژایی ئەم سەدە و نیوەی دوایی بەخۆمان و ڕاپەڕین و شۆڕشە بەردەوامەکانمان داوە، شەڕی ناوخۆی ئێمە دێت بۆ وێرانکردنی هەموو ئەو شەرعیەتە فیکری و فەلسەفی و سیاسییانەی کۆمەڵگای ئێمە لەبەرگریکردن لەخۆیدا بە کار و کردەوە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانمانی بەخشیوە. لەدوای شەڕی ناوخۆوە چ مانایەک دەمێنێتەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ داگیرکەراندا، ئەگەر ئێمە لە پەیوەندیماندا بەخۆمانەوە ڕایەڵێکمان دروستنەکردبێت جیاواز لەو پەیوەندییەی بە داگیرکەرانمانەوە هەیە، ئیدی ئەم هەموو خوێن و خەبات و قوربانیدانەی

مێژووی ئێمە لەپای چی؟ ئەگەر مامەڵەی ئێمە لەگەڵ خۆماندا هەمان مامەڵەبێت لەگەڵ داگیرکەراندا هەمانە، ئەگەر وێنەی ئێمە بۆ یەکدی هەمان وێنەبێت بۆ داگیرکەرانمان هەیە و ئەگەر ڕقی ئێمە لەیەکدی هەمان قورسایی و بگرە زیاتریشی هەبێت لە ڕقمان بۆ داگیرکەران، ئیدی شەرعیەتی مانەوەی ئێمە وەک کۆمەڵگا و نەتەوەیەکی جیاواز و شەرعیەتی ئەو بزووتنەوە سیاسییەی کە سەدەیەکە خەبات بۆ سەلماندنی ئەم جیاوازییە دەکات، لەکوێدایە؟

من نکوڵی لەوە ناکەم کە هەموو شەڕێک بەرهەمهێنەری کارەساتە و هەموو شەڕێک بەمانایەک لە ماناکان جۆرێکە لە دەستدرێژیکردن بۆسەر حورمەت و ڕێز و پیرۆزی ژیان، بەڵام هەموو شەڕێک شەڕێکی عەبەسییانە نییە. شەڕی جیهانی دووهەم شەڕی کۆمەڵێک هێزە کە لە کیان و بوونێکی دانپیانراو و بەرجەستەوە دەستپێدەکات، بەڵام شەڕی ئێمە شەڕێکە لە عەدەمێکی سیاسییەوە دەستپێدەکات، شەڕێکە لە قۆناغی بەر لە درستبوونی هەرشتێکی جێگیر و مانادار و پارێزراوەوە پەیدادەبێت و دێت بۆئەوەی نەهێڵێت هیچشتێک و هیچ مانایەک و هیچ جێگرییەک دروستببێت. شەڕی ئێمە لە زەویەکدا دەکرا هێشتا هەڵمی ئەنفال و بای کیمیاوی بەعس و کوشتنی بەکۆمەڵی هەزاران هەزار کوردی لێهەڵدەستا، ئەم شەڕە لە کاتێکدا دەکرێت هێشتا ڕۆژانە بەدیارچاوی هەموو دنیاوە بە هەزاران کورد لە عێراقدا لەسەر ماڵ و کار و ژیانی خۆیان هەڵدەکەندرێن و ئاوارە دەکرێن. لەهەمووشی کوشندەتر و بێماناتر و پووچگەراتر ئەو ڕاستییەیە کە شەڕی هێزەکانی ئێمە لەگەڵ یەکدا شەڕە لەسەر دەسەڵاتێک کە هیچ لایەکیان ناتوانێت دوو ڕۆژ بەتەنها بیپارێزێت.

سەرەڕای ئەمانە قۆناغی دوای شەڕ لە ئەوروپادا قۆناغی ئاشتییەکی ڕاستەقینە و بەربڵاو و هەمەلایەن بوو، سەردەمی بیناکردنەوەی وڵات و چەسپاندنی دیموکراسیەت و پرۆسەی ڕێگرتن بوو لە لە کۆبوونەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی تاقە سەرکردەیەک و تاقە حیزبێک و تاقە خێزان و بنەماڵەیەکدا. ئەوروپای دوای شەڕ ئەوروپای بەخشینەوەی دەسەڵاتە بە خەڵک و بە سنووقەکانی هەڵبژاردن و بە کۆمەڵگای مەدەنی و بە میدیای ئازاد هتد... ئەوروپای باڵادەستی دەوڵەتی یاسا و مافی مرۆڤ و ڕێزگرتنی جیاوازییە، لەکاتێکدا قۆناغی دوای وەستاندنی شەڕی تفەنگەکان لای ئێمە هێشتا هەڵگری

هەمان کاراکتەر و ئاکاری قۆناغی بەر پێکدادانە خوێناوی و خوێنڕشتنە زۆرەکانە، هێشتا لەهیچ کایەیەک لەو کایانەدا کە شەڕیان بەرهەمهێناوە دەسکارییەکی ڕاستەقینەی هیچ یەکێک لەو میکانیزمە جەهەنەمییانە نەکراوە کە شەڕ دەخولقێنن. کۆمەڵگای ئێمە تائێستاش لەدەرەوەی هەر پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و هەر ستراتیژێکی نوێی دابەشکردنی دەسەڵات و هەر گوتارێکی تازەی بەرهەمهێنانی هەقیقەتدا دەژی. بەبۆچوونی من شەڕی ئێمە تەنها لەڕووی فینۆمینۆلۆژیەوە لە شەڕەکانی دیکە دەچێت، بەڵام لەڕووی مانا و دەلالەت و دەرەنجامەکانییەوە تەواو جیاوازە. کۆتایی ئەم شەڕەش تائێستا وابەستەی کۆمەڵێک هەلومەرجی ناوچەیی و دەرەکییە نەک وابەستەی هاتنەکایە و خولقاندنی هەلومەرجێکی ناوەکی پتەو کەتێیدا شەڕ و پێکدادان کۆتاییان پێهاتبێت و کۆمەڵگای ئێمە لەسەر ڕەوتی گەشەکردنێکی ئاشتیئامێزانە وەستابێت. ئەم خاڵەیە وادەکات کەسێک ورد لە جیهانی ئێمە ڕامێنێت تووشی نائومێدی ببێت. نائومێدی بەم مانایە وابەستەی ئەو هەلومەرجە وجودی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەیە کە کۆمەڵگای ئێمەی تێکەوتوە.
بەبۆچوونی من ناکۆکییەکی گەورە لە وڵاتی ئێمەدا لەنێوان «مێژووی واقیعی» و «مێژووی فانتازیاکراو» ماندا هەیە. لەکاتێکدا واقیعی ئێمە واقیعێکە پڕ لە نائومێدی و کارەساتی تاکەکەسی و کۆستی گشتی، لەهەمانکاتدا پڕە لە مژدەی ئایدیۆلۆژی ناڕاست و ئومێدی ساختە و مژدەی درۆ. بێگومان ئومێد و مژدەبەخشین یەکێکن لە پێویستییە گەورەکان و هیچ واقیعێک نییە بتوانێت بەبێ مژدە و بەبێ ئومێد بژی، بەڵام بوونی مژدە و ئومێد بە تاقە سەرچاوەیەک بۆ کاری کۆمەڵایەتی مەسەلەیەکی پڕمەترسییە. مژدە حەواڵەی ئایندەمان دەکات، دەمانێرێت بۆ شوێنێک کە نییە، سەرنجمان لە سەر تێڕامانەوە لە ئێستا دەگوازێتەوە بۆ چاوەڕێکردنی ئایندە، ئەمانەش گەر لە سنوورێکی دیاریکراودا ڕانەگیران ئەوکات ڕوومان بەو مەترسییەدا دەتەقێتەوە کە واقیع نەبینین، مژدەکان لێنەگەڕێن گرفتەکان ببینین و وێنە قەشەنگەکانی ئایندە تاریکییەکانی ئێستامان لێ نابیناکەن. لە جیهانی ئێمەدا زۆرجار مژدە و بەڵێن و گوتارێکی پڕۆپاگەندەخوازی ڕۆژنامەگەریی بەرتەسک چوونەتە شوێنی فیکر و خوێندنەوە و کارکردنی شێلگیر بۆ گۆڕانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا. لەهەمووشی خراپتر

میکانیزمە سایکۆلۆژییەکانی مژدەبەخشین چوونەتە شوێنی کاری ڕەخنەیی عەقڵ لەسەر دنیا و دیاردەکان، لێرەوە تاریکییەکانمان لێدەکەنە ڕۆژی ڕووناک و مژدە ئایدیۆلۆژییەکان کەلاوەکانمان لێدەگۆڕن بە باخچە و کۆشکی نایاب.

جارێکی دیش دەیڵێمەوە کە مژدە پێوسیتییەکی کۆمەڵایەتییە بەڵام لە دوای کارەساتی ئەنفال و وێرانبوونی بەشێکی گەورەی کوردستان و بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ و بەهێزبوونێکی ترسێنەری سەلەفیەت و ئوسوڵیەتی ئاینی، ئێمە پێویستمان بە پێداچوونەوەی سیستم و شێواز و ناوەرۆکی مژدەکانمان هەیە. مژدەی ئێمە بە ئایندە دەبێت مژدەبێت بە هاریکاری و ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی پشتئەستوور بە سیستمێکی نوێی بەهاو نرخی کۆمەڵایەتی و کولتووری، ئەم مژدەیە دەبێت مژدەبێت بە پرۆسەیەکی بەرفراوانی بە عەقڵانی و بە دیموکراسیکردنی کۆی ئەو پەیوەندییانەی هێزە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێمە بەیەکەوە گرێدەدات. مژدەبێت بە پێناسەکردنەوەی سیستمی مانا و هەقیقەت و دابەشکردنی دەسەڵات. نائومێدی لەوێوەدێت تۆ لانیکەمی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەم پێویستییە گرنگانە لە کۆمەڵگای خۆتا نەدۆزیتەوە، لەوێوە دێت بەچاوی خۆت ببینیت کە کارەساتەکانی مێژووی ئێمە کۆی ئەو میکانیزمانەی لەهەر مانایەک بەتاڵکردۆتەوە کە مژدە و مژدەبەخشین لە جیهانی ئێمەدا کاریانپێکردوە، کەچی لە هەوڵی بەرهەمهێنانی میکانیزمێکی نوێ و عقڵانی مژدەبەخشیندا نین و تا ئێستاش ڕایزینین قووڵایی ئەو ناشیرینیانە ببینین کە هێزە باڵادەستەکانی واقیعی ئێمە بەرهەمیان هێناون، لە هێزە سیاسییەکانەوە بۆ هێزە دینییەکان و لەوانیشەوە بۆ ڕۆشنبیرە ساختەکان. ئێستاش هەر باس لەوەدەکەین کە دەبێت دان بەخۆماندا بگرین و ڕەخنە نەگرین و گۆڕانکارییە ڕاستەقینەکان هەڵگرین بۆدوای سەرکەوتن.

گەر سەرنجێکی ورد لە مێژووی سەدەی بیستەمی کۆمەڵگای خۆمان بدەین دەبینین مژدەکانی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە لە لە نیوەی دووهەمی سەدەکەدا بوونە کابوسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری گەورە. لەسەرەتای سەدەکەدا ئەحمەد موختار جاف خەون بەوەوە دەبینێت کە هێڵی شەمەدەفەر بچێتە شاخی هەورامانەوە، کەچی لە کۆتایی سەدەکەدا ئەم شاخانە دەبنە پایگای هێزێکی ترسناک و تاریکی وەک جوندول ئیسلام. ئەوەی لەم ساتەدا لەبەردەم نەوەی

ئێمەدا ماوەتەوە جۆرێکە لە نائومێدی قووڵ، بەڵام نائومێدییەک کە ڕەگەکانی لەناو گەڕان و هەوڵدانی بەردەوامدایە بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک ئومێدی نوێ. کۆمەڵێک ئومێد کە هەم ئینسانی ئێمە و هەم کۆمەڵگای ئێمە بکەنە بەشێک لە جیهانی هاوچەرخ و دەریکەن لەوەی بوونەوەرێکی ترسێنرا و قەناعەتپێکراو و بچووککراوبێت. من پێموایە هەنگاوی یەکەمی ئیشکردن لەسەر ئەو نائومێدییەی باسمکرد گۆڕینیانە لە دۆخی نائومێدییەکی سایکۆلۆژی و سیاسییەوە بۆ دۆخێکی فیکری. دەرکردنیەتی لە سەرزەمینی ناعەقڵانیەتەوە بۆ سەرزەمینی عەقڵانیەت، لانیکەم تیوریزەکردنیەتی لەچوارچێوەی ئەو ڕووداونەدا کە لە سی ساڵی ڕابووردودا لە کۆمەڵگای ئێمەدا هاتوونەتە کایەوە. ئەمەش لە قووڵاییدا مانای گۆڕینی ئاراستەکانی ئەم نائومێدییە بە هێزێک بۆ بەرهەمهێنانی ئومێد، هێزێک کە پەیمانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ پێشنیارکات و لەهەوڵی بەرهەمهێنانی سەرزەمینێکی نوێیدابێت بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەکی تازە و تەندروست بە خودی ئومێد خۆیەوە. بەبێ گۆڕینی نائومێدی ئێمە بۆ فیکر و گۆڕینی مژدەکان بۆ پلانی مێژوویی و لۆکاڵی زەحمەتە بتوانین کاری ڕاستەقینە لەناو مێژووی خۆمانا بکەین و ناتوانین لەو بازنە داخراوەی هەستان و کەوتن و بردنەوە و بەزاندنی بەردەوام ڕزگارمانبێت. ئەو نائومێدییە گەورەیەی لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە لە ڕۆژئاوا هاتەکایەوە بووە هۆکاری هاتنەکایەی چەندان ڕێبازی فیکری و فەلسەفی و کولتووری، بەرهەمەکانی سارتەر و کامۆ و ئەدۆرنۆ و مارکۆزە و فۆکۆ و چەندانی دیکە بەرهەمی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی وردی ئەو نائومێدیی و مەترسییە گەوارانەن کە دوای جەنگ لەدایکبوون. بۆئەمەش پێویستمان بە کاری زۆر و هەمەلایەنی ڕۆشنبیران هەیە و پێویستمان بە پەیمانێکی نوێ هەیە لەنێوان ڕۆشنبیریی و سیاسەتدا.

تۆ لە پرسیارەکەتدا هێمات بەوەکرد کە سیاسی ئێمە لەڕووی تیورییەوە قەناعەتی بەبۆچوونی ڕۆشنبیران هەیە بەڵام لە ڕووی عەمەلییەوە جێبەجێیان ناکات. بەدیوی ئەودیویشدا هێمات بەوەکرد کە ئەوان گوێ لە ڕەخنەی ڕۆژئاواییەکان دەگرن و گوێ لە دەنگی ڕۆشنبیرانی خۆمان ناگرن. من ئەو بۆچوونانەی تۆم کەم تا زۆر قبوڵە، بەڵام پێموایە کێشەی پەیوەندی نێوان

ڕۆشنبیران و سیاسییەکان لە وڵاتی ئێمەدا ڕەهەندی دیکەشی هەیە. من لێرەدا ئەو بۆچوونانە دووبارە ناکەمەوە کە تائێستا لەچەند نووسینێکدا لەسەر ئەم بابەتە نووسیومن بەڵام دەمەوێت لەو خاڵەوە دەستپێبکەم کە سیاسییەکانی ئێمە، لەڕاستیدا سیاسییەکان لە هەموو ناوچەکەدا، ڕۆشنبیران وەک هێزێکی سەربەخۆ و گرنگ و پێویست بۆ گەشەکردنی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی نابینن، بەپێچەوانە ئەوان ڕۆشنبیران وەک دیکۆرێک مامەڵەدەکەن و هەندێکجار وەک ئەرک و قورساییەک بەسەرشانی حیزبەوە دەیبینن. لای ئێمە حیزب ڕۆشنبیری ناوێت، ئەو کەسێکی ناوێت ڕەخنەگربێت و بە ئاقارێکی دیکەدا و جیا لەوەی حیزب دەیڵێت و دەینوسێت، بڵێت و بنووسێت، ئەو کەسێکی دەوێت ئەرکەکانی حیزب جێبەجێکات، یان پەیامەکانی حیزب لە سەرکردەکان وەرگرێت و بیکات بە شیعر و چیرۆک و ئینشا و بیبەخشێتەوە بە کۆمەڵگا. ڕۆشنبیران لەم پەیوەندییەدا ڕێک دەبێت وەک فەرمانبەری حیزبیان لێبێت و ئەو دەزگایانە ببەن بەڕێوە کە حیزب بۆیان دروستدەکات. لەم پەیوەندییەدا کاری ڕۆشنبیر لەوە دەکەوێت کە بەرهەمهێنانی فیکر و تێز و تیورە بێت، لەوە دەکەوێت نوێنەری ویژدانی کۆمەڵایەتیبێت و بەناوی کۆمەڵگاوە دژ بە سیاسەتی هەڵاوردن و نایەکسانی و پێشێلکردنی شێوە جیاوازەکانی عەدالەت بدوێت، لەم پەیوەندییەدا دەبێت ڕۆشنبیران ببنە بەرهەمهێنی ئەو گوتارە ئیعلامییەی حیزب پێویستی پێیەتی بۆ پیادەکردنی سیاسەتەکانی خۆی. لێرەوە من پێموانییە سیاسییەکان ئەسڵەن تاقەتیان هەبێت گوێ لە ڕۆشنبیران بگرن، وەک دەڵێن، کاتی خۆیان بە گوێگرتن لە قسەی ناو کتێبەوە بەفیڕۆنادەن. کاتێکیش گوێدەگرن مەسەلەکە تا ڕادەیەکی زۆر کارێکی شانۆگەرییانەیە و بۆ بەرهەمهێنانی وێنەیەکی تایبەت بۆ خودی سیاسییەکە و حیزبەکەی ڕوودەدات، نەک وەک سەرچاوەیەک بۆ دەسکاریکردن و گۆڕینی سیاسەت و بەرنامە و پلانەکان. لەم ڕووەوە ڕەنگە من کەمەکێک ڕەشبینتربم لە تۆ.

بێگومان تۆ سەد دەر سەد ڕاستدەکەیت کە سیاسییەکانی ئێمە زیاتر گوێی خۆیان بۆ دەنگێک دەکەنەوە کە لەدەرەوەی واقیعی کوردی و ڕۆشنبیرانی کوردەوە هاتبێت. بەتایبەتی دەنگێک لە قوژبنێک لە قوژبنە زۆرەکانی ڕۆژئاواوە دەرپەڕیبێت. من پێموایە تائێستا ئاستی تێگەیشتنی سیاسییەکانی ئێمە لە

ڕۆژئاوا هێجگار نزمە. با نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە کە ئەم ئاستی تێگەیشتنەی سیاسی ئێمە بۆ ڕۆژئاوا نیشانئەدات. من لە هۆڵەندا کوڕێکی هۆڵەندی دەناسم لە دوای ڕاپەڕین و ئازادبوونی کوردستانەوە بۆ کەیف و سەفا دەچێت بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ کوردستانی تورکیا و دوجار بەشێوەیەک لە شێوەکان دەگاتە کوردستانی عێراق. ئەم کوڕە لە هۆڵەندا پیاوێکی بێکارە و پارەی بێکاری وەردەگرێ و هیچ ئەرک و وەزیفەیەکی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمی نییە و لەڕاستیدا لە کەسێکی ئاسایی ئاساییترە. بەڵام کە دەگاتە کوردستان و لەگەڵ چەند کەسێکدا قسە دەکات، ڕاستەوخۆ دەیبەن بۆ لای یەکێک لە سەرکردە کوردەکان و چەند سەعاتێک لەگەڵ ئەو سەرکردە کوردەدا دەدوێت. ئەم کوڕە دوو ساڵێک لەمەوبەر لە چاخانەیەکدا لە ئەمستردام حیکایەتی ئەم یەکتربینینەی لەگەڵ ئەو سەرکردە کوردەدا بۆ من و چەند کوردێکی دیکە گێڕایەوە و قا قا پێدەکەنی. ئەمە لەکاتێکدا من گومانێکی گەورەم هەیە لەوەی ئەو سەرکردە کوردە ئامادەبێت چەند کاتژمێرێک بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆشنبیرێکی کوردا تەرخانکات، یان بەو ئاسانییە هەلی بینینی سەرکردەکان بە ڕۆشنبیران بدرێت. مەسەلەکەش لەسەرێکەوە وابەستەی گرێی هەستکردنە بە بچووکی لە بەرامبەر ئەوروپی و ئەمریکیدا، لەسەرێکی دیکەوە وابەستەی شوێن و جێی ڕۆشنبیرانی کوردە لای سیاسییەکانی ئێمە، کە شوێن و جێییەکی نزم و بێمانایە. بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە لەبەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەم شێوەیە و ئەوروپی و بیانی خاوەنی قورساییەکی زیاترن لە خۆماڵی. پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێت: گۆرانیبێژی گەڕەکی خۆمان ناتوانێت گۆرانی بڵێت. ڕۆشنبیرانی کوردیش لە پەیوەندیان بە سیاسییەکانی کوردەوە وەک ئەو گۆرانیبێژە عەرەبە وان، نەدەنگیان خۆشە و نە دەتوانن گۆرانی بڵێن.

بێگومان تێکچوونی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیران و سیاسییەکان لە وڵاتی ئێمەدا بەتەنها خەتای سیاسییەکان نییە، بەڵکو خەتای ڕۆشنبیران خۆشیانە. بەشێک لە ڕۆشنبیرانی ئێمە دەربەستی بێلایەنی و سەربەخۆیی و ڕەخنەیبوونی خۆیان نین، کە دەڵێم بێلایەنی مەبەستم لەوە نییە بڵێم نابێت خەریکی کاری سیاسی بن بەڵکو دەمەوێت بڵێم نەکەونە ناو ئەو کێشە و شەڕ و پێکدادانە موسمیانەوە کە حیزبە کوردییەکان لەگەڵ یەکدا بەرپای دەکەن و نەبن بە بەشێک لە خودی ئەو

کێشەیە. بەداخەوە بەشێکی باشی ڕۆشنبیران فەرمانبەری حیزبەکانن و بەپێی ئاواز و مۆسیقا و نەغمەکانی حیزب سەمادەکەن و بەشێکی دیکەشیان لەدەرەوەی پەیامی ڕۆشنبیر و بەرهەمهێنانی فیکر و کاری میتۆدیدا دەنووسن. لەهەردوو دۆخەکەشدا کۆمەڵگای ئێمە بەتەنها و بێڕۆشنبیر بەجێهێڵدراوە. هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە وایانکردوە ڕۆشنبیران نەتوانن ببنە هێزێکی سەربەخۆ و قورساییەکی مەعنەوی و ڕەمزییان لەسەر زەمینی واقیعدا هەبێت و بتوانن کاریگەربن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلانە با سەرنج لە کایەی ڕۆشنبیری خۆی بدەین. بەبۆچوونی یەکێک لەو هێزانەی کە ناهێڵێت ئەم کایەیە لەناوەوەڕا تازەببێتەوە بەشێکی بەرچاوی ڕۆشنبیران خۆیانن، بە دەیان ڕۆشنبیرمان هەن هەڵگری بڕوانامەی قەبەن بەڵام هێشتا بە چەمک و وێناکردن و تێڕوانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە جیهان و دیاردەکان ڕادەمێنن. لە کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیری تەقلیدیمان هەیە کە سەرمایە ڕەمزییەکەیان لەسەر سەلەفیەتێکی فیکری و فەرهەنگی و ئەدەبی دروستبووە، ئەمانە هەر ڕەخنەگرتنێک لەم سەرمایە تەقلیدییە و ناچارکردنی بە تازەکردنەوە و گۆڕان، وەک پەلامارێکی شەخسی دەبینن و دواجار هەر لە ئاستی شەخسیشدا وەڵامی ئەو جۆرە ڕەخنانە دەدەنەوە. یەکێک دەتکات بە خائین و دژی کورد و کوردستان و یەکێکی دیکە دەتکاتە سەرچاوەی مەترسی لەسەر نەوەی نوێ و کولتوور و کەلەپووری کوردی و سێهەمیش دەڵێت ئەم پیاوە دژ بە هەموو ڕۆحێکی ڕەسەنانەی کوردییە و غەربزەدەیەکی تەمام عەیارە .

بەکورتی لەناوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەدا هێزێک باڵادەستە کە نایەوێت تازەببێتەوە، بۆ نموونە من و تۆ چیبکەین لە مامۆستایەکی ئەدەب لە زانکۆدا کە پێناس و تێگەیشتنی بۆ شیعر تا ئێستا بستێک ئەمدیوی پێناس و تێگەیشتنی مامۆستا عەلادین سوجادی نەهاتبێت، چی لە ڕەخنەگرێکی خاوەن شەهادە لە ئەدەبدا بکەین کە تا ئێستاش باسی ڕیالیزمی سوسیالیستی لە مانا ستالینییەکیدا بۆ قوتابییەکانی دەکات، وانەی فەلسەفە دەڵێتەوە کەچی نووسینەکانی لە هەر قووڵاییەکی فەلسەفی بێبەرین. کێشەکە لەوەدایە بەشێکی زۆری ئەم بەڕێزانە وادەزانن کە مەعریفەیان خەتم کردوە و چیدی پێویستیان بە

خوێندنەوە و فێربوون و ماندووبوون نییە، کە مەرحەمەتیان کرد و نووسیشیان پێویست ناکات سەرچاوە بەکاربهێنن چونکە ئەوان هەموو فیکر و زانست و مەعریفەیان خەتمکردوە. بەهەرحاڵ لاوازی و بەتاڵی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسیارە لە تێکچوونی ئەو هاوکێشەیەی ئەمڕۆ لەنێوان سیاسەت و ڕۆشنبیرییدا لە کوردستاندا ئامادەیە و وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد بەبێ جیابوونەوەی کایەی ڕۆشنبیری لە کایەکانی دیکە و بەبێ تازەکردنەوەیەکی گەورە و هەمەلایەنی ئەم کایەیە و بەبێ بەرهەمهێنانی وێنەیەکی نوێ بۆ ڕۆشنبیر، زەحمەتە بتوانین ئەو پەیوەندیانە بگۆڕین کە سیاسەت و ڕۆشنبیریی لە کوردستاندا بەیەکەوە گرێدەدەن. ئەمەشمان نەکرد زەحمەتە ڕۆشنبیرانی ئێمە بتوانن وەک هێز و ڕەمز و مانا قورساییان هەبێت و زەحمەتە بتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو لە گۆڕینی کۆمەڵگای ئێمەدا، بگێڕن.
کەوابوو هەنگاوی یەکەم بە تازەکردنەوەی سەرلەبەری پێکهاتی ڕۆشنبیریی کوردی دەستپێدەکات، بە دەوڵەمەندکردنی ئەم پێکهاتەیە بە کۆی ئەو ڕێباز و قوتابخانە فیکری و میتۆدییانەی ئەمڕۆکە ئامادەن و هەڵگری زەخیرەیەکی فیکری و مەنهەجی و مەعریفی گەورەن. کاتی ئەوە هاتووە تێبگەین کە ئێمە لە هەژارییەکی ڕۆشنبیریی کوشندەدا دەژین و بەشێکی گەورەی سەرچاوەکانی هەژاری سیاسیش لەم هەژارییە ڕۆشنبیرییەوە هاتووە. ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا نوکتەیەکی فیکری زۆر گەورە لای زۆر ڕۆشنبیری سەلەفی و تەقلیدی ئامادەیە، ئەویش کورتکردنەوەی فیکر و قوتابخانە فیکرییەکانە بۆ ناوەکانیان و دوای ئەوەش ڕەفزکردن و ڕەجمکردنی ئەو ناوانە. بۆ نموونە یەکێک دێت و دەڵێت ئەم شتەی تۆ دەیڵێیت بونیادگەرییە و بونیادگەری مردوە و بەکەڵکی کورد نایەت، یەکێکی دی دێت و دەڵێت ئەم نووسینە «پەس مۆدێرنە» و کورد و پەس مۆدێرنیان نەگوتوە، سێیەم دێت و دەڵێت ئەم لێکدانەوە و ڕاڤەکردنە سەر بە قوتابخانەی فرۆید و شیکارگەریی دەروونییە و بەسەر پێکهاتی سایکۆلۆژی کوردیدا ناگونجێت، چوارەم دێت و دەڵێت مارکسیزم فەلسەفەیەکی ئەڵمانی و یەهودییە و کورد ڕۆژهەڵاتی و موسڵمانە، حاشا ئەم دووانە بۆیەک نابن. بەمجۆرە ئەم شێوە تەماشاکردنە هەموو قوتابخانە فیکرییەکانت بۆ کورتدەکاتەوە بۆ ناوەکانیان و دوای ئەوە هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر

هەریەکێکیاندا دەهێنێت. ئاشکرایە ئەم جۆرە بۆچوونانە جگە لە بێنرخکردنی فیکر شتێکی دیکە نین و بەهیچ مانایەک شتێک ناخەنە سەر عەقڵ و خەیاڵ و چێژی ئینسانی کورد. کە ئەمەشیان نەکرد ئیدی چۆن بتوانین چاوەڕوانی ئەوەبین کە ڕۆڵێکی دیاریکراو بەرچاو و گرنگ لە کۆمەڵگادا ببین و چۆن بتوانن کار لە کایەی سیاسی کوردی بکەن.

کوردستانی ئەمڕۆ بەهیچ مانایەک کوردستانی بیست ساڵ لەمەوبەر نییە، بەشێکی گەورەی کوردستانی عێراق ئازادە، هەلومەرجی ناوەکی ئێران گۆڕاوە و ئەمەش کەم تا زۆر کاریگەری لەسەر ئێوە هەیە و هەبووە، لە تورکیادا دنیایەکی نوێ لە دروستبووندایە. بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆ لەدەرەوەی کوردستان و لە ئەورووپا و ئەمریکا و شوێنەکانی دیکەی جیهاندا دەژی. ئەم گۆڕانکارییە تازانە پێویستیان بە ڕۆشنبیریی و سیاسەت و پەیوەندییەکی نوێی نێوان ڕۆشنبیران و سیاسییەکان هەیە.

پرسیار: تۆ باسی گواستنەوەی ڕۆشنگەری و ڕۆشنبیریی ئەکەی بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی و دەخوازیت وەک دیاردەیەکی تازە بتوانێت ئیشبکات، سەرلەبەیانی ئەمڕۆش باسی ئەوەت کرد گوایە لە پەنجاکان و شەستەکاندا لە هۆڵەندا جۆرێک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ئارادابوون لەو پەیوەندییانە دەچن کە لەمڕۆدا لە بەشێکی کۆمەڵگای کوردیدا ئامادەن. بەڕای من کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکە لانیکەم بە پێچەوانەی کۆمەڵێک لەو کۆمەڵگا غەربیانەوە، تەیاری ئێوە، ڕەوتێک کە پێدەگوترێت تازە، لەم بەش و لەودیوی کوردستاندا زۆرباش وەردەگیرێت و بایەخی پێئەدرێت. ئەگەر ئەم شانسە گەورەیە بۆ گوتاری تازەی ڕۆشنبیری کوردیی نیگەرانییەک و لەهەمانکاتدا جۆرێک خۆشبینیش دروستدەکات، نیگەرانییەکە لەوەوەیە کە ئێمە بەردەوام هەستبکەین کە ئێمە نەمانتوانیبێت چرکە ساتەکانی دنیای ئەمڕۆ دەرک بکەین و هەنگاوەکانمان لەگەڵ ئەو دنیایە یەکبخەین و بەشێوەیەکی سەردەمییانە بتوانین ئیش بکەین، خۆشبینییەکەش لەوێوە دێ کە گوتاری نوێی ڕۆشنبیری خەریکە بەرە بەرە دادەسەپێت بەسەر سیاسییەکاندا. ئەم گۆڕانەش لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە باشتر دەبێت و ئەوەی ئەمساڵ گرنگیت پێنادات ساڵی داهاتوو دەیدات.

وەڵام: دەشێ وابێت، هیوادارم وابێت، پڕبە دڵ حەزدەکەم وابێت. هیوادارم لەنێوان ڕۆشنبیران و سیاسیەکانی کوردا جۆرێک لە ئاڵوگۆڕی خەیاڵ و مەعریفە و دەسەڵات لە ئارادابێت. هیوادارم ئەم دوو هێزە گرنگەی دنیای ئێمە لێکدوورنەکەونەوە و ستراتیژێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری هەم ئەمان و هەم زۆربەی هێزەکانی دیکەی ناو ئەم کۆمەڵگایە بەیەکەوە کۆکاتەوە. هیوادارم لەباتی بەدناوکردنی یەکدی، لەباتی بەدگومانی و گوێ لەیەکدی نەگرتن، پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نوێ هەموومان پێکەوە کۆکاتەوە. کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نوێییە کە لەسەرێکەوە هێزە جیاوازەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە چوارچێوەیەکی دیموکراسی و کراوەدا پێکەوە کۆکاتەوە، لەسەرێکی دیکەشەوە بمانکات بە بەشێک لە دنیای هاوچەرخ. ئێمە هیچ هەلێکی مێژوویمان لەبەردەمدا نەماوە لە دەرەوەی دروستکردنی چوارچێوەیەکدا کە هەم هێزەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە بەرەو ئاشتییەکی عەقڵانی و یاسایی درێژخایەن ڕێنماییکات هەم لەپەیوەندییەکی کراوە و تەندروستابێت لەگەڵ جیهاندا. ئەم کارەش زەحمەتە بەبێ کارکردنی پێکەوەی فیکر و سیاسەت. ئێمە ناتوانین ببین بە بەشێک لە جیهان گەر لەناو خۆماندا ئازاد نەبووبین لە دۆگمی ئاینی و ڕۆحی خێڵ و عەقڵی بنەماڵە و دیدی ناوچەگەرایی بەرتەسک. بۆئەوەی بەسەر جیهاندا بکرێینەوە دەبێت بەسەر خۆماندا بکرێنیەوە و بۆئەوەی بەسەر خۆشماندا بکرێینەوە دەبێت بەڕووی جیهاندا بکرێینەوە. ئەم دوو هەڵقەیە زۆر توند بەیەکەوە گرێدراون و لێکدیجاکردنەوەیان زەحمەتە، ئەو دوو هێزەش لە کوردستاندا بتوانن ئەم دوو هەڵقەیە بەیەکەوە گرێدەن بریتیین لە سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران.

بەدەر لەو دیوە ڕووناکەی تۆ باسیدەکەیت دەمەوێت پێ لەسەر ئەوخاڵە داگرم کە ڕۆشبیران بەردەوام پێویستیان بە جۆرێک لە نیگەرانی هەیە، ڕۆشنبیر بێ نیگەرانی ناژی، نیگەرانی بەشێکە لە ڕۆحی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی. لەم ڕووەوە فەیلەسوفێکی گەورەی وەک گرامشی پەیوەندییەکی دانەبڕاو لەنێوان ڕۆشنبیر و نیگەرانیدا پێشنیاردەکات. بەبۆچوونی من سەرچاوەی نیگەرانی ڕۆشنبیر لەوەدایە کە ئەو خەونی گەورە بە گۆڕانەوە دەبینیت و واقیعەکەی خەونی بچوکتر، یان وا هەستبکات کە ڕووبەڕووی واقیعێکە هەر لە ئەسڵەوە نایەوێت

خەون ببینێت، یان لە هەموو ئەمانەش خراپتر، لەو باوەڕەدابێت کە لەگەڵ واقیعێکدا دەستگیرە کە هیچ زەمینەیەکی مادی و مەعنەوی بۆ خەونبین تیا نەمابێتەوە. نیگەرانی هێزێکی ڕۆحیی و دەرونی گرنگە بۆ تازەبوونەوە، بۆ هەوڵدان بۆ دەرچون لەو قاڵبە داخراوانەی کە تاکەکەس و کۆمەڵگا تێیدەکەون. بەبێ نیگەرانی ڕۆشنبیران، دەشێت بکەوینەوە ناو جیهانێکەوە توانای بینینی ڕووکارە ناشیرین و خراپەکانی خۆی نەبێت، نیگەرانی هەنگاوی یەکەمی ڕەخنەگرتنێکی ڕادیکاڵ و بەسەمەرە.
لە پەیوەندیشدا بە منەوە وەک تاکەکەس دەمەوێت ئەو ڕاستییەت پێبڵێم من کاتێک خۆشبین دەبم کە ببینم ڕۆشنبیران لە کوردستاندا لە خاڵی ڕەخنەگرتنەوە دەستپێبکەن بەتایبەتی لە ڕەخنەگرتن لە مەرجەعەکانەوە دەستپێبکەن، بەبێ ڕەخنە لە مەرجەعەکان من زەمینەیەکی ڕۆشنبیریی و فیکری و مەعریفی بۆ خۆشبینی نابینم. بە مانایەکی دیکە من خۆشبینی وەک دەرەنجامی دروستبوونی پەیوەندییەکی هارمۆنی لەنێوان ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداراندا نابینم، گەر هاتو ئەم هارمۆنیەتە لەسەر پاراستنی بنەما تەقلیییەکانی فیکر و ئەخلاق و کولتوور دروستبووبن. ڕۆشنبیران دەبێت ڕەخنە لە گوتارە باڵادەستەکان بگرن و بنەما مەرجەعیەکانیان زۆر بە وردی بخوێننەوە. من خۆم کەم تازۆر بەم ئاراستەیە کار دەکەم و هەندێک لە نووسەرەکانی دیکەی گۆڤاری ڕەهەندیش بە هەمانشێوە. بۆ نموونە یەکێک لە ووتارەکانی من تەرخانە بۆ ڕەخنەگرتن لە بیرۆکەی یەکگرتن، پێمـوایە ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت کورد دەبێت ببێت بەیەک و یەکبگرێت بیرۆکەیەکی تۆتالیتاری و پڕ مەترسییە. کورد، لەڕاستیدا نەک تەنها کورد هیچ کۆمەڵگایەک لە جیهاندا نادۆزینەوە کە «یەک» بێت، فیکرەی یەکبوون مەرجەعێکی ئاینی هەیە و لە یەکبوونی ئیلاهییەوە سەرچاوەی گرتووە. کۆمەڵگای کوردی، وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی جیهان، پڕە لەهێزی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کولتووریی جیاواز، کۆمەڵگایەکە وێنە و دید و مژدە و چاوەڕوانی و سیستمی جیاوازی بەرهەمهێنانی مانا و دەلالەت و هەقیقەتی تێدایە. ئەم هەموو جیاوازییانە مەحاڵە لە خاڵێکدا و لەژێر دەستەواژەیەکی ساکاری وەک یەکگرتندا کۆکرێنەوە. ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە پێویستی پێیەتی یەکگرتن نییە، یەکگرتن بەمانای

تواندنەوەی هەموو جیاوزییەکان لەناو فیکرێک، بۆچوونێک، حیزبێک، بنەماڵە و سەرکردە و پرۆژەیەکدا. بەپێچەوانەوە ئەوەی ئێمە وەک نان و ئاو پێویستمانە دۆزینەوە و رێککەوتنە لەسەر بەرهەمهێنانی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ کۆکردنەوە و جێنشینکردنی جیاوازییەکانمان لەناویدا، بەبێئەوەی ئەم جیاوازییانە لە پەیوەندییەکی یەکدی نەفیکەر و شەڕانگێز و وێرانکەردابن لەگەڵ یەکدا. ئێمە پێویستمان بە چوارچێوەیەکی گشتییە کە بە هەموو فۆرمەکانی جیاوازیی ناو کۆمەڵگای کوردی مافی بوون و گەشە و تەعبیری یەکسان ببەخشێت. سڕینەوەی جیاوازییەکان و قبووڵنەکردن و سەرکوتکردنیان بەناوی بوونی یەک ڕاستی و یەک شووناس و یەک سەرکردە و یەک حیزب و یەک ڕزگارکەر و یەک هەقیقەتەوە، بەکورتی بەناوی یەکگرتن و بەیەکبوونەوە، پرۆژەی شەڕی ناوخۆی نێوان هەموو هێزەکان لەهەمووکات زیندوتر و بەهێزتر و ئامادەتر دەکات. ئینکارکردنی ئەم جیاوازییانەش سەرچاوەی کارەساتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییە. لێرەوە بیرۆکەی یەکگرتن وەک مەرجعێکی سیاسی و کولتووری و ئەخلاقی پێویستی بەڕەخنەلێگرتن و پێداچوونەوە هەیە. وەک دەبینیت ئەم شێوازە لە ڕەخنەگرتن ڕەخنەگرتنە لەو بنەما گشتییانەی کە ئێمە تا ئێستا کارمان پێکردوە، لەهەمانکاتیشدا پێشنیارکردنی ئاسۆیەکی دیکەیە بۆ کاری فیکر و عەقڵ و خەیاڵی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێمە.

یەکێکی دیکە لەو گوتراوە سیاسییانەی کە دەبێت بەردەوام لەبەردەم ڕەخنەلێگرتندابێت مەسەلەی حیزبی سەرکردە و سەرۆکی کاریزمییە، ئەم دوو چەمکە تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسیارن لە کێشە و قەیرانە سیاسییە قووڵەکانی دنیای ئێمە، هەردوکیان بە مانایەک لە ماناکان مایەی بەهێزبوونی زۆربەی هەرە زۆری پایە تەقلیدییەکانی ئەخلاق و سیاسەت و شێوازی سەلەفیانەی دەسەڵاتن. سەرۆکی کاریزمی و حیزبی سەرکردە دوو ناوی دیکەن بۆ عەقڵیەتێکی تەقلیدی کە بەناوی پیرۆزی و موعجیزە و موعجیزەکارییەوە ئەدوێن. لەشوێنی ئەم چەمک و بۆچوون و وێناکردنانە پێویستمان بە عەقڵانیەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری نوێ هەیە، کە لە داننان بە مافی جیاوازبوون و بنیادنانی چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ پاراستن و ڕێزگرتن لە جیاوازی

دەستپێبکات. واتە لەباتی ئەوەی باس لە حیزبی سەرکردە بکەین دەبێت هەوڵی بنیادنانی کایەیەکی سیاسی بدەین تێیدا حیزبی یەکسان بەیەک و کولتوورێکی سیاسی پلورالی تێدابێت کە پەیوەندییە سیاسییەکان لەسەر بنەمای یاسایی ڕێکبخات. لەباتی سەرۆکی کاریزمی و هەمووشتزان و سیحرباز، سەرۆکێک لەباتی هەموان بیرکەرەوە، نوخبەیەکی سیاسیمان پێویستە کە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە و کاری فیکری و ناسینی وردی کێشە جیاوازەکانی ناو خانە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردی کاربکات و لەدیالۆگێکی ڕاستەقینەدابێت لەگەڵ کۆمەڵگادا. بەم مانایە کایەی سیاسی و کولتووری و ئەخلاقی ئێمە پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەرییە و پێویستی بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی زۆربەی ئەو چەمک و بۆچوون و وێناکردنانە هەیە کە لە ناوەوەڕا کار بەم کایانە و بە ئەکتەرەکانی ناویان دەکەن. بەکورتی ئێمە لەمڕۆدا پێویستمان بە پرۆژەیەکی ڕەخنەیی قووڵی خوێندنەوەی گوتارە جیاجیاکانی ناو واقیعی کوردی هەیە، لە گووتاری ڕۆشنبیرییەوە بۆ گوتاری سیاسی و لە گوتاری سیاسییشەوە بۆ گوتاری ئەخلاقی هتد... ئەم گوتارانە بەرپەرسیارن لە دروستکردنی شێوازێکی دیاریکراوی ڕۆشنبیر و سیاسی و ئەخلاقگەر کە کۆمەڵگای ئێمەیان بە قەیرانەکانی ئەمڕۆ گەیاندوە.

سەبارەت بە وێناکردنیشمان بۆ کۆمەڵگا دەمەوێت لەو ڕاستییە سادەیەوە دەستپێبکەم کە لە هەموو دنیادا کۆمەڵگایەک نادۆزینەوە هەموو هێزەکانی ناوی بووبن بە یەک و یەکیان گرتبێت. یەکبوونی کۆمەڵگا وەهمێکی کۆمەلآیەتییە و لە سۆسیۆلۆژیای سەدەی نۆزدەهەمەوە سەرچاوەی گرتووە. دۆخی سروشتی کۆمەڵگا دۆخی ململانێ و کێشمەکێشی کۆمەلآیەتی و کێبەرکێی سیاسی و جیاوازی ئەخلاقی و کولتوورییە، نەک دۆخی هارمۆنیەت و هاوشێوەیی و یەکبوون. جیاوازی سەرەکی نێوان کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانیش، بۆ نموونە، لەگەڵ کۆمەڵگایەکی لە بابەتی کۆمەڵگای ئێمەدا لەوەدایە کە یەکەمیان چوارچێوەیەکی گشتی و یاسایی بەرهەمهێناوە کە هێزەکان لە لەناویدا، بەپێی کۆمەڵێک بەها و یاسا و نرخ و مژدە و وێناکردنی هاوبەش، دەجوڵێنەوە. لەکاتێکدا کۆمەڵگای ئێمە ئەم چوارچێوەیەی نییە و ململانێکانی ناوی لە ململانێی ناو جەنگەڵە سەرەتاییەکان دەچن. جیاوازی نێوان ئێمە و ڕۆژئاواییەکان لەم خاڵەدایە، لە

کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا چوارچێوەیەکی یاسایی گشتی و کراوە لەئارادایە و ململانێکان لە هەناوی ئەو چوارچێوەیەدا پیادەدەکرێن، لەکاتێکدا ئێمە ئەو چوارچێوەیەمان نییە و کێشەکانمان لەژێر سێبەری ڕەحم و ئارەزوو سایکۆلۆژیای دەسەڵاتداراندا چارەسەردەکرێن. ئەمەیە وادەکات زۆربەی کات ململانێکان لای ئێمە شێوازێکی توند و تیژ و خوێناوی بگرنە خۆیان، جا چ توندوتیژی مادیبێت لە فۆرمی شەڕ و پێکدادانی خوێناویدا، یان توندوتیژی ڕەمزی لە فۆرمی ئەو هەموو تۆمەت و بوختان و یەکدی تاوانبارکردنە هەمەلایەنیانەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیە، لەکاتێکدا لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا چوارچێوەیەکی یاسایی لەئارادایە کە کێشەکان لە ناویدا و بەپێی یاساکانی ئەو چوارچێوەیە چارەسەردەکرێن. خودی دیموکراسیەت خۆشی بریتییە لە پرۆژەی بنیادنانی ئەو چوارچێوە یاساییە کراوەیەی تێیدا هەر هێزێک مافی بوون و ئاخاوتن و دەربڕینی سەربەخۆی هەیە و هەرهێزێکیش لەشوێنی خۆیەوە بەرپرسیارە بەرامبەر بە پاراستنی بنەماکانی ئەو چوارچێوە گشتییە. لەم چوارچێوە گشتییەدا مەرجەع تەنها مەرجەعی هێزە باڵادەستەکان نییە. مەرجەعی تاقە هێزێک لە هێزەکان نییە، بەڵکو بەرەنجامی ململانێیەکی کراوەی زیاد لە هێز و لایەنێکی کۆمەڵایەتییە و بەگۆڕانی پەیوەندییەکانی هێز گۆڕان بەسەر هەندێک لایەنی ئەو مەرجەعانەشدا دێت.

بەڵام با ئەوەمان لەیادنەچێت کە ئەم کۆمەڵگایانە، مەبەستم لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانە، بەهیچ مانایەک چەند سەدەیەک لەپێشی کۆمەڵگاکانی ئێمەوە نین. لە وڵاتێکی وەکو هۆڵەندادا، کە بەزۆر مانا وڵاتێکی پۆست مۆدێرنە، ئافرەتان تا کۆتایی ساڵانی شەست، کاتێک شویانکردوە، وازیان لە کارکردن هێناوە، ئەخلاقیاتی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا ئافرەتی ئیشکەری شووکردوی بە زەحمەت بۆ قبووڵکراوە. ئافرەتی شووکردو کەسێکبووە لەماڵدا ماوەتەوە و مناڵی پەروەردەکردوە و پیاوەکەی بەخێوی کردوە. ئافرەتانی فەرەنسی لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە مافی دەنگپێدانیان وەرگرتوە، لە چەند بەشێکی وڵاتێکی وەک سویسرادا مافی دەنگدان بە ئافرەتان دواکەتوە بۆ کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم. ئێستاش لەناو ئەورووپادا حیزبی سیاسی وا هەیە کە باوەڕی بە بەشداربوونی ئافرەتان لە کاری سیاسیدا نییە و لەناو پەرلەمانی

ولاتە ئەورووپییەکانیشدا کورسیان هەیە. بێگومان جیاوازی گەورە لەنێوان مەهەباد و سلێمانی و دیاربەکر و ئەمستردامدا هەیە. لە ئەمستردامدا دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی بەهێزە و ڕەخنە و دەسکاریکردن و گۆڕانی مەرجەعەکان مەسەلەیەکی داخراو نییە. لە ڕاستیدا لەشارێکی وەک ئەمستردامدا، لەدەرەوەی پاراستنی ئاسایشی گشتی شارەکەدا و لەدەرەوەی پاراستنی ئەو بنەما دیموکراسییە گشتیانەدا کە سیستمی دیموکراسیەت دەپارێزن، هیچ مەرجەعێکی نەگۆڕ نادۆزینەوە. من وەک کوردێک لەم شارەدا تەواو ئازادم چ فۆرمێک بە ژیان و ئەخلاقیات و هەڵسوکەوتی خۆم ئەدەم، موسڵمانێک ئازادە لەوەدا مزگەوتی هەبێت یان نا، لەپاڵ دیواری کەنیسەکاندا دوکانی سۆزانییەکان کراوەیە، حیزب و هێزە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە جیاوازەکان پێکەوە ئامادەن. هەموو ئەم هێزە جیاوازانە لەپاڵ یەکدا و بەبێ کێشەی گەورە دەژین و ژیانی ڕۆژانەیان بەڕێوە دەبەن. هیچ مەرجەعێک لە مەرجەعەکان بەناوی دواهەمین هەقیقەتەوە نادوێت، لەباتی ئەمە چوارچێوەیەکی کراوە ئامادەیە کە شوێنی بۆ چەندان مەرجەع تێدا ئاواڵەیە. بەپێچەوانەوە، لای ئێمە بەردەوام مەرجەعێک هەیە کە دەستنیشانی هەموو ڕاستییەکان و هەموو ماناکان و هەموو ئاراستەکان دەکات، مەرجەعێک کە لەسەر بێدەنگکردنی مەرجەعەکانی دیکە و لەسەر مۆنۆپۆڵکردنی هەموو هەقیقەتەکان دەژی. سەرەڕای ئەمە قسەکردن لەسەر مەرجەع و ڕەخنە لێگرتنی لە تابوە هەرە گەورەکانی کۆمەڵگای ئێمەیە. ئێمە بە دەگمەن نەبێت مەرجەعەکانی خۆمانمان وەبەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە نەداوە، کە ئەمەشمان نەکردوە کۆمەڵگایەکمان بەرهەمهێناوە بەشێکی زۆری کێشەکانی خۆی ناناسێت، یان ناهێڵن بیناسێت. بێگومان نە مەهەباد دەبێت بە ئەمستردام و نە سلێمانی بە پاریس، ئەمانە شاری جیاوازن و کولتوور و خەڵک و هێزی جیاوازیان تێدا دەژی، بەڵام ئەوەی کە مەهاباد و سلێمانی پێویستیان پێییەتی بوونی جۆرێک لە کرانەوەیە کە تێیدا بشێت لەو ڕاستییە تێبگەین کە هەقیقەت چەندەها دەموچاوی هەیە و کەس ناتوانێت هەموو هەقیقەتەکانی پێبێت. بۆئەوەی ئەم کارەش بکەین پێویستمان بە سێ سەدە نییە و لەم ڕووەوە ئێمە بە هیچ مانایەک سێ سەدە لە دوای ئەورووپا و ئەورووپییەکانەوە نین.

با عێراق وەک نموونە وەرگرین، لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقییەوە تا شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ ئەم وڵاتە خاوەنی سیستمێکی سیاسی پەرلەمانی بوو، بەهیچ مانایەک دەسەڵات بەتەنها لەدەستی حیزبێک، یەک گروهی سیاسی و یەک بنەماڵەدا نەبووە، سنوورەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی تەنها بەڕووی گروهێک لە گروهەکاندا کراوە نەبووە و جۆرێک لە لیبرالیەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری لەئارادابووە. تا شۆڕعی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ هەمیشە پانتاییەکی کراوە و کۆنترۆڵنەکراو هەبووە بۆ جوڵانەوە و کاری کۆمەڵایەتی و دیدی سیاسی هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵات. بێگومان ئەم سیستمە نووقسانی هەبووە، باش ئیشی نەکردوە، پێویستی بە گۆڕان و دەسکاریکردن هەبووە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە زۆر باشتربووە لەو سیستمە سیاسییانەی لە عێراقی دوای ١٤ی تەموزدا هاتنەکایەوە و یەکەمین شتێک وێرانیانکرد پەرلەمان و هەڵبژاردنی ئازاد و کاری سیاسی ئاشکرا بوو. دەوڵەتی دوای کۆلۆنیاڵ لە عێراقدا دەوڵەتێکە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی تاقە حیزبێک و ئەم حیزبەش کورتدەبێتەوە بۆ شەخسی سەرکردە و ئەو کەسانەی لەم سەرکردەیەوە نزیکن. ئەم سیستمە تەواو داخراوە ڕێک پێچەوانەی ئەو سیستمە سیاسییە کراوەیەیە کە پێشتر لە عێراقدا ئامادەبووە، دواهەمین دەرەنجامی ئەم سیستمە داخراوەش هاتنەکایەی سەدام حوسەین و ماڵ و مناڵ و عەشیرەتەکەیەتی. گەر هاتبا دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیالی عێراقی دەوڵەتێک بوایە سیستمی پەرلەمانی بپاراستایە و گەشەی بە لایەنە لاوازەکانی بدایە و نووقسانیەکانی چاکبکردایە، ئێستا ئێمە لە عێراقدا لەباتی ئەزموونی زیاد لە سی ساڵ تۆتالیتاریزم خاوەنی ئەزموونی نزیکەی سێ چارەکە سەدە سیستمی پەرلەمان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەبووین، ئەمەش بۆخۆی زەخیرەیەکی مێژوویی گەورەی پەرەپێدان و چەسپاندنی دیموکراسیەت و فرەدەنگی دەبوو لەو وڵاتەدا. ئەوەمان لەیاد نەچێت شوێنێکی وەکو ئیسپانیا تا هەفتاکانی سەدەی بیستەم خاونی دیکاتۆرێک و سیستمێکی دیکتاتۆریانە بووە، بەڵام لەماوەی سی ساڵی دواییدا گۆڕانی دیموکراسیانەی گەورە گەورە لەو وڵاتەدا هاتە کایەوە. ئێستا دیموکراسیەت لەو وڵاتەدا کەم تا زۆر قۆناغی مناڵی بەجێهێشتوە و لەسەرپێکانی خۆی دەڕوات.

لێرەوە من ڕێک دژ بەو بۆچوونەم کەپێیوایە ڕۆژئاوا سێ سەدە لەپێش ئێمەوەیە

و ئێمە دەبێت سێ سەدە تەحەمولی هەموو ئەو کارە ناشایستە و خراپانە بکەین کە سیاسەت و ئەخلاق و کولتووری باڵادەست لە وڵاتی ئێمەدا پێیان هەڵدەستن.
پرسیار: من بەلامەوە بیرۆکەی جیاوازی بیرۆکەیەکی زۆر گرنگە، بەڵام یەکێک لەو شتانەی لەسەر بابەتی جیاوازی لە کۆمەڵگای کوردیدا جێگەی قسەکردنە ئەوەیە، وەکو خۆشت لە بابەتی ناسیۆنالیزمدا باستکردوە، لە قۆناغی بەر لە دروستبوونی نەتەوەدا دەژی. کەوابو ئێمە بۆ دیاریکردنی خسوسیەتی کوردی، یان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی کولتووری تایبەت بە خۆمان یان ڕایەڵبەندێکی دیاریکراو بۆ کۆمەڵگای کوردی پێویستمان بە جۆرێک لە یەکگرتن هەیە و دواجار جیاوازی، لەکاتێکدا تۆ بەردەوام تەئکید لەسەر جیاوازی دەنگەکان و بیروڕاکان دەکەی، من پێموایە گرفتی گەورەی نەتەوەی کورد لەم چرکە ساتەدا ئەوەیە کە جەوهەرێکی تایبەت بەخۆی نییە، یانی کەمتر ئەتوانێت بڵێت بۆ عەرەب نییە؟ بۆ فارس نییە؟ بۆ تورک نییە؟ چۆن ئەتوانێت دەستنیشانی ئەوەبکات کە جیاوازە لە دراوسێکانی؟
وەڵام: بۆ ئەوەی بڵێیت من عەرەب نیم، من فارس نیم، من تورک نیم، ئەوەندەت بەسە بڵێیت من عەرەب و فارس و تورک نیم، ئەوەندەت بەسە بڵێیت من کوردم و لەپاڵ یەکێک لە فۆرمە زۆرەکانی کوردبووندا شووناسی خۆت پێناس بکەیت. دوای سەدەیەک لە شۆڕش و خەبات و قوربانی بۆ جیاکردنەوەی شوناسی نەتەوەییمان لە شوناسی نەتەوەکانی دەروبەرمان، پێویستمان بەوە نەماوە بۆ عەرەب و فارس و تورکی بسەلمێنین کە ئێمە عەرەب و فارس و تورک نین و نەتەوەیەکی جیاوازین. دوای سەدەیەک لە بەگری سەرسەختانە بۆ هەمووان ئاشکرایە، لەپێش هەموانیشەوە بۆ عەرەب و تورک و فارس، کە کورد نەتەوەیەکی جیایە. من پێموایە کێشەی ئێمە لەوەدا نییە بە دەرەوەی خۆمان بڵێین جیاین، بەڵکو لەوەدایە لەناو خۆماندا لەسەر ئەوە ڕێکنین کە جیاین. «خودپێناسی» ئێمە بەرامبەر دەرەوە خودپێناسییەکی جیاوازە، واتە دەرەوە وەک شتێکی جیاواز دەمانبینێت، بەڵام ئەم خودپێناسییە لەناوخۆدا تا سەرئێسقان پارچە پارچە و بێلانیکەمی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییە، واتە لەدەرەوەی دانپیانادا بەو ڕاستییە سۆسیۆلۆژییە سادەیەدا دەژی کە ئێمە هێز و خەیاڵ و چاوەڕوانی جیاوازین. بۆڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونانە پێمباشە لێرەدا

بۆ هەندێک لە بۆچوونەکـــانی ئارنست ڕێنان بگەڕێمـــەوە. لای ڕێنان نەتەوە پێدراوێکی بابەتی نییە، بەڵکو دەرەنجامی ڕیفراندۆمێکی ڕۆژانە و بەردەوامە، لەم ڕیفراندۆمە ڕۆژانەییەدا تاک و گروهەکان بەشێوەیەکی بەردەوام ئینتیمای نەتەوەیی خـۆیان دەســەلمێننەوە و بە خـۆیان و بە جـیـهـانی دەرەوەی خـۆیانی نیشانئەدەن کە جیاوازن. نەتەوە لێرەدا کۆمەڵێک بڕیار دروستیدەکات کە ڕۆژانە ئەندامـانی ئەو نەتەوەیە ئـەیدەن بۆئەوەی وەک نەتەوە بمێننەوە. کـەواتە مـانەوەی نەتەوە لای ڕێنان تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی مانەوەی ئیرادەی پێکەوەبوونی ئەو کەسـانەیە کە نەتەوە دروسـتدەکەن. «بوونی نەتەوەیی» لـەم وێناکردنە ڕێنانیـەدا بوونێکی ئیرادەگـەرانەیە و ئەوەندەش بەسـە ئەندامـانی نەتەوەیەک خـۆیان وەک شـتـێکی جـیـاواز لە نەتەوەکـانی دیکە ببینن و خـۆیان وەک شـتـێکی جـیـاواز پێناسکەن بۆ ئەوەی ببن بە نەتـەوە. بێگومــان ئـەم دیدە ڕێـنـانـیـیـــە جـۆرێک لە پەرگیری تێـدایە، بەڵام بەشـێکی زۆریشـی لە ڕاسـتی تێدایە. نەتەوە پێدراوێکی سروشتی نییە و جەوهەرێکی جیاواز نییە لە ڕۆژی یەکەمەوە بە تاکەکەس و گروهەکان درابێت، بەپێچەوانەوە نەتەوە شـتـێکی دروسـتکراوە و بەرەنجـامی بڕیاری دەسـتـەجـەمـعی ئەو کـەسـانەیە کـە خـۆیان وەک ئەندامی نەتـەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز وێنادەکەن. ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ کورد و بۆ سەرنجدان لە بڕیاری نەتـەوەیی ئێـمـە. بەباوەڕی من ئێـمـە سـەدەیەکی ڕەبەقـە ئەم بڕیارەمـان داوە، بڕیـاری ئەوەمــان داوە کـە ئێـمــە نـەتەوەییــەکی جـیــاوازین و شــۆڕش و خەباتمان بۆ کردوە و قوربانییەکی زۆریشمان بۆداوە. ڕۆژانە کە لە خەو ڕابووین کوردبوونی خۆمـان لە بەرامبـەر دنیای دەرەوەدا بەرزکردۆتەوە. سـەدەی بیستـەم بەزۆر مـانا سـەدەی هـاتنەکایە و گـەشـەکردن و باڵادەسـتبوونی کوردبوونە وەک چوارچێـوەی ســەرەکی شــووناسـی نەتـەوەییـمـان. مـیللـەتێک بەخـۆی بڵـێت من جیاوازم و ئەم جیـاوازییە تەرجـەمەبکات بۆ ئیرادەیەکی سـیاسـی و کولتووری و کـۆمـەڵایەتـی تایبـەت، ئەوکـات نـەتەوەیە گـەرچی هەمـوو دنیـای دەرەوە نکوڵی لە نەتەوەبوونی بکات. ئەوە نەتەوە نییـە کـە بزاوتی ناسـیۆنالیزمی دروسـتدەکات، بەپێچـەوانەوە ئەوە بزاوتی نـاسیـۆنالیزمییـە کە نەتەوە دروسـتدەکات. مێژووی دروستبوونی نەتەوەیی ئێمەش بە قەد مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی خۆی درێژە و لەم ڕووەوە بەهیچ مانـایەک پێویستـمان بە سەلماندنی ئـەم جیاوازییـە نەماوە بۆ

دنیای دەرەوەی خۆمان.
کێشەی ئێمە لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەرماندا لەوەدا نییە کە ئێمە لەوان جیاوازنین، هەموو ئێرانی و تورک و عێراقی و سوریەک دەزانێت کورد نەتەوەیەکی جیاوازە، ئەمڕۆ لە ئاستی جیهانیشدا ئەم زانینە یەکێک لە بەڵگەنەویستە سیاسییەکانە. کێشەی ئێمە و خودی ئەو نەتەوانەش کە لەگەڵیاندا دەژین نەبوونی چوارچێوەیەکی سیاسی و قانوونییە بۆ داننان بەم جیاوازییانەدا.
هەم کوردبوون و هەم تورک بوون و هەم فارس بوون و هەم عەرەب بوون لەبەردەم یەک ئیشکالیەتی گەورەدا وەستاون کە بریتییە لە ئیشکالیەتی ئەوەی کە هەموویان شووناسی نادیموکراسین. هەموو ناوچەکە پێویستی بە چوارچێوەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی شووناسی نەتەوەیی و سیاسی و کولتووری هەیە، چوارچێوەیەک تێیدا جیاوازییەکان بسەلمێندرێن، چوارچێوەیەک کراوە بۆ هەموو ئەو گروهە ئەتنی و ئاینی و نەتەوەییانە کە تێیدا دەژین و تێیدا هەوڵی بەخشینی ئەو شێوە تایبەتە بە ژیانی پێکەوەیی خۆیان ئەدەن کە خوازیارین. بەم مانایەش کێشەی شووناسی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا کێشەیەکی کولتووری نییە، بەڵکو کێشەیەکی سیاسییە. ئیعتیرافکردن بە جیاوازی، بەخشینی پانتایی پێویست بۆ ژیان و گەشەکردن و پێگەیشتنی ئەم جیاوازییانە، ئەو شتەیە لەمڕۆدا ناوی دیموکراسیەت و پرۆسەی بە دیموکراسیبوونی لێدەنێین. بە کورتی کێشەی شوناسی نەتەوەیی ئێمە لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی دەوروبەرماندا لەوەدا نییە کە ئێمە شتێکمان نییە بەوانی نیشاندەین و بڵێین ئا ئەمە جەوهەری کوردبوونی ئێمەیە کە جیاوازە لە جەوهەری فارس بوون و توورک بوون و عەرەب بوونی ئێوە، نا کێشەی شوناسی ئێمە لەگەڵ شووناسی ئەو نەتەوانەدا لەوەدایە کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی شووناس لە ناوچەکەدا پرۆسەیەکی تۆتالیتێر و نادیموکراسییە.
«فارسبوون» لەناو خۆیدا دەرەنجامی شێوەیەکی نادیموکراسیانەی بەرهەمهێنانی شووناسە، چونکە فارسبوون تەنانەت ئەو جیاوازییانەی هەناوی خۆی قبووڵناکات کە لەگەڵ پێناسە بالادەستەکانی فارسبووندا ناگونجێت، عەرەببوون و تورکبوونیش بەهەمانشێوە دوو شێوازی نادیموکراسیانەی

شوناسن. ئەمانە کۆمەڵێک شووناسی تاکڕەهەندین و پرۆسەیەکی مێژوویی دەسەڵاتدارێتی و بێدەنگکردنی جیاوازی دروستیکردون، وەکچۆن کوردبوونیش، بەو شێوەیەی لەئێستادا ئامادەیە، بەهەمانشێوە پرۆژەی شوناسێکە کە دیموکراسی نییە و لەناوخۆیدا لەسەر بێدەنگکردن و یەکدی نەفیکردن و شەڕ و پێکدادانی خوێناوی کاردەکات. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەویە ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین پرۆسەی بەرهەمهێنانی شوناسی نەتەوەیی و تاکەکەسی تێیدا پرۆسەیەکی نادیموکراسیی و جەبری و کولتوورگەراییە و لەزۆر ڕووەوە لەسەر بێدەنگکردنی جیاوازییەکانی ناو ئەو شوناسە دروستکراوانە کاردەکات.
با واز لەم ئیشکالیەتە مێژوییە گەورەیە بهێنین و بێینە سەر باسکردنی کوردبوون خۆی وەک شێوازێکی مێژوویی شوناسی کۆیی ئێمە. تۆ دەڵێیت ئێمە پێشتر پێویستمان بە جۆرێک لە یەکگرتن هەیە و دوای ئەوە دێینە سەر سەلماندنی جیاوازییەکان. من پێتدەڵێم مێژووی ئێمە و مێژووی ناوچەکە ئەو ڕاستییە سادەیەی نیشانداوین کە بەبێ دانان بە جیاوازییەکاندا یەکگرتن وەهمێکی گەورەیە. بۆئەوەی بتوانین یەکبگرین دەبێت سەرەتا جیاوازییەکانی یەکدی بسەلمێنین. وەک پێشتریش هێمام پێکرد مەسەلەکە مەسەلەی بوون یان نەبوونی یەکگرتن نییە، بەڵکو مەسەلەی بوونی «چوارچێوەیەکی گشتییە» بۆ پێکەوە کارکردن و پێکەوە ژیان و پێکەوە دابەشکردنی هەقیقەت. دروستبوونی ئەم چوارچێوە گشتییەش مەحاڵە بەبێ داننانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕاستەقینە بە جیاوازییەکاندا. ئێمە کاتێک دەتوانین وەک نەتەوە دەستبەکاربین کە هەریەکێکمان لە جیاوازییەکانی ئەویدیکەمان ئاگاداربێت و پەیمانێکمان هەبێت بۆ سەلماندن و داننان بەم جیاوازییانەدا. بەبۆچوونی من بەبێ سەلماندنی مافی جیاوازبوون و بەبێ دانان بەوەدا کە کۆمەڵگای ئێمە وەک هەموو کۆمەڵگایەکی دیکە پڕە لەهێز و دید و وێناکردن و مژدەی جیاواز، ناتوانین هەنگاوێک بەرەوپێشەوە بچین و لەو یەکگرتنەی تۆ باسیدەکەیت نزیکببینەوە. کاتی ئەوە هاتووە واز لەو دیدە سیاسییە سەلەفیە بهێنین کە بەردەوام گۆرانییەکی بێلەزەت بۆ یەکگرتنێک دەڵێت کە نایەت، کەچی هەموو کار و کردەوە و سیاسەتەکانی بە ئاراستەی بەشبەشکردن و دابڕان و تێکشکانی هەموو ئەو چوارچێوانەدا دەڕوات کە بۆ کۆکردنەوە و نیشتەجێکردنی

جیاوازییەکانمان پێویستن.

نەسەلماندنی جیاوازی و وێرانکردنی ئەو چوارچێوە گشتییەی کە جیاوازییەکان لە پەیوەندییەکی دیموراسیانەدا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، کێشەی سیاسی گەورە و مەترسیدار دەخاتەوە. نەبوونی ئەم چوارچێوەیە دابەشبوون و پارچە پارچەبوونێکی نەخۆش دەخولقێنێت. بزاوتی ناسیۆنالیستی وەکچۆن دەتوانێت نەتەوە دروستبکات، ئاواش دەتوانێت نەتەوە لەناوببات. بزوتنەوە سیاسییەکان لە کوردستانی عێراقدا نموونەیەکی باشی ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییەن. ئەمڕۆ کوردستانی عێراق لەهەموو کاتێک زیاتر پارچە پارچەتر و دابەشکراوترە، دەساڵ دوای ئازادی لەو بەشەی کوردستاندا هێشتاکو لانیکەمی چوارچێوەیەکی گشتی لە ئارادا نییە کە هێزە کوردییەکان بەیەکەوە و بەشە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایە پێکەوە گرێبدات. ئەمڕۆ لەو بەشەی نیشتیمانی ئێمەدا بەدەیان دەزگای حیزبی هەن کە ڕێ لە دروستبوون و هاتنەکایەی کۆمەڵێک دەزگای بان ـ حیزبی و نەتەوەیی دەگرن. کاتێکیش لەو پرۆسە گەورەیەی دابەشکردن و پارچە پارچەبوون ڕادەمێنیت، دەبینیت مەسەلەی سەرەکی تێیدا ئەوەیە کە هیچ هێزێکی کوردی ئامادە نییە جیاوازی هێزەکەی بەرامبەری بسەلمێنێت، هیچ هێزێک نییە لە نیشتیمانی ئێمەدا بەناوی هەموو کورد و هەموو ڕێباز وهەموو ئایدیۆلۆژیا و هەموو پەیمان و هەموو مژدە و هەموو پلانەکانەوە نەدوێت، هیچ هێزێک نییە ڕازیبێت بەوەی کە هێزەکەی تر لەم جیاوازە و لەسەر ئەساسی ئەم جیاوازییە بچێتە گفتوگۆیەکی سیاسیەوە لەگەڵیدا و هەوڵی دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی گشتی بدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جیاوازیانەدا. مەسەلەکە مەسەلەی نەبوونی جیاوازی نییە، مەسەلەکە مەسەلەی نەسلماندن و دروستنەکردنی چوارچێوەیە بۆ ئەو جیاوازییانە، کە ئەمەشت نەبوو شیعر و گۆرانی گوتن بۆ یەکگرتن جگە لە درۆیەکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی شتێکی دیکە نابێت و هەرگیز هیچیشی لێ سەوزنابێت.

لە ڕاستیدا من باوەڕم وایە کە «یەکگرتن» گوتراو، مەقولەیەکی، پڕمەترسییە، مێژووی ئێمە پڕیەتی لە دەیان پرۆژەی درۆینەی یەکگرتن، ئەوەتەی هەین باس لە یەکگرتن و گرنگی یەکگرتن دەکەین، هیچ بیرۆکەیەک لە کوردستاندا نادۆزینەوە ئەوەندەی یەکگرتن مەرەکەبی تیا سەرفکرابێت. بەڵام دواهەمین

دەرەنجامی ئەم کارە چییە و دوای ئەو هەموو هاوار و قریشکەیە بۆ یەکگرتن ئەمڕۆ ئێمە لە کوێی کاری یەکگرتووانەداین؟ زەحمەتیەکی زۆری ناوێت دواهەمین دەرەنجامی ئەم مەسەلەیە لەم چەند خاڵەدا کۆکەینەوە: بوونی نزیکەی سی ساڵی ڕەبەقی شەڕی ناوخۆ و پارچەپارچەبوونێکی گەورەی کوردستان و بوونی کۆمەڵێک حیزبی سیاسی کە بڕی ئەو فیشەکانەی بەیەکدیانەوە ناوە، کەمتر نیین لە بڕی ئەو فیشەکانەی بە دەوڵەتە مەرکەزییەکانیانەوە ناوە. هەموو ئەمەش لەبەرئەوەی هەر لایەنێک خۆی بە تاقە گەمەکەری سیاسی و ئەواندیکە بە مەترسی و خائین و ناپاک لەقەڵەم ئەدات.

بە کورتی و بەکوردی بۆئەوەی بتوانین بەیەکەوە کاربکەین دەبێت پێشوەخت جیاوازییەکانی یەکدی بسەلمێنین، سەردەمانی حیزبی سەرکردە و سەرۆکی هەمووشتزان و خێزان و بنەماڵەی پیرۆز بەسەرچووە، ئەو سەردەمە کۆتایی پێهات هێزێک لە هێزەکان بە تەنها بەناوی هەمووان و لەباتی هەمووان بدوێت. ئەوەی ئێمە لەمڕۆدا وەک نان و ئاو پێویستمانە بەگەڕخستنی عەقڵانیەتێکی سیاسییە کە پایەکانی لەناو سەلماندنی جیاوازییەکانی یەکدی و بنیادنانی هەلومەرجێکی دیموکراسیانەدابێت.

لە بەشێکی گەورەی قسەکانتدا هێمات بەوەکرد کە گرفتی گەورەی نەتەوەی کورد لەوەدایە کە جەوهەرێکی تایبەت بەخۆی نییە، منیش تەواو بە پێچەوانەی تۆوە دەڵێم گرفتی گەورەی هەر کۆمەڵگایەک لەوێوە دەستپێدەکات کە بەدوای جەوهەرێکدا بگەڕێت. هیچ کۆمەڵگا و نەتەوە و گروهێک نییە جەوهەرێکی تایبەت و نەگۆڕی هەبێت، جەوهەر و فەلسەفەی جەوهەرگەرایی گەورەترین بەسەهوداچوونێکی فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی و کولتوورین کە ئینسان و کۆمەڵگاکان باوەڕی خۆیان پێدابێت. جەوهەر مانای بوونی شتێکی بان مێژوویی و ئەبەدی و نەگۆڕ، شتێک لە هەمو ئان و سات و سەردەمێکدا وەک خۆی و بێگۆڕان و بێدەسکاریکردن بمێنێتەوە، مانای تەسلیمبوون بە تاقە هەقیقەتێک کە دەربڕی ئەو جەوهەرە و ئەو کەسانەیە کە بەناوی ئەو جەوهەرەوە دەدوێن. برای بەڕێز، سیفەتی هەرەسەرەکی کۆمەڵگا گۆڕان و جوڵەی بەردەوامە، تێپەڕاندنی ئەو پێناسانەیە کە هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان لەسەردەمانێکی تایبەتدا و لەنێوان هاوکێشەیەکی تایبەتەی هێز و مانا و

بەرهەمـهێناندا پێیدەبەخشن. مەترسی فەلسەفەی جەوهەر و جەوهەرگەرایی لەوەدایە کە دواجار هێزێک دروستدەکات بەناوی تەعبیرکردن لەو جەوهەرەوە داوای دەسەڵاتێک دەکات وەک خودی جەوهەرەکە نەگۆڕ و ئەبەدی، دەسەڵاتێک گوایە تەعبیر لەو جەوهەرە دەکات و بەناوی ئەو جەوهەرەوە ئامادەیە و وەک ئەو جەوهەرەش ئەبەدییە. هەرکەسێکیش تەعبیر لەم جەوهەرە نەکات دەبێت وەک نامۆ و ناپاک و شوێنی مەترسی تەماشابکرێت، ئەوەشی تەعبیر لەم جەوهەرە دەکات نابێت هیچ پرسیار و گومان و لێپرسینەوەیەکمان بەرامبەری هەبێت. کێشەی فەلسەفەی جەهەرگەرایی لەم فاشیبوونەیدایە، لە بەخشینی ئەم ڕەهەندە موتڵەقەدایە بە کولتوور و دەسەڵات و کۆمەڵگا.

کۆمەڵگا جەوهەری نییە بەڵکو پەیمانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی و ئەخلاقی هەیە. ئەوەی ئێمە لە ساتێک لە ساتەکاندا بە جەوهەری کۆمەڵگاکەمانی دەزانین شتێک نییە زیاتر لە دەرەنجامی ئەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییانەی لەو ساتەوەختە تایبەتەدا ئامادەن، کۆمەڵێک ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی کە دەشێت لە هەلومەرجێکی مێژوویی و سیاسی دیکەدا بگۆڕێن و کارەکتەر و ناوەڕۆک و مانای دیکە ببەخشن. ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە لە هەناوی هەر ڕێککەوتن و پەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵێک هاوکێشەی هێز و دەسەڵات ئامادەن، نەک هەقیقەتێکی بابەتی و جەوهەرێکی هەمیشە دووبارەوەبوو. پەیمانی کۆمەڵایەتی خۆی هێمایە بۆ بوونی جیاوازی و گۆڕان نەک نەگۆڕی و جەوهەرگەرایی، پەیمان مانای بوونی هێزی جیاواز کە دەخوازن ڕێککەون. جەوهەر و جەوهەرگەرایی مانای وەهمێکی ئایدیۆلۆژیی ترسناکن، لەکاتێکدا پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕێککەوتنێکی سیاسییە کە تێیدا کۆمەڵگایەک لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەسەر کۆمەڵێک بنەما و بەهای تایبەت ڕێکدەکەوێت و دەیکاتە چوارچێوەیەکی گشتی بەرهەمـهێنانی شووناسی گروپ و تاکەکانی. بێگومان مادامەکی ئەم چوارچێوەیە تەعبیر نییە لە جەوهەرێک، تەعبیر نییە لە کارەکتەرێکی نەگۆڕ، مادامەکی ئەم چوارچێوەیە دەرەنجامی ڕێککەوتنە، بۆیە لە هەمانکاتدا قابیلی گۆڕان و پێداچوونەوە و دەسکاریکردنە. قابیلی ئەوەیە بە شێوە و ناوەڕۆکی دیکەوە دایرێژینەوە. بەکورتی من باوەڕم وایە کە کێشەی کۆمەڵگا و نەتەوەی ئێمە لەوەدا نییە کە جەوهەرمان نییە، بەڵکو لەوەدایە کە

چوارچێوەیەکی گشتی ڕێککەوتن و بەستنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتییمان نییە. هەریەکێک لە ئێمە دەتوانێت جەوهەرێک بە کۆمەڵگای ئێمە بدات، بۆ نمونە دەشێت یەکێکمان بیر لە جەوهەرێکی ئاینی بۆ کۆمەڵگای کوردی بکاتەوە، لەکاتێکدا ئەویدیمان بیر لە جەوهەرێکی شۆڕشگێڕانە و زەبروزەنگ قبووڵنەکەر و سێهەمیش بیر لە جەوهەرێکی یەکسانیخواز بکاتەوە.

لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانی جیهاندا چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی ئامادەیە، ئەم چوارچێوەیە هەر چوار پێنج ساڵ جارێک لەڕێی سندووقی هەڵبژاردنەکانەوە تازەدەکرێتەوە و هێز و لایەنی نوێ و جیاواز دێنە سەرکار و بەپێی مەسەلەی زۆرایەتی و کەمایەتی دەسکاری ئەو یاسا و بەهایانە دەکەن کە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەستنیشاندەکەن. ئەوەی لە چوارچێوە کۆنەکاندا یاساغ بووە، مەرجنییە لە چوارچێوە تازەکاندا یاساغبێت، ئەوەشی چوارچێوە یاساییە کۆنەکان یاساغیان نەکردبێت دەشێت لە چوارچێوە نوێییەکاندا یاساغکرێت. بەم مانایە کۆمەڵگا و نەتەوە تەعبیر نین لە جەوهەرێکی نەگۆڕ و هەتاهەتایی، بەڵکو بریتین لە دەرەنجامی کۆی ئەو ڕێککەوتن و پەیمانانەی کە لەساتەوەختە مێژووییە جیاجیاکاندا دەبسترێن. وەکچۆن کۆمەڵگای فەرەنسی و ئەمریکی و سویدی جەوهەریان نییە، ئاواش کۆمەڵگای کوردی و عەرەبی و فارسیش جەوهەریان نییە. هەرکەسێکیش باسی جەوهەری بۆ کردین دەبێت لەوە دڵنیابین کە پرۆژەی بێدەنگکردنی هەموو ئەوانەی پێیە کە لەگەڵ ئەو جەوهەرە گریمانکراوەدا یەکانگیرنین. دەبێت ئەو ڕاستییەمان لا ئاشکرابێت کە هیچ جەوهەرێک نییە کۆمەڵێک جەوهەری گریمانکراوی دیکە نەخاتە پەراوێزە و لە پەرگیرترین دۆخدا مافی بوون و ژیانیان لێ نەسێنێتەوە.

وەک دەبینیت ئەم دیدە بۆ کۆمەڵگا و نەتەوە و سیاسەت دیدێکە لە فاشیەت نزیکمان دەکاتەوە نەک لە دیموکراسیەت، پرۆژەی شەڕ و پێکدادانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری پێیە نەک ئاشتی، بە هەڵەماندا دەبات نەک بمانخاتە سەر ڕێگای ڕاست.

پرسیار: بەڵام من پێموایە کە گرفتی سەرەکی ئێمە لە نەبوونی خاڵێکی زۆر هاوبەشدایە کە من ناوی لێدەنێم " بەهای قەتعی" یان "خسوسیەتی کولتووری"

که تایبەتمەندیەکی گشتی بێت بۆ نەتەوە، ئینجا لەپاڵ ئەوەدا دەنگە جیاوازەکان بتوانن پێکەوە بژین و ئیش بکەن.

وەڵام: بەبۆچوونی من شتێک نییە ناوی بەها و خسوسیەتی کولتووریی قەتعی بێت. بەها و جەوهەر و خسوسیەتی قەتعی کۆمەڵێک ئەفسانەی سۆسیۆلۆژی و دروستکراو و داهێنراون. ئەوەی ئەمڕۆکە دەشێت خۆی وەک بەهای قەتعی نیشاندات، دەشێت سبەینێ بگۆڕێت و شوێن چۆڵکات بۆ کۆمەڵێک بەهای دیکە. ئەوەشی ئەمڕۆ خۆی وەک خسوسیەتی کولتووری نیشانئەدات دەشێت بەیانی ببێتە کۆمەڵێک سیفەتی قابیلی هێرشبردنەسەر و دەسکاریکردن و مەحکومکردن. لەزۆر ڕووەوە ئەو دیدەی بەدوای خسوسیەتی قەتعی و بەهای قەتعیدا دەگەڕێت بەرهەمی ئەو قوتابخانە فیکرییە کە لەزانستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا پێدەگوترێت «ڕۆمانسیەتی کولتووریی»، بەرهەمی ئەو وێناکردنە کولتوورییانەن کە نەتەوە و کۆمەڵگا دەبەستنەوە بە بوونی نەگۆڕێکی ڕۆحی و کولتووری و ئەخلاقییەوە. باوکی ئەم دیدە بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم فەیلەسوفی ئەڵمانی هێردەرە. هێردەر پیاوێک بوو باوەڕی وابوو هەموو نەتەوەیەک ڕۆحێکی تایبەتی هەیە جیاواز لە ڕۆحی نەتەوەکانی دیکە، گوایە ئەم ڕۆحە تایبەتەش لە کولتووری تایبەتی ئەو نەتەوەیەدا بەرجەستەیە. بەشێکی گەورەی ناسیۆنالیستی ڕاستڕەوی نەتەوەکانی دەروبەرمان و هەندێک لە ناسیۆنالیستە کوردەکانیش هەڵگری ئەم دیدەن. لەناو عەرەبەکاندا ساتعی حەسەری و میشیل عەفلەق نوێنەری ئەم دیدەن. ئەم دووانە هەردوکیان لەژێر کاریگەری هێردەر و فیختەدا باس لە ڕۆحی نەتەوە دەکەن و بەم باسەشیان ترادیسیۆنێکی فیکری دادەڕێژن کە لە ناوچەکەی ئێمەدا دەبێتە ترادیسیۆنی باڵادەست. ئەم شێوازە لە ناسیۆنالیزم لە ئەوروپادا نازیەتی دروستکرد و لە ڕۆژهەڵاتدا بەعسیی خولقاند. قسەکردن لەسەر ڕۆحی جیاواز دواجار دەبێتە قسەکردن لەسەر کولتووری جیاواز و دوای ئەوەش لەسەر ئینسانی جیاواز و دوای ئەوەش باڵادەستی یەکێکیان بەسەر ئەویدیکەیاندا و دواجاریش فاشیزم.

بێگومان ئەم قسانە مانای ئەوە نییە کە خسوسیەت بوونی نییە، بێگومان خسوسیەت، یان تایبەتمەندێتی بوونی هەیە. لەهەموو دنیادا دوو کۆمەڵگا نادۆزینەوە بەتەواوی لەیەکبچن، نا، نەک کۆمەڵگا بەڵکو تەنانەت دوو ئینسانیش

نادۆزینەوە تەواو وەک یەکبن و هەڵگری تایبەتمەندێتی جیاواز نەبن. بەڵام خسوسیەت شتێکە و قەتعیەت شتێکی دیکە، بەهای تایبەت هەیە، بەڵام بەهای هەمیشەیی و قەتعی بوونیان نییە. خسوسیەتی ئێمە لەهەر سەردەم و قۆناغێکدا شێوەی جیاواز دەگرێتەخۆی، شتێک نییە ناوی خسوسیەتی کوردیبێت بەبێگۆڕان لە کاوەی ئاسنگەرەوە بۆسەر کەسێک ئەمرۆ لە سنە و هەولێر و دیاربەکردا بژی. بەردەوام جیاوازی هەیە، ئەم جیاوازییەش وابەستەی ئەو هاوکێشەی هێز و توانا و مانایەنە و ئەو هەلومەرجە تایبەتانەیە کە لە ساتێکی دیاریکراودا لەبەردەمی ئینسان و کۆمەڵگادا ئامادەن. شتێک نییە ناوی خسوسیەتی کوردی بێت لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێستا وەک خۆی مابێتەوە، بەهایەک لە کۆمەڵگای ئێمەدا نییە لەم سەدەیەی دواییدا بەشێوەیەک لە شێوەکان گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێت، لاینکەم لای هێزێک لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان. هەموو بەهایەک و هەموو خسوسیەتێک ڕێژەیین و گۆڕانئامێزن. هەر ئاین و باوەڕی ئاینی وەرگرە، لەسەدەی نۆزدەهەمەوە گۆڕانی گەورە گەورە و ڕادیکاڵ بەسەر مانای ئاین و ڕۆڵی ئاین و شێوازەکانی ئاینیبوونی ئینسانی ئێمەدا هاتووە. ئاین و بەها ئاینییەکان لە سیاقی مۆدێرنەدا مانایەکی تەواو جیاوازیان هەیە بە بەراوردکردنیان بە قۆناغەکانی پێشتر. بەهاکانی جوانی، ناشیرینی، باشە و خراپە، پیاوەتی، میوانداری، هاوسێیەتی، ڕق، خۆشەویستی هتد.. لە کۆمەڵگای ئێمەدا گۆڕانی گەورە گەورەیان بەسەرداهاتوە و فۆرمی جیاوازیان وەرگرتوە. هەر سەردەم و ڕۆژگار و نەوەیەک لەبەردەم بەخشینی مانای جیاوازدایە بەو بەهایانە. بێگومان نەک هەر ئێمە بەڵکو هیچ میللەتێک نییە جەوهەرێکی نەگۆڕ و خسوسیەتێکی قەتعی و کۆمەڵێک بەهای نەگۆڕی هەبێت. هەموو میللەت و کۆمەڵگاکانی جیهان لەناو مێژوودا دەژین و ئەم ژیانە مێژووییەشیان مایەی گۆڕانی سیستمی بەها و ئەخلاق و کولتوور و کۆی ئەو شتانەی دیکەشە کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا باڵادەستن.

بەڵام هیچ کۆمەڵگایەکیش نییە لە جیهاندا پڕنەبێت لەو جۆرە ئەفسانانەی کە باس لە بەهاو کولتوور و جەوهەری قەتعی دەکەن، هیچ نەتەوەیەک نییە مێژووی خۆی بۆ جەوهەر و بەهاو حیکایەتێکی دێرینی هەزاران ساڵە نەباتەوە و خۆی

وەکو بەرجەستەکەری ئەو جەوهەر و بەها کولتوورییە نەگۆڕە نیشان نەدات. ئەم میکانیزمە تایبەتانە کۆمەڵێک ئەرک و کاری کۆمەڵایەتی تایبەت بەڕێوەدەبەن کە زۆر کۆمەڵگا پێویستییان پێیەتی. دروستکردنی هەستێکی گشتی بەوەی کە هەموومان سەر بە یەک مێژوو و کولتووور و سیستمی بەهاین، ئەو ئەرکە گرنگەیە کە ئەم جۆرە میکانیزمانە پێیهەڵدەستن. بەڵام هەستکردن بە گرنگی ئەم ڕۆڵە شتێکە و بینین و مامەڵەکردنی وەک هەقیقەتێکی فیکری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی شتێکی دیکەیە. بوونی ئەفسانەییانەی ئەم حیکایەتە تایبەتانە دەربارەی خسوسیەت و قەتعیەت جیاوازە لە هەوڵدان بۆ کردنیان بە بوونێکی واقیعی ڕاستەقینە. دەکرێت لە ڕووی عەمەلییەوە سوودبەخشبن، بێگومان بەشێوەیەکی بەردەوام نا، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە هەڵەن.
گەر تەماشای ناسیۆنالیزمی کوردی بکەین دەبینین ڕیشەکانی خۆی بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەباتەوە، هەندێک باس لە ئیمپراتۆریەتی میدییەکان دەکەن و هەندێکی دی باس لە کاوەی ئاسنگەر و کەسێکی دی باس لە زەردەشت دەکات، کەسانی دیکە هەن ڕەگەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ سەردەمانی حامورابی و گۆتی و لۆلۆییەکان دەبەنەوە. بەهەریەکێک لەم ڕەگانەش مانایەکی تایبەت و خسوسیەتێکی سیاسی و کولتووری و بەهایی تایبەت دەدرێت. بەرامبەر بەهەریەکێک لەم باپیرە دێرینانە کۆمەڵێک بەهاو ئەخلاقیات دەستنیشاندەکرێت و وەک هەقیقەتێکی قەتعیش پێشنیاردەکرێت. بێگومان هیچ ناسیۆنالیزمێک نییە لە دنیادا بە کاری لەم بابەتە هەڵنەسابێت و هەڵنەسێت. لەکاتێکدا ئاشکرایە کە ناسیۆنالیزم و نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی لە هیچ شوێنێکی جیهاندا تەمەنی لە تەمەنی مۆدێرنە تێپەڕناکات و لەباشترین دۆخدا لە سەدەی هەژدەهەمەوە دەستپێدەکات. بۆیە هەموو ئەو ڕەگوڕیشە دێرینانەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ، چ وەک سەرچاوەی ئەتنی و چ وەک سیستمی بەهاو ئەخلاق، لە دەهێنراوێکی مێژوویی زیاتر نین.
وەک ووتم دەشێت ئەم جۆرە ئەفسانانە گرنگیی کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەتیان هەبێت، بەڵام وەک ڕۆشنبیر ئەرکی ئەوەمان لەسەرە بەردەوام ئاگاداری کاراکتەرە ئەفسانەییەکانیان بین و وەک هەقیقەت نەیانبینین و لەو ساتانەشدا کە دەبنە مایەی ئازاردانی هەموو ئەو تاکەکەس و گروهانەی گوایە لەگەڵ ئەو

بەها قـەتعیـانەدا یەکانگیرنین، دەبێت خـودی ئەو بەها بە قـەتعیکراوانە وەبەر ڕەخنەدەین، نەک ئینسـانەکـان تاوانبـارکـەین بەوەی کـە لەو بەهـایانـە لایانداوە.
لەبەرچی؟
لەبەرئـەوەی لەپشـتی هـەمـوو خـسـوسـیـەت و بـەهـایەکی قـەتعـیـیـەوە چەندان خـسوسـیـەت و بەهـای دیکە هـەن کە بێدەنگکراون و مـافی بوون و ئامـادەگـیـان لێدەسـەندراوەتەوە. بۆ نموونە گەر تۆ گوتت خسوسـیەتی قەتعی کۆمەڵگای ئێمە "ئاینی بوونیـەتی"، ئەوکات بەم قسـەیەت هـەمـوو ئەو دیدە نا ئاینییـانە دەچەپێنیت کە لە کۆمـەڵگای ئێـمـەدا ئامـادەن، یان بـەپێچـەوانەوە  گەر باوەڕت بەوە بوو کـە خـسوسیـەتی کۆمەڵگای ئێـمـە "نا ئاینی" بوونیـەتی، ئەوکات بەم قسـەیەت مـافی بوون و کاری ئەوانە پێشێلدەکەیت کە ئاینین و دەخوازن شێوازێکی ئاینییـانە بە ژیان و ئەخلاق و بیرکردنەوەیایان بدەن.
ئەگەر ناچاربین بەدوای بەها و خسـوسیەتی قەتعیدا بگەڕێین ئەوکات کاری ئێمە وەک ڕۆشنبیر بریتییە لە بیـرکردنەوە لە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا هـەموو خـسوسـیـەتێک جێـیـبـبێـتـەوە و یەکێکیـان ئەویدیکەیان بێدەنگ و لەناو نەبات. ئەمـەش مەحـاڵە لەدەرەوەی فەلسـەفە و فیکر و جیـهـانبینی مۆدێرنەدا، مەبەسـتم لەمـەش پێـداگـرتنی مـۆدێرنەیە لەسـەر چەمکەکـانی پەیمـانی کـۆمـەڵایـەتی و هـاووڵاتیبوون و مافی یەکسان و دیالۆگ و جیاوازی و هتد....

پرسـیـار: من مـەبسـتم لەو بەهـاو جـەوهـەرە "ئینسـانە". من پێـمـوایە لانی کـەم چونکە لە ڕۆژهـەڵاتدا خوداوەند لەزۆر شـوێن بەهـای قـەتعـیـیە و لە ڕۆژئاواشـدا، بەوجـۆرەی کـە من تێیگەیشـتبم، لەهەندێک وڵاتەکـاندا دواجـار ئینسـان دەبێـتـە هەقـیـقـەت و بـەهـای قـەتعی. گـرفـتی گـەورە لـەلای من بۆ ئەو تێـڕوانینـەی تۆ بۆ کۆمـەڵگای کوردی بۆ بـەها قـەتعـیـەکـانی لەوێوە نایەت کـە منیش پێوابێت کە بەهـایەک هـەیە، جەوهـەرێک هـەیە ئەبێت قسـەی لەسـەر نـەکەین، بەڵکو لەوێوە دێت کـە ئەگــەر ئەو بەهـایە بە فـەرز نـەک بە تیــۆر بوونی نـەبێت، ئەوکــات بەردەوام جۆرێک لە ئاشوب و سەرگەردانی دروستدەبێت.
وەڵام: بێگومان تۆ ڕاستدەکەیت، هەموو کۆمەڵگایەک بە "فەرز"، واتە بە گریمان، پێـویسـتی بە کـۆمـەڵێک بەهـای قـەتعی هەیە کـە وەک چوارچێوەیـەکی گـشـتی

ئامادەبێت، بەدرەوامیش کۆمەڵێک هێز هەن کە ئەو بەها قەتعییانە دەسەپێنن. ڕەنگە جیاوازی نێوان من و تۆ لەوەدابێت کە من ئەم بەها گریمانکراوانە بە ئەفسانە تێدەگەم و تۆ وەک هەقیقەتێک مامەڵەیان دەکەیت، من وەک دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی دەسەڵات دیبینم و تۆ ڕەنگە وەک پێدراوێکی سروشتی و بەشێکی نەگۆڕ لە ڕۆحی ئینسانی ئێمە بیبینیت. ئێستا با واز لەم مەسەلەیە بهێنین و هەوڵدەین تەماشای سەرچاوەکانی ئەم جۆرە بۆچوونە بکەین کە لەدووی خسوسیەتی قەتعی دەگەڕێت. بەبۆچوونی من ڕەگەکانی ئەم جۆرە بەرخوردکردنە لەناو سۆسیۆلۆژیای سەدەی نۆزدەهەم و وێناکردنەکانی ئەو سەدەیەدایە بۆ کۆمەڵگا. سۆسیۆلۆژیای دۆرکهایم، ڤێبەر، سپینسەر و ئەوانیدیکە سەرچاوەی ئەم وێناکردنەن بۆ کۆمەڵگا و سیستمی بەهاکانی. ئەم سۆسیۆلۆژیایەش سۆسیۆلۆژیای گواستنەوەن لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنەوە بەرە و قۆناغی مۆدێرنە. ئەو سۆسیۆلۆژانە دەیانبینی کە سیستمە ئەخلاقییە تەقلیدییەکان و ئەو وێناکردنە سونەتیانەی ئینسان بۆ جیهان و کۆمەڵگا و شوێن و جێی خۆی لەناو کۆی دیاردەکاندا هەیبوو لەناودەچن. لەشوێنی ئەوەشدا شتێکی ئەوتۆیان نەدەبینی دروستببێت و شوێنی ئەو پێدراوە کۆییانە بگرێتەوە، ئەوان لەوە دەترسان کە تاکگەرایی و ڕۆحیەتی تاکانەخواز ببنە ڕۆحیەتی باڵادەست و بەمەش شتێک نەمێنێتەوە ناوی بەها و کولتوور و ئەخلاقیاتی گشتیبێت و دوا دەرەنجامیش کۆمەڵگا لەبەریەکهەڵوەشێتەوە. شوێنی سەرنجە ئەم ترسە سۆسیۆلۆژییەی سەدەی نۆزدەهەمی ڕۆژئاوا ئەمرۆ هێزە ئاینییەکان لای ئێمە دووبارەی دەکەنەوە و لەبەرامبەر پرۆسەی تازەبوونەوەی کۆمەڵگای ئێمەدا بەرزیدەکەنەوە. ئوسولییەکانی ئەمڕۆ و ڕۆشنبیرەکانیان ڕێک ئەو کۆمەڵناسە کلاسیکانە باس لە مەترسی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی و نەمانی بەها و ئەخلاق و کۆمەڵگا دەکەن و دین وەک ئەو «چیمەنتۆ کۆمەڵایەتییە»ی گوایە پارچە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە گرێدەدات پێشنیاردەکەن.
لەیادمان نەچێت کە سۆسیۆلۆژیای سەدەی نۆزدەهەم سۆسیۆلۆژیای بنیادنانی نەتەوەیە، بۆیە لە زۆر ڕووەوە سۆسیۆلۆژیای گەڕانە بەدوای هاوبەشی کۆمەڵایەتییدا کە یەکێتی نەتەوەیی بپارێزێت. ئەو ترسە مێژووییەی کەمەکێ

لەمــەوبەر باسـمــانکرد و ئەو ئەرکی بنیـادنانی نەتەوەیەیە کـە زۆربەی تیـورە سـۆسـیـۆلۆژییـەکـانی ئەو سـەدەیە بەرەو ئەوە دەبات لەدووی ئەو "چیـمـەنتـۆ کۆمەڵایەتییە" بگەڕێن کە کۆمـەڵگا بەیەکەوە گرێدەدات. ئەوان باوەڕیان وابوو مادامـەکی مۆدێرنە ماشـێنێکی گەورەی بەرهـەمهـێنانی جیاوازییە، کەواتە دەبێت شـتێک هـەبێت ئەم هـەمـوو جیـاوازییـانە بەیەکەوە گرێبدات. دورکـهایم قسـە لە «هـاریکـاری ئۆرگـانـی» دەکات و ڤـێـبـەریش لە «عـەقـلانیـەت» و «سـیـسـتـمـێکی بیـرۆکـراسـی». بەڵام نەوەکـانی دواتری زانسـتـە کۆمـەڵایەتیـیـەکان ئـەوەیان بۆ ئاشکراکـردین ئەوەی کـە لە کـۆمـەڵگای مـۆدێرندا خـەڵک بەیەکـەوە گـرێدەدات خسوسیەت و بەهای قەتعی و چیمەنتۆی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو دەستورێکی سیاسی دیموکراسیی و بازاڕێکی سەربەست و سیستمێکی مۆدێرنی خوێندن و سـیـسـسـتـمی باج و لـەشکر و پۆلیس و مـافـیم وَنۆپۆڵکردن و بەکـارهێنانی توندوتیـژی شـەرعی لەلایەن دەوڵەتەوەن، کە ئـینسـانەکان بەیەکـەوە گرێدەدەن و هـەمووان لەژێر چەتری «هاووڵاتیبوونێکی دەستووریی»دا کۆدەکەنەوە .
من وایدەبینم یەکێک لەو ئـەرکە گرنگانـەی کە ڕۆشنبیـرانی ئێمـە لە ئێسـتـادا لەسـەریانە ئەنجـامـیـدەن ڕزگـاربوونە لـەو کـۆمـەڵە وەهـمـە سـۆسـیـۆلۆژییـەی کۆمـەڵناسی سەدەی نۆزدەهەم و خـەیاڵی سیاسی ناسیۆنالیزم بەرهەمی هێناوە . با تەمـاشـای کۆمەڵگای کوردی بکەین و لەو دیدە بڕوانین کە لەم کۆمـەڵگایەدا بەدوای «چیـمـەنتـۆی کـۆمـەڵایەتیدا » دەگـەڕێت. بێگومـان زۆرکەس لەسـەر ئەوە تەبان گـوایە ئەو ئامـرازەی ڕۆڵی چیـمـەنتـۆ کـۆمـەڵایەتیی دەبینێت و بەشـە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەیەکەوە گرێدەدات ئاینە. گوایە موسڵمانبوون ئەو هاوبەشـەیە کە ئێمە هـەمومـان بەیەکەوە گرێدەدات، بۆیە ئەرکی سـەرەکی ئێمـە بریتییە لە پاراستنی موسڵمانبوونی خۆمان و موسڵمانبوونی کۆمەڵگاکەمان. بەبۆچوونی من ئەم بۆچوونە لـەزۆر سـەرەوە هەڵە و پڕ مـەترسـیـیـە. جـارێ کۆمەڵگای کوردی هەمووی موسڵمان نییە، لە کوردستاندا مەسیحی و یەزیدی و کاکەیی و چەندان ئاینزای دیکەش هەن، جگە لەمانەش کەسانێکی دیکە هەن کە بێباوەڕن و ئاین چوارچێوەی ژیان و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانیان نییە، دواتر خـودی موسڵمانبوون لـە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەو لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تردا دەگۆڕێت. لێرەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەیەکەوە گرێدەین ناتوانین

پێ لەسەر ئاین داگرین وەک ئەو چیمەنتۆ کۆمەڵایەتییەی کە ئەم ڕۆڵە دەبینێت. باشە گەر ئاین و بەها ئاینییەکان ئەم ڕۆڵەیان بۆ نەبینرا چیدیکە دەمێنێتەوە ئەم ڕۆڵە ببینێت؟ کوردبوون؟ نەخێر، چونکە لە کوردستاندا جگە لە کورد، عەرەب و فارس و تورک و ئاسوری و کلدانی و هتد... دەژین. کەواتە ئینتیمای ئەتنیش ناتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت، ئەمە جگە لەوەی کە کوردبوون خۆشی فرەشێوەیە لە جاشیەتییەوە بۆ پێشمەرگەبوون. لێرەوە ئێمە لەبەردەم دوو هەڵبژاردنداین: یان ئەوەتە بەزۆری زۆرداری یەێک لەو پێدراوانەی سەرەوە دەکەینە سەرچاوەی ئەو «چیمەنتۆ کۆمەڵایەتی» یەی لەسەرەوە باسمانکرد و بەم کارەشمان بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای ئێمە تووڕدەدەینە دەرەوەی ئەو هاوبەشە گشتییەوە کە پێمان وایە پارچە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێمە بەیەکەوە گرێدەدات، یان ئەوەتە دەبێت واز لە بیرۆکەی «چیمەنتۆی کۆمەڵایەتی» لەمانا ئەتنی کولتووریی و ئاینییەکەیدا بهێنین و بەدوای هاوبەشێکی دیکەدا بگەڕێین کە بەیەکەوە کۆمانکاتەوە. لەگەڵ هابرمازدا دەکرێت بڵێین: ئەو هاوبەشە شتێکی دیکە نییە جگە لەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە سیاسییە کە هەمووومان لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون و دەستور و کولتوورێکی سیاسی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە.

سەبارەت بەوەش گوایە خوداوەند بەهای قەتعییە لە ڕۆژهەڵاتدا و ئینسان بەهای قەتعییە لە ڕۆژئاوادا دەمەوێت بڵێم ئەم بۆچوونەش دیسانەوە ئەفسانەیەکی ئۆریانتالیستی پڕمەترسییە. کێ دەڵێت خوداوەند لە ڕۆژئاوادا قەتعی نییە، کۆمەڵگای ئەمریکی یەکێک لە ئایندارترین کۆمەڵگاکانی سەر زەوییە، وەکچۆن بە دیوی ئەودیودا بەشێکی زۆری شیعەکانی عێراقی سالانی پەنجا و شەست ئەندام و هەواداری حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی بوون. ئەم جیاوازییە قەتعییانە ناڕاست و نا دروستن. هەر لە فەلسەفەدا تەماشاکە، کەسێکی وەک مارکس لەسەدەی نۆزدەهەمدا تا سەر ئێسقان بێباوەڕە و پێیوایە ئینسان خودای دروستکردوە نەک خودا ئینسان، بەلام لەهەمانکاتدا فەیلەسوفێکی گەورەی وەک کیرکجارد فەیلەسوفێکی سەد دەر سەد ئاینییە و خودا سێنتەری بیرکردنەوەکانیەتی. لەکاتێکدا مارکسی و چەپە ڕووسەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا بێباوەڕبوون، دیستویفسکی یەکێک لەباوەڕدارە گەورەکانی ئەو سەدەیەیە. لە سەدەی بیستەمیشدا فەیلەسوفی گەورەی وەک

لێڤیناس و پۆل ڕیکور و یاسپەرز و چەندانی دیکە فەیلەسوفی ئاینین. ئەوەش تۆ ناویدەنێیت ڕۆژهەڵات شوێنێک نییە تەنها ئاین و ئاینگەرای بەرهەمهێنابێت. لەم بەشەی جیهانیشدا مێژوویەکی گەورە و مەزنی فیکری نائاینی و سەرزەمینی لە ئارادابووە و لەئارادایە. جگە لەمانە هەر خودی گوتراوی «کولتووری ڕۆژئاوا» و «کولتووری ڕۆژهەڵات» گوتراوی ناڕاستن و لەدوای کتێبە گرنگەکانی ( ئێدوارد سەعید )ەوە ناتوانین وا بە ئاسانی ئەم جۆرە گشتگیرییانە بکەین و حوکمی لەو باباتەنە بدەین. کولتوور خۆی شتێکە پێناسەکردنی زەحمەتە. چەمکی کولتوور یەکێکە لە چەمکە هەرە پڕ گرفتەکانی ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زیاد لە سەد پێناسی هەیە. ئەمەش مانای ئەوەی ناتوانین پێناسێکی هاوبەش بۆ کولتوور بکەین، کولتوور هەمووشتێکە و هیچیش نییە. ئەوەی من لێرەدا دەخوازم جەغدی لێکەم ئەوەیە کە پێویستە وازبێنین لەو بۆچوونەی کەپێیوایە کولتوور وەک ئامێرێکی گەورەی فۆتۆکۆپیکردنە و ئینسانەکان وەک یەک و بەهەمانشێوە بەرهەمدەهێنێت. کولتوور شتێک نییە لە پشتمانەوە، شتێک نییە بۆ یەکجار بەرهەممانهێنابێت و تەواو، بەڵکو شتێکە لەپێشمانەوە و ڕۆژانە بەرهەمیدەهێنین. کولتوور ناو نییە، بەڵکو کردارە.

پرسیار: کاک مەریوان، لە ئەزموونی بەشەریدا ئێمە بەردەوام لەگەڵ گرفتێ ڕووبەڕووین کە ئەویش ئەوەی کە ناچارین هەڵسوکەوتێکی مەفهومی لەگەڵ چەمکی کولتووردا بکەین. من بێگومان ڕاکەی تۆم قبووڵە، بەڵام تەعامول واقیعیەتی دەوروبەری من و هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە لە مێژووی ڕابووردوماندا بینیومانە نیازی زیاتر لەسەر وەستانی ئەم واتایە دەسەلمێنێت. زیاتر لەوەی کە تۆ پێتوابێت ئێمە نابێت بەشێوەیەکی دیاریکراو کولتوور پێناسکەین.

وەڵام: من ووتم کولتوور زیاد لە سەد پێناسی هەیە، من و تۆش دەتوانین دوو پێناسی دیکە زیادکەین و بڵێین کولتوور لێرە بەدوا زیاد لە سەد و دوو پێناسی هەیە (لە ڕاستیدا ئەنترۆپۆلۆژێکی ئەمریکی لە نوسینێکیدا زیاد لە ١٦٨ پێناسی بۆ چەمکی کولتوور دۆزیوەتەوە). مەسەلە مەسەلەی کردن یان نەکردنی پێناس نییە، ئەوە نییە ئایا ئێمە ئەم چەمکە بەکاربهێنین یان نا، ئەم چەمکە بەشێکبێت

لە فەرهەنگی قسەکردنمان لەسەر ئینسان و کۆمەڵگا یان نا. مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە ئێمە چ مانا و ڕۆڵ و تێگەیشتنێکمان بۆ ئەم چەمکە هەبێت. من کە دەڵێم کولتوور مەکینەیەکی گەورەی فۆتۆکۆپیکردن نییە تا بتوانێت ئینسانی وەک یەک دروست، یان کۆپیبکات، کە دەڵێم کولتوور شتێک نییە لەدوامانەوە، کەدەڵێم کولتوور کردارە ناک ناو یان ئاوەڵناو. لەهەموو ئەو دۆخانەدا دەمەوێت بڵێم کولتوور شتێکی جێگیر و نەگۆڕ و تەواو دەستنیشانکراو نییە، شتێک نییە بۆ یەکجار و هەتاهەتایە بە ئێمە درابێت و نەگۆڕێت، جەوهەر نییە، قامووسێک نییە هەروەختێ بۆ مانای هەر ووشەیەک بگەڕێین ڕاستەوخۆ تەماشای لاپەڕەیەکی دیاریکراوی ئەو قاموسە بکەین و بڵێین ئەمە ماناکەیەتی.

کولتوور بوونێکی دینامیکییە و گرێدراوە بە هەڵسوکەوت و کار و کردەوەی ئینسانەوە، لەناو سیاق و هەلومەرجە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەدا مانا و ئەرک و ڕۆڵی جیاواز دەبینێت. ئەم هەلومەرجانەش ئەوەندە ناجێگیر و پڕ گۆڕان و پڕ جوڵەن کە هەرجارە و جۆرێک لە هەڵسوکەوت و مامەڵە و هەڵوێستی جیاواز لە ئینسان داوا دەکەن، هەرجارە و مانایەک بە بەها و نرخ و پێدراوە کولتوورییەکان دەدەن. ئینسان بوونەوەرێکی مامەڵەکەرە، بوونەوەرێکە گفتوگۆدەکات و توانایەکی سەیری خۆگونجاندن و ڕێژەکاریشی هەیە، کولتوور لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدایە لەگەڵ ئەم توانا تایبەتییانەی ئینساندا کە لە کات و ساتی جیاوازدا فۆرمی جیاواز دەگرێتەخۆی، ئەم جیاوازییەیە وادەکات کولتوور زیاد لە مانایەک و زیاد لە پێناسێک و زیاد لە وێناکردن و زیاد لە ڕۆڵێکی هەبێت.

ئێمە نابێت ئەو خاڵە گرنگە لەیادکەین کە ئینسان کولتوور دروستدەکات نەک کولتوور ئینسان دروستبکات، کولتوور بەرهەمی ئینسانە نەک ئینسان بەرهەمی کولتوور. گەر ئەم دیدەمان قبووڵکرد ئەوکات لەو ڕاستییە تێدەگەین کە ئێمە دەتوانین کولتوور بگۆڕین، دەتوانین ئەو بەشانەی کە دژ بە ئازادی و سەرفیرازی و خۆشنودی ئینسانن، دەسکاریکەین. کاتێکیش دەمانەوێت لە دیاردەیەکی دیاریکراو تێبگەین واباشترە تەماشای ئەو هەلومەرجە سەرزەمینی و واقیعی و مێژوویە و تەماشای ئەو پێکهاتی هێز و دەسەڵاتە بکەین کە لەوکاتەدا لە ئارادایە نەک، بۆ نموونە، تەماشای دوو پەندی پێشینان و ئەحکامی چەند

دەقێکی پیرۆز و هەندێک عادات و تەقالیدی دیاریکراو بکەین و بڵێین ئەم سیاقە مێژووییە ئاڵۆزە دروستکراوی ئەو پەند و دەق و عادەتانەیە. بێگومان من گرنگی کولتوور و کاریگەری کولتوور کەم ناکەمەوە، من نکولی لەوە ناکەم کە ئینسان بوونەوەرێکی خاڵی نییە و لەناوەوەرا کولتوور هەندێک چاوەڕوانی و ئۆتۆماتیزمی کاردانەوە و ئەقارێکی تایبەتی بەرخوردکردن دروستدەکات، من دەمەوێت خۆمان لەو مەترسییە بپاریزین کە کولتوور وەک نەگۆڕ و جەوهەرێکی ئەبەدی و نەگۆڕ ببینین، وەک شتێک نەتوانین دەسکاری پێدراوەکانی بکەین و بیگۆڕین، بەکورتی کولتوور بکەینە پێدراوێکی بابەتی و پیرۆز کە قابیلی گۆڕان و دەسکاریکردن و پێداچوونەوە نەبێت.

لە سۆسیۆلۆژیای کولتووردا قسە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و فیکری دەکرێت کە پێیدەگوترێت پرۆسەی «بەشت بوون»، التشیئ، reification. ئەم پرۆسەیە بریتییە لە نیشاندان و وێناکردنی ئەو شتانەی کە ئینسان بەرهەمهێنان دەهێنێت وەک دیاردەی سروشتی. مەبەست لە «دیاردەی سروشتی» ش ئەو دیاردانەیە کە سروشت بێگۆڕان و بەشێوەیەکی بەردەوام دووبارەیاندەکاتەوە، بۆ نموونە باران بارین. کەوابوو بەشتبوون مانای گۆڕینی بەرهەمە ئینسانییەکانە، کە هەمیشە بەرهەمی تایبەتن و گرێدراوی هەلومەرجی تایبەتن، بە بەرهەمی سروشتی کە بوونێکی بان کاتی و بان شوێنیان هەیە. با ماناکانی چەمکی بەشتبوون بە هێنانەوەی نموونەیەک زیاتر ئاشکراکەین، با «تۆڵەی شەرەف» وەک نموونە وەرگرین. تۆڵەی شەرەف بەشێکە لە کولتوور و سیستمی بەهاکانی ناو بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای ئێمە لە ئێستادا، بێگومان ئەم چەمکە نەوەکانی بەر لە ئێمە لە ڕۆژگارێکی دیاریکراوی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئێمەدا بەرهەمیان هێناوە و کردویانە بە بەهایەکی دیاریکراوی ناو سیستمی کولتووری ئێمە. بەڵام ئەمڕۆ کەبەشێکی دیاریکراوی خەڵکی ئێمە تەماشای ئەو بەهایە دەکەن، وادەزانن بەهایەکی سروشتییە و وەک چۆن ئاو و ڕوناکی و تاریکی بەرهەمی سروشتن و بەردەوام هەبوون، تۆڵەی شەرەفیش بەهەمانشێوەی شتە سروشتییەکان هەر هەبووە و هەرهەیە و هەر دەشمێنێت. ئەم پرۆسەی بە سروشتیکردنی بەرهەمە ئینسانییەکان پرۆسەیەکی ترسناکە و دەرگا و پەنجەرە بەڕووی گۆڕانی ڕاستەقینە و گرنگدا دادەخات.

بۆیە دێتن و مامەڵەکردنی کولتوور وەک شتێکی بابەتی و پێدراو و سروشتی، جگە لەوەی دیدێکی ناڕاستە، لەهەمانکاتدا هەڵگری مەترسی کۆمەڵایەتی گەورەشە.
بە کورتی دەشێت من و تۆ هەردووکمان لەسەر کولتوور قسەبکەین و بە فاکتەرێکی گرنگی بزانین بەڵام پرسیار ئەوەیە چ دیدێکمان بۆ کولتوور هەیە و چۆن وێنایدەکەین.

پرسیار:لە مەنهەجی دیراسی، علومی سۆسیۆلۆژی، لە ئێرانا، پۆلین بەندییەک هەیە کە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دابەش دەکات بەسەر دوو کولتووری جیاواز و پێیوایە ڕۆژئاوا هیومانیستییە، یانی کولتوورەکە لەسەر مەبنای ماتریالیستی دامەزراوە و ئینسان خاڵی ناوەندێتی و هەموو کولتوورەکە لەپێناو خزمەت بە ئازادی ئینسان و بە ڕای جیاوازی ئینسان و دواجار لەوێ ئینسان قەتعیەتی هەیە و ئەمەش خسوسیەتێکی موتڵەقی کولتووری ڕۆژئاواییە، بەپێچەوانەوە بۆ ڕۆژهەڵات شتەکە بەشێوەیەکی ترە. لەڕۆژهەڵات ئاینەکان زۆر زاڵن، شتێک هەیە کە پێیدەڵێن عەقڵی ڕەها، هێزی ڕەها و ئەو هێزە ڕەهایە دواجار ئەبێتە بەهایەک کە لەدەرەوەی ئینسان دێ و تەفوکور و عیلاقات و هەموو شتێکی ئینسان سنووربەند دەکات. ئەم پۆلینبەندییە وایکردوە کە بەبەردەوامی ئینسان لەگەڵ کێشەیەکی ڕۆژانەدا ڕووبەڕوبێت. من وەک تیۆر ئەمەم قبووڵ نییە، بەڵام وەک فەرز قەبوڵمە و پێشم زۆر زەروریە.
وەڵام: خراپترین جۆری سۆسیۆلۆژیا ئەو سۆسیۆلۆژیایە کە لەسەر لێکجیاکردنەوەیەکی قەتعی نێوان چەمکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کاردەکات. لێکجوداکردنەوەی ئەم دوو چمکە و دروستکردنی جیاوازییەکی ئەنتۆلۆژی لەنێوانیاندا یەکێکە لە کارە ئایدیۆلۆژییە هەرە خراپەکانی ئەم چەند سەدەیەی دوایی بەشێکی گەورەی زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان . ئێدوارد سەعید لە دوو کتێبی "ئۆریناتالیزم" و "کولتوور و ئیمپریالیزم" دا بنەما ئەفسانەییەکانی ئەم دابەشکردنە دوولایەنەی نیشانداوین. بە باوەڕی سەعید لێکجیاکردنەوەی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا لەسەر بناغەی گریمانکردنی جیاوازییەکی ئەنتۆلۆژی پرۆژەیەکی ئیمپریالیستانەیە. بەباوەڕی ئەو بەبێ ئەم لێکجوداکردنەوە

ئەفسانەییە زەحمەت بوو هەندێک لە وڵاتە ئەوروپییەکان ئەو بەشەی جیهان کۆلۆنیالزەکەن، ئەم جیاکارییە یەکێک لە میکانیزمە هەرە گرنگ و بەهێزەکانی کۆلۆنیالیزمە. جگە لەم خاڵە گرنگە شتێکی دیکە هەیە کە بەهەمانئەندازە گرنگە ئەویش ئەوەیە کە ناکرێت ئەو هەمەڕەنگییەی لە ڕۆژهەڵات و ئەو هەمە ڕەنگییەی لە ڕۆژئاوادا هەیە کورتکرێتەوە بۆ دوو سیفەتی سەرەکی لێکجیاواز و دژ بەیەک. ئێمە بەردەوام زیاد لە ڕۆژئاوایەک و زیاد لە ڕۆژهەڵاتێکمان هەیە. بەکورتی هەم چەمکی ڕۆژئاوا چەمکێکی وەهمییە و هەم چەمکی ڕۆژهەڵاتیش، هەردوکیان دوو چەمکی جەوهەرگەرا و ئەبستراکت و گشتگیرن و لەڕووی زانستییەوە بەتاڵن لەهەر نرخێکی میتۆدی و ئیجرائی. هەڵەیەکی کوشندەیە هەموو فیکری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەو بەشەی جیهاندا کە بە ڕۆژئاوا ناودەبرێت کورتکەینەوە بۆ ئەوەی گوایە ئینسان و ماتریالیستبوون بنەماکەیەتی. ئەم دیدە بۆ فیکر لە ڕۆژئاوادا دیدێکی تۆریانتالیستانەیە. لای ئێمەش بۆچوونی ناسیۆنالیستە توندڕەو و ڕۆشنبیرە دۆگمایییە ئایینییەکانە. لەپشتی ئەم بۆچوونەوە هەوڵدانێک هەیە بۆ دروستکردنی شووناسێک لە بەرامبەر شووناسێکی دیکەدا، یەکەمیان دەخوازێت خۆی وەک هیومانیست و ئینساندۆست و عەقڵانی نیشانبدات، بەرامبەر دووهەمیان کە ناعەقڵانی و نائینسانی و نەخۆشە. ئەم دوالیزمە دوالیزمی سەردەمانی ئیمپریالیزم و پەیوەندی دەسەڵاتی نایەکسانی نێوان بەشە جیاجیاکانی جیهانە. بۆ تێگەیشتنی ورد لەم مەسەلەیە خوێنەر دەبێت بۆ کتێبە هێجگار گرنگەکەی ئێدوارد سەعید لەسەر ڕۆژهەڵاتناسی بگەڕێتەوە و من لێرەدا مەودای باسکردنی ئەم کێشە فیکرییە گرنگەم نییە.

ڕۆژهەڵات لە واقیعدا بوونی نییە، ئێمە ناتوانین ئەو سەدان و هەزاران کۆمەڵگا و گروپ و کولتوور و داب و نەریەت و وێناکردن و بۆچوون و بەها و نرخە جیاوازانەی لەو بەشەی جیهاندا ئامادەیە لەژێر چەتری یەک چەمکا کۆکەینەوە و بڵێین خوداوەند ناوەندی ئەو شتانەیە. وەکچۆن بەدیوی ئەویدودا ناتوانین ئەو هەموو کۆمەڵگا و کولتوور و ئینسان و بەها و نرخانەی لە ڕۆژئاوادا ئامادەن لەژێر یەک چەمکا کۆکەینەوە و ئەم چەمکەش یەکسانکەین بە ئینساندۆستی و مادەدۆستی. وەک سەعید دەڵێت ڕۆژهەڵات داهێنراوێکی ڕۆژئاواییە، ئێمەش

لەسەر هەمان نەزم دەکرێت بڵێین ئەوەی لە ئێراندا پێدەگوترێت «ڕۆژئاوا» داهێنراوێکی ئێرانییە و فرِی بەسەر واقیعی سیاسی و کولتووری و دینی و ئینسانی ئەو دەیان و سەدان سیاقانەوە نییە کە لەو بەشەی جیهاندا ئامادەیە و بەهیچ شێوەیەکیش پەیوەندی بە زانست و لێکدانەوەی زانستیانەوە نییە. ئاخر چۆن سوید و ئەمریکا، فەرەنسا و ئەڵمان، ئینگلستان و ئیسپانیا، بەلچیکا و پۆڵەندا، ئیتالیا و ئوستراليا لەژێر یەک چەمکا کۆکەینەوە. ئەمانە کۆمەڵگای جیاوازن و هەریەکێکیان سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابووری و ئەخلاقی و کولتووری جیاوازیان هەیە و هەریەکێکیشیان ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کولتووری جیاوازن. وەکچۆن بەدیوی ئەودیودا کێشەکانی ئێران و لوبنان، ئیسرائیل و میسر، مەغریب و کوردستان، پاکستان و تونس، هیند و ئەردەن لەیەکناچن.

خۆمان بەهەڵەیەکی کوشندەدا دەبەین گەر پێمانوابێت ئەو جۆرە دابەشکردنەی جیهان بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا شتێکمان دەربارەی جیهان و فیکر و دیاردەکان پێدەڵێن. کاتی ئەوە هاتووە واز لەو دۆگمە دوالیستییانە بهێنین و بەدوای دیدی دیکەدا بگەڕێین بۆ ناسینی جیهان و واقیعی دیاردەکان.

من لە وەڵامی پرسیاری پێشودا باسی ئەوەم کرد کە ناتوانین فەلسەفە و فیکر و لێکدانەوەکان لەو بەشەی جیهاندا کە بە ڕۆژئاوا ناودەبرێت کورتکەینەوە بۆئەوەی گوایە ئیسان و مەبنای ماتریالی بنەماکەیەتی، نەک خودا. من دەتوانم ناوی ڕستێک فەیلەسوف و زانای گەورەگەورەت بۆ ڕیزکەم کە بیرۆکەی خوداوند ڕۆڵێکی گرنگ لە فیکریاندا دەگێڕێت. با سەرنجێکی وردی ئەم ناوە گەورانەی مێژووی فیکر بدەین ( باسکاڵ، لۆتەر، دیکارت، کیرکجارد، بریدیایف، یاسبەرز، لیڤیناس، ڕیکور و دەیانی دیکە کە سەرلەبەریان دیدێکی ئاینیان بۆ جیهان و دیاردەکان هەیە و لەهەمانکاتدا بەشێکی زۆر گرنگی فیکری فەلسەفی لە ڕۆژئاوادا پێکدەهێنن). ئەمە سەرەڕای ئەوەی هیچ کۆمەڵگایەکی ڕۆژئاوایی نییە کە تێیدا ئاین بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕۆڵ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا نەگێڕێت. ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە ڕۆژئاوا لەدەرەوەی ئاین و خودا و ڕۆحانیەتدا دەژی و ڕۆژهەڵاتیش پڕە لە خودا و ئاین و ڕۆحانیەت بۆچوونێکی سەد دەر سەد ناڕاستە. بەبۆچوونی من جیاوازی سەرەکی نێوان شوێنێکی وەک

ئێران و شوێنێکی وەک هۆڵەندا لەوەدایە ئەوەی لە ئێراندا و لەدوای شۆڕشی ئیسلامییەوە کولتوور بەرهەم دەهێنێت، گروە و دەزگا و ڕۆشنبیرە ئاینییەکانن کە ئاین و ناسیۆنالیزمیان لەیەکدی مارەکردوە، ئەم گروپە بەڕادەیەک بەهێزە کە هەموو بەرهەمهێنە کولتوورییەکانی دیکەی لەو وڵاتەدا بێدەنگ یان پەراوێزکردوە. لەکاتێکدا ئەوەی لە هۆڵەندادا کولتوور بەرهەمدەهێنێت گروهی جیاواز و هەمەڕەنگن و بەشێوەیەک لە شێوەکانیش لە پەیوەندییەکی دیاریکراودان لەگەڵ عەلمانیەتدا، لەناو ئەو گروپانەشدا گروپ و ڕۆشنبیر و دەزگای دینیش ئەدۆزرێنەوە بەڵام ئەمانە دەسەڵاتی بێدەنگکردنی هێزەکانی دیکەیان نییە. لەڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان بەم کارە نییە، چونکە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتنی جیاوازی بەڕادەیەک ڕەگی داکوتاوە و بۆتە بەشێک لە وشیاری خەڵک کە کاری لەو بابەتە زەحمەتە ڕوویدات. وردتر قسەبکەین کۆمەڵگای ئێرانی، بە ئاینیشەوە، تا ئێستاش بەزمانی بەر لە عەلمانیەت و بەر لە مۆدێرنە دەدوێت، لەکاتێکدا لە هۆڵەندا هەم ئاین و هەم کۆمەڵگا و هەم دەوڵەت بە زمانی مۆدێرنە و بە زمانی عەلمانیەت لەگەڵ یەک و لەگەڵ ئینساندا ئەدوێن. ئاین و خودا هۆڵەندەیان بەجێنەهێشتوە، ئاین و خودا لەم وڵاتەدا بە زمانێکی دیکە دەدوێن جیاواز لە زمانی ئاین و خودا لە ئێراندا. ڕۆژئاوا جوگرافیایەکی بێخودا نییە، وەک هەندێک ڕۆشنبیر و گروهی ئاینی بە بە بەردەوامی دەقریشکێن، خودا لە ڕۆژئاوا خودایەکی عەلمانییە، خودایەکە لەگەڵ پێدراوەکانی مۆدێرنەدا سەروکاری هەیە و لە گرفتەکانی مۆدێرنەوە لە جیهان و ئینسان و دیاردەکان ڕادەمێنێت. لە کوورتی بدوێم: بەرهەمهێنانی کولتوور لەئێراندا پرۆسەیەکە گروهێکی ئاینی مۆنۆپۆلی کردوە و ئەو دید و چەمک و پێناسانە بەرهەمدەهێنێت کە باڵادەستی خۆی مسۆگەردەکات، لەکاتێکدا لە شوێنێکی وەک هۆڵەندادا زیاد لە گروهێک بەرهەمهێنی کولتوورن و هیچ لایەنێک مۆنۆپۆلی ئەم پرۆسەیەی نەکردوە. ئەمەش یەکێک لە جیاوازییە هەرە گەورەکانی نێوان ڕۆژئاوا و دەرەوەی ڕۆژئاوایە. لە کوردستانی ئێمەشدا شتێکی لەم بابەتە لە ئارادایە. بۆ نموونە لە شوێنێکی وەک کوردستانی عێراقدا و لە ساڵەکانی هەفتادا هیچ ڕۆشنبیر و سیاسییەک ڕووی نەدەهات بۆ سەلماندنی ڕاکانی خۆی بۆ دەقە ئاینییەکان بگەڕێتەوە، خوتبەی هیچ

سیاسییەک بە دروشم و دوعای ئاینی دەستیپێنەدەکرد، بەرنامەی ئاینی بە دەگمەن لە تەلەفیزۆنەکاندا هەبوون، کەس نەیدەگوت خودا جەوهەری کولتووری کوردییە. ئەوانەی کە کولتووری کوردیان لەو ڕۆژگارەدا بەرهەمدەهێنا نوخبەیەکی چەپ و پێشکەوتنخوازبوون، باسیان لە جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت و سۆسیالیزم و یەکسانی و مافی وەک یەکی نێوان ژن و پیاوی دەکرد. بەڵام لە نەوەدەکاندا کۆمەڵێک گۆڕانکاری دێتە کایەوە کە وادەکات گوتاری ئاینی لەو بەشەی کوردستاندا بەهێزببێت، نەک هەر بەهێزببێت بەڵکو گروهی زۆر توندڕەوی تێدا دروستببێت و بەشێکی گەورەی حیزبە عەلمانییەکانیش واهەستبکەن ناچارن بە زمانی ئاین لەگەڵ کۆمەڵگادا بدوێن. ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم مەترسی ئەوەداین کە جارێکی دیکە گروهی بەرهەمهێنی کولتوور لە کوردستاندا ببێتەوە بە گروهێکی ئاینی، لەبەردەمی مەترسی ئەوەداین کە سەدەی نۆزدەهەم بۆناو هەناوی سەدەی بیستویەکەم بگەڕێتەوە. بەڵام ئەم وەرچەرخانە ئاینییە و ئەم بەهێزبوونە لەپڕەی دین لە کوردستاندا مانای ئەوە نییە کە جەوهەری کۆمەڵگای ئێمە جەوهەرێکی ئاینییە، مانای ئەوە نییە کە خوداوەند، نەک ئینسان، بنەمای کولتووری ئێمەیە و کولتووری ئێمە مەبنای ماتریالیستانەی نییە. بەپێچەوانەوە ئەمە مانای ئەوەیە ئەمڕۆکە گروهێک لە کوردستاندا ئامادەیە دەخوازێت لەڕێگای پێناسکردنی کولتووری ئێمەوە وەک کولتوورێکی ئاینی و ناماتریالیستی پایەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری خۆی بەهێزبکات. هەر سۆسیۆلۆژیایەک لە کوردستاندا، بێگومان لە ئێرانیشدا، لەم سەرەتاگە سۆسیۆلۆژییە سادەیەوە دەستپێنەکات و ڕاستەوخۆ لەو جیاکردنەوە قەبەیەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە دەستپێبکات، هەم خۆی و هەم کۆمەڵگا و هەم ئینسانەکان بەهەڵەدا دەبات. هەر فەرزێک، یان گریمانەیەک، لەم دیدە سۆسیۆلۆژییەوە دەسپێنەکات، واتە لەو دیدەوە کەبزانێت کێن ئەوانەی کولتوور بەرهەمدەهێنن و بۆ ئەو ناوەرۆکە کولتوورییانە بەرهەمدەهێنن، بێ چەندوچوون فەرزێکی هەڵە و مەترسیدارە.

کولتوورەکانی جیهان لێکدابڕاو و بێپەیوەندی و گۆشەگیر نین، ئەوەی پێدەگوترێت شارستانیەتی ڕۆژئاوا دابڕاو نییە لە شارستانیەتەکانی دیکە، کولتووری ئێرانی جەوهەرێکی نەگۆڕی نییە لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییانەدا کە

ئینسـانی ئێرانی لەم سـەدەیەدا لەگەڵ خۆی و جیـهـان و دەوروبەریدا هـەیبـووە و هـەیەتی. بەیەکداچوونێکی مێژوویی گەورە لەنێوان ناوەرۆکی کولتوور و ڕووداوە مێژووییە جیاجیاکاندا هەیە. هەموو دابڕینێکی ئایدیۆلۆژیی گشتگیر و ناڕاستی وەک دابڕینی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا، خـودا لە ئینسـان، مـەبنای مـاتریالی لە مەبنای ڕۆحانی، جگە لە هەڵەیەکی فیکری و میتۆدی گەورە شتێکی دیکە نییە. سـەرەڕای ئـەمـە لە فـیکری ئیـسلامـیدا چەندان فـەیلەسـوفی گرنگ هەن کـە بە هەموو مـانایەک هیومانیست و ئینساندۆستن، ئیبن ڕوشد، ئیبن خلدون، الرازی، ئیـبن مـوقـفـع و سـوفـیـیـەکی گـەورەی وەک ئیـبن عـەرەبی نموونەی ئەو جـۆرە کـەسـانەن، واتە بەشـێکی گـرنگی فـەلسـەفـە و فـیکر لە جـیـهـانی ئیـسـلامـدا ئینسـانـدۆسـت و ژیاندۆسـتن، بـەڵام ئەو پرسـیـارەی کـە دەبێت وەڵامی بدەینەوە ئەوەیە: لەبەرچی ئەم ئاراسـتەیە لە فیکر لە جیـهـانی ئیسلامـدا ژێردەکەوێت و سـەلەفیـەتی دینی گەمە کولتوورییەکان دەباتەوە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیارە نابێت بۆ خـودا و دەق و خـودی کولتوور خـۆی بگەڕێینـەوە، بەڵکو دەبێت لە کۆی ئەو ملمـلانـێ گـەورە و بچووکانە ڕامـێنـین کە ئەم کۆمـەڵگایانـە لە چەند سـەدەی ڕابووردودا بەخـۆیانەوە بینیـوە، دەبێت لە پەیوەندییـەکـانی دەسـەڵات و پەیوەندییـەکـانی مـانا و پەیوەندییـەکـانی بـەرهەمـهـێنان ڕامـێنین، چونکە، وەک مـیـشـێل فـۆکـۆ دەڵێت ئینسـان بوونـەوەرێکە هـەمـیـشـە لـەناو ئەو سێ جـۆر پەیوەندیەدا نیشتەجێیە.

دواجـار ئینسـاندۆسـتی یانی چی؟ ئایا بـە چ مـانایەک ڕۆژئـاوا ئینسـاندۆسـتـە؟ ئەوەی تۆ ناویدەنێیت ڕۆژئاوا لەسـەدەی بیسـتـەمدا و لە دوو جـەنگی جیـهـانیدا زیاد لە ١٠٠ ملیـۆن ئینسـانی بە کوشتداوە. لەهـەمـوو مـێـژووی مرۆڤـایەتیدا ئەم ژمـارە زۆرە لە ئینسـان لەناو هیچ سـەرزەمین و شـارسـتـانیـەت و کـولتـوورێکدا نەکـوژراون. فـاشـیـزم و نازیـەت دوو بەرهـەمـی ڕۆژئاوایین، ڕەگـەزپـەرسـتی داهێنراوێکی ڕۆژئاواییە، کۆلۆنیـالیـزم ڕۆژئاوا خـاوەنیـەتی، کورەی سـوتاندنی جولەکەکان، هۆڵۆکۆست، لە ڕۆژئاوادا دروستدەبێت، تا ئێسـتـاش بەشی هەرە گـەورەی پیـشـەسـازی دروسـتکردن و بەرهەمـهـێنـانی چەکی بەکـۆمـەڵکوژ لە ڕۆژئاواوە دێت. بێگومـان من کە ئەم قسانە دەکەم مەبەسـتم نییـە، وەک ئاینگەرا و ئوسـولی و ناسـیـۆنالیسـتـەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڵێم ڕۆژئاوا شـەڕی

موتڵەقە و سەرچاوەی هەموو کارەساتەکانی سەر ئەم ئەستێرەیەیە. ئەم جۆرە بۆچوونانە بۆچوونی ئیسلامگەرای توندڕەو و ناسیۆنالیستی پەڕگیرن، کە باوەڕیان بە جیاوازی جەوهەری و قەتعی لە نێون ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا هەیە، باوەڕیان وایە کە یەکێکیان لەویدیکەیان گەورەتر و ئینساندۆستر و عەقڵانیتر و مەزنترە. مەبەستی من لە هێنانەوەی ئەو نموونانەی سەرەوە ئەوەیە نیشانیدەم کە ناتوانین شارستانیەتێکی ئاڵۆز و پڕ کێشە و پڕ مژدە و پڕ پرۆژەی جیاوازی وەک شارستانیەتی ڕۆژئاوا بۆ ئەو ڕستە سادانە کورتکەینەوە کە لە ئێراندا باسدەکرێن. ڕۆژئاوا لەپاڵ دەسکەوتە گرنگەکانیدا سەرچاوەی کۆمەڵێک کێشەی گەورەشە. بەڵام هەرخۆشی ڕەخنەگری ژمارە یەکی خۆشیەتی. ڕەنگە یەکێک لە کارەکتەرە گرنگەکانی فیکر لەم بەشەی جیهاندا لەوەدابێت کە لەیەککاتدا بەرهەمهێنەر و ڕەخنەگری نومرە یەکی خۆیەتی.

دەربارەی ئەوەش بۆچی لەو بەشەی جیهانی ئێمەدا ئاین زاڵە، بۆ ئاین دەبێتە ئایدیۆلۆژیای شۆڕش و بەرگری و لەبەرچی گروهی ئاینی توندڕەو لەدایکدەبن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەبێت بۆ زەمینەی مێژوویی ڕووداوەکان و بۆ کێشەی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ پەیوەندییەکانی هێز و دەسەڵات بگەڕێینەوە، نەک بۆ دابەشکردنێکی کولتوورگەرای لەبابەتی عەقڵی ڕەها بەرامبەر بە عەقڵی نارها. توندڕەویی دینی لەناو دەقە ئاینییەکانەوە نایەتە دەرەوە، توندڕەوی بازدانێک نییە لە دەقەوە بۆ مێژوو، توندڕەوی بەرهەمی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییە. بۆئەوەی لە توندڕەوی تێبگەین نابێت لەو خاڵەوە دەستپێبکەین گوایە خوداوەند لە ڕۆژهەڵات لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە و لە ڕۆژئاوا تەنها لەناو قولەی کەنیسەکاندا نیشتەجێییە. بۆ تێگەیشتن لە توندڕەوی دەبێت تەماشای ئەو سەرزەمینە کۆمەڵایەتیی و سیاسی و ڕەمزییە بکەین کە هێزی وا توندڕە بەرهەمدەهێنێت.

ئینسانی ئێمە کە سنووربەندە و ئازاد نییە لەبەرئەوە نییە کە خوداوەند بیرۆکەی ڕەهایە و لە پشتی کولتوور و بەهاکانی ئێمەوە وەستاوە، یان لەبەرئەوەیە ئاین لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیە و ئازادی ئێمە دەخوات. گەر ئەم مەسەلانەش ڕاستبن و خوداوەند و ئاین نەهێڵن ئینسان لای ئێمە ببێتە مەبنای کولتوور و

نەهێڵن ئازدبێت، ئەوکات پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە بۆ خوداوەند و دین لای ئێمە ئەو فۆرمەیان لەخۆگرتووە کە دژ بە ئازادی و دژ بە ئینسان کاربکەن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گەڕانەوە بۆ دەقە دینییەکان بەفیڕۆدانی کاتە، لەباتی ئەمە دەبێت بۆ ستراتیژەکانی دەسەڵات و مەعریفەی ئەو هێزانە بگەڕێینەوە کە ئەو مانایانە بە خودا و بە ئاین دەبەخشن. ئینسانی ئێمە ئازاد نییە چونکە کەوتۆتە ناو کۆمەڵێک هاوکێشەی دەسەڵات و هێزەوە کە ناهێڵێت ئازادبێت. باڵادەستی خوداوەند و ئاین بەوشێوەیەی لای ئێمە هەیە پێدراوێکی سروشتی نییە، بەڵکو دەرنجامی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی تایبەتە کە تیایدا کۆمەڵێک هێز هەن پێویستییەکی بەردەوامییان بەو وێنە تایبەتەی خودا و ئاین هەیە بۆ مانەوە و پاراستن و بەرهەمهێناوەی بەردەوامی دەسەڵاتی خۆیان. کەس نییە لای ئێمە خوداوەند بە موڵکی خۆی نەزانێت، لە دیکاتۆرەکانەوە بۆسەر مەلا دینییەکان. سەدام حوسەین خوداوەند لەپاڵ خۆیدا دەبینێت و دوژمنەکانیشی هەروەها، هەردووکیشیان کۆمەڵێک پیاوی ئاینی و فەتواچییان هەیە کە دەڵێن خودا لەگەڵ ئەوانەدایە و شەرعیەتی ئاینی بە کاروکردەوەکانیان ئەدەن. ئەوەی ئازادی ئێمە دەخوات نە عەقڵی ڕەهایە نە خوداوەندە، نە ئاینە، بەڵکو کۆمەڵێک هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراون کە پایەکانی دەسەڵاتی خۆیان لەسەر خواردنی ئازدی ئێمە و کردنی خودا بە پەناگای خۆیان و کردنی عەقڵ بە هێزێکی ڕەها بۆربەرگری لەخۆیان، دامەزراندوە.

بەڵام هەموو ئەم قسانە مانای ئەوە نییە کە تایبەتمەندێتی، واتە خسوسیەت، بوونی نییە، یان لەنێوان ئەوەدا کە پێیدەڵێین ڕۆژهەڵات و لەنێوان ڕۆژئاوادا جیاوازی نییە، ئەمستردام و تاران و هەولێر وەک یەمن، نا، لەنێوان ئەو شوێنانەدا جیاوازی گەورە گەورە هەیە و هەریەکێکیان هەڵگری تایبەتمەندی خۆیەتی. بەڵام تایبەتمەندێتیش شتێکە دەشێت لەسەری ڕێککەوین، پێناس و کارەکتەرێکە ئێمە بە خۆمان و بە کۆمەڵگاکەمانی ئەدەین، تایبەتمەندێتی پێدراوێکی سروشتی و ئەبەدی نییە لە کۆنی کۆنەوە بۆمان مابێتەوە و نەتوانین بیگۆڕین، بەڵکو دروستکراو و داهێنراوێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە. دواتر تایبەتمەندی قابیلی گۆڕانە، بۆ نموونە لە هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا یەکێک

لە تایبەتمەندییەکانی شارێکی وەکو سلێمانی بوونی فەزایەکی ئازادی سەفا و گۆرانی و سەیران بوو، بەڵام ئەمڕۆکە فەزای باڵادەست لەو شارەدا لەزۆر ڕووەوە کاراکتەرێکی ئاینی وەرگرتوە و لە فەزای هەفتاکان داخراوتر و چەپێنەرتر و بەرتەسکترە. لە هەفتاکان و هەشتاکاندا بەشێکی زۆری گەنجانی کوردستانی عێراق گوێیان لە گۆرانی فارسی دەگرت، ئێستا گوێ لە گۆرانی تورکی دەگرن، ئافرەتان بێپەچەبوون ئێستا پەچەپۆشن. نموونەیەکی دیکەی گۆڕان لە سلێمانیدا گۆڕانە لە مۆسیقادا، بە گواستنەوەی بەشێکی زۆری خەڵکی لادێکانی کوردستان بۆ ناو شارە کوردییەکان گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر مۆسیقای کوردیدا هاتوە، جاران ئەم مۆسیقایە تا ڕادەیەکی زۆر مۆسیقایەکی شاری بوو و لەگەڵ زەوقی خەڵکی شاردا دەگونجا، کارەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی نموونەیەکی بەرچاوی ئەم ڕاستییەن، کەچی لە دوای ئەنفالەوە جۆرێک لە مۆسیقا دێتەکایەوە کە زیاتر بە زەوق و سەلیقەی لادێی کوردیی ئاشنایە.
بەهەرحاڵ ئێمە دەتوانین بیر لە چەندان تایبەتمەندێتی بکەینەوە کە وابەستەی قۆناغ و سەردەم و سات و کاتی تایبەتی نێو مێژوون، ئەمەش وادەکات ئەو دیدەمان لا ڕاستنەبێت کە تایبەتمەندێتی وەک شتێکی ڕەها تەماشادەکات.
دەبێت لەناو هەر تایبەتمەندییەکدا کە لەسەری ڕێکدەکەوین پانتاییەکی گەورە بۆ جیاوازی بهێڵینەوە، دەنا دەبینە هەڵگری پرۆژەیەکی تۆتالیتێر و بێئەوەی بەخۆمان بزانین خەریکی بنیادنانی فاشیزمین. ئەمە سەرەڕای ئەوەی تایبەتمەنێتی بریتییە لە پێناسێکی تایبەت لەناو زۆر پێناسی دیکەدا، بەڵام کاراکتەری ئەو پێناسە ئەوەیە کە زۆربە لەسەری ڕێکن و قبووڵیانە، ئەم ڕێککەوتن و قبووڵکردنەش پرۆسەیەکە میکانیزمەکانی دەسەڵات دەیانبات بەڕێوە، نەک جەوهەرێکی کولتووری گریمانکراو.
بێگومان من تێدەگەم تۆ ئەو تەقسیمبەندییە بۆ دەکەیت. تۆ دەتەوێت بڵێیت ڕۆژئاوا ئینساندۆستە و لەپاڵ ئازادی ئینساندایە، لەکاتێکدا ئێمە لە دنیایەکدا دەژین بەر بە ئازادی ئینسان دەگریت و ئەم بەرگرتنەش بەناوی خوداوەندەوە پاسادان دەکرێت. کە تۆ دەڵێیت لە بەشێکی دیکەی جیهاندا ئینساندۆستی باڵادەستە، لەوانەیە ناڕاستەوخۆ بخوازیت بڵێیت، ئێمەش پێوستمان بە ئینسان دۆستی هەیە. تۆ عەوداڵی بنیادنانی واقیعێکی ئینسان تێیدا ئازاد و سەربەخۆ

و سەروەر بین، مافی هەڵبژاردنی شێوە ژیان و شێوە ئەخلاقیات و شێوە بیرکردنەوەی تایبەتی هەبێت. بتوانێت بێترس بژی، سەفەربکات، کەرامەتی بریندار نەکرێت، بەختەوەربێت، مافی ئەوەی هەبێت خەیاڵی کراوەبێت و عەقڵی بە حەڵاڵ و حەرام گەمارۆ نەدرێت و بتوانێت ئەو شتانە بڵێت کە باوەڕی پێیانە. هەموو ئەم شتانە ڕاستن و پێویستن، بەڵام من پێمولیە تۆ بۆ بەرگریکردن لە پرۆژەیەکی وا پێویستت بەوە نییە ببیتە هەڵگری گوتارێکی ئۆریانتالیستانە. پێویستت بەوە نییە ئەو هێڵە شاقوڵی و ئەنتۆلۆژییە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بکێشیت و یەکێکیان بکەیت بە سەرزەمینی خوداوەند و لەویدیان خودا دەرکەیت، پێویستت بەوە نییە عەوداڵی دوای خسوسیەت و قەتعییەت بیت.

پرسیار: من پێموایە ئێمە ڕۆژانە بەشێوەی عەمەلی و پراکتیکی لەگەڵ گرفتەکاندارووبەڕووین و هەر ئەسڵەن بۆشمان گرنگ نییە ئەم تیورانە تاکوێ ئەتوانن واقیعەکان بەشێوەیەکی عەقڵی تەفسیرکەن. کۆمەڵێک گرفت هەیە کە ئێمە ڕائەکێشێ بۆ لای دەستنیشانکردنی هەندێک فەرز، ئەو فەرزانە لە ئەساسدا شتێکن وەکو خۆت ئاماژەت پێکرد ئەزانین من و تۆ دروستمان کردون، باڵام دواجار نیازمان پێیانە؟ بۆ نموونە ئەگەر شتێکی موقەدەس وەک بنەمایەکی یاسایی لە کۆمەڵگایەکدا بۆ دابینکردنی کۆمەڵگای مەدەنی یان بۆ دروستکردنی ڕایەڵبەندییەکی جیاواز و تەحەمووڵکردنی جیاوازی دروستبکەین، مەجبوورین ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەو فەرزە. کە ئەڵێم فەرز و ناڵێم تیۆر لەبەرئەوەیە تیۆر قەتعیەتێکی تێدایە، بەڵام فەرز ئیحتیمالێکە، چونکە ئێمە بەردەوام لە مەداری سیاسەتدا گرفتمان ئەوەبووە کە یان هیچ شتێک نەبووە دواجار سەرکردەیەکی سیاسی ڕابگرێت لە شوێنێکا بۆئەوەی کە لەو سنوورە زیاتر نەچێتە پێشەوە، یان هیچ سنوورێک نەبووە کە ئەو بەهامەندی و ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە تێکنەدات. لێرەوەیە کە تۆ بە شێوەیەکی عەمەلی نیازت بەشتێکی ئاوا بۆ دروستدەبێت و بۆ ماوەیەک تۆ دەکەویتە دۆخێکی ناچاری. من وای بۆ دەچم ئێستا بۆ نموونە لە کۆمەڵگای ئێرانیدا ئێمە بە بەردەوامی لەگەڵ ئەو جۆرە سیفەتە سیاسییە، کە بە تەئکید مینش لەگەڵ تۆدا هاو ڕەئیم، پێموایە ئەوە سیاسەتە کە ئەفسانەیەکی دروستکراوە. لێرە شتێک هەیە ناویان ناوە شیعە،

کە ئەم شیعەیە هەرکەس لە هەر مستەوایەک بۆ هەر مەبەستێک دواجار لە خاڵێکدا کە پێیدەڵێن تەشەیوع. ئەمە سیاسەتە، ئەمە ئەو یاسایەیە کە تۆ پێتوایە ئیتیفاقێکی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ سازماندانی کۆمەڵگا، بەڵام بەشێوەیەک ئەبێتە بەهایەکی قەتعی.

وەڵام: تۆ ڕاستدەکەیت، هیچ کۆمەڵگایەک نییە کۆمەڵێک ئەفسانەی نەبێت، جا ئەم ئەفسانانە دەشێت ئاینی بن، یان ئەتنی یان هەر شێوە ئەفسانەیەکی دیکە کە جەوهەرێکی گریمانکراو بەو کۆمەڵگایە بدات. ئەمە ڕاستییەکی سۆسیۆلۆژییە و نکوڵی لێناکرێت. بەڵام ئەو پرسیارەی دەبێت لە خۆمانی بکەین ئەوەیە داخۆ ئەو ئەفسانانە چەند ڕێگر یان پاڵنەرن لە جێبەجێکردنی داخوازییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکانی قۆناغێکی تایبەتی گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری دیاریکراوی ئەو کۆمەڵگایەدا؟ با لەسەر ئێران و مەسەلەی شیعەگەرایی لە ئێراندا بدوێین. بێگومان وێناکردنە ئایدیۆلۆژییەکانی شیعەگەرایی لە ساتەوەختێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای ئێرانیدا ڕۆڵی تایبەت و بەرچاوی لە بنیادنانی شووناسی نەتەوەیی ئێراندا بینیوە. لە قۆناغی ململانێی ئیمپراتۆریەتی سەفەویدا لەگەڵ عوسمانییەکان و هێزە ناوچەییەکانی دیکەدا ئەم ئایدیۆلۆژیایە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە بەرهەمهێنانی جۆرێک لە شووناسی دەستەجەمعی کە لەڕێیەوە بەشێکی گرنگی ئێرانییەکان وێنەیەکی تایبەت و جیاوازیان بەخۆیان بەخشیوە لەوێنەی دراوسێکانیان. لە ڕۆژگاری شۆڕشی ئێرانیشدا ئەم ئایدیۆلۆژیایە هێزێکی مەعنەوی بە شۆڕشگێڕەکان بەخشیوە و یەکێک بووە لەو هۆکارە زۆرانەی کە ئامادەیی بۆ گیانفیدایی لای شۆڕشگێڕان زیادکردوە. بەڵام لە ئێرانی ئەمڕۆدا، لەئێرانێکدا بخوازێت پرۆژەی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسیەت و فرەدەنگی پایەدارکات، شیعەگەرایی چیدی ناتوانێت ئەو چوارچێوە گشتییەبێت کە بەکەڵکی ئەم قۆناغەبێت. ئەمەش لەبەرهۆیەکی زۆر سادە: بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای ئێرانی شیعە نین، ئەمە جگە لەوەی لەناو خودی ئەوانەدا کە خۆیان بە شیعە دەزانن چەندان تێگەیشتنی جیاواز بۆ شیعەبوون هەیە، سەرەڕای ئەمانە کۆمەڵێک کەسی دی لە ئێرانداهەن خۆیان لەهەمووکەس زیاتر بە ئێرانی دەزانن بەڵام باوەڕیان بە ئاین هەر نییە. ئەم وڵاتە گەر بخوازێت مافی دەنگ و قسەکردن و خۆڕێکخستن و ئازادی بەهەمووان

بدات و بەم کـارەشی ئێـران بکاتـە ولاتێکی مـۆدێرن، ناتـوانێت بۆ خـولقـاندنی شـووناسی نەتەوەیی ئێران چیدی بۆ چوارچێوەکانی شـیعـەگەرایی بگەڕێتـەوە. ئەمڕۆ کۆمـەڵگای ئێرانی پێویستی بە حیکایەتی دیکە هەیە دەربارەی ئێرانیبوون و شـووناسی ئێرانیی، حیکایەتی گشتیـتر و کراوەتر لەو حیکایەتە ئاینییـانەی ئەمڕۆکە لەم ولاتەدا ئامادەیە و هێزێکی سیاسی بەهێزیش دەیپارێزێت.

هێشـتنەوە و سەروەرکردنی حیکایەتە کۆنـەکان کارێکی سیاسییە، هێشتنەوەی شیـعـەگـەرایی وەک چوارچێوەیەکی گشـتی بۆ شـووناسی نەتەوەییی لە ئێراندا وابەسـتـەی سـیـاسـەتێکی دیاریکراوە لەو ولاتەدا، بەلام کـاتی ئەوە هـاتووە ئەم سـیـاسـەتە لـەوە تێـبگات کـە ئـەم چوارچێـوەیە ناتوانێت چوارچێـوەیەکی دیموکراسیانەبێت بۆ سەرجەمی هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای ئێرانی. ئەم ولاتە لـەبەردەم هـەڵبـژاردنێکی مـێـژوویی گـەورەدایـە، یان ئـەوتە چوارچێـوە گـشـتـیـیـەکـانی شـووناسی نەتـەوەیی دەسکاریدەکـات و چوارچێـوەیەکی نوێ دروسـتـدەکات کراوە بۆ هەمـو ئەو هێزانەی کە خـوازیاری شـوناسێکی دیکەن لەدەرەوەی شـیـعـەگەرایدا و بەمـەش ئێران بەرەو ڕۆژگارێکی تازە دەڕوات، یان ئەوتـە دەبێت ئەم چوارچێـوە بە زۆر بسـەپێنرێت، دەبێت شـیـعـەگـەرایی و مەرگدۆسـتی، شیعەگەرایی و ئێرانیبوون، شیعەگەرایی و مۆدێرنبوون، بەیەکەوە کۆببنەوە، ئەمـەش هـەڵگری پرۆژەی چەندان پێکدادانی کۆمـەلایەتی و سـیـاسـی ئایندەییە.

من پێموایە ئەمڕۆ یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ڕۆشنبیرانی ئێرانی بریتییە لە ڕەخنەکردن و تەفکیککردنی ئەو چوارچێوە کۆنانەی لـە ناویاندا شووناسـێکی نەتەوەیی نا دیموکـراسی لە ئێـراندا بەرهەمــهێنراوە. ڕۆشنبـیـرانی ئێـرانی، بێگومـان ڕۆشنبیرانی کوردیش، دەبێت عەوداڵی دۆزینەوەی بەهای قـەتعی نەبن، دەبێت لـەدەرەوەی دوالیـــزمی ئاینی و ئـەتنی و ئـیــــــلامـی و ڕۆژهـەلاتـی و ڕۆژئاواییدا بیربکـەنەوە. کاک سامان، تۆ سـەد دەرسـەد ڕاسـتـدەکەیت، ئەمڕۆ لەئێراندا هـەندێک شت کراونەتە بەهای قـەتعی، ئەم بەهـە قـەتعیـانەش کۆمـەڵێ بەهای نا دیموکراسین و ڕۆژانە ڕوومان پیایاندا دەتەقێتـەوە. لەبەرامبـەر ئەمەدا من ناڵێم کۆمـەڵگا بەهای قـەتعی نەبێت، من ئـەڵێم دەبێت لەوە تێـبگەین کـە ئەو بەهـا قـەتعیـانە قـەتعی نین، پێدراوێکی پێشـین نین، ئەبەدی نین، نامێژوویی نین،

ئەو بەهایانە بەزۆر و لەهەلومەرجێکی دیاریکراودا کراون بە قەتعی. وەک پێشتریش ووتم کۆمەڵگا جەوهەری نییە، بەڵکو جەوهەری بۆ دروستدەکرێت. ئەو پرسیارانەی کە ڕۆشنبیران لە هەلومەرجێکی لەم بابەتدا دەبێت لە خۆیانی بکەن بریتین لەوەی: ئەوە کام هێزە باس لە جەوهەر و قەتعیەت دەکات؟ بۆچی ئەم هێزە باس لە بوونی ئەو جەوهەرە گریمانکراوە دەکات؟ بۆچی لە ئێستا و لەم ساتە تایبەتەدا باس لەو جەوهەرە دەکات و ڕووی قسەکردنەکانیشی لەکێیە؟ کاری ڕۆشنبیران بریتییە نییە لە دووبارەکردنەوەی هەموو ئەو دوالیزمانەی کە سیاسەت و کولتووری ڕۆژانە دروستیان کردوە، کاری ئەوانە خوێندنەوەی بنەما ئەخلاقی و سیاسی و دەسەلاتییەکانی ئەم جۆرە بۆچوونانەن. من پێموانییە ڕۆشنبیران دەبێت فەرز دروستکەن، من پێموایە ڕۆشنبیران دەبێت هەموو فەرزەکان وەبەر ڕەخنە بدەن. ڕۆشنبیران دەبێت بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابن کە پانتایی ئەو ڕێکەوتن و ئیتیفاق و فەرزانەی کە بەرهەمدەهێنرێن فراوان کەن و لەکوێدا پرۆژەی بێدەنگکردن و سەرکوتکردن و هەلاوێردن هەبوو، لەوێدا بەدەنگبێن و داوای چوارچێوەی کراوەتر و ئینسانیتر و دیموکراسیتر بۆ فەرزەکان بکەن.

پرسیار: ئەگەر نەتەوەی کورد وەک نموونە بکەینە ئەو جەوهەرە دیاریکراو و دانراوە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، من پێموایە کێشەکە زۆر باش دەتوانێت بەرەو ڕێگای چارەسەر بڕوات. لەبەرئەوەی کە ئێستا ئەگەر ڕێزگرتن لە کۆمەڵێک ئینسان کە ناویان کوردە و دروستکردنی مەجال بۆ پێکهاتنی ئەو ڕێزگرتنە و ئیتیفاقکردن یان دروستکردنی کۆمەڵێک دەستوراتی کۆمەلایەتی کە ئەم دەستورانە لەسەر مەبنای بەهایەک بن کە ناوی کوردە، پێتوابێت لە کورت ماوەدا ببێتە زەرورەت و دادەسەپێت. چونکە گرفتی ئێمە لە ئێستادا ئەوەیە کە بەردەوام پێمان وایە لە دروستکردنی بەردەوامی ئەو جەوهەرەداین، لەکاتێکدا ئەزموونەکان نیشانیان داوە کە ئێمە خاوەنی شووناسێکی دیاریکراو نین، هەربۆیە ئێمە پێویستمان بەو جەوهەرە فەرزیە هەیە تاکو سبەینێ سەرکردەیەک تەحەدا بکات لەگەمەکردن بەو کۆمەڵە ئینسانە کە ناویان کوردە و هەر ئەوە بتوانێت جەوهەرێک ببەخشێ بە فەراهامکردنی زەمینە بۆ بنیاتنانی دەستورێک

قانون و یاسایەک کە ئەو قانونە لە دواجاری خۆیا بگۆڕێتە سەر مەفهومێک کە پێی ئەڵێن کورد.
وەڵام: ئێمە پێویستمان بە جەوهەر نییە و کێشەی کۆمەڵگای ئێمە بوون یان نەبوونی جەوهەر نییە، گەر ناچاریشبین جەوهەرێک هەڵبژێرین ئەوکات دەکرێ بڵێین جەوهەری ئێمە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا یەکسانە بە «کوردبوون». ئێمە نزیکەی دوو سەدەیە باس لە کوردبوونی خۆمان دەکەین و بەشێوەی جیا جیاش بەرگری لەم کوردبوونە دەکەین، بەڵام دیسانەوە کوردبوون چەندان شێوازی جیاواز و هەمەڕەنگی هەیە، ناتوانین کوردبوون کوورتکەینەوە بۆ تاقە شێوەیەک لە شێوەکانی، یەکسانیکەین بە پێناسی حیزبێک لە حیزبە سیاسییەکان یان بەو پێناسەیەی داگیرکەران و ناحەزانی کورد پێیدەدەن، یاخود بە پێناسی ئەم یان ئەو ڕۆشنبیر، خەڵکی ئەم ناوچە یان ئەو ناوچەی کوردستان. کوردبوون بریتییە لەم شتانە هەمووی. کوردبوون بریتییە لە کۆی ئەو هەڵبژاردنە تاکەکەسی و دەستەجەمعییانەی ئیسنان و گروهە کۆمەڵایەتی و سیاسی و دینی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگای ئێمە پێیهەڵدەستن. ئەوەی ئەمڕۆ پێویستمان پێیەتی بەخشینی مانایەکی دیموکراسی و ئینسانی و ژیاندۆستانەیە بە کوردبوون. ئەمڕۆکە پێوستمان بە جۆرێک لە کوردبوونە کە بتوانێت شێوە جیاوازەکانی کوردبوون لە هەناوی خۆیدا جێبکاتەوە و مافی بوون و قسەکردن و ئازادییان بسەلمێنێت. ئێمە پێویستمان بە مارەکردنی شێوە جیاوازییەکانی کوردبوونە لە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بەرفراون لە کوردستاندا.
ڕاستت دەوێت ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە دەستورێکی دیموکراسی هەیە کە ببێتە چوارچێوەی هەڵسوکەوتی هەمووان و چوارچێوەی شێوە جیوازەکانی کوردبوون، دەستورێک لە سەرکردەکانەوە بۆ سادەترین هاووڵاتی پەیوەستیبن.
بە مانایەکی دیکە ئێمە پێویستمان بە جەوهەر نییە، بەڵکو پێویستمان بە کۆمەڵێک پرنسیپی سیاسی کراوەیە کە لەناو ڕۆحیەتی دیموکراسییانەی دەستورێکی دیموکراسییەوە هاتبێتە دەرەوە و بەهەمووان ماف و ڕێز و کەرامەت و هەلی کۆمەڵایەتی یەکسان ببەخشێت.

پرسیار: کاک مەریوان حەزدەکەم باسی دەور و گرنگی جەوهەر بکەم لە بواری عیلاقاتی دەرەوەی کۆمەڵگای کوردیدا. ئەم کۆمەڵگایە ئەگەر بیەوێت لە درێژماوەدا بەرهەمی هەبێت یان داهێنانی هەبێت لە هەموو بوارەکاندا، بۆ وێنە لە ئەدەبدا، ئەوەی کە نەبوونی ئەو شوناسە جەوهەریە نەبوونی جۆررێک لە ڕەگەزی تایبەت گرفتێکی گەورەی بۆ پێش دێنێ، بۆ نموونە لە داهێنانی ئەدەبیدا ئێمە بە کردەوە تا ئێستا زۆر مەشاکیلی وامان کە پێیان بووە جۆرێک لە خسوسیەتی ئەدەبی لە داهێنانی ئەدەبی، بۆ نموونە لە دەقێکی چیرۆکا یان لە شیعرێکا بەجۆرێک کەڵک وەرگرتن هاتۆتە ئەژمار لە ئەزموونی دەرەوەی ئەو زمانە و ئەو میللەتەی بۆ کاری داهێنان. بۆ نموونە ئەوەی کە دەڵێن ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) لە ڕۆمانەکانی گابریل گارسیا مارکیز جیاناکرێتەوە، ئەوەی کە گوایە ئەو ڕۆمانە تەواوی ئەو خورافات و مەوهومات و تەواوی ئەو ئامرازە کۆنینە و جیاوازانەی کە لەدەرەوەی مێژووی کوردن ، هەرهەموو ئەوانە بەکارهاتون لەناو ئەو ڕۆمانەدا. دواجار شێوازی ڕۆمانەکەش شێوازێکە کە کورد خۆی داینەهێناوە کە شێوازی ڕیالیزمی جادوییە. من لەسەر شێوازەکە قسەیەکم نییە چونکە بێگومان شێواز شتێکە هەرکەس دەتوانێت ئیشی تیابکا و هیچ پەیوەندییەکی بە داهێنانی تایبەتە بە کۆمەڵگایەکەوە نییە، بەڵام زیاتر بە دیوەکەی تردا من پێموایە لەناو زماندا هەندێک جەوهەر هەیە کە ئەو جەوهەرانە دەبێت نەقڵ بن، زاهێر بن وەک ئەوەی ئێمە زۆر باش دەتوانین بڵێین کە ئێوارەی پەروانە لەگەڵ ئەوەیا کە لەناو شێوازێکی جادوییدا ئیشیکردوە بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا زۆر زۆر توانیویەتی یانی کەڵک وەربگرێ لە هەموو ئامرازەکانی مێژووی کۆمەڵگای کوردی تا ئەم ساتە.

وەڵام: قسەکردن لەسەر ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە لە چاوپێکەوتنێکی ئاوادا کارێکی زەحمەتە، ئەو ڕۆمانە دەقێکی فیکری قووڵ و پڕخەیاڵ و پڕ پرسیاری هەمەلایەنە. بۆیە ئەوەی لێرەدا من دەربارەی ئەو ڕۆمانە دەتوانم بیڵێم جگە لەکۆمەڵێک سەرنجی گشتی زیاتر نییە. سەرەتا با لەو تۆمەتەوە دەستپێبکەم کە گوایە ئەم ڕۆمانە کوردی نییە و بەختیار عەلی فەزا و وێنە و ئامرازەکانی لە مارکیز و کەسانی دیکەی دەرەوەی مێژووی کوردیەوە وەرگرتوە. من لێرەدا لەو بەڕێزانەی ئەمجۆرە حوکمە بێمانایانە ئەدەن دەپرسم: داخۆ ئێمە وەک

نەتەوەیەكی ناو دنیای مۆدێرن چ شتێكمان هەیە لەدەرەوە ڕا نەهاتبێت؟ ئایا ئەو بەڕێزەی كە ئەو جۆرە قسانە دەكات، كارەبای ماڵەكەی، تەلەفیزۆنەكەی، كامێراكەی، ڕادیۆكەی، سەرچاوەی ڕۆشنبیرییەكەی لە كوێوە هاتوە؟ ئایا ئەو قەڵەمەی پێیدەنوسێت، ئەو كاغەزەی لەسەری دەنوسێت، ئەو چاپخانەیەی كە نووسینەكانی بۆ چاپ دەكات كورد خۆی دروستیكردون یان لە دەرەوەڕا بۆی هاتووە؟ ئایا كورد، كە نزیكەی سەدەیەكە بزوتنەوەیەكی سیاسی چەكداری هەیە، ئەو چەكانەی شەڕی پێدەكات خۆی دروستیكردون؟ ئایا بیرۆكەی دیموكراسی و ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆ نووسین، كە دروشمە هەرە سەرەكییەكانی بزوتنەوەی نەتەوەیی ئێمەن، كۆمەڵگای كوردی خۆی بەرهەمهێناون یان هەرهەموویان سەر بە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنەن و كوردیش وەك دەیان و سەدان میللەتی دیكەی سەر ئەم ئەستێرەیە وەریگرتوون و داواكارییەكانی خۆی لەڕێگەیانەوە داڕشتووە؟ نازانم بۆ دەبێت هەموو ئەم شتانە ئاسایی بێت بەڵام كە دێتە سەر ڕۆمانەكەی بەختیار عەلی دەبێت شتەكان سەد دەر سەد كوردیبن؟ دواجار كوردیبوون یان كوردینەبوونی ڕۆمان یانی چی؟ ئەو بەڕێزانە نایەن پێمانبڵێن كوردیبوونی ڕۆمان یانی چی؟ پێمان ناڵێن بۆ نموونە جیاوازی نێوان ڕۆمانی كوردی و ڕۆمانی عەرەبی و ڕۆمانی فارسی و ڕۆمانی فەرەنسی، یان هەر میللەتێكی دیكە خۆیان هەڵیبژێرن، لەچیدایە؟ ئەم بەڕێزانە تەنها حوكمی بێمانا و نەسەلمێندراو ڕقاوی ئەدەن، نەك زانیارییەك شوێنی باوەڕ دەربارەی هەر مەسەلەیەك لە مەسەلەكانی ڕۆمان و ئەدەب و نووسین.

بەباوەڕی من كوردیبوون یان نەبوونی ڕۆمان یەكێكە لەو دۆگما ئەدەبییە گەورانەی هەندێك لە نووسەرە ناسیۆنالیست و دژ بە داهێنانەكانی كۆمەڵگای ئێمە بەكاریدەهێنن. ڕۆمان موڵكی هیچ گەل و نەتەوە و گروهێكی ئەتنی و ئاینی و كولتووری نییە. ڕۆمان جۆرێكی تایبەتی حیكایەتخوانییە و بەرهەمی مێژوویەكی درێژی حیكایەتخوانی ئینسانییە. ئەم مێژووەش مێژووی هیچ میللەت و گروە و نەتەوەیەك نییە بە تەنها و كەس ناتوانێت مێژووی حیكایەتخوانی قۆرغكات و بڵێت لەمنەوە دەستپێدەكات. یەكێك لەو شتانەی نە جەوهەری هەیە و نە شووناس ڕۆمانە، ڕۆمان بە مانای شێوەیەكی تایبەتی

گێڕانەوەی حیکایەت. ئینسان بوونەورێکی حیکایەتخوێنە، کردن و گێڕانەوەی حیکایەت یەکێکە لە کاراکتەرە هەرە گرنگەکانی ئینسان. بۆ ساتەوەختێک ناتوانین وێنای ئینسان بکەین وەک بوونەوەرێک لەدەرەوەی حیکایەتدا، ئینسانبوون زۆر بە قووڵی بە توانای گێڕانەوەی حیکایەتەوە گرێدراوە. لێرەوە پەیوەندی نێوان ئینسان و حیکایەت، ڕۆمانیش وەک جۆری هەرە پێشکەوتوی گێڕانەوەی حیکایەت، پەیوەندییەکی وجودییە. لەم ئاستەدا دەکرێت بڵێین ڕۆمان بریتییە لە حیکایەتەکانی سەردەمانی مۆدێرنە، یان وردتر بدوێم ڕۆمان بریتییە لە حیکایەتخوانیی ناو ڕۆژگاری مۆدێرنە و ڕۆماننوسەکانیش بریتین لە حیکایەتخوانەکانی ناو دنیای مۆدێرن. لەم سەردەمەشدا چەند کەسێکی خەڵکی ئەمریکای لاتین حیکایەتخوانە بەهەمانئەندازەش کەسێکی خەڵکی شارەزور و کەسێکی خەڵکی هەورامان و کەسێکی سەقزییش حیکایەتخوانە. ئەوەی جیاوازە شێوازی گێڕانەوەکانە. ئەو بابەتانەیە کە حیکایەتخوانان دەیگێڕێتەوە، ئەو مەسەلانەن کە نووسەرەکان سەرنجمان بۆیان ڕادەکێشن، ئەو لێکدانەوە و شیکردنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی کولتووریی و فەلسەفییانەن کە لە دەقەکاندا ئامادەن. ئەوەی جیاوازە ئەو پرسیارە فەلسەفییانەن کە دەقەکان ڕووبەڕووی ئینسان و جیهان و کۆمەڵگای دەکەنەوە، ئەو چێژە تایبەتانەن کە هەندەسەی دەقەکان پێماندەبەخشن، ئەو سیحرەیە کە زمان بەسەر فەزای ناوەکی ڕۆمانەکاندا بڵاویدەکاتەوە. ئەوەی جیاوازە ئەو تەحەداکردنە عەقڵی و فانتازییایانەن کە لە کاتی خوێندنەوەدا تووشیان دەبین.

لەمانەش گرنگتر ئەو ڕاستییەیە کە داهێنان نیشتیمانی نییە، داهێنانی زارۆکی هەموو شوێنەکان و هیچ شوێنێکیشە، داهێنەرە گەورەکانی مێژوویی مرۆڤایەتی برای یەکن، دەقەکانیان دەستەخوشک و دراوسێ و هاوڕێی یەکن. لە دنیادا هیچ دەقێکی ئەدەبی نییە لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵێک دەقی دیکەوە لەدایک نەبووبێت. تۆدۆرۆف دەڵێت تەنها ئادەم لە ساتەوەختی بوونیدا لە بەهەشت توانیویەتی لەدەرەوەی پەیوەندیدا بە دەقەکانی دیکەوە ئامادەبێت، تەنها ئەو توانیویەتی بۆ یەکەمینجار و بێئامادەگی زمان و دەق و نووسینی بەر لەخۆی ناو لە شتەکان بنێت. بە باوەڕی تۆدۆرۆڤ بەر لە ئادەم شتەکان ناویان نەبووە، بەر لە ئادەم زمان بوونی نەبووە، دەق نەبووە، هەربۆیە ئامێزانبوون و

بەناویەکداچوونی دەقەکانیش بوونیان نەبووە. لەدوای ئادەمەوە هەموو دەقەکان لە پەیوەنیدان بەیەکەوە. جولیا کریستیڤا ئەم پەیوەندییە ناودەنێت، «ئامێزانبوونی دەق»، بە عەرەبی «التناص». بەهەرحاڵ ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ئەدەبی مەزن وەک هەرشێوەیەک لە شێوەکانی داهێنانی مەزن نیشتیمانی نییە. ڕۆمانەکانی یەشار کەمال بۆ زمانی هۆڵەندی وەرگێڕدراون و خوێنەرانی ڕۆمان لەم وڵاتەدا چێژێکی بێوێنەی لێدەبینن. وەکچۆن ئێمەش چێژێکی بێوێنەمان لە ڕۆمانەکانی مارکیز و تۆلستۆی و دیستۆفسکی و سادیقی هیدایەت دەبینی. ئەوانەی داهێنان بە سنووری ئاین و نەتەوە و ئەتنیەت و تەکیە و خانەقاوە دەبەستنەوە، دەیانەوێت داهێنان بکوژن، دەیانەوێت تووشی کەمخوێنییەکی فیکری و عەقڵی و فانتازیمان بکەن.

لێگەڕێ با کەمەکێک لەسەر ئەو تاوانە بێمانایە ڕاوەستم کە دەڵێت فەزای (ئێوارەی پەروانە) فەزای ڕۆمانەکانی مارکیزە. جارێ دەکرێت ئەم تۆمەتە بخرێتە پاڵ هەموو ئەو نووسەرانەی کە لەسەر تێکەڵکردنێکی داهێنەرانەی واقیع و خەیاڵ کاردەکەن، ئەوانەی کە ڕووە واقیعی و ڕووە جادووییەکانی شتەکان بەیەکەوە گرێدەدەن. بەم حیسابە بێت، سەلمانی ڕوشدی، تاهیر بن جەلون، ئیزابیل ئیلێندی، ئەمین مەعلوف و هەموو نووسەرانی قوتابخانەی ڕیالیزمی جادوگەریی و بەشێکی زۆر گەورەی ڕۆماننوسە هاوچەرخەکان دزن، چونکە هەموو ئەمانە فەزایەکی جادوگەرانە لە ڕۆمانەکانینادا ئامادەیە. ئایا ڕەوایە بەم هەموو داهێرانە بڵێین فەزای ڕۆمانەکانی مارکیز دووبارە دەکەنەوە؟ ئەوانەی کە دەڵێن فەزای (ئێوارەی پەروانە) فەزایەکی مارکیزییە یان ئەوەیە ڕۆمانەکەیان نەخوێندۆتەوە یان هەر لە ئەسڵدا نازانن ڕۆمان بخوێننەوە. جارێ بەشێکی تایبەتی فەزای جوگرافی ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی فەزای شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەریەتی لەو فۆرمەدا کە بەختیار عەلی و ئەوەی بەختیار عەلی لە ناویدا گەورەبوون و ئەزموونیانکردوە و خیبرەیەکی تایبەتیان بەرامبەر بە شوێن بەرهەمهێناوە. بەشەکەی دیکەی فەزای ئێوارەی پەروانە فەزایەکی ئەفسانەییە و ڕاستەوخۆ وابەستەی ئەو کۆمەڵە خەونە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییانەیە کە لەدنیای ئێمەدا و لە ٢٠ تا ٣٠ ساڵی ڕابووردودا بینراون. مەبەستم لەو خەونانە خەونی چەپگەرا و ڕۆمانسییە شۆڕشگێڕەکانە بۆ

دروستکردنی مەملەکەتی ئازادی کە یاسای سەرکی تێیدا داهێنان و سەربەستی بێت، دووهەمیشیان خەونی ئەو گروهە ئاینییانەیە کە دەخوازن کۆمەڵگا لەسەر مۆدێلی قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکان بنیادبنێنەوە. ئەم دوو هێز و دوو یۆتۆپیا و دوو خەونە بەدرێژایی ٢٠ تا ٣٠ ساڵی ڕابووردو لە واقیعی ئێمەدا ئامادەبوون و بەشێکی گەورەی فانتازیای کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمە لەدەوری ئەم دوو خەونە سوڕاوەتەوە. بەم مانایە فەزای ئێوارەی پەروانە بەرەنجامی تێرامانێکی هێجگار قووڵە لەو پاشخانە سیاسی و فانتازی و ئەفسانەییەی لە پشتی ڕووداو و مژدە و خەونەکانی کۆمەڵگای ئێمەوە ئامادەبووە. بۆ خوێنەری ورد و ڕاستەقینە ئاشکرایە کە کەم ڕۆمانی کوردی هەیە بە ئەندازەی ئەم ڕۆمانەی بەختیار عەلی کوردی بێت، بەڵام بێگومان کوردیبوون بەو مانایە نە داخۆ بەختیار باسی کەو و بێژنگ و پنە و تەنور و گۆزە و دەستشۆر و مەسینە و گوێزی هەورامان دەکات یان نا، نا کوردبوون لەم ڕۆمانەدا هەڵگری کۆمەڵێک مانا و ڕەهەند و ئاستی نوێیە و دەرکراوە لەو بوونە کەمخوێن و فۆلکلۆرییە سادانەی تا ئێستا لە ئەدەبی ئێمەدا بۆ کوردبوون لەئارادان. لە ئێوارەی پەروانەدا کوردبوون مانای شێوازێکی تایبەتی چالاکی فیکری و فۆرمێکی تایبەتی داهێنانی گرتۆتەخۆی کە هەوڵی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو بونیادە ئەفسانەییانە ئەدات کە لەپشتی دیاردە سیاسی و کولتووریی و فانتازییەکانی کۆمەڵگای ئێمەوە ئامادەن. ئەوانەی بە ڕۆمانەکەی بەختیار عەلی دەڵێن کوردی نییە، دەخوازن کوردبوون تا هەتاهەتایە بۆ ئەو بوونە فۆلکلۆرییە بێخوێن و بێپرسیارە کورتکەنەوە کە باسمکرد و لێرەشەوە نەهێڵن گەشەبکات بۆ جۆرێکی تایبەت لە جیهانبینی و داهێنان و پرسیارکردنی تایبەت. بەبۆچوونی من ئەو جۆرە کەسانە کە کوردبوون لەو ئاستە نزمەدا دەبینن زیان لە ئاسایش و سەروەری نەتەوەییمان ئەدەن و لەزۆر ڕووەوە مەترسییەکی گەورەن بۆسەر گەشەی عەقڵی و فانتازی ئینسان و کۆمەڵگای ئێمە. ئەوانەی کوردبوونی ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە ئینکار دەکەن بەر لە هەموو شتێک ئینکاری مانا فەلسەفیی و سیاسی و ئەفسانەییەکانی کوردبوون دەکەن. لەدیدی مندا ئەم ئینکارکردنە هیچی لە ئینکارکردنی داگیرکەران بۆ بوونی کورد و مەسەلەی کورد کەمتر نییە، ئەگەر زیاتر و ترسناکتریش نەبێت.

لێـرەوە ئەوانەی فـەزای ئێـوارەی پەروانە بـە فـەزایەکی مـارکـیـزی نـاودەبەن و ئەمـەش بە تاوان و دزین و شتی دیکەی لەم بابەتە یەکسـاندەکەن، کەسـانێکن نە مـارکیز دەناسن نە بەختیـار عەلی و نە ئەو دوو جیـهانەش کە ئەم دوو داهێنەرە گەورەیە قـسـەی لەسـەر دەکەن. دواجـار کێ دەڵێت واقـیـعی ئێـمە واقـیـعێکە لە ئەلفـەوە بۆ یـائی لە واقـیـعی ئەمریکای لاتینی، وەک بەشێک لەوەی پێدەگوترێت واقیعی جیـهانی سێ، جیاوازە. با نموونەیەک بهێنمـەوە لە ڕۆمانی «سـەد سـاڵ لە گۆشـەگیـریی» مـارکیـزدا و بەراوردییکەم بە یـەکێک لەو کـێشـە گەورانەی کـە واقیعی سیاسی ئێمە لەمڕۆدا بەدەستییەوە دەناڵێنێت. مەبەستم لەو کێشەیەش کێشـەی «لەدەسـتدان و دۆڕاندنی یاداوەرییـە». من بەدرێژایی ئەم چاوپێکەوتنە باسم لە مـەسـەلەی جەنگ و پێکدادانی ناوخۆ کرد، باسی ئەوەمکرد کە بەردەوام جەنگ مـیوانی کایەی سیاسی ئێمـەبووە. ئەمە واملێدەکات بپرسم ئایا کێشـەی «لە دەستدانی یاداوەری» بەشێک نییە لە مێژووی سیـاسی ئێمە؟ ئایا ئێمـە، گەر یاداوەرییـەکی سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی بەهێـزمـان هەبوایە دووچاری دووبارەکردنەوەی ئەو شەڕ و پێکدادانە ناوخۆییە زۆرانە دەبووین کە شەڕەکانی ئەمـڕۆمـان ڕێک بـە شـەڕی ئیـمـارەتە کـوردییـەکانی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە دەبەستێتەوە؟ ئایا مارکیز کە لە سەرەتای ڕۆمانی (سەد ساڵ لە گۆشەگیری) دا باس لە کێشـەی لەدەسـتدانی خەڵکی گوندێک بۆ یاداوەری خۆیان دەکات و کە نیشانیئـەدات چۆن بۆ پاراستنی ئەو یاداوەرییە ناچارن ناوی هەمو شتەکان و مـەبەسـتی دروسـتکردن و شێـوازی بەکارهـێنانیـان لەسـەر خـودی شـتـەکـان بنووسنەوە، ئـایا ئەم داهێنەرە گەورەیە باسی کێشـەیەک ناکات کە کەم تا زۆر کێشـەیەکی هێجگار گرنگە لە یاداوەری سیـاسی ئێـمـەدا؟ ئایا ئیـشکالیـەتی لەدەسـتدانی یاداوەی گوندێک لە ئەمریکای لاتینی، کـە مـارکیـز لە سـەد سـاڵ لە گۆشەگیریدا باسیدەکات، ئیشکالیەتێکی هێجگار گرنگی ناو واقیعی سیاسی و کولتووری ئێمـەش نییـە؟ ئایا بەم مـانایە مـارکیـز کورد نییە؟ کـاکی من، هەمـوو ئەوانەی بەردەوام ئـەو جـۆرە قسـانە دەکـەن کە گـوایە ئـەمـە کوردی نیـیـە و ئەوە مـارکیـزییـانەیە و ئەوەیان هی ئەورووپایە و ئەوییدیان هی ڕوسـە و بە کەڵکی ئێـمـە نایەت، کەسـانی مشـەخۆرن بەسـەر ئەدەب و داهێنان و نووسین و بیرکردنەوەوە، ئەوانە کۆمەڵێک خەڵکن نە خۆیان هیچیان پێدەکرێت و نە پێشیانخۆشە کەسانی

دیکە شــتـێک بکەن. ئەوانە دەخــوازن ئێــمــە وەک ئینســـان و وەک نەتـەوە لە هـەژارییەکی عەقڵی و فانتازی کوشندەدا بژین.
بەبۆچوونی من بەختیار عەلی لە ئێوارەی پەروانەدا باس لەدوو یۆتۆپیای تایبەتی ناو واقیـعی کوردی دەکـات، ئەم دوو یۆتۆپیـایـەش سـەد دەر سـەد دوو یۆتـۆپـیـای کـوردین و وابەسـتـەی مـێـژووی سـیـاسـی و کـۆمـەڵایەتی و فـەرهەنگی ئێـمـەن. یەکێکیـان یۆتۆپیـای کۆنتـرۆڵکردنێکی سـەرتاسـەریی دینە بۆ کۆمـەڵگا، ئەویدیان یۆتۆپیـای ئازادییەکی ڕەهایە. لە هەموو ئەمریکای لاتیندا قوتابخانەی خـوشکی تۆبەکـەر و کـەسانی وەک زەینەبی کویستـانی و خەندانـی چکۆلە نادۆزینەوە، ئەم جۆرە یۆتۆپیا ئاینییە تەنها لە سـەرزەمینێکی ئیسـلامیدا قابیلی بەرهـەمـهێنانە. قـوتـابخـانـەی خـوشکە تۆبەکـارەکـان بریتـیـیـە لەو ئەگـەرانەی کە لـەهـەنـاوی هـەر هێـزێکی ئیـسـلامی توندڕەوی یۆتۆپیـسـتـا ئامـادەیە، لەهەنـاوی ئەو پێکهـاتە فـەرهـەنگی و فـانتـازی و مـەعریفـییـەدا کە ئیسلامـیـیـەکان دەخوازن لە ڕێـیـەوە جیهان بە هـەموو ئاڵۆزییەکانیەوە بۆناو کۆمەڵێک ڕستەو ئەحکامی بە پیرۆز کراو بگەڕێننەوە.
بەدیوی ئەودیودا ئەو سـەرزەمـینی ئازادییـەی لە باخی عـاشـقـاندا ئامـادیە، بەشـێکە لەو وێنە ڕۆمانسییەی ڕۆژگارێکی درێژ هێـزە مارکسی و شۆڕشگێڕ و چەپەکانی لای ئێمـە بۆ ئازدای هـەیانبووە، بریتـییـە لە پیادەکردن و دابەزاندنی خـەونی ئازادی بۆ سـەر زەمین، شـتـێکە بەشـێکی زۆر لە ئێـمـە ڕۆژێ لە ڕۆژان شـەڕمـان بۆکردوە و چەکمان بۆ کردۆتە شـان. بەم مانایە ئەم ڕۆمـانە تەعبیرە لە یۆتۆپیای هێزە دینیـەکان و لە یۆتۆپیای هێزە چەپەکانی وڵاتی ئێمـە، تەعبیرە لەو ئەگـەرە نادیارانەی کە لەناو وێنە و خـەیاڵ و بەرخوردە ئەفسانەییەکانی خـەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا ئامادەیە.
لە ئاسـتێکی دیکەدا ئەم ڕۆمـانە تەعـبیـرە لەو بونیـادە نادیارانەی کـە لەپشـتی ڕووکارە تەقلیـدییەکانی واقیعی ئێمەوە بە نهێنی ئامادەن و وێنەیـەکی فانتازی و ئەفسانەیی بەهەندێک لە واقیعیترین کێشـەکانی جیـهانی ئێمە دەبەخشن. بەم مـانایە ئەم ڕۆمانە یەکێک لە کوردیترینی ئەو ڕۆمـانانەیە کە تا ئێستا بە زمـانی نەتەوەیی ئێمـە نوسـرابێت، گومانم لەوە نییە ئەم ڕۆمـانە دوای سـەدەیەکی دیکە دەبێتە یەکێک لە سـەرچاوە هەرە گرنگەکانی ناسـینی جیهانی ئینسانی ئێمە لە

کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا و نەوەکانی دوای ئێمە بۆ ناسینی ئێمە بۆ ئەم ڕۆمانە دەگەڕێنەوە.
هەر لەم ڕۆمانەدا تواناکانی زمانی کوردی لە تەعبیرکردندا دەگاتە چڵەپۆپە، من خۆم کە «ئێوارەی پەروانە»م خوێندەوە سەرسام بووم لەوەی چ توانایەکی تەعبیرکردن لەناو زمانی کوردیدا پەنهانە و من تا نووسینی ئەو ڕۆمانە پێمنەزانیوە، وزەیەکی پەنهان لە ناو زمانی کوردیدا هەیە کە پێمواییە لەسەردەمی مەحویەوە تا سەر بەختیار عەلی بە شاراوەیی ماوەتەوە و کەسێکی وامان نەبووە ئەم وزەیە بۆ ناو ئەدەبی ئێمە بگەڕێنێتەوە. بێگومان دەبێت شێرکۆ بێکەس لەم حوکمە بەدەرکەین، ئەم پیاوەش توانایەکی سەیری تەعبیرکردنی لە زمانی کوردیدا دۆزیوەتەوە. بەڵام ڕەنگە جیاوازی سەرەکی نێوان شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی لەوەدابێت، کە یەکەمیان زیاتر لەسەر توانا عاتفییەکانی زمانی کوردی لە دەربڕیندا کاریکردوە و کاردەکات، لەکاتێکدا بەختیار عەلی لەسەر توانا عەقڵی و فەلسەفییەکانی ئەم زمانە و بەرجەستەکردنی ئەو پرسیار و گێنگڵ و گومانە عەقڵی و فەلسەفییانە کاردەکات کە لەناوەوەی ئینسانی ئێمەدا و لەناو تواناکانی زمانی کوردیدا ئامادەیە و تاسەر بەختیار عەلی نەدۆزراوەتەوە کاری لەسەر نەکراوە. لەم ڕووەشەوە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە نەک کوردییە، بەڵکو ڕۆڵێکی هێجگار گرنگ دەبینێت لە تازەکردنەوە و گەورەکردنی توانا تەعبیرییەکانی زمانی ئێمە و ئینسانی ئێمەدا.
هەرلێرەشدا دەخوازم شتێک دەربارەی تەکنیکی ڕۆمان و ڕۆماننوسی بڵێم. بێگومان تۆ وەک ڕۆمانوسێکی کورد ووشیار بە مێژووی ڕۆمانی جیهانی ناتوانیت بەردەوام لە خاڵی سەرەتای نووسینی ڕۆمانەوە دەستپێبکەیت. قسەیەکی بێمانایە بە ڕۆماننوسێکی کورد بڵێین کاکی برا مادامەکی کورد ڕۆمانی نەبووە و ڕۆمان شتێکی تازەیە لە ئەدەبی ئێمەدا، بۆیە بەڕێزت دەبێت ڕێک وەک چارلز دیکنز و ستاندال و بەلزاک بنووسیت و نابێت سود لە تەکنیکە نوێییەکانی ڕۆمانی هاوچەرخ وەرگریت. مادامەکی کورد مێژوویەکی درێژی ڕۆماننوسینی نییە کەواتە تۆ دەبێت چاوت لەبەردەم داهێنانە نوێکانی ڕۆماندا بنوقێنیت. ئەوەی ئەم جۆرە قسانە دەکات ڕێک وەک ئەوە وایە بە ئێمە بڵێت ئێمە مادامەکی ئۆتۆمۆبێل و فڕۆکەمان دانەهێناوە، کەواتە دەبێت بە پێ لە سەقزەوە

بچین بۆ هەولێر و بە پیاسە لە دهۆکەوە بچین بۆ پاریس. ئەمە لەوە دەچێت بە پێشمەرگەیەکی کورد بڵێیت تۆ نابێت بە کلاشینکۆف و چەکی نوێ شەڕ لەگەڵ دوژمنەکەتدا بکەیت و دەبێت بە خەنجەرەوە بچیتە مەیدان، چونکە ئێمە کلاشینکۆفمان دانەهێناوە و باوباپیرانمان هەر بە خەنجەر شەڕیانکردوە. تۆ وەک ڕۆماننوسێکی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا هاتویتەتە سەر زەخیرەیەکی هێجگار گەورەی نووسینی ڕۆمان لە بەشە جیاوازەکانی جیهاندا، سود وەرنەگرتن لەم سامانە گەورەیە جگە لە هەژارییەکی ڕۆحی هیچ دەرەنجامێکی دیکەی لێناکەوێتەوە. ئەمڕۆ وەکچۆن بۆ شاعیرێکی کورد کارێکی بێمانایە وەک وەلی دێوانە شیعر بنووسێت، ئاواش بۆ ڕۆماننوسێک کارێکی بێمانایە وەک داپیرەکانمان حیکایەتمان بۆ بگێڕێتەوە. بۆیە ئەوەی دێت و پێدەڵێت فلان یان فیسار تەکنیک کوردی نییە جگە لەوەی خۆی بەهەڵەیەکی گەورەداچووە هەوڵی ئەوەش ئەدات عەقڵ و خەیاڵ و ووشیاری ئێمەش بەهەڵەدا ببات.

سەبارەت بە پاڵەوانەکانی ئێوارەی پەروانەش دەخوازم سەرنجت بۆ ئەوە ڕاکێشم کە پەیوەندییەکی گەورە لەنێوان ئەم پاڵەوانانە و پاڵەوانی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا هەن، هەردووکیان ئەو نەوە خوێندەوارەن کە پلانی گۆڕینی ئەو جیهانەیان هەیە کە تێیدا لەدایکبوون و دەژین. بەشێکی زۆری پاڵەوانەکانی شێرزاد حەسەن بریتین لە کەسانی خوێندەواری خاوەن ووشیارییەکی ڕەخنەیی و دەخوازن کۆمەڵگا و جیهان و ژیانیان بگۆڕن، بەڵام ناتوانن ئەم کارە جێبەجێکەن و دواجار دەکەونە ناو تەنیاییەکی کۆمەڵایەتی کوشندەوە و لەباتی گۆڕانی جیهان لەبەردەمی پەنجەرەی خانمێکدا بەسەرچۆکدا دەکەون و دەگرین. شێرزاد حەسەن باس لە عاشقی تێکشکاو دەکات، باس لە کەسانێک دەکات دوای تێکشکانی خەونی گۆڕینی جیهان ژیانی تاکەکەسی خۆشیان دەدۆڕێنن، لای ئەم نووسەرە دۆڕاندنی خەونە گشتییەکان هاوشانی دۆڕاندنی ژیانی تایبەتی کەسەکانە. لای بەختیار عەلی هاوکێشەکە پێچەوانەیە. لە ئێوراەی پەروانەشدا هەمان نەوەی خوێندەوار ئامادەیە، بەڵام ئەم نەوەیە لە ساتەوەختی بیناکردن و پیادەکردنی ئەو پرۆژە یۆتۆپیایانەدایە کە باوەڕیی پێیەتی، واتە هەمان ئەو نەوەیەی شێرزاد حەسەنن بەڵام لە ساتەوەختی پیادەکردنی ئیرادەی

خۆیاندا، لەساتەوەختی جێهێشتنی ئیفلیجبوونی کۆمەڵایەتی و دابەزاندنی خەونەکانیان بۆناو دنیا. بە مانایەکی دیکە لەکاتێکدا پاڵەوانەکانی شێرزاد حەسەن گیرۆدەی دەستی ئیفلیجبوونێکی مێژوویین، پاڵەوانەکانی ئێوارەی پەروانە خەریکی بەرهەمهێنانی مێژوون. بەڵام مێژوو لە ئێوارەی پەروانەدا مێژوو نییە لە مانا سادە ڕۆژانەییەکەیدا، بەڵکو مێژووە لە پەیوەندیدا بەو یۆتۆپیاو ئەگەرە ناوەکییانەوە کە لە هەناوی خۆیدا ئامادەن، مێژوویەک گەر نەتوانێت لەسەر زەمینی واقیع بەرجەستەبێت، ئەوکات لە ئاستی فەنتازیدا ئەگەرەکانی دادەبەزێنتە سەر سەرزەمینێکی فانتازییەوە. لێرەوە ئیفلیجی مێژوویی پاڵەوانەکانی شێرزاد حەسەن لای بەختیار عەلی دەبێت بە ئیرادەگەری و حەماسەتێکی بێوێنە بۆ پیادەکردنی ئەو یۆتۆپیایانەی کە لە مێژووی ئێمەدا ئامادەن. لەسەرێکەوە هێزی ئاینی قوتابخانەی تۆبەکردن وەک مۆدێلێک بۆ کۆمەڵگا دادەمەزرێنێت، لە سەرێکی دیکەوە باخێک بۆ عاشقان وەک مۆدێلێک بۆ ئازادی بنیاددەنرێت. پەڵەوانەکانی بەختیار عەلی بریتین لە کۆمەڵێک کەسی ئیرادەگەر، بێگوێدانە پێدراوە واقیعی و مێژووییەکان کاردەکەن، یان وردتر بدوێم سەختی واقیع وایان لێناکات لەبەر پەنجەرەیەکدا بکەون و بگرین، بەڵکو پەلاماری پیادەکردنی دوو پرۆژەی مەحاڵ ئەدەن کە بەشێکە لە خەیاڵی کۆمەڵایەتییان. بەم مانایە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە تۆڵەکردنەوەی یۆتۆپیایە لە واقیع، تۆڵەی ئیرادەیە لە مێژوو، تۆڵەی تاکەکەسەکانە لە بونیادەکان، تۆڵەی خەیاڵی کۆمەڵایەتییە لە قەتیسمانی کۆمەڵایەتی. وەک هەموو پرۆژەیەکی تۆڵەکردنەوەش هەردوو دنیاکە لە ڕۆمانەکی بەختیار عەلیدا لە دۆخی وێرانبووندان.

بە کورتی لەکاتێکدا پاڵەوانەکانی شێرزاد حەسەن توانای گۆڕینی دنیایان نییە، پاڵەوانەکانی بەختیار توانای پیادەکردن و دابەزاندنی یۆتۆپیاکانی ناو سەریان بۆ ناو فەزایەکی فانتازیکراو هەیە. لە قووڵاییدا، من ئەم گۆڕانەش لە ئیفلیجبوونی کۆمەڵایەتیی پاڵەوانەکانی شێرزاد حەسەنەوە بۆسەر ئیرادەگەرێتی پەڵەوانەکانی بەختیار عەلی وەک دەرەنجامی یەک پرۆسە دەبینم: پرۆسەی خۆدۆزینەوەی ئینسان لەناو مێژوویەکی نەخۆش و جیهانێکی پڕ ناشیرینیدا. لای شێرزاد پاڵەوانەکان دواجار تەسلیم بە یاسا و جەبرەکانی مێژوو دەبن،

لەکاتێکدا لای بەختیار پاڵەوانەکان پرۆژەکانیان لەدەرەوەی پێدراوە مێژووییەکاندا پیادەدەکەن و بەزۆر و بەنهێنی بەسەر واقیع و دەوروبەردا دەیسەپێنن. لەهەردوو دۆخەکەشدا دەروازەی گۆڕانی مێژوویی لەسەرخۆ و ڕاستەقینە و ئینسانی داخراوە. لەم ڕووەوە ئەم دوو پیاوە گرنگترین دوو نووسەرێکن کە دەرکیان بە قووڵاییە نادیارەکانی مێژووی ئێمە کردبێت، هەریەکە و لە ئاستێکی تایبەتدا و هەریکە و بەتوانایەکی داهێنانی تایبەت و جیاوازەوە.

پرسیار: یانی مەبەستت ئەوەیە بڵێیت ئێوارەی پەروانە توانیویەتی باسی بەشێک لە مێژووی کوردی بکات و بەردەوام بکرێ لەگەڵ مێژووی کوردی و لەگەڵ جۆرێک لە ڕۆمانی کوردیدا بەراوردبکرێت؟

وەڵام: بێگومان ئێوارەی پەروانە باسی قۆناغێکی هێجگار گرنگ و ئاڵۆزی مێژووی ئێمە دەکات، قۆناغێک تێیدا پرۆژەی یۆتۆپییەکان شێوەی تایبەت وەردەگرن و کەسانێکیش هەن کە پراکتیکیان دەکەن. لەم دۆخەشدا مێژوو چیدی مێژووی ڕووداوە ڕۆژانەییەکان نییە، ئەو مێژووە نییە کە مێژوونوسێک دێت و دەیاننوسێتەوە، بەختیار عەلی ڕۆمانووسە نەک مێژوو نوس، ئەوەی ئێوارەی پەروانە بە مێژووی کوردییەوە دەبەستێتەوە ئاشکراکردنی ڕووە یۆتۆپی و ئەفسانەیی و جادوییەکانی ئەم مێژووییە، ئەو ئەگەرانەیە کە لەهەناوی ئەم مێژووەدا ئامادەن و لەشێوەی پرۆژەی ئەفسانەیی و چارەسەری جادوییانەدا بەرجەستەدەبن. ئێوارەی پەروانە بازدانێکە لە ناو مێژووەوە بۆ ناو ئەفسانەکانی مێژوو و لەوێشەوە بۆ ناو ئایندیەکی نادیار.

ئەو چوارچێوە مێژووییەش ئەم ڕۆمانە باسیدەکات ساڵانی هەشتای کوردستانی عێراقە، بەبێ ئەو چوارچێوە مێژووییە زەحمەتە لە هەندێک ئاستی گرنگی ئەم ڕۆمانە و مانا تایبەتەکانی تێبگەین. قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکان زۆر دور نییە لەو مۆدێلە تایبەتەی کۆمەڵگاوە کە بەعس لە عێرقدا بنیادی نابوو، مۆدێلی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگا لەسەر مۆدێلی سەربازگە. لەڕاستیدا لەنێوان قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکان و مۆدێلی سەربازگەدا نزیکییەکی هێجگار گەورە هەیە، هەردوکیان شوێنی دیسپلینکردنێکی پڕوکێنەری فیزیایی و ڕۆحی ئینسانن. بەڵام جیاوازی سەرەکیان لەوەدایە کە هێزی دیسپلینکەر لە

قـوتابخـانەی خـوشـکە تۆبەکـارەکـاندا ئـاین و فـانـتـازیای ئـاینی دەیبـات بـەرێوە، لەکاتێکدا هێزی دیسپلینکەری ناو مـۆدێلی سـەربازگـە ڕۆحـیـەتی میلیتـاریزمـە.
لێرەوە گـواسـتنەوە لە مـۆدێلـی سـەربازگـەوە بۆ مـۆدێلی قـوتابخـانـەی تۆبەکاری گواستنەوەیەکی سـروشتیی و لۆژیکییـە لەدۆخی کوردستـانی عێراقدا، بەتایبـەتی لە کـاتێکدا ئێمە لەوە ئاگاداربین کـە هێزی ئاین و هـێزی گروهـە ئاینییەکـان لەم بەشـەی کوردسـتـاندا لە هـەشـتـاکـانـەوە لە زیـادبوون و بەهـێزبووندان. بەخـتـیـار عـەلی ئـەم گـواسـتنەوەیە زۆر بەوردی لە ڕۆمـانەکـدا دەسـتنیشـانـدەکـات و ئـەم ئەگـەرە مـێژوویـیـە لە ئەگـەربوون دەردەکـات و دایدەبەزێنێتـە ناو قـوتابخـانـەیەکی تایبـەتەوە و ڕۆحـی پرۆژە ئاینییـەکە بـەرجەستـەدەکات. بـەم کـارەشـی یەکێک لە ترسناکترین ئەگەرەکانی ناو مێژووی ئێمە کەشف دەکات.
دژە دیـوی ئـەم دوو پـرۆژەیـەش، واتـە دژە دیـوی پـرۆژەی تۆبـەکـــردن و مـــۆدێلـی سـەربازگـە، مۆدێلێکی دیکەیە کـە چـەپ و ئازادیخوازە ڕۆمـانیسـیـیـەکانی مـێژووی ئێـمــە کـاریـان بۆ کـردوە و کـاری بۆ دەکـەن. ئـەم مـۆدێلە، بـەتایبــەتی لە چاپە مارکسیـیـەکەیدا، هەمیشـە مـۆدێلێکی یۆتۆپی و ڕۆمـانسـی بووە و ڕێک وەک باخـی عـاشـقـان لە ڕۆمـانی ئێـوارەی پـەروانەدا، لە خـەیاڵی سـیـاسـی زۆربەمـانـدا ئامـــادەبـووە. ئـەم مـــۆدێلـەی ئازادی مـــۆدێلێک بـووە لەدەرەوەی پێـــدراوە واقیعییەکاندا بەدوای ئازادیدا گەڕاوە.
بەریەکەوتنی ئـەم دوو مۆدێلەش، مەبەستم مـۆدێلی قوتابخانەی تۆبەکاری و باخـی عـاشـقـانە، هـەم لە واقـیع و هـەم لـە ڕۆمـانـەکـەدا بەریەککەوتنێکی حـەتمیـیـە و لەئێسـتاشـدا چەندان ڕووداو و سـەرەداوی مێژوویی لە ئارادان کـە حیکایەتی ئەو بەریـەککەوتنە دەگـێـڕنەوە و پـرۆژەی تەقـینـەوەی دیکە لـە واقـیـعی ئێـمــەدا دروستدەکەن.
وەک دەبینیت ئـەم ڕۆمـانە بەشێوەیەکی هێجگار قووڵ لە مـاناکانی مـێژووی ئێمە و ڕۆحی ئەم مـێژووەوە ئاڵاوە، هـەم لـە ئەگەرەکانی ناو ئەم مـێژووەوە دێتـەدەرێ و هـەم لەو گـەمەکـەرە سـەرەکی و لاوەکیـیەکانـەشـەوە کە تێیدا ئامـادەن. بـەڵام وەک ووتم مـێــژوو لێـرەدا گـێـڕانـەوەی ڕووداوەکــان نیــیــە، بەڵکو گــەڕانـە بەدوای دەرەنجـامی نادیار و خـەیاڵ و لۆژیک و یۆتۆپیـای ناو ئەو پرۆژانەی لـەو واقیعـەدا بە خەستی ئامادەن.

جگە لەو سەرنجانەی تا ئێستا باسمکردن، ئەم ڕۆمانە ڕەهەندێکی دیکەی هەیە کە دەریدەکات لەوەی کە تەنها لە سیاقی کوردیدا مانابەخش و گرنگبێت. مەبەستم لەو ڕەهەندەش ئەو ئەگەرە تایبەتانەی ناو مێژووە کە بەتەنها بەشێک نین لە مێژووی کورد بەتەنها، بەڵکو بەشێکن لە مێژووی هاوچەرخی جیهان. ئەم خاڵەیە ئێوارەی پەروانە دەکاتە ڕۆمانێکی گرنگ و ڕەهەندێکی جیهانی ئاشکراشی پێدەبەخشێت. خودی ئەو دوو یۆتۆپیایەی بەختیار عەلی لە ئێوارەی پەروانەدا کاریان لەسەر دەکات، لە هەناوی زۆر کۆمەڵگا و مێژوو و بەشی دیکەی جیهاندا ئامادەیە، جگە لەمە زۆر زەحمەتە کۆمەڵگایەک لەسەر زەوی بدۆزینەوە لە ڕۆژگارێکی تایبەتدا ئەم دوو جۆرە یۆتۆپیایەی تێدا نەبوبێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی زمان و وێنە و چنینی ڕووداو و دروستکردنی پاڵەوان و دەیان تەکنیکی دیکەی ڕۆماننووسین زۆر سەرکەوتوانە لەم ڕۆمانەدا ئامادەیە، کە هەندەسەیەکی ئیستاتیکی گرنگ بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت و دەیکاتە سەرچاوەی چێژێکی گەورە بۆ هەرکەسێک بخوازێت چێژ لە ڕۆمان ببینێت.

بێ دوودڵی ئەم تێگەیشتن و لێکدانەوانەی من بۆ ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە دواهەمین تێگەیشتن و دواهەمین لێکدانەوە نین و نابن، بەپێچەوانەوە ئەوەی من لێرەدا دەیڵێم هەوڵدانێکە بۆ نیشتەجێکردنی جیهانی ئێوارەی پەروانە لە ناو مێژووی کوردی و ڕووداو و پرۆژە و ئەگەرەکانی ئەم مێژووەدا، دەنا ئەم ڕۆمانە لەزۆر و گۆشەنیگای دیکە و دەسپێکی ڕەخنەیی دیکەوە شایانی خوێندنەوە لێکدانەوەیە.

**ئاینی زەردەشت و شووناسی نەتەوەیی ئێمە؟؟**

«مێژووی ئاینەکان تاڕادەیەکی زۆر مێژووی شەڕکردنیانە لەگەڵ یەکدیدا . لەم شەڕانەدا هەندێک ئاین براوە و هەندێک ئاین دۆڕاون، گروهێک گروهێکی دیکەی بێدەنگکردوە، شوێنە پیرۆزەکانی سووتاندوە و پەیکەری خوداکانی تێکشکاندوە و باوەڕدارەکانیشی یان ناچار بە وەرگرتنی ئاینێکی نوێ کردوە، یان کوشتوونی»

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ گۆڤاری سەنتەری برایەتی
هاوینی ساڵی ۲۰۰۱
ئەمستردام

**پرسیار**: پەیوەندی زەردەشتییەت بە کوردەوە چییە؟ ئەگەر هەیە لەبەرچی تائێستا نەتوانراوە سوودی لێوەربگیرێت؟

وەڵام: پێش هەمووشتێک دەمەوێت لەو ڕاستییە سادەیەوە دەستپێبکەم کە من هیچ پەیوەندییەکی شایانی باسکردن لەنێوان کوردبوون لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەم و لەنێوان زەردەشتییەتدا نابینم. نەک هەرئەمە تەنانەت لە ڕۆژگاری باڵادەستبوونی ئیسلام و دوای ئەویش لە ڕۆژگاری هاتنەکایەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا لە سەدەی بیستەمدا، پەیوەندی نێوان کوردبوون و زەردەشتییەت یان بەتەواوی غائیبە، یان گەر لای چەند ڕۆشنبیر و گروهێکی ئاینی بچووکیش ئامادەبووبێت، لە ڕووی سیاسی و فیکری و کولتوورییەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبووە. با واز لە مێژووی درێژی قۆناغی ئامادەگی ئیسلام و بە ئیسلامبوونی کۆمەڵگای کوردی بهێنین و ڕاستەوخۆ تەماشای کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و ساڵە سەختەکانی سەدەی بیستەم بکەین. ئاشکرایە چوارچێوەی مێژوویی ئەم قۆناغە تایبەتەی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی ئێمە ئامادەبوونی وردە وردە و لەسەرخۆی هەندێک چەمک و بۆچوون و ئۆرگان و پێدراوەکانی مۆدێرنەیە. لەم چوارچێوە نوێیەدا مێژووی کوردی هەلومەرجێک ژیاوە کە تێیدا مژدە و خەیاڵ و ئەگەر و تواناکانی مۆدێرنە لە پشتی ئاراستەکردنی ڕووداوەکانەوە بووە و پرۆژەی خەونبینی دەستەجەمعیانەی ئێمە پرۆژەی تازەکردنەوە و گەشەپێدان و بەرەوپێشەوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئینسانی و فەرهەنگی کۆمەڵگای ئێمە بووە. لەم پرۆژانەشدا هێزی سەرەکی گۆڕان و خەون و تازەبوونەوە نە زەردەشتییەت بووە و نە هیچ دیدێکی دێرینەگەرانەی دیکە، بەڵکو ئەگەر و مژدە و تواناکانی مۆدێرنە بووە.

لەڕووی سیاسیشەوە مێژووی هاوچەرخی ئێمە مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردییە و ئەم ناسیۆنالیزمەیە بەدرێژایی سەدەی بیستەم وەک چوارچێوەی بەرهەمهێنانی مانا و ڕەمز و خەیاڵ و عەقلانیەتی سیاسی کاریکردوە و بە باڵە جیاوازەکانی ناو ئەم بزوتنەوەیە ئیرادە و مژدە و خەونی سیاسی جیاواز و فرەچەشنی بەخشیوە. ئەم ناسیۆنالیزمە گەرچی سوودێکی گەورەی لە سەرمایەی ڕەمزی سەرکردە ئاینییەکان و توانای ڕێکخستن و حەشاردانی دەزگا دینییەکانی وەک مزگەوت و تەکیە و ڕێکخستنی تەریقەتەکان وەرگرتوە،

بەڵام خۆی بەهیچ مانایەک پرۆژەیەکی ئایینی نەبووە و شەرعیەتی خۆی لەسەر بنەمای پرنسیپە ئایینیەکان بنیادنەناوە بەڵکو لەسەر بنەمای پرنسیپە سیاسییەکانی مۆدێرنە دروستبووە. ئەوەی شەرعیەت و ڕەوایەتی بە بزوتنەوەی نەتەوایەتی ئێمە بەخشیوە پرنسیپی «مافی چارەی خۆنووسینە» کە مۆدێرنە بەرهەمیدەهێنێت و بەهەر نەتەوەیەک مافی دروستکردنی دەوڵەتێکی تایبەت دەبەخشێت، نەک ئەم یان ئەو پرنسیپی زەردەشتی یان ئیسلامی یان ئاینیی دیکە. بەکورتی چوارچێوەی گشتی ئامادەگی ئێمە لەناو جیهاندا لە سەدە و نیوی ڕابووردودا مۆدێرنەیە نەک دین، کۆمەڵێک پرنسیپ و خەیاڵ و عەقڵانیەتی نوێییە نەک دید و وێناکردن و خەیاڵی ئاینی. ئاشکراشە نە مۆدێرنە وەک چوارچێوەیەکی مێژوویی پرۆژەیەکی ئاینییە و نە ناسیۆنالیزمی کوردیش لە هەناوی خۆیدا ناسیۆنالیزمێکی ئاینییە. ئەو سەرمایە ڕەمزی و بونیادە دەزگاییە گرنگەش کە ئەم ناسیۆنالیزمە کاری پێکردوە و خستویەتییە خزمەتی خۆیەوە سەرمایەی ڕەمزی پیاوە ئاینییە موسڵمانەکان و دەزگا دینییە ئیسلامییەکانە نەک زەردەشتیەت، مزگەوت و تەکیە و تەریقەتە ئیسلامییەکانە نەک پەرستگا زەردەشتییەکان.

لە سەرەتای دروستبوونییەوە ناسیۆنالیزمی کوردی هەرگیز بۆ دروستکردنی مەرجەع و مێژوو و زاکیرەی نەتەوەیی تایبەت بەخۆی نە گەڕاوەتەوە بۆ حیکایەتێکی ئاینی، ڕاستە ئاین لەڕێگای نفوزی هەندێک سەرکردەی دینی و بەگەڕخستنی هەندێک دەزگای دینییەوە ئامادەبوو، بەڵام ئاین بەهیچ مانایەک یەکێک لە حیکایەتە نەتەوەییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی نەبووە. ئەم ناسیۆنالیزمە باسی لە دەوڵەتی سەربەخۆ، دیموکراسیەت، سۆسیالیزم و ڕیفۆرمی زەوی و گەشەدان بە خوێندن و پەروەردە و تازەکردنەوەی ئیداری و کولتووریی کردوە، نەک باس لە بەگەڕخستنی ڕەمزە زەردەشتییە کۆنەکان و پیادەکردنی شەریعەت. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ناسیۆنالیزمی کوردی وەک زۆربەی ناسیۆنالیزمەکانی دیکەی ناوچەکە لەدایکدەبێت، ڕێک وەک ئەو ناسیۆنالیزمانەش کاراکتەرێکی عەلمانیانەی هەیە و لە دەرەوەی نەخشەی ئاینیدا کاردەکات. بێگومان ئەم ڕاستییانە مانای ئەوە نییە ناسیۆنالیزمی کوردی بەهیچجۆرێک پەیوەندی بە

ئاینەوە نەبووە و نییــە، من لە چەند نووســینێکدا لە پەیوەندی نێـوان ئـاین و ناسـیـۆنـالـیـزمـی کـوردی دواوم و لێـرەدا نامــەوێت ئەو ڕایانـە دووبارەبکەمــەوە کەپێشـتـر ووتومن. بەڵام ئەوەندە دەڵێم ناسیۆنالیزمی کوردی، بۆ نموونە، وەک ناسیۆنالیزمی پاکستانی، یان ئیسرائیلی، یان پۆڵەندی، یان ئێرانی هەفتاکانی سـەدەی بیسـتـەم، ناسـیـۆنالـیـزمـێکی ئاینیی نەبووە و بەهیـچـجـۆرێک ئاین دەستنیشـانی خـەیاڵی نەتەوەیی ئەم ناسـیۆنالیزمـەی نەکردوە. حیکایەتی هەرە سـەرەکی ناسـیـۆنالـیزمـی کـوردی، گەر حـیکایەتی کـاوەی ئاسنگەر و جـەژنی نەورۆز بێت، حیکایەتی گەڕانەوە نییە بۆ ئاینێکی جیاواز و گریان و لەخۆدان بۆ پاڵەوانێکی ئاینی ناو ڕابووردوی ئێمە، بەپێچەوانەوە حیکایەتی کاوەی ئاسنگەر حـیکایەتی داواکـردنێکی سـەرسـەختی عـەدالەتخـوازییـە تا ڕادەی گەیشتن بە ڕاپەڕین و یاخـیـبـوون و قـوربانـیـدان، عـەدالەتێک کـە لە ئاینەوە سـەرچاوەی نەگرتووە بەڵکو لە هەسـتێکی قـووڵەوە بـە ئامـادەگی سـتـەمگەرییـەکی بێوێنەوە. ئاگری نەورۆز و خـودی نەورۆز وەک جـەژنێک، کە ڕەنگە سـەرەکیـترین ڕەمزی ناسیۆنالیزمی کوردی بن، حیکایەتێکی ئاینیمان بۆ ناگێڕنەوە، باسی زەردەشت و گــاتەکــان و ئەهـریمەن و ئاهورامــەزدامــان بۆناکــەن، بەڵکو حــیکایەتی قـبـووڵنەکـردنی زوڵـم و زۆر و ناعـەدالەتی و ڕۆحـی یاخـیگەرانـەی کـەسـانێک دەگێڕنەوە کە ناتوانن بێمـەرج بژین و زوڵم و زۆرێکی نائینسـانیانە و کوشندە قبووڵبکەن. نەورۆز حیکایەتی یاخیبوونێکی ئاینی نییە و کاوە ی ئاسنگەریش بەهیچ مـانایەک پیـاوێکی ئاینی نیـیــە و نوێنـەرایەتی هیچ مـەیل و هـەست و پرۆژەیەکی ئاینیش ناکـات، کـاوەی ئاسنگەر نوێنەری هـێـزێکی کـۆمـەڵایەتی چەوسـاوەیە و بەدوای مـامـەڵەیەکی ئینسـانیـدا دەگـەڕێ و دەخـوازێت بنەبڕی زۆرداریـیـەکی بەربەریانە بکات. نەورۆز لە سیـسـتـمـی تێگەیشتن و ڕاڤـەکردن و خەیاڵی فەرهەنگیی ئێمەدا ڕووداوێکی ئاینی نییە، بەڵکو ڕووداوێکی سیاسییە و دەلالـەتەکــانی دەلالـەتی ئاینـی نین بەڵکو دەلالـەتی نـەتـەوەیین و بـەرگـــری لـە شـوناسـێکی سیـاسی دەکەن. بە مـانایەکی دیکە کـۆمـەڵگای ئێـمـە لەمـێـژووی هاوچەرخیدا نە چوارچێوە مێژووییەکەی، کە چوارچێوەی ئامادەگی مۆدێرنەیە، نە چوارچێوە سیاسییەکەی، کە چوارچێوەی ئامادەگی ناسیۆنالیزمی کوردییە، بەدوای حیکایەتی ئاینی و دۆزینەوەی ڕەگوڕیشەی ئاینیدا ناگەڕێت بۆ مەسەلەی

نەتەوە و شـووناسـی نەتەوەیی و چۆنیـەتی ڕێکخـستنی پـەیوەندییـەکانی لەگـەڵ ناوەوە و دەرەوەی خـۆیدا. بەڵام ئـەمـە مـانـای ئەوە نیـیـە ئەم ناسـیـۆنالیـزمـە لە سـاتەوەخت و هـەلومـەرجی تایبـەتدا سـودێکی زۆری لە ئاین نەبینیبێت وەکچۆن هـەندێکجاریش بەهۆی ئاینەوە زیانی گەورەی لێکەوتووە.
کۆی ئەم ڕاستییـانەیە وادەکات لـەنێوان «کوردبوون» زەردەشـتیـەت لە سـەدەی بیستـەمدا نـەک پەیوەندیەکی ڕاستـەوخۆ یان ناڕاستـەوخۆ لەئارادانەبێت، بەڵکو جۆرێک لە دابڕان و تێپـەڕاندن هـەبێت. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زەردەشـتیـەت وەک چوارچێـــوەیەک بۆ شـــووناسـی نەتـەوەیی کـــوردیی و وەک چوارچێـــوەیەک بۆ ئامــێـزانبـوون بـە مــۆدێرنـە حــیکایەتێکی مــردوە و هـەمــوو هـەوڵدانێکیش بۆ زیندوکـردنەوە و کردنی بە چوارچێـوەی شـووناسـی نەتـەوەیی ئێـمـە هـەوڵدانێکی نەزۆکە و لە خـەیاڵێکی سیـاسـی و ڕۆشنبـیری و مـەعریفی نامـاقـوڵ و نابیناوە سـەرچاوەدەگـرێت کە نە توانای بینینی مێـژووی ئێـمـە و نە توانانی بینینی ئەو پێـدراوە واقـیـعـانەی هـەیە کـە ئەمـڕۆ چـوارچێـوەی ژیانـی تاک و گـروهـەکـانی کۆمەڵگای ئێمە دەستنیشاندەکەن.
لە ڕووی تیوریشـەوە ناتوانین بەدوای پەیوەندییەکی موتڵـەق و یەکشێوەدا لەنێوان کـورد و زەردەشــتیــەتدا بگەڕێین، چونکە کـوردبوون لە قـۆناغـە جـیـاوازەکـانی مێژووی ئێمـەدا هـەڵگری مانای جیاواز بووە و ئەمەش وادەکات، لانیکەم لەڕووی تیــوریـیــەوە، نەتوانـین چاوەڕوانـی یەکــجــۆر پەیوەندی لەنـێــوان کــوردبوون و زەردەشــتـیــیــەتدا بکەین. من لـە دنیــای نوێ و ڕۆژگــاری ئێــســتـامــاندا هـیچ پەیوەندییـەک لەنێوان کوردبوون و زەردەشـتیـەدا نابینم و ئەم مـەسـەلەیە جگە لە خـەیاڵێکی نامێژوویی و بێبنەما و بێئـەرزیەت شتێکی دیکە نییە، گـەرچی دیدی لەم بابەتە لای هـەندێک نووسـەر و ڕۆشنبیری ڕۆمانسی ئامادەن. لە کوردستاندا عـادەتێکی زۆر خـراپی بیـرکردنـەوە بالادەسـتـە، ئەویش نـائامـادەیی دوو شـتـە: یەکەمیان نائامادەیی عەقلانیـەتە، دووهەمیشیان نائامـادەگی هەست و خیبرە و وێناکـردنی مـێـژوویـیـیـە. کـەباس لە سێ هـەزار سـاڵ لـەمـەوبەر دەکـرێت هیچ حیسـابێک بۆ ئەوە ناکرێت کە دنیای ئەمڕۆ لەهیچ ڕوویەکیەوە دنیای سێ هـەزار سـاڵ لەمــەوبـەر نیــیــە و ئەوەی سێ هـەزار سـاڵ لەمــەوبـەر ئامــادەبووە، لـەناو سیستمێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنانی پێناس و مانا و هەقیقەتدا ئامادەبووە

کە تەواو جیاوازە لەوەی لە ئێستادا ئامادەیە. نەبوونی مەنهەجیەتی مێژوویی وادەکات بەشێکی بەرچاوی ڕۆشنبیرانی ئێمە باز بەسەر سەردەم و ڕۆژگارە جیاوازەکاندا بدەن و بە ئارەزووی خۆیان ساڵەکان و سەدەکان و سەردەمەکان بەیەکدی تێکەڵکەن و خەتێکی ڕاست لەنێوان سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر و ئێستدا بکێشن. لەهیچ شوێنێکدا ئەم غیابی مەنهەجیەت و نازانستیبوونە بەو ڕادەیە ئاشکرا نییە وەک لە مەسەلەی خوێندنەوەی مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردیدا ئامادەیە. ئەمڕۆ چەندان دەنگ هەن کە دەخوازن مێژووی کوردی وانیشاندەن وەک ئەوەی مێژووی یاخیبوونێکی بەردەوام بێت بەرامبەر بە ئیسلام، مێژووی هەوڵدانێکی بەردەوامبی میللەتی ئێمەبێت بۆ گەڕاندنەوە بۆ زەردەشتیەت. بۆ ئەم مەبەستەش هێرشەکانی سەرەتای ئیسلام بۆ دەرەوەی دورگەی عەرەبی وەک هێرشی ناسیۆنالیستی ئەبینن و شەڕ و پێکدادان و بەرگری میللەتەکانی دیکەش وەک بەرگری ناسیۆنالیستی پێناسدەکەن. ئەم دیدە ئەوەندە هەژار و داماو و بێبناغەیە کە لە هەموو دنیادا و لە هیچ کتێبێکی زانستیانەدا دوودێڕ بۆ بەرگریکێکردن و پاسادانکردنی نادۆزینەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەڕووی مێژووییەوە هەڵەیەکی ئەوەندە کوشندەیە ڕێک وەک هەڵەی ئەو ئوسوڵیانە وایە کە سۆسیالیزم و دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و تەنانەت زانستی ئەتۆم و فیزیای نوێش بۆناو دەقە ئاینییە کۆنەکان دەگەڕێننەوە.

چەمکی کورد یان کوردبوون بەو مانایەی ئێمە لەمڕۆدا بەکاریدەهێنین، واتە یەکسانکردنی کوردبوون بە بوونی نەتەوەیەک کە باوەڕی وایە کولتوورێکی جیاواز و یەکگرتووی هەیە و لەسەر ئەساسی ئەم کولتوورە جیاواز و یەکگرتووەش بەدوای سەربەخۆیی سیاسیدا دەگەڕێ و داوای ئەوە دەکات خۆی ماڵ سیاسی خۆی لەناوەوەڕا بەڕێوەبەرێت، چەمکێکی نوێیە و لە سەدەی بیستەمدا لەدایکبووە. بەر لە سەدەی بیستەم کورد وەک کورد لەدایک نەبووە، وەکچۆن عەرەب وەک عەرەب و تورک وەک تورک و فارس وەک فارس لە دایکنەبوون. ڕاستە ئەمڕۆ کوردبوونی ئێمە وەک شتێکی سروشتی لێهاتوە، بەڵام لەسەدەکانی بەر لە سەدەی بیستەمدا نە کوردبوون و نە عەرەب بوون و نەتورک بوون پێدراوێکی سروشتی نەبوون، ئەمانە داهێنراو و دروستکراوی

کۆمەڵایەتی و مێژووییین و دوای هاتنە کایەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی ئەم میللەتانە دروستبوون. بۆ نموونە لە سەدەی نۆزدەهەمدا خەڵک لە تورکیا و عێراق و سوریای ئەمڕۆدا وەک تورک و کورد و عەرەب لەدایکنەدەبوون، کوردبوون و تورکبوون و عەرەببوون چوارچێوەی شوناسی تاکەکەس و کۆمەڵایەتی نەبوون، بەڵکو هەموویان وەک عوسمانی لە دایکدەبوون و وەک عوسمانیش دەمردن، واتە عوسمانیبوون بنەمای ئەو شوناسە بووە کە ئەو هێزە ئەتنییە جیاوازانە هەڵگریبوون. عوسمانیبوونیش بەپلەی یەکەم گوتراوێکی سیاسی ـ ئاینی بووە نەک نەتەوەیی، هێمای بۆ ئیمپراتۆریەتێکی دینی کردوە نەک بۆ پرۆژەیەکی نەتەوەیی. لێرەوە هەڵەیەکی گەورە دەکەین پێمانوابێت کودبوون یان عەرەب بوون یان تورک بوون دیاردەی سروشتین و هەمیشە چوارچێوەی سەرەکی شووناسی ئەم میللەتانە بوون. وەک هێمامان پێکرد سەرچاوەی ئەم جۆرە هەڵانە لە تەلاقدانی عەقڵانیەت و هەستکردنی مێژوویدان. بەکوورتی من لەنێوان مانا نەتەوەییەکانی کوردبوون و زەردەشتیەتدا هیچ پەیوەندییەکی شایانی باسکردن نابینم، گەر ئەم مانایانە لای چەند کەسێکیش ئامادەبێت ئەوە لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەوە ئەوەندە لاواز و بێهێزە شایانی باسکردن نییە.

لە باشترین دۆخیشدا ئەو پەیوەندییەی ئەمڕۆکە هەندێک دەنگی سیاسی و ڕۆشنبیریی لەنێوان کوردبوون و زەردەشتییەتدا گریمانی دەکەن، پەیوەندییەکە هێزی زەردەشتیەت وەک دین دروستیناکات، بەڵکو هێزی ئەو خەیاڵە نەتەوەییە بەڕێوەیدەبات کە بەدوای قووڵاییەکی مێژوویدا دەگەڕێت. هیچ نەتەوەیەک نییە لە دنیادا کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ناسیۆنالیستی نەبێت کە مێژووی ئەو نەتەوەیە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر نەبەنەوە و قووڵاییەکی وەهمی پێنەدەن و نەیگەڕێننەوە بۆ ڕوداوێک، حیکایەتێک یان ئاینێکی ڕەسەن کە سەرچاوەی ڕەسەنایەتی ئەو نەتەوەیەیە و مێژووی دواتری ئەو نەتەوەیەش وەک مێژووی لادان و لەدەستچوون و وونکردنی ئەو سەرچاوە ڕەسەنە، وێنانەکەن. بەشێکی بەرچاوی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەئێستادا سەرچاوەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانیان بۆ لادان لە قورئان و پەیڕەونەکردنی ئیسلامی ڕاستەقینە دەگەڕێننەوە، لە هیند حیزبە نەتەوەییە هیندوسییە ڕاسترەوەکان چارەسەری

کێشـەکانی هیند لە گەڕانـەوە بۆ هیندویزمـدا دەبـینن و کۆلۆنیـالیـزم و ئیسـلام بەسـەرچاوی پاشکەوتەیی هیند دەزانن، لە تورکیا نەتەوە پەرستـە تورکەکانیش کێشـەکانی ناو مێژووی تورک بۆ هاتنی ئیسـلام و لەدەستـدانی دینی ڕەسـەنی بـەر لە ئیـســـلامـی تورک لـەقــــەڵەم ئـەدەن، لای ئێـــمــــەش هـەندێک دەنگـی ناسیـۆنالیستـی بێـفیکر و بێمیـتـۆد واز لەوە ناهێنن کـە کێشـە سـەختـەکانی کۆمەڵگای ئێمە بە لەدەستدانی زەردەشتیەت و هاتنی ئیسلامەوە ببەستنەوە.
جێگەی سەرنجە لە ئێرانی سەدەی نۆزدەهەمیشدا کۆمەڵێک ڕۆشنبیریی ئێرانی لە دژایەتیکردنیـانەوە بۆ ئیسـلام و باوەشکردنەوەی بێـقـەیدوشـەرتیـیـانەوە بۆ ڕۆژئاوا داوای گەڕاندنەوەی ئێرانیەکانیـان بۆ ئاینی ڕاستـەقینەی گریمانکراوی خۆیان، مەبەستم زەردەشتیەتە، دەکرد و پێیانوابوو کە بوونی ڕەسەنی ئەوان لە لایەن ئیسـلام و عـەرەبەوە تێکدراوە و ئیسـلام جگە لە داگیـرکـردنێکی ڕۆحی هیـچی دیکەی بۆ ئێران و ئێرانییەکان پێنەبووە. بۆیە ئەو گروهە ئەرکی خـۆیان وەک ڕۆشنبـیـــر لەوەدا دەبینیـیـــەوە کــە هەوڵدەن ڕۆحی ئێـــران بە ڕۆحـی زەردەشـتیـەتەوە گـرێدەنەوە و لـە داگیـرکـردنی ئیسـلام ڕزگاریکەن. بێگومـان سـەدەی بیستـەم و ڕوداوەکانی ئەم سـەدەیە هەمـوومـانی لە دامـاوی و هـەژاری و کەمخـوێنی ئەم دیدە ڕۆمـانسیـی و ناڕاستـەی ئەو کۆمـەڵە ڕۆشنبیرە فـارسـەی سـەدەی نۆزدەهـەم ئاگادارکردەوە و شـۆڕشـی ئێرانـی، کە لە چارەکی سێـهـەمی سـەدەی بیـستـەمـدا ڕوودەدات و دەبێـتە بنـاغـەی شـووناسی سـەرەکی ئێـران، شـۆڕشـێکی ئیـسـلامـیـیـە و ئەوەی لەناوەوەڕا ڕۆحـی خـەڵکی ئێرانـی بەرە و یاخـیـبـوون و گـۆڕان و شـۆڕشکردن برد، ئاینی "ڕەسـەن" ی ئێـرانیـیـەکـان، زەردەشـتیـەت نـەبوو!!!، بەڵکو ئەو ئاینە بوو کە ئەو ڕۆشـنبیـرانە بە نامـۆکەر و لادەر و داگیـرکـەر ناویاندەبرد. بێگومـان من لێـرەدا بەرگری لە ئیـسـلام ناکـەم بەرامبەر بە زەردەشتییەت، من دەمەوێت هـەندێک دید و سـەرنجی هەڵە نیشاندەم کــە بـەدوای «ڕۆح» و «ڕەســەنایـەتی» و «پاکی» نەتـەوەدا لە ڕابووردوی دێریـندا دەگــەڕێن و بـەمکارەشــیـــان خــوازیارۆ ئەوەن هـەمـــوومـــان ببـینە بوونەوەری دێرینەگەر، کە نەک لە ناو ڕەگەز جیاوازەکانی جیهاندا بژین، بەڵکو لەناو وێنە و دید و بۆچوونەکانی ڕابووردو و سەردەمە دێرینەکاندا.
با دوا سـەرنج لـەو پەیوەندییـە گریمانکراوە بدەین کـە گـوایە ئینسـانی ئێـمـە

لەمــڕۆدا بە زەردەشــتیــەتەوە گــرێدەدات. بۆ ئەم مــەبەســتــەش لە خــۆمــەوە دەسـتپـێدەکـەم. ئەو پەیوەندییـەی مـن وەک کوردێک، کـە لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتویەکەمـدا دەژی، بە زەردەشـتیـەتەوە گرێدەدات پەیوەندییەکی واقیـعی و مـاتریالی و ڕۆحی نییـە، بەڵکو گـریمانێکی فیکری و خـەیاڵی و سیـاسـییـە و پەیوەندی بە سـتراتیـژێکی تایبـەتەی دەسـەڵاتەوە هەیە نەک بە بوونی منەوە وەک کوردێک ئامادە لە جیهاندا. لەپشتی ئەم گریمانەوە و دیدێکی سیاسی تایبەت بۆ کــوردبوون لەئارادایە کــە هــەوڵی ئەوە ئەدات پەیوەندیەکی خــەیاڵی لەنێــوان زەردەشیـەت و کوردبووندا دروستبکات. بەڵام داخۆ ئەم پەیوەندییـە خەیاڵییـە چ دەرەنجامـێکی لێـدەکەوێتـەوە و خـوازیاری ئەوەیە بە چ ئاقـارێکدا بمانبـات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە با بپەڕینەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری دووهەم.

پرسیار: زەردەشتیەت چ سودێکی بۆ ئەمڕۆی فیکری کوردیی هەیە؟ ئایا دەکرێ بە بەردی بناغەی نەتەوەیی کوردی دابنرێت، ئەگەر نا لەبەرچی؟

وەڵام: نەخێـر ناکرێت زەردەشـتیـەت بە بەردی بناغـەی نەتەوەی کورد دابنرێت و لەمـڕۆشـدا ئەم دینە هـیچ سـودێکی بۆ فـیکر و عـەقڵ و خـەیاڵی ڕۆشنبـیـریی و مـەعـریفی و سـیـاسی ئێـمـە نییـە. وەک سـەرەتاش هەوڵئـەدەم وەڵامـی بەشی دووهـەمی ئەم پرسـیارە بدەمـەوە و ئەو بۆچوونە ڕوونبکەمـەوە بۆ زەردەشـتیـەت لە ڕووی فیکرییەوە هیچی ئەوتۆی نییە لە دنیای ئێمەدا بیڵێت و بەهیچ مانایەکیش چەمکێکی فیکریمان پێنابەخشێت بتـوانین لەڕێیەوە لە خـۆمـان و دەوبەر و ئەو جیهانە ئاڵۆز و تازەیە تێبگەین کە لەناویدا دەژین.

لە ئاستی مـەعریفیدا زەردەشتیـەت وەک هەر ئاینێکی دیکە بریتییە لە ڕستێک غـەیبـانیـەت و وێناکردنی خـورافـیـانەی جـیـهـان و گـەردون و ئینسـان و ئەو پەیوەندیـانەش ئەم شتـانە بەیەکدییـەوە گرێدەدات. زەردەشـتیـەت، وەک زۆربەی ئاینەکانی دیکە، بەرهـەمی قۆناغی منداڵی فیکر و منداڵی خـەیاڵ و منداڵی عـەقڵە. ڕاسـتـەوخـۆ لەدایکبـووی کـۆمـەڵگایەکی سـاکـاری کـشـتـوکـاڵی گـوندنشین و بێئـاڵۆزییـە، دنیـا و کـۆمـەڵگا و جیـهـان لە دیدێکی ئـەخلاقیی سادەوە دەبینێت کەتێیـدا خێر و شـەڕ لە ململانێیـەکی سـەرەکی و ئەبەدی و هەمیـشـەییدان. دابەشکردنی جیهانیش بەسـەر هێزی شـەڕ و هێزی خێردا سـادەترین شێـوازی

پۆلینکردن و دابەشکردنی دیاردەکانە. ئەوەی ئەمڕۆکە بۆ فیکر یان بۆ ڕۆشنبیریی کوردیی پێویستمان پێیەتی بریتییە لە ڕۆحیەتێکی میتۆدیی عەقڵانی و کراوە بەسەر زانستە نوێکانی دنیای مۆدێرندا و سودوەرگر لە دسکەوتە تازە و کۆنەکانی فیکر و بیرکردنەوە لە پرۆژەیەکی ڕۆشنگەرانە کە تاریکییەکانی جیهانی ئێمە هێمنانە ڕووناک بکاتەوە، نەک بارکردنی ئەو هەموو غەیبانەیەت و نامەنهەجیەت و خورافەتەی ئەمڕۆ لە ڕۆشنبیری ئێمەدا ئامادەیە بە کۆمەڵێک خورافەتی نوێ بەناوی گەڕانەوە بۆ زەردەشت و زەردەشتیەتەوە. لێرەوە زەردەشتیەت لەڕووی مەعریفییەوە هیچی نییە لەبەردەم تێگەیشتنی جیهانی ئەمڕۆ و لێکدانەوەی دیاردەکانی و خوێندنەوەی ئەگەرەکانیدا بیڵێت، کە ئەمانەشی نەبوو دەبێت چاوەڕوانی چ ڕۆڵێکی مەعریفی لێبکەین؟

سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەش: بۆچی زەردەشتیەت نابێتە بەردی بناغەی شووناسی نەتەوەیی ئێمە، هەوڵئەدەم بە درێژیی لەم مەسەلەیە بدوێم.

لەپاڵ ئەو ڕاستییانەدا کە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەمدا دەربارەی ئامادەگی مۆدێرنە وەک «چوارچێوەی مێژوویی» کۆمەڵگای ئێمە و ناسیۆنالیزمی کوردیش وەک «چوارچێوەی سیاسی» ئەو کۆمەڵگایە، ئێستا دەخوازم ئەو ڕاستییە زۆر سادەیە وەبیر ئەو کەسانە بهێنمەوە کە باس لە شووناسی نەتەوەیی دەکەن لەسەر بناغەی زەردەشت و زەردشتیەت کە نەوەد و پێنج دەرسەدی کورد و خەڵکی کوردستان موسڵمانن. لە نێوانی ئیسلام و زەردەشتیشدا دابڕان هەیە، نەک بەردەوامی و ئەو دینەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا باڵادەستە و جیهانی ڕۆحی و ئەخلاقی و ویژدانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ئێمە ڕەنگڕێژ دەکات، ئیسلامە نەک زەردەشتیەت. کە لێرەدا دەستەواژەی ئیسلام بەکاردەهێنم مەبەستم لەوە نییە بڵێم خەڵک هەموو ئیسلامییە و هەموان ڕۆژی پێنج فەرزە نوێژ دەکەن و بە شێوەیەکی حەرفی داواکارییە ئاینییەکانی ئیسلام پەیڕەودەکەن، مەبەستی من لە ئیسلام ئەو فەزارۆحییە باڵادەستەیە کە تێیدا چەندەها شێوەی جیاوازی خیبرەی ئاینی و وێناکردن و تێگەیشتنی جیاوازیی هەم بۆ دنیا و هەم بۆ خودی ئیسلام خۆشی و ئەو ڕۆڵەش لە ژیانی ئینسان و کۆمەڵگادا دەیبینێت، ئامادەیە. گەر بە ووتەزای ئەو گروهەی باس لەدەستدانی زەردەشتیەت و نامۆبوونی کورد لە خۆی و لە

ئاینەکـەی دەکـەن، لەسـەر مـەسـەلەی ئاین لە کـوردسـتـاندا بدوێم، دەکرێت بڵێم زەردەشـتیـەت لەمرۆدا ئاینێکە نامـۆ بە ڕۆحی ئینسـانی ئێمـە و نامـۆ بە مێژووی هـاوچـەرخ و نامـۆ بەکـۆی ئەو ڕووداوانـەی لە دوای بڵاوبوونـەوە و وەرگـرتنی ئیـسـلامـەوە لە کـوردسـتـاندا ڕوویانداوە. گـەر بەوەش ڕازیبین کـە شـووناسی نەتەوەییـمـان شـووناسـێکی ئاینیـبێت، ئەوکـات ناتوانین لەدەرەوەی ئیـسـلامـدا بەدوای هـیچ شـووناسـێکی ئاینی دیکەدا بۆ بنیـادانی شـووناسـی نەتـەوەیی بگەڕێین. ئـەمـەش لەبەر هۆیەکی زۆر سـاکـار، ئیـسـلام ئاینـی زۆربەی هـەرەزۆری خـەڵکی کـوردسـتـانە و شـوناسی نەتەوەییش بریتـییـە لەو شـوناسـەی لەلایەن زۆربەی هـەرەزۆری هێز و گـروه و کۆمەڵە سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییـەکانی کـۆمـەڵگایەکـەوە خـۆبەخـۆ قـبـووڵدەکـرێت. گـەر ئـێـمـە بیـر لە دروسـتـکردنی شـووناسـێکی نەتەوەیی لەسـەر بناغـەی ئاین بکەینەوە ڕاسـتـەوخـۆ دەکـەوینە بەردەم دوو هەڵبژاردنەوە:

یەکـەمـیـان: دەبێت ئیـسـلام بکەینە بناغـەی ئەم شـووناسـە چونکە ئیـسـلام ئاینی زۆربەی هـەرەزۆری خـەڵکی کـوردسـتـانە. بەم کـارەش ئەو دەرگـایانە دەخـەینە سـەرپشت کـە دەمـانبـەنـەوە ناو پرۆژەیەکی فـاشـییـانەیە. تا ئەم سـاتـە بنیـادنانی شـووناسی نەتەوەیی لەسـەر ئیـسـلام جگە لە دەوڵەتی تۆتالیتێر و نادیموکـراسی و خنکێنەر هـیـچـی دیکەی لێنـەکـەوتۆتەوە. بۆیە پێـشـنیـارکـردنی ئیـسـلام وەک بناغـەی شـووناسی نەتەوەیی هـەڵگری مـەترسی دووبارەکردنەوەیەکی ناشـیرینی ئەزموونی ئەفگانستان و سودان و ئێران و سعودیە و پاکستانە...

دووهـەمـیـان: ئەو گـروهـانەی دەخـوازن شـووناسـی نـەتەوەییـی ئێـمـە لەسـەر زەردەشـتـیـەت بیناکـەن لە جـەوهـەردا لەبیـری دروسـتـکردنی قـەسـابخـانـەیەکی دینیدان، ئەوان دەخوازن یان ئەوەتە خـەڵکی خۆ بە مـوسـڵـمان زانی وڵاتی ئێمـە ناچارکرێن ببن بە زەردەشـتی یاخـود گـیانی خۆیان لەدەسـتـبدەن و شـووناسی نەتەوەیی ئێـمـە بەجێبـهـێڵن. ئاشکرایە ئەمـەشـیـان بە هـەمـانشـێـوە پرۆژەیەکی فاشییانەیە و لەپشتی ئەم خەیاڵە ئاینییە سادەوە فاشییەت بەدوای شوێنپێیەکدا دەگەڕێت.

بەڵام داخـۆ زەردەشـتـیـەت، یان ئاین بەگـشـتی بە ئیـسـلامـیـشـەوە، وەک بناغـەی ناسنامـەی نەتەوەیی لەم سـەردەمی جیـهـانگیـریی و دیموکـراسـیـەت و کـرانەوە

گەورەیەدا چ مانایەکی هەیە. ئایا زەردەشتیەت، کە ئاینی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی پاتریارکی سادە و بەسەرچووە، چی هەیە لە دنیای ئاڵۆز و تێکەڵ و پڕ لە گۆڕانی خێرا و لە ناکاوی ئەمڕۆدا بیڵێت. ئایا لەدوای دەسکەوتە گرنگەکانی مۆدێرنەی سیاسییەوە لە فۆرمی دیموکراسیەت و مافاکانی مرۆڤ و پاراستنی جیاوازی و ڕێزگرتنی ئازدی و پێشنیارکردنی یەکسانییەکی ڕەها لەسەر بنەمای هاوولاتیبوون و پەیمانی کۆمەڵایەتی و فیکرەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و پاراستنی مافی منال و پیر و ئافرەت و بەرپرسیاریەت بەرامبەر بە هێز و گروهە لاوازەکانی ناو کۆمەڵگا و مافی ڕەخنە و خۆڕێکخستن و مانگرتن و خۆپیشاندان و هتد...، دەڵێم ئایا لە دوای ئەم هەموو دەسکەوتە نوێیانەوە، کە بێگوان لە پراکتیککردندا بەسەدان شێوە فێڵیان لێدەکرێت، زەردەشتیەت و ئاینەکانی دیکەش، چییان هەیە بیڵێن و چی دەتوانن بخەنە سەر ئەم لیستە لە مافی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی. هیچ ئاینێک نییە لە دنیادا قسە لە پاوانکردنی هەقیقەت نەکات و ئاینەکانی دیکە بە هەڵە یان لە خۆی بە کەمتر نەزانێت، هیچ ئاینێک نییە لە دنیادا دیموکراسیبێت و ڕێزی جیاوزیی و یەکسانی و ئازادیی هەمووان وەک یەک بگرێت، هیچ ئاینێک نییە جیهان تەسلیم بە پیاوانی ئاین نەکات و گروهێک بەرهەمنەهێنێت کە خۆیان بە نوێنەری خوداوەند نەزانن و لەسەر بنەمای ئەم نوێنەرایەتیە گریمانکراوەش حوکم بەسەر ئازادی و ژیان و بوونی کەسانی دیکەدا نەدەن.

ئاینەکان جۆرێکی تایبەتن لە فیکر و خەیاڵ و وێناکردن کە لەسەر پاوانکردنی هەقیقەت کاردەکەن، ئەم هەقیقەتەش هەرگیز بە یەکسانی لای هەمووان ئامادەنییە و بەردەوام گروهێک خۆی وەک نوێنەرو پارێزەر و بڵاوکەرەوەی ئەو هەقیقەتە پێشنیاردەکات و فشار و پاڵەپەستۆیەکی فیزیایی و ڕۆحی و ڕەمزی گەورەش دەخەنە سەر ئەوانەی ئەو هەقیقەت و وێناکردن و شێوازە مەعریفییەیان قبووڵ نییە. هیچ ئاینێک بە مانا نوێکانی یەکسانبوون و دیموکراسیبوون و ئازادبوون، یەکسانخواز و دیموکراسخواز و ئازادیخواز نییە و دەبێت بە زۆر و بە زەبر و بە خەباتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەعریفی بەردەوام ناچارکرێت یەکسانخواز و دیموکراس و ڕێزگری جیاوازیی و فرەڕایی و فرە لێکدانەوە و فرە مانایی بێت. لێرەوە قسەکردن لەسەر ئەوەی کە

ناسنامەی نەتەوەییمان لەسەر بناغەی زەردەشتیەت بەرهەمبهێنین، جگە لەوەی لەڕووی سیاسییەوە ئینتیحارێکی گەورەیە و دابڕینی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردییە لە خەڵکی کوردستان، لەڕووی کۆمەڵایەتی و فیکری و مەعریفیشەوە پرۆژەی بارکردنی واقیعی ئێمەیە بە دنیایەک غەیبانیەتی نوێ کە پایە بەهێزەکانی خورافەت بەهێزتر و پتەوتردەکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم پرۆژەیە، وەک نیشانماندا، لە جەوهەریدا پرۆژەیەکی فاشییانەیە و ئەوەی تێیدا دەکوژرێت فرەدەنگی و دیالۆگ و پرنسیپە سەرەتاییەکانی دیموکراسیەتە.

لە پشتی وێناکردنی ئاینییانەوە بۆ شووناسی نەتەوەیی تێڕوانینێکی هەڵە بۆ چەمکی شووناس و بۆ چەمکی نەتەوە هەیە. ئەم دیدە پێیوایە شووناسی نەتەوەیی شتێکە لە دوامانەوەیە و لە قووڵاییەکانی مێژوودا نیشتەجێیە، بۆ بەدەستهێنان و پاراستنیشی دەبێت بەردەوام بۆ ناو کۆڵان و تونێل و تاریکاییەکانی ئەو مێژووە بگەڕێینەوە. لەم دیدەدا شووناس لە کراسێک دەچێت کە داگیرکەرێک، هەلومەرجێکی مێژوویی تایبەت، یان هێزێکی ناحەز بە زۆر پێیداکەندبین و ئەرکی ئێمە لەمڕۆدا گەڕانەوەبێت بۆ ڕابوردوو بۆ دۆزینەوەی ئەو کراسە تا سەرلەنوێ بیکەینەوە بەرمان.

ئەم دیدە بۆ شووناس بەگشتی و بۆ شووناسی نەتەوەیی بەتایبەت دیدێکی هەڵە و نەخۆش و ترسناکە. سەرەتا هەم نەتەوە و هەم شووناسی نەتەوەیی شتێک نین لە دوامانەوە و بیاندۆزینەوە، بەڵکو دەیەها شتی تازەن لە ئێستادا و لە بەردەستماندا کە دەبێت دایانبهێنین و دروستیانبکەین و تازەیانبکەینەوە. شوناسی نەتەوەیی نادۆزرێتەوە بەڵکو دادەهێنرێت و دروستدەکرێت، پێدراوێکی پێشوەخت نییە بەڵکو داهێنراوێکی ئێستاییە و لەمیانەی پێکدادان و ئاڵوگۆڕ و گفوگۆیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوامدا دروستدەبێت. بە مانایەکی دیکە شووناسی نەتەوەیی بەتەنها کوری ڕابووردویەکی دێرین نییە، بەڵکو بەرهەمی ئیرادە و خەباتێکی سیاسی هاوچەرخیشە. گروهە جیاجیاکان دەتوانن ڕابووردوی دورودرێژ و ئاینی سەربەخۆیان هەبێت، بەڵام لەمڕۆدا ئیرادەی پێکەوەژیانیان نەبێت و بەردەوام کێشە و ناکۆکی و شەڕ لە ناوەوەڕا هەلار هەلاریان بکات، خەڵکانی دیکەش هەن ڕابووردوی دێرین و ئاینی تایبەتیان نییە کەچی ئەمڕۆکە وەک نەتەوەیەک لەناو مێژوو و ڕووداوەکاندا پێکەوە دەژین و ئامادەن. بۆ

یەکەمیان جیهانی عەرەب و بۆ دووهەمیان ئەمریکا باشترین نموونەن.
شووناسی نەتەوەیی بریتییە لە کۆی ئەو باوەڕ و وێنە و ڕەمزانەی کە گروهێکی کولتووریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا لەسەری ڕێکدەکەون و وەک شووناسی سەرەکی هەم بە خۆیان و هەم بە دنیای دەرەوەی خۆیانی نیشانئەدەن. ئەوەی کۆمەڵێک خەڵکی دیاریکراو دەکاتە نەتەوە بەتەنها نزیکیی ئایینیی و نزیکی زمانیی و هاوکولتووری و بوونی مێژوویەکی دێرین نییە، بەڵکو بە ڕادەیەکی گەورەتر بوونی ئەو ئیرادە سیاسییە تایبەتەیە کە لەهەلومەرجێکی نوێدا و لەناو سەرزەمینی کۆمەڵێک گۆڕانکاری ئابووریی و تەکنۆلۆژیی و کولتووریی گرنگدا دێتەکایەوە و دەخوازێت شووناسێکی نەتەوەیی بەو کۆمەڵە خەڵکەبدات. کە ئەمڕۆکە شووناسی نەتەوەیی ئێمە لە قەیرانێکی گەورەدا ئەژی لەبەرئەوە نییە ئێمە زەردەشتییەتمان لەدەستداوە و بووین بە ئیسلام، لە ڕاستیدا ئەم لێکدانەوەیە جگە لە کۆمیدیایەکی گەورە شتێکی دیکە نییە، قەیرانی شووناسی نەتەوەیی ئێمە لەمڕۆدا سەرچاوەکەی لەوەدایە کە ئیرادەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیریی و ڕەمزیی یەکگرتوومان نییە کە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ کاری سیاسی و ڕەمزیی و مەعریفی ئێمە دابنێت و لەناویدا هەموو هێزەکان مافی قسەکردن و ڕادەبڕین و بەشداربوونییان لە بڕیارداندا لەسەر کێشەکانی ئەم کۆمەڵگایە، هەبێت. قەیرانی شووناسی نەتەوەیی ئێمە قەیرانی نەبوونی چوارچێوەیەکی دیموکراسییە بۆ ڕێکخستنی جیاوزییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای ئێمە، نەک لادان لە زەردەشتیەت و بوون بە ئیسلام.
ڕەهەندێکی دیکەی شووناسی نەتەوەیی بریتییە لە چۆنیەتی تەماشاکردنی کۆمەڵگایەک بۆ ئایندە و ئەو پلان و مژدە و خەونانەی ئەو کۆمەڵگایە بۆ ئایندە هەیەتی. شووناسی نەتەوەیی بەبێ بوونی کۆمەڵێک مژدەی هاوبەش و خەونی هاوبەش و پلانی هاوبەش بۆ ئایندەیەکی پێکەوەیی و سەرفیراز دروستنابێت. بۆ دروستکردنی شووناسی نەتەوەیی ئەوە بەس نییە تەنها تەماشای دواوە و ڕابووردی خۆمان بکەین، ئەوە بەسنییە بڵێین ئێمە هەموومان نەوەی کاوە ئاسنگەرین و دەوڵەتی میدیا دەوڵەتی باپیرانی ئێمە بووە زەردەشت پێغەمبەری کورد بووە. نا، ئێمە لەبات ئەم گەڕانەوەیە بۆ ڕابووردو، پێویستمان بە دیدێکی

هـاوبەش و خـــەونێکی هـاوبەش و پـرۆژەیەکی هـاوبەشـــە بـۆ ئـاینده. نەتـەوه و شـوناسـی نەتەوەیی بەتەنـها ڕابوردو دروسـتـیان ناکات، بەڵکو دیدێکی هـاوبەش بۆ ئاینده و بۆ هەڵسـوکـەوتی سـیـاسـی و کـولـتووریی و مـەعریفی لەئێـسـتـدا دروستیدەکات. ئەوانەی کەباس لە زەردەشتیەت دەکەن، سەرەڕای ئەو کاراکتەره فاشییانەیەی پێشوەخت باسمانکردن، لە قووڵایدا هەڵگری دیدێکی دێرینەگەرا و ڕابووردو پەرستن کە نەک ناتوانن مـانایەکی ئایندەییانە بە نەتەوه و شـووناسـی نەتـەوەیی ئێـمـە بدەن، بەڵکو خـۆیان ڕێگرێکی گـەورەن لەبەردەم تێکەڵبـوونی کۆمەڵگای ئێمەدا بە مێژووی جیـهـانی و تێکەڵبوونی بە ئایندەیەکی کراوه بە ڕووی گۆڕانی گەوره گەورەی ئینسـانی و زیادبوونـی بڕی بەختـەوەری ئینسـانی ئێـمـە لەو دنیـایەدا. تێـزی گـەڕاندنەوه بۆ زەردەشـتـیـەت تێـزێکی دێرینەگـەر و ڕابووردوپەرسـتـە و بەر بە هەر ئایندەیەکی نـا ئاینی و عـەلمانی و دیموکـرات و عەقڵانی دەگرێت.
بێگومـان من لێـرەدا ئینکاری گـرنگی ڕابـووردو حـیکایەتەکـانی ڕابووردو لە مەسـەلەی دروسـتکردنی شـووناسی نەتەوەییدا ناکەم، بەپێچـەوانەوه من باوەڕم وایە و تائێـستـاش لەچەندان نووسیندا داکۆکیم لە گرنگی ڕابووردووی نەتەوەیی کـردوه، باسـی ئەوەم کـردوه کـە هەندێکجـار مـانەوەی نەتەوەیەک لـە نەتەوەکـان دەشـێت لـەزۆر ئاسـتـدا وابەسـتـەی سـیـاسـەتی ڕێکخسـتن و ئیـدارەدانی حـیکایەتەکـانی ڕابووردوی ئەوه نەتـەوەیە بێت. کـۆی حیکایـەتەکانی نەتەوەیەک بەسـەر یەکەوه ئەو شـتـە دروستدەکەن کە پێی دەگوترێت یاداوەری هـاوبەش یان یـاداوەری نـەتـەوەیی. هـونـەری پاراســـــتنی نەتـەوه تـا ڕادەیەکی زۆر هـونـەری سـەرلەنوێ بـەرهـەمـهێنانـەوه و ڕیزکردنەوەی یاداوەرییـە کـە سـێجـۆر حـیکایەت دەگـێـڕێتـەوه: حـیکایەتی سـەروەرییـە گـەورەکـان، حیکایەتی پەژاره و کـۆسـتـە گشـتـییـەکان و حیکایەتی شەرم و ئابڕووچوونەکان. هیچ شووناسـێکی نەتەوەیی نییـە حـیکایەتێکی سـەروەریی لە پشـتـەوه نەبێت کـە قـارەمـانیـەتی و قـوربانی و دڵسـۆزیی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە نەگێـڕێتـەوه. هەمـوو نـەتەوەیەک حیکایـەتێکی گـەورەی سـەروەری هەیـە کە وەک جـەوهەری ڕاسـتـەقـینەی ئـەو نەتەوەیە و وەک کۆڵەکەی سـەرەکی شـووناسـی نەتەوەیی نیشـانئەدرێت. ئـەم حیکایەتە بەردەوام باسدەکرێت و بیردەهێنرێتـەوه، بۆنەی بۆ دروسـتـدەکرێت و لەسـەری دەنووسرێت

و بەشێوازی جیاجیا دەگێڕرێتەوە و پێشکەش و نمایش دەکرێت. لەپاڵ ئەم حیکایەتی سەرەوەریانەدا هەمو نەتەوەیەک حیکایەتێک یان کۆمەڵێک حیکایەتی گەورەی کۆست و پەژارەی گشتیشی هەیە، حیکایەتێک کە ئازار و پەژارە و وژیدانی بریندارى ئەو نەتەوەیە و دڵڕەقی و بەربەریەتی دوژمنەکانی دەگێڕێتەوە. جۆری سێهەمی حیکایەتەکانیش حیکایەتی ئەو شەرمانەیە کە خائینان و نمەکحەرامان و ناپاکانی نەتەوە پێیهەڵدەستن و ئێمە لە ئێستادا تووشی هەستکردن بە شەرم و شکانەوە و ئابڕوچوونێکی نەتەوەیی دەکەن. ئەم حیکایەتانەش دەپارێزرێن و دەگێڕدرێنەوە بۆ ئەوەی وەک سنوورێکی ئەخلاقی ئامادەبن و ڕێ لەوەبگرن کە کەسانی دیکە بە کاری خیانەت و ناپاکییان ئەم سنوورە ببەزێن و هەم ئابڕووی خۆیان و هەم ئابڕووی نەتەوەکەشیان ببەن.

لێرەوە ڕیزکردنەوەی یاداوەریی نەتەوەیی ڕیزکردنەوەیەکە لەنێوان تەمجیدکردنی زات و ماسۆشیەتدا دێت و دەچێت. شووناسی نەتەوەیی لەلایەک حیکایەتێکی تاڵی پڕفرمێسک و کارەساتئامێز دەگێڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە مەلحەمەی سەرکەوتن و ماناوە و بەرگری نیشانئەدات. یەکێکیان ئاهەنگەکانی سەروەریی دەگێڕێت، دووهەمیان، وەک دۆرکهایم دەڵێ، "ئاهەنگەکانی دڵتەنگی" ڕێکدەخات. کەوابوو شووناسی نەتەوەیی بەبێ کارخانەیەکی گەورەی ئاهەنگێران، چ ئاهەنگێرانی دڵتەنگانە و چ ئاهانگگێرانی دڵخۆشکەرانە، دروستنابێت. ئەو خاڵەی لێرەدا من و لە پەیوەندیدا بەم ڕەهەندە تایبەتەی شووناسی نەتەوەییەوە دەخوازم باسیبکەم ئەو ڕاستیەیە کە ئێمە هەم بۆ ئاهەنگگێڕان و هەم بۆ دڵتەنگبوونی نەتەوەییمان پێویستمان بە گەڕانەوە بۆ زەردەشتیەت نییە، ئازارەکانی ئێمە وەک نەتەوە ئەوەندە گەورەن کە دەتوانن بە هەر پرۆژەیەکی شووناسی نەتەوەییی دەیان حیکایەتی پەژارە و دڵتەنگی و کۆستی گەورە گەورە ببەخشن، لە ئەنفالەوە بیگرە بەرە و ڕیزی درێژی گۆڕستانی پڕ شەهیدی شۆڕشی هاوچەرخی کوردی لە شەستەکانەوە و درێژکردنەوەشی بۆ کارەساتەکانی سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و ڕووخانی یەک لەدوای یەکی ئەمارەتە کوردییەکان لە سەدەکانی بەر لە سەدەی بیستەمدا. حیکایەتەکانی دڵشادی و بەختەوەریی و سەرکەوتنی نەتەوەییش ئەوەند زۆرن کە ئینسان دەتوانێت لە کاوەی ئاسنگەرەوە ڕیزیانکات تا ڕاپەڕین

و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری کوردستانی عێراق. بۆ حیکایەتی شەرمیش من هیچ ناڵێم با خوێنەر خۆی هەم لەمێژووی هاوچەرخ و هەم لە مێژووی دێرینماندا بیر لە چەندان نموونە بکاتەوە.

کێشەی ئێمە لەوەدا نییە کە ئێمە بۆ بنیادنانی شووناسی نەتەوەییمان حیکایەتی سەروەری و شەرم و پەژارەمان نییە و بۆیە، سەرەڕای هەموو مەترسییەکانی بنیادنانی شووناسی نەتەوەیی لەسەر ئاین، دەبێت بۆ زەردەشتیەت بگەڕێینەوە. نا کێشەی ئێمە لەوەدایە کە بەشێکی هەرە گەورەی حیکایەتە نەتەوەییەکانی ئێمە کراونەتە حیکایەتی حیزبی و لە خودی نەتەوە سێندراونەتەوە. ئەمەش بابەتێکی دیکەیە و من لەچەندان نووسین و بۆنەی گشتیدا بەدرێژی لێیان دواوم و باسمکردون و نامەوێت لێرەدا سەرلەنوێ دووبارەیان بکەمەوە.

وەڵامی ئەم پرسیارە بەم چەند سەرنجە کورتە کۆتایی پێدێنم. گەر ئێمە بەڕاستی لە خەمی بنیادنانی ناسنامەی نەتەوەییداین و گەر بمانەوێت ئەم ناسنامەیە ناسنامەیەکی کراوە و دیموکرات و دیالۆگئامێز بێت، ئەوا دەبێت بناغەکانی ئەم ناسنامەیە نە لەسەر ئاین و نە لەسەر ترادیسیۆن و نە لەسەر کولتوور و بەها و نۆرمی تایبەتی ناوچەیەک لە ناوچەکان یان گروهێک لە گروهەکانی ناو کوردستان بینانەکەین، بەڵکو دەبێت ئەم ناسنامەیە لەسەر بناغەی کۆمەڵێک دەسکەوتی فیکریی هاوچەرخ و کۆمەڵێک پرنسیپی سیاسی کراوە و دیموکرات بنیادنێین کە ڕێزی جیاوازییەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگای کوردی بگرێت و بەهەر گروهێک لە کوردستاندا مافی تەواوی ژیان و قسەکردن و بەختەوەریی ببەخشێت. بنیادنانی ناسنامەی نەتەوەییی لەسەر بنەمای ک«ولتووریی ئەتنی»، بەتایبەتی لەسەر ئاین، بە ئاسانی دەکرێت بگۆڕێرێت بۆ پرۆژەیەکی فاشیانە. ناسنامەی نەتەوەیی دەبێت لەسەر بنەمای «کولتوورێکی سیاسیی» هاوبەش بیناکرێت کە تێیدا ڕێز لە هەڵبژاردنی ئازادی هەر گروه و دەستە و تاقم و هێزێکی کولتووریی جیاواز بگیرێت. ئەوەی کۆمەڵگایەک لە هەڵوەشاندنەوە و لەبەریەکترازان دەپارێزێت کولتووری ئەتنی و ئاین نییە، بەڵکو کولتوورێکی سیاسی دیموکراسیانەیە کە هەرکەسێک تێیدا هەستدەکات ئازادە و ڕێزی ئیرادە و ویست و هەڵبژاردنەکانی دەگیرێت.

ئەوەی لە کوردستاندا خەڵک بەیەکەوە گرێدەدات یان لێکیان جیادەکاتەوە نە کولتووری ئەتنییە نە ئاین، بەڵکو کولتوورێکی سیاسییە کە تێیدا کوردستان دابەشدەکرێت بۆ شوێن و ناوچە و دەسەڵاتی حیزبی جیاواز و دژ بەیەک. نە ئەوەی پێیدەگوترێت کولتووری دێرینی کوردیی و نە ئیسلام و نە بەها و ئەخلاقیاتی هاوبەش نەیانتوانیوە و ناشتوانن رێ بە شەڕی ناوخۆ بگرن و نەهێڵن کوردستان شاقووڵیانە دابەشببێت، ئەوەی دەهێڵێت یان نایەڵێت دابەشبوون دروستببێت ئیرادە و کولتوورێکی سیاسییە. بەکورتی ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەو راستییەیە کە شووناسی نەتەوەیی زیاتر پەیوەستە بە کولتووری سیاسی ئەو نەتەوەیەوە نەک بە کولتووری ئەتنییەوە، گەر دەشمانەوێت شوناسێکی نەتەوەیی پتەو و کراوە و ئینساندۆستمان هەبێت، دەبێت بیر لە گۆڕانی کولتووری سیاسیمان بکەینەوە و خۆمان بە پرسیاری هەڵە و پڕ مەترسی لەبابەتی ئەوەی ئایا بۆ زەردەشتیەت بگەڕێینەوە یان (نا) ، سەرقاڵ نەکەین.

پرسیار: لەبەرچی ئایینەکانی وەکو (بوزایی.. جوولەکە... مەسیحیەت... ئیسلام..هتد) تا ئەمرۆش خۆیان لە هەموو وەرچەرخانێک پاراسووە و بە زیندوویەتی ماونەتەوە، کەچی ئاینی زەردەشتی نەیتوانی وەک ئاینەکانی دیکەی سەرەوە خۆی بپارێزێت؟ هەرچەندە رەنگە لە هەندێک ناوچەی بچووک بچووک هەبن، بەڵام هیچ کاریگەرییەکیان نییە، ئایا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ لە ئایندەدا ئاینی زەردەشت پەرەبباڵ بەسەر زۆر ناوچەی رۆژهەڵات تەنانەت رۆژئاواش بگرێتەوە؟ چۆن؟

وەڵام: وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کات و شوێن و خوێندنەوەیەکی هێجگار زۆری دەوێت کە لە شارەزاییەکی میهەنی و پسپۆرییەوە سەرچاوەی گرتبێت سەبارەت بە هەریەکێک لەو ئاینانە و مێژوویی کۆن و هاوچەرخیان، کە بەداخەوە من نیمە. بەڵام سەرەڕای ئەم راستییە من هەوڵئەدەم لێرەدا زۆر بە کورتی چەند سەرنجێکی گشتی دەربارەی شوێن و جێی ئاین وەک بابەتێکی تیوری لەناو دنیای هاوچەرخدا بخەمە روو، هیوادارم بەم کارەم توانیبێتم لانیکەمی وەڵامم بە پرسیارەکەتان دابێتەوە.

وەک سەرەتا لەو راستییەوە دەستپێدەکەم کە نە بودیسم، نە مەسیحیەت، نە ئاینی جولەکە و نە ئیسلام نەیانتوانیوە خۆیان لە وەرچەرخانە مێژووییەکان

بپــارێزن و ئەم ئاینانە لەم چەند ســاڵەی دواییــدا گــۆڕانی گــەورە گــەورە و بنەڕەتییــان بەســەرداهاتووە. نە ئیســلامی ئەمــڕۆ ئیســلامی ســەرەتاکانی ناو نیمچە دورگەی عەرەبییە و نە مەسیحەیەت و ئاینی جولەکەش ئەو ئاینە کۆنەن کە ڕۆژگارێکی درێژ حوکمی بەشێکی گەورەی جیهانیان کردوە. ئەمــڕۆ لە ئەوروپادا هەم مەسیحەیەت و هەم ئاینی جولەکە و هەم ئیسلام ناتوانن وەک سەدەکانی پێشوتر ئامادەبن، ئەمڕۆ دەستوری دیموکراسییانە لەبەشێکی زۆری ئەم وڵاتانەدا ئامادەن و ئاینەکان دەبێت ڕێز لە پرنسیپەکانی ناو ئەو دەستورە دیموکراسییانە بگرن. ئەمەش بۆخی گەورەترین وەرچەرخانێکە ڕووبەڕووی هەر ئاینێک لە ئاینەکان ببێتەوە. ئاخر دەستوری دیموکراسییانە دەستوورێکی سەرزەمینییە و بەرهەمی عەقڵ ق خەیاڵی ئینسانییە، لەکاتێکدا ئاینەکان لەوە ئەدوێن کە دەستوری خوداین و هەڵگری یاسا و بەها و ئەمر و نەهییەکانی خودان.

مێژوویی ئاینیش بریتییە لە مێژووی گۆڕانکارییەکانی، ئاین لە قۆناغی بەر لە دروستبوونی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی مێژوودا مانایەکی هەبووە جیاواز لە ئاین لە قۆناغی دروستبوونی ئیمپراتۆریەتەکاندا، ئاین لەسەردەمانی دروستبوونی ناسیۆنالیزم و نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەدا، ئاین لە چوارچێوەی جیهانگیری و لاوازبوونی سنوورەکاندا، مانایەکی هەیە جیاواز لە ماناکانی لە قۆناغی دەوارنشینیدا. لەهەریەکێک لەم قۆناغانەدا وەرچەرخانی گەورە لە ماناکانی ئایندا هاتۆتەکایەوە.

لە نیشتیمانی ئێمەشدا ئیسلامی ئەمڕۆ ئیسلامی سەد ساڵ لەمەوبەر یان ئیسلامی سەردەمی ئەمەوی و عەباسی، نییە. ئیسلامی ئەمڕۆکە ئیسلامی ناو ئەگەر و توانا تەکنیکی و سیستەمە دەلالی و سیمبۆڵییەکەی مۆدێرنەیە. ئیسلامێکە لەسەرێکەوە کلاشینکۆفی پێیە و لەشێوەی حیزبی سیاسیدا ئامادەیە و ئەم حیزبانەش لەناو خۆیاندا جیاوازن و ناکۆکی فیکری و ئایدیۆلۆژیان هەیە و دواجار دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لێکجیابنەوە و بەرامبەر بەیەکدی چەکهەڵگرن. لەسەرێکی دیکەشەوە ئیسلامێکەوە قسە لەوەدەکات کە سیستم و گەمەی دیموکراسییانەی قبوڵە و لەنێوان ئیسلام و دیموکراسیەتدا تەبایی پێشنیاردەکات نەک دابڕان و ناکۆکی. ئەم شێوازە تازانەی ئیسلام لە نیشتیمانی ئێمەدا تەواو جیاوازن لەو شێوازانەی ئیسلام کە لە ماڵی من و ئێوە و خەڵکانی دیکەدا ئامادەن. هەموو ئەمانەش جیاوازن لە ئیسلامی ناو کۆمەڵگای دەوارنشین و ساکاری دورگەی عەرەبی.

هەرچی پەیوەندی بە مێژوو و ئایندەی زەردەشتیەتیشەوە هەیە، زۆر زەحمەتە لێرەدا شتی زانستی و مەنهەجی باوەڕپێکراو بڵێم. بەبۆچوونی من کۆتاییهاتنی زەردشتیەت و لاوازبوون و نەمان یان کەمبوونەوەی پەیڕەوکەرەکانی تارادیەکی زۆر وابەستەی گەشەی ئاین خۆیەتی لە قۆناغی فرە خوداییەوە بۆ قۆناغی تاک خودایی. ئاینە تاکخوداییەکان لەزۆر ڕووەوە کۆتاییان بە قۆناغی فرە خودایی هێنا و خۆیان بوون بە ئەلتەرناتیڤیان. سەرەڕای ئەمە ئاینە فرە خوداییەکان ئاینی ئەو قۆناغە مێژووییەی کۆمەڵگا ئینسانیەکانن کە تێیدا کۆمەڵگاکان زۆر سادەبوون و ئینسان لەبەردەم جیهانێکی سادەدا ڕاوەستاوە، ئەو ئاڵۆزیەی دواتر لە دەرککردن بە جیهان و بیرکردنەوە و ووشیاریدا دێتەکایەوە ڕۆڵی گەورە دەبینێت لەگۆڕانی ئەو فەزا فیکری و ڕۆحیەی کە فرەخودایی پاراستوە. ئاینە فرە خوداییەکان وەڵامێک بوون بە داخوازییە ڕۆحییەکانی کۆمەڵگا سادە و کشتوکاڵییە سەرەتاییەکان، کاتێک ئەو هەلومەرجە سادانە کۆتاییان پێهاتوە ئیدی لەگەڵیشیدا ئەو شێوازە فیکری و ڕۆحییەی پەیوەندییەکانی ئینسان و سروشت و ئینسان و کۆمەڵگا و ئینسان و ئینسانی ڕێکخستوە گۆڕاون. دەشێت هۆکارێکی دیکە بریتیبێت لەشەڕی سەختی ناوەکی ئاینەکان لەگەڵ یەکدیدا، مێژووی ئاینەکان تارادەیەکی زۆر مێژووی شەڕکردنیانە لەگەڵ یەکدیدا . لەم شەڕانەدا هەندێک ئاین براوە و هەندێک ئاین دۆڕاون، گروهێک گروهێکی دیکەی بێدەنگکردوە، شوێنە پیرۆزەکانی سووتاندوە و پەیکەری خوداکانی تێکشکاندوە و باوەڕدارەکانیشی یان ناچار بە وەرگرتنی ئاینێکی نوێ کردوە، یان کوشتوونی.

بەڵام داخۆ زەردەشتیەت ئایندەی هەیە، نە تەنیا لە کوردستاندا بەڵکو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستمان بە کەسێک هەیە بتوانێت ئایندەمان بۆ بخوێنێتەوە، لەڕاستیدا پێویستمان بە سیحربازێک هەیە نەک لێکۆڵەرەوەیەکی زانستی. ئەوەی سەبارەت بەم خاڵە بکرێت بگوترێت لەوە تێپەڕ ناکات کە لە ئاسۆیەکی دیاریکراودا ئەوەی بە جیهاندا بڵاودەبێتەوە مۆدێرنە و کولتووری مۆدێرنەیە، نەک ئاین و وێناکردنەکانی ئاین.

## بزوتنەوە كۆمەڵایەتییەكان و گرفتی نەبوونی شوناسی تایبەتی

«هەمــوو بزوتنەوەیەكی كــۆمــەڵایەتی لە كــوردســتــاندا نــاچارە هەم شــەڕێكی لیبــرالییــانە بكات هەم شــەڕێكی مــاركــسییــانە، یەكەمــیان شــەڕە بۆ ئــازادییە تاكەكەسییەكان، دووهەمیان شـەڕە بۆ عەدالەتی كۆمەڵایەتی، یەكەمییان ڕووی لە كۆمــەڵگا و ئاین و ئەو سیسـتمە ڕەمـزییەیە كە فـەردیەت لە ئینسان دەسێنێتەوە، دووهەمــیــان ڕووی لە حــیــزبە دەســەڵاتدارەكــانی كــوردســتــانە كــە ڕازینین پانتــاییــەكــانی عەدالــەتی كۆمــەڵایەتی فراوانكەن. یەكەمــیــان بەگژاچوونەوەی پەلامــاری تۆتالیــتــاریانەی كــۆمــەڵگایە بۆســەر تــاكــەكــەس، دووهەمــیــان شــەڕە لەبەرامبەر ڕۆحی مۆنۆپۆلخوازی دەسەڵاتی سیاسیدا»

چاوپێكەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی تێكۆشانی قوتابیان

سازدانی: گۆران سابیر

ئەمستردام

زستانی ٢٠٠٢

پرسیار: وەک دەزانین ئەمرۆ کۆمەڵێک ڕێکخراوی قوتابیان و خوێندکاران لە کوردستان بۆ ڕێکخستن و کۆکردنەوەی قوتابیان کار دەکەن، بەبۆچوونی ئێوە ئایا ئەم ڕێکخراوانە دەتوانن ببن مایەی دروستکردنی بزوتنەوەیەکی خوێندکاری؟ ئایا تا چەند ئەم ڕێکخراوانە هەلی ئەوەیان لە بنیادنانی ئەو بزوتنەوەیەدا هەیە؟ ئایا ئەو مەرجانە کامانەن پێویستن لەو ڕێکخراوانەدا هەبێت تا لە بنیادنانی ئەو بزوتنەوە خوێندکاریەدا ڕۆڵ ببینن؟

وەڵام:هیچ ڕێکخراوێکی کۆمەڵایاتی ناتوانێت خۆبەخۆ و ویستەگی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دروستکات گەر هاتوو ڕەگەزەکانی دروستبوونی ئەو بزوتنەوەیە لە پێکهاتی واقیعی کۆمەڵایەتی و پێکهاتی خەیاڵ و پێکهاتی ووشیاریی ئەو ساتەوەختە مێژووییەدا ئامادەنەبێت. ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی کاتێک دەتوانێت بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرجەستەکات کە ئەو بزوتنەوەیە خۆی وەک هێز یان ئەگەرێک لەناو واقیعدا ئامادەبێت، واتە «بوونێکی هێزەکی» هەبێت و وەک ئەگەرێکی سەربەخۆی ناو ئەگەرەکانی ئەو ساتەوەختە مێژووییە ئامادەبێت، دەبێت بەشێکبێت لە جوڵەیەکی مێژوویی ڕوو لە گۆڕان، بە شێوەیەک لە شێوەکان لەنێو پەیوەندییەکانی مانا و دەسەڵات و بەرهەمهێناندا ئامادەبێت. ڕۆڵی ڕێکخراو و ئۆرگان ئەوەیە ئەو ئەگەرە مێژووییە لە دۆخی ئەگەرەوە بگۆڕن بۆ واقیع، لە بوونێکی هێزەکییەوە بیکەنە بوونێکی کردەکی، لە شتێکی شیاوەوە بیکەنە شتێکی پیادەکراو.

بەبۆچوونی من بزوتنەوەی خوێندکاری لە کوردستاندا لە هەموو ئەو ئاستانەدا کێشەی گەورە گەورەی هەیە، هەم لە ئاستی ئامادەگییدا وەک ئەگەرێکی مێژوویی سەربەخۆ کێشەی هەیە، هەم لە ئاستی ئەو بونیادە دەزگاییەشدا کێشەی هەیە کە پێویستە سەرقاڵی بەرجەستەکردنی واقیعیانەی ئەو ئەگەرە مێژووییەبێت. بۆ شیکردنەوەی ئەم ئەم کەموکوڕییە بونیادییە دوو سەرە هەوڵئەدەم لێرەدا چەمکی «شووناس» پێشنیارکەم و لەڕێی ئەم چەمکەوە لەو کێشانە بدوێم. بێگومان هەر بزوتنەوەیەک کاتێک دەتوانێت ببێتە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کامڵ و پێگەیشتوو کە هەڵگری شوناسێکی تایبەت بەخۆیبێت، واتە هەڵگری کۆمەڵێک کارەکتەر و پێناس و وێنەی تایبەتی بێت، کۆمەڵێک ئاکاری هەبێت جیای بکاتەوە لە ئاکاری بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، هەندێک

ئاسـۆی بۆ چاوەڕوانی هەبێت جیـاواز لە ئاسـۆی هێـزەکـانی دیکە، هەمـوو ئەمـانەش بەسـەریەکـەوە شـوێنێکی تایبـەت بەو بزوتنەوەیە ببەخـشن و بیکەنە خـاوەنی دنیـابینی و داواکـاریی و چاوەڕوانی تـایبـەت. ئەوەی بـزوتنـەوەی خـوێندکـاری لە کـوردسـتـاندا نیـیـەتی شـووناسـە بەو مـانـایەی لێـرەدا دەستنیشانمان کرد.

لەزۆر ڕووەوە شـوێن و جێی بزوتنەوەی خوێندکاران لە کوردسـتـاندا لە شـوێن و جـێی ئافـرەتان دەچێت لە کـۆمـەڵگای ئێـمـەدا. ئاشکرایە ئـافـرەتانی ئێـمـە نەیانتـوانیـوە ببنە خـاوەنی شـووناسـێکی سـەربەخـۆ، شـووناسـێک لە «ئافرەتبوونەوە» دەستپێبکات و لەوێوە لە جیهان و کۆمەڵگا و مێژوو ڕامێنێت. شـوناسـی ئافرەتان لە وڵاتی ئێمـەدا بەردەوام لە پاڵ شـووناسـی پیـاوەکانیـاندا دەسـتنیشـاندەکرێت و بوونیشـیـان وەک بوونـەوەری کۆمـەڵایەتی و سیـاسـی و کولتووری لە بوونی پیاوەکانیانەوە دادەکەوێت. وەکچۆن بە ئافرەتێک دەگوترێت ژن، خـوشک، دایک یان بیـوەژنی فـلانە کـەس، ئاواش دەتوانین بزوتنەوە خوێندکارییـەکانی کوردسـتـان بەسـەر ئەم یان ئەو، فـلان یان فیسـار حیزب و گروپ و ڕێکخراوی سیاسیدا دابەشکەین، ئەم بزوتنەوانە شووناسی خۆیان لە شـووناسی ئەو حـیـزبانەوە وەردەگـرن کـە پەیوەسـتین. ئـەمـەش وادەکـات ئەم بزوتنەوانە سێبـەرێک بن لە سێبـەرە زۆرەکانی حیزب لە کوردسـتـاندا و بەهیچ مـانایـەک خـاوەنی بوونی ڕاسـتـەقـینەی خـۆیان نەبن. ئاشکراشـە هەر بزوتنەوەیەکی کـۆمـەڵایەتی هەڵگری شـوناسـی تایبـەتی خـۆی نـەبوو ناتوانێت گەشـەی سـەربەخـۆ بکات، نەبوونی شـووناسـی تایبـەت مـانای لە دەسـتدانی وزە وتوانایـەکی ڕۆحی سـەربەخـۆ بۆ گـەشـەکـردن، مـانـای مـانەوە لە پاشکۆی ئەو هێزانەدا کە دەستنیشانی گەمە مێژووییـەکان دەکەن و هێڵـە گشتییـەکانی بوون و نەبوونی شـتـەکـان دادەڕێژن. بەم مـانایە وەک چۆن شـووناسـی ئافـرەت لە کـۆمـەڵگای ئێمـەدا درێژکـراوەی شـوناسـی پیـاوە، ئاواش شـوناسـی بزوتنەوەی خوێندکاری درێژکراوەی شوناسی حیزبە.

وەک ووتم ئەم بێـشـوناسـییـە یەکێکە لە گـرنگـترین کـێشـەکـانی بزوتنەوەی خوێندکاریی لە کوردستاندا، گەر گرنگترینیـان نەبێت. نەک تەنها شووناسـی ئەم بـزوتنـەوەیە لـە شـــووناسـی حـــیـــزبەوە وەرگـــیـــراوە، بەڵکو هێــز و توانا و

چاوەڕوانییەکانیشیان لە هێز و توانا و چاوەڕوانی حیزبەکانەوە قەرزکراوە. ئەم وابەستەییە وایکردوە ئەم بزوتنەوەیە قۆناغی منالّی بەجێنەهێلّێت و هەمیشە لە ئامێزی باوکە حیزبییەکاندا بمێنێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا ئێمە مێژوو و ڕۆژگارێک بەسەردەبەین کە خوازیاری ئەوەیە بزوتنەوەی خوێندکاری قۆناغی منالّی جێبێلّێت و گەورەببێت، لە بوونەوەرێکی پاشکۆوە ببێتە بوونەوەرێکی سەربەخۆ. یەکەمین پرسیارێکیش هەر بزوتنەوەیەک لە گواستنەوەدا لە منالّییەوە بۆ کاملّبوون لە خۆی بکات پرسیاری شووناسە: ئێمە کێین، بۆ هەین، چیمان دەوێت، دەمانەوێت ببین بەچی، لەکوێدا لەگەلّ باوکە سیاسییەکانمانا تەبا و لەکوێدا ناتەباین، لە کوێدا لەگەلّ ئەخلاق و ویست و سیستمی ڕەمزی بالادەستی کۆمەلّگادا یەکین و لەکوێدا جیاین، دەمانەوێت چی بگۆڕین و بەر لە گۆڕانی چ شتێک بگرین؟

وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە تەنها بەوە نابێت ژمارەی دەزگا خوێندکارییەکان زیادکەین و وەک درێژکراوەی حیزبە سیاسییەکان، هەندێکجار وەک دەزگای چاودێری ئەو حیزبانە، لەناو زانکۆ و کۆمەلّگا و سیاسەتدا ئامادەبین، بزوتنەوەی خوێندکاری پێویستی بە گەشەدانە بە مەنزورێکی فیکری تایبەت، بە دۆزینەوەی ئاراستەیەک کە ئەم بزوتنەوەیە بەرە و سەربەخۆبوون و کاملّبوونی تەواو ببات و بەم کارەشی یارمەتی کاملّبوونی بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکانی دیکە بدات. ئەم گواستنەوەیە لە منالّیەوە بەرە و کاملّبوون پرۆسەیەکی سروشتی نییە و لەخۆیەوە ڕوونادات، بە زیادکردنی ژمارەی ئۆرگانە خوێندکارییەکانیش نابێت و بەهیچجۆرێکیش بە تەسلیمکردنی ئەم بزوتنەوەیە بە حیزب دروستنابێت، ئەم کاملّبوونە لەزۆر سەرەوە هاوشانە بە بەهێزبوونی هەستکردن بە جیاوازی و پێویستی بنیادنانی شووناسێکی تایبەت و سەربەخۆ.

بێگومان بوونی ڕێکخراو مەسەلەیەکی گرنگە بەلام مەرجی دروستبوونی بزوتنەوە نییە، تۆ دەشێت چەندان ڕێکخراوت هەبێت بەچام بزوتنەوەت نەبێت، دەشێت بزوتنەوەشێ هەبێت بەلام هێشتا ۆرمی ڕێکخراوبوونی نەگرتبێتە خۆی. بزوتنەوە کاتێک دروستدەبێت کە هێزێکی دیاریکراو لە پەیوەندییەکی ڕەخنەییدابێت لەگەلّ ئەو پێکهاتی دەسەلات و کولتوور و ئەخلاق و ئاین و سیستمە ڕەمزییەدا کە لە ساتێکی مێژوویی تایبەت و لە شوێنێکی جوگرافی

دیاریکراودا دەستنیشانی مانا و پێناس و ئاراستەی شتەکان دەکات.
بزوتنەوەی خوێندکاران بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە و وەک هەموو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵێک تاکەکەسی سەربەخۆ دروستدەبێت کە لەرووی بیرکردنەوەوە لەیەک نزیکبن، لە کۆمەڵێک دەزگا و ڕێکخراوی جیاوازدا کۆببنەوە، هەوڵی پیادەکردنی کۆمەڵێک گۆڕانکاری تایبەت بدەن یاخود ڕێ لە دروستبوونی کۆمەڵێک گۆڕانکاری تایبەت بگرن. واتە بزوتنەوەی کۆمەڵیەتی تەنها ڕووی لە گۆڕان نییە بەڵکو هەندێکجار ڕێ لە بەرپابوونی هەندێک گۆڕان دەگرێت. بۆ نموونە بزوتنەوەی خوێندکاران لە کوردستاندا دەبوایە لە ساڵە تاریکەکانی شەڕی ناوخۆدا نەیهێشتایە ئەم بزوتنەوەیە بەسەر لایەنە شەڕکەرەکاندا دابەشبن و وەک هێزێکی سەربەخۆ یەکێتی خۆیان بپارستایە.
بەڵام ئایا ئەو ڕێکخراوە خوێندکاریانەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا ئامادەن دەرەنجامی کۆبوونەوەی کۆمەڵێک تاکەکەسی سەربەخۆ و ڕەخنەیین کە کاری سەربەخۆ ئەنجامدەن بۆ بەرپاکردن یان ڕێگرتن لە بەرپابوونی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی تایبەت؟
بە داخەوە لە کوردستانی ئەمڕۆدا بزوتنەوەیەکی خوێندکاری نادۆزینەوە هەڵگری ئەو کاراکتەرە تایبەتانە بێت، ئەو ڕێکخراوە خوێندکارییانەش کە هەن دەرنجامی کاری پێکەوەیی کۆمەڵێک کەس و دەزگا و ڕێکخراوی سەربەخۆ نین، هەڵگری ووشیارییەکی ڕەخنەیی و تایبەت نین بەرامبەر بەو ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کولتووورییەی تێیدا دەژین، لە سێبەری حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا دروستبوون و لە سێبەری ئەواندا گەوەەبوون و لەسێبەری ئەونیشدا ئەژین. هەموو ئەمانەش وادەکات نەتوانن وەک بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ لەنێو مێژووی هاوچەرخی ئێمەدا ئامادەبن.
بۆئەوەی مەترسییەکانی ئەم پاشکۆییەتان زیاتر بۆ ڕوونبکەمەوە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ بەراوردکردنی شوێن و جێی خوێندکاران بە شوێن و جێی ئافرەتان لە کۆمەڵگای ئێمەدا. فامینیستێکی گەورەی فەرەنسی دەڵێت ئافرەت لە کۆمەڵگای پاتریارکیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە سەلماندنی هەقانیەتی ئەو وێنانەنەدا کە پیاو لەو کۆمەڵگایەدا دەیەوێت هەیبێت. ئافرەتان لەم کۆمەڵگایەدا هەم ئەو وێنانە بۆ خۆیان دروستدەکەن کە پیاو داوایاندەکات و لێیان ڕازییە،

هەم ئەو وێنانەی پیاویش پایەداردەکەن کە پیاو دەیەوێت هەیبێت. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ئافرەت نە زمانی تایبەت، نە مێژووی تایبەت، نە بوونێکی دەزگایی تایبەتیان هەیە کە بتوانن بەسەر یەکەوە بوونیکی کۆیی و سەربەخۆ بەخۆیان بدەن. ئەوان لەسێبەری زمان و سێبەری مێژوو و سێبەری بوونی پێکەوەیی پیاواندا دەژین.
ئەمرۆ بزوتنەوەی خوێندکاران لە کوردستاندا هەمان کاراکتەری هەیە، بەڵام لە پەیوەندیدا بە حیزبە سیاسییەکانەوە. ئەم بزوتنەوەیە نە زمان، نە مێژوو و نە بوونێکی دەستەیی سەربەخۆی نییە. وەکچۆن پیاو لە کۆمەڵگای پاتریارکیدا داوای ئەو وێنانەی پیاوەتی لە ئافرەت دەکات کە خۆی دەیەوێت، ئاواش حیزب داوای ئەو وێنە و ڕۆڵ و هەڵسوکەوتانە لە خوێندکاران دەکات کە خۆی دەیەوێت. وەکچۆن ئافرەتان لە کۆمەڵگای پاتریارکیدا خەریکی بەهێزکردنی پایەکانی کۆمەڵگای پاتریارکیین، ئاواش خوێندکاران لە کۆمەڵگای ئێمەدا خەریکی بەهێزکردنی پایەکانی دابەشبوونی حیزبی و بە حیزبیکردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورین.
هەموو ئەم مەسەلانە وادەکات بزوتنەوەی خوێندکاری لە کوردستاندا کۆمەڵێک ئەرک پشتگوێ بخات کە جێبەجێنەکردنیان لە زیانی خۆی و کۆمەڵگای کوردی و مێژووی هاوچەرخی ئێمەدابێت. یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم بزوتنەوەیە و هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە لە کوردستاندا بریتییە لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو پەیوەندییەی کە دەسەڵاتداران و کۆمەڵگای کوردی بەیەکەوە گرێدەدات. مادامەکی ناوەرۆکی بزوتنەوەی خوێندکاران ئەوەنییە کە دەسەڵات بگرنەدەست و حوکمبکەن، لەڕاستیدا هەر خودی ئەم خاڵەیە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە لە بزوتنەوە سیاسییەکانیان جیادەکاتەوە، بۆیە دەبێت کۆمەڵێک ئەرکی دی ببینن کە دەکەونە دەرەوەی ئەرکی حیزبە سیاسییەکانەوە. بزوتنەوەی خوێندکاری لە کوردستاندا دەبێت لە خەمی ئەوەدابێت نەهێڵێت دەسەڵاتداران لانیکەم لە ئاستی جیهانی خوێندکاراندا دەسەڵات خراپ بەکار بهێنن، یاسا پێشێلکەن، ڕێزی جیاوازی نەگرن و بە مافەکانی ئینسان سووکایەتی بکەن. دەبێت داوای پەیوەندی کراوە و دیموکراس بکات لەنێو پۆل و زانکۆ و گۆڕەپانی قوتابخانەدا و دوای ئەوانیش لە ناو کایە کۆمەڵایەتییە

جیاجیاکاندا. ئەگەر کاری حیزب هەوڵدانبێت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و حوکمکردن، کاری بزوتنەوەی قوتابیان بریتییە لە هەرچی زیاتر دۆزینەوەی فۆرمی نوێی ژیانی دیموکراسی، دروستکردنی فشار بۆسەر کۆمەڵگا و دەوڵەت و ئەخلاق و ئاین و هەوڵدان بۆ بەرپاکردنی گۆڕان و کرانەوەی زیاتر و هەمەلایەن لەو ناوەندانەدا.

پێموایە یەکێک لە مەرجە گرنگەکانی دروستبوون و گەورەبوونی بزوتنەوەی خوێندکاری ڕێککەوتنی باڵە جیاوازەکانی ناو ئەم بزوتنەوەیە لەسەر کۆمەڵێک داواکاری گشتی، بۆ نموونە داواکردنی هەرچی زیاتری فراونکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، داواکردنی ئازدی بۆ هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، داواکردنی زیادکردنی پانتاییەکانی دیموکراسیەت، فشارهێنان بۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی کراوە و ئاشکرا و یەکسان لەگەڵ کۆمەڵگادا، داواکردنی فراوانترکردنی پانتاییەکانی ئازادی لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەگژاچوونەوەی ناعەدالەتی کۆمەلایەتی و چاونەنوقاندن لە گوناهە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کولتوورییەکان لەبەر خاتری ئەم یان ئەو هێزی سیاسی. دەشێت لەسەر بنەمای ئەم داواکارییانە ئەنجامگیری بکەم و بڵێم هەموو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا ناچارە هەم شەڕێکی لیبرالیانە بکات هەم شەڕێکی مارکسیانە، یەکەمیان شەڕە بۆ ئازادییە تاکەکەسییەکان، دووهەمیان شەڕە بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی، یەکەمیان ڕووی لە کۆمەڵگا و ئاین و ئەو سیستمە ڕەمزییەیە کە تاکایەتی لە ئینسان دەسێنێتەوە، دووهەمیان ڕووی لە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە کە ڕازینین پانتاییەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی فراوانکەن. یەکەمیان بەگژاچوونەوەی پەلاماری تۆتالیتاریانەی کۆمەڵگایە بۆسەر تاکەکەس، دووهەمیان شەڕە لەبەرامبەر ڕۆحی مۆنۆپۆلخوازی دەسەڵاتی سیاسیدا. هەر بزوتنەوەییەکی کۆمەڵایەتی بخوازێت لە کوردستاندا کاریگەربێت دەبێت ڕۆژانە ئەم شەڕە دوولایەنییە بۆ ئازادی بکات. وەک دەبینن من باس لە خەبات و ململانێی ڕۆژانە و بەردەوام دەکەم، نەک شۆڕشێکی کوتوپڕ و یەکجارەکی لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی پرۆژەی ئازادی پرۆژەیەک نییە هەرگیز کۆتایی پێبێت، یەک شەڕ نییە و بۆ جارێک بیکەین و تەواو، شۆڕشێک نییە لە پڕ بەرپایکەین و دواتر بوەستین.

پرۆژەی ئازادی بریتییە لە بەرپاکردنی ملململانێییەکی بەردەوام لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە ڕۆژانە ئەگەری تەسککردنەوەی ئازادی دروستدەکات، بریتییە لە پەڕینەوەیەکی هەمیشەیی لە ئازادییەکەوە بەرەو ئازادییەکی دی، ڕانەوەستانە لە یەکێک لە وێستگەکانی ئازادیدا و ڕازینەبوونە بە تاقە پێناسێک لە پێناسەکانی ئازادی. بۆ گەیشتن بەم ئاستەش لە ئازادی، کە بێگومان تاقە ئاستێکە تێیدا ئازادی بتوانێت بژی، بزوتنەوەی خوێندکاران دەبێت لەسەر سێ ئاستی گرنگدا پانتایی ئازادی گەورەکات. یەکەمیان لە ئاستی پەیوەندی ناوەکی ئەم بزوتنەوەیە بە بەشە جیاجیاکانی خۆیەوە، دووهەمیان لە پەیوەندی ئەم بزوتنەوەیەدا بە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە و سێهەمیان لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگای کوردییەوە.

یەکێک لە ستراتیژەکانی ئەم بزوتنەوەیە دەبێت وازهێنانبێت لە دانانی پلان و بەرنامە و هەوڵدان بۆ گۆڕانی ڕیشەیی و گشتگیر و لەپڕ و یەکجاری، دەبێت بیرکردنەوەبێت لە چۆنیەتی بەرپاکردنی گۆڕانی بچووک و پارچەیی و لۆکاڵی، بەڵام بەردەوام و لەسەرخۆ و ڕۆژانە. ئەمەش مانای خۆڕزگارکردنی ئەم بزوتنەوەیە لەو کەلەپوورە ئایدیۆلۆژییەی کە داوای گۆڕانی یەکجاری و ڕیشەیی و سەرتاسەری دەکات کە زۆربەی ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕەکان لە وڵاتی ئێمەدا پڕوپاگەندەیان بۆکردوە، وەکچۆن مانای بەگژاچوونەوەیەکی بەردەوامیشە بۆ کۆی ئەو ئایدیۆلۆژیا و وێناکردنە کۆنەپارێزانەی کە ترسی هەرە گەورەیان بەرپابوونی گۆڕانکاری کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە. لێرەشدا ئەم بزوتنەوەیە دەبێت شەڕێکی دوولایەنی بکات، هەم دژ بە فیکرێک کە خوازیاری گۆڕانی ڕیشەیی و سەرتاسەرییە لە ململنێدابێت، هەم دژ بە فیکرێک کە نایەوێت هیچ بگۆڕێت.

ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە ئینسان تەنها لە ڕێگای تەماشاکردن و ناسین و ڕاڤەکردنی جیهانی کۆمەڵایەتییەوە دەزانێت خۆی کێیە، خودناسین پێویستی بە واقیعناسین هەیە و واقیعناسیش پێویستی بە فیکر هەیە. یەکێک لە کێشەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری لە کوردستاندا ئەوەیە کە بزوتنەوەیەکی بێ فیکرە، کە فیکریشی نەبوو نەشوووناسی دەبێت نە داخوازی تایبەت. گوناهی گەورەی ئەم بزوتنەوەیە لەوەدایە کە داواکاری تایبەت بەخۆی نییە و لە پاشکۆی حیزبەکاندا

خەریکی دووبارەکردنەوەی داواکارییەکانی ئەوانن. کاتی ئەوە هاتوە ئەم بزوتنەوانە بە سەربەخۆیی و لەدەرەوەی نەخشە حیزبەکاندا بەدوای هاوڕێ و دۆست و گروهی قوتابیاندا بگەڕێن، ڕا بگۆڕنەوە، مەسەلەی هاوبەش دروستبکەن و بیر لە کاری پێکەوەیی بکەنەوە و کولتوورێکی تایبەت بەخۆیان و تەمەن و چاوەڕوانییەکانیان بەرهەمبهێنن. وەکچۆن بزوتنەوەی کرێکاری لەسەدەی نۆزدهەمەوە خەریکی جیاکردنەوەی خۆیەتی لە بزوتنەوەی چینەکانی دیکە، ئاواش بزوتنەوەی خوێندکاران پێویستی بەم جیاکارییە هەیە. خۆشحاڵانە ئێمە لە ڕۆژگاری پەیوەندی ئەلەکترۆنیدا دەژین، ئەوەی ئەمرۆ لە پۆلێکی ناو زانکۆکانی کوردستاندا ڕوودەدات دەشێت دە دەقیقە دواتر بەهەموو جیهاندا بڵاوبێتەوە. بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی لای ئێمە دەبێت گرنگییەکی گەورە بەم لایەنە بدەن و کاری ڕاستەقینە بکەن بۆ دۆزینەوەی هاوڕێ و دۆست و ناسراو لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستاندا.

دەشێت هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە لەوەدا کوورتکەمەوە کە بڵێم بزوتنەوەی خوێندکارن پێویستی بە بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی «ووشیارییەکی بەرگریکەرە». ووشیارییەک هەوڵی خۆ جیاکردنەوە بدات لە گوتار و دید و وێناکردنە باڵادەستەکان، لەو ڕاستییە سادەیە تێبگات کە بزوتنەوەی خوێندکاری پێویستی بە جیکاردنەوەی ماڵی تایبەتی خۆی هەیە، بە خوێندکاران بڵێت کە قۆناغی مناڵی ئەم بزوتنەوەیە کۆتایی پێهاتوە و ئەمان ئەمرۆکە پێوسیتە ماڵی سەربەخۆی خۆیان هەبێت. ماڵێک جیاواز لە ماڵەکانی دیکە، ماڵێک پەنجەرەکانی بەسەر ئازادی و جیاوازی و فرەڕەنگیدا کرابێتەوە و دووربێت لە فەندەمێنتالیەتی ئاینی و فیکری و ئایدیۆلۆژییەوە. بێگومان بنیادنانی ئەم ماڵە ئاسان نییە، بەڵام مەرجی یەکەمی ئەم مەسەلەیە بڕیاردانی دەرچوونە لە ماڵی باوک، مەرجی دووهەمیان پەروەردەکردنی ووشیارییەکە کە لەدوی شوناسێکی تایبەت بگەڕێت، مەرجی سێهەمیان پەروەردەکردنی دیدێکی ڕەخنەیی و زانستییە کە توانای شیکردنەوە و خوێندنەوە و گۆڕانی جیهانی هەبێت.

پرسیار: هەڵبەتە کاریگەریی زانکۆ لەسەر کۆمەڵگا کاریگەرییەکی ئاشکرایە، بەڵام لە کوردستان ئەم کاریگەرییەی زانکۆ هەستپێناکردرێت، بۆ نموونە کەسێکی زانکۆ لە ڕەفتار و بیرکردنەوەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە بە بەراورد لەگەڵ کەسێکی دەرەوەی زانکۆدا. کاک مەریوان هۆکاری ئەم ڕۆڵە لاوازەی زانکۆ بۆچی دەگەڕێتەوە؟ چی پێویستە پێویستە بۆئەوەی زانکۆ لەو دۆخەی ئێستای دەربکەین و بە ڕۆڵە پۆزەتیڤەکەی خۆی هەڵبسێت؟

وەڵام: بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە با لە ئەزموونی خۆمەوە دەستپێبکەم. من ڕۆژگارێکی درێژ قوتابی بووم و لە چوار زانکۆی جیاوازدا خوێندومە، زانکۆی سلێمانی، زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، زانکۆی موستەنسرییە لە بەغدا و زانکۆی ئەمستردام لە هۆڵەندا. لە زانکۆی ئەمریکی لە لوبنان و لە زانکۆی دیمەشق لە سوریا بەشداری دەورەی تایبەتم کردوە. ئەوەی شوێنی سەرنجی من بووە ئەو جیاوازییە گەورەیەیە کە لەنێوان زانکۆی ئەمریکی لوبنان و زانکۆی ئەمستردام لە لایەکەوە و زانکۆکانی عێراق، بە زانکۆکانی کوردستانەوە، لە ئارادایە.

جارێ هەر لە شێوەی هەڵسوکەوتی خوێندکاران و مامۆستایان و جل وبەرگ و پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکارانەوە بیگرە تا دەگات بە بابەتی وانەکان و ئەو کتێبانەی دەخوێندرێن و ئەو زمانانەی قسەیان پێدەکرێت و ئەو کەش و هەوایەی لەناو پۆلەکانی خوێندندا ئامادیە و ئەو شێوازی وانەووتنەوەیەی لەئارادایە. لە زانکۆکانی عێراقدا خوێندکاران بەشێوەیەکی ترسناک دیسپلینکراون، پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا پەیوەندییەکە هیرارکیەت و جیاوازی دەسەڵات و نایەکسانی بەڕێوەیدەبات، شێوازی وانەگووتنەوە تەقلیدیەت پڕوکاندویەتی، ئەو کتێب و سەرچاوانەش کە دەخوێندرێنەوە سەر بەم ڕۆژگار و سەردەمە نین.

زانکۆکانی لای ئێمە ئەو ناوەندە زانستییە نین خوێندکار تێیدا فێری بیرکردنەوەی سەربەخۆ و عەقڵانی و ڕەخنەیی بێت، شوێنێک نین تێدا عەقڵیەتێکی میتۆدی پەروەردەبێت، ناوەندێک نییە بۆ ئاشنابوون بە فیکر و مەعریفەی هاوچەرخ، پانتاییەکی کۆمەڵایەتی نوێ نین تێدا پەیوەندی دیموکراسییانە لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان و نێر و مێدا بەرهەمبهێنێت،

مۆدێلێکی جیاوازی گوێگرتن و پێکەوەبوون و عەدالەت بە کۆمەڵگا نیشاننادات، ئەو وانانەی دەگوترێتەوە و ئەو کتێبانەی دەخوێندرێن پەیوەندیان نە بەو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییانەوە هەیە کە کۆمەڵگای ئێمە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، نە بەو کێشانەوە کە ناوچەکەی ئێمەی تێدا دەژی، نە بەو جیهانە دەرەکییەشەوە کە ئەمڕۆ هەموومان کەوتوینەتە ناوییەوە.. کاری زانکۆکانی ئێمە ناسینی جیهانی کورد و جیهانی دراوسێکانمان و جیهانی ئەمڕۆکەی دەرەوەی کوردستان نییە، ئەسڵەن ئەم زانکۆیانە نە میتۆدی ناسینی ئەم جیهانەیان هەیە، نە کتێب و مەعریفەی پێویست، نە ئامادەگی ئەم ناسینە و نە ئەو کادرە زانستییانەش کە توانای ئەم ناسینەیان هەبێت. ئایا چەند کۆرسی زانستیمان لە زانکۆکانی کوردستاندا لەسەر شەڕی ناوخۆ هەیە؟ چەند کۆرسمان لەسەر کێشەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی هەیە؟ چیمان لەسەر سۆسیۆلۆژیای ئاین و پەیوەندی نێوان توندڕەوەی ئاینی و توندڕەوی سیاسی و توندڕەوی کولتووری هەیە؟ ئایا لە هەموو زانکۆکانی کوردستاندا چەند کۆرسمان لەسەر مەسەلەی هاوڵاتی و کێشەکانی بە هاوڵاتیبوون لە کۆمەڵگایەکی فرە ئەتنی و فرە زمان و فرە ئایندا هەیە؟ ئایا زانکۆکانی ئێمە چ کۆرسێکیان لەسەر ناسینی دەوڵەتەکانی دراوسێمان هەیە، چی لەسەر تورکیا و چی لەسەر ئێران و چی لەسەر سوریا و چی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆکانی ئێمەدا دەگوترێتەوە؟ ئایا زانکۆکانی ئێمە کۆرسی تایبەتیان لەسەر بەعس هەیە، بەعس وەک کولتوور، وەک ئەخلاق، وەک ئابووری، وەک شێوازێکی تایبەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و دەوڵەت؟ تا چەندە لێکۆڵینەوەی کێشەکانی ئافرەت گرنگیان پێدراوە، لە کوێدا باس لە جنس دەکرێت وەک بەشێک لە کولتوور و ئەخلاق و مۆراڵی کۆمەڵایەتی؟ لە کاتێکدا کۆمەڵگای ئێمە ئاین خواردویەتی چی لە زانکۆکانی ئێمەدا لەسەر سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و فەلسەفەی ئاین دەگوترێتەوە؟ کوان ئەو کتێبانەی زانکۆکان لە دە ساڵی ڕابووردودا لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگای کوردی نووسیبێتیان؟ کوان ئەو کتێبانەی لەسەر ئابووری کوردستان، لەسەر کۆمەڵگای کوردی، لەسەر خەیاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەسەر فەلسەفە و هونەر، لەسەر ئەدەب و سیاسەت، لەسەر سایکۆلۆژیا و مێژوو نووسرابن. بێگومان من لێرەدا باسی کتێبێک دەکەم کە بەهای زانستی و فیکری و

فەلسەفی و میتۆدی هەبێت، کتێبێک بکرێت لەسەریەوە سیاسەت دارِێژرێت، بە شێوەیەکی دیکە بیر لە کۆمەڵگا بکاتەوە، دەروازەیەکی دیکە بۆ ڕووانین و چارەسەرکردن نیشانبدات؟

زانکۆکانی ئێمە نووقمن لەناو کولتووری بەعسییانەی وێناکردن و مامەڵەکردنی زانکۆدا، لەزۆر ڕووەوە هەمان ئەو لۆژیکەی تێدا سەروەرە کە بەعس لە هەموو کونوقوژبنێکی کۆمەڵگای عێراقیدا بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی ووشیارییەکی ڕەخنەیی و مرۆڤی سەربەخۆ و ئیرادەیەکی مەعریفی پرسیارکەر و مرۆڤی پشکنەر و هاووڵاتی عەقڵانی، پیادەی کردبوو.

من کە دوو ساڵێک لەمەوبەر گەڕامەوە بۆ کوردستان ئەو کات یەکێک لە ناسراوەکانی خۆم لە زانکۆی هەولێر زانستی سیاسی دەخوێند، واتە هەمان ئەو خوێندنەی دەخوێند کە من لە زانکۆی ئەمستردام خوێندوومە. کە سەرنجێکی خێرام لە هەندێک لەو بابەتانە دا کە ئەو خوێندکارە سەرقاڵیان بوو تووشی سەرسوڕهێنانێکی گەورەهاتم. ئەو خوێندکارە خەریکی خوێندنەوەی هەندێک نووسین بوو کە لە فۆرمی مەلزەمەی بچووکدا چاپکرابوو، مەلزمەکانیش هەندێک مامۆستای عەرەبی عێراقی لە سەرەتای هەفتاکاندا نووسیویانە و لە دیدی دوو جەمسەریی جەنگی ساردەوە لە جیهان و سیاسەتکردن ئەدوا، زۆربەی ئەو سەرچاوانەش کە بۆ نووسینی ئەو نووسیانە بەکارهاتبوون هی ساڵانی شەست و سەرەتای هەفتا بوون. ئەمە لەکاتێکدا زیاد لە دەساڵە جیهانی دوو جەمسەری بوونی نەماوە و بەشێکی زۆری ئەو زانیارییانەی لەو دیدەوە لەسەر جیهان لە بەردەستدان فڕێدراونەتە تەنەکەی خۆڵەکەوە.

وەک ووتم من ساڵی ١٩٩٧ زانستی سیاسیم لە زانکۆی ئەمستردام تەواوکرد، لەو ساڵەوە تا ئێستا کۆی ئەو کتێبانەی من لەو زانکۆیەدا خوێندبووم گۆڕاون، ئەوەی ئەوکات من دەمخوێند ئێستا کۆنە و جێیان بە کۆمەڵێک کتێبی نوێ گیراوەتەوە. لەهەر کایەیەکی زانستیدا ڕۆژانە دەیان کتێبی نوێ دەردەچێت، ئاگادارنەبوون لەم لێشاوە گەورەیەی بەرهەمهێنانی فیکری و زانستی، ئاگادارنەبوونە لە جیهان و مەعریفە و فیکری هاوچەرخ. هەر مامۆستا و قوتابییەک بخوازێت بەردەوامبێت دەبێت بە بەردەوامی ئاگاداری بەشێکی

گرنگی ئەو کتێب و نووسین و زانیارییە نوێیانەبێت کە گۆشەنیگا و دیدی میتۆدی و زانیاری نوێ بە ئینسان دەبەخشن. ناکرێت مامۆستای زانکۆبێت و زمانێک یان چەند زمانێکی ڕۆژئاوایی بەباشی نەزانێت، ئەمڕۆ بەشێکی زۆری زانیاری لە ڕۆژئاوادا بەرهەمدێت، باشترینی ئەو کتێبانەی لەسەر کورد، عەرەب، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیسلام، ئوسولیەت، جیهانگیری و بابەتی دیکەش نووسراون بە زمانە ئەوروپییەکان نووسراون. گیرسانەوە بە زمانی عەرەبی و فارسییەوە بۆ خوێندکار و مامۆستای زانکۆ کوشندەیە. بێگومان من ناڵێم ئەم زمانانە گرنگ نین، من دەڵێم بەس نین. لای ئێمە تەنانەت ئەو کتێبە گرنگانەش کە بەم دوو زمانە نووسراون، واتە بە فارسی و بە عەرەبی، ئامادە نین و بەشێک نین لە مەنهەجی خوێندن.

باوەڕم پێبکەن ئەوەی لە ساڵێکدا لە زانکۆکانی ئێمەدا دەخوێندرێت لە دوو وانەدا لە زانکۆکانی ئەورووپادا دەخوێندرێت. من خۆم کە لە زانکۆی سلێمانی و هەولێر قوتابی بووم و وانەم خوێندوە زۆرجار لە ماوەی شەش مانگدا پەنجا لاپەڕەم نەخوێندوە، نەک پێویستی نەکردوە کتێبێک بخوێنینەوە، بەڵکو مامۆستاکە چەند لاپەڕەیەکی نووسراوی بەدەستەوە دەگرت ودەیخوێندەوە ئێمەش بە پەلە دەماننوسسیەوە، هەموو ساڵێکیش هەمان ئەو لاپەڕانەی بۆ قوتابییەکانی دوای ئێمە دەخوێندەوە. شێوازی وانە گوتنەوەکە زیاتر لە ئیملاکردن دەچوو، نەک لێکدانەوە و پرسیار و گفتوگۆ و ڕاپرسین و بیرکردنەوە. بەرامبەر بەم دۆخە کۆمیدییە دۆخێکی دی لە زانکۆ ڕۆژئاواییەکاندا ئامادەیە، خوێندکارێکی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئەمستردام لەماوەی کۆرسێکی سێ مانگیدا ناچارە دوو تا سێ هەزار لاپەڕەی جیاواز لەسەر ئەو بابەتانە بخوێنتەوە کە پێوەیان خەریکە. دەبێت بەردەوام خۆشی بەرهەمهێنبێت و بتوانێت لەسەر ئەو بابەتانە بنووسێت کە لە زانکۆدا بنەما میتۆدییەکانی فێردەبێت. بۆ نموونە من لە کۆرسێکی سێ مانگیدا دوو بابەتم وەرگرتبوو، یەکێکیان مێژووی ناسیۆنالیزم بوو ئەویدیکەیان دیموکراسیەت و نەزمی جیهانی. بۆ هەر یەکێک لەم دوو بابەتە دەبوایە چوار کتێب بخوێنمەوە، بەسەر یەکەوە هەشت کتێب کە ژمارەی لاپەڕەکانیان لە دوو هەزار لاپەڕە زیاتربوو، بۆدەرچوونیش لە کۆرسەکەدا دەبوایە کتێبەکان کوورتبکەمەوە و خاڵە گرنگەکانی هەر یەکێکیان

دەستنیشانکەم و ئەو جیاوازییانەش نیشاندەم کە لە نێوان بۆچوونی هەر یەکێک لەو نووسەرانەدا هەیە.

بۆ خوێندن لە هەر زانکۆیەکی ئەورووپیدا ناچاریت زیاد لە زمانێکی ئەورووپی بزانیت، ئەوەی ئەمانە نەزانێت ناتوانێت لە زانکۆ بخوێنێت. من جاری پێشوو کە گەڕامەوە بۆ کوردستان کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆم بینی لە کوردی بەولاوە هیچ زمانێکی دیکەیان بە باشی نەدەزانی. بۆ بەدبەختیش کوردی زمانێک نییە شتی تازەت دەربارەی جیهان فێرکات، زمانێک نییە بە گەروی زانست و فیکر و میتۆد قسەبکات.

هەموو ئەم نووقسانیانە وادەکات زانکۆ لای ئێمە زیاتر دیکۆرێکی مەعریفی بێت نەک دەزگایەکی مەعریفی. لەنێوان دیکۆر و واقیعیشدا مەسافەیەکی فیکری و مەعریفی و ئەخلاقی هەیە کە پڕکردنەوەیان پێویستی بە ووشیاربوون هەیە بە سنوور و توانای جیابکردنەوەی دیکۆر لە واقیع، ووشیارییەک کە دواجار پەڕینەوە لە دیکۆرەوە بۆ واقیع فەراهامکات. تا ئێمە جیهانی خۆمان وەک دیکۆر مامەڵەکەین و ئامادەنەبین دابەزینە سەر زەمینی واقیع، ئەوکات ڕەفتار و بۆچوون و هەڵسوکەوتێک بەرهەمدەهێنین کە دیکۆرکاری بەڕێوەی دەبات، نەک تێگەیشتنێکی قووڵ لە جیهان. ئەوکات زانکۆی تازەمان وەک دیکۆر هەیە، بەڵام ئەو جیهانەی کە تێیدا ئامادەیە شتێک لەمدیوی مزگەوتەوەیە، مامۆستامان هەیە بە گەورەترین لەقەبەوە، زۆرجار لە ولاتێکی کۆمۆنیستییەوە، بەڵام لەڕووی فیکرییەوە هێشتا لەسەدەی نۆزدەهەمدا دەژی.

ڕەفتار و بیرکردنەوەی ئینسان وابەستەی ئەو دیدەیە کە ئینسان بۆ خۆی و جیهان و کۆمەڵگای هەیە، دیدیش کاتێک هاوچەرخ و زیندوو چالاک دەبێت کە هەڵگری مەعریفەیەکی هاوچەرخ و چالاک و زیندووبێت. کە ئەمانەت نەبوو ناتوانیت دیدی هاوچەرخت هەبێت، ناتوانیت بوونەوەرێکی نوێ بیت و ناتوانیت خەیاڵ و مەعریفە و عەقڵانیەتێکی نوێ بەرهەمبهێنیت. کە ئەمانەشت نەبوو دەکرێت تۆ لەنێو نوێترین دیکۆری سەر ئەم ئەستێرەیەدا ئامادەبیت بەڵام واقیعی ڕاستەقینەت واقیعێکی کۆنەپارێز و تەقلیدی و بەسەرچووی چەند سەدەیەک لەمەوبەرە.

ئەوەی لە کوردستاندا کۆی ئەم کێشانە قووڵتر و نالەبارتر دەکاتەوە پەیوەندی نێوان زانکۆکان و حیزبەکانی کوردستانە. ئەم پەیوەندییە بەشێوەیەکە وایکردوە زانکۆ زیاتر لە بارەگایەکی حیزبی بچێت، نەک ناوەندێک بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری. ئەوەشمان لە بیرنەچێت حیزبەکانی ئێمە بۆ ئیشکردن لەسەر کۆمەڵگا و ئینسان و جیهان پێویستیان بە زانیاری نییە، بڕیاری سیاسی کوردی بڕیارێک نییە پشتی بە بوونی مەعریفە بەستبێت، بۆیە لە هەموو کوردستاندا دەزگایەک نییە زانیاری ڕاستەقینە بەربەهێنێت لەسەر هەر بابەتێک کە پێویستیی بە دەرکردنی بڕیاری سیاسی بێت. ئەم دابڕانەی نێوان سیاسەت و مەعریفەیە وادەکات ئەو دەزگایانەی کە هەمانە نەبنە دەزگای بەرهەمهێنانی فیکری، بەڵکو ببنە دەزگای پاراستنی ناو و قازانج و دەسەڵاتی حیزبەکان. هەموو ئەمانە وادەکات حیزب لە هەوڵی ئەوەدا نەبێت زانکۆ بکاتە ناوەندێک بۆ زانیاری، ئەگەر دڵڕەقانەتر بدوێم دەتوانم بڵێم مەعریفە و زانیاری ڕاستەقینە تا ڕادەیەکی دیاریکراو بارن بەسەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و ئەو میکانیزمانەوە کە بڕیری سیاسی دەردەکەن.
بە کورتی بەشێکی زۆری ئەو شتانەی کە زانکۆیەک دەکەنە دەزگایەکی مۆدێرن و شوێنی فیکر و بیرکردنەوە و ئاکار و ڕەفتاری نوێ لە زانکۆکانی ئێمەدا ئامادەنین، یان هێجگار بچووکن و بوونیان لە نووزەیەکی لاواز تێپەڕناکات. هەر ئەمەشە وایکردوە زانکۆکانی ئێمە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ دەزگا تەقلیدییەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێمەدا نەبێت.

## دەربارەی ئەدەب و ڕەخنە و ئیلتیزام

«ئێمە گەلێکین تا ئێستا ڕەخنەگرەکانمان جوانییان بۆ پێناس نەکردوین، تا ئێستا جوانی نەبۆتە بەهایەکی سەربەخۆ لە پەیوەندیی خوێنەردا بە تێکستەکانەوە، ئێمە هەمیشە جوانییمان بەستۆتەوە بە کایەکانی دەرەوەی جوانی خۆیەوە، بە سیاسەتەوە، بە ئەخلاقەوە، بە ئایدیۆلۆژیا و بە ئاینەوە. جوانی وەک جوانی، جوانی وەک جۆرێک لە خیبرەی تایبەت، وەک بەهایەکی سەربەخۆ ئامادەنییە، ڕەخنەی کوردی ئەوەتەی هەیە ڕێ لەهاتنەکایەی ئەم ڕەهەندە گرنگەی ئەزموونی ئینسانی ئێمە لە پەیوەندیدا بە تێکست و کارە هونەرییەکانەوە، دەگرێت»

چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری سەردەم
هاوینی ٢٠٠١
ئەمستردام

پرسیار: دەقی ڕەخنەیی خوێندنەوە و تێگەیشتن و دواندنی هێما و ئاماژەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکەیە، کەچی لای ئێمە ڕەخنە ئەوەندە دەپەرژێتە سەر کەسایەتی نوسەر ئەوەندە گرنگی بە کەسایەتی دەق نادات، ئەم دوو ئاراستەیە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

وەڵام: لەنێوان گرنگی دان بە تێکست و گرنگیدان بە نووسەری تێکستدا دوو تێڕوانینی جیاواز نەک تەنها بۆ مەسەلەی پەیوەندی نێوان ڕەخنەگر و تێکست ئامادەیە، بەڵکو دوو دیدی جیاوازیش بۆ پەیوەندی نێوان ئینسان و هەقیقەتیش لە ئارادایە. بەشێوەیەکی گشتی بنەما فەلسەفییەکانی گرنگیدان بە تێکست لەوێوە سەرچاوەدەگرێت کە هەقیقەت بەرەنجامی کۆمەڵێک پەیوەندیی هەمەلایەنە و خۆشی فرە ڕەهەندە و لەناو تێکستیشدا لەباتی هەقیقەتێک چەندەها هەقیقەت ئامادەن کە دۆزینەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنیان وابەستەی دیدی خوێنەری تێکست و ئەو دەزگا چەمکی و بنەما میتۆدی و خەیاڵە ئیستاتیکییەیە کە هەڵگریەتی. لەکاتێکدا لە پشتی گرنگیدان بە نووسەرەوە کەلەپورێکی فەلسەفی ئامادەیە کە «خود، واتە زات» وەک خولقێنەر و داهێنەر و سەپێنەری هەقیقەت دەناسێنێت. بە مانایەکی دیکە گرنگیدان بە تێکست لە ڕووی فەلسەفییەوە گرنگیدانە بە شێوازێکی کراوە و دانەخراوی خوێندنەوە کە تێیدا زیاد لە ئەگەر و زیاد لە ئاراستەیەک بۆ بەرهەمهێنانی مانا و مەبەست و دەلالەت لە ئارادایە و هەموو ئەو دەلالەت و مانا و مەبەستانەش لەناو تێکستەکان خۆیاندا ئامادەن و دۆزینەوەیان وابەستەی جۆری ئەو پەیوەندییەیە کە خوێنەر لەگەڵ ئەو تێکستانەدا دروستیدەکات، لەکاتێکدا گرنگیدان بە نووسەر گرنگیدانە بە گەڕان بەدوای ئەو تاقە هەقیقەت و مەبەست و دەلالەتەدا کە نووسەری تێکستەکە دروستکەر و خولقێنەر و داهێنەریەتی و تێکەستەکەش لەدەرەوەی ئەو مەبەست و دەلالەت و هەقیقەتەدا هەڵگری هیچ شتێکی دیکە نییە.

لەڕاستیدا ئیشکالیەتی فەلسەفی پشتی ئەم دوو تێڕوانینە جیاوازە بۆ تێکست هەمان ئەو ئیشکالیەتە فەلسەفییە گەورەیەیە کە لەنێوان فەلسەفەی زات و فەلسەفەی دژ بە زات یان فەلسەفەی دەرەوەی زاتدا ئامادەیە. لە یەکەمیاندا فیکری فەلسەفیی گریمانی ئەوە ئەکات کە گوایە زاتێکی هەمووشت زان و

خاوەن هەقیقەت و دەستنیشانکەر ئامادەیە و لە مەوقێعێکی خوداییانەوە ئاگاداری هەموو ڕاستی و مەبەست و ماناکانە. لەکاتێکدا فەلسەفەکانی دەرەوەی زات لەکۆی ئەو پەیوەندییانەوە دەستپێدەکەن کە زات خۆشی وەک شتەکانی دیکە دەکەوێتە ناویانەوە و وەک ئەوانیش هەم دادەهێنرێ و هەم لەدیدی جیاوازەوە مانای جیاواز و دەلالەتی جیاواز و فۆرمی جیاواز دەگرێتەخۆی. دەشێت جیاوازی نێوان ئەم دوو دیدە وەک جیاوازی نێوان دیکارت و فۆکۆ ببینین. لای دیکارت خود دەبێتە سەرچاوەی هەموو مانا و دەلالەت و مەبەستەکان، لەکاتێکدا لای فۆکۆ خود خۆشی یەکێکە لەو ڕەگەزە زۆرانەی لەناو گوتار و پەیوەندییە فرەلایەنەکانی نێوانی دەسەڵات و مەعریفەدا ئامادیە.
بەڵام لە ڕۆشنبیری ئێمەدا پشتگوێخستنی تێکست وەک بوونێکی سەربەخۆ و گرنگیدان بە نووسەر وەک بوونەوەرێکی خودائاسا، بەدەر لەو سەرەتا فەلسەفییەی باسمانکرد، بەشێکە لە ئیشکالیەتێکی سیاسی دیاریکراو کە لە زۆربەی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیە لەوانەش کایەی ئەدەب و کایەی ڕەخنەی ئەدەبیش. مەبەستم لەو ئیشکالیەتەش ئیشکالیەتی چۆنیەتی بەرهەمهێنان و ڕێکخستن و دابەشکردنی فۆرمە جیاوزەکانی دەسەڵاتە. کاتێک ڕەخنە نووسەری تێکست دەکاتە یەکەمین و دواهەمین دەروازەیەک بۆ قسەکردن لەسەر جیهانی ناوەکی تێکستەکان و کاتێک مانا و مەبەست و دەلالەتەکانی نووسەر دەکرێنە تاقە مانا و مەبەست و دەلالەتێک کە تێکستەکان هەڵگریانن، ئیدی ڕەخنە هیچیدی ناکات جگە لەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی نووسەر و لەدەستی ئەو تاقە ڕەخنەگرەدا کۆکاتەوە کە گوایە مەبەستە «ڕاستەقینەکان !!» ی نووسەرمان بۆ ئاشکرادەکات. لێرەوە تێڕامانی ڕەخنە لە نووسەر دەچێتە شوێنی تێڕامانی ڕەخنە لە تێکست، بەمکارەش ڕەخنە دەخوازێت ئەو دەسەڵاتەی بۆ دەستنیشانکردنی مانای تێکستەکان بە نووسەر ئەدرێت ڕاستەوخۆ بە خودی ئەو ڕەخنەگرەش بدرێت کە مەبەستی نووسەری تێکستەکان شیدەکاتەوە. بەم مانایەش هەم نووسەری تێکست و هەم ڕەخنەگر لەناو یەک ستراتیژیی تایبەتی دەسەڵاتدا کاردەکەن کە لەسەر پاوانکردنی مانا و هەقیقەت کاردەکات. ئەم ستراتیژە ڕەخنەییە تایبەتەش لە دوو فۆرمدا بەرجەستەدەبێت، یەکەمیان بریتییە لە ستایشکردنێکی گەورەی نووسەر چونکە

مەبەستەکانی لەگەڵ مەبەستەکانی ڕەخنەگردا یەکانگیرن، دووهەمیان بریتییە لە نەفرەتکلێکردنێکی بێئامانی نووسەر چونکە هەڵگری کۆمەڵێک مەبەستە ناکۆک بە مەبەستی ڕەخنەگرەکە.

لە دنیای ئێمەدا ئەم گرنگیدانە بە نووسەری تێکست، لەزۆر ڕووەوە، درێژکراوەی ئەو سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەیە کە لەسەر کاریزما و سیستمە دەلالییەکانی کاریزما دروستبووە. گرنگیدان بە نووسەر و فەرامۆشکردنی تێکست لەقووڵاییدا گواستنەوەی پێدراوە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و فیکرییەکانی سیستمی پاتریارکییەتە بۆ ناو کایەی تەماشاکردنی ئەدەب و هونەر و داهێنان و کایەی دەستنیشانکردنی ئەو پەیوەندییانەش کە خوێنەر و ڕەخنەگر بە تێکست و خاون تێکستەوە گرێدەدەن. وەکچۆن لە سیاسەتدا سەرۆکی کاریزمی لە شوێنی کۆمەڵگا ئەدوێت، لە ماڵدا باوک لەباتی هەموو خێزان دەدوێت و لە مەجلیسیکێشدا پیاوێک لەباتی هەموو ژنان ئەدوێت، ئاواش نووسەری تێکست و دوای ئەویش ستایشکەر، یاخود نەفرەتکەرەکەی، مەبەستم لە ڕەخنەگرە، لەباتی تێکست و خوێنەر و هەموو هەوڵێکی ئازادانەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی تێکستەکان ئەدوێن. بەبۆچوونی من لەپشتی گرنگیدانەوە بە نووسەری تێکست لە کایەی ئەدەبیی ئێمەدا ئەم ئیشکالیەتە تایبەتەی دەسەڵات ئامادەیە، نەک کردنی نووسەر بە دەروازەیەکی میتۆدی بۆ خوێندنەوەی تێکست و دۆزینەوەی مانا و ئاشکراکردنی دەلالەتەکانی ناو تێکست لە پەیوەندیدا بە ووردەکارییە گرنگەکانی ژیانی نووسەر خۆیەوە. من تا ئێستا بە کوردیی نووسینێکی قووڵی ڕەخنەییم نەخوێندۆتەوە کە  تێیدا داهێنەرانە تێکستێکی ئەدەبی، یان ئەزموونێکی ئیستاتیکی دیاریکراو، بەشێوەیەکی میتۆدی، بە کەسایەتی نووسەرەکەیەوە گرێدابێت. ئێمە شەڕە جنێو و قسەی ناشیرین و چەپڵە و مەدحی بێمانامان هەیە و ئەمەشمان ناو ناوە خوێندنەوەی تێکست لەڕێگای خوێندنەوەی نووسەرەکەیەوە.

بێگومان گرنگیدان بە نووسەر بۆ تێگەیشتن لە تێکست هەمیشە دەسپێکێکی نادروست وکەم مانا و خراپ نییە و ناکرێت لەڕووی میتۆدییەوە خەتێکی ڕاست و چەپی بەسەردا بهێنین، دەشێت ژیان و بەها و بۆچووونی تایبەتی نووسەرێک دەروازەیەکی گونجاوبێت بۆ ڕووناککردنەوەی جیهانی ناوەوەی تێکستەکانی،

بەڵام کورتکردنەوەی ماناکانی تێکست و جیهانە دەلالییە ناوەکییەکەی بۆ ڕا و مەبەستو بەها تایبەتەکانی نووسەر خۆی و گرێدانەوەی دنیای خەیاڵیی نێو تێکستێکی ئەدەبی بە ژیان و بیۆگرافیا و مەبەستەکانی نووسەر خۆیەوە، دیدێکی کوورتبینە بۆ تێکست. دەشێت گرنگیدان بە نووسەر خۆی وەک بەشێک لە خوێندنەوەی تێکست بەشێک لە نهێنییەکانی تێکستمان بۆ دەرخات. هەندێک تێکستیش هەن بۆ خوێندنەوەیان ناچارین بۆ ژیانی تایبەت و مەبەستی نووسەرەکەی بگەڕێینەوە، لەکاتێکدا تێکستی دیکە هەن ئەم داواکارییەمان لێناکەن. بۆ نموونە بۆ خوێندنەوەی ئەدەبی هێمنگوای و مارکیز و عبدولڕحمن مونیف پێویستی ئەوتۆمان بە ناسینی ژیانی تاکەکەسیی ئەو نووسەرانە نییە، یاخود ژیانی تایبەتی ئەوان ئەو گرنگییەیان نییە بۆ ناسینی جیهانی ناوەوەی دەقەکانیان. بەڵام بۆ خوێندنەوەی شیعری ڕامبۆ و شانۆگەرییەکانی ژان ژینێە و شیعرەکانی محەمەد عومەر عوسمان و جیهانی مەحمود دەروێش ناسینی وردی ژیانی نووسەرەکان زۆر نهێنی ناو تێکستە ئەدەبییەکانمان بۆ ڕووندەکەنەوە. لێرەوە دەشێت ناسینی ژیانی تایبەتی نووسەر و زانینی ڕاو بۆچوون و بەهاکانی ببنە دەروازەیەکی هێجگار گرنگ بۆ چوونە ناو ماڵە تاریکەکانی تێکستی ئەدەبییەوە و خودی نووسەر خۆی ببێتە شەوقی ئەو چرا میتۆدییەی کە یارمەتی دیتن و خوێندنەوە و تێگەیشتنی هێما و مانا و ئاماژەکانی ناو ئەو ماڵە ئەدەبییەمان بدات. کەوابوو مەرجنییە هەمیشە یەکێک لەم دوو دیدە جیاوازە بۆ تەماشاکردن و خوێندنەوەی تێکست یەکتری نەفیکەن و پێمانوابێت کە نووسەرمان خوێندەوە مانای ئەوەیە تێکستمان نەخوێندۆتەوە، یان کە تێکستمان خوێندەوە مانای ئەوەیە نابێت نووسەر بخوێنینەوە. ئەم ئیشکالیەتە دوالیستییە کێشەی زیهنێکە نەتوانێت لەدەرەوەی ڕەش و سپی و باش و خراپ و ڕاست و هەڵەدا بیربکاتەوە. ئەمەش بۆخۆی بەردەوامی ئەو دوالیزمە ئاینییەیە کە لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە تائێستاش لە زەینی زۆربەی ڕۆشنبیران و ڕەخنەگرە ئایدیۆلۆژیستەکانی ئێمەدا ئامادەیە.

فرۆید یەکێکە لەو بیریارە گرنگانەی کە تێزی گرنگیدان بە نووسەر دەگەیەنێتە چڵەپۆپەی، لای فرۆید تێکستی ئەدەبی بەرهەمی سایکۆلۆژیای نووسەرەکەیەتی و دەربڕی ئەو ئارەزو و گرێ و کێشە سایکۆلۆژیانەیە کە نووسەری تێکستەکە

هەڵگریانە. بەر لە فرۆیدیش ڕۆمانسیەت ڕۆڵێکی گەورە لە دانان و کردنی نووسەردا بە سێنتەری داهێنانە ئەدەبییەکاندا دەبینێت. لای ڕۆمانسییەکان نووسین بەرهەمی ئازار و سووتان و بیرکردنەوەی ڕۆحێکی تاکەکەسی تەنیا و ڕامێنەر و ئازارچێژە. نووسەریش ئەو کەسەیە کە ڕۆحی پڕە لە حیکایەتی ژان و خەم و پەژارەی ژیانێکی سەخت و پڕ زەحمەتی و پڕ پرسیار. لێرەوە ڕۆمانسییەت کەلەپوورێکی ڕەخنەیی دێنێتەکایەوە کە تێیدا ڕەخنەگرە ڕۆمانسییەکان لەباتی گرنگیدان بەوەی لەسەر کاغەز دەنوسرێ و وەک تێکست ئامادەیە، زیاتر سەرقاڵی ئەوەبن چۆن بچنە ناو سەری نووسەری تێکستەکانەوە و لەوێدا بەدوای ئەو پاڵنەرە سایکۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتییانەدا بگەڕێن کە تێکستەکانی بەرهەمهێناوە. لە جیهانی نووسراوی سەر کاغەزی تێکستەکانەوە بۆ ناو سەری نووسەر، ئەمە ئەو دیدەیە کە ڕۆمانسییەت بۆ ڕەخنە و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی هەیە.

بەڵام ئەو میتۆدانەش کە لەبری گرنگیدا بە نووسەر گرنگی بە تێکست ئەدەن سەر بەیەک قوتابخانەی ڕەخنەیی نین و هەڵگری یەک میتۆدی خوێندنەوە نین. لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا بەردەوام زیاد لە میتۆدێک بۆ خوێندنەوەی تێکست و ئاشکراکردنی دەلالەت و مانا و نهێنییەکانی ناو تێکست ئامادەبووە. ئەم میتۆدانەش هەندێکجار تا ئاستی ناکۆکبوونی تەواو بەیەک ناکۆکن، ئەم میتۆدانە لە گرنگیدانیاندا بەخوێندنەوەی تێکست تەماشای شوێن و جێ و سەرزەمینی جیاوازی ناو تێکستەکان دەکەن. هێرمۆنێتیک، بونیادگەری، تەفکیکیەت، لینگویستیک، ڕەخنەی خوێنەر هتد... هەموویان گرنگی بە خوێندنەوەی تێکست ئەدەن، بەڵام هەریەکێکیان هەڵگری ئامرازی تایبەتی تەماشاکردن و خوێندنەوە و مامەڵەکردنی تێکستەکانە. وەکچۆن ئەو میتۆدانەش کە گرنگی بە نووسەر دەدەن دیسانەوە لەناو خۆیاندا جیاوازن، شیکردنەوەی دەرونی، کە دەق وەک ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆژیای نووسەر دەبینێت، شتێکمان لەسەر نووسەر پێدەڵێت تەواو جیاواز لە میتۆدی مارکسییانە کە نووسەر وەک ئەندامی چینێکی کۆمەڵایەتی و تێکستەکەی وەک تەعبیر لە جیهانبینی چینێک لە چینەکان وێنادەکات.

بێگومان تێکستی بێنووسەر بوونی نییە، هەموو تێکستێک بۆئەوەی لەدایکبێت

پێویستی بە نووسەرێک هەیە هەڵسێ و قەڵەم و کاغەز بێنێت و دەستبکات بە نووسین. ئەم نووسەرە کەسێکە کە بە کردە فیزییایەکانی نوسین هەڵدەستێت، ووشە و ڕستە و پەرەگراف و خاڵ و فاریزە و ڕەشێتی و سپێتی سەر کاغەزەکان ڕێکدەخات. بەڵام نووسەربوون وەک کێشەیەکی فەلسەفی لەمە گەورەترە و دەکرێت ئەو مانایانە هسەر کۆمەڵێک پرسیاری لەم بابەتەدا دابەشیکەین: نووسەر بوون مانای چی؟ دەسەڵاتی نووسەر بەسەر مانادا تا کوێ دەشکێت؟ نووسەر تاچەند دەتوانێت پێشوەخت ئاراستەکانی خوێندنەوەی تێکست دەستنیشانکات؟ نووسەر تاچەند بەشێکی گرنگی تێکستەکان و دنیای ناوەکی تێکستەکانیەتی؟ لە کوێدا و چۆن ژیانی تاکەکەسی نووسەر تێکەڵ بە تێکستەکان بووە و لەکوێدا لێییان جیاییە؟ چ پەیوەندییەک لەنێوان مەبەستە ئاشکراکانی نووسەر و مەبەستە ناوەکییەکانی تێکستدا لەئارادایە؟ ئایا چ پەیوەندییەک لەنێوان جیهانبینی نووسەر و جیهانبینی ناو تێکستەکاندا دروستبووە؟ ئاشکرایە ئەم پرسیارانە کۆمەڵێک پرسیارن ئەو کەسەی بخوازێت خۆی بە پەیوەندی نێوان نووسەر و تێکستەوە سەرقاڵبات دەبێت وەڵامیانبداتەوە و بە وەڵامدانەوەشیان ئەوکات دەتوانین ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە ڕەخنەگر نووسەریی لە خوێندنەوە ڕەخنەییەکانیدا کردۆتە کێشەیەکی فیکری و فەلسەفی و میتۆدی. بۆ یەکێک کەمەکێک شارەزای ڕەخنەی کوردییبێت دەزانێت کردنی ئەم پرسیارانە لای ئێمە وونن، لای ئێمە مەسەلەکە لەوە تێپەڕناکات بەشێوەیەکی میکانیکیانە پەیوەندییەکی سادە و ساکار لەنێوان ئایدیۆلۆژیای نووسەر و جیهانی ناو تێکستە ئەدەبیەکاندا گریمانکرێت.

بە کورتی خوێندنەوەی نووسەر بۆ تێگەیشتن لە تێکست شتێکە و کردنی نووسەر بە سەرچاوەی یەکەمین و دواهەمین هەقیقەت شتێکی دیکەیە. ئەمانەش هەردوکیان جیان لەو حوکمە ڕەخنەییانەی لای ڕەخنەگرانی ئێمە لە ئارادان. برای ئازیزم، لە بەشێکی هێجگار گەورەی ڕەخنەی کوردیدا بەڕۆژووبووبن لە بەکارهێنانی میتۆد و کاری میتۆدییانە ئامادەیە. لای ئێمە نە تێکست دەخوێندرێتەوە و نە نووسەری تێکست و نە ئەو دنیایەش کە هەم تێکست و هەم نووسەری تێکستی تێدا دەژین. بەڕۆژبوون لە خوێندنەوە و هێرشبردن و ستایشکردنی بێبناغەی نووسەر شتێکە و کردنی نووسەر بە یەکێک لە

دەوازەکـانی خـوێندنەوەی تێکست شـتـێکی دیکە. ڕەخنەی ئێـمـە لە هەمـوو ڕوویەکەوە زۆر لەوە داماوتر و بێمیتۆدتر و بێکەرەستەترە بتوانێت هیچ لایەنێک لە لایەنەکانی پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی و هونەری بخوێنێتەوە. ڕەخنەی ئێمە لە دۆخی کەمخوێنییەکی میتۆدی کوشندەدا دەژی.

کێشـەی سەرەکی ڕەخنەی ئێمە کێشـەی ململانێی نێوان میـتۆدە ڕەخنەییەکان نییـە، ئەوەی لە واقیـعی ئەدەبی ئێـمـەدا دەبیـنیت کێشـەی نێوان لێکدانەوەی فرۆیدیانەی ئەدەب، بەرامبەر بە لێکدانەوەی مارکسییانە نییە، کێشەی نێوان میـتۆدی هێرمـۆنیـتیکی و بونیـادگەری، تەفکیکیـەت و لانگویسـتیک نییـە، نا، کێشـەی هەرەسەرەکی ڕەخنەی ئێمە لەوەدایە کە هیچ میتۆدێک لەم میتۆدانە ناناسـێت و لە ئیـشـکردنی ڕەخنەگـرەکـانمـاندا ئامـادەنیـین. ئەوانەی بە ناوی ڕەخنەی مـارکسییـەوە دەنووسن جگە لە دووبارەکردنەوەیەکی بێلەزەتی هەندێک کلـێـشـەی لەبابەتی بەرگـریکردن لە ئـەدەبیـاتی ڕیالیـزمی سـۆسـیـالیـزمی و تەرجمەکردنی ئەمەش بۆ کۆمەڵێک قسـە و دروشمی بێمانا لەسـەر ڕەشبینی و گـەشـبـینی لە ئەدەب و بوون یان نەبوونی پاڵەوانی نموونەیی و بەسـتـنـەوەیەکی مـیکانیکی تێکسـتـە ئەدەبیـیـەکـان بە کـۆمـەڵێک چوارچێـوەی کـۆمـەڵایەتی گریمانکراوەوە و بانگێشەکردنێکی سیاسییانە و ئایدیۆلۆژییانە بۆ ئیلتیزام و ئەدەبی مـولتـەزیم، زیاتر نیـیـە، وەکـچـۆن مـیـتـۆدەکـانی دیکەش لەزۆر ڕووەوە بەدەست هەمان کەمخوێنی فیکری و مەنهەجییەوە دەناڵێنن.

پرسـیـار: پەیوەندی نێـوان بەرهـەمـهـێنەری دەق و ڕەخنـەگـر و خـوێنەر پەیوەندییەکی نیمـچـە پچڕاوە. جاری وا هەیە دەق هەیە بەڵام ڕەخنە نییـە، یان بەپێچـەوانەوە دەق و ڕەخنە هەن بەڵام خوێنەر لە بەرامبـەریاندا سـست و کزە، ئایا پـەیوەنـدی نێـوان دەق و ڕەخنـە و خـوێنـەر لە ئـەدەبیـاتی کـوردیدا چ ئیشکالیەتێکی هەیە؟

وەڵام: وام پێـبـاشـە بۆ وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیـارە ڕاسـتـەوخـۆ لە تێـزە بەناوبانگەکەی (ڕۆلاند بارت) ەوە دەربارەی مـەرگی نووسـەر دەسـتپێبکەم. وەک دەزانین بارت لە نوسینێکی بەناوبانگیدا باس لە کـۆتایی نووسـەر و دەسـەڵاتی نووسـەر دەکـات و بەم کـۆتـاییـەش قـسـە لە هـاتنـەکـایەی دەسـەڵات و سـەردەمی

خوێنەر دەکات. بێگومان مەبەستی بارت لە مەرگی نووسەر، مەرگی فیزییایانەی نووسەر نییە، مەبەستی تەعزیە دانان و فاتیحە و قورئان خوێندن بۆ نووسەرێکی مردو نییە، مەبەستی بارت لە مەرگی نووسەر مەرگێکی ئیستیعارییە. مەرگێکە تێیدا ئاڵوگۆڕێکی گرنگ لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا لەنێوان نووسەر و تێکست و خوێنەردا ڕوودەدات. کە نووسەر دەمرێت ئیدی زۆربەی دەسەڵاتەکان دەکەونە دەستی تێکست و دەستی خوێنەرەوە. ئەگەر نووسەر تاکەکەسێکی تایبەتبێت ئەوا خوێنەر فرە و جیاواز و هەمەچەشنن، تێکستیش لە سیاقی جیاجیادا ژیان و خوێندنەوە و مانای جیاجیا دەژی. ئەمەش مانای بەجێهێشتنی سەرزەمینی تاک مانایی و تاک هەقیقەتی و تاک دەلالەتی بەرە و سەرزەمینی فرە مانایی و فرە هەقیقەتی و فرە دەلالەتی. ئەم پرۆسەیەش لە جەوهەردا پرۆسەیەکی دیموکراسییانەیە و لەدایکبوونی خوێنەر مانای لەدایکبوونی زەمینەیەکی کراوە و دیموکرات بۆ خوێندنەوە.

بەڵام ئەم پەیوەندییە بۆ لە ناوەندی ئەدەبی و ڕەخنەیی ئێمەدا بۆتە پەیوەندییەکی قەیراناویی و بۆ، وەک ئێوە لە پرسیارەکەتاندا هێماتان پێکردوە، پەیوەندییەکی نیمچە داپچڕاوە؟

سەرەتاییترین دەسپێکێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لە دنیای ئێمەدا تەماشاکردنی چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتە لەنێوان ئەو سێ ڕەهەندە جیاوازەی کاری ئەدەبیدا، مەبەستم دابەشکردنی دەسەڵاتە لەنێوان نووسەر و تێکست و خوێنەردا. بەبۆچوونی من ئەم کێشەیە کێشەی هەرە سەرەکی ناو کایەی ئەدەب و ڕەخنەی ئێمەیە و ماندووبوونێکی ئەوتۆشی ناوێت ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرابێت کە ئەو پەیوەندی دەسەڵاتەی لەنێوان ئەو سێ لایەنەدا ئامادەیە پەیوەندییەکی یەکلایەنە و بەشی هەرە گەورەی دەسەڵاتەکان لە دەستی نووسەردایە. هەم تێکست زۆر لەوە بێدەسەڵاتترکراوە کە جۆرێک لە سەربەخۆبوونی لەدەرەوەی نووسەرەکەیدا هەبێت، هەم خوێنەریش لەوە لاوازترکراوە بتوانێت بەشێک لە دەسەڵاتی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و بەرهەمهێنانی مانای لەدەستدابێت. بێگومان بە پەراوێزکردنی تێکست و بەپەراوێزکردنی خوێنەر کارێکی بێگوناهـ و خۆبەخۆ و بێمەبەست نییە، بەڵکو دەرەنجامی ستراتیژێکی تایبەتە کە لە کایەی ئەدەبیی ئێمەدا ئامادە و

دەستبەکارە، ستراتیژێک کە بە یاساکانی پاتریارکییەت کاردەکات و ڕێکەوتنێکی نەنوسراو ناوکۆییش لەنێوان ڕەخنەگر و نووسەرە سونەتییەکاندا لەئارادایە بۆ پاراستنی پایە ئەدەبییەکانی ئەم پاتریارکیەتە کە دواجار دەبێتە هۆی بەپەراوێزکردنی تێکست و خوێنەر. کەمنین ژمارەی ئەو ڕەخنگرانەی تا بینەقاقایان لەم گەمە ئەدەبییە کوشندەوە ئالاوە کە یاسای سەرەکی تێیدا مۆنۆپۆلیزەکردنی دەسەلاتی خوێندنەوە و لێکدانەوەی تێکستەکان و ئاراستەکردنی ماناکانە بە ئاقارێکدا بالادەستی ئەو دیدە سادەیە بۆ ئەدەب و ڕەخنە بپارێزێت کە خۆیان نوێنەر و پیادەکەر و هەلگرین. بەلام ئەم ڕەخنەگرانە لە گەمەی پەراوێزکردنی خوێنەر و تێکستدا تەنها نین، ئەوان لەمەدا لەگەل مەجمەعی نووسەرە سوونەتییەکاندا بەشدارن و بەهەردولا ستراتیژی خانەنشینکردنی تێکست و خوێنەر بەڕێوەدەبەن. بەلام ئەم کارە بۆ ڕوودادات، ئەم بەرەیە بۆ لەنێوان ڕەخنەگران و نووسەرە تەقلیدییەکانی ئەدەبی ئێمەدا دروستدەبێت و خوێنەر و تێکست بۆ خانەنشین دەکرێن؟

بەبۆچوونی من ئەم بەرەیە دەرەنجامی ئیفلیجییەکی تەواوە لە توانای داهێنان و تازەکردنەوە و بەردەوامبوونێکی داهێنەرانە چ لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی ئەدەبی خۆیدا و چ لە ئاستی داهێنانی ڕەخنەییدا. ژمارەیەکی بەرچاوی نووسەران و ڕەخنەگرانی ئێمە سیاسەت دروستیکردون و تائێستاش لەسەر ناو ناوبانگی سیاسییان دەژین کە پەیوەندی بە نووسین و داهێنانەوە نییە، یان هێجگار لاوازە. ئێمە ژمارەیەکی زۆر نووسەر و ڕەخنەگرمان هەن کە تائێستاش لەسەر مێژوو و هەلوێست و سەرمایەی سیاسی خۆیان و ئەو هەلومەرجە سیاسییەی لە کوردستاندا ئامادەیە، دەژین، نەک لەسەر توانای بەرهەمهێنان و داهێنان و تازەکردنەوە. ئەوەی ئەوانەی لەناو دەزگاکانی بەڕێوەبردن و چاپکردن و بلاوکردنەوەدا هێشتۆتەوە بەشداری داهێنەرانەی ئەوان لە دەولەمەندکردنی ئەزموونی نووسینی خۆیان و دەولەمەندکردنی ڕۆشنبیریی کوردیدا نییە، بەلکو ژیانیانە لەسەر ناو و ناوبانگێک کە بەرهەمی ڕۆژگارێکی تایبەتی مێژووی ئێمەیە کە تێیدا هەلوێستی سیاسی و دانەپالی بزوتنەوە سیاسییەکان و جۆرێک لە ئەکادیمیەتی تەقلیدیانە پێوەرە هەرەگرنگەکان بوون. ئەم ژمارە زۆرە لە نووسەران و ڕەخنەگران ئەمڕۆکە هەندێکیان بەشێکی گرنگی دەستگاکانی

بڵاوكردنەوە و چاپ و میدیایانن لەژێردەستدایە و هەندێكی دیكەیان پۆلەكانی زانكۆیان لەژێردەستایە و لەوێوە پیادەی دەسەڵاتی ئەدەبی و ڕەخنەیی خۆیان دەكەن. ئەمانە بەردەوام ئەو دیدە بۆ ئەدەب و بۆ ڕەخنە و بۆ تێكست و بۆ خوێنەر بەرهەمدەهێننەوە كە هەم تێكست و هەم خوێنەر و هەم هەموو هەوڵدانێكی میتۆدیانەی قووڵ بۆ ڕامان لەو پەیوەندیانەی نووسەر و تێكست و خوێنەر بەیەكەوە گرێدەدەن، پەراوێز دەكەن. بەڵام ئەمانە ئەم كارە بۆ دەكەن؟ بۆچی نەوەیەک لە نووسەران و ڕەخنەگران بەردەوام هەوڵئەدەن كە خوێنەر و تێكست بخەنە پەراوێزەوە؟ حیكمەتی ئەم هەڵوێستە لە چیدایە؟
لەڕاستیدا وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەندە سادەیە كە دەشێت لەبەر سادەییەكەی گومانی لێبكەین: ئۆتۆنۆمبوونی تێكست خۆی و بە قسەهاتنی خوێنەر مانای كۆتاییهاتنی نەوەیەک لە نووسەران و ڕەخنەگران كە لەسەر بێدەنگكردنی تێكست و بێدەنگكردنی خوێنەر دەژین. بەڵام كە ئەم جۆرە نووسەر و ڕەخنەگرانە تائێستا نەمردون و لەوەشدەچێت بەم زوانە نەمرن، مردن بە مانا ڕۆلاند بارتییەكەی، ڕاستەوخۆ وابەستەی ئەو ستراتیژە تایبەتەی دەسەڵاتی ئەدەبییە كە ڕێ لەوەدەگرێت تێكستەكان بكرێنەوە و خوێنەر ئازادانە لە پەیوەندی خۆیەوە بە تێكستەكانەوە مانا بەرهەمبهێنێت. ئەم نووسەر و ڕەخنەگرانە كە لەسەر مۆنۆپۆڵكردنی هەموو ماناكان و لەوێشەوە هەموو فۆرمەكانی دەسەڵاتی ئەدەبی دەژین، كردنەوەی مانا و كردنەوەی سنوورەكانی تێكست بۆ خوێندنەوەی جیاوز وەک مەرگی خۆیان، مەبەستم مەرگی دەسەڵاتییان، دەبینن. بەمانایەكی دیكە لەپشتی پچڕان و قەیرانی پەیوەندیی نێوان نووسەر و تێكست و خوێنەرەوە ستراتیژێكی كۆمەڵایەتی و فیكری و ئەدەبی ئامادەیە كە لەسەر مۆنۆپۆڵكردنی مانا و دەلالەت و مەبەستەكان دەژی.
بۆئەوەی ئەم خاڵەت زیاتر بۆ ڕوونبكەمەوە حەزدەكەم كەمەكێک وردتر سەرنجی تایبەتی خۆمت لەسەر ئەدەب وەک كایەیەكی كۆمەڵایاتی بۆ ڕوونبكەمەوە.
با لەوێوە دەستپێبكەین كە زەحمەتە پێناسێكی گشتی و یەكجارەكی بۆ ئەدەب بكەین. هەموو كۆمەڵگایەک وەكچۆن لەسەر ئەوە ڕێدەكەوێت ئاین چییە، ئەخلاق چییە، شەرەف چییە، هەقیقەت چییە و ئازادی چییە، ئاواش لەسەر ئەوە ڕێدەكەوێت ئەدەب چییە. ئەم ڕێككەوتنەش بەرنجامی پەیوەندی نێوان نووسەران

و خـــوێنـەران و ڕەخنـەگـران و ئـەو دەزگــایانەن کـــە تێکســـتـــەکـــان چاپ و بڵاودەکـەنـەوە. واتە بەرەنجـامـی کـۆبـوونـەوەی هـێـز و لایەن و گـروپی جـیـاواز و هـەمـەڕەنگن. لەم ڕێکەوتنەدا، وەک لە هـەمـوو ڕێکەوتنێکی دیکەشـدا، کۆمـەڵێک مانا دەچەپێنرێن و دەردەکرێنە دەرەوەی کایە ڕەسمییەکەی ئەدەبەوە و کۆمەڵێک مـانای دیکە باڵادەست و سـەروەر دەکـرێن و دەکـرێنە پێـوەرە سـەرەکـیـیـەکـانی ئەدەب و ڕەخنە و ئیستاتیکا. هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە جۆرێک لە تێڕوانین و چاوەڕوانـی ئەدەبی و ئیـسـتـاتیکی دروسـتـدەکـەن بەرامـبـەر بەوەی داخـۆ کـاراکتـەری تێکسـتی ئەدەبی چییـە و ئەبێت هـەڵگری چ سـیفـەت و ناوەرۆک و مـــانایـەک بێت، چۆن بنووســـرێت و چـۆن بخـــوێندرێتـــەوە و چۆن چاپ و بڵاوبکرێتـەوە. ئـەوەی ئـەمـڕۆ ئەم سـیـسـتـمی چاوەڕوانـیـیـە لـە کـوردسـتـانـدا دەستنیشاندەکات، سـەلەفیەتی ئەدەبییـە، نەوەیەکە کۆی ئەو دەزگا و دامەزراو و ئامـرازانەی لەبەردەسـتـدایە کـە بەهـۆیانەوە ئەو مـانا و دید و چاوەڕوانیـیـانە بەرهـەمدەهێنن و بڵاودەکەنەوە و دەپارێزن کە دەبێت ئەدەب هەڵگریانبێت.
پێناسی ئەدەب لە وڵاتی ئێمەدا تائێستاش دەرەنجامی ئەو تێگەیشتنە ئیتیفاق لەســەرکـراو و ناوکـۆییـانەیە کـە نەوەکـانی پێـشـوتر لەسـەری ڕێککەوتون و ئەمڕۆکەش تاڕادەیەکی زۆر لەناو ژووری وانە گوتنەوەی زانکۆکان و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و لاپەڕەی ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکانـەوە بەسـەر واقیـعی ئەدەبی ئێـمــەدا دەسـەپێنرێت. ئـەو خـاڵەی مـن لێرەدا دەمـەوێت جـەغـدی لێبکەم ئەو ڕاستییەیە کە بینینی تێکستێک وەک تێکستی ئەدەبی پەیوەندی تەنها بە ئاکاری تایبەتی تێکسـتـەکە خۆیەوە نییـە وەک تێکست، بەڵکو وابەسـتـەی ئەو ڕێکەوتنە دەرەکییانەشە کە لەنێوان خوێنەر و نووسەر و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەدا هەن. ئەوەی لە شـوێنێکدا دەکرێت ناوی شیعری لێبنێین دەشێت لـە شـوێنێکی دیکەدا وەک شـیـعـر مـامـەڵە نەکرێت، بڕێکی گرنگی ناوەکـان دەرەنجـامـی ئەو ڕێکەوتنە ئـەدەبییـانەیە کـە پێناسـەکان دابەشـدەکەن. بەڵام داخـۆ ناوەرۆکی ئەم ڕێکەوتنە لـەســەر مـاناکـانی ئەدەب و مـاناکـانی ڕەخنە لە ناوەندی ئـەدەبی و ڕەخنەیی ئێمـەدا، چییە؟ ئەم ڕێکەوتنە چ دیدێک بۆ ئەدەب و بۆ ڕەخنە و بۆ ڕۆڵی خـوێنەر و نووســەر و ڕەخنەگـر دەسـتنیـشـاندەکـات و چ جـۆرە چاوەڕوانی و وێناکردنێک دەسەپێنێت؟

بەبۆچوونی من گرنگترین و پڕمەترسیترین مەسەلەیەکی نێو ئەم ڕێکەوتنە ئەدەبییەی ناوەندی ئەدەبی و ڕەخنەیی ئێمە بریتییە لە کۆی ئەو پێناسە سادانەی دەربارەی چییەتی ئەدەب و ئەرکەکانی و چییەتی ڕەخنە و میتۆد و پەیوەندی نێوان ڕەخنە و تێکست و ڕەخنە و خوێنەر و ڕەخنە و قوتابخانە فیکری و فەلسەفییەکان، لەئارادان. تائێستاش بەشێکی زۆری ئەم پێناسانە ئەو پێناسانەن کە نەوە کۆنەکان بۆ ئەم مەسەلانەیان کردوە و لە ناوەرۆکیشدا پێناسی زۆر سادە و بێ قووڵی و دوور لە فیکر و بێمیتۆدن و نووقمن لەناو دۆگمای ئایدیۆلۆژی و ئەدەبی و سیاسیدا. بۆ نموونە با تەماشای ئەو ڕێکەوتنە بکەین کە شیعری کورتکردۆتەوە بۆ «لێدان لە تەلی عاتیفەی ئینسان». ئەم ڕستەیە چەند سادە و بێگونا و ئاسایی دیارە و چەند وەک بەڵگەنەوسیتێکی ئەدەبی خۆی نیشانبدات، بەڵام لە قووڵاییدا پێناسێکی ئیتیفاق لەسەرکراوە کە تێیدا شوێن و جێی شیعریی کەسانێکی زۆر وەک شاعیر پارێزراوە کە لەدەرەوەی ئەو پێناسەیەدا بۆ شیعر بەهیچ مانایەک شاعیر نین. ئەم پێناسەیە بۆ شیعر وادەکات دەیان ڕستەی سادە و ساکار و سۆزبەخشی بازاڕیی پڕبێدەنگی و هیچنەووت وەک شیعر قبووڵکەین. ئەمە وادەکات تەنانەت نامەیەکی دڵداری هێجگار خراپ، یان خوتبەیەکی حەماسی و سۆزبزوێنی سیاسییەکیش وەک تێکستێکی شیعری ببینین و وەک تێکستێکی شیعری قبووڵیکەین. بەڵام ئەگەر پێناسێکی دیکەمان بۆ شیعر هەبوو کە تێیدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتبین کە شیعر «لێدان لە تەلی عاتیفە» نییە، بەڵکو هەوڵدانێکی بەردەوام و فرەلایەن و بێکۆتایی ڕۆحێکی پشکنەرە بۆ ناسینی جیهان و بوون و ئینسان و شوێنی هەریەکێکیان لەنێو کۆی پەیوەندییەکانی نێوانیاندا، ئەگەر شیعر کەشفکردنی ئەو ئەگەرە نادیارانەبێت کە لەودیدی شت و دیاردە و پێدراوەکانەوە ئامادەیە، ئەگەر شیعر بازادنێکی ئیستاتیکی و دەلالی و زمانەوانییبێت بەرە و نادیار، ئەوکات بەشێکی زۆر ئەو نووسینانەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا بەناوی شیعرەوە بڵاودەکرێنەوە لە «شیعر- بوون» دەکەون و ژمارەیەکی زۆری ئەو جۆرە «شاعیر» انە دەمرن. هەمان مەسەلە بەنیسبەت ڕەخنەشەوە ڕاستە، ئەگەر ڕەخنە لەوەدەرچوو مەدح و سەنا یان هێرشبردنە سەر ئەم یان ئەو نووسەربێت، یان لەوە دەرچوو کە تاوانبارکردنی فلان کەسبێت بە دزی، یان گەڕانبێت بەدوای

گریمانە تایبەتەکانی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا لەناو تێکستێکی ئەدەبیدا، یاخود ئەو سنوورەی پەڕاند کە تێکستی ئەدەبی تەنها بۆ قوتابخانە ئەدەبییەکان کورتکاتەوە. ئەگەر ڕەخنەمان وەک سەفەرێکی فیکری و ئیستاتیکی قووڵ بەناو ئاستە جیاجیاکنی تێکستدا بینی و ئەگەر ڕەخنە بریتیبوو لە خولقاندنی تێکستێکی تەریب بە تێکستی قسەلەسەرکراو و ئەگەر ڕەخنەمان واپێناس کرد وەک کەشفکردنی ئەو پەیوەندییەی جیهان بە تێکستەوە دروستیدەکات و جیهان لەناو تێکستدا بەرجەستەی دەکات، ئەوکات ژمارەیەکی زۆر لەوانەی بە ڕەخنەگر ناودەبرێن لە کوردستاندا، دەکەون. لە پەیوەندیشدا بە خوێنەرەوە هەمان مەسەلە ئامادەیە، ئەگەر خوێنەرمان بەوە پێناسە نەکرد کە چەپڵەلێدەرە بۆ حەماسەت یان کەسێک نەبێت دامانانبێت بە ئاسانی ختوکەی عاتیفەی بدەین، ئەگەر خوێنەرمان وەک خولقێنەرێکی دیکەی تێکست بینی و وەک بوونەوەرێک مامەڵەمانکرد عەوداڵی دوای چێژیی ئیستاتیکی و سەرقاڵ بە بەرهەمهێنانی ئەزموونی نوێوە بۆ پەروەردەکردنی تواناکانی خەیاڵ و عەقڵ و چێژوەرگرتن لەیەککاتدا، ئەوکات بەشێکی دیاریکراوی خوێنەرانیش ناوی خوێنەری ڕاستەقینەیان لێدەستێنرێتەوە. وەک دەبینی مەسەلەکە مەسەلەی پێناس و ڕێکەوتنە لەسەر ماناکان. لە کوردستاندا کۆمەڵێک پێناس و ڕێکەوتنی ئەدەبی باڵادەستن کە هی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و لەباشترین حاڵەتدا هی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمن. ئەم ڕێکەوتنانە تا ئەمڕۆ ماونەتەوە و چەندان نووسەر و ڕەخنەگری سوونەتیش لەناو دەزگا ئەدەبییە بەهێزەکانی کۆمەڵگای ئێمەوە خەریکی پاراستن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە و پرژاندنی ئاوی حەیاتن بە گریمانە و پێناس و وێناکردنەکانیاندا بۆ ئەدەب و ڕەخنە و خوێنەر و نووسەر.

بێگومان ئەو ڕایە ڕاست نییە کە دەڵێ ئێمە ڕەخنەگرمان نییە. بەشێکی گەورەی نەوە کۆنەکەی ناو ئەدەبی کوردیی دکتۆرایان لە ئەدەبدا هەیە و ژمارەی ئەو دکتۆرایانەش کە لە هەفتاکانەوە لە ئەدەبدا هاتوون زۆر زیاترن لەوانەی لە سۆسیۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا و فەلسەفە و بەشەکانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتی و ئینسانیەکاندا هاتوون. ئەم دکتۆرانەش ساڵەهایە بەدەیان قوتابی و دەرچووی زانکۆیان دروستکردوە و ماوەیەکیشە ماستەر دکتۆرایان

بەدەیان کەس بەخشیوە و وەک ئەدەبناس و تێکستناس هونەرناس هاتوونەتە ناو بازاڕی ئەدەب و ڕەخنە و نووسینی کوردییەوە. بەڵام ئەمڕۆ کە ئێمە، سەرباقی ئەم هەموو ئەدەبناس و تێکستناس و ڕەخنەگرانە، هەست بە قەیرانێکی گەورە لە ڕەخنەی کوردیدا دەکەین، هەستدەکەین ڕەخنەگرمان نییە، هەستدەکەین ڕەخنەی ئێمە بێڕۆحە، مەسەلەکە پەیوەندی بە توانا و پێکهاتی ڕۆشنبیریی و زادی فیکریی و دیدی میتۆدی و چێژی ئیستاتیکی ئەو ڕەخنەگرانەوە هەیە نەک بە ژمارەیانەوە. کێشەکە لەوەدا نییە ئێمە ڕەخنەگرمان نییە، بەڵکو لەدوەدایە ڕەخنەگری ڕاستەقینەمان نییە یان زۆر کەمە. ڕەخنەگرێکمان نییە بتوانێت پڕچەک بە دەسکەوتە تازەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ و پڕچەک بە دەسکەوتە گرنگەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و پڕچەک بە داهێنانە گەورەکانی فەلسەفەی کۆن و نوێ و بەگەشەی بەردەوامی کایەی ئەدەب لە جیهاندا، لە تێکستە ئەدەبییەکان بدوێت. ئێمە ڕەخنەگرێکمان نییە بتوانێت و بیەوێت، بۆ نموونە، دیدی ئێمە بۆ شیعر تازەکاتەوە، یان نیشانماندا ڕۆمان جیهانێکە تەریب بە جیهانی دیاردە واقیعییەکان. ڕەخنەگرە سوونەتییەکانی ئێمە تائێستاش بە زمانی «تەلی عاتیفە» و نیشتیمانپەروەرێتی و تاودان و تاونەدانی ئەسپی ئەدەبی باس لە شیعر دەکەن، تا ئێستاش هەر خەریکی ئەوەن بە چەند دێڕێک پێمانبڵێن ریالیزم، ڕۆمانتیزم، کلاسیک و ریالیزمی سۆسیالیستی یانی چی. بەکورتی و بەکوردی لەناو کایەی ڕەخنەی ئێمەدا ڕێکەوتنێک هەیە لەسەر کارکردن بەبێ میتۆد، لەسەر سوکەڵەکردنی فیکر، لەسەر کورتکردنەوەی ڕەخنە بۆچەند دروشمێکی ئایدیۆلۆژی، لەسەر کۆمەڵێک پێناسی سادەی بێقووڵایی بۆ ئەدەب و لەسەر کۆمەڵێک ئەحکامی سوک و سادە کە پێویستی بە ڕەنجێکی فیکری و میتۆدی و مەعریفی گەورەنەبێت بۆئەوەی لەسەر تێکستە ئەدەبییەکان بدوێن.

لێمگەڕێ با کەمەکێک لەو زیانە فیکری و ئیستاتیکی و وجودییانەی ئەو دیدەی، کە بۆ نموونە، شیعر بۆ لێدانی تەلی عاتیفە کورتدەکاتەوە، بدوێم. بۆئەمەش با بەراوردێک بکەین لەنێوان ئەو دیوانە تازەیەی بەڕێز دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵدا، کە ئەمساڵ خستویەتییە بەردەمی خوێنەران، لەگەڵ ئەزموونی شاعیرێکی وەک گۆراندا.

ئەم دیوانەی دکتۆر بریتییە لە کۆمەڵێک لاپەڕەی ڕەشکراوەی پڕ بێدەنگی کە جگە لە هیچنەووتن شتێکی دیکەی تێدانییە و لەڕاستیشدا خوێنەر لەوە سەرسام دەبێت چۆن پرۆفیسۆرێکی ڕەخنەی ئەدەبی جورئەتی ئەوەدەکات دیوانێکی وا بێئاست بڵاوبکاتەوە... ئایا ئەم جورئەتە لە کوێوە دێت و سەرچاوەکانی لە چیدایە؟ بەبۆچوونی من سەرچاوەکانی ئەم جورئەتە لەو پێناسە سادەیەدایە کە لای ئێمە بۆ شیعر دەکرێت. ئەم جورئەتە دروستنابێت گەر پێشوەخت پێناسێکی نالەباری لەبابەتی کورتکردنەوەی شیعر بۆ لێدانی تەلی عاتیفە لەئارادانەبێت، یان گەر ڕەخنەی ئەدەبی کورتنەکرابێتەوە بۆ گەڕان بەدوای کۆمەڵێک دۆگمی ئایدیۆلۆژی و دروشمی سیاسی لە دەقی ئەدەبیدا.
بەڵام کاتێک لەوە ئاگاداردەبینەوە کە هەم شیعر و هەم ڕەخنە لای ئێمە لە زۆر ڕووەوە تەواو دابڕاون لەهەر قووڵاییەکی فیکری و فەلسەفی و ئیستاتیکی و کاتێک لەوە تێدەگەین کە لە کوردستاندا کۆمەڵێک پێناسی باڵادەستهەن بۆ ئەدەب و ڕەخنە و ئیستاتیکا کە شێوە جیاوازەکانی بێدەنگی هیچنەوتن وەک ئەدەب دەناسێن، ئەوکات دەزانین ئەو پرۆفیسۆرە بەڕێزە ئەو دیوانەی بۆ بڵاوکردۆتەوە. من کە دەڵێم دیوانی ئەم دکتۆرە پڕیەتی لە بێدەنگی مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ئەم بەڕێزە قسەی نەکردوە و دیوانەکەی تەنها کۆکردنەوەی کۆمەڵێک لاپەڕەی سپییە لەپاڵ یەکدا. بەپێچەوانەوە ئەم دیوانە، وەک بەشێکی زۆری دیوانە شیعرییەکانی ئەمڕۆمان، پڕیەتی لە قسە، بەڵام کۆمەڵێک قسە کە پڕن لەبێدەنگی و هیچ نەوتن و ڕیزکردنێکی سادە و ساکاری ڕۆژانەی ووشەکان و ماناکان و دەنگەکان بەدوای یەکدا.
بە بەراوردکردنی ئەزموونی شیعری ئەم پرۆفیسۆرە بە ئەزموونی شاعیرێکی وەک گۆران مەسەلەکان زیاتر ئاشکرادەبن و قووڵایی قەیرانە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانی ئێمەش بەرجەستەتر دەردەکەون. هەمووان دەزانین گۆران لە قەسیدەیەکی بەناوبانگیدا لەوە ئەدوێت کە ناتوانێت خەیاڵ و هەست و وێناکردنەکانی بخاتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستەکانییەوە و ئەمەش وایلێدەکات لەنێوان ئەو خەیاڵەی پێی مەستە و ئەو چوارچێوە شیعرییەدا کە دەبێت ببێتە ماڵی ئەم خەیاڵە بۆشاییەک لە دەربڕیندا هەبێت، بۆشاییەک کە لای گۆران جۆرێکی تایبەت لە بێدەنگی بەرهەمدەهێنێت. بەڵام داخۆ چ جیاوازییەک لەنێوان

بێدەنگی گۆران و بێدەنگی دکتۆر عیزەدین مستەفادا، هەیە؟
بێدەنگی گۆران، بەهەموو مانایەک، بێدەنگی دوای داهێنانە، ئەو جۆرە تایبەتەی بێدەنگییە کە بەردەوام لە قووڵاییە دوورەکانی مانادا ئامادەیە و بەردەوام جۆرێک لە خاڵیبوون لەناو ژیاندا دروستدەکات، خاڵیبوونێک کە تەنها بە داهێنان و تازەکردنەوەی کەرەستەکانی دەربڕین پڕدەبێتەوە. بێدەنگی گۆران بێدەنگییەکە لەدوای هەڵکۆڵینی توانا تەعبیرییەکانی زمانەوە تا سنووری گەیشتن بەو شوێنەی کە چیدی قسەکردن لەو ئاستە تایبەتەی زماندا مومکین نییە، دێتەکایەوە. بەڵام نووقمبوونی شیعرەکانی دکتۆر عیزەدین لە بێدەنگیدا بێدەنگبوونی بەر لە قسەکردنێکی داهێنەرانەیە، بێدەنگبوونی بەر لە داهێنانە، بێدەنگبوونێکە لە نەبوونی توانای بەدەنگهاتنێکی داهێنەرانەوە لەدایکبووە.
ئەگەر بێدەنگی لای گۆران بێدەنگی دوای قسەکردنێکی داهێنەرانەبێت و بەزۆر مانا بێدەنگیەکی بەرهەمهێنراوبێت و درێژکراوەیەکی سروشتی قسەکردنێکی داهێنەرانەبێت، ئەوا بێدەنگی لای دکتۆر عیزەدین بێدەنگی بەر لە قسەکردنێکی هونەرییە و جۆرێکە لە لاڵبوون لەبەردەمی شیعر و دنیا و دیاردەکاندا.
ئاشکراشە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان بێدەنگی و لاڵبووندا هەیە. لاڵبوون نەبوونی توانای قسەکردنە، لەکاتێکدا بێدەنگی کارێکی ئیرادەگەرانەیە، لەپەیوەندیشیدا بە گۆرانەوە بێدەنگی مەسەلەیەکی گشتی نییە و دەرەنجامی هەلومەرجی نەبوونی توانای قسەکردنێکی داهێنەرانە نییە، بەڵکو جۆرێکی تایبەت و تازەیە لە بێدەنگی کە وابەستەی ئەزموونێکی شیعری داهێنەرانەیە.
لای گۆران بۆ ئەوەی بتوانین بێدەنگبین دەبێت بەردەوام قسەبکەین و قسەی داهێنەرانەش بکەین، تەنها داهێنەران دەتوانن بە ڕاستی و بە قووڵی بێدەنگبن، بەڵام لای دکتۆر عیزەدین مستەفا بێدەنگی مانای هیچ نەووتن و لاڵبوون لەبەردەم زمان و لەبەردەم جیهان و لەبەردەم شیعردا. ئەو وانەیەی ئێمە لە گۆرانەوە فێریدەبین ئەمەیە: بۆئەوەی بتوانین بێدەنگبین دەبێ داهێنەرانە بدوێین، بەڵام ئەوەی دیوانەکەی دکتۆر عیزەدین نیشانی ئێمەی ئەدات ئەوەیە تۆ دەشێت دیوانێک قسەتکردبێ کەچی لە قڕوقەپێکی موتڵەقدابیت.
ئەگەر گۆران نەک تەنها شێوازەکانی شیعرووتن بەڵکو شێوازەکانی بێدەنگبوونیش تازەکردبێتەوە،، ئەوا دکتۆر عیزەدین شیعری تووشی لاڵی و

قرِوقەپێکی هەمەلایەن کردوە.
هەمووومان دەزانین هەم دکتۆر عیزەدین و گۆران هەردووکیان بەیەک زمان قسەدەکەن و دەنوسن کە زمانی کوردییە. ئەم زمانە چوارچێوەی گشتی قسەکردنی ئەم دوو پیاوەیە، بەڵام جیاوازیی ئەم دووانە لەوەدایە گۆران لەناو ئەو چوارچێوە گشتییەدا زمانی تایبەت، وێنە و ئیستیعارە و وێناکردنی تایبەت، مانای تایبەت و بێدەنگیی تایبەتی بەخۆی بەرهەمدەهێنێت. لەکاتێکدا دکتۆر عیزەدین لەناو چوارچێوە گشتییەکەی زماندا ماوەتەوە و سانتیمەترێک ڕێگای تایبەتی لەناو ئەو چوارچێوە گشتییەدا دروستنەکردوە و دوای ئەو هەموو قسەکردنەی ناو دیوانەکەی ڕێک وەک ئەوە وایە هەرگیز قسەی نەکردبێت.
بەڵام ئەم جۆرە «شیعر» انە بۆ دەنوسرێن، داخۆ گەر پێناسێکی شێلگیرتر و قووڵتر و ئیستاتیکیتر و فەلسەفیترمان بۆ شیعر هەبوایە، لەدەرەوەی تەلی عاتیفەکەدا، پرۆفیسۆرێکی ڕەخنەی ئەدەبی ئەم هەموو هیچنەووتنەی بەناوی شیعرەوە بڵاودەکردەوە. من گومان دەکەم لەوەی لەڕووی ئەدەبییەوە بیوێرایە بڵاویبکراتەوە، مەگەر باکی بەوە نەبێت کە دیوانەکەی خۆی وەک کۆمیدیایەکی ئەدەبی بە خوێنەران بناسێنێت. ئ
بێگومان ئەم سادەکارییە تەنها لە شیعردا ئامادە نییە، بەڵکو لە ڕەخنە و چیرۆک و ڕۆمان و شتەکانی دیکەشدا ئامادەیە. قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلانە هەڵدەگرین بۆ کات و ساتێکی دیکە.

پرسیار: بۆچی زۆربەی کات تێگەیشتنی خوێندەوارانی ئێمە بۆ ڕەخنە ئەوەیە کە پاشکۆی دەقە، یان ڕەخنە هەمیشە دوای بوونی دەقی ئەدەبی دێت، ئایا تێکستی ڕەخنەیی نابێتە مایەی هاتنە ئارای دەقی داهێنەرانەی تر؟
وەڵام: بەر لەهەموو شتێک با جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە میتۆدییە دووبارەبکەمەوە کە ڕەخنە بەهیچ مانایەک پاشکۆی ئەدەب نییە، ڕەخنەی ڕاستەقینە پرۆژەی خولقاندنی دەقێکی هاوشانە بە دەقە ئەدەبیی یان هونەرییەکە. دەقی ڕەخنەیی دەقێکە تەریب بە دەقی یەکەم و بارگاوی بە دنیایەک دەلالەت و بەها و وزەی داهێنان کە لە هەناوی خۆیەوە وەک دەقێکی ڕەخنەیی لەدایکدەبێت. ڕەنگە گرنگترین جیاوازییلە نێوان ڕەخنەگر و نووسەر یان

لەنێوان دەقی ئەدەبی و دەقی ڕەخنەییدا لەوەدابێت کە نووسەری دەقی ئەدەبی لە پەیوەندیی بە جیهانەوە دەستپێدەکات و دادەبەزێت بۆ ناو جوگرافیای مانا و دەلالەت و ئیستاتیکای دەق، لەکاتێکدا ڕەخنەگر لە سەرزەمینی دەقەکانەوە دەچێتەوە ناو جیهان. ڕاستە ئەم دوو جوڵەیە دوو جوڵەی پێچەوانەن، یەکەمیان لە جیهانەوە بۆ دەق دێت و دووهەمیان لە دەقەوە بۆ جیهان دەڕوات، بەڵام هەردووکیان بەهەمانئەدنازە گرنگ و بەهەمانئەندازە هەڵگری ئەگەری ئیستاتیکی و فیکرییو دەلالی قووڵ و هەمەلایەنن.

بەڵام من لێرەدا حەزدەکەم وەڵامەکەم بە ئاقارێکی دیکەدا بەرم و بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە ئەزموونی جوانییەوە دەستپێبکەم. بەباوەڕی من ڕەگە قووڵەکانی تێزی پاشکۆیەتی ڕەخنە بۆ ئەدەب لە دنیای ئێمەدا لەو زیانە گەورانەوە سەرچاوەدەگرێت کە ڕەخنەی ئێمە لە ئەزموونی جوانکاری ناودەقە گرنگەکانی ئەدەبی ئێمەی ئەدات. واتە ئەم تێزە لای ئێمە لەدایکبووی ئەو پەیوەندییە خراپەیە کە نێوان دەقی ئەدەبی و دەقی ڕەخنەییەدا لەئارادایە. بەڵام پێشئەوەی زیاتر لەسەر ئەم خاڵە بدوێم با سەرەتا چەند سەرنجێکی خێرا لەسەر ئەزموونی جوانی وەک ئەزموونێکی سەربەخۆ دەربڕین.

ئێمە کە لەبەردەم تێکستێکی ئەدەبی، تابلۆیەک یان پارچە مۆسیقایەکدا ڕادەوەستین و دەڵێین شتێکی جوانە، مەبەستمان لە جوانی چییە؟ ئایا سەرچاوەی جوانی ئەو ئە شتانە لە چیدایە کە پێیاندەڵێین جوانن؟ ئایا جوانی بەهایەکی سەربەخۆیە یان هەمیشە وابەستەی کۆمەڵێک بەهای دەرەکی دەرەوەی جوانی خۆیەتی؟

لای ئێمە وەڵامی باڵادەست بەو پرسیارانە تائێستاش بریتین لە وەڵامی لەم بابەتە: ئەم تێکستە جوانە چونکە بەرگری لە مافی چەوساوەکان دەکات، سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزمی سیۆسیالیستییە، لە سۆسیالیزم نزیکمان دەکاتەوە، بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی ئەکات، دژ بە داگیرکەرانە، لەگەڵ خەباتی ئێمەدا یەکانگیرە، نووسەرەکەی کەسێکی مولتەزیمە و ئەدەبی مولتەزیمی نووسیوە. (لەڕاستیدا ئەم دۆخە گەیشتۆتە ڕادەیەکی کۆمیدی وا کە هەندێک سیاسی، کە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندیان بە ئەدەب و ئیستاتیکا و جیهانی بەرفراوانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە نییە، سڵ لەوە نەکەنەوە کە میتۆدەکانی ڕەخنەی

ئەدەبی لە پەیوەندیاندا بە داگیرکەرانەوە پۆلینبکەن و بڵێین مارکسیزم وەک مەنهەجی ئەدەبی کێشەی لەگەڵ داگیرکەراندا هەبووە بەڵام بونیادگەری کێشەی نەبووە). بەکورتی ئەوەی لای ئێمە پێناسی جوانی دەکات پیوەرێک نییە لە جوانیناسییەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو پێوەرێکە لە کایەکانی دەرەوەی جوانیناسییەوە هاتون و لەناو ئەو کایانەشدا ڕەگەزەکانی ناو کایەی سیاسی و کایەی ئایدیۆلۆژی لەهەمووان ئامادەترن.
بەڵام بە ڕاستی ئێمە بۆ بە تابلۆیەک، پارچەیەک مۆسیقایەک یان قەسیدەیەک دەڵێین جوانە؟
بەبۆچوونی من جوانی تێکستێک یان تابلۆیەک بەر لەوەی جوانیبێت لە پەیوەندییدا بە شتێکەوە لەدەرەوەی جوانی خۆیدا، واتە بەر لەوەی «ڕەنگدانەوەی» شتێکیبێت لە دەرەوەی جوانیدا، پەیوەندییەکە لەگەڵ خودی جوانی خۆیدا، سەفەرە بە جیهانێکی تایبەتدا کە یاسا و بەها و نرخەکانی جوانی بەڕێوەیدەبات نەک باها و نرخ و یاسای دەرەکی. بێگومان ئێمەدا بڕێکی باش تێکستی شیعریی و چیرۆک و تابلۆ پارچە مۆسیقامان هەیە کە جوانن و چێژێکی ورد و قووڵی جوانیمان پێدەبەخشن. ئەم تێکستانە جۆرێک لە ڕازیبوون و دڵخۆشی و ئارامی ناوەکیمان تێدا دەخولقێن کە پەیوەندییان نییە بە قازانج یان دەسکەوت یان مەبەستێکی دەرەکییەوە، جوانی لەم دۆخەدا شتێکە لەناو خۆیدا ماناداره نەک لە پەیوەندیدا بە سود یان دەسکەوتێکی دەرەکییەوە کە دەشێت سیاسی یان ئەخلاقیی یان کۆمەڵایەتی دیاریکراوبێت. یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکانی ڕەخنەی کوردی لەوەدایە ئەم ڕەهەندە جوانکارییە لە تێکستە ئەدەبی و داهێنانە هونەرییەکان دەسێنێتەوە، دڵڕەقانەتر بدوێین دەشێت بڵێین ڕەخنەی ئێمە ئەم ڕەهەندە جوانیسازە لە بنەڕەتەوە دەکوژێت و ناهێڵێت وەک بەهایەکی سەربەخۆ ئامادەبێت. ڕەخنەی کوردی ئەوەندە لەناو ئایدیۆلۆژیا و دۆگمی سیاسی و مەبەستی دەرەکی دەرەوەی تێکستەکاندا نووقمە، یەکەمین شتێک نایبینێت جوانی خۆیەتی وەک بەهایەکی ئینسانی و فیکری و ئەخلاقی و ڕەخنەیی. ڕەخنەی کوردی زۆرجاربەناوی دیدی وجودیانە بۆ ئەدەب یان مەسەلەی هونەر بۆ هونەر و غیابی ئیلتیزام و چەندان دۆگمی ئایدیۆلۆژی و بەهانەی نابەجێی دیکەی لەم بابەتە ئەو ئاستە تایبەتەی ئەزموونی جوانی لە

تێکستە جیاوازەکاندا کوشتوە. ڕەخنەی کوردی دوور و هێجگار دوورە لە تێگەیشتن و خوێندنەوە و کەشفکردنی ئەو خیبرە ئیستاتیکییەی کە شتەکان دەیبەخشن، ئەو ئەزموونە ئیستاتیکییەی لەدەرەوەی هەر ئامانجێکی ئامرازییانەی بەکارهێنانی ئەو شتانەدا ئامادەیە. مەبەستیشم لە خیبرەی ئیستاتیکی ئەو خیبرە تایبەتەیە کە هارمۆنیەتێکی قووڵ لەنێوان خەیاڵ و عەقڵ و هەستەکانی ئینساندا دروستدەکات، لە تێکستی سەرکەوتوودا چێژی عەقڵی و چێژی فانتازی یەک ئەویدیکەیان تەواو و کامڵ و دەوڵەمەند دەکات و ئەمیان هێز و سیحر بەبەری ئەویدیاندا دەکات. هەر ئەم هارمۆنیەتەی نێوان عەقڵ و هەست و خەیاڵە کە مەحەکی جوانیی و خیبرەی ئیستاتیکیشە. بەشی هەرە گەورەی ڕەخنەی کوردی باز بەسەر ئەم ڕەهەندە گرنگەدا ئەدات و وەک باسمکرد ڕاستەوخۆ پەلاماری نوسەری تێکستەکە ئەدات و بەدوای ئایدیۆلۆژیا و هەڵوێستی سیاسی و بیروبۆچوونی نووسەر و ئەو دۆگمانەدا دەگەڕێت کە ڕەخنەگر خۆی باوەڕی پێیانە. ڕەخنەی کوردی خاوەنی ئیستاتیکا و جوانییەکی تایبەت بەخۆی نییە، بەرهەمهێنی خیبرەیەکی تایبەتی ناسین و ئامێزکردنەوە نییە بۆ جوانی، کە ئەمانەش ناکات لێناگەڕێت ڕووکارە جوانکارییەکانی تێکست خۆیان بۆ خۆیان بدوێن و لەژێر قورسایی کۆمەڵێک داواکاری و چاوەڕوانی دەرەکی و دۆگمی ئایدیۆلۆژیدا وێرانیاندەکات.

ئێمە گەلێکین تا ئێستا ڕەخنەگرەکانمان جوانییان بۆ پێناس نەکردوین، تا ئێستا جوانی نەبۆتە بەهایەکی سەربەخۆ لە پەیوەندیی خوێنەردا بە تێکستەکانەوە، ئێمە هەمیشە جوانییمان بەستۆتەوە بە کایەکانی دەرەوەی جوانی خۆیەوە، بە سیاسەتەوە، بە ئەخلاقەوە، بە ئایدیۆلۆژیا و بە ئاینەوە. جوانی وەک جوانی، جوانی وەک جۆرێک لە خیبرەی تایبەت، وەک بەهایەکی سەربەخۆ ئامادەنییە، ڕەخنەی کوردی ئەوەتەی هەیە ڕێ لەهاتنەکایەی ئەم ڕەهەندە گرنگەی ئەزموونی ئینسانی ئێمە لە پەیوەندیدا بە تێکست و کارە هونەرییەکانەوە، دەگرێت. پێموایە ئەم مەسەلەیەیە، واتە ڕێگرتن لە لەدایکبوونی جوانییە وەک بەهایەکی سەربەخۆ، وادەکات خوێنەری ئێمە تێگەیشتنی بۆ ڕەخنە لەوەدا کوورتبێتەوە کە چالاکییەکە پاشکۆی تێکستە ئەدەبییەکان. بێگومان ڕەخنەیەک هەمیشە سەرقاڵی ئەوەبێت لە تێکستدا بەدوای بیر و تیورە

و فەلسەفەیەکی پێشتر نووسرا و ڕاگەیەندراودا بگەڕێت، ڕەخنەیەک بەدوای کۆمەڵێک هەڵوێستی سیاسی دیاریکراودا بگەڕێت بۆئەوەی یان چەپڵە بۆ نووسەرەکە لێدات یان نەفرەتی لێبکات، ڕەخنەیەکە لە تێکستدا هیچشتێک نادۆزێتەوە، ڕەخنەیەکە نابینا و پاشکۆی نەک تەنها دەقی ئەدەبییە بەڵکو پاشکۆی حیزبە سیاسییەکان و ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکانیشە. گەر ڕەخنەگرێکی مارکسی هەموو ئەرکە داهێنەرەکانی ڕەخنەی کورتکردەوە بۆئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە داخۆ ئەم نووسەرە گەشبینە و باوەڕی بە گۆڕان و نزیکبوونەوە لە سۆسیالیزم هەیە یان نا، داخۆ ئەوەی نیشانداوین سەرلەنوێ پێداگرتنەوەیە لەسەر ئەو تێزەی کە دەڵێت ململانێی چینایەتی ماشێنی گۆڕانە مێژوویەکانە، داخۆ ڕیالیستە یان ناڕیالیست و بەمەش هەموو خیبرەیەکی جوانکاری و ئیستاتیکییانەی لەتێکستەکاندا پشتگوێخستبێ و توانای دۆزینەوەی کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی نوێی لە پەیوەندی بە تێکستەکانەوە پێشێلکردبێت، ئەوکات خوێنەری وریا ناچارە پێیبڵێت من لەباتی ئەم ڕەخنانەی بەڕێزت بخوێنمەوە بۆئەوەی بزانم مارکسیزم چییە، دەچم کتێبەکانی مارکس دەخوێنمەوە و لەوێدا تیورە و دید و وێناکردنەکانی ئەم فیکرە بۆ مێژوو و کۆمەڵگا و ئینسان دەخوێنمەوە. لە دۆختێکی لەو بابەتەدا هەموو خوێنەرێک دەتوانێت بڵێت ئەم ڕەخنەیە ڕەخنەیەکە لەدوای تێکستەکانەوە دەڕوات، نا ڕەخنەیەکە هەرگیز بە تێکستەکان ناگات و بەردەوام لە مەسافەیەکی ئایدیۆلۆژییەوە لێیاندەڕوانێت.

بێگومان ئەدەبی ئێمە خاوەنی کۆمەڵێک تێکستی لەڕادەبەدەر جوانە، سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمی ئەم ئەدەبە نموونەی گەورەی گرنگیدان بە بەهاکانی جوانی وەک جوانی بۆ هەڵگرتووین، بەڵام کە ڕەخنە دەێت و بە هەنگەشەلێیەکی ئایدیۆلۆژییەوە دەکەوێتە دوای ئەو تێکستانە، کەدێت و لە ئاستێک لە ئاستەکانی مانادا، کەزۆرجار ساکارترین و بەرچاوترین ئاستەکانی مانایە، پەکی دەکەوێت، کاتێک خوێنەری ئاسایی پەی بە نهێنی زیاتری تێکستەکان دەبات لەوەی کە ڕەخنەگر بۆی ئاشکرادەکات، دەبێت چ دیدێک بۆ تەماشاکردنی ڕەخنە بمێنێتەوە بەدەر لەوەی کە پاشکۆی هەمووشتێکە و لەپێش هەمووشییانەوە پاشکۆی تێکستەکانە، دەبێ خوێنەر چۆن لەو وێناکردنە ڕزگاریبێت کە ڕەخنە کۆیلەیە و تێکست ئاغا، ڕەخنە ووتنەوە و جوینەوە و

مشـەخۆرییە و تێکست قسـەکردنێکی ئازادانە، ڕەخنە گیرخواردنە لە توێژاڵە دەرەکییەکانی دەقدا و دەق خۆی سەفەرێکی فیکری و ئیستاتیکی داهێنەرانەیە بەناو قووڵاییەکانی دنیا و مانا و دەلالەتدا. ڕزگاربوون لەم دۆخە پێویستی بە داهێنانی جـــۆرێکی نوێ لە ڕەخنە هەیە، ڕەخنەیەک بتـــوانێت تەریب بە تێکستـەکان جیـهانێکی سـەربەخۆ بخولقێنێت و ببێتە هەڵگری شێوەیەکی سەربەخۆ لە جوانی و سەرسامی و قووڵی.
لە سـەرێکی دیکەوە لـە واقیـعی ئێـمـەدا و لەژێر سێـبەری ئەو سـادەکارییـە کـوشندەیەدا کـە لەسـەرەوە بۆ پێناسـەکردنی ئەدەب و ڕەخنە نیـشـانماندا، ئاسانترە ببیتە ڕەخنەگر تا نووسەر. لای ئێمە ئینسـان بە خوێندنەوەی کتێبێک یان دوو کـتـێب دەبێت بە ڕەخنەگـر. هەندێک کـەس هـەن پێـیـانوایە بەتەنهـا خوێندنەوەی کتێبی ماتریالیزمی دیالێکتیک، یان مانیفێستی کۆمۆنیست، یان لامونتەمییەکەی کۆلن ولسن، یان یەکێک لە کتێبەکانی سارتەر، یان کتێبێکی ڕۆلان بارت و تۆدۆرۆڤ بەسە بۆ ئەوەی ببیتە ڕەخنەگرێکی مارکسی و وجودی و بونیـەوی .... نەک تەنهـا لە بواری ئیـسـتـاتیکا و ئەدەبدا بەڵکو لە هەمـوو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و فیکری و سیاسیدا. ڕەخنە لای ئێمە کـارێکی لەڕادەبەدەر ئاسـانە و پێویسـتی بە ناسـینی بەشـێکی زۆری میـتـۆدە ڕەخنەییـەکـان، بە شـارەزاییـەکی باش لە زیاد لە زانسـتـێک لە زانسـتـە کۆمەڵایەتییەکان و بە بوونی زەخیرەیەکی فەلسەفی گەورە و ئەزموونێکی درێژی خوێندنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان نییە. ڕەخنە لای ئێمە بـە قسـەزانی نزیکە تا زانست، ڕەخنەگـر زیاتر کـارەکـتـەری خـەتیـبـێکی هـاوچەرخی هەیە تا لێکۆڵەرەوەیەکی ورد و بـە سـەلیقـە، ڕەخنەگرتنیش زیاتر لە فـۆرمـی هێـرش و چەپڵەلێداندا دەردەکەوێت نەک لە کەشفی دنیای ناوەکی تێکستەکان و گرێدانی ئەو دنیا ناوەکیـەش بە جیـهانەوە. ڕەخنە کە ئیشکردن نەبێت لەسـەر تێکست، تێکستیش کە جیهانێک نەبێت پڕ لە بیر و بۆچوون و ئینسـان و گروهـ و پرۆژە و پێکدادان و ملمـــلانـێ و جـوانی و خـــەمــبـاری و تووڕەیی کـــە بۆ ناسـین و ئاشکراکـردنیـان پێـویسـتت بـە زیاد لە میـتـۆد و دەسکەوتی زیاد لـە زانسـتێک هەبێت هتد... ئیدی چی لەوە ئاسـانترە ببیت بە ڕەخنەگر و حوکمی دۆگمایی و ئایدیۆلۆژی و سـیـاسی بدەیت و مـیـتـۆدەکـان لەنێـوان خـۆت و داگیـرکـەراندا

دابەشکەیت. چی لەوە ئاسانترە فیکر و مەنەهەج و تێڕامان کورتکەیتەوە بۆ کۆمەڵێک دروشمی ئایدۆلۆژی و بەلەبەرکردنی ئەم دروشمە ئایدیۆلۆژیانە واتزانیبێت لەو پەڕی مەعریفە و فیکرەوە هاتوویتەوە و پێویستت بە بەکارهێنانی سەرچاوە نییە بۆ قسەکردن لەسەر تێکستەکان. بێدوودڵی لە ناوەندێکی رۆشنبیریی و رەخنەیی لەو بابەتەدا وێنەی رەخنە دەبێتە وێنەی پاشکۆیەکی نەخۆش بۆ تێکست و لەفۆرمی قورساییەکی نامەعریفیدا بەسەرشانی نووسەر و تێکستەوە بەرجەستەدەبێت، نەک رۆڵی چەپکێک تیشک ببینێت بۆ رووناککردنەوەی تاریکییە فیکریی و ئیستاتیکییەکانی ناو تێکست.
دواهەمین خاڵێک بمەوێت لێرەدا هێمایەکی خێرای بۆ بکەم ئەو پەیوەندییە فرەلایەن و قووڵەیە کە دەشێت نووسەر و رەخنەگر بەیەکەوە کۆکاتەوە. بەبۆچوونی من لەناو هەر رەخنەگرێکی گەورەدا نووسەرێکی گەورە و لە ناو هەر نووسەرێکی گەورەشدا رەخنەگرێکی گەورە پەنهانە. هەم رەخنە و هەم نووسین منداڵی ناو یەک فەزای ئەدەبی و فیکری و مەعریفین، ناتوانین لایەنە جیاوازەکانی ناو ئەم فەزایە لەیەکدی دابڕین. کام نووسەری ڕاستەقینە هەیە لە ویژدان و دید و خیبرەی ئەدەبیدا رەخنەگرێکی گەورە ئامادەنەبێت و لەناوەوەڕا پرۆسەی داهێنان نەخاتە ژێر چاودێرییەکی سەختی ئەو بەها ئیستاتیکی و فیکری و رەخنەییانەوە کە رێ لە بەرهەمهێنانی تێکستی خراپ و بێمانا و ناشیرین دەگرن. لەهەناوی هەر نووسەرێکدا رەخنەگرێکی داهێنەر ئامادەیە کە تەماشای دێڕ و پەرەگراف و پاڵەوان و رووداو و وێنەکانی ناو تێکستەکەی دەکات، لەناو هەر رەخنەگرێکیشدا نووسەرێک ئامادەیە کە یارمەتیدەری بەگەڕخستنی خەیاڵی ئەدەبی رەخنەگرەکە و تیژکردنەوەی توانا عەقڵیی و خەیاڵییەکانیەتی. رەخنەگر و نووسەر دووانەیەکی لێکدیجیانەکراوەن.

پرسیار: بوونی دیدی ئەدەبی مولتەزیم داواکاری هەندێک لە پێویستی بوونی رەخنەی مولتەزیم لەسەردەمی ئەمڕۆدا چۆن لێکدەدرێتەوە؟
وەڵام: با سەرەتا بەو حوکمە دەستپێبکەم کە هیچ ئەدەبێکی ڕاستەقینە بوونی نییە لەدەرەوەی ئیلتیزامدا، لەهەموو دنیاشدا نووسەرێک نییە رێزی خۆی و رێزی نووسین و رێزی خوێنەربگرێت و مولتەزیم نەبێت. بەڵام داخۆ مەبەستمان

له ئیلتیزام چییه؟ ئایا ئیلتیزام مانای پەیوەستبوون بە کێشە و گرفت و هیوا و ئامانج و مژدە و کارەساتەکانی ناو ئەو جیهانەوە کەتێیدا دەژین، یاخود وابەستەی ئەندامبوونە لە حیزبێکی سیاسی دیاریکراودا؟ ئایا ئیلتیزام گوتراو و هەڵوێستێکی فەلسەفییە یاخود گوتراوێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسییە؟ ئایا لەپشتی چەمکی ئیلتیزامەوە پەروەردەکردنی هەستێکی ئەخلاقی و هەستی بەرپرسیاربوون بەرامبەر بەو جیهانەی تێیدا دەژین ئامادەیە، یاخود هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆژیایەک و کردنیەتی بە مەحەکی هەموو ڕاستییەک و بە تاقە سەرچاوی هەر دید و بۆچوون و شێوازێکی اتیبەتی پەیوەندی بە واقیع و کۆمەڵگا و ئینسانەوە؟

ئەگەر مەبەست لە ئیلتیزام مانا فەلسەفییەکانی ئیلتیزامە ئەوا پێتدەڵێم هەر نووسەرێک تۆزقاڵێک کەسایەتی خۆی و کەسایەتی نووسینەکانی بە جدی وەگرێت و ڕێزی ئەو شتانەبگرێت کە پێیانەوە سەرقاڵە، مولتەزیمە. بەڵام ئەگەر مەبەستمان لە ئیلتیزام ئەو مانا ئایۆلۆژی و سیاسییانەبێت کە ئینسان دەکاتە کۆیلەیەکی هاوچەرخ، ئەوکات ئیلتیزام مایەی کەمخوێنییەکی فیکری و ئەدەبی و فەلسەفی و ئەخلاقی گەورەیە و یەکەمین شتێک لە ئینساندا وێرانیدەکات توانای بەگەڕخستنێکی ئازادی ئیرادە و عەقڵ و خەیاڵە، کە هەریەکێک لەمانە ڕەگەزی گرنگی پرۆسەی داهێنانن. بێگومان من لێرەدا نامەوێت بەرگری لەو دیدە بکەم کە نابێت ئەدیب یان نووسەر یان هونەرمەند ببنە ئەندامی ئەم حیزب یان ئەو حیزب، هەڵگری ئەم یان ئەو ئایدیۆلۆژیا بن، نا... ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەمەیە: ئیلتیزام کاتێک دەبێتە ڕەگەزێکی تایبەتی داهێنان کە باوەشکردنێکی بەرپرسیارانە و فەلسەفییانەبێت بە جیهان و کێشەکانیدا لە دیدێکی ئەخلاقی واشەوە کە تێیدا نووسین سەرقاڵی زیاترکردنی بڕی جوانی و بڕی بەختەوەری و بڕی خۆشەویستی بێت لە پەیوەندیمان بە جیهانەوە.

لەسەدەی بیستەمدا فەلسەفەی بوونگەرایی، وجودیەت، داهێنەری سەرەکی بیرۆکەی ئیلتیزامە لە ئەدەبدا و سارتەر پێغەمبەری ئەم دید و بۆچون و وێناکردنەیە بۆ ڕۆڵی نووسین و ڕۆڵی نووسەر. بەڵام سارتەر بە گەڕاندنەوە بۆ مارکس پێ لەسەر مەسەلەی ئیلتیزام و مولتەزیمبوون دادەگرێت. بەر لە سارتەر بە سەدەیەک مارکس ئەو بیرۆکە بەناوبانگە ڕادەگەیەنێت کە کاری فەلسەفە

چیدی تەنها لێکدانەوەی دنیا نییە، بەڵکو هەوڵدان و بەشداربوونە لە گۆڕانیدا، بەمەش سەرەتای ئەو تیورە تایبەتە دادەنێت کە دواتر سارتەر بەناوی ئیلتیزامەوە ڕایدەگەیەنێت و بەوردی تیوریزەی دەکات. سارتەر ئەم دیدە مارکسییە بۆ ئیلتیزام لە دووو پرنسیپی سەرەکیدا دادەڕێژێت:

یەکەمیان: ئەرکی ووشیارکردنەوەی ئینسان بەرامبەر بەو هەلومەرجە وجودییەی تێیدا دەژی.

دووهەمیان: وەبیرهێنانەوە و ئاگادارکردنەوەی بەردەوامی ئینسان لە بەرپرسیاربوونی بەرامبەر بەو هەلومەرجەی هەم خۆی و هەم ئەویدی و هەم کۆی شتەکانی دیکەی لەئامێزە.

واتە لای سارتەر دوو مەسەلە لە ئیلتیزامدا گرنگە، یەکەمیان ووشیارکردنەوەی ئینسان بەرامبەر بەو هەمولەرجەی تێیدا دەژی، دووهەمیان بەرپرسیاربوون بەرامبەر بە کێشە و ئەگەر و مژدە و نەهامەتییەکانی ئەو هەلومەرجە.

بەبۆچوونی من ئیلتیزام لەم ئاستەدا ئیلتیزامێکی فەلسەفییە و جگە لە بەرهەمهێنانی هەستێکی ئەخلاقی و پەروەردەکردنی هەستێکی قووڵ بە بەرپرسیاریەت بەرامبەر بە جیهان، لەهەمانکاتدا سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ داهێنان. ئینسان تازیاتر پەیوەستبێت بە کێشە گەورەکانی سەردەمی خۆیەوە، تا زیاتر بەشێک بێت لە نەبزی لێدانی دڵی ئەو ڕۆژگارەی تێیدا دەژی و تا زیاتر بەسەدان سەرەداوی بینراو و نەبینراوەوە گرێدرابێتەوە بە بوون و جیهانەوە، زیاتر دەتوانێت لە ئەگەر و کێشە و ماناکان و لە کۆی شتەکانی ناو ئەو دنیایە تێبگات کە وەک دەرنجامی پەیوەستبوون و بەرپرسیارییەت دێنە ناو ووشیارییەوە. چەند ئەم تێگەیشتنەش گەورە و بەرفراوانبێت ئەوەندە سەرزەمینی داهێنان لەگەڵیدا گەورە و بەرفراواندەبێت.

سەرەڕای ئەمانە ئیلتیزام بەم مانا فەلسەفییە هەڵبژاردنێکی خۆبەخۆی ئیرادەگەرانە و ووشیارە و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییەکی قووڵ ئاراستەکانی دەستنیشاندەکات. لەپاڵ ئەم دیدەدا بۆ ئیلتیزام ئینسان دەبێتە بوونەوەرێکی ووشیار و بەرپرسیار و ئیرادەگەر، دەبێتە هەڵگری خەونی گەورەی گۆڕان و پرۆژەی جوانترکردنی دنیا و ڕێزنان لە ئینسان و شتەکان. هەموو ئەمانەش، بە بۆچوونی من، لە ڕەگەزە گرنگەکانی داهێنانن. بە مانایەکی دیکە

ئەگەر ئیلتیزام هەستکردنی نووسەربێت بەوەی کە سەر بە کۆمەڵگا یان جیهانێکی دیاریکراوە و پەیوەستە بە ڕووداوەکانی ئەو جیهانەوە، ئەگەر ئیلتیزام مانای ئەوەبێت نووسەر نەیەوێت ڕۆڵی تەماشەکەرێکی بێباک ببینێت و هەڵوێستی گوێپێنەدان، دوورەپەرێزی و شتی دیکەی لەم بابەتە وەرنەگرێت، ئەوکات چەمکێکە دەتوانین بەردەوام لەڕووی ئەخلاقییەوە بەرگری لێبکەین و بیبەستینەوە بە پەیامی نووسین و نووسەربوونەوە.

بەڵام ئیلتیزامێک بتکاتە دەفژەنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو و دۆگماتیستێک کە دنیا لەناو نەخشە ئایدیۆلۆژییە بەرتەسکەکانی خۆیدا بەندکات، ئیلتیزامێک بەهەقیقەتێک بارتکات لێیدەرنەچیت و وەک کۆیلە تەسلیم بە گریمانەکانی بکات، ئیلتیزامێکە نەک لە قازانجی نووسین و داهێناندا نییە بەڵکو دەبێتە گۆڕستانی داهێنان. کێشەی سەرەکی چەمکی ئیلتیزما لە واقیعی ئەدەبی ئێمەدا لەوەدایە کە مانا سیاسی و ئایدیۆلۆژی و دۆگماییەکانی ئیلتیزام تەواو زاڵن بەسەر مانا فەلسەفی و ئەخلاقییەکانیدا. لای ئێمە کە قسە لە ئیلتیزام دەکرێت قسە لە مانا فەلسەفییەکانی ئیلتیزام ناکرێت، باسی ئەوەناکرێت نووسەر بەرپرسیارە بەرامبەر بە هەرچی زیاتر جوانکردنی جیهان و زیادکردنی بڕی بەختەوەری ئینسان لەڕێی داهێنانەوە، لای ئێمە کە باس لە ئیلتیزام دەکرێت ڕاستەوخۆ داوات لێدەکرێ کوتومت بەهەمان دۆگمەکانی داواکەرانی ئیلتیزام بنووسیت و نەخشەکانی ئەو ڕێبازە ئایدیۆلۆژی و حیزبە سیاسییە بۆ سەفەری فیکری و ئەخلاقی و ئیبداعییت قبووڵکەیت، کە بەڕێکەوت کاکی ڕەخنەگر لەوساتەدا باوەڕی پێیەتی و زۆرجاریش فاشیستانە دەخوازێت بیانسەپێنێت. من لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشتردا باسم لە چەند کارەکتەرێکی تایبەتی ڕەخنەی کوردی کرد و ووتم ڕەخنەیەکی بێمەنهەج و دۆگمایی و ئایدیۆلۆژی و سادەپەرستە، لێرەدا و لەپاڵ چەمکی ئیلتیزامدا ئەوەشی دەخەمەسەر کە ڕەخنەیەکی خنکێنەرە و زۆرجار هەناسە لەبەر هەموو هەوڵێکی داهێنەرانە دەبڕێت. زۆر لە ڕەخنەگرەکانی ئێمە ئیلتیزامییان کورتکردۆتەوە بۆ گوتراوێکی سیاسی بێرۆح، بۆتە داوایەک بۆ پەیوەستبوون بە حیزبێک یان تیورە و ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتەوە، ئیلتیزام بۆتە چەکوشێکی دیاریکراو بۆ هێرشبردنی بێبناغە سەر ئەم و ئەو و چەپڵەلێدانی ناهەق بۆ فلان و فیسار. لەهەموو ئەم دۆخانەشدا ئیلتیزام

هەڵوێستێکی وجودییانەی قووڵ نییە بەرامبەر جیهان و بوون و کۆمەڵگا و ئینسان و کەم تازۆر پەیوەندی بە ئەدەب و هونەر و داهێنانەوە نییە. بەکورتی ئیلتیزام لای ئێمە تەرجەمە نەکراوە بۆ ڕۆحێکی یاخیگەرانە و تازەخواست، نەبۆتە هۆی هاتنەکایەی مۆراڵێکی تایبەتی بۆ نووسین، نەبۆتە وزەیەک بۆ داهێنان، نەبۆتە داوایەک بۆ فراوانکردنەوەی جوگرافیای بەرپرسیارییەت. بەپێچەوانەوە ئەوەی چەمکی ئیلتیزام لە ئەدەبی ئێمەدا پیادەیکردوە بەرهەمهێنانی جۆرێکە لە ئەدەبی حەماسی دروشمئامێز کە هەڵگری هیچ قووڵاییەکی فیکری و ئیستاتیکی و مێژوویش نییە.

لەڕووی تیورەی ئەدەبیشەوە چەمکی ئیتیزام لەو جۆرە چەمکانەیە کە دژ بەو تیورانە کاردەکات کە کەم تا زۆر باس لە جۆرێک لە سەربەخۆبوون بۆ ئەدەب و هونەر و نووسین دەکەن لە بەرامبەر کۆمەڵگا و جەبری ڕووداوە ڕۆژانەییەکانی ناو کۆمەڵگادا. ئەم داوایەش زۆرجار وایکردوە هیچ سنوورێک لەنێوان کایە جیاجیاکاندا نەمێنێتەوە و بۆ نموونە سنوورەکانی نێوان ئەدەب و هونەر لەلایەک و سیاسەت و ئەخلاق لەلایەکی دیکەوە بەتەواوی بسڕێتەوە بەشێوەیەکی نادروست بەیەکدی تێکەڵبن. ئەم تێکەڵبوونەش لەیەککاتدا هەم زیان بە ئەدەب و هونەر و نووسین و هەم زیان بە سیاسەت و ئەخلاقیش دەگەیەنێت.

بە کورتی بانگێشەکردن بۆ ئیلتیزام دەشێت لە یەککاتدا هەم هۆکاری داهێنان و گەڕاندنەوەی حورمەت و ڕێزبێت بۆ نووسین، هەم سەرچاوەی داخستنی هەر دەرگایەکیش بێت بەڕووی داهێناندا. پرسیار ئەوەیە ئێمە چۆن لە ئیلتیزام دەگەین و چ مانایەکی پێدەبەخشین؟

دواهەمین خاڵێک لێرەدا بمەوێت هێمایەکی خێرای پێبکەم ئەو کەسانەن کە داوا و بانگێشەی ئیلتیزام دەکەن، زۆربەی کات ئەم بەڕێزانە کەسانێکن بێمەنهەج و بێ دەسگایەکی فیکری و بێ چەمکی پێگەیشتوو و فرەلایەن بۆ قسەکردن لەسەر ئەدەب و ئەزموونی ئەدەبی و جوانی. ئیلتیزام دێت بۆئەوەی ئەم هەموو کەموکوڕییە لە پێکهاتی فیکری و مەنهەجی و ئیستاتیکی ئەم بەڕێزانەدا داپۆشێت، بانگێشە بۆ ئیلتیزام، بە مانا سیاسییەکەی دەبێتە ئەو پەردەیەی لە پشتییەوە چۆڵەوانییەکی فیکری خۆی دەشارێتەوە.

پرسـیـار: ئایا نەبـوونی ڕەخنەی بەراوردکاری نـەبۆتە هۆکاری ئـەوەی هـەندێ لە نووسـەران دەست والابن لە وەرگـرتن و گـواسـتنەوەی بڕگـە و وێنەی تێـڕوانینی نووسەرانی تر بەبێ ئاماژەدان؟

وەڵام: هـەر ڕەخنەیەک لانیکەمـی زانیـاری بەرامبـەر بە تێکستـەکان تێدابێت، هـەر ڕەخنەیـەک لە تێکست خـۆیەوە دەسـتـپـێـبکات و سـەرقـاڵی دۆزینەوەی دەنگ و بێـدەنگیی ناو تێکست بێت، ڕەخنەیەکی بەراوردکارە. هیچ تێکسـتـێک نیـیـە لە دنیادا لە ژێر کاریگەری تێکستەکانی دیکەدا نەبێت و بەچەندان پردی جیاوازەوە بە مێژووی ئەدەب و مێژووی فیکر و مێـژووی داهێنانەوە گرێنەدرابێت. تـێکستی تەنیـای ڕۆبنسن کروسـۆیی لە ئەدەبدا بوونی نیـیە، جیـهـانی ڕۆبنسن کـروسـۆ جیهانێکی کۆلۆنیالیستانەیە و بە فەرسەخ لە جیهانی ئەدەبەوە دوورە. یەکێک لە دەسکەوتـە هـەرە گـرنگەکـانی تیـورە ڕەخنەییـە هـاوچەرخـەکـان دۆزینـەوەی ئەو ڕاسـتـیـەیە کە هیچ تێکسـتێک نیـیە لە دنیادا بـەتەنها و لەدووری تێکسـتـەکانی دیکەوە لەدایکبووبێ. هـەمـوو تێکسـتـێک لە پەیوەندیەکی تـایبـەتدایە بە مـێـژووی تێکسـتـەکانی بـەر لەخۆیەوە و پەیوەندیەکی تایبـەتیش لەگەڵ تێکسـتـەکانی دوای خـۆیدا دروسـتـدەکـات. ئەمـەش مـانای ئەوەی هـەمـوو تێـسکتـێک تێکسـتـێکی بەراوردکـــارە، بۆیە هـەمـــوو خـــوێندنەوەیەکی ئەو تێکســـتـــانـەش دەبێـــتـــە خوێندنەوەیەکی بەراوردکار.

ئەم ڕاستییە هەم لە خەیاڵی نووسـەری تێکستـەکان و هـەم لە خەیاڵی خوێنەردا بە بەردەوامی ئـامـادەیە، واتە هـەم نووسـەر دەزانێت کە بەر لەو بە هـەزاران هـەزار تێکسـت نووســراوە و هـەم خــوێنـەریش بە دەیان و ســەدان تێکسـتی دیکەی خـوێندۆتەوە. بۆیـە هیچ یەکـێکیـان لە خـاڵی سـفرەوە دەسـتـپـێناکـەن و هـەم لە ســاتەوەخــتی نووسـین و هـەم لە ســاتـەوەخــتی خــوێندنەوەدا لـە پرۆســەیـەکی بەراوردکاریدان. لە ڕەخنەی هاوچەرخدا یەکێک لە پێناسەکانی نووسـەر خۆشی ئەوەیە کە بەرلەوەی «خولقێنەر»ی تێکستـەکانی خۆیبێت «خـوێنەر»ی چەندەها تێکسـتی دیکەیە. نووسین خۆشـی بە مـانایـەک لە مـاناکـان خـوێندنەوەیە و وەک خـوێندنەوەش سـەرلەنوێ بەرهـەمـهێنانەوەی ئەو نووسـینانەی دیکەیە کە پێشـتـر لەلایەن کـەسـانی دیکەوە خـوێندراونەتەوە. با شـیـعـری کـلاسیکی کـوردی وەک نموونە وەرگـرین، ئایا لەنێـوان نالی و شـێـخی سـەعدی ئێـرانیدا، یان لەنێـوان

مەحوی و حافیزی شیرازیدا دنیایەک لێکچوون لە زمانی شیعر و ئیبقاع و وێنە و مانا و دەلالەتدا لەئارادا نییە، ئایا تێکستەکانی نالی و مەحوی لە پەیوەندییەکی پتەودا نین بە مێژووی شیعرەوە لە ڕۆژهەلاتدا و هەڵقەیەک نین لە زنجیرێکی درێژی مێژووی شیعر و داهێنان لەو بەشە تایبەتەی جیهاندا؟

یاسای سەرەکی ئەدەب بریتییە لە کارلێککردن و ئامێزانبوونی تێکستەکان بەیەکدی. ڕەخنەگرێکی گەورەی وەک تۆدۆرۆف دەڵێت تەنها لە ساتەوەختی ئادەم و حەوادا، کە هێشتا شتەکان ناو نەنرابوون، بەناویەکداچوون یان ئامێزانبوونی تێکستەکان، بوونی نەبووە. لەدوای ئادەم و حەواوە هەموو شتێک لە پەیوەندییەکی ئامێزانبووندایە لەگەڵ شتەکانی دیکەدا. جولیا کریستیڤا کە ئیمامی ئەم جۆرە دیدەیە بۆ تێکست بە گشتی و تێکستی ئەدەبی بە تایبەتی، بەدرێژایی ژیانی وەک ڕەخنەگرێکی گەورە بەردەوام ئەم دیدەی بۆ ئەدەب و ئامێزانبون دووبارەکردۆتەوە. کریستیڤا خۆی لەیەککاتدا ڕەخنەگر و سیمۆتیک و فێمینیست و شیکەرەوەی سایکۆلۆژییە و کارەکانی بریتیین لە گواستنەی سیستمێک یان چەند سیستمێکی ئاماژە بۆ ناو سیستمێک یان چەند سیستمێکی تری ئاماژە و ئامێزانکردنیان بەیەکدی. کریستیڤا لەباتی کارلێک و کارلێکی پێچەوانە لەنێوان نووسەراندا باس لە کارلێک و کارلێکی پێچەوانە لە نێوان تێکستەکاندا دەکات. ئەمەش مانای ئەوەی بەراوردکاری هەمیشە بەشێکی قووڵی نووسین و خوێندنەوەیە. بەڵام کێن ئەو نووسەرانەی توانای ئامێزانکردنی سیستمە فیکرییە جیاجیاکان و سیستمە ئاماژە لێکدوورەکانیان بەیەکدی هەیە؟ ئایا ئامێزانبوون کارێکە و هەرکەس دەستیدایە قەڵەم دەتوانێت پێیهەڵسێت؟

کریستیڤا لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا باس لەوەدەکات کە هەموو کەسێک ناتوانێت تێکستەکان بەیەکدی ئامێزانکات، ئامێزانکردنی تێکست پێویستی بە توانایەکی دیاریکراو هەیە، توانای گواستنەوە لە سیستمێکی ئاماژەوە بۆ سیستمێکی ئاماژەی تر و تێکەڵکردن و ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی سیستمە جیاوازەکانی مانا و دەلالەت بەیەکتری. ئامێزانبوونی تێکستەکان لە جەوهەردا پرۆسێسێکی قووڵی بەرهەمهێنانی مانا و بەخشینی دەلالەت و تێکەڵکردنی مەبەستەکانە بەیەکتری کە تەنها نووسەرێکی داهێنەر و ئاگادار لە مێژووی

فیکر و مێژووی ئەدەب و مێژووی سیستەمە جیاوازەکانی ئاماژە دەتوانێت ئەنجامیانبدات.
لەسەرێکی دیکەوە کردەی ئامێزانبوونی تێکستەکان بەیەکدی هێمایەکی ڕاستەوخۆیە بۆ بوونی مێژوویەک بۆ تێکستەکان. ئەو نووسەرەی مێژووی تێکستەکان بە وردی نەناسێت و نەخوازێت جێیەکی هەبێت لەناو ئەو مێژووەدا بیر لە ئامێزانکردنی تێکست ناکاتەوە. بۆیە ئەو تێکستە ئەدەبی و فیکرییەی لە ئەساسدا خەونی ئەوەی نەبێت بچێتە ناو مێژووی ئەدەب و مێژووی فیکر و مێژووی داهێنانەوە و خۆی وەک خاڵێک لەناو ئەو مێژووەدا وێنانەکات، ناتوانێت ببێتە تێکستێکی ئامێزانبوو.
من ئەم پێشەکییە درێژەم بۆیە هێنایەوە بۆئەوەی جەغد لەسەر دوو خاڵ بکەم:
یەکەم: هەموو ڕەخنەیەک و هەموو تێکستێک لە جەوهەردا ڕەخنە و تێکستێکی بەراوردکارن، تێکەڵبوون و ئامێزانبوون و باوەشبەیەکداکردن کارەکتەری ئەدەب و فیکر و داهێنانە لە هەموو شوێن و سەردەم و ڕۆژگارێکدا.
دووهەم: بۆئەوەی ئەو خاڵە نیشاندەم کە ناتوانین قسە لە ئامێزانبوونی تێکست و تیورە و وێناکردنەکان بکەین بەبێ ناسینێکی وردی مێژووی ئەدەب و فیکر و داهێنان و مێژووی ئەو سیاقە جیاوازانەش کە تێکستەکان و تێز و تیورە جیاوازەکان تێیدا بەرهەمهاتوون. سەرەڕای ئەمانە دەبێت زانیاری تەواومان دەربارەی میکانیزمەکانی کۆچکردنی فیکر و ئاماژە و فەزاکان هەبێت و پێداویستییە دەرونی و ڕۆحی و مێژوووییەکانی ئەو کۆچکردنە مەعریفی و فیکری و ئەدەبییە بە وردی بناسین و بتوانین وردەکارییەکانی بخوێنینەوە، گەر بمانەوێت بەمانی بەراوردکار دەستبەکار و چالاکبین.
ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئامادەیە غیابی ئەو دوو خاڵەی سەرەوەیە. سەرەتا ئێمە ڕەخنەیەکمان نییە ووشیاربێت بە جەوهەری بەراوردکارانەی خۆی و خۆی وەک چالاکییەکی فیکری ببینێت کە بەردەوام ئامێزانە بە چەندان دیدی ڕەخنەیی و مەنهەجی و مەعریفی دیکە چ لەناو دنیای ڕەخنە خۆیدا چ لەدەرەوەی ئەم دنیایەدا. واتە ڕەخنەیەکمان نییە لەوە تێبگات کە کاری ڕەخنەیی لە بنەڕەتەوە کارێکی بەراوردکارە و ناتوانین لە ناوی قوتابخانەیەک لە قوتابخانە ڕەخنەییەکاندا بەندیکەین. نەبوونی ئەم ووشیارییە ڕەخنەییەش لە نەبوونی

خودی ڕەخنەگرێکی ڕاستەقینەوە هاتووە. تۆ کە ڕەخنەیەکت نەبوو بە زمانی میتۆدە هاوچەرخەکانی دنیا و دەسکەوتە گرنگەکانی بوارەکانی زمانناسی و شیعریەت و سیمیۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیای ئەدەب و تێزە سایکۆلۆژییە نوێکان بدوێت، کە ڕەخنەیەکت نەبوو دوو ڕای قووڵی لەسەر ئەدەبی هاوچەرخی جیهانی و لەسەر مێژووی ئەدەب و لەسەر مێژووی قوتابخانە ئەدەبی و فیکری و ئیستاتیکییەکان تێدابێت، تۆ کە لەچۆڵەوانیەکی مەعریفی و فیکری و ئیستاتیکیدا بژیت، چۆن دەتوانیت قسە لە بەراوردکاری بکەیت، بەراوردکردنی چی بە چی و کێ بە کێ و چ تێکستێک لەگەڵ چ تێکستێکدا و لەسەر کام بنەما و تێڕوانین و مەنهەجیەت. تۆ کە کایەیەکی ڕەخنەییت هەبێت سەرەتاییترین مەرجی نووسینی ڕەخنەیی تێدانەبێت و ڕێبوارانە بەپاڵ زۆربەی هەرە زۆری میتۆد و تێز و تیورە تازە و کۆنەکاندا تێپەڕێ و وەک لەسەر ئەم زەویە و لەناو ئەم جیهانە پڕ داهێنان و مەعریفەیەدا نەژی، ئیدی ڕەخنەی بەراوردکاری یانی چی. ئێمە خاوەنی جۆرێک لەڕەخنەین ئەوەی تێیدا ئامادەنەبێت میتۆد و بیرکردنەوەی میتۆدیانە و ڕۆحیەتی مەنهەجییە، ئەم ڕەخنەیە بەهیچ مانایەک درێژکراوەی ئەو قوتابخانە و ڕێبازە ڕەخنەییە گرنگانە نییە کە مێژووی تێڕامان و خوێندنەوەی ئەدەب لە کۆنی کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەرهەمی هێناون. لەم ڕووەوە ڕەخنەی ئێمە لە دۆخێکی نا سروشتی ڕۆبنسن کروسۆییدا دەژی، دەڵێم ناسروشتی چونکە وەک پێشتریش هێمامانپێکرد دۆخی سروشتی ئەدەب دۆخی ئامێزان و تێکەڵبوون و بەراوردکردنە نەک دابڕان و دوورە پەرێزی. ڕەخنە بۆئەوەی بتوانێت بەراوردکاربێت دەبێت سەرەتا بووبێت بە ڕەخنە و بەر لە هەمووشتێکیش هەڵگری ئەو پرنسیپە سادەیەبێت کە پێیدەگوترێت ئەخلاقیاتی ڕەخنە.

خاڵی دووهەم کە دەخوازم باسیبکەم دروستبوونی گروهێکە لە کوردستاندا کە لانیکەمی توانای ڕەخنەیی و زەخیرەی فیکری و لەهەمووشی گرنگتر ئەخلاقیاتی ڕەخنە و ڕەخنەگرتنیان تێدا نییە، کەچی باس لە ڕەخنەی بەراوردکاری دەکەن و ژمارەیەکی بەرچاو لە داهێنەرە گەورەکانی ئێمە بە دزین تاوانباردەکەن. ئەمانە کەسی وایان تێدایە کە چیرۆک و دیراسەی فیکری لێکدیجیاناکاتەوە، هەیانە لە ناونیشانی بەرگی کتێبێکەوە بڕیاری دزینی

کتێبەکە ئەدات و هەشیانە لەهەرشوێنێکدا دوو ئیستیعارەی بینی لێکدەچن ڕاستەوخۆ یەکێکیان بە وەرگرتن و دزی لەویدیکەیان تاوانبار دەکات. ئەوانە ئەوەندە بێئاگا و بێزانین و بێباکن لێکچوونی میکانیکی وەها لەنێوان شتە دژ بەیەک و هەرە جیاوازەکانیشدا دروستدەکەن کە مایەی پێکەنینە. تازەترین نووکتەی ئەم بەراوردکارییە هی بەڕێزێکە کە پێیوایە مادامەکی ناونیشانی کتێبێکی من (دەسەڵات و جیاوازی) یە و مادامەکی فەیلەسوفی فەرەنی جاک دێریداش کتێبێکی هەیە ناوی (نووسین و جیاوازی) یە کەواتە من ئەم کتێبەم لە دێریداوە دزیوە. بەڵام ئەم برا ئازیزە نایەت پێمانبڵێت لە کوێدا و چۆن و کەی و لەکام ووتار و کام بۆچوون و کام لێکدانەوەدا من دزیم لە دێریدا کردوە. ئەو تەنها ناونیشانی کتێبەکەی من بە ناونیشانی کتێبەکەی دێریدا بەراورد دەکات و دەڵێت مەریوان لە دێریدا دزیکردوە. ئەم برادەرە ئەوەندە داماوە ناتوانێت تەماشای ئەوەبکات من چیم لەو کتێبەدا نوسیوە و باس لە چ کێشەیەک دەکەم و ناونیشانی کتێبەکەم چ پەیوەندییەکی بە ناوەرۆکی ووتارەکانی ناو کتێبەکەوە هەیە. ئەو کتێبکەی من کە بەشێکی زۆری تەرخانە بۆ تێگیشتن لە هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ و پەلامارەکانی ئەنفال و میکانیزمەکانی کارکردنی دەسەڵات لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا بەراورد دەکات بە کتێبێکی جاک دێریدا کە باس لە شانۆی فەرنسی و کێشەکانی نووسین و هتد.. دەکات. ئەم دوو کتێبە نەک لە یەکدی نەدزراون بەڵکو تاسەر ئێسقان لەیەکجیاوازن، ئەم دوو کتێبە باس لە دوو میللەتی جیاواز و دوو مێژووی جیاواز و دوو کیشوەری جیاواز دەکەن. تەنها لەبەردەم کوێربوونێکی مەعریفی و فیکری و ئەخلاقیدا دەشێت موهاتەراتی لەم بابەتە بە ڕەخنەی بەراوردکاری تێبگەین. لەڕاستیدا ئەم جۆرە نوکتانە هەرچییەک بن ڕەخنەی بەراوردکاری نین و سادەترین مەرجی ئەخلاقی و فیکریی نووسینیان تێدانییە. ئێمە ئەگەر ڕەخنەی بەراوردکاریمان هەبوایە ئەوکات دەردەکەوت ئەو برادەرانە چەند نامەسئولانە قسەدەکەن و چەند لە قەیرانێکی ئەخلاقی قووڵدا دەژین. ئەم جۆرە بەراوردکارییە نەک سەر بە ئەدەب و عەقڵەیتی بەراوردکارانە نییە، ئەمە، وەک ووتم، کوێربوونێکی فیکری و مەعریفی و لەپێش هەمووشیانەوە ئەخلاقییە. ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارە و بەر لەوەی هێما بە قەیرانێکی ئەدەبی یان فیکری بکات، هێما بە

قەیرانێکی ئەخلاقی گەورە دەکات.
مەسەلەی بەراوردکاری و پەیوەندی چەندلایەن و ئامێزان بوون جارێکی دیکە دەمانباتەوە بۆ مەسلەی چۆنیەتی تێگەیشتنمان لە هەقیقەت، وەک لە وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەمدا لێیدواین. بەبۆچوونی من هیچ هەقیقەتێک نییە لە دنیادا لە پەیوەندیەکی تایبەتدا نەبێت بە کۆمەڵێک هەقیقەتی دیکەوە، هەقیقەت تەنها لە پەیوەندیدا بە شتێکی ترەوە کە هەقیقەت نییە، یان هەقیەتێکی جیاوازە، دروستدەبێت. تەنها ئەوانەی تۆتالیتێر و تاک هەقیقەتین باس لەوەدەکەن کە ئەوان بە تەنها و بەبێ پەیوەندی بە هەقیقەت و نووسین و بەرهەمێکی دیکەوە دەنووسن. هەرچییەک دەینووسن و دەیڵێن تەنها زادەی فیکر و بوونی خۆیانە و خۆیان خولقێنەرین و هیچ پەیوەندیەکی نە بە مێژووی ئەدەب و نە بە مێژووی فیکر و نە بە مێژووی نووسینەوە هەیە و دڵۆپ دڵۆپ و بە سەربەخۆیی لەنوکی زێڕینی قەڵەمەکانی ئەوانەوە دەڕژێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. ئاشکارەیە ئەوەشی ئەم جۆرە قسانەدەکات هەڵگری چ ڕۆحیەتێکی فاشیانەیە و لە چ قەیرانێکی فیکری و مەعریفی و ئەخلاقیدا دەژی.
لەمێژووی ئەدەب و فیکرداهیچ تێکستێک نییە لە دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا نەبێت لەگەڵ واقیع و دنیا و تێکستەکانی دیکەدا. نووسەر بوونەوەرێکە بەوە دەژی کە بەردەوام گوێی لە دەنگەکانی بەر لەخۆی بێ، لە هۆمیرۆس و هەزار و یەک شەو و شانامەی فیردەوسیەوە شت ببیسێت، تا دەگاتە سەر مارکیز و ئیزابێل ئێلیدنی و کۆنتەرگراس و دەیان و سەدانی دیکە. نووسەر ئینسانێکە لەیەککاتدا گوێکانی کراوەیە بۆ دەنگە دوورەکانی ناو مێژوو و ناو واقیع و سەردەم و هەلومەرجی ژیان و ئامادەگی خۆشی.
جۆرج شتاینەر دەڵێت ئەدەب لەو میتافۆرە ئەفلاتونییە دەچێت کە واینیشان ئەدات گوایە شتەکان لەبەریەک گیراونەتەوە، ئەو میتافۆرەی گریمانی ئەوە ئەکات گوایە هەموو شتەکانی لەسەر زەوی لەبەریەککگرتنەوە و کۆپیکردنی شتی دیکەن کە لە شوێنێکی دیکەدا ئامادەن. شتی تەواو لەخودەوە خولقاو و سەربەخۆ بوونی نییە. بەم مانایە ئەدەب دەرنجامی پرۆسەیەکی بەردەوامی بیرکەوتنەوە و بیرچوونەوەیە، مناڵێکی فرە ڕەنگی یاداوەرییە، ئینسان خۆشی بوونەوەرێکی یادکەرەوەیە و بەردەوام یاداوەری لە کارکردندایە و شتکانی بەر

لەخۆی و سەردەمانی خۆی بیردەکەوێتە و بەیەکدیان بەراورد دەکات و پەیوەندی و وێکچوون و جیاوازیان لەنێواندا ئەدۆزێتەوە. بەراوردکردن و ئامێزانکردن و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان شتەکاندا لە سیفەتە هەرەگرنگەکانی ئینسانن. ئەم بەراوردکارییەش پرۆسەیەکی هێجگار ئاڵۆزە و لە ئینسانێکەوە بۆ ئینسانێکی دیکە و لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی دیکە دەگۆڕێت، لەم سیاقەدا نووسەری گەورە ئەوکەسەیە کە زۆرترین شتی بیردەکەوێتەوە و زۆرترین بەراوردکاری دەکات و زۆرترین ئامێزان لە تێکستەکانیدا پەنهانە.

بۆئەوەی لە گرنگی تێکەڵبوون و ئامێزانبوون و بەراوردکاری ناو تێکستەکان بگەین پێویستمان بە خوێنەرێک هەیە کە ئاگادارییەکی تەواوی سەبارەت بە ژمارەیەکی زۆری تێکستەکانی مێژووی ئەدەب و فیکر هەبێت، ناتوانین لە گرنگی و مانا و دەلالەتی ئامێزانبوونی تێکست و ڕووە داهێنەرەکانی تێکستی ئامێزانبوو بگەین گەر خوێنەرێکمان نەبوو توانای ئەوەی تێدابێت ئەو پەیوەندییە نهێنییانە بدۆزێتەوە کە تێکستێک لە گەڵ تێکستەکانی دیکەدا دروستیدەکات، واتە خوێنەرێکمان نەبوو بتوانێت بەراوردکاری بکات. تیورەی ئامێزانبوونی تێکست داوای خوێنەرێکی بەراوردکار دەکات ئاگادار بە مێژووی ئەدەب و بە جیهانی تێکستەکانی دیکە. بۆ نموونە بۆئەوەی بتوانین بەباشی و بە قووڵی لە وردەکاریی و تایبەتمەندییەکانی نالی بگەین، پێویستمان بە ناسینێکی ورد و قووڵ و پێشوەختی تێکستەکانی ئەدەبی کلاسیکی فارسی و بەشێکی باشی تێکستە شیعرییەکانی ناو ئەدەبی عەرەبی هەیە. کە ئەمانەمان باش نەناسی، ئەوکات لە ئامادەگی داهێنەرانەی ئەم مێژووە درێژەی شیعرنووسین لەناو شیعرەکانی نالیدا تێناگەین، کە ئەمەشمان نەزانی لەوە تێناگەین داهێنانی ئەم شاعیرە کوردەی سەدەی نۆزدەهەم لە کوێدایە و ئەو زەمینە دەلالییە تایبەتانەی ئەم شاعیرە کوردە لەناو ئەومێژووە درێژەی داهێنانی شیعر لە ڕۆژهەڵاتدا، دروستیدەکات، کامەیە و چییە و گرنگییەکانی لەکوێدان. چی لەوە ئاسانترە نالی بەوە تاوانباربکەین کە کەش و هەوا و میتافۆر و وێنەی شیعریی لە ئەدبی کلاسیکی عەرەبی و فارسییەوە دزییەوە، بەڵام ئەمە چ بەدڕەوشتییەکی ئەدەبییە گەر بەناوی ڕەخنەی بەراوردکارییەوە شتی لەو بابەتە بڵێین. هەمان شت بە نیسبەت داهێنەرە ڕاستەقینەکانی سەدەی بیستەمی ئێمەوە ڕاستە و ئەو

دەنگەدەنگە نەخۆش و نالەبارەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا سەبارەت بە دزیکردنی هەندێک لە داهێنەرانی ئێمە لە ئارادایە هەمان ئەو نرخەی هەیە کە دەشێت بەرامبەر کەسێکی وەک نالی بەرزبکرێتەوە.
بە کورتی نەبوونی ڕەخنەی بەراوردکاری بەپەلەی یەکەم زیانی لە داهێنەرە گەورەکانی ئەدەبی ئێمە داوە، ئەو داهێنەرانەی کە توانای گواستنەوەی سیستمێکی دەلالیان بۆ ناو سیستمێکی دەلالی دیکە هەیە، کە لەپاڵ زەخیرەی مەزنی داهێنانی فیکری و ئەدەبی جیهانیدا دەنووسن و ساتەوەختە مێژووییە تایبەتەکانی ئێمە بە مێژووی داهێنانی جیهانی تێکەڵدەکەن. بەڵام لە واقیعێکدا کە عەقڵیەتی بەراوردکاری تێدا نەبوو، کە کۆمەڵێک خەڵکی تیابوو باس لە ڕەخنە بکەن بەڵام نەتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان کتێبێک لەسەر شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا نوسرابێت لەگەڵ کتێبێکدا لەسەر شانۆ و نووسین لە فەرەنسادا، کە یەکێک پێیوابێت شاکارێکی وەک «ئێوارەی پەروانە» ی بەختیار عەلی، کە تاسەر ئێسقان ڕۆمانێکی کوردییە، لە حەوت تا هەشت ڕۆمانی دیکەوە دزراوە، ئەوکات ناتوانین گەورەیی کاری ئەو داهێنەرە کوردانە ببینین کە تێکستەکانیان لە دیالۆگێکی قووڵ و فرەلایەندان لەگەڵ مێژووی ئەدەب و شارستانیەت و تێکستەکانی ڕابووردو و سەردەمانی خۆیاندا. ئەوەی دزی ئەدەبی دەکات با لێگەڕێین ویژدانی خۆی موحاکەمەیبکات. یەکێک ئامادەنەبێت لەبەردەمی ویژدانی خۆیدا ڕاستگۆبێت هەموو ڕەخنەگرانی دنیا ناتوانن فێری ڕاستگۆیی بکەن، ئەوەی لەپەیوەندیدا بەخۆیەوە هەڵوێستێکی ئەخلاقییانەی نەبێت ناتوانیت فێری ئەخلاقیاتی ڕاستەقینەی نووسین ببێت. ئەوانەی ڕەخنەی بەراوردکاریش بەوە تێگەیشتون کە وێنەیەک لێرە و وێنەیەک لەوێ، ناوێ لەم ڕۆمانەکە و ڕستەیەک لەو چیرۆکەکە بەیەکدی بەراوردبکەن و پێیانوابێت بەم کارەیان دزی و نەقڵکردن کەشفدەکەن، دەبێ وانەی تایبەتی و سەرەتاییان لەسەر چییەتی ڕەخنە و ئەدەب و ئینسان پێبگوترێتەوە، دەبێ بیانبەینەوە بۆ ناو پۆلە سەرەتاییەکانی ئەدەب و هونەر و ئەخلاق. ئاخر ئەگەر بەراوردکردن یەکێک لە سیفەتە گرنگەکانی ئینسان و تێکست و داهێنان بێت، نەک لایتێک بۆ دۆزینەوەی دزیکردنی بێبناغە، بەتایبەتی کاتێک ئەو دزیکردنە گریمانکراوانە هەڵقولاوی ناو ئەزمەیەکی ئەخلاقی گەورەبێت نەک پیادەکردنی مەنهەجێکی ڕەخنەیی، ئەوکات دەبێت داوا لەو بەڕێزانە بکەین سەرەتا بە ئەخلاق و ویژدان و دەرونی خۆیاندابچنەوە و لە ناشیرینی پاکیبکەنەوە، دوای ئەوە بوێرن باس لە

ئەدەب و ڕەخنە و داهێنان بکەن.

پرسـیـار: لە پانتـایی ڕۆشنبـری کـوردیدا زەمـینەی دروست بوونی ڕەخنەی هاوچەرخ لە ئارادایە؟ ئەگـەر وەڵامـەکـە بە ئا یان نا لـەبەرچی و هۆیەکـانی کامانەن؟

وەڵام: لێتناشـارمـەوە ئێمـە ناتوانین ڕەخنەی هاوچەرخمـان هەبێت گـەرهاتوو ئیرادەیەکی گەورەی هاوچەرخبوون لە بەشێکی گەورەی جەستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری ئێمەدا چالاک نەبێت. بوون یان نەبوونی ڕەخنەی هاوچەرخ وابەستەی ئیرادەی مەعریفی ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییە و ئەو ڕۆشنبیرانەن لەو ناوەندەدا کاردەکەن، بەڵام ئەمەش وابەستەی کۆمەڵێک هەلومەرجی دیکەیە کە تیایاندا بڕیاری ئەوە ئەدرێت پێکهاتی کایەکان چۆنبێت و بە چ شێوەیەک کـاربکەن. بۆ نموونە تۆ چۆن دەتوانیت ڕەخنەی هاوچەرخت هەبێت کـاتێک دەسـتـەی نووسـەرانی گـۆڤـارێکت هەبێت بەردەوام دۆگـمـاکـانی تەقلیـدیەت و سـەلەفـیـەتی ئەدەبی و ئینشـانووسی و سادەکاری بەرهـەمبـهێنێتـەوە، یان ئەو وانانەی لە پۆلەکـانی نـاو زانکـۆکـانـدا دەربارەی ئەدەب و هونەر و ڕەخنـە دەخوێنرێن لە سـەدەی نۆزدەهەمیشدا جێیان نەبێتەوە. هاوچەرخبوون مانای بوون بە بەشێکی زیندوو لە جیهانی ئەمڕۆ و تێکەڵبوون بە هێڵـە گشتییەکانی داهێنانی ئەو جیهانە، هاوچەرخبوون بە پلەی یەکەم هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لەو پرسیار و وەڵامە ئێستایی و گرنگانەی ئەو جیهانە لە خۆی و لەئێمە و لە هەموو کـەسێکی دیکەشی دەکـات. ئەمڕۆ لە کـوردسـتـانـدا بانگێشـەیەکی گـەورە بۆ خۆماڵیبوون و ڕەسـەنایەتی دەکرێت. ئەم بانگێشـەیە بە ڕادەیەکە هەندێک کەس سڵ لەوە ناکەنەوە باس لە 'مەنهەجی خۆماڵی !!!' و لە مەنهەجی 'خەوناوی!!!' و 'خـواسـتـراو!!!' بکەن. هەندێکی دیکەش هەن هـەمـوو وێکچـوونێک لەنێـوان بەرهەمێکی عەقڵیی و خـەیاڵیی نووسـەرێکی کورد و بەرهەمی یەکێکی دیکەی سـەر ئەم ئەستێرەیەدا ڕاستەوخۆ بە دزی لەقەڵەم ئەدەن، وەک ئەوەی کورد لەم جیهانە و لەسەر ئەم ئەستێرەیە و لە ناو کێشەکانی ئەم دنیایەدا نەژی و بوونی کورد بەشێک نەبێت لە بوونی بوونێکی گەورەتر کە بوونی ئینسـانییە. هەندێکی دیکەش هەن بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەسەر بۆچوون و قەناعەتە تەقلیدی و سـەلەفییەکانی خۆیاندا پاڵکەوتون، دنیاش وێرانبێت ئامادەنین ئەلف و بای ئەو قـەناعـەتانەیان بگۆڕن و بۆ دوو دەقـیـقـە بـایەکی پاکی دەرەوەی ئایدیۆلۆژیا و دۆگمەکانی خۆیان هەڵمژن.

بێگومان ئەمانە هەموویان ڕێگری گەورەن لەبەردەمی هاوچەرخبووندا. ئەمانە، وەک لە وەڵامی پرسیارەکانی دیکەدا نیشانماندا، کۆمەڵێک پێناسی تایبەتیان بۆ فیکر و ڕۆڵی فیکر و ماناکانی فیکر کردوە، کە ڕێگا نەک لە هاوچەرخبوونی ئێمە دەگرن، بەڵکو مەحکومیشمان دەکەن بە کەڕ و کوێربوونێکی جەماعی لەبەردەم جیهانێکدا کە بۆ تێگەیشتنی پێوستمان بە کرانەوەی هەزاران هەزار گوێ و چاو و وەگەڕخستنی کۆی توانا عەقڵی و فانتازیی و هەستییەکانی ئینسان هەیە. لەهەمان کاتدا ئەم هێزە سەلەفییە هیچی ئەوتۆی نییە نە بە کۆمەڵگای کوردی و ئینسانەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەی بڵێ، نە بەو جیهانەش لە دەرەوەی ئەودا.

خۆشحاڵانە ئەم سەلەفیەتە ئەدەبییە تاقە هێزێکی ناو دنیای ئێمە نییە، ڕاستە ئەمانە شوێنە ئەدەبییە گرنگەکانی کۆمەڵگای ئێمەیان لەبەردەستدایە و لەناو دەزگاکانەوە دەتوانن فیکرێکی کەمخوێن و بێمەنهەجیەتێکی ترسێنەر و کۆمەڵێک شەڕی ئەدەبی و فیکری بێمانا و نادروست بنێنەوە کە هاوچەرخیبوونی ئێمە دوابخات، بەڵام ئەمڕۆ نەوەیەک لە خوێنەران و ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینەش لەئارادان کە هەوڵی گۆڕانی ئەو ناوەندە پەنگخوارد و قەیراناوییە ئەدەن و سەرقاڵی ڕێزن بۆ فیکر و میتۆد و داهێنان و نووسین. گومانم نییە ئەم نەوەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆمەڵێک ڕێکەوتنی نوێ دێنێتە کایەوە دەربارەی چییەتی ئەدەب و ڕۆڵی فیکر و ماناکانی نووسین و کۆی ئەو چەمکە گرنگانەی دیکەش کە پاڵێکی گرنگ بە هاوچەرخبوونی ئێمە بەرە و پێشەوە دەنێن.

لەدایکبوونی ڕەخنەیەکی هاوچەرخ بەشێکە لەو پرۆسە گەورەیەی بە هاوچەرخیبوون و لەزۆر ڕووشەوە چارەنووسی بەستراوەتەوە بە چارەنووسی هاوچەرخیبوونی ئێمەوە وەک گشتێک لەناو جیهاندا.

## لەوەش ترسناکتر ئاشکرابوونی چۆڵەوانییەکی گەورەیە

«لەدنیای ئێمەدا وانەی ناو پۆلەکانی قوتابخانە و ئەوەی لەدەرەوەی پۆلەکاندا دەگوترا لەیەک دووربوون و پێکەوە نەدەگونجان. لە قوتابخانەدا فێردەبووین کە پێوەری زانین خودی زانست خۆیەتی، بەڵام لەدەرەوەی قوتابخانەدا پێوەری زانین گەورەیی تەمەن و ڕادەی پیربوون بوو. هەمیشە پیرەکان شتیان دەزانی و مافی قسەکردنیان هەبوو، گەنجی خاون زانینیش کەسێکی پەراوێزکراوبوو. دنیای ئێمە پڕیەتی لەو پەند و ئامۆژگارییانەی نەوە نوێکان فێری بێدەنگی و گوێڕایەڵی و شەرم دەکەن. فێری ئەوەمان دەکەن هیچ نەڵێین لەبەردەم ئەوانەدا بە ڕێکەوت لە پێش ئێمەوە لە سکی دایکیان هاتوونەتە دەرەوە. گەر قوتابخانە عەشقی زانستی تیا چاندبین، ئەوا دەرەوە دەیانجار بەهێزتر ئەفسوونەکانی زانینی بەتاڵکردۆتەوە. لێرەوە هەستدەکەم پرۆژەی مۆدێرنە و ڕۆشنگەری لەوڵاتی ئێمەدا لەنێوان ئەم دوو جیهانە ناکۆکەدا قەتیسە، تا لەم ناکۆکیەش ڕزگاری نەبین ناتوانن بیر لە تازەبوونەوەیەکی ڕاستەقینە بکەینەوە»

چاوپێکەوتن لەگەڕ گۆڤاری ئێستا
سازدانی: ڕێبین ئەحمەد هەردی
سلێمانی
ساڵی ١٩٩

پرسیار: ڕەنگە باشترین سەرەتا بۆ ئەم چاوپێکەوتنە گەڕانەوەبێت بۆ کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان. واتە بۆ ئەوکاتەی تۆش وەک زۆربەی نەوەی هەشتاکان، کەوتیتە ژێر کاریگەری تەوژم و تێزەکانی مارکسیزم. بەڵام پاش چەند ساڵێکی دی و بەدیاریکراوی لەنەوەدەکاندا و لەگەڵ دەرکەوتنی نووسینەکانی ئەو سەردەمەتدا، هەستمانکرد گۆڕانێک لە تێڕوانینا بۆ مارکسیزم ڕوویداوە. هیچ نەبێت لە ڕەخنە ئەدەبییەکانتداچیدی چەمک و تێزەکانی مارکسیزمان نەدەدی، دەتوانین وەک سەرەتایەک بگەڕێینەوە بۆ ئەم قۆناغە و باسی هۆکاری ئەو گۆڕانانەمان بۆبکەیت؟
وەڵام: دەشێت لە دوو ئاستدا باسی کاریگەری مارکسیزم لەسەر تێڕوانین و بیرکردنەوەی خۆم بکەم..ئاستێکیان پەیوەندی بەو ناوەند و فەزا و هەلومەرجەوە هەیە کە لە دوای هەرەسی شۆڕشی کوردەوە لە ساڵی ١٩٧٥دا هاتەکایەوە. ئاستەکەی دیکەیان پەیوەندی بە ئەزموونی تایبەتی خۆمەوە هەیە وەک تاکەکەس، واهەستەدەکەم ناتوانین بوژانەوەی مارکسیزم لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا تێبگەین گەر نەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی هەرەس. واتە بۆ سەردەمی نائومێدییە گەورەکان و ڕمانی هەموو ئەو خۆشبینیانەی بۆ ماوەی چەندساڵێک وایانکردبوو مرۆڤی کورد خوشنودترین ساتەکانی مێژوو بژی. ئەودەم شۆڕشێک هەڵگیرسابوو کە بە هەواڵی سەرکەوتن و بەرفراوانبوونی بەردەوامی پشتگیری جەماوەرەوە مژدەی سەرکەوتنێکی یەکجارەکی بە خەڵک ئەدا، مژدەیەک کە هەرگیز نەهات. ئەم مژدانە ئەوەندە گەورە و جوان و ئومێدبەخش بوون تەنانەت نەیار و ڕەخنەگرانی شۆڕشیشی بێدەنگکردبوو. ئەگەر دەنگێکیش هەبووبێت ئەوا لەناو دەنگوباسی پێشڕەوییە سەربازییەکان و سایکۆلۆژیای چالاکییەکاندا وا ووندەبوو و کە کەس نەیدەبیست. بەڵام لەناکاو ئەو شۆڕشە بەرفراوانە کە لە فانتازیای کوردیدا لە شکان نەدەهات، لە یەکەم گەمەی سیاسیدا بەلاداهات. نە لەخۆشبینی و هیوای شۆڕش هیچ مایەوە و نە لە ئەفسانەکانی سەرکەوتن، لەناکاو خۆمان لە بێدەنگی و چۆڵەوانییەکی گەورەدا بینیەوە. کەوتینە ناو کەلاوەیەکی سیاسی و مەعنەوییەوە. بێگومان کارەساتەکە بە تەنها لەناکا و ئاشکرابوونی ئیفلیجییەک نەبوو لە ئیرادە و بڕیارداندا، بەڵکو لەوەش ترسناکتر ئاشکرابونی

چۆڵەوانییەکی گەورەبوو لەئاستی فیکریدا. چونکە ئێمە لەدوای ڕاوەستانی تەقەی تفەنگەکانەوە وێنەی ڕاستەقینەی خۆمان بینی: میللەتێکی ڕوتوقووت، تەنها و بێسەرکردایەتی و پلان، بۆمان دەرکەوت بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە خوێناوییەی شۆڕش بەدەر لە هەواڵی شەڕەکان هیچی دیمان نە گوتوە و نەگوتبوو. بێدەنگی خۆمان دۆزیەوە لەهەموو ئەو شوێنانەدا کە واماندەزانی قسەی زۆری تیا کراوە، کە دەبوایە قسەی ڕاستەقینەی تیابکرێت. کە ویستیشمان قسەبکەین هەژارییەکی گەورەمان لەخۆماندا دۆزییەوە.. هەژارییەک لەئاستی فیکری و لەو کەرەستە میتۆدییانەدا کە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە زات و لە دنیا و لە پەیوەندییەکان مەرجی سەرەکین. ڕاست لەناو ئەو فەزایەدا بوو مارکسیزم وەک تیورەیەک کە دەتوانێت تەفسیری هەموو ئەو شتانەمان بۆ بکات، وەڵامی پرسیارە گەورەکانمان بداتەوە و برێکی زرۆ ئومێدمان بداتێ، بوژانەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. ئێستا کەبیر لەو سەردەمە دەکەمەوە واهەستدەکەم بەشێکی زۆری ئەو دەماریگیرییە مارکسییەی لەو سەردەمەدا لەئارادابوو، ڕەنگە بۆ کاردانەوە بەرامبەر بەو چۆڵەوانییە فیکرییەی کە لەپشت هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و لەدوای هەرەسیشەوە بەتەواوی ئاشکرابوو، بگەڕێتەوە.

لەڕاستیشدا مارکسیزم وەک فەلسەفە وەڵامی زۆر کێشەی دەدایەوە کە ئێمە دەرگیریان بووین، کێشەی هەژاری، کێشە سیاسییەکانی کۆمەڵگای ئێمە و ئەو کێشە تایبەتانەی خۆشمان وەک گەنجی بەپەراوێزکراو و بێجێ و بێرێ لە کۆمەڵگادا. یان وەک کۆمەڵێک گەنج کە لەناو بونیادی خێزان و لەناو پەیوەندییە پتریارکییەکاندا، تا سەر ئێسقان ئیفلیج و بێئیرادە.

ئەمە جگە لەوەی مارکسیزم یەکێک لەو ئایدیۆلۆژیایانە بوو کە بەعس قەدەغەی کردبوو وە ئامادەنەبوو بەهیچ جۆرێک قبووڵیبکات. ئەمەش بۆخۆی ئەوەندەی تر تیورەکەی لا جوان دەکردین. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو بزوتنەوەیەی دوای هەرەس جارێکی دیکە لە شاخەکانی کوردستاندا دەستیپێکردەوە هەڵگری مارکسیزم بوو وەک ئایدیۆلۆژیای شۆڕش و خەباتی چەکدار. خۆشەویستی ئێمەش بۆ شۆڕش لەم جۆگەلەیەوە جارێکی دی تێکەڵدەبووەوە بە خۆشەویستمان بۆ ئایدیۆلۆژیای شۆڕش کە مارکسیزم بوو.

ئەمە وەک چوارچێوەی گشتی ئەو هەلومەرجەی کە سەرجەم نەوەی ئێمە لەناویدا چاویکردەوە.
لەسەر ئاستی تایبەتیش کەوتنە ژێر کاریگەریی مارکسیزم پەیوەندی بە ئەزموونی تایبەتی خۆمەوە هەبوو. من لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا بوومە هاوڕێی کۆمەڵێک ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و هەندێک مارکسی دەرەوەی ئەو حیزبە. لە زانکۆشدا کۆمەڵێک قوتابی دیکەم ناسی کە هەموان مارکسی بوون. ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی بزوتنەوە سیاسییەکانی کوردستان، کە من هەندێکیانم لە نزیکەوە دەناسی، هەموان مارکسی بوون یان سۆزیان بۆ مارکسیزم هەبوو. لەبیرت نەچێت لە شیعرەکانی قانعی باپیریشمدا نزیکییەک لە مارکسیزم ئامادەیە، ئەمانە هەموویان هۆکاری گەورەبوون بۆئەوەی من بچمە ژێر کاریگەریی مارکسیزمەوە.
وەک دەبینیت ئەم هۆکارانە چەند پەیوەندیان بە ئەزموونی تایبەتی خۆمەوە هەیە هێندەش پەیوەندی بەو فەزا فیکری و مەعریفییەوە هەیە کە لە هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا مارکسیزم بەتەواوی داگیریکردبوو.
بەڵام لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە و لەگەڵ فراوانبوونی ئاسۆکانی خوێندنەوە و گەشەکردنی ئەزموونەکاندا و لەگەڵ بیستنی دەنگی دی و ناسینی تەوژمی فیکری تری وەک: فرۆیدیەت وجودیەتی سارتەر و قوتابخانەی فرانکفۆرت و لەهەموو ئەوانەش گرنگتر هەستکردن بە قەیرانە قووڵەکانی مارکسیزم لە واقیعی کوردیدا، کوورتهێنانی لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردندا، فەرامۆشکردنی ڕۆڵی تاکەکەس و لێکدانەوەی هەموو دیاردەیەک لە گرێدانەوەیدا بە ئابوورییەوە،، هۆی گرنگی لەدایکبوونی کۆمەڵێک گۆڕانکاری فیکری بوو.

پرسیار: بەدەر لەم ئاسۆ فیکرییانە دەتوانین باس لەو ئەزموونە دیاریکراوەکانە بکەین کە دەستیان هەبوو لە گۆڕانی ئاسۆی فیکریتدا.. واتە ئەو شتە حەیاتییانەی بوونە هۆی ئەوەی گومانێکت لەسەر ئەو تەوژمە لا دروستببێت؟
وەڵام: لە ئاستی زۆر شەخسی و تایبەتدا ناسینی دوو هونەرمەند بۆ من کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ئەو سایکۆلۆژیا مەعریفییە هەبوو کە لەو کاتەدا لە دروستبووندا بوو. لانیکەم لە گۆڕانی سایکۆلۆژیی خۆمدا کە پێموایە لە

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە بەشێوازی بیرکردنەوەمەوە .
یەکەمیان ناسینی گۆرانییەکانی داریوش و ئەو جیهانە بوو کە ئەم گۆرانیبێژە لەو گۆرانییانەدا دروستیکردبوو، لە دیدی منی ئەو سەردەمەدا ئەم پیاوە هەڵگری خەم و نائومێدییەکی تایبەت بوو، خەمێک کە لە خۆشەویستییەکی گەورەوە بۆ ژیان دەهات و نائومێدییەکیش کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی دەتەوێت و حەزدەکەیت بە ئومێد بیت. ڕەنگە یەکێک لە خاڵە هەرەلاوازەکانی مارکسیزم لەوەدابێت کە ئومێدێکی زۆرت پێدەبەخشێت بەبێئەوەی هیچ پانتاییەک بۆ نائومێدی بهێڵێتەوە، مارکسیزم دنیاییەکی پڕ لە خۆشبینی دروستکردبوو کە زۆرجار لە بێئاگایی لە بەرفراوانی وێرانەکانەوە دەهات. بەڵام من لەو وێرانانە بێئاگا نەبووم، خۆشبینییەکان ئەو ڕاستییەیان لەبیر نەدبردبوومەوە کە ژیانی من نیشتەجێبوونێکی نائومێدانەی ناو وێرانەکانە، کە لەناو هەلومەرجە دۆزەخییەکاندا گەورەدەبم و لەوانەشە هەرلەوێدا بمرم. لە ڕاستیدا ئەم دەرککردنە بە هەقیقەتی ئەو دنیایەی من تێیدا دەژیام کارەساتێکی گەورە بوو. فەلسەفەیەک کە بڕیاربوو بێت ئاسۆکانی بینیمان گەورەتر و فراوانتر بکات، لە پڕێکدا گۆڕا بۆ گەورەترین بەربەست لەبەردەم بینینی واقیعدا. ئێمە لەوکاتەدا نووقم بووبووین لەناو تاریکییەکانی سیستمێکی تۆتالیتاریدا، بەڵام هیچ تەوژمێک لە تەوژمەکانی مارکسیزم توانای شیکردنەوەی ئەو سیستمەی نەبوو. لەباتی ئەوەی دڕندایەتی و قەسوەتی سیستمەکە لەشیکردنەوەکاندا پتر ئاشکرابێت، زیاتر لە ئاراستەی ئیشکردنی ئەو چەمکە خۆشبینانەدا ونەبوو کە مارکسیزم پێشکەشی دەکرد. بەکورتی نائومێدییەک هەبوو کە فەرامۆش کرابوو، هەستدەکەم دەنگی گۆرانیبێژێکی وەک داریوش باسکردن و ئاشکراکردنی ئەو نائومێدییە ڕاستەقینەیە بوو کە ئێمە بە تەمێکی ئایدیۆلۆژی لێمان وونبووبوو، لێرەوەیە کە دەڵێم ئەم هونەرمەندە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە گۆڕینی سایکۆلۆژیای مەعریفی من و ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەو نەوەیەشدا .
دووهەم کەس کە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو محەمەد ماغوتی شاعیر بوو، ئاشنابوون بەو جیهانە شیعرییەی ئەم پیاوە لەچەند دیوانێکدا بینای کردبوو، ئێمەی تووشی تێڕامانی زۆرکرد. محەمەد ماغوت شاعیرێک بوو سەرلەبەری

ماناکانی ئەو چەمکانەی هەڵوەشاندەوە کە تا ئەوکاتە من وەک پێناسی ڕاستەقینەی شتەکان هەڵمگرتبوون. ئەم شاعیرە دەسکارییەکی ڕادیکاڵی ماناکانی نیشتیمان، نەتەوە، خۆشەویستی، مرۆڤ، ئافرەت، سۆزانیەت...هتد، کرد. لەدوای ناسینی شیعرەکانی ماغوتەوە دەبوا پێناسی تازەی ئەو چەمکانە بکەمەوە کە زۆربەیانم لە مارکسیزمەوە دەستەبەرکردبوو. لەدوای ئەم ناسینەوە چیدی ئەو چەمکانە نەیاندەتوانی هەمان مانا کۆنەکانیان هەبێت. ئێستا کە ئاوڕ لە سەرەتای سالآنی هەشتا ئەدەمەوە دەبینم ئەم شاعیرە کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی لەسەر من و لەسەر هاوڕێ نزیکەکانیشم هەبوو.

ئەمانە هەموویان هۆکاری گەورەبوون بۆ ئەوەی لە مارکسیزمەوە ڕووبەکەمە تەوژمی فیکری دیکە کە لەو سەردەمەدا بە پلەی یەکەم بونیادگەری بوو. بونیادگەری تەوژمێک بوو لە ژیانی فیکری ڕۆشنبیرانی عێراقیی ئەو سەردەمدا ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبوو. سەیرکەش لێرەدایە: ئێمە لە کاتێکدا بەدوای زاتییەت و دەربڕینی جیهانبینی تاکەکەسیانەی خۆماندا دەگەڕاین، لەکاتێکدا زۆر بەلامانەوە گرنگبوو لەو حەتمییەتە سەختانە دەربازبین کە مارکسیزم بەسەر کۆمەڵگا و ئینسان و مێژوودا دەیسەپاند، ڕوومان بە تەوژمێکی فیکری دیکەدا تەقییەوە کە بەتەواوی دەوری تاکەکەس و مێژوو و ئیرادە فەرامۆشدەکات و زیاد لە مارکسیزم پێ لەسەر جەبر و حەتمییەت دادەگرێت. بەڵام من هەرزوو بۆم دەرکەوت کە جەبرەکانی بونیادگەری لە جەبرەکانی مارکسیزم جیاوازن، هەستدەکەم جەبرەکانی بونیادگەری لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدابوون بە جەبری ئەو بونیادە مێژووییانەوە کە ئێمە لەو ساتەدا لەناویاندا نوقم بووبووین، بۆ نموونە جەبرەکانی سیستمێکی تۆتالیتاری کە تاکەکەس و گروەو کۆمەڵگای لەگەڵخۆیدا ڕادەماڵی و هەمووانی لەناو نەخشە و بونیادەکانیدا ئاراستەدەکرد و بەو مەودایانەدا دەیجوڵاندن کە خۆی دەیویست. لەوکاتەدا بۆ من ئاشکرابوو کە لەپشتی هەڵسوکەوت و هەڵوێست و داوەرییەکانی ئێمەوە کۆمەڵێک بونیاد ئامادەن کە ئێمە ناچاردەکەن بەشێویەکی تایبەت بژین و بیربکەینەوە و بجوڵێین: بونیادەکان دێن و پاڵ بە ئێمەوە دەنێن: جەنگ دەهات و بەزۆر دەیکردین بەسەرباز، بزوتنەوەی بەرگریی لە کوردستاندا دەهات و بەزۆر دەیکردین بە پێشمەرگە، سیستمی خوێندن دەهات و بەزۆر دەیکردین بە

بوونەوەری گـوێڕایـەڵ و بێکاراکـتـەر، دەزگـا نـهـێنیـیـەکـان دەهاتن و بەزۆر دەیانکردنین بە بوونـەوەری بەدگومـان. لەو سـاڵانەدا جـەبری ئەم دیاردە و ڕووداو و بونیـادانە بەشـێوەیەک پڕۆکێنەربوو کاری لە پێکهاتی عـاتیفی ئینسـانەکانی کۆمـەڵگای عێراقی کردبوو، بۆ نموونە چەندان باوکمـان بینی منـاڵەکانیـان بەزۆر دەنارد بۆ بەرەکانی جنەگ، باوکانمان دی لە ترسی فیرارکردن کوڕەکانی خۆیان کوشتووبو، خەڵک لەنێوان بوون بە سەرباز و بوون بە پێشمەرگەدا تیامابوون.
بەکـورتی هەمـوو ئـەم ڕووداوانە کـۆمـەڵێک هێـز ئاراسـتـەی دەکـردن لەدەرەوەی خـودی ئێـمەدا و بەشـێکی زۆریان تەنانەت بەر لەدایکبوونـی ئێـمە لەئارادابوون. بونیادگەری هات و پێیوتین کە بونیادەکان لەدەرەوەی ئیرادەی ئێمەدا ئامادەن و ئەوانن ئێمە بە هەڵسوکەوت و بیرکـردنەوە و هەڵوێستی دیاریکراو ناچاردەکەن. وەک دەبینیت ئەگەرچی خـەونی ئێمـە لە بنەڕەتدا بریتیبوو لە گێڕانەوەی ئیرادە بۆ مـرۆڤ و بەخـشـینـەوەی بڕیارەکان بە تاکەکـەس، بونیـادگـەری هات و ووتی ئینسـان کـۆیلەی بونیـادەکـانە. بەکـورتی بونیـادگـەری لە کـۆمـەڵێک ڕێگر ئاگاداریکردینەوە، بەڵام لەهەمـانکاتدا نائومـێدیشی کردین، ئەمـەش جیـاوازی سـەرەکی نێوان مـارکسـیزم و بونیـادگەری بوو. جـەبرەکانی مـارکسـیزم وادەی بەهەشـتی پێئـەداین و ئومـێدێکی ئایدیۆلۆژیی گەورەی پێدەبەخـشین، لەکاتێکدا جـەبرەکانی بونیـادگەری ڕێگرەکانی نیشـانئەدەین بەبێ بەخشـینی ئومێدێک بۆ دەربازبوون لێیان.
پێـمـوایە ئامـێـزکـردنەوە بۆ بونیـادگـەری قـۆناغـێکی پێـویست بوو، بەبێ بوونیـادگەری نەدەکرا لـە بونیادەکانـی عەقڵ و نەست و گێڕانەوە و بیرکردنەوە و شـتـەکانی دیکە تێبگەین، بەبێ ناسین و تێگەیشتن لە میکانیزمی ئەو بونیـادانە هەرگـیـز نەدەکـرا قـسـە لە پرۆژەی ئیـرادە و گـەڕانەوەی حـورمـەت بۆ ژیان و بەرگریکردن لە جیاوازی و تاکانەیی بکەین.

پرسیار: واتە لەو کاتەدا کە پێشمەرگەبوویت هەستت دەکرد ئەوەی پێیدەگوترێت شـۆڕشی کـوریی ناتوانێت یان نەیتـوانیـوە خـۆی فـرێبـداتـە دەرەوەی ئەو بونیادانەوە؟
وەڵام: بەڵێ، شـۆڕشـی کـوردیی شـۆڕشـێک بـوو لەناو هەمـان ئەو بـونیـادانەدا

دەجولآیەوە بە هەمان میکانیزم کاریدەکرد، بەمانایەک لە ماناکان ئەم شۆڕشە تەسلیم بووبوو بە لافاوی بونیادەکان. وردتر بدوێم دەکرێت بڵێم ئەم شۆڕشە هەوڵدان نەبوو بۆ تێکشکاندنی ئەو بونیادانە و چوونە دەرەوە لێیان و کارکردن بە بونیادێکی نوێ و کراوەتر و لیبرالتر و ئازادتر.

پرسیار: چ ئەزموونێک لەو سەردەمەدا کاری زۆری لێکردیت و دەستی هەبوو لە گۆڕینی تێڕوانیناتا بۆ دنیا؟

وەڵام: ڕەنگە گرنگترینیان فەشەلی ئەزموونی پێشمەرگایەتیم بێت. من دوای تەواوکردنی خوێندن ڕاستەوخۆ چوومە دەرەوە و بۆ ماوەی سێ ساڵ، لە ساڵی ١٩٨٢ تا ساڵی ١٩٨٥، پێشمەرگەبووم. بێگومان من وەک گەنجێک وێنەیەکی زۆر ڕۆمانسی شۆڕش و خەبات و پێشمەرگایەتیم لە خەیاڵدابوو، شۆڕشم لە کتێبەوە دەناسی و وەک شارییەک خەونی گەورەی گۆڕانی ڕادیکاڵ و یەکجارەکیم هەبوو. لە شاخدا هەموو ئەو بونیادە تەقلیدییانەم بینییەوە کە لەشاردا باڵادەستبوون، هەموو ئەو پەیوەندییە ناهاوسەنگانەم بینیەوە کە لەماڵی خۆماندا ئامادەبوون. بێبەرنامەیی و نەبوونی مەعریفەیەکی قووڵم بینیەوە، گیرخواردنێکی سەیرم بینی لەنێوان کۆمەڵێک لوتکە و دۆڵ و شاخدا. بێگومان خەڵکی تێکۆشەر زۆربوون، خەڵکانێک کە گیانی خۆیان فیدادەکرد، نابێت لەبیرمانبچێت کە بزوتنەوەی سیاسی لە کوردستاندا بزوتنەوەی تێکۆشەرەکانە، بزوتنەوەی ئەو ئینسانە ئیرادەگەرانەیە کە خەونیان هەیە، بەڵام دواجار هەستمکرد ئەو یۆتۆپیایەی لە خەیاڵی مندایە بەو میکانیزمانەی شۆڕش نایەنەدی، هەستمکرد وەک چۆن لە خێزان و لە زانکۆ و لە مزگەوت و لە کۆمەڵگای عێراقیدا تاکانەبوونم، فەردانیەت، پێشێلکراوە، بەهان ئەندازە لە شۆڕشدا پێشێلدەکرێت. تێگەیشتم شۆڕش شوێنی گەڕان نییە بەدوای فەردیەتی خۆتدا. بۆ نموونە حیزب هەموو شتەکانی دەستنیشاندەکرد، کەناڵێکی چالاک و زیندوو سەربەخۆ نەبوو لەڕێیەوە بەشداری بکەیت لە بڕیارداندا. ناکۆکی سەیر هەبوو لەسەر مەسەلەی سەرکردایەتیکردن. ڕەنگە ئەم نەبوونی و ناکۆکییانە پەیوەندییان بە بونیادی حیزب خۆیەوە هەبێت و هەموو حزبێک بە حوکمی حیزب بوونی ناچاربێت بەوشێوەیە کاربکات. بەڵام بۆ من وەک

تاکەکەسێک، ئەو شتانە یەکێک بوون لە دەرککردن بە ئەزموونێکی تاڵ. ئەمە جگە لە بوونی ململانێی تایبەت و نابەجێ لەنێوان باڵ و تەوژمە جیاجیاکانی ناو شۆڕش و یەکێتی نیشتیمانی خۆیدا کە زۆرجار بە ئاشکرایی دیاربوو کە لەپشتی ململانێکانەوە دنیابینییەکی جیاواز ئامادەنییە، بەڵکو سەرچاوەکەی لە ئارەزووی بەسەرکردەبوون و شتی دیکەی لەم بابەتەدابوو. لەناو یەکێتی ئەو سەردەمەدا فەوزایەکی فیکری و ئادیۆلۆژی گەورەش هەبوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ململانێوە هەبوو لەسەر دەسەڵات. هەندێکجار بۆت نەبوو بەهیچجۆرێک ڕەخنە بگریت، یان ڕەخنە گرتن دەکرا زیانی گەورەت وەک ئینسان پێبگەیەنێت. بەبۆچوونی من قبوولنەکردنی ڕەخنە یەکێک لە سیفەتە سەرەککییەکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانە، ئەگەرچی لەناو یەکێتی ئەو سەردەمەدا پەراوێزێکی بچووک بۆ هەندێک شێوازی تایبەتی ڕەخنە هەبوو، بەڵام زۆر بچووک بوو. بۆ نموونە نەدەکرا بگوترێت نابێ شەڕی ناوخۆ بکرێت، یان نابێت یەکێتی بچێت شەڕی ئێران بکات.

لەهەموو ئەمانەش ئاشکراتر ئەو ڕاستییەیە کە شۆڕشکردن و خەباتی چەکدار کارێکی تابڵێیت ناخۆش و زەحمەتە. زۆرجیاوازە لەو وێنە ڕۆمانسییانەی کە من وەک گەنجێک بۆ شۆڕشم هەبوو. بۆیە لەهەموو ئەم دۆخانەدا کە باسمکرد وام هەستدەکرد لەناو هەمان ئەو خێزانەدام کە لە منداڵییەوە نەمتوانیوە قسەی تیا بکەم.

ئەزموونێکی دی کە زۆر کاری تێکردم و لەهەموو شتێک زیاتر ئازاری دام، ئەوکاتەبوو کە ناچاربووم تەسلیم ببمەوە، چونکە باوکم گیرابوو. کە تەسلیمیش بوومەوە کرام بە سەرباز لەناو لەشکرێکی فاشیدا، ئەگەر لە پێشمەرگایەتیدا توانیبێتم کەمەکێک بەرگری لە تاکبوون، فەردانیەت، ی خۆم بکەم، ئەوا کە کرامە سەرباز هەمووشتێکم دۆڕاند. بوون بە سەرباز لە لەشکرێکی فاشیدا جۆرێکە لە مردن.

ئەم هەموو شتانە کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر فیکر و بیرکردنەوە و تێڕوانینم. ڕۆژگارێکی زۆر سەخت و ناخۆش بوو، جگە لە تێکشکانە تاکەکەسی و سایکۆلۆژییەکان گرفتێکی دیکەشم هەبوو کە بریتیبوو لە نەمانی هیچ کەرەستەیەکی فیکری بۆ تەفسیرکردنی دنیا، هەموو ئەو چەمک وتێزانەی دنیام

پێ تەفسیر دەکردن و بڕوام پێیان هەبوو، لەساتەوەختێکدا ڕمان. ئەمە وایکرد من نزیکەی سێ ساڵ بێدەنگبم و هیچ نەنووسم. لەکاتێکدا کە پێشمەرگەبووم شتم زۆر نووسی و بلاوکردەوە کە هەموویان لەژێر کاریگەری مارکسیزمدا بوون.

پرسیار: ئێستا کە ئەم ئەزموونە تاڵانە تێپەڕیون و کەوتونەتە دواوە، ئایا کە بیریان لێدەکەیتەوە هەست ئەکەیت شتەکان ئەیانتوانی بەشێوەیەکی دی ڕووبدەن.. دەیانتوانی جوناتربن؟
وەڵام: ئێستا کە بیر لەو ڕۆژگارە دەکەمەوە هەستدەکەم هەڵبژاردنی دیم لەبەردامدا نەبووە. ئەگەرچی بەردەوام هەوڵمداوە لەگەڵ ویژدان و عەقڵ و تێفکرینی خۆمدا ڕاسگۆبم، بەڵام تەوژمی ڕووداوەکان بەو شێوەیە نەبوون ئەگەری هەڵبژاردنی دیکە بە ئینسان ببەخشن. بۆ نموونە لەکاتی تەسلمبوونەوەدا دەبوو لەنێوان ژیانی خۆم و ژیانی خێزانەکەماندا هەڵبژێرم..هەڵبژاردنەکان ڕوون بوون، بەڵام زۆر سەخت بوون. ئێسات کە بیریان لێدەکەموە ئەوەم بەلاوە گرنگە کە شتی زۆریان لێوە فێربووم، ئەگەر ساڵە سەختەکانی هەشتکان و مانەوەم لە عێراقدا نەبوایە بڕواناکەم لە ئێستادا ئەو هەموو داکۆکی و بەرگریەم لە مافی جیاوازی و جیاوازبوون و توانای هەڵبژاردنی ئازاد، بکردایە. یان بەو ئەندازەیە بە کێشەی دەسەڵاتەوە خەریکبومایە، ڕەنگە لە نەوەدەکانیشدا بەرەوە ڕووی هەندێک فەیلەسوف و بیریاری دیاریکراو نەچوومایە کە ئێستا بەشێکی زۆری نووسینەکانم پێیانەوە خەریکە.
هەستدەکەم ئەزموونی هەشتاکان زۆر توندوتیژ بوو، بەڵام پێویستی بە تەفسیرکردن هەبوو. ئێستاش واهەستدەکەم من بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو ساڵانەم، بۆیە پێموایە لەڕووی گەشەی فیکرییەوە نەک زیانم لێنەکەوتوە بەڵکو زۆر سوودمەند بوو. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو ئەزموونانە زۆر لەسەر ژیانی شەخسیم نەکەوتبن. کە بڕیاری تەسلیمبوونەوەم دا ئازارێکی زۆرم چەشت: ئەو شەوە تا بەیانی لەماڵی هاوڕێیەکم لە سلێمانی گریام. چون بۆ سەربازیش وەک وێرانکردنێکی وردی ڕۆحی خۆم وابو، کاتێکی زۆرم ویست

بۆئەوەی لە وهەموو ئازارانە رزگارمبێت، یان شوێنێکی تایبەتیان لە ژیانی شەخسیمدا پێببەخشم.

پرسیار: بەڵام بێدەنگیت هەمیشەیی نەبوو.پاش ماوەیەک یەکەم نووسینێک کە بڵاوتکردەوە لەبواری رەخنەی ئەدەبیدا بوو. بەڵام بە میتۆدێکی تازەوە. چۆن بوو لە تەوژمێکی تەواو سیاسییەوە بەرەو ئەدەب هاتیت؟
وەڵام: رەنگە لەبەرئەوەبێت کە ئەدەب دوا نیشتیمانی تاکەکەس و مرۆڤە.

پرسیار: لەبەرئەوە بە نووسین لەسەر شێرزاد حەسەن دەستتپێکرد؟
وەڵام: بەڵی کە چیرۆکەکانی شێرزادم خوێندەوە وام هەستدەکرد کە باسی من دەکات، باسی ئێمەی دەکرد، باسی خەونی تێکشکاوی ئەو نەوەیەی منی دەکرد. یەکەم ووتارم لەسەر شێرزاد حەسەن باس لە نەبوونی پراکتیک دەکات لای نوخبەی خوێنەواری کورد. پاڵەوانەکانی شێرازاد زۆرجار خوێندەوارە گەنجەکانی کوردستانن. ئەو نەوە خوێندەوارەن کە بونیادەکان کوشتبوونی، لە بونیادی بەهاکانەوە بۆ بونیادی سیاسی و ئەخلاق و خێزان و ...

پرسیار: شێرزادیش هەر بە هەمان خەمەوە سەرقاڵ بوو؟
وەڵام: بەڵی، نووسین لەسەر ئەدبی شێرزاد حەسەن نووسین بوو لەسەر خودی خۆم، هەستمدەکرد پاڵەوانەکانی شێرزاد، بۆ نموونە پاڵەوانی چیرۆکی گوڵی رەش، دەیەوێت جیهان بگۆڕێت، خەون بە جیهانێکی نوێوە دەبینێت، دەخوازێت شتەکان وەک خۆیان نەمێننەوە، بەڵام ناتوانێت ئەم کارانە جێبەجێبکات، رێگرەکان لە ئیرادەی گۆڕانی ئەو بەهێزترن. تەواو وەک ئەو پاڵەوانە منیش خەونی گۆڕینی دنیام هەبوو، خەونی جیهانێکم هەبوو جیاواز لەو جیهانەی تێیدا دەژیام، بەڵام بۆم نەدەگۆڕا. لەو یەکەمین نووسینەدا ئەوەم لێکداوەتەوە بۆ ئەم پاڵەوانە ناتوانێت دنیا بگۆڕێت. شوێنی سەرنجە ئەو پاڵەوانە وەک تاکەکەسێک ئامادەیە دنیابگۆڕێت و ئەو ئەم بڕیارەی لەگەڵخۆیدا داوە، بەڵام بونیادەکان رێگەی لێدەگرن. من هەمیشە هەستمدەکرد ئەم ئیشکالیەتە ئیشکالیەتی سەرەکی ژیانی من و ژیانی ئەو نەوەیە کە من ئەندامێکم تیایدا.

وەک دەزانیت لەپشت گـەڕانەوەم بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و بۆ ئەدەبی شـێـرزاد حـەسـەن بەتایبـەتی، گـواسـتـەنەوەیەک هەبوو لە ئاراسـتـەیەکی فـیکرییـەوە بۆ ئاراستـەیەکی نوێ کە لە کوردستـاندا بە «ڕەخنەی بونیادگەری» ناوی دەرکرد. بەڵام ئەو شـێـوازە بونیـادگـەرییـەی من کارمـپـێـدەکرد شـێـوازی «بونیـادگـەری پێکهێنەر» بوو، واتە ئەو فۆرمـەی بونیـادگـەری بوو کە کـەمتـر ڕۆڵی تاکەکەس و ڕۆڵی مـێـژوو فـەرامـۆش دەکات. گەڕانەوە بۆ ئەدەبی شـێـرزاد و ئەو مـەسـەلەیەی ئەم نووسـەرە پێوەی سـەرقاڵبـوو، لەڕووی فیکرییـەوە ئەو هەلەی بۆ من ڕەخسـاند کە هەنگاوێک بۆ پێشەوەبچم و دوورکەومەوە لەو پاشخانە فیکریەی کە هەمبوو. بەدیوێکی دیدا خـوێندنەوەی پاڵەوانەکانی شێـرزاد لە ئاستێکی تایبەتدا جـۆرێک لە قـسـەکـردن بوو لەسـەرِ خـۆم و لەسـەر ئـەو پێکهـاتە سـایکـۆلۆژییـەی تەواو لە پێکهـاتـی سـایکـۆلۆژیی پاڵەوانـەکانی شـێـرزاد دەچوو، وەک مـرۆڤێک کە تۆفـانی هەشـتـاکـان گـەلێک ئازاریدا. ئەگـەر سـەرنجبـدەیتـە ئەو نموونانەی دیکەش کـە دواتر ئیشم لەسـەر کردن...

پرسیار: بۆ نموونە محەمەد عومەر عوسمان

وەڵام: بەڵێ... بۆ نموونـە بیـرۆکـەی خـۆکوشـتن لـە یەکێک لە شـیـعـرەکـانی حـەمـە عـومـەردا بوو بە بابـەتی نووسـینێکی من. من بـۆم دەرکـەوت ئیـرادەیەکی گـەورەی ژیان لە شـیـعـرەکـانی حـەمـە عـومـەردا هەیە، بـەڵام بیـرۆکـەی خـۆکـوشـتـنیش بیـرۆکـەیەیکی ئامـادەیە و خـەمـێکیش هـەیە کە لـە دڵەڕاوکـێـیـەکی وجـودییـەوە سـەرچاوەدەگرێت. دوای ئەمـەش کارم لەسـەر خـەمبـارترین شـیعری گۆران کرد، مەبەستم شـیعری پایز پایزە. ئەمیشـیـان دیسانەوە جۆرێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆمی تێدایە. چونکە لەم شـیعرەدا ناکۆکییـەک هەیە لەنێـوان گۆرانـی ئینسـان و گۆرانی ئایدیـۆلۆژدا، جیـهـانی خـەمبـاری ناو ئەم شـیـعـرە تەواو بە جـیـهـانی پڕ ئومێدی ناو ئایدیۆلۆژیای گۆرانە، ناکۆکە.

کە چووشمە سەر خوێندنەوەی مەحوی لەسـەر ئەو قەسیدە بەناوبانگەی کارمکرد کە ژیاندۆستییـەکی قووڵـی تێدایە، لەسـاتەوەختێکدا کـە مەرگ دێت بۆ کێشـانی ڕۆح. بە کـورتی دەمـەوێت بڵـێم لـەپشـتـی گـەڕاندنەوەمـەوە بۆ ئەدەب زیاد لە هۆکارێک هـەیە، بەشێکی پەیوەندی بە کەشوهەوای هەشـتاکان و هەسـتکردن بە

جەبری پڕۆکێنەری بونیادەکانەوە هەیە، بەشێکی تریشی وابەستەی ئەو گۆڕانە فیکریانەیە کە لای من ڕوویاندا و هەندێکی دیکەشیان هۆکاری سایکۆلۆژین.

پرسیار: ڕەنگە هەر لەبەرئەوەش بێت زۆر لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی ڕانەوەستایت و دوای ماوەیەک ڕووتکردە ئاسۆی تری نووسین

وەڵام: بەڵێ... کەم تازۆر لە دوای بەلاداکەوتنی ئەو گرفتانەوە و دوای فراوانتربوونی ئاسۆکانی ڕوانین و چڕبوونەوەی ئەزموونەکان، ئیدی من پێم نایە قۆناغێکی دیکەوە. بۆ نموونە لە وێستگەی یەکەمی ئەم قۆناغە نوێییەدا بەرەو قسەکردن لەسەر عەقڵ و دواتر بەرە و شیکردنەوەی دەسەڵات و بخوێندنەوە ونیاد و میکانیزمەکانی کارکردنی دەسەڵات ڕۆیشتم...ئەمەش مانای دەرچوون لە ساتەوەختی یەکەم کە سایکۆلۆژیای نووسەر خۆی و سایکۆلۆژیای کۆیی نەوەیەک ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینیوە، بەرە و ساتەوەختێکی دی کە تێیدا ووشیاریی لە کارکردنێکی ڕاستەوخۆدایە لەسەر واقیع و کێشەکان لەدەرەوەی جەبرە سایکۆلۆژییەکاندا. ئەوەشی یارمەتی ئەم گواستنەوەیەی دا و کۆی شتەکانی قڵپکردەوە ڕاپەڕین بوو. ڕاپەڕین ئێمەی هاویشتە ناو دۆخێکی نوێوە، بوو بەو ڕووداوەی ئێمەی خستەوە ناو مێژوو، بۆ ماوەیەکیش ئەو وەهمەی لا دروستکردین کە بونیادەکان شکان، بەعس و تۆتالیتاریزم و توندوتیژی شکان و ئەگەری تازە هاتەکایەوە. لێرەوە واهەستدەکەم کە ئەو بێسەر و بەرییەی کە لە هەشتاکاندا هەبوو هێواش هێواش جێی خۆی لە نەوەدەکاندا دەگۆڕییەوە بە ئەگەری تر، ئەگەری فیکری و، ئەگەری مێژوویی نوێ و فراوانتربوونی ئاسۆکانی بیرکردنەوە، دروستبوونەوەی ئومێد و لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئامادەتر بۆ کارکردن. هەستدەکەم کۆی ئەم گۆڕانکارییە گەورانە بوو بوونە هۆکاری ئەوەی لەسەر کۆمەڵێک کێشە و ئیشکالیاتی دیکە بنووسم لەدەرەوەی ئەدەبدا. بۆ نموونە نووسین لەسەر کێشەی دەسەڵات و عەقڵیەتی سیاسی و شیکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و مەسەلەی کۆمەڵگای مەدەنی و فیکریی جیاوازی و کۆمەڵێک بابەتی دیکە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا نووسیمن.

پرسیار: بەدەر لەو گەمەی ناونانەی لە ڕۆشنبیری کوردیدا هەیە کە شەیدای

ئەوەیە خێرا و بێ ئاگاییەکی قووڵ، نووسین و نوسەرەکان لەژێر ناوێکدا پۆلبەند بکات، بەڕاستی هەندێک لەو چەمکانەی بونیادگەری لە کارەکانتا دەبینینەوە، وەک چەمکی گوتار، سیستم، ڕێکخستن، بونیادەکان، ئایا پەیوەندی خۆت لەگەڵ ئەو قوتابخانەیەدا چۆن دەبینیتەوە؟

وەڵام: هەستئەکەم ئەو چەمکانەی تۆ باستکردن منالّی ساتەوەختێکی دیاریکراون لەگەشەی فیکریمدا، ساتەوەختێک کە زۆر پێویست بوو. ئێستاش پێموایە شیکردنەوەی بونیادییانە ساتەوەختێکی گرنگە لە ساتەوەختەکانی شیکردنەوە. بۆئەوەی لە دیاردیەک تێبگەین، پێویستمان بە ناسینی بونیادی ئەو دیاردەیە و بە میکانیزمە ناوەکییەکانی ئیشکردنی هەیە. ئەگەر بەباشی کارەکانمت خوێندبێتەوە دەبینیت کە من بەردەوام لەنێوان لێکدانەوەی بونیادیانە و بەستنەوەی بونیادەکان بەدەرەوەوە هاتووم و چوم، واتە بەردەوام وشیاریم لەنێوان بونیاد و دەرەوەی بونیادا لەجوڵەیەکی بەردەوامدا نیشتەجێکردوە.

پرسیار: بۆ نموونە لە شیکردنەوەی دەقەوە بۆ دەرەوەی دەق وەک لەو خوێندنەوەیەدا بۆ شێرزاد حەسەن کردت.

وەڵام: بەڵێ...من کە چیرۆکی گوڵی ڕەشی شێرزاد حەسەنم خوێندەوە سەرەتا لەناو زمان و پێکهاتی ڕاناو و کردار و شتی دیکەی لەم بابەتەدا کارمکرد، دواتر بەو ئەنجامە گەیشتم کە بونیادی ناوەکی ئەو چیرۆکە بونیادێکی تایبەتییە کە تێیدا پراکتیک وونە و پاڵەوانی چیرۆکەکە لە دۆخی هەتیوکەوتنێکی کۆمەڵایەتی سەختدا دەژی، واتە ئەم پاڵەوانە ەکسێکە تەنها و ناتوانێت ئەو جیهانە بگۆڕێت کە خوازیاری گۆڕانیەتی. بەڵام من لەو خوێندنەوەیەدا هەوڵمداوە ئەم پاڵەوانە تاکەکەسییە ببەستمەوە بە نوخبەی خوێندەواری کوردی هەشتاکانەوە. کە دواجار بەستنەوەی خەمی پاڵەوانی ئەو چیرۆکەیە بە دیدێکی تراژیدییەوە بۆ دنیا کە دەکرێت خوێندنەوەی کۆمەلایەتی و دەرونی تری بۆبکەیت کە دەکەونە دەرەوەی مەبەستەکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە. بە مانایەکی دیکە من کە بە میتۆدی بونیادگەری کارمکردوە هەرگیز کارەکانم وانەبوون کە لەنێوان دەق و دەرەوەی دەقدا پەیوەندییەکان فەرامۆشکەم، دنیای دەرەوەی دەق بەشێکبوو لەو کاری شیکردنەوەیەی من بۆ دەقەکانم کردوە. بەڵام لەهەموو ئەو دۆخانەدا بەرگریکردن

له دەق وەک بوونێکی سەربەخۆ بەلامەوە گرنگ بووە بەتایبەتی لەوکاتەدا کە من ئەو نووسینانەم بلاوکردەوە، مەبەستم ساڵی ١٩٨٧ە. بۆئەوەی خوێنەری ئێستا لەو بەرگرییە سەرسەختەی من لە دەق تێبگات، دەبێت سەیری ساتەوەختی بەر لە ئامادەگی بونیادگەری لە ڕەخنەی کوردیدا بکات. ئەو ساتەوەختە ساتەوەختێک بوو تەنها قسەی لەسەر نوسەری دەق دەکرد و تێکست بەتەواوی فەرامۆشکراوبوو. بۆ نموونە کە باس لە ئەدەبی محەمەد موکری دەکرا، کەس نەدەهات دەقە ئەدەبییەکانی ئەم پیاوە بخوێنێتەوە و کاریان لەسەربکات، نا، ئەوان دەیانگوت ئەم نووسەرە وجودییە و وجودیەتیش کورتکرابۆوە بۆ کۆمەڵێک سەرزنشت و خراپەکاری. کە لەسەر شێرزاد حەسەن ئەدوان دەیانگوت بۆرژوازییەکی بچووکە و بۆرژوازی بچووکیش کەسێکی وەسواس و دڵەڕاوکێکەرە و خەباتی بۆناکرێت. دەیانگوت نالی کوردایەتی کردوە، بەلام مەحوی نەیکردوە. دەیانگوت شێرکۆ بێکەس ناسیۆنایستە و بەم قسەیەشیان بازیان بەسەر ئەو جیهانە شیعری و ئیستاتیکیەدا ئەدا کە شێرکۆ لە شیعرەکانیدا بینایکردبوو. بەمجۆرە ئەم حوکمە نابەجێ و زۆرجار سیاسیانە هەموو ئیستاتیکای ئەدەبی ئەم نووسەرانەی کوشتبوو.

بە کورتی دەمەوێت بڵێم ڕەخنەی کوردی بەر لە بونیادگەری سەرلەبەر سەرقاڵی نووسەری دەقەکان بوو، نووسەرەکانیشی کورتکردبۆوە بۆ کۆمەڵێک هەڵوێست و حوکمی سیاسی پێشتر دەستنیشانکراو. ئەمەش جگە لە لاوازکردن و هەژارکردنی ئاسۆکانی دەق چیدی نەبوو. لەبەر ئەم مەسەلانە بەرگریکردن لە دەق لەو ساتەوەختە تایبەتەدا بەرگرییەکی زۆر پێویست بوو، لە قووڵایشدا ئەم بەرگرییە بریتیبوو لە گێڕانەوەی حورمەت بۆ دەق و گێڕانەوەی مانا و دەلالەت و جیهانبینییەکان بۆ ناو دەق و دوای ئەمانەش هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان جیهانبینی پاڵەوانەکان ئەو جیهان و بونیاد کۆمەڵایەتییانەی کە لەدەرەوەی پاڵەوانەکاندا ئامادەن.

تۆ ڕاستدەکەیت من ئیشم بە هەموو ئەو تێرمانەی بونیادگەری کردوە کە تۆ ناوتبردن، من یەکێک لە ووتارەکانم ناونابوو «بەرەوە خوێندنەوەی بونیادگەرانەی شیعری کوردی». لەپێشەکی ئەو نووسینەشدا کە لەسەر چیرۆکی «گوڵی ڕەش»ی شێرزاد حەسەن نووسینم، باسی ئەوەمکردوە بە چ میتۆدێک کاردەکەم.

واتە کارکردن بە میتۆدی بونیادگەری نهێنی نەبووە و عەیبەش نییە. من باسی ڕەخنەگری فەرەنسی لوسیان گۆڵدمانم کردوە کە چۆن جیهانی ناوەکی دەقەکان بە سیاقە دەرەکییەکانی دەرەوەی دەقەکانەوە گرێدەدات. چۆن لەدەرەوەی دەقەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو دەقەکان و باسی ئەوەم کردوە کە دەق دەبێت لەناو ئەو گەمە بەردەوامەی لە نێوان بونیادە ناوخۆییەکان و بونیادە دەرەکییەکاندا لەئارادایە، ببینرێت.

ڕەنگە گرفتی سەرەکی لەوێدابێت کە من پرۆژەی خوێندنەوە بونیادگەرییەکانم بۆ شیعری کوردی تەواونەکرد، بەداخەوە پاش چەند خوێندنەوە و ئەزموونێکی کەم وەستام و ئیدی هیچم لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی نەنووسی. هەستەدەکەم ئەوەی من لە هەشتاکاندا کردم کارێکی زۆر پێویستبوو. هەوڵدانێکی جدی بوو بۆ تازەکردنەوەی ڕەخنەی کوردی و بەرهەمهێنانی دیدێکی نوێ بۆ تێڕامان لە تێکستەکان.

بەڵام ئێستا و دوای ئەو هەموو ساڵانە بەو باوەڕە گەیشتوم کە شیکردنەوەی بونیادیانە بەتەنها بەس نییە، بەڵکو ساتاوەختێکی پێویستی تێگەیشتن و ناسینی تێکست و دیاردەکانە. دەشێت ئەم شێوە تایبەتەی ڕاڤەکردنی تێسکت و دیاردەکان وەک بەشێک، تەنها بەشێک، لە پرۆسەیەکی هەمەلایەن و ئاڵۆزی خوێندنەوە ببینرێت.

پرسیار: با بگەڕێینەوە بۆمەسەلەی گرنگیدان بە نووسەر چونکە پێموایە ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە. بەبڕوای من ئەم گرنگیدانە نەخۆشە بە نووسەر هەر بەتەنها قەیرانی میتۆدێکی ڕەخنەی ئەدەبی نییە، بەڵکو لە پشتییەوە قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیش هەیە. وەکچۆن لە خێزاندا هەموو سەرنجەکان لەسەر باوک و لە قوتابخانەدا لەسەر مامۆستا و لە حیزبدا لەسەر سەرکردەی حیزب کۆدەبێتەوە، ئاواش لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هەموو گرنگی و سەرنجەکان بۆ نووسەر دەچێت. واتە گرنگیدان بە نووسەر لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا تەرجومەدەکرێت بۆ گرنگیدان بە باوک، لە ئاستی سیاسیشدا بۆ سەرکردە، ئایا تۆ هیچ هاوکێشەیەکی وادەبینیت؟

وەڵام: بێگومان ئەم بینینەی تۆ زۆر ڕاستە. لە پشت بە پاڵەوانکردنی نووسەرەوە

ستراتیژیەتی بە کاریزماکردنی دەسەڵات ئامادایە، لەنێوان کاریزمای ئەدەبی و کاریزمای سیاسی و کاریزمای پەروەردەییدا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە. کاتێک لە کۆمەڵگایەکدا ستراتیژیەتی سەرەکی دەسەڵات دەبێتە ستراتیژیەتی بەکاریزماییکردنی دەسەڵات و هەموو دەسەڵاتەکان لەجەستەی سەرکردەیەکدا کۆدەکرێتەوە و ئیرادەی کۆمەڵگا کورتدەکرێتەوە بۆ ئیرادەی کەسی کاریزمی، ئەوا بەپێی هەمان ستراتیژ لەناو ڕەخنەی ئەدەبیدا جیهانی ئاڵۆزی دەقەکان کورتدەکرێتەوە بۆ ویست و مانا و دەلالەتەکانی نووسەرەکەی.
لەپشتی ئەو شێوە پەڕگیر و نەخۆشەی قسەکردنەوە لەسەر نووسەر، کە ئێمە لە هەفتاکان وهەشتاکاندا کردوومانە، بونیادێکی دەرەکی هەیە کە بەردەوام پێویستی بە بەرهەمهێنانی پاڵەوان هەیە. پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری هەیە کە بەبێ پاڵەوان، بێ خولقێنەر و لەدوالێکدانەوەشدا بێخودا ناژی.
بۆیە لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی هێز بۆ دەق، لەهەمانکاتدا هەوڵدانە بۆ دروستکردنی دنیایەیەک بێ خولقێنەر و بێ پاڵەوان، واتە هەوڵدانە بۆ دروستکردنی دنیاییەکی دیموکراسی کە تێیدا ئینسان بونەوەرێکی سادە و مافدارە، نەک پاڵەوان و کەسایەتییەکی ئەفسانەیی. ئەمەش بۆخۆی بە دیموکراسیکردنی پرۆسەی خوێندنەوە و لەوێشەوە هەوڵدانە بۆ بە دیموکراسیکردنی ئەو پەیوەندیانەی لەناو واقیعێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا ئامادەن. گرنگی ئەو کارانەی ئێمە لە کۆتایی هەشتاکاندا جێبەجێمانکرد و مانا قووڵەکانییان لێرەدایە، هەرئەم سەرەتایەش بوو چەندساڵێک دواتر ئێمە بەرە و بەرگرییەکی سەرسەخت لە مافی تاکەکەس و مافی جیاوازیی و دیموکراسییەت دەبات. لەپشتی بەرگریکردنێکی پەڕگیر لە نووسەر و کورتکردنەوەی جیهانی ئاڵۆزی ناو دەقەکان بۆ سەرنج و تێڕوانین و ڕای نووسەرەکەی، کورتکردنەوەی دەسەڵات بۆ کاریزما ئامادیە، لەپشت ئەمانەشەوە کوشتنی ئەگەرەکانی دیکە و توانای قسەکردنی جیاواز و کورتکردنەوەی هەموو ماناکان بۆ یەک مانا ئامادیە.
گەر سەرنجبدەیت ئەم دیدە بریتییە لە ستراتیژیەتی زەلیلکردنی خوێنەر و زەلیلکردنی پرۆسەی خوێندنەوە. لەبەرئەوە گێڕاندنەوەی سەرنج و گرنگییەکان

بۆ دنیا و فەزا و ئاسۆ ناوەکییەکانی دەق لە بنەڕەتدا بریتییە لە بەگژاچوونەوەی ئەو تۆتالیتارییە دەرەکییەی کە لەدەرەوەڕا نووسەر و کاریزما و خودا دروستیدەکەن. هەستدەکەم ئەو کارانەی لەو کاتەدا ئەنجامماندا بەزۆر مانا هێجگار شۆڕشگێڕانە بووبێت، گەر بکرێت بەم جۆرە دەستەواژانە باس لە فیکر و کاری فیکری بکرێت. لەکاتێکدا لەو سەردەمەدا و دواتریش بە دەیان قسەمان پێدەگوترا لەسەر مەسەلەی مردنی نووسەر و دابڕانی دەق لە جەماوەر و بەکارهێنانی میتۆدی بۆرژوازییانەوە و تۆمەتی دیکەی لەم بابەتە.

پرسیار: بۆخۆت دەزانیت یەکێک لە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ژیاننامەی نووسەر، بەڵام تەنانەت لەم میتۆدەشدا بڕوایەک هەبوو بەوەی ژیاننامەی نوسەر دەتوانێت زیاتر ماناکانی دەق ئاشکرابکات. بەڵام ئەوەی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا پیادەکرا تاڕادەیەک دوربوو لەم میتۆدە. چونکە لەسەر ژیاننامەی نوسەر نەشتێکی وای دەگوت و نە پەیوەندییەکی وردی ئەو ژیاننامەیەی بە دەقەوە دەبەستەوە و..

وەڵام: گەر ڕێگەم بدەی ئەو خاڵە درێژە پێبدەم و بە دەربڕینێکی باشتر بڵێم کە گرفتەکە لەوێوە دەستیپێدەکرد کە کۆی ژیانی نووسەرەکەش کورتکرابووەوە بۆ هەڵوێستە سیاسییەکانی. ئەمەش کوتکردنەوەی کۆی ئەزموونە ئاڵۆزەکانی ژیانی ئینسانێک دەگەیەنێت بۆ چەند هەڵوێستکی سیاسی دیاریکراو. ئەگەر ئێمە لە دەرونشیکاری نووسەرەکەوە، یان لە خوێندنەوەیەکی مەعریفی ژیانی نووسەرێکەوە بچووینایەتە ناو جیهانی دەقەکانەوە، هێشتا دەکرا لەسەر دەقەکان شتی گرنگ بڵێین. ئاشکرایە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە ئاراستەیەکە و لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ئامادەیە. لەم جۆرە ڕەخنەیەدا سایکۆلۆژیای دەق و سایکۆلۆژیای نووسەرەکە بەیەکدیەوە دەبسترێنەوە، یان جیهانی مانا و دەلالەت و هەڵوێستی کەس و پاڵەوان و شتەکانی دیکەی ناو دەق دەبسترێتەوە بە ئەزموونە حەیاتییە تایبەتەکانی نووسەرەکە خۆیەوە. بۆ نموونە لەڕێگای خوێندنەوە و شیکارکردنی مناڵی کەسێکی وەک دێستۆیڤسکییەوە دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتن لە هەندێک ڕەهەند و ئاراستەی تایبەتی مانا لە ئەدەبی ئەم نووسەرەدا.

لای ئێمە ئەم جۆرە خوێندنەوانە بوونیان نەبوو، لای ئێمە نووسەر کورتدەکرایەوە بۆ ئیتیما چینایەتییە گریمانکراوەکەی، وەک بۆرژوازی یان بۆرژوازی بچووک و کۆمەڵێک سیفەتی گشتیش دەدرایە پاڵ ئەو جۆرە ئینتیمایانە. ئێمە میتۆدی خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای نووسەرمان نەبووە و نییە، میتۆدی خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژیای نووسەرمان نەبووە و نییە، تاداوتر بتوانین ئەو دۆزینەوە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیانە بۆ گرێدانی نووسەر بە تێکستەوە بەکاربهێنین. لای ئێمە هیچ یەکێک لەو میتۆدانە لەئارادا نەبوو کە بەهۆیەوە دەکرێت نووسەر ببێتە دەروازەیەک بۆ خوێندنەوەی دەقەکان، ئەوەشی دەگوترا لە بێئاگاییەوە دەگوترا و دووربوو لەهەر قووڵاییەکی فیکری و ڕەخنەییەوە. لەباتی ئەنجامدانی ئەو کارە گرنگانە هەمیشە پرسیاری سەرەکی ئەوەبووە ئایا نووسەر سەر بە چ تەوژمێکی سیاییە، ئایا لەگەڵ تەوژمە سیاسییەکانی کوردستاندایە یان نا، بۆرژوایە یان کرێکار، پێشکەوتنخوازە یان کۆنەپارێز؟ ئەمانەش ڕەخنە نەبوون، بەڵکو هەڵواسینی دروشم بوون.
بەشێکی زۆری ئەوەش کە لە کوردستاندا بە «ئەدەبی بەرگری» ناودەنرێت بەم ئاراستەیە کاریکردوە. واتە لەم ئەدەبەدا ئەوەی گرنگبووە ئەو ناوەرۆکە سیاسییە کە تەعبیری لێکراوە، نەک ئەوەی ئەو تێکستە تا چەند تێکستێکی ئەدەبی سەرکەوتوە و تا چەند بەشدارە لە فراوانکردنی ئاسۆکانی خەیاڵ و ئەزموونی جوانی و چێژی ئیستاتیکی خوێنەردا. بەڵام ئەم قسانە مانای ئەوە نین نووسەرانی «ئەدەبی بەرگری» خەڵکانێکی ئازا و بوێر نەبوون، ژیان و بوونی خۆیان نەخستۆتە مەترسییەوە، ڕیسکی ڕاستەقینەیەن نەبووە. دەبێت لێرەدا ئەو جیاوازییە بکەین، جیاوازی لەنێوان ئازایەتی نووسەر و ئەدەبیبوونی تێکستدا. بۆ نموونە کاتێک حەمە فەریق حەسەن چیرۆکی «دووربین» ی نووسی، گەمەی بە ژیانی خۆی دەکرد. دەکرا شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت لەسەر چەندان شیعر چەندان جار ژیانی خۆیای لەدەستبدەن، ڕەوف حەسەن لەسەر چیرۆکی «ئاسۆ» ساڵانێکی درێژ زیندانی بچەشتایە. ئەمانە کۆمەڵێک ڕاستین کەس ناتوانێت نکوڵیاین لێبکات. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە ئەو میتۆدە ڕەخنەییانەی قسەیان لەسەر نووسەر دەکرد، نەیاندەتوانی پەیوەندییەک لەنێوان جیهانی دەرەکی نووسەرەکە و جیهانی ناو دەقەکانیدا بدۆزنەوە لەدەرەوەی

کـورتکردنەوەی جـیـهـانی نووسـەرەکـان بـۆ کـۆمـەڵێک هـەڵوێسـتی سـیـاسی دیاریکراو. بۆیە ئێمە دوای ئەو هەموو ڕەخنەنووسییە لەسەر نووسەر هێشتا نە نووسـەرەکان دەناسین و نە تێکستـەکانیـان. ئەمـەش گرفـتێکی مـەنهـەجی بوو. بەبڕوای من کورتکردنەوەی جیهانی شیعری گۆران بۆ کۆمـۆنیسـتبـوون، مەحوی بۆ تەسـەوف، حـەمـە مـوکـری بـۆ وجـودیـەت، قـانـع بۆ مـیللیگەرایی، کوتركردنەوەیەکی هەڵە و هەژارن. بەسـەریەکـیشـەوە کۆمـەڵێک گرفـتی گـەورەن. چونکە هیچ یـەکـێک لـەو سـیـفـەتانە بەتـەواوی و بەقـووڵی شـینەکـراونـەتەوە و نیشنانەدراون چۆن بـوون بە ئەدەب. بۆ نموونە کە دەگوترا فـڵان کـەس بۆرژوای بچووکە، کەس نەبوو میتۆدێکی دەوڵەمەندی پێبێت و هەوڵبدات لە سایکۆلۆژیا و سۆسـیـۆلۆژیای بـۆرژوازی بچـووک بکۆڵێتـەوە و لـەم لێکۆڵینەوەیەوە بچـێتـە نـاو پرۆسـەی خـوێندەوەی دەقـەکـان. نەخـێـر مـەسـەلەی سـەرەکی مـەسـەلەی دەستنیشاکردنی هەڵوێستی سیاسی بوو کە بە یەکدی ڕەفزکردن کۆتاییدەهات، بۆ نموونە ئەوانەی بـە چەپ ناسـرابوون شـێـرکـۆیـان ڕەفـزدەکـرد و دەیانگوت ناسیۆنایستە. شیرزاد حەسەن ڕەفزدەکرا لەبەرئەوەی بۆرژوازی بچووکە، چەپڵە بۆ حەمە فەریق حەسەن لێئەدرا چونکە نووسرێکی گەشبینە و سەر بە ڕیالیزمی سـۆسـیـالیـسـتـیـیـە. ڕاسـتـت دەوێت ئەمـانە ڕەخنـە نەبوون، بەڵکو فـرۆشـتنی هەڵوێستی سیاسی بوون.

پرسیار: ئێستا با بێینە سەر نووسینەکانی دوایت، ئەگەرچی هەستمانکرد لە مـارکسـیـزم تـاڕادەیەک دوورکـەوتویتـەوە، بەڵام بە تەواویش پێت لێ نەبڕیوە. هێشتا هەندێ چەمکی مارکس لای تۆ ئیشدەکەن: بۆ نموونە پەیوەندییەکانی بەرهەمـهێنان، گەڕاندنەوە بۆ تەفسـیـری ئابوری، کەوابو با باسی مـارکس لە نووسینەکانتدا بکەین.

وەڵام: پرسیاتێکی گرانە، ڕەنگە لەو مێزگردەی گۆڤاری ڕەهەندا گەڕابێتمەوە بۆ تەفـسـیـرکـردنێکی ئابوری بۆ ڕووداوەکـانی ئەم دواییـەی کـوردسـتـان. لەو ووتارەشدا کە کاتی خۆی لە گۆڤاری (بینین) دا لەسـەر شـەڕی ناوخۆ نووسیم جارێکی دی گرنگییەکی تایبەتم بە بنەما ئابوورییەکانی شەڕی ناوخۆ داوە. بەڵام بەڕاسـتی من لەو نووسـینانەدا چیم ووتوە؟ من ووتومـە شـەڕی ناوخـۆ ئەو

میکانیزمەی پیادەکرد کە بەهۆیەوە نوخبەیەکی سیاسی دیاریکراو جێگە و مەوقیعی سیاسی خۆیان گۆڕی بۆ جێگە و مەوقیعێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری. واتە نوخبەیەک پێویستی بەشەڕە بۆ ئەوەی بتوانێت شوێن و جێی سیاسی خۆی گەشەپێبدات بۆ شوێن و جێیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریش.

پرسیار: ئەمە جۆرێک نییە لە مارکسیزم؟

وەڵام: نازانم.. ڕەنگە جۆرێک بێت لە مارکسیزم، بەڵام بەرلەوە دەربڕی میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەیە کە لە کوردستانی دوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا ئیشدەکات. وازهێنان لە مارکسیزم مانای ئەوە نییە چیدی نابێت تەماشای ئابووری بکەین وەک فاکتەرێکی گرنگ لەپشتی هەندێک ڕووداوەوە، هەندێکجار بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەکی تایبەت پێویستە ڕەنگە یەکەمین شتێک ناچاربین تەماشایبکەین هۆکارە ئابورییەکان بێت.

لەڕاستیدا ئەگەر تەوژمێک لە تەوژمەکانی مارکسیزم هەموو شتەکان کوردەکاتەوە بۆ ئابوری، ئەمە بەو مانایە نییە ئێمەش بەمدیودا هیچ گرنگییەک بە ئابوری نەدەین. ئابوری بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕۆڵ دەبینێت لە دەستنیشانکردنی هەندێک هەڵوێستی مرۆڤدا. کێشەی فیکر لەوەدایە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دراوانەدا دەکات کە لە واقیعەوە دەستیدەکەوێت. من پێموایە مارکسیزم، واتە گرنگیدان بە ڕەهەندە ئابوورییەکانی دیاردەیەکی تایبەت، دەشێت ساتەوەختێکی گرنگبێت لە ساتەوەختەکانی شیکردنەوەی زانستی. لە پەیوەندیدا بە منەوە شک نابەم ووتارێکم هەبێت لەسەرەتاوە تا کۆتایی پشت ئەستووربێت بە لێکدانەوەی مارکسیانە، واتە تەنها تەماشای ڕەهەندی ئابوری ئەو دیاردەیە بکات. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەندێک ڕەهەندی تایبەتی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە ناکرێت لەڕێگای چەند چەمکێک لە چەمکەکانی مارکسیزمەوە ڕاڤەبکرێت. تەنانەت میشێل فۆکۆش بۆ ڕاڤەکردنی هەندێک دیاردەی دەسەڵات لەسەدەی هەژدەهەمدا دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوە ئابوری، لە نووسینێکی گرنگیشیدا کە باس لە ئینسان دەکات دەڵێت ئینسان بوونەوەرێکە لەنێو سێ جۆر پەیوەندیدا نیشتەجێیە: پەیوەندییەکانی دەسەڵات، پەیوەندییەکانی مانا و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان.

پرسیار: بەڵام کەمجار لە نووسینی تۆدا دەبینین مەسەلەی ئابوری نەهێنیتە پێشێ وەک مەسەلەیەکی کاریگەر. تەنانەت لەم کۆڕەی دوایتا لەسەر جیهانگیری لە سلێمانی گرتت، جیهانگیریت بەتەواوی بە وتەیەکی مارکس پێناسکەرد.

وەڵام: ڕاستدەکەیت، من ووتم جیهانگیری بریتییە لە بە جیهانیبوونی سیستمی سەرمایەداری وەک پەیوەندی بەرهەمهێنان. بەڵام ئەمە پێناسێکی زۆر گشتییە، تەنها دەستنیشانکردنی چوارچێوەیەکی گشتییە و هیچیدی. بۆ کارکردن و خوێندنەوەی دیاردەکانی ناو ئەم چوارچێوە گشتییە پێویستمان بە میتۆدی دیکە هەیە. بەڵام من ڕام وایە بۆ تێگەیشتن لە جیهانگیری دەبێت پێشوەخت چوارچێوەی گشتی ئەم دیاردەیە دەستنیشانکەین، دەبێت بزانین کاراکتەری سەرەکی ئەو چوارچێوە گشتییە چییە و لەکوێوە هاتووە و چۆن ئیشدەکات. تۆ ڕاستدەکەیت من ڕام وایە چوارچێوەی جیهانگیری لەمڕۆدا بوونی سیستمی سەرمایەدارییە بە سیستمی باڵادەست لە ئاستی جیهاندا، بەڵام سەرمایەداری وەک «پەیوەندی بەرهەمهێنان»، نەک وەک «پەیوەندی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ».

مەبەستیشم لە لە بەجیهانیبوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان گەیشتنە بە ئاستێکی دیاریکراوی گەشەکردنی ئابوری و بەهایی و کولتووری و تەکنیکی کە جیهانی وەک گشتێک بە ئاستێک گەیاندوە کە بکرێت کەرتە گەورەکانی بەرهەمهێنان لە بەشێکی دنیاوە بگوازرێنەوە بۆ بەشێکی دیکەی دنیا بە بێئەوەی دۆزینەوەی ئەو داواکارییانەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خوازیاریەتی، وەک: کەفائەت، قازانی زۆر، تێچونی کەم، تەکنیکی پێویست، یاسای تایبەت، کارێکی زەحمەت یان مەحاڵ بن. واتە بۆئەوەی پیشەسازی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر، لەبەر گرانی، بازاڕەکانی ئەوروپا بەجێبهێڵێ و ڕابکات بۆ هیندستان، دەبێت سیستمی بەرهەمهێنان لە هیندستان بە ئەندازیەک گەشەی کردبێت بەم پیشەسازییە سەرهەڵگرتوە شوێن و کەفائەت و قازانج و یاسای پاراستن بدات بۆئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت و کاربکات. بەم مانایەیە من دەڵێم ئەو چوارچێوەی جیهانگیری کاری تێدادەکات بە سەرمایەداربوونی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە لە جیهاندا وەک گشتێک.

بەڵام دواجار بۆئەوەی تێبگەین جیهانگیری لە سیاقە تایبەتەکانیدا و لەئاستی لۆکاڵدا چۆن کاردەکات، ئەوا پێویستمان بە خوێندنەوە و میتۆدی دیکەی

کارکردن هەیە.
بێگومان باسکردن لە سەرمایەداری وەک چوارچێوەیەک بۆ جیهانگیری مانای ئەوە نییە کە ئێمە دیدی مارکسی بۆ خوێندنەوە بەکاردەهێنین، هەندێک هەن لە باتی سەرمایەداری ووشەی مۆدێرنە بەکاردەهێنن و دەڵێن، جیهانگیری بریتییە لە بە جیهانیبوونی مۆدێرنە، بەڵام گەر ورد لە چەمکی مۆدێرنە وردبینەوە ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت کە لەنێوان باسکردنی مۆدێرنە و باسکردنی سیستەمی سەرمایەداریدا وەک پەیوەندی بەرهەمهێنان جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، لەهەردوو دۆخەکەدا باس لە ئاستێکی تایبەتی گەشەکردن دەکرێت کە ئاڵوگۆڕی گەورەی لەشێوەی کۆچی ئینسان و سەرمایە و کاڵا و کولتوور و بەها لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی مەیسەردەکات. لەمەش بترازێت چەمکی «پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان» بەتەنها هەڵگری ئەو مانا ئابوورییانە نییە کە مارکسیزمی سوونەتی پێیدەبەخشێت، بەڵکو هەڵگری جۆرێکی تایبەتی بەها و کولتوور و وێنە و مامەڵەشە کە مانا ئابوورییەکان تێدەپەڕێنێت. بەڵام گەر ئەم دیدە وەک بەشێک لە گەڕانەوە بۆ مارکسیزم ببینرێت ئەوا من پێم خراپ نییە و پێموایە دیدێکە کە یارمەتییەکی باشمان ئەدات بۆ تێگەیشتن لە مانا قووڵەکانی جیهانگیری.
بێگومان ئەو پێناسەیەی من دواهەمین پێناسە نییە بۆ جیهانگیری و دەکرێت پێناسی دیکەشی بۆبکەین. کەسانێک هەن جیهانگیری بە دیاردەیەکی زۆر کۆنتر لە سەرمایەداری دەبینن و دەیگەڕێننەوە بۆ لەدایکبوونی دینە یەکتاپەرستەکان، هەن جیهانگیری دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتاکانی پەیدابوونی سەرمایەداری وەک سیستمێک بۆ ئاڵوگۆڕ و بازرگانی، نەک وەک سیستمێک بۆ بەرهەمهێنان، بەبێئەوەی ئەم کەسانە مارکسی بن، هەندێکی دی باوەڕیان وایە سەرمایەداری لەڕۆژی لەدایکبوونییەوە سیستمێکی جیهانگیرانەیە.

پرسیار: با لێرەدا بوەستین، تۆ گوتت جیهانگیری بەجیهانیبوونی سەرمایەدارییە لەڕێی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە. پێتوایە گواستنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەهەمانکاتدا بریتیبێت لە گواستنەوەی سیستمی کولتووریی سەرمایەداری، واتە گۆڕینی پەیوەندییەکان بۆ پەیوەندییەکی سەرمایەداریانە لەهەمانکاتدا گۆڕینی کولتووری پێش

سەرمایەدارییە بۆ کولتووری سەرمایەداری لەهەموو کۆمەڵگاکاندا؟
وەڵام: نەخێر..نەخێر..ئەوە وەهمە پێمانوابێت ئەوکاتەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری دەبێتە پەیوەندییەکی گەردونی و بەهەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە ئیدی هەموو دنیا دەبێتە هەڵگری هەمان کولتووریی سەرمایەدارییانە و کولتوورێکی وێکچوو و هاوشێوە هەموو جیهان دەتەونێتەوە. سەرمایەداری فۆرمی جیاواز و کولتووری جیاوازی هەیە. لەنێوان سەرمایەداری ئەمریکی و سەرمایەداری ئەوروپای ئەسکەندەناڤیدا جیاوازی گەورە گەورە هەیە، ئەمەشیان جیاوازە لە سەرمایەداری یابانی. لەمەش گرنگتر ئەو ڕاستییە گۆڕینی بنەمای ئابووری مانای گۆڕینی خۆبەخۆ و ئۆتۆماتیکی کولتوور نییە، ئەمە ئەو هەڵە سەرەکییەیە کە مارکسیزمی سوونەتی دەیکات.
کە جیهان دەبێتە جیهانێکی سەرمایەدار و پەیوەندییەکانی سەرمایەداری بە جیهاندا بڵاودەبنەوە، دەچنە ناو سیاق و لۆکاڵی جیاجیاوە و لەوێشەوە دەچنە ناو سیستمی بەها و کولورتی جیاوازەوە و ڕەنگی ئەو لۆکاڵانە وەردەگرن کە دەچنە ناویانەوە، تێکەڵ بە جەبر و ئەگەر و مێژووی ئەو لۆکاڵانە دەبن، هەندێک شت دەگۆڕن و هەندێکشت وەک خۆی دەهێڵنەوە و هەندێک شتی دی لەنێوان گۆڕان و مانەوەدا جێدەهێڵن. بەڵام هەم گۆڕانی شتەکان و هەم هێشتنەوەشیان دیسانەوە فۆرمی جیاجیا وەردەگرن. لەڕاستیدا دابەزین بۆئەم ئاستە وردەی کارکردنی جیهانگیری لەناو سیاقە تایبەتە لۆکاڵییەکاندا پێویستی بە لێکۆڵینەوە شیکاری ورد هەیە.
بەڵام ئەوەی دەبێت لێی تێبگەین ئەو ڕاستییەیە کە جیهانگیری بریتییە لە قۆناغێک یان هەلومەرجێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە کەس ناتوانێت لە ئێستا بە دڵنیاییەوە پێمانبڵێت تاچەند درێژە دەخایەنێت و دەرەنجامەکانی چی دەبن؟ واتە ناتونین پێشبینی ئەو هەموو پرۆسێسە ئاڵۆزانە بکەین کە ئەم دیاردەیە لە جیهاندا دەیخاتەوە. سەرمایەداری سیستمێکی زۆر ئاڵۆزە، چۆن هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتی فاشیانەیە، ئاواش هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتی یاسا و دەوڵەتی ڕیفاه و دەوڵەتی عەدالەتی کۆمەلایەتییشە. بە سەدان و هەزاران کاردانەوەی جیاواز لەشوێنە جیاوازەکاندا دروستدەکات. ئەمرۆ ئەم ئاڵۆزییە لەبەردم پرۆسەیەکی خوێندنەوەی هەمەلایەندایە، ڕۆژانە چەندان کتێب لەسەر

دەرکەوتە جیاجیاکانی ئەم پرۆسەیە دەردەچێت و شیکردنەوەی جیاوازی بۆدەکرێت. لەڕاستیدا سیستمی سەرمایەداری دوو سەدەی ویستوە بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی بەجیهانیبوون. ڕەنگە پرۆسەی بەجیهانیبوونیش چەند سەدەیەکی بوێت بۆ دەرکەوتنی دواهەمین ئەنجام و ئەگەر و بەرهەمەکانی.
من گومانم لەوە نییە جیهانگیری لە ئایندەدا گۆڕانی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و لەوانەش گۆڕانی ڕادیکاڵ، چونکە سیستمی سەرمایەداری هەمیشە هەڵگری کۆمەڵێک ناچاریبووە، بۆ نموونە گواستنەوەی مرۆڤ لە ماڵەوە بۆ ناو کارگە، دابڕینی کایەی شەخسی و کایەی گشتی و کایەی بەرهەمهێنان، لێکجیاکردنەوەی مۆراڵی کارکردن و مۆراڵی ژیانی ڕۆژانە و مۆراڵی گشتی و مۆراڵی تاکەکەسی لەیەکدی.

پرسیار: بڕوات وایە ئەم هاوکێشەیە حەتمییە؟
وەڵام: ناڵێم ئەمە حەتمییە، مادام ئینسان هەیە حەتمیەت حیکایەتێکی بێمانایە. ئەوەی من دەیڵێم سەرمایەداری وەک سیستم هەڵگری ئەم ناچاریانەیە، بەڵام ئەم ناچاریانە وەک ئەگەر کاردەکەن، وەک ئەگەرێک لەناو کۆمەڵێک ئەگەری دیکەدا، ناچارییەکن دەکەونە ئامێزی ئینسانەکان خۆیانەوە، ئەوەی ڕۆڵی دەستنیشانکەر دەبینێت ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەیە کە جیهانگیری و ناچارییەکانی دەچنە ناوییەوە، ئەو کاردانەویە کە ئینسان بەڕووی ئەو جیهانە نوێیەدا دەیبێت. بەڵام خاڵێک کە دەبێت جەغدی لێبکەین ئەوەیە کە لە چوارچێوەی جیهانگیریدا هیچ قوژبنێکی سەر ئەم ئەستێرەیە نامێنێتەوە بەمانایەک لە ماناکان تووشی گۆڕانکاری نەیەت. ئەگەر ئەگەرێکی ئەم پرۆسەی گۆڕانکارییە بریتیبێت لەدروستبوونی دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی مۆدێرن ئەوا ئەگەرەکانی دیکەی ئەگەری دروستبوونی تاڵەبان و قاعیدە و فۆرمەکانی دیکەی ئوسولیەتی ئاینییە، وەک کاردانەوەیەکی کۆنەپارێزانە بەڕووی ئەم پرۆسەیەدا...

پرسیار: ئەگەرێکی تریشی فاشیزم...
وەڵام: بێگومان..کاردانەوەی فایشستانە یەکێک لە کاردانەوە هەرە بەرچاوەکانە بەڕووی جیهانگیریدا. ب ەهێزبوونی هەندێک گروپی فاشی لە ئەورووپدا یەکێک

لەدەرکەوتەکانی ئەم پرۆسەیەن. بەڵام خۆشحاڵانە ئەمە تەنها ئەگەرێک نییە، ئەگەری دیکەش هەن کە بە مرۆڤەکان توانای هەڵبژاردنی شێوەی کراوەتری ژیان دەبەخشن، دەرهێنانی ئینسان لە خانە و لۆکاڵە داخراوەکان و فڕێدانی بۆناو سیاقاتی گەورەتر و فراوانتر لە ئەگەرەکانی دیکی ئەم پرۆسەیەن، ووشیارکردنەوەی ئینسان لەوە کە جیاوازی یاسای سەرەکی بوونی ئینسانییە ئەگەرێکی دیکەیە، بۆیە ڕێزگرتنی جیاوازییش یەکێکە لەبەها گرنگەکانی هەموو بوونێکی پێکەوەیی، ئەمەش مانای ئامادەبوون بۆ قبووڵکردنی دیموکراسیەت.

وەک لە کۆڕەکەشمدا ووتم جیهانگیری کە دێت دەشێت هەم دۆزەخەکانی بهێنێت و هەم بەهەشتەکانیشی. واتە هەم ناشیرینییەکانی سەرمایەداری بە جیهاندا بڵاوبکاتەوە، هەم ڕووە جوان و ئینسانییەکانیشی. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت کاردانەوە و تواناکانی ناو سیاقە کۆمەڵایەتییە لۆکاڵییەکانە. بۆ نموونە ئێمە لە سلێمانیدا سەتەلایتمان هەیە، پرسیار ئەوەیە ئەم سەتەلایتە چۆن بەکاردێت و چ گۆڕانێک دەخاتەوە؟ سەتەلایت هەم دەتوانێت ببێتە هۆکاری دەوڵەمەندکردنی دنیای ڕۆحی مرۆڤی ئێمە، لەڕێگای نیشاندان و گواستەنەوەی ئەزموونی جیاوازی مرۆڤ و کۆمەڵگاکانی دەرەوە بۆ ناو ووشیاری ئینسانی ئێمە، بەڵام دەتوانێت بشبێتە هۆکاری داخرانێکی کولتووری توندڕەو و گەڕاندنەوە بۆ کۆمەڵێک بەهای دینی و سوونەتی دەمارگیرانە. واتە ئەوەی گرنگە ئەوەیە داخۆ چ هێزێکی کۆمەڵایەتی و چ پەیوەندییەکی دەسەڵات لەوکاتەدا دەچێتە ناو ئەم پرۆژەیە و بە چ شێوەیەک کاری تێدادەکات.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە پرۆژەکانی جیهانگیریی خۆیان پرۆژەی بێلایەنن، دەمەوێت پێ لەسەر ئەم خاڵە داگرم چونکە لە هەموو دۆخێکدا هاتنی سەتەلایت وەک ئامرازێکی نوێی تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردن لەخۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک ئەگەرە، ساتەوەختی بەر هاتنی سەتەلایت و ساتەوەختی دوای هاتنی ئەم ئامێرە یەک ساتەوەخت نین. سەتەلایت کۆمەڵێک گۆڕان دەسەپێنێت، جا یان بەرە و باشی یان بەرەو خراپی، ئەمەیان دەمێنێتەوە سەر کاردانەوەی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان. بەبڕوای من هەر خودی ئامادەبوونی سەتەلایت مانای ئامادەبوونی ئەگەری کۆمەڵێک گۆڕان و ئەگەری دەسکاریکردنی کۆمەڵێ بونیاد. ئەم ئامێرانە دێنە ناو ململانێ کۆمەڵایەتی و فیکری و کولتوورییە تایبەتەکانەوە،

لەگەڵ خۆشیاندا ڕەگەزی نوێی ململانێ دەهێنن و تێکەڵ بە ململانێ کۆنەکانی دەکەن، ئەوەی بڕیاردەرە ئیرداە و هێز و پرۆژەی ئەو گەمەکەرە کۆمەڵایەتیانەن کە لەو ساتەدا ئامادەن، ئەم شتانەیە وادەکات ئەگەرێک بەسەر ئەگەرەکانی دیەکدا زاڵببێت و هەر ئەم ئەمانەشە جیهانگیری دەکەنە دیاردەیەکی ئاڵۆز.

پرسیار: مادام باسی سەتەلایت کرد با مەسەلەی جیهانگیری ببەستینەوە بە ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی خێراوە... بێ بوونی پەیوەندی خێرا، مومکین نییە باس لە جیهانگیری بکەین. هەستناکەیت سیستمی پەیوەندی خێرا هەڵگری ئەگەری بە گەرونیکردنی کولتوورەکانیشی پێیە، ئایا بە گەردونیبوونی کلتورە تایبەتەکان دژایەتی بەگەردونیبوونی سەرمایەداری ناکات؟
وەڵام: نەخێر، بەهیچ جۆرێک. ئەگەر ورد سەرنجبدەیت دەبینیت سەرمایەداری دواجار ئەو کولتوورانە دەخاتە چوارچێوەی یاسا و بەهاکانی خۆیەوە. با بودیزم وەک نموونە وەرگرین. ئێستا کەم شاری ئەورووپی هەیە سەنتەری تایبەتی بودیزمی تیانەبێت، جلی بودیانە، کتێبی بودی، بۆنە و گۆرانی و مۆسیقای بودی و ئەو شتانەی دیکەش کە پەیوەندیان بە ڕەمزەکانی بودیزمەوە هەیە، ئامادەن. ئەمانە فۆرمی پیشەسازییەکی نوێیان وەگرتوە و بەلۆژیکی پیشەسازییش کاردەکەن، شت بەرهەمدەهێنن و شت دەفرۆشن. واتە ئەو لۆژیکەی کە لەپشتی کردنەوەی ئەم سێنتەرە بودیانەوەیە لۆژیکی پرۆژەیەکی سەرمایەداریانەیە، لۆژیکی قازانج و زەرەر و حیساباتی وردە. لەکاتێکدا کولتوی بودی کولتوورێکی بەر لەسەرمایەدارییە.
فەندەمێنتالیزمی دینیش نموونەیەکی دیکەیە. ئەمڕۆ یەکێک لەو کولتوورانەی بە گەردونی دەبێت ئوسولیەتە وەک شێوەیەکی داخراوی دین. بەڵام ئەمانیش بەهەمان لۆژیک و ئامراز و تەکنیکی هێزە مۆدێرنەکان کاردەکەن، پارەیان هەیە لە بانکدا، پرۆژەی ئابووریان هەیە، سێنتەری تایبەت و مزگەوت و ناوەند و ئەکتیڤیستی خۆیان هەیە، میدیای تابەتیان هەیە، کتێبخانە و بازاڕ و بۆنەی تایبەتیان هەیە. دەکرێت بڵێین ئوسولیەت ڕووە ناشیرینەکانی بە گەردونیبوونی هێزەکانی ناو هەناوی سەرمایەدارییە.
بێگومان لەنێوان فۆرمێک لە کولتووری سەرمایەداریدا کە پێویستی بە ئاسایش

و بەهاکانی باوەڕ یەککردن و کۆنتراکت و پێکەوەکارکردن هەیە و لەنێوان فۆرمێکی دیکەی کولتووری سەرمایەداریدا کە لەسەر کاری مافیایی و یاساغگەری و نهێنیکاری کاردەکات ناکۆکی هەیە. بەڵام هەردووکیان بەشێکن لە سیستمی ئابووری سەرمایەداری خۆی. هەم بەهاکانی ئابوری مافیایی و هەم بەهاکانی ئابوری شەفاف دوو فۆرمی تایبەتی کولتووری سەرمایەدارین،.

وەک پێشتریش ووتم ئەوەی لەم ڕووەوە کاریگەرە ئەوەیە چ پرۆژەیەک لەو ساتەوەختەدا ئامادەیە و چ هێز و لایەن و لۆژیکێکی دەسەڵات لە ئارادایە، چۆن شتەکان ڕێکدەخرێن و چ پەیوەندییەک لەنێوانیاندا دروستدەکرێت و کامیان بەسەر کامینادا باڵدەستدەن، هەموو ئەم شتانە وابەستەی هەوڵ و خەبات و ململانێی خەڵک و ئینسانە لەناو پێکهاتە لۆکاڵییەکان خۆیاندا.

بەکورتی هەموو ئەو کولتوورانەی بەگەردونی دەبن لەناو چوارچێوە گشتییەکانی ئەم سیستمەدا بەگەردونی دەبن و لۆژیکە جیاوازەکانی ئەم سیستمە کاریان تێدەکات ..

پرسیار: واتە بڕوات وایە بەگەردونیبوونی ئەو کولتوورانە ناتوانن دەسکاری سیستمی سەرمایەداری بکەن؟

وەڵام: نەخێر ناتوانن، ئیسلامی سیاسی دواجار ئیسلامێکە نووقمە لەناو سیستمی سەرمایەداریدا و بە یاسا دڕندەکانی ململانێی سەرمایەدارییانە کاردەکات.

پرسیار: مەسەلە تەنها ئیسلامی سیاسی نییە، مەسەلە ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەیە کە لەناو هەموو کولتوورێکی تەقلیدیدا هەیە. بۆ نموونە ئەو پەیوەندییە خێزانییە پتەوەی لە کولتووره تەقلیدییەکاندا هەیە. تۆ خۆشت دەزانی وێنای ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات وەک جێگەیەکە کە پڕە لە وەفاداری خێزانی یەکگرتوو و خۆشەویستی بۆیەک و شتی دیکەی لەم بابەتە...ئایا بەگەردونیبوونی ئەو کولتوورانە لەڕێی ئەو فلیم و سریالانەوە کە ئەم وێنایە بەهێز ئەکات و بەلێشاو لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرهەمدەهێنرێت، هەڕەشە لە نەریتەکانی سەرمایەداری ناکات؟

وەڵام: بڕوا ناکەم..چونکە هەموو ئەو شتانەی تۆ باستکرد دواجار دەچنە ناو

لۆژیکی سەرمایەدارییەوە وەک سیستم و ئەم لۆژیکەش ئەوەندە کراوەیە کە جێ بەهەریەکێک لەو بەها تایبەتانە ئەدات کە تۆ باستکردن و بازاڕێکیشیان بۆ ئەدۆزێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە هیچ کاتێک هێندەی ئەم سەردەمە ڕەخنە لە ئیستیشراق نەگیراوە، مەبەستم لەم ڕەخنەیەش ڕەخنەگرتنە لەو وێنەیەی کە گوایە لە ڕۆژهەلآت وەفا و خێزان و توندوتۆڵی بالآدەستە و لەشوێنانی دی شتی پێچەوانەی ئەمە. ئەمە جگە لەوەی بڕی ئەو بەها و دید و وێنانەی لە ڕۆژئاواوە بۆ دەرەوە دەچێت زۆر زۆر زیاترن لە بڕی ئەو وێنە و دید و بەهایانەی لەدەرەوەوەی ڕۆژئاواوە بۆ ناو ڕۆژئاوا دەچن.
لەسەرێکی دیکەوە ئەمڕۆ سەرمایەداری لەچەند ئاستێکدا لە دۆخی گەڕانەوەدایە بۆ ناو ماڵ، سەرمایەداری لەسەردەمی ئادەم سمیس دا بە جیاکردنەوەی شوێنی ژیان و شوێنی کارکردن لەیەکدی دەستیپێکرد، ئێستا ئەم دابەشکردنە بەمشێوەیە نەماوە و ئەم سیستمە لە قۆناغی کردنی ماڵدایە بە یەکەیەکی بەرهەمهێنان کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک کاری تێدادەکەن. ئەمڕۆ بە سەدان و هەزاران ئینسان لە ژوری نووستنەکانیانەوە و لەڕێگای کۆمپیوتەر و پەیوەندی ئەلەکترۆنییەوە کارەکانیان جێبەجێدەکەن. ڕەنگە هەندێک کێشەی ئەم چاوپێکەوتنەی ئێمە لەوەدابێت کە من ووشەی سەرمایەدرایم باش پێناس نەکردبێت، ڕەنگە کێشەکە لە ووشەی سەرمایەداری خۆیدابێت..

پرسیار: حەزدەکەم لەسەر ئەمە زیاتر بڕۆین...ئایا گەڕاندنەوەی سەرمایەداری گەڕانەوەیە بۆ هەمان ماڵی جاران، مەبەستم ئەوەیە ئایا کردنی ماڵ بەشێوەیەک لە کارخانە چۆن دەتوانێت ئەو پەیوەندییە خێزانییەی جاران بگەڕێنێتەوە. واتە ئەو حەمیمیەت و پەیوەندییە توندوتۆڵە سەرلەنوێ زیندووبکاتەوە. من لام وایە پرۆسەی کردنی ماڵ بە کارخانە ڕەنگە ئەوەندەی دی پەیوەندییە خێزانییەکان وێرانکات؟
وەڵام: ڕاستدەکەی، بوونی ماڵ بە کارخانە زیانی دەبێت بۆ شێوە ئینسانی و سادەکانی پەیوەندیی ناو خێزان. ڕەنگە ئەم گۆڕانە ڕۆڵ ببینێت لە تەنیاخستنی زیاتری ئینساندا. منیش ڕاست دەمەوێت ئەوەبڵێم کە سەرمایەداری توانای ئەم دەسکاریکردنە قووڵانەی هەیە. ڕۆژگارێک بۆ کارکردن ئینسانی لەماڵ هێنایە

دەرەوە و ئێستا هەمان ئینسان بۆ کارکردن دەباتەوە ناو ماڵ. ئەم توانا گەورەیەی سەرمایەدارییە وا لەمن دەکات بڵێم ئەو بەها و کولتوور و وێنانەی بە جیهانی دەبن دەچنە ناو لۆژیکی سەرمایەدارییەوە و خودی کولتووره تەقلیدیەکانیش گۆڕانیان بەسەردادێت و ماناکانین دەگۆڕێت. کولتوور شتێک نییە داخراو، جەوهەرێکی نییە هەرگیز نەگۆڕێت، شتێک نییە بەسەر سەردەم و رۆژگار و گۆڕانکارییەکاندا بازبدات. کولتوور بریتییە لە دانوسانی بەردەوامی مرۆڤ لەگەڵ واقیعی خۆیدا، بریتییە لە خولقاندنی جۆرێک لە پەیوەندی رۆحی پڕ لە گۆڕان لەگەڵ دنیا و دەوروبەردا، هەردوو لایەنەکەی ئەم هاوکێشەیە، واتە هەم دنیا و دەوروبەر و هەم خودی ئینسانەکان، لە گۆڕانێکی بەردەوامدان.

گەر نموونە لەسەر کوردستان بهێنینەوە، هەڵەیەکی گەورە دەکەین پێمانوابێت ئەو ئیسلامەی لە نەوەدەکاندا لە کوردستاندا زاڵە، هەمان ئیسلامی ساڵانی هەفتا و هەشتاکانە. چونکە ئیسلامی ئەمڕۆکە شانی داداوەتە سەر کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە گەورە لەناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا. ئەم ئیسلامە ئەمڕۆ ئامانجەکانی جیاوازە، بۆ نموونە دەخوازێت دەسەڵاتێکی دینی لە کوردستاندا دامەزرێنێت، پێناسەکانی جیاوازە، بۆ نموونە دەگوترێت ئیسلام تەنها دینێک نییە پەیوەندی نێوان ئینسان و خوداوەند رێکبخات، بەڵکو دین و دەوڵەتە بەیەکەوە، ئەو کەسانەی ئەمڕۆ هەڵیانگرتوە و کارییێدەکەن کەسانی جیاوازن، بۆ نموونە بەشێکی زۆری ئەکتیڤیستە سیاسییەکانی ناو هێزە ئیسلامییەکان مەلا و فەقێی تەقلیدی نین، بەڵکو دەرچووی زانکۆ و نەوەیەکی گەنج و خوێندەوارن. لەکاتێکدا ئیسلامی هەفتاکان و هەشتاکان بەدەستی مەلاکانی کوردستانەوە بوو، ئیسلامی ئێستا بەدەیان تۆڕی پەیوەندی بە دەرەوەی کوردستانەوە گرێدراوە، ئەگەر ئیسلامی هەفتاکان و هەشتاکان ئیسلامێکی هێمن و بێکلاشینکۆف بووبێت، ئەوەی ئێستا خۆی بە جیهادی و تەکفیری ناونزەد دەکات، ئەوەی جاران ئیسلامێکی میللی بوو، ئەمڕۆ ئیسلامێکی نوخبەوییە.

وەک دەبینی ئەم دوو شێوەیە لە ئیسلام جیاوازن و هەروەها ئەو دوو شێوەیەش لە مرۆڤ کەپێیانەوە سەرقاڵن جیاوازن و لەناو دووهەمولەرجی لۆکاڵی و ناوچەیی و جیهانی جیاوازدا کاردەکەن. بێگومان کۆمەڵێک کۆدی کولتووری تایبەت هەن کە پارێزراون، بۆ نموونە پەچە، بەڵام ئەمەش مانای تایبەتی هەیە و پەیوەندی بە

کێشەی شووناسی تایبەتی گروپە ئیسلامییەکانەوە هەیە. لەکاتێکدا هەندێک لەم ئافرەتە پەچەدارانە لە مزگەوتەکاندا لەڕێی شێروخەت و پڕکردنەوەی ئیستیمارەی تایبەت و لەڕێی هەڵبژاردنی پێڵاوی یەکێک لەوانەی لە مزگەوتەکەدا بۆ نوێژکردن چووە، بەشوو دەدرێن (وەک من بیستومە)، لەهەمانکاتدا وەک ڕەمزێکی کولتووری بەکاردەبرێت.
بە مانایەکی دیکە تۆ کۆدێکی چەسپاوت هەیە کە پەچەیە، بەڵام کۆمەڵێک پراکتیکی نوێت هەیە کە لەدایکبووی ئەم ساتەی ئێستایە. بۆیە من باوەڕم بەوە نییە کولتوورێک هەبێت بەتەواوی داخراوبێت، داخراوترین کولتووریش لە پرۆسەی پەیوەندییەکی تایبەتدایە بەو هەلومەرجەوە کە تێیدا دەژی و بەم پەیوەندییەشی داخرانی خۆی دەکاتەوە. من پێموایە هەموو ئەو شتانەی بەگەردوونی دەبن لەناوەوەڕا گۆڕانیان بەسەردادێت، بەڵام ئاراستەی گۆڕانەکان بەندە بە ئاستی هۆشیاری ئینسانەوە، بەندە بەهێز و خەیاڵ و عەقڵیەتی ئەو گروپەوە کە شتەکان سەرلەنوێ پێناس دەکاتەوە و ڕاڤەیان دەکات، بەندە بە ململانێی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی هێزەوە.

پرسیار: بەڵام دەبێت هەموو ئەم ئەگەرانە بۆ ناو واقیعێکی داخراوی وەک ئێمە کە کۆمەڵێک مرۆڤی ملکەچکراوی بێئیرادەی تیا دەژی چ مانایەکی هەبێت؟
وەڵام: من بڕوام نییە واقیعی ئێمە بەوشێوەیە داخراوبێت و هەرگیز شتی واشم نەگوتوە. هیچکاتێک واقیعی ئێمە هێندەی ئەم ساتەوەختەی ئێستامان کراوە نەبووە. لەڕووی ئابورییەوە ئابوری کوردستان لەزۆر ئاستدا بەندە بە ئابوری دەرەوەی کوردستانەوە، جوڵەی بازرگانی دەبینیت لە دوبەیەوە بۆ سوریا و لەوێشەوە بۆ کوردستان و ئینجا بۆ ئێران و بۆ تورکیا و پاکستان و هتد...هەستدەکەم لە ئاستی ئابوریدا ئێمە کراوەترین ساتەوەختەکانی مێژوو بژین و...

پرسیار: ئایا کرانەوە ئابوری دەبێتە هۆی کرانەوەی کولتووری؟
وەڵام: نەخێر، بە حەتمی نا، بەڵام لێمگەڕێ با شێوەکانی دیکەی کرانەوەی کوردستانت بۆ باسبکەم. با تەماشای دۆخی سیاسەت بکەین، ئەمڕۆ پەیوەندی

حـیزبـە کوردییـەکـان تا ئـەمـریکا دەڕوات. لەڕووی کـولتـوورییـەوە ئامـادەبوونی سـەتەلایت کـە باسـمکرد کـەم تـازۆر دەسکاری هـەندێک وێنە و بەهاو نۆرمی کـردوە، نوخـبـەیەکی خـوێندەوار لە ڕۆژئاوادا هـەن یان لە دروسـتـبـووندان کـە پێموایە لە ئایندەدا کاریگەری باشیان لەسەر باری کولتووری کوردستان دەبێت، دروستبوونی ڕۆشنبیری هەڵگری دوو جنسییە دەشێت ڕۆڵی هەبێت لە کرانەوەی زیاتردا، بوونی جـالیـەیەکی گـەورەی کـورد لە ئەوروپا، دەشـێت لەزۆر ڕووەوە کـاریگەری هـەنێت، من ناڵێم هـەموویان کـاریگەری پۆزەتیڤ دەبن، بەڵام داخـران نابێتە کاراکتـەری سەرەکی ئەم کۆمـەڵگایە. بەکورتی ئێمـە ئـەمڕۆ ساتەوەختێکی کـراوە دەژین، بڕواشم وایە زۆرشت لـە کـوردسـتـانی ئـەمڕۆدا گـۆڕاوە. بەڵام ئەم گـۆڕانانە پێـویسـتـیـان بە دەسـتنیـشـانکردن و خـوێندنەوە و ڕاڤـەکـردن هـەیە. هـەستدەکەم بەشێکی زۆری دیاردە کۆنەکانیش ئێستا مانای دیکەیان وەرگرتوە.
بەڵام ئایا ئەم کرانەویە بۆتە هۆی ئەوەی پرۆگرامێکی کۆمـەڵایەتی و مەعریفی و سیاسی ڕاسـتـەقینەی هـەبێت؟ پرۆگرامێک بۆ بەرگریکردن لە بەهاکانی ژیان و دەوڵەمەندکردنی ڕۆحیی ئینسانی ئێمە؟ واتە ئایا لە ئاستی کارکردنی ووشیاردا لەسـەر گـۆڕان و ئەگـەرەکـانی ئامـادەین یان نا؟ لەوەلامـدە دەڵێم ئەم پرۆگرامانەمـان نییـە، نە حیزبە کوردییەکان و نە ڕۆشنبیـرانیش بەم ئاراسـتـەیە کاریان نەکردوە. بەڵام ئایا ناکرێت هەبێت؟
لەسـەر پـەیوەندی نێوان گـۆڕانی ئابوری و گـۆڕانی وشـیـاریش زۆر نووسـراوە و زۆر گـوتـراوە، لێرەدا پێـویست بەوە ناکـات من ئەو مـشـتـومڕە گـەورەیە دووبارە بکـەمـەوە، گـۆڕانی ئابووری گـەرچی گـۆڕانێکی حـەتمی لە ووشـیـاریدا دروسـتناکـات، بـەڵام مـانای ئەوەش نـیـە کە گـۆڕانی ئابوری بەهـیچ شـێـوەیەک کـاریگـەری لەسـەر ووشـیـاری نابێت، کـێـشـەی مـارکسـیـزم لـەوەدایە کـە پەیوەندییـەکی مـیکانیکی و یەکلایەنە لەنێـوان ئەو دوولایەنـدا پێشـنیـاردەکـات، بەڵام نکوڵیکردنیش هـەر جۆرە پەیوەندییەکیش لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا بەهـەمان ئەندازەی هەڵەکەی مارکسیزم هەڵەیە.

پرسیار: دەگەڕێمـەوە بۆ باسکردنی داخرانی واقیعی ئێمـە. من کرانەوەی واقیعم لەڕووی مـادی و بابەتییـەوە بەلاوە گرنگ نییـە، بەڵکو ئەو کاتە بۆم گرنگە و وەک

هێمایەک تەماشای دەکەم کە لەبەردەم هۆشیاریدابێت. باسکردنی کرانەوە بەبێ باسکردنی ئامادەبوونی هۆشیاری بە باسکردنێکی بێهودە دەزانم. بۆمن هەموو ئەو ئەگەر و کرانەوانەی تۆ باستت کرد، مادام ئامادەگی لە هۆشیاری گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە و مادام مرۆڤێک نییە ئەو ئەگەرانە ببینێت، لەحوکمی نەبووندایە.

وەڵام: بەڵام لانیکەم چۆتە هۆشیاری من و تۆ و چەندانی دیکەوە، چۆتە ناو خەیاڵ و عەقڵیەتی نوخبەیەکی چالاکەوە، لە بەشێک لە ووشیاری کۆمەڵایەتیدا ئامادەیە. مێژووش هەر بەمشێوەیە و هێواش و هەنگاو بە هەنگاو دەگۆڕێت. تۆ ڕاستدەکەیت ئەم فۆرمە تازە لە ووشیاری تائێستاش هەڵگری پرۆگرامێکی کۆمەڵایەتی تایبەت نییە بۆ گۆڕان، بەڵام لە پرۆسەی دروستبووندایە. ئەمڕۆ زۆر هێز هەن کە دەزانن ئەوان لە دنیاییەکدا دەژین خوازیاری شێوازێکی نوێی بوون و ئامادەگی و پراکتیکە، بەڵام چونکە ئەو دیاردانەی من باسمکردن زۆر تازەن و ئێمە شاهێدی هەنگاوە هەرە سەرەتاییەکانیانین، بۆیە توانای بینین ڕەهەندە گشتییەکانیان زەحمەتە. ئێمە چونکە لێکۆڵینەوەی پراکتیکیمان نییە، چونکە زانکۆ و سێنتەری تۆژینەوەمان نییە لە ئاستی لێکۆڵینەوەی پراکتیکیدا چالاکبن، بۆیە نازانین چ جۆرە گۆڕانکارییەک لە جیهانی ناوەکی و ئەخلاق و بەها و چاوەڕوانییەکانی ئینسانی ئێمەدا ڕوویانداوە و ڕوودەدەن. بۆ نموونە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکیمان نییە لەسەر کاریگەری کۆچ لەسەر پەیوەندی نێوان نێر و مێ لە کوردستاندا، یان کاریگەری سەتەلایات لەسەر پەیوەندییە ناوەکییەکانی خێزان، کاریگەری دروستبوونی دەیان سێنتەری پەیوەندیکردنی نوێ، وەک بەشێکی گرنگی ئابوری کوردستان، لەسەر دروستبوون یان نەبوونی نوخبەیەکی ئابوری نوێ، یاخود کاریگەری ئینتەرنێت لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی هتد...ئێمە کە ئەم شتانەمان نەبوو نازانین چی لەو کۆمەڵگایەدا دەگۆڕێت و چی وەک خۆی دەمێنێتەوە.

خاڵێک کەمن لێی دڵنیام و گومانم لێینییە ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئێمە ئەمڕۆ لەهەموو کات کەمتر داخراوترە، لەو بڕوایەشدام زۆربەی تەوژمە فیکرییەکانی بەرلە ئێستا و شێوەکانی دیکەی گۆڕانکاری هەر بەمشێوەیە هاتونەتە کوردستانەوە و کاریانکردوە. بەڵام تۆ ڕاستدەکەیت ئێمە تا ئێستا بەشێوەیەکی

پرۆگرامکراو ڕووبەڕووی ئەم کێشانە نەبووینەتەوە، پرۆگرامەمان نییە بۆ دابەزاندنی فۆرمە نوێکانی وشیاری لە نوخبەوە بۆ ناو کۆمەڵگا، بەپێچەوانەوە هێزە کۆنەپارێزەکانی جیهانی ئێمە پرۆگرامی تایبەتیان هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی وشیارییەکی دژ بە جیهانگیری و دەرەنجامەکانی، وشیارییەک جیهانگیری وەک خراپەیەکی ڕەها و وەک هێرش و غەزوی کولتووری و لەدەستاندی ڕەسەنایەتی و بە ئەمریکاییبون پێناسدەکات، لەپێش هەمووشیانەوە هێزە ئیسلامییەکان.

بۆ نموونە گواستنەوەی منالان لە قوتابخانەکانەوە بۆناو مزگەوتەکان، ووتنەوەی وانەی دینی و دەرخکردنی قورئان و ناسینی فەتوای مەلا کۆنەکان پێیان لەباتی بۆ نموونە فێرکردنی کۆمپیوتەر و زمانی بێگانە و کولتووری پشتبەخۆبەستن و چۆنیەتی ئیرادە بەگەڕخستن، نموونەی ئەو کاردانەوە کۆنەپارێزانەیە کە بەڕووی جیهانگیریدا ئامادەیە. ئەمە جۆرە پرۆگرامێکە هێزە سیاسییە ئیسلامییەکان کاری لەسەردەکەن. لەبەرامبەر ئەم پرۆگرامەداا پرۆگرامی ئەلتەرناتیف نییە، یان زۆر لاوازە، کە دەسکەوتەکانی جیهانگیری وردبکاتەوە بۆ کۆمەڵێک دەسکەوتی گەورە بۆ ئینسانی ئێمە لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەیدا.

بەڵام خاڵی پۆزەتیڤ لەوەدایە کە هۆشیارییەک هەیە دەرکی بە گرنگی بوونی ئەم پرۆگرامە ئەلتەرناتیڤە کردوە. کێشەکە لە ئێستادا کێشەیەکی پراکتیکییە، چۆن ئەم دەسکەوتە تازانە دەکەیتە پرۆگرام و چۆن دەیدەیتەوە بە کۆمەڵگا و چۆن کاردەکەیت، ئەمەیان پێویستی بە ستراتیژی نوێ هەیە. ڕاستە کارکردن بەم ئاراستەیە لە ئێستادا زۆر لاوازە، بەڵام نارەزاییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕەمزیش هەیە کە یارمەتیدەرە.

بە کورتی پێموانییە ئەو داخرانەی تۆ باسیدەکەیت داخرانێکبێت سەد دەرسەد و گشتگیر، داخرانێک درزی تێنەکرابێت و پەنجەرەی تایبەتی بەڕووی جیهان و بیر و خەیاڵی نوێدا تیا نەبێت.

پرسیار: باسی جیهانگیری ڕایکێشاین بۆ باسی ئیسلامی سیاسی و چۆن دژی ئەگەرە جوانەکانی جیهانگیری ڕادەوەستێت. بەدیدێکی تردا ئایا ئیسلامی سیاسی وەک تەوژمێکی سیاسی مافی بوون و قسەکردنی نییە وەکو ئەو دەیان تەوژمە سیاسییانەی دی کە مافی بوونیان هەیە؟

وەڵام: بێگومـان نەک تەنها مـافی بوونیان هەیە، بەڵکو مافی هەبوونی هەمـوو ئەو مـافانەی تریشـیان هەیە کە هێـزە سیـاسییکانی دی لە کوردسـتـاندا هەیانە. من یەکێکم لەوانەی تاسـەر ئێسقان بـەرگری لە مافی بـوونی ئەوان دەکەم. ئیسلامی سیـاسـی دەبێت بتوانێت دەنگی خۆی و پرۆگرامی سیاسی خۆی و خـەیاڵی خۆی بەخەڵک ڕاگەیەنێت، دەبێت وەک هێزەکانی دیکە هەمان مـافی بوون و قسـەکردن و خۆڕێکخستنی هەبێت. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ڕەمزییە کە گشت هێزەکان بتوانن لەناویدا ئامادەبن و بدوێن و کـاربکەن. بەڵام بەو مـەرجـەی هەمـووان بە ئـاشکرایی ڕێز و ڕازیبـوون و بەرپرسـیـارێتی خـۆیان بەرامـبـەر دروسـتـکردن و پاراسـتنی ئەو چوارچێـوەیە ڕاگەیەنن. ئەمەش مـانای ئەوەی هـەر هـێـزێک چەند ئازدی بەخـۆی ئەدات بدوێ و کـاربکات و خـۆی ڕێکبـخـات، دەبێت بەهـەمـان ئەندازەش ئـەو مـافـانە بـەهـێـزە کـۆمـەڵایـەتییـەکـانی دیکەش بدات کـە ڕێک پێـچـەوانەی ئەو بیـردەکـەنەوە، نەک بەناوی دین یان ئایدۆلۆژیا یان ڕەسـەنایەتی و پیرۆزی و بەها و شـتی دیکەی لەم بابەتەوە کـۆت و زنجـیـر لـەسـەر ئازادی ئەونیـدیکە دابنێت یان حـوکـمی کافربوونیان بدات و خوێنیان حەڵاڵ کات. کێشـەی هەرە سـەرەکی ئیسـلامی سـیـاسـی، لەڕاسـتیـدا کـێشـەی هـێـزە عـەلمانییـەکـانیش، لەوەدایە کـە لەسـەر بێدەنگکردنی هێـزە نەیار و جـیـاوازەکـانی خـۆیان کـاردەکـەن. واتە لەسـەر بەرەهاکردنی تەفسیرەکانی خۆیان و کوفراندنی دیدی ئەوانی دی کاردکەن، جا ئەمـیـان بەنـاوی ڕێزنان لـە دینەوە و ئـەویدیان بـەناوی ڕێزنـان لە شـەهـیـدان و خـەباتی دووردرێژی خـۆیەوە و سـێـهـەمـیش بەناوی پاراسـتنی بەهاکـانی کوردەواری و شتی دی لەم بابەتەوە.

پرسیار: بەڕاستیش ئەگەر ئێستا دەبینین برێک لە هێزە عەلمانییەکان دەتوانن لەتەنیشت یەکدییەوە دابنیشن، ئەم دانیشتنەیان ناگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەم هێزانە بڕوایان بە مـافی جیـاوازیی هـەیە، بەڵکو لەوەدەچێت پـتر بگەڕێتـەوە بۆ جۆرێک لەهاوسەنگی هێز

وەڵام: ڕاستدەکەیت، کێشەکەش لەم خاڵەدایە. ئیسلامی سیاسی چەند تاوانبارە بەوەی دەیەوێت یەک تەفسـیـر بەدنیـا بدات و ئـەوەی بەڕێگای ئەواندا نـەڕۆیشت

وەک کافر تەماشایبکات، بەوديويشدا هێزە عەلمانیەکان بەهەمان لۆژیک کاردەکەن. لە جیهانی سیاسی ئێمەدا هێزێک نییە هەڵگری پرۆژەی جیاوازیبێت و مافی بوونی ئەو دەنگە جیاوازانە بسەلمێنێت کە لەواقیعی ئێمەدا هەن. بۆ نموونە ئیسلامییەکان دین و تەنها ئەو تەفسیرە بەڕاست دەزانن کە خۆیان بۆ دنیای دەکەن، دەیانەوێت شەریعەت پیادەبکەن بەو مانایەی ئەوان لە شەریعەت گەیشتوون، خۆ ئەگەر هێزێک هەبێت باوەڕی بەوەنەبێت کە لە سەدەی بسیت و یەکەمدا پێویستمان بە شەریعەتبێت، یان باوەڕی وابێت پێویستمان بە یاسای نوێ هەیە بۆڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەمان لەدەرەوەی شەریعەتدا، ئەوا نەک مافی قسەکردنی نابێت بەڵکو مەترسی لەدەستدانی ژیانیشی لەبەردەمدایە. هەر هێزیکی ئیسلامی پێیوایە دواهەمین هەقیەت لای ئەوە، لەکاتێکدا ئێمە چوار هێزی ئیسلامی گەورە و چەندانی بچووکمان هەیە. لێرەدا دەکرێت بپرسین گەر لەناو ئیسلامییەکان خۆیاندا زیاد لە هەقیقەت و بۆچوون و لێکدانەویەک هەبێت، کامیان خاوەنی دواهەمین هەقیقەتە و کۆمەڵگای ئێمە دەبێت گوێ لەکامیان بگرێت؟ بێگومان هیچ هێزێک نییە دواهەمین هەقیقەتی پێبێت، هەقیقەت هەمیشە پارچەپارچە و چەندلایەنە و لەمیانەی کۆمەڵێک پەیوەندیدا دروستدەبێت، نەک پێدراوێکی ابەتی بێت و بدۆزرێتەوە. بۆیە تاقە چارەسەرێک بۆ پێکەوە هەڵکردنی هەقیقەتە جیاوازەکان بریتییە لە سیاسەتی بەشبەشکردنی هەقیقەت و دانان بەو ڕاستییەدا کە هەموو هەقیقەتەکان مافی بوونیان لەپاڵ یەکدا هەیە و دەبێت ململانێی نێوانیان ململانێیەک بێت لە چوارچێویەکی یاساییدا کە ڕێژەییبوونی هەریەکێکیان بسەلمێنێت. ئەگەر ئەم وێنەیە ئاڵۆزتر بکەینەوە، دەکرێت بڵێین لەدەرەوەی ئیسلامییەکانیشدا چەندان هێزی عەلمانی هەن کە ئەوانیش دیدی جیاوازیان بۆ جیهان و هەقیقەت و دیاردەکان هەیە. لە ناو ئەم هەموو هێزە جیاوازانەدا کامیان دواهەمین لێکدانەوەی هەقیقەتی پێییە؟ بێگومان هیچیان و هەموویان بەسەریەکەوە. بۆیە ئەوەی دەبێت بیری لێبکرێتەوە بوونی فەزایەکی هاوبەشە بۆ پێکەوەژیانی هەقیقەتە جیاوازەکان.

کێشەکە لەوەدایە هیچ یەکێک لەم هێزانە ئامادەنین مانا و دنیا و تواناکانی خۆیان ڕێژەیی ببینن، ئامادەنین ئەوە قبووڵبکەن کە دەشێت لەپاڵ تەفسیرەکانی ئەوندا تەفسیری دیکەش هەبێت، کە بەهەمانئەندازە مافی بوونی هەیە. بەم

کـارەشـیـان بەو ڕێگایانەدا دەڕۆن کـە پێـشـتـر فـاشـیـزمـی پێداتێـپـەڕیوە. لەهەرجێگەیەکدا هەولدان هەبێت بۆ کـوشـتنی هـەمـوو دەنگەکـان لەپێناوی تاکە دەنگێکدا، بەشەیتانیکردنی هـەمـوو تەفسیرەکانی دیکە لەپێناوی یەک تـەفسیردا، ئیدی ئێمە لـەبەردەم فاشیزمداین. ئەوەش گرنگ نییە ئەو هێزە فاشییە عـەلمانییە یان ئیـسـلامـی، فـاشـیـزم دەتوانێت هـەم پـەچـەپۆش بێت هـەم چاکـەتوپانتۆڵ لەبەر، هـەم عەگالی لەسـەردابێت هـەم جامانە.
گرفتی سـەرەکی ئیـسـلامی سـیاسـیش، تا ئـەم سـاتەی ئێـستـامـان، بەتایبـەتی لە ئەزمـوونەکـانی دەرەوەی کـوردسـتـاندا، لەوەدا بـەرجـەسـتـەیە کـە هـەڵگری پرۆژەی فاشییەتن نەک دیموکراسییەت. چونکە هـەر لەسـەرەتاوە بڕوایان بەوەیە کە ئەوان تەنها هـەقـیقـەتێکیـان پێـیـە و ئـەم هـەقیقـەتەش خوداییـە و کۆمـەڵگا پێـیخۆشـبێت یان ناخـۆش، دەبێت ئەو شـتـانە جێـبـەجـێبکات کـە ئەوان بەناوی خـودا و دەقە پیرۆزەکانەوە دەیڵێن.

پرسـیـار: واتە دەتەوێت بڵێیت ئیـسـلامـی سـیاسـی دەبێت بەلانی کـەمـەوە قـبـوڵی هـەمـــەڕەنگی دنیــا و هـەمـــەڕەنگی دەنگەکـــان بکات. واتە بـەلانی کـــەمـــەوە سـەرەتایترین مەرجـەکانی عـەلمانیـەت قبـووڵکات، کـەوابوو با بێینە سـەر چەمکی عـەلمانیـەت. ئـایا پێناسـەکردنی عـەلمانیـەت بەجیـاکردنەوەی دین لە دەوڵەت هـەر لە سـەرەتاوە بریتی نییـە لە نەفیکردنێک، سـەندنەوەی مـافی سـیاسـەتکردن نیە لە گـروپێکی دیاریکراو کە گـروپە دینییـەکـانە.. ئـایا مـرۆڤـێکی دینی وەک هـەمـوو مـرۆڤـێکی دی مـافی سـیـاسـەتکردن و تـەنانەت حـوکـمـڕان کـردنیـشی نیـیـە؟ حـەزئـەکـەم لەســەر عـەلمانیــەت قــســەبکەیت. بەڕاســتی تۆ چۆن لە عـەلمانیـەت تێدەگەیت؟
وەڵام: بێگومـان هـەمـوو گروپێک بۆی هـەیە سـیاسـەت بکات و لە قۆناغـێکیشـدا حوکمڕانبێت، بەڵام دەبێت ئەو گروپە کۆمەڵێک پرنسیپی سیاسی قبووڵبکات کە مـەودا بە دەسـتگۆڕکـێی دەسـەڵات و دەسـتـەبەرکـردنی ئازادییـەکـان، بە ئازدی ئاینیشـەوە، بدات. جیـاوازی هەیە لەنێوان گروهێکی دینی کە لەناو خۆیدا وەک سـێکتـێک دەسـتـبـەکـارە و جـیـهـان بـۆ ئەندامـانی ئـەو گـروپە لێکدەداتەوە بەوشـێـوەیەی دەیانەوێت، لـەگەڵ گـروپێکی دینی دیکەدا بـخـوازێت حـوکـمـڕانی

دەوڵەت و کۆمەڵگا بکات، یەکەمیان بە مەسەلەیەکی تایبەتەوە سەرقاڵە و دووهەمیان دەچێتە ناو جیهانێکی ئاڵۆز و فرە دەنگ و فرە فۆرمەوە. بۆیە ئەو بەهاو نۆرمانەی بۆ گروپی یەکەم دەخوات لە دۆخی کۆمەڵگادا ناخوات. پێمواية عەلمانیەت لەمانا هەرە گشتییەکەیدا دێت بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان و دەوڵەت لەلایەکەوە و پەیوەندی ناوەکی ئەو هێزانەش لەگەڵ یەکدا، لەلایەکی دیکەوە.

بۆیە پێمواية ئەو پێناسەیەی کە بۆ عەلمانیەت کراوە کە گوایە مانای دابڕانی دینە لە دەوڵەت پێناسێکی هەڵەیە و ئێستا بە دەیان لێکۆڵینەوەی نوێ هەن دەریدەخەن کە دین و دەوڵەت بەو ڕەهاییە لەیەک جیاوازنین وەک تیورەی عەلمانیەت پێشنیاریدەکات. تەنانەت لە ڕۆژئاوادا پەیوەندی نێوان دین و دەوڵەت بەو سادەییە نییە کە تیورەی عەلمانیەت باسیدەکات و دەکرێت بەچەندان نموونە بهێنینەوە بۆ نیشاندانی پێوەلکانی دین بە دەوڵەتەوە. لە ئینگلتەرە تا ئێستاش دەوڵەت کەنیسەی تایبەتی خۆی هەیە، لە هۆڵەندا تا کۆتایی شەستەکان، واتە تا یاخیبوونەکانی قوتابیان لە ئەوروپدا، ژمارەیەکی زۆری حیزبە سیاسییەکانیان حیزبی دینی بوون، لە یۆنان کەنیسە و دەوڵەت بەتوندی بەیەکەوە گرێدراون، فاتیکان خۆی دەوڵەتێکی دینییە. ئەمە جگە لەوەی لە زۆر ئاستی دیکەدا دین و دەوڵەت لە فۆرمی جیاجیادا بەناویەکداچوون. بەڵام ئەوەی لەم ئەزموونانەدا گرنگە ئەوەیە کە دەوڵەت دین ناسەپێنێت، بەرگری لە دینێک بەرامبەر بە دینێکی دی ناکات، سیاسەتەکانی لەسەر بنەمای دین دانارێژێت. لە دەستووردا بەندێک هەیە پێ لەسەر ئازادی دینی دادەگرێت، باس لەوەدەکات ئیسنان ئازادە باوەڕی هەبێت یان نەیبێت. بەکورتی دەوڵەت ناچێت پڕوپاگەندە بۆ دینێکی تایبەت بکات، یان خەڵک ناچارکات دیندار یان بێدین بن.

ئەمە چی دەگەیەنێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە عەلمانیەت مانای دابڕینی دین لە دەوڵەت نییە، چونکە زۆر دەوڵەت هەن دینیان هەیە، بەڵکو شتێکی دیکەیە. ئەگەر ناچاربین پێناسێکی باشتر بۆ عەلمانیەت بکەین دەکرێت بڵێین عەلمانیەت سەندنەوەی دەسەڵاتی دینییە لە دەوڵەت و بەخشینەوەی ئەم دەسەڵاتەیە بە کۆمەڵگا خۆی. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە تۆ دینت لە دەوڵەت دابڕیوە، بەڵکو مانای ئەوەیە تۆ داوا لە دەوڵەت دەکەیت داوای دەسەڵاتی دینی نەکات، یان

دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت لەسەر پرنسیپە ئاینییەکان دروستنەبوووبێت، ئەمەش جیاوازە لە دابڕینی دین لە دەوڵەت.
ئەوەی کە حیزب دروستدەکات، بە حیزبە دینییەکانیشەوە، دەوڵەت نییە، بەڵکو کۆمەڵگایە، دەشێت هەندێک لەو حیزبانەنش کە دروستدەبن حیزبی دینی بن. ئەم حیزبە دینیانەش دەشێت لەساتێکی دیاریکراودا دەسەڵات بگرنە دەست و حوکمڕانی بکەن و پرۆگرامەکەشیان لەزۆر ڕووەوە پرۆگرامێکی دینیبێت. بەڵام ئەم هێزە دینیانە دەبێت پارێزگاری ئەو پرنسیپانە بکەن کە دەوڵەتی لەسەر بینکاراوە، واتە بەزۆر دین بەسەر کەسدا نەسەپێنن، پرۆپاگەندە بۆ دینێک دژ بە دینێکی دی یان باوەڕە نادینییەکان نەکەن، ئازادی دینی دەستەبەرکەن. بەمانایەکی دیکە تۆ ناتوانی لە سیستمێکی عەلمانی و دیموکراسیدا بەر بەوەبرگیت کۆمەڵێک هێزی سیاسی دین بکەنە ئایدیۆلۆژیای سیاسین و ئەم ئایدیۆلۆژیایاش بیانگەیەنێتە دەسەڵات، بەڵام دەتوانیت داوای پاراستنی ئەو پرنسیپانە بکەیت کە خودی هێزە دینییەکانی گەیاندۆتە سەر دەسەڵات. ئەم پرۆسەیە خۆی بەشێکی گرنگی پرۆسەی بە عەلمانیبوونە، ئەم پرۆسەیە مانای بە سەرزەمینیکردنی دەسەڵات و سەندنەوەی قەداسەت لێی. بەڵام ئەمە هەموو عەلمانیەت نییە، چونکە، بۆ نموونە عەلمانیەت لە ڕۆژئاوا هاوشان بووە بە کۆمەڵێک پرۆسێسی دیکەی وەک: پرۆسە ئاڵۆزەکانی مۆدێرنە، لەیەکدی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دروستبوونی دەستوری دیموکراسییانە و لەهەموو ئەمانەش گرنگتر دروستبوونی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی کە جێگای زیاد لە هێزێک و زیاد لە تەفسیر و زیاد لە جیاوازییەکی تێیدادەبێتەوە.
لێرەوە هەڵەیەکی کوشندە دەکەین پێمانوابێت عەلمانیەت مانای بێدینی، مانای کردنە دەرەوەی دین لە ژیانی گشتی کۆمەڵگا، نەهێشتنەوەی هیچ ڕۆڵێکی ئاشکرا بۆ دین و شتی دیکەی لەم بابەتە. کۆمەڵگا ئەوروپییەکانی ئەمڕۆکە، کە لە هەمووکاتێک عەلمانیترن، بەڕادەیەکی تایبەتیش دینین، کۆمەڵگای ئەمریکی خۆی کۆمەڵگایەکە لەناو دیندا نووقمە. بەڵام ئەو دینەی کە ئامادەیە دینێکە چەند سەدەیەکە لەگەڵ عەلمانیەتدا پێکەوە ژیاوە و ڕەهەندە دیموکراسییەکانی عەلمانیەتی قبووڵە. واتە دینێک نییە بەزمانی توندوتیژی و تەکفیر و پاوانکردنی هەقیقەت بدوێت، دینێک نییە بیەوێت ژیان لە سەربێشکەوە تا قەبر کۆنترۆڵکات،

هێرشبکاته سەر مافەکانی مرۆڤ، فەتوای کوشتن و برین بدات. بەڵکو دینێکە لەدەستی کۆمەڵگادایە و ئەرکی جیاوازیش بەڕێوەدەبات. لێرەوەیە من دەڵێم عەلمانیەت بریتییە لە پرۆسەی بەخشینەوەی ئاین بە کۆمەڵگا. مادامەکی کۆمەڵگاش هێز و پرۆژە و عەقڵانیەتی جیاوازی تێدایە بۆیە دینیش دەبێتە بەشێک لەو جیاوازییانە و دەبێتە پرۆژەیەک لەپاڵ کۆی پرۆژەکانی دیکەدا و لەدۆخی قبوولکردن و ڕێزدانانیشدا بۆ کۆی پرۆژەکانی دیکەدا دەژی. بۆ نموونە حیزبی مەسیحییە دیموکراتەکان لە هۆڵەندا حیزبێکی زۆر بەهێزە و بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر حوکمبووە و بەناوی بەهاکانی ئاینی مەسیحیشەوە کاریکردوە، بەڵام ئەم ڕاستییە نەبۆتە هۆی ئەوەی ئەم هێزە دینییە دەوڵەت بکاتە دەوڵەتێکی دینی و دەستور بگۆڕێت و ئەوەی مەسیحی نەبووبێت وەک بوونەوەری نومرە دوو تەماشاکات. ئەمانە نە تاکەهێزن و نە بانگێشەی ئەوەشدەکەن کە تاکە هێزبن و هەموو گەمە دیموکراتییەکانیان قبووڵە.

پرسیار: واتە ناتوانین بڵێین لە ڕۆژئاوا دین لە دەوڵەت جیابۆتەوە؟
وەڵام: نەخێر ناتوانین بە موتڵەقی ئەو قسەیە بکەین، لە فەرەنسا دین و دەوڵەت بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ لێکجیاوازن، بەڵام لە بریتانیا وانییە. وەهمێکی سۆسیۆلۆژی و سیاسیی گەورەیە پێمانوابێت دین و سیاسەت لە ڕۆژئاوادا بە ڕەهایی لێکدابڕاون. بێگومان ڕۆژئاوا ئەزموون و دەوڵەتی جیاجیای تێدایە، شوێنی دین لەهەریەکێک لەو ئەزموونانەدا جیاوازە. بەرهەرحاڵ ئەم تێزەی جیاکردنەوەیە بە ڕەهایی هەڵەیە و دین و دەوڵەت، یان دین و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گشتی بە شێوەی جیاجیا لە وڵاتی جیاجیادا بەناویەکداچوون.
من مامۆستایەکی زانکۆ لە ئەمستردام دەناسم کتێبێکی گرنگی لەسەر پەیوەندی نێوان دین و دەوڵەت نووسیوە. بە باوەڕی ئەم مامۆستایە تێزەی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت لە بنەڕەتدا دیدێکی ئیستیشراقی دروستیکردوە. واتە ڕۆژئاوا تەنها لە پەیوەندیدا بە دنیای دەرەوەی خۆیەوە دەڵێت من دینم لە دەوڵەت جیاکردۆتەوە، یان دین لە ڕۆژئاوا هیچ ئەرکێکی گشتی نابینێت، دەنا لەڕووی واقیعی و مێژووییەوە وانییە. بەمانایەکی دیکە ڕۆژئاوا تەنها لەپێناوی

ناردنی وێنەیەکی نادینیدا بۆ دەرەوەی خۆی باس لەوە دەکات کە دین و دەوڵەت یان دین و ژیانی گشتیی لێکدابڕیوە، دەنا لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە بەوشێوەیە نییە. بەپێی بۆچوونی ئەو مامۆستایە تیورەی عەلمانیەت بەدیوێک لە دیوەکاندا تیورەیەکە بۆ دروستکردنی شووناسێکی تایبەت بۆ ڕۆژئاوا خۆی لەدەرەوەی شووناسەکانی دیکەدا. لەم تیورەیەدا دروستکردنی شوناسێکی نادینی بۆ ڕۆژئاوا پەیوەندی بە دروستکردنی شوناسێکی دینی بۆ دەرەوەی ڕۆژئاواوە هەیە.

عەلمانیەتش وەک پرۆسێسێکی بەرفراوان تەنها لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان ئامادەیە، تەنها لەدوای شەستەکانەوە زۆربەی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بەشێوەیەکی قووڵ بوونەتە کۆمەڵگای عەلمانی. سەدەی نۆزدەهەمی ڕۆژئاوا سەدەی عەلمانیەت نییە، وەک تیورەی عەلمانیەت پێشنیاریدەکات. سەدەی نۆزدەهەم لە ڕۆژئاوادا سەدەی ناسیۆنالیزم و بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەییە. لەم پرۆسەیەشدا ئەوەی ڕوویداوە دەرکردنە دەرەوەی دین نییە لە سیاسەت بەڵکو بە ناسیۆنالکردنی دینە. ئەم پرۆسەی بە ناسیۆنالکردنەی دینیش بەشێک بووە لە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەی نەتەوە خۆی.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بیزانین ئەوەیە کە عەلمانیەت لە مێژووی ئەوروپادا هەرگیز پرۆژەیەکی تەنها نەبووە، بەڵکو لەگەڵ کۆی پرۆژەکانی دیکەی ناو هەناوی مۆدێرنەدا ئامادەبووە. لەگەڵ پرۆژەی لەدایکبوونی تاکگەرایی، پرۆژەی دیموکراتیزەکردن، پرۆژەی لێکجاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پرۆژەی بە دەزگاییکردنی ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، دیاردەی فرە حیزبی هتد...لەبەرئەمە عەلمانیەت وەک پرۆسەیەکی مێژوویی کەوتۆتە ناو فەزایەکەوە کە ڕۆڵی ئەو چوارچێوەیەی بینیوە کە شوێنی تایبەتی بە دەنگە جیاوازەکان بەخشیوە. لە دەنگی سۆسیالیستەکانەوە بۆ دەنگی لیبرال و ناسیۆنالیست و دینی و هتد...تەنانەت لە ئاستی فەلسەفیدا سەدەی نۆزدەهەم سەدەی کۆتایی دین نییە: ڕۆحانییەکی گەورەی وەک کیرکجارد نیشتەجێی ئەو سەدەیەیە، وەکچۆن مارکس و نیتشەش مناڵی ئە سەدەیەن.

بە کورتی عەلمانیەت بریتییە لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دین و کۆمەڵگا، دین

و دەوڵەت بەڵام مانای دابڕینی قەتعی دین لە دەوڵەت نییە.

پرسیار: بگەڕێینەوە بۆ تیورەی ئەو مامۆستایەی باستکرد: بەبڕوای ئەو پێناسەی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت دیدێکی ئیستیشراقی دروستیکردوە، دەتوانیت زیاتر لەسەر ئەم خاڵە بدوێیت؟

وەڵام: دیدی ئەم مامۆستایە لەزۆر ڕووەوە درێژەدانە بەو دیدەی ئێدوارد سەعید لە کتێبی ئۆریانتالیزم، ئیستیشراق،دا بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بەکاریدەهێنێت. لە دیدی سەعیدا، لای ئەم مامۆستایەش، ڕۆژئاوا هەمیشە لەپەیوەندییدا بەدەرەوەی خۆیەوە خۆی پێناسکردوە. ڕۆژئاوا کاتێک باس لە ڕۆژهەڵات دەکات وێنەیەک بۆ ڕۆژهەڵات دروستدەکات کە هەڵگری ئەو ڕەگەزانەیە کە لە خۆیدا نین، مادامەکی ڕۆژئاوا خۆی وەک سەرزەمینی عەقڵانیەت و زانست و تازەبوونەوە پێناسەدەکات، بۆیە دەرەوەی خۆی بە سەرزەمینی ناعەقڵانیەت و دین و تەقلیدیەت پێناسەدەکات. واتە ڕۆژئاوا لە دروستکردنی کۆمەڵێک وێنەی نێگەتیڤدا بۆ دەرەوەی خۆی، دەخوازێت کۆمەڵێک وێنەی پۆزرتیڤ بۆخۆی دروستبکات. کە دەڵێت ڕۆژهەڵات سەرزەمینی دینە، بەرامبەرەکەی ئەوەیە کە خۆی سەرزەمینی دین نییە. کە دەڵێت ڕۆژهەڵات سەرزەمینی ناعەقڵانیەتە، ناڕستەوخۆ بەخۆی دەڵێت کە سەرزەمینی عەقڵانیەتە. کەوابوو کاتێک ڕۆژئاوا کۆمەڵگاکانی دیکە بە کۆمەڵگای دینی ناوونوسدەکات و دەڵێت دین تیایاندا هەمووشتێک دەستنیشاندەکات، بەشێکی بۆئەوەیە کە بڵێت لای من دین باوی نەماوە و ڕۆڵی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەسەرچووە. ئەم پرۆسەی بەراوردکارییە پرۆسەیەکی هێجگار گرنگە لەدروستکردنی شووناسدا. (سەرنجبدە هێزە ئیسلامییەکان چۆن هەمان دیدی ئیستیشراقی بۆ ڕۆڵی ئاین دووبارەدەکەنەوە و دەڵێن دەبێت دین لە بێشەکەوە بۆ قەبر ژیانی ئێمە ڕێکبخات).

بە کورتی ڕۆژئاوا هەمیشە خۆی وەک شتێکی جیاواز لەدەرەوەی خۆی، نیشانداوە. مادامەکی کۆمەڵگاکانی دیکە کۆمەڵگای دینین کەواتە ئەم دینی نییە. تیورەی عەلمانیەتیش دێت بۆئەوەی ئەم گریمانە وەک هەقیقەت نیشانبدات. لەم ڕوانگەیەوە ئەو مامۆستایە دەڵێت تیورەی عەلمانیەت ڕاستناکات کە لەناو

ڕۆژئاوادا دین ڕۆڵی نەماوە، چونکە دین بەردێژایی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بسیتەمیش ڕۆڵی لە ژیانی کۆمەلایەتیدا هەبووە و هەیە. بەلام ڕۆژئاوا لە پەیوەندیدا بە دەرەوەی خۆیەوە پێویستی بەوەبووە کە وێنەیەکی نادینی بۆ خۆی دروستکات. واتە ڕۆژئاوا تەنها لە قسەکردنیدا لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەڵێت دین لای من ڕۆڵی نەماوە و دین بۆتە دیاردەیەکی پەراوێزی، بەلام لەناوخۆیدا دین بەشێوەی جیاواز ئامادەبووە و ڕۆڵی بینیوە لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووریدا، لە دروستکردنی ووشیاری و شوناسی تاکەکەسی ونەتەوەیی و پرۆژەی بنیادنانی دەوڵەتیشدا ئامادەبووە.
جگە لەمە ئەم مامۆستایە باس لەوەدەکات کە پرۆژەی کۆلۆنیالیزم پرۆژەیەک بووە نەیویستوە وەک پرۆژەیەکی ئاینی ببینرێت، پێویستی بەوەبووە ناوەرۆکێکی دیکەی هەبێت لەدەرەوەی دیندا، بۆ نموونە ناوەرۆکێکی ڕۆشنگەرانە کە دین کەنارگیردەکات. ئەمە بەکورتی تیووری ئەو مامۆستایەیە و من پێموایە تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستیشە.
بەلام باواز لەم تیورەیە بێنین و باسی خاڵێکی زۆر گرنگ بکەین کە بریتییە لە جەغدکردن لەو ڕاستییەی کە ئەو چوارچێوەیەی لەپشتی عەلمانیەتەوەیە بەرگریکردنێکی بەردەوام و هەمەلایەنە لە عەقلانیەت کە توانای قبوولکردنی جیاوازییەکانی هەیە. بە مانایەکی دیکە بەشێکی گرنگی پرۆژەی عەلمانیەت بەرگریکردنە لە دەسەلاتی عەقڵ و لە پرۆژەی بە عەقلانیکردنی دنیا، ئەمەش پەیوەندی نییە بە دابڕینی دین لە دەوڵەتەوە یان کەناگیرکردنی لە سیاسەتدا، بەڵکو دروستکردنی کۆمەڵێک وێنەی نوێییە بۆ دین و کۆمەڵگا و دەوڵەت و ئینسان. پێشموایە پێناسەی عەلمانیەت وەک دابڕینی دین لە دەوڵەتە کە ئیسلامییەکانی تورەکردوە.

پرسیار: ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت کە ئیسلامییەکان بەهیچ شێوەیەک ئامادەنین عیلمانیەت قبوڵبکەن. نازانم ئەگەر لەگەڵمابیت ڕەنگە واباشتربێت کە عەلمانیەت بەوە پێناسەبکەین کە بریتیبێت لە دابڕانی پیرۆزی لە دەسەلات..هێشتنەوەی ئەگەری ئەوەیە دەسەلات لەهەر شکڵ و شێوەیەکدا بێت و بەناوی هەر شتێکیشەوە پراکتیک بکرێت، دیسان ڕوبەرێکی بۆ هەڵەکردن

هەیە.. دەتوانین عەلمانیەت واپێناسە بکەین؟
وەڵام: بەڵێ دەکرێت عەلمانیەت واپێناسەبکەین و بڵێین بریتییە لە بەسەرزەمینیکردنی دەسەڵات. نووقمکردنی ئینسان و دەسەڵات و یاساکان لەناو کێشە حەیاتییە هەمەجۆرەکاندا، نەک بەستنەوەیان بە ئەحکامی ناو دەقێک یان چەند دەقێکی ئاینی پیرۆزەوە. عەلمانیەت خودی ئاین ناچاردەکات ببێتە بوونەوەرێکی سەرزەمینی، بەتایبەتی گەر ئاین بخوازێت وەک پرۆژەی سیاسی ئامادەبێت، نەک وەک ئەزموونی پەیوەندی رۆحی ئینسان بە نادیارەوە. واتە عەلمانیەت رێ لەدروستکردنی حیزبی دینی ناگرێت، بەڵام رێ لەوەدەگرێت حیزبێکی دینی خۆی بەتاقە سەرچاوەی هەقیقەت بزانێت و بشخوازێت بەسەر هەمووواندا بیسەپێنێت. یان بۆ پێناسەکردنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی لەباتی گەڕاندنەوە بۆ دەستورێکی دیموکراسی بۆ ئەحکامی دەقێکی پیرۆز بگەڕێتەوە. واتە تۆ دەکرێت حیزبی دینیت هەبێت، بەڵام دەبێت لەهەمانکاتدا ئەو ئازادییە دەستەبەرکەیت کە خەڵک دینی هەبێت یان نا، واتە حیزبی دینی و ئازادی دین لەپاڵ یەکدا پێکەوە ئامادەبن و کەسیان ئەویدیان لانەبات.

پرسیار: بەلامەوە گرنگە پێ لەسەر هێشتنەوەی ڕوبەرێک بۆ ئەگەری هەڵەکردنی دەسەڵات داگرم. پرۆژەی داماڵینی پیرۆزی لەدەسەڵات بە پلەی یەکەم هێشتنەوەی گریمانەی ئەگەری هەڵەکردنی دەسەڵاتە. بۆخۆت دەزانیت گرفتی هێزە دینییەکان و بێگومان هێزە عەلمانییەکانی ئێمەش ئەوەیە تا داو سنوور خۆیان بەڕاست دەزانن هیچ ئەگەرێک بۆ هەڵەکردن ناهێڵنەوە. کوشتنی ڕوبەرێک بۆ هەڵە لەهەمانکاتدا کوشتنی ڕوبەرێکە بۆ ڕەخنە، بەپێچەوانەشەوە هێشتنەوەی ڕوبەرێک بۆ هەڵە بەمانای ئازادکردنی ڕوبەرێک بۆ ڕەخنەگرتن.
وەڵام: سەد دەر سەد لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام، هەڵە بەشێکی جەوهەری ئینسانە، وەک باشلار دەڵێت تەنانەت مێژووی زانستیش بریتییە لە مێژووی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی. گەر عەلمانیەت دیوێکی بریتیبێت لە بە عەقلانیکردنی جیهان ئەوا سەندنەوەی پیرۆزی لە دەسەڵات خۆی و کردنی بە دیاردەیەکی سەرزەمینی بەشێکی گرنگی پرۆسەی بە عەقلانیکردنی دەسەڵاتە. بێگومان بەشێکی گرنگی پرۆسەی بە عەقلانیکردنی دنیا، بریتییە لە هێشتنەوەی

پانتـاییـەک بۆ هەڵە، بۆ تـەفـسـیـر و لێکدانـەوەی جـیـاواز. بۆ تێگەیشـتن لەو ڕاستییەی ناتوانـین ژیان لەناو کتێبێک و تیورەیەک و زانستێکدا بەندکەین، بۆ ووشیـاربوونەوە بەرامبەر بەو ڕاستییە کە ئاڵۆزی بەشێکە لەبوونی ئینسان و نە دین بـە تەنهـا و نە زانست بـە تەنهـا و نە هیـچ شـتـێکی دی بەتەنهـا ناتوانێت هەمـوو نهێنییـەکـانی ئەو ئاڵۆزییـەمـان بۆ کەشـفبکات. لێرەوە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ڕۆشنبیرە عەلمانییەکان ئەوەیە جارێکی دی بەو پێانسـانەدا بچنەوە کە بۆ عەلمانیەت کراون. بۆ نموونە لە دەزگایەکی زانستی گرنگی وەک (سەنتەری دین و کۆمەڵگا) لە زانکۆی ئەمستردام چەندان ساڵە کۆمـەڵێک پرۆفیسـۆر کاری پێکەوەیی دەکەن لەسـەر پێداچوونەوە بە تیورەی عـەلمانیـەت و مێـژووی ئاین و ڕۆڵی دین لە کـۆمـەڵگا هاوچەرخـەکاندا. ئـەنجامی ئەم کـارەشـیـان بریتـییـە لە ڕەخنەکردنی تیورەی عەلمانیەت لە تێزە ڕەسمییە گشتییەکەیدا و نیشـاندانی کـۆمــەڵێک ڕۆڵی تایبــەت و گــرنگ کــە دین تـا ئێـســتــاش لەناو کــۆمــەڵگا ڕۆژئاواییـەکـاندا دەیگێـڕێت. من خـۆم وەک گـوێگر لە دوو کـۆنفـرانسـی ئەم سێنتەرەدا ئامادەبووم کە بۆ پوچکردنەوەی تیورەی جیابوونەوەی دین و دەوڵەت و کەنارگیرکردنی ڕۆڵی دین لە ژیانی گشتیدا سازداربوو.

پرسـیـار: بـابێینە سـەر مـەسـەلەی بە عـەلمانیکردنی واقیـعی خـۆمـان، چ شـتـێک بەپێویست دەزانیت بۆ ئەوەی هەنگاوێک بەرەو عەلمانیەت بنێین؟

وەڵام:یەکێک لەو شتانە بریتییە لە بەرگریکردن لە پرۆژەی مۆدێرنە وەک گشتێک. لە دەسکەوتەکانی لە ناو کایە جیاجیاکاندا، واتە بەرگرییکردن لە ڕۆڵی زانست لە ژیانی ئینســان و کــۆمــەڵگادا، بەرگـریکردن لە عــەدالەتی کــۆمــەڵایەتی، بەرگریکردن لـە فـەردانیـەت، بەرگریکردن لە مـافی جیـاوازبوون و یەکـسـانبـوون لەبەرامبـەر یاسادا. تەرجەمـەکردنی ئەمانەش لە واقیـعی ئەمڕۆکەی کۆمـەڵگای ئێمـەدا بریتییە لە بەرگریکردن لە کۆمـەڵگا لەبەرامبـەر حیزبدا. بەرگریکردن لەو هەمـوو جیـاوازییـانەی کۆمـەڵگا هەڵگریەتی لەبەرامبـەر ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژی و سیـاسییـە یەک ڕەنگەدا کـە هـەر حزیبێکی سیاسـی دەیەوێت بەسـەر هەمـوواندا بیسەپێنێت.

لە واقیعی ئێمـەدا هـەم حیزبە ئیسلامییـەکان و هـەم حیـزبە عـەلمانییـەکان حیزب

گەلێک نین جیاوازی قبووڵکەن، هەریەکێکیان دەخوازێت کۆمەڵگای ئێمە قووتبدات و لەناو هێڵە ئایدیۆلۆژی و فیکری و ئەخلاقییەکانی خۆیدا بەندیکات. بۆیە پێموایە یەکێک لە پرۆسە گرنگەکانی بە عەلمانیکردنی کۆمەڵگای ئێمە بریتییە لە سەندنەوەی کۆمەڵگا لە حیزب بەو مانایەی لەسەرەوە باسمکرد. کە باس لە سەندنەوەی کۆمەڵگا لە حیزب دەکەم دەمەوێت بڵێم دەبێت کۆمەڵگا لە هەموو ئەو هێزانە بسێنینەوە کە دەشێت حیزب نەبن بەڵام بەهەمان لۆژیکی حیزبی کاردەکەن. بۆ نموونە من پێمـوایە سەندنەوەی منالاّن لە مزگەوت مەسەلەیەکی نەتەوەیی هێجگار گرنگە، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لە مزگەوتەکاندا بەمنالاّن دەگوترێتەوە بەرگریکردن نییە لە مافی جیاوازبوون، فراوانکردنی ئاسۆ فیکرییەکانی منالّ نییە و پەیوەدنی نییە بە بەهێزکردنی توانا عەقڵییەکانییەوە بۆ تێگەیشتن لە دنیا. بەپێچەوانە ئەوەی دەگوترێتەوە و ئەوەی باسدەکرێت مەحکومکردنی عەقڵی منالاّنە بە کۆمەڵێک فەتواو و لێکدانەوە و پێناس کە سەر بەم سەردەم و جیهان و ڕۆژگارە نین و کۆمەڵێک وێنەی هەڵە لەسەر ئینسان و بوون و مانا قووڵەکانی پێکەوەبوون بە منالاّن دەدەن. پێموایە بەشێکی گرنگی پرۆسەی سەندنەوەی کۆمەڵگا لە حیزب لە سەندنەوەی مندالاّنەوە دەستپێدەکات. دووهەم شت سەندنەوەی ئابوری کۆمەڵگایە لە حیزب. چەند ناڕەوایە منالّێک بۆئەوەی بتوانێت بخوێنێت ناچارکرێت بەزۆر هەموو قورئان لەبەرکات چونکە ئەو هێزە ئیسلامییەی یارمەتی خێزانی ئەم منالّە ئەدات ئەو مەرجەی هەیە، ئاواش بۆ هێزە عەلمانییەکان هەمان هەڵسوکەوت ناڕەوایە. بۆ نموونە هێجگار بێمانایە منالّێک یان ئافرەتێک بۆئەوەی لە خەستەخانە چارەسەرکێت دەبێت دەنگ بۆ ئەو حیزبە بدات کە خەستەخانەکەی لەژێردەستدایە. تا ئەو دەمەی پێشکەشکردنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی وەکو مافێک نەبینرێت کە کەس بۆی نییە پێشێلیانکات، ئێمە لە عەلمانیەتەوە دوورین. من تەواو باوەڕم وایە گەر لێگەڕێین کۆمەڵگای کوردی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بە زمانی خۆی بدوێت، ئەوکات حیکایەتێکی عەلمانیمان دەربارەی خۆی و چاوەڕوانی و ئومێدەکانی پێشکەشدەکات، عەلمانیەت بەو مانایەی کە هەر ئینسان و گروپ و هێزێک مەودا و سنوور و ئازادی ئەوەی لەبەردەمدابێت حیکایەتی خۆی بگێڕێتەوە، جا چ ئەو هێزانەی باوەڕیان بە دینە و چ ئەوانەش کە بێدینن، چ ئەوانەی لە سۆسیالیزمدا

شووناس دەدۆزنەوە و چ ئەوانەی لە لیبرالیزمدا، چ ئەوانەی پەچە دەپۆشن و چ ئەوانەی پەچە بە ڕەمزی چەپاندنێکی کولتووری و دینی ڕەمزی دەبینن، چ ئەوانەی ڕۆژی پێنج جار دەچن بۆ مزگەوت و چ ئەوانەی لە هەموو ژیانیاندا ڕۆژێک سەر بە مزگەوتێکدا ناکەن. عەلمانیەت بریتییە لە هاتنەکایەی عەقلانیەتێک بتوانێت بەم هەموو جیاوازییانە شوێنێک ببەخشێت.

پرسیار: ئەی سەبارەت بە پەیوەندی دەوڵەت و حیزب؟
وەڵام: پێموایە مەسەلەی عەلمانیەت مەسەلەی دەوڵەت و حیزب نییە، چونکە دواجار حیزبەکان دەبێت لە ناو دەزگاکانی دەڵەتەوە حوکمبکەن. واتە حیزب لەدەرەوەی دەوڵەتدا نابێت سێنتەری جیاوازی حوکمکردنی هەبێت، دەسەڵات دەبێت لەناو دەوڵەتەوە پیادەکرێت. بەڵام مەرجێکی دیکەی گرنگ لە پەیوەندیدا بە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە ئەوەیە کە دەبێت کۆمەڵگا چاودێری ئەم دەسەڵاتە بکات.
بێگومان حیزب و دەوڵەت دوو بوونەوەری جیاوازن، دەوڵەت هەڵگری کۆمەڵێک پرنسیپە کە هیچ حیزبێک ناتوانێت بێت و بەئارەزووی خۆی لایببات، واتە دەوڵەت وەک دەوڵەت لە حیزب گەورەترە. حیزب دێت چەند ساڵێک هەندێک لە دەزگا گرنگەکانی دەوڵەت، بۆ نموونە وەزارەتەکان بەڕێوەدەبات و دەڕوات، ئەوەی دەگۆڕێت چۆنیەتی کارکردنی وەزارەتەکان و گۆڕانی وەزیرەکانە. دوای چەند ساڵێکی دی حیزبێکی دی دێت و ئەو وەزارەتانە بەشێوەیەکی دی بەڕێوەدەبات. لەم هاوکێشەیەدا وەزارەتەکان و دەزگاکانی دەوڵەت کەم تازۆر نەگۆڕن، ئەوەی دەگۆڕێت ئەو حیزبانەن کە بەپێی دەنگ ڕێژەی دەسەڵاتی ناو وەزارەتەکان بەڕێوەدەبەن.
بەڵام هەر حیزبێک خۆی چووە شوێنی دەوڵەت، یان لەدەرەوەی دەوڵەتدا سێنتەری دەسەڵاتی دیکەی دروستکرد، یان دەوڵەت بووە کۆمەڵێک دەزگا پاشکۆی حیزب ئەوکات ئەو پەیوەندییە لە قەیرانێکی قووڵدایە.

پرسیار: بەدیوێکی دیکەدا بیرکردنەوە لە مینبەری یەکسان، واتە هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی هەمان دەرفەت و هەمان بوار بۆ هێزە دژەکان، بۆ نموونە ئیسلامیمان هەیە و کۆمۆنیستیشمان هەیە، نایەکسانییەکی زۆر ترسناک

لەنێوان فراوانی مینبەرەکان و بوارەکانی قسەکردندا هەیە. هەروەها هێزەکانی دیکەش.. واتە بەخشینی مینبەر و دەرفەتی یەکسان بە هێزە جیاوازەکان دەبێت یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکان بێت.

وەڵام: بێگومان بوونی مینبەری جیاواز گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە چونکە لەوە ئاگادارمان دەکەنەوە کە هەقیقەتی کۆمەڵایەتی جیاواز هەن. ئەم خاڵەش زۆر گرنگە بۆ هەر سیستمێک بخوازێت دیموکراسی بێت.

بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستمان بە پرۆژەیەکی ڕۆشنگەرانەش هەیە، چونکە ئەم پرۆژە ڕۆشنگەرەیە دەتوانێت دەسکاری شێوە جیاوازەکانی سەرمایەی ڕەمزی بکات. پێموایە بەبێ دەسکاریکردنی فۆرمە سەرەکییەکانی سەرمایەی ڕەمزیی هیچ هێزێک ناتوانێت بێ پەلاماردانی تفەنگ لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسیدا بوەستێتەوە. هێزە ئیسلامییەکان شانیان داداوەتە سەر ئەو سەرمایە ڕەمزییە تەقلیدییەی ساڵەهای ساڵە لە کوردستاندا ئیشدەکات. مەبەستم لە سەرمایەی ڕەمزی تەقلیدیش ئەو هێزە ڕەمزییەیە کە هەندێک کەس و لایەن هەیانە لەسەر بنەمای ئەو تەفسیرە غەیبی و تێڕوانینە سیحری و وێناکردنە ناعەقڵانیانەی بەهۆیە جیهان و دیاردەکان لێکدەدەنەوە و بەشێک لە مرۆڤی ئێمەش باوەڕیان پێییەتی و هەندێک لە هێزە ئیسلامیەکانیش بە وردی کاری لەسەردەکەن. بۆ نموونە ئەو تەفسیرەی کە هەندێک هێز بەهۆیەوە کەمی باران دەبەستنەوە بە زۆربوونی کوفر و کافریی و ئامادەگی عەلمانیەتەوە. پرۆژەی ڕۆشنگەری پێویستی بەوە هەیەبە خەڵک بڵێت باران بارین پەیوەندی نییە بە کردن یان نەکردنی نوێژەوە، بەڵکو بە کۆمەڵێک یاسای فیزیای و سروشتییەوە...

پرسیار: واتە گەڕانەوە بۆ ئەو شتانەی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی قوتابخانەدا دەیخوێنین..

وەڵام: بێگومان، پێویستمان بە قوتابخانەی نوێ و دیدی نوێ و میتۆدی خوێندنی نوێ هەیە. بێدەسکاریکردنی سەرمایەی ڕەمزی تەقلیدی، بەتەنها ئەو یەکسانکردنەی مینبەرەکان کە تۆ باستکرد بەس نییە، ئەو یەکسانییە ناتوانێت هاوکێشەی نێوان عەلمانیەت و ئیسلامی سیاسی بگۆڕێت. سەرنجبدە ئیسلامییەکان زۆربەی هێزە عەلمانییەکانی وڵاتی ئێمەیان ناچارکردوە وەک

خۆیان بە زمانێکی دینی بدوێن و بۆ زۆربەی ئەو فۆرمە تەقلیدییانەی سەرمایەی ڕەمزی بگەڕێنەوە کە عەلمانیەت دەکوژێت.

پرسیار: بەڵام ئایا بەڕاستی سەیر نییە ئێستا ئەم تەفسیرە غەیبانیانە بۆ هەندێک دیاردەی سروشتی زیندووببنەوە لە کاتێکدا ئێمە لە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی خوێندندا هۆکارەکانی دەزانین. بۆخۆت دەزانیت لەپاش ئەزموونی بەعسەوە ئێمە خاوەن نەوەیەکی خوێندەواری هێجگار گەورەبووین، ئەمڕۆ بە ئەستەم کوڕێکی لاو ئەدۆزینەوە کە بەلایەنی کەمەوە قۆناغی سەرەتایی یان ناوەندی تەواو نەکردبێت، بەعس هەمووانی ناچار بەخوێندن کرد، کەچی لە نەوەدەکاندا ئەم تەفسیرە غەیبانییە بە ئاسانی زیندوو دەبنەوە و بڕێکی زۆریش لە خەڵک بڕوای پێدێنن.
لەو ماوەیەدا لەگەڵ شۆفێری تاکسیەکدا لەسەر نەبارینی باران بوو بە مشتومڕم. ئەو بەرگری لە قسەکانی مەلای مزگەوتێک دەکرد کە نەبارینی بارانی بەستبۆوە بە دیاردەی سەتەلایت و ئەو فەسادەی گوایە سەتەلایت بڵاویدەکاتەوە. کە لێمپرسی تا چەندی خوێندوە گوتی: تا قۆناغی دووی پێشەسازی خوێندوە، بەڵام دواتر وازی لە خوێندن هێناوە. ئەمەی زۆر بە ئاسانی دەگوت بێئەوەی هەست بەوە بکات لەنێوان پلەی خوێندنی خۆی و تەفسیرەکانی ئەو مەلە نەخوێندەوارەدا دژایەتیەکی گەورە هەیە. بەڵام بەڕاستی بۆ؟ چۆن لە شارێکی وادا کە پڕە لە خوێندەوار جارێکی دی ئەم تەفسیرانە دێن و وەردەگیرێن و هەموو ئەو زانیارییانە لەبیردەبەنەوە کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی قوتابخانەدا فێریبووین. ئایا کەموکوڕییەک لە مەنهەجی پەروەردەکردندا هەیە؟ یان چی؟

وەڵام: نازانم چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. بڵێی لەبەرئەوە نەبێت کە ڕۆشنگەری پرۆژەیەکە تەنها لە قوتابخانەدا دروستنابێت. ڕۆشنگەری کاتێک دەبێتە پرۆژەیەکی سەرکەوتوو کە لە هەمووشوێنێکدا ئامادەبێت، لە فەزا جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕەمزیدا شوێنەواری هەبێت. ڕۆشنگەری دەقێک نییە بۆ یەکجار لەبەریبکەین، وانەیەک نییە لەچەند کاتژمێرێکدا فێریبین و ئامۆژگارییەکیش نییە لەگوێی بگرین، بەڵکو پرۆژەیەکی

هەمـەلایەن و بەردەوامـە و دەبێت هەمـیـشـە لە دروسـتکردنـیدا بین. ڕۆشـنگەری نابێت بـە ڕۆشنگەری گـەر تەنـهـا لە سنووری چـەند وانـەیەکی قـوتابخـانە و پۆلـەکـانـی خـوێندندا سنووردار‌بوون، بە تێپـەڕینی کـات ژورەکـانـی خـوێندن بەجـێدەهـێـڵین و وانـەکـان لەبیردەکـەین، گـەر لـە کـۆمـەڵگادا شـوێـنی دی نەبوون لەسـەر بنەمـاکانی ڕۆشـنگەری دروسـتکرابن و لەسـەر ئەو بنەمـایەنـە بەرێوەبچن ئەوکات ئەو چەند وانەیە وەک چەند دڵۆپێک ڕووناکی ناکاو بزردەبن.
لێرەوە هـەسـتدەکەم پێویستمـان بە گواستنەوەی پرنسیپەکانی ڕۆشنگەری هەیە بۆناو خێزان، بۆناو حیزب و بۆناو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دیکە. پێویستمان بە گواسـتنەوەیەتی بۆنـاو میدیا و نووسین و مـینبەرەکانی قسەکردن، بۆناو کتێب و ڕۆژنامـە و گـۆڤـارەکـان. بەتەنـهـا بوونـی زانکۆیەک لەنـاو فـەزایەکی غـەیبـانـیـدا ڕۆشنگەری بۆ دروسـتنـاکرێت. ڕاسـتە بـەعس هـەر کـەسێکی عێراقی ناچارکرد لانیکەم نۆ سـاڵ بخـوێنێت. بەڵام هەر بەعس لە هـەشتاکاندا و لەڕێی سیسـتـمی موسـتـەشـارەکـانەوە هەمـوو هـێزە مـۆدێرنـەکانی کۆمـەڵگای کوردی نـاچارکرد بگەڕێنەوە بـۆ باوەشـی سـەرۆک عـەشـیـرەتەکان. بەچاوی خـۆمـان بینیـمـان چۆن مـوهـەندیسـەکـان گـەڕانـەوە بۆ باوەشـی سـەرۆک خـێڵـەکـان، چۆن دکـتـۆرەکـان چوونەوە ئامـێـزانی شـێـخـەکانی تەریقـەت، چۆن دین بووەوە بەبەشـێکی گرنگی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت. ڕاسـتە ئێمە لەسەرێکەوە تیورەکانی داروینمـان دەربەرەی ڕەچـەڵەکی بوونەوەرەکـــان دەخـــوێند، بەڵام لـەودیو دیواری پـۆلـەکـــانمانـەوە دەکـەوتینـەوە ناو دنیـاییـەکـەوە کـە بە مـوقـەدەس گـەمـارۆدرابـوو. دنیـایەک کـە کـاریزمـای دروسـتـدەکـرد، جـەنگی بەرپـادەکـرد، نەزانینی پایەداردەکـرد، وەک ئاشکراشـە دروسـتکردنی کاریزما هـەمیشـە پێویسـتی بە چەمکە پیرۆزەکان و برێکی گەورە لە ناعەقڵانیەت هەیە.
لەدنیـای ئێـمـەدا وانەی ناو پۆلـەکانی قـوتابخـانە و ئەوەی لەدەرەوەی پۆلـەکـاندا دەگوترا لەیەک دووربوون و پێکەوە نەدەگونجان. لە قـوتابخـانەدا فێردەبووین کـە پێـوەری زانـین خـودی زانست خـۆیەتی، بەڵام لەدەرەوەی قـوتابخـانـەدا پێـوەری زانین گەورەیی تەمـەن و ڕادەی پیربوون بوو. هـەمـیشە پیرەکان شتیان دەزانی و مـافی قسـەکردنیـان هـەبوو، گـەنجی خـاون زانینیش کـەسێکی پەراوێزکراوبوو. دنیـای ئێـمـە پڕیەتی لەو پەند و ئامـۆژگـارییـانەی نەوە نوێکان فـێـری بێدەنگی و

گوێڕایەڵی و شەرم دەکەن. فێری ئەوەمان دەکەن هیچ نەڵێین لەبەردەم ئەوانەدا کە بە ڕێکەوت لە پێش ئێمەوە لە سکی دایکیان هاتوونەتە دەرەوە. گەر قوتابخانە عەشقی زانستی تیا چاندبین، ئەوا دەرەوە دەیانجار بەهێزتر ئەفسوونەکانی زانینی بەتاڵکردۆتەوە. لێرەوە هەستدەکەم پرۆژەی مۆدێرنە و ڕۆشنگەری لەولاتی ئێمەدا لەنێوان ئەم دوو جیهانە ناکۆکەدا قەتیسە، تا لەم ناکۆکیەش ڕزگار نەبین ناتوانن بیر لە تازەبوونەوەیەکی ڕاستەقینە بکەینەوە.

پرسیار: بەڵام ئایا گەڕاندنەوە بۆ باوەشی هێزە تەقلیدییەکان بریتیبوو لە دۆڕاندنی خوێندەواری لەبەردەم نەخوێندەواریدا... بریتیبوو لە پاشەکشێی کولتووری تازە لەبەردەم کولتووری تەقلیدیدا.

وەڵام: ئەم گەڕاندنەوەیە مەسەلەیەکی هێجگار ئاڵۆزە، تا ئێستا ئێمە دەرەنجامە ڕاستەقینەکانی نازانین، ڕەنگە مەسەلەکە بەو ڕادەیە نەبێت کە تۆ پێشنیاریدەکەیت. ڕاستت دەوێت زەحمەتە قسەی زانستی لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین. بەڵام بەلای منەوە یەک شت لە ئاستی ڕاستییەکی گومان هەڵنەگردایە ئەوەیش ئەوەیە ئەم گەڕاندنەوەیە یەکێک لە هۆکارەکانی بەهێزبوونی سەرمایەی ڕەمزی تەقلیدییە لە کوردستان و لە عێراقدا، زیندووکردنەوەی خێڵگەراییە لە کاتێکدا ئەم خێڵگەراییە لە شەستەکان و هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا ڕوو لە لاوازی و بەپەراوێزبوون بوو. لەسەرێکی دیکەوە ئەم گەڕاندنەوەیە بۆ باوەشی هێزە تەقلیدییەکان مانای ئەوەیە هێزە تازەکان نەیانتوانیوە ببنە هێزگەلێک کە ڕێ لەم گەڕاندنەوەیە بگرن، یان هەڵگری سەرمایەیکی ڕەمزیبن کە لەم گەڕاندنەوەیەدا نەشکێت و لە قوورساییەکانی کەمنەبێتەوە. مەبەستم لە سەرمایەی ڕەمزی ئەم هێزە تازەنەش سەرماییەکە لە ئینتیماوە بۆ خێڵ و خزمخواهی و پەیوەندی خوێنەوە دروستنەبوێت، بەڵکو لەوەوە هاتبێت کە هەڵگرانی خاوەنی زانست و زانیاری و دید و وێنە و خەیاڵ و عەقڵیەتی نوێن، واتە شانی دادابێتە سەر کۆی ئەو شتانەی ئێمە لە قوتابخانەکاندا فێری بووبووین.

ناچارکردنی خوێندەواران و هێزە تازەکانی کۆمەڵگای ئێمە بۆ گەڕاندنەوە بۆ ئامێزی خێڵ و سەرۆک عەشیرەتەکان، بەهێزکردنەوەی هەموو ئەو ڕەگەزە

تەقلیدییانەشی لێکەوتەوە کە سەرمایەی ڕەمزی بەر لە هاتن و ئامادەگی مۆدێرنە هەڵگرین: مەبەستم لەوانەش بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی خزمخواهی و دین و ئەو ڕۆحە توندتوتیژەیە کە بەعس هەڵگرییەتی.
بە کورتی بەعس جیهانە ڕۆحییەکەی مرۆڤی ئێمەی تێکدا، بەتایبەتی جیهانی ڕۆحیی هێزە تازەکانی کوردستان. ئەو هێزە تازانەی کە بەردێژایی چەندان دەیە لە کوردستاندا دروستبووبوون، ناچارکرد ملکەچکەن بۆ هێزە تەقلیدییەکان. گرفتەکە لەوەدایە کە دوای ڕاپەڕینیش حیزبە کوردییەکان هاتنە سەر ئەم واقیعە بەبێ ئەوەی دەسکاریبکەن.. ئەمانیش لەزۆر ڕووەوە درێژەیان بەهەمان پرۆسە دا.

پرسیار: مادام گەیشتینە سەر ڕاپەڕین با تۆزێک لەسەری ڕاوەستین: بۆ خۆت دەزانی لەدوای ڕاپەڕینەوە کۆمەڵێک حیزبی کوردی جیاواز گەڕانەوە، لەدوای ڕاپەڕینیشەوە هەندێک حیزبی دی دروستبوون... هەوڵدرا حکومەتێکی ئیئتیلافی دروستبکرێت، کۆمەڵێک حیزب لەم مەسەلەیەدا بەشداربوون. ڕاستە ئەم ئەزموونە زۆر خۆی ڕانەگرت، بەڵام خۆی شتێکی تازەبوو. ئایا ڕمانی بەعس لەدوای ڕاپەڕینەوە هەلومەرجێکی وای نەخولقاند پتر لە ئەگەرەکانی مۆدێرنە نزیکببینەوە؟
وەڵام: بێگومان دەبوایە ڕمانی بەعس لە کوردستاندا ئەم کارەی مەیسەربکردایە. لانیکەم پیادەکردنی هێڵە گشتییەکانی فیکری سیاسی مۆدێرنە کە خۆی لە دروستکردنی دەوڵەتێکی دیموکراسی و دابەشکردن و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و تازەکردنەوەی سیستمی داوەری و دابینکردنی لانیکەمی عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا بەرجەستەیە. واتە نەمانی بەعس دەبوایە ببێتە سەرەتایەک بۆ ڕزگاربوون لەو کولتوور و جیهان و وێناکردنانەی کە بەعس بەردێژایی ساڵانی حوکمکردنی لەهەموو شوێنێکدا چاندبووی. کەوتنی بەعس کرانەوەی دەرگا و پەنجەرەکانی ئێمەبووە بەڕووی کۆمەڵێک ئەگەری گەورە و جواندا. بەعس هێزێکە هەڵگری پرۆژەی جینۆساید و تێکدانی بونیادی ڕۆحی و مادی کۆمەڵگای کوردی. بەعس هێرش و پەلامارێکی بەردەوامە بۆسەر ژیان و بەهاکانی، بۆسەر تاکەکەس، بۆسەر ئیرادەی ئازادی. بەداخەوە ئەوەی ئێمە

لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەنجامماندا‌وە وەگەڕخستنی تواناکانی کۆمەڵگای ئێمە نییە بۆ دەرچوون لەو جیهانە ناشیرینەی بەعس بۆی دروستکردبووین، بێگومان ئێمە لەچەند شوێنێکدا توانیمان دەزگاکانی بەعس تێکبدەین، بەڵام نەمانتوانی دەسکاری تەواوی ڕۆحیەت و عەقڵیەت و خەیاڵی بەعس بکەین. واتە ئێمە دەسکاری کۆمەڵێک دەزگامان کرد و وامانزانی دەسکاری مێژوومان کردوە، کۆمەڵێک فەرمانبەرمان گۆڕی و وامانزانی پرۆژەی ئازادیمان هێناوە. لەوەدەچێت ئێمە تا ئێستاش لەو ڕاستییە سادەیە نەگەیشتبین کە بەعس تەنها چەند دەزگایەک و کۆمەڵێک فەرمانبەر نەبوو، بەڵکو عەقڵیەت و کولتوور و دنیابینی و بونیادێکی تایبەتی دەسەڵاتە. بەبێ دەسکاریکردن و گۆڕینی کۆی ئەو شتانە لە بەعس ڕزگارمان نابێت. مەسەلەکە بەو ئاسانییە نییە فلانە فەرمانبەری بەعسی دەرکەین و فیسار دەزگا لابەرین، لەمانە گرنگتر ئەوەیە لە هەموو ئەو چەمک و میتۆد و شێوازی کارکردنانە ڕزگارمان بێت کە بەعسی کرد بەو بوونەوەرە جینۆسایدییە. پێموایە پێویستە زۆر بەوردی بەکۆی چەمکەکانی حیزب و دەسەڵات و سەرکردە و کۆمەڵگا و مرۆڤ و لێبوردن و دەیان چەمکی دیکەدا بچینیەوە. مەحاڵە بەبێ پێداچوونەوەیەکی ستراتیژی بەم چەمکانەدا بتوانین ستراتیژێکی نوێ بۆ بنیادنانی دنیایەیکی جیاواز داڕێژین. بێگومان ئەم قسانە مانای ئەوە نییە حیزبە کوردییەکان کۆپی بەعسن، لانیکەم لەبەرئەوەی هیچ حیزبێکی کوردی ئەو هێزەی نییە بتوانێت ئەو کارانە ئەنجامدات کە بەعس کردنی. لەلایەکی دیکەوە هێشتا پەراوێزێک لەو ڕۆحە دیموکراسییە بە زیندوویی ماوەتەوە کە ئەم حیزبانە لە ساڵە سەختەکانی خەباتکردندا داواکاریبوون...

پرسیار: ئامادەیی هۆشیاریی ئازادیی لای شۆڕشگێڕان.
وەڵام: بەڵێ، ئەو دروشمانەی ئەم حیزبانە لە قۆناغێکی درێژدا هەڵیانگرتبوو دروشمگەلێکن کە باسیان لە ئازادی و دیموکراسی و بەختەوەری دەکرد، ئەم دروشمانە هێشتاکو بەتەواوی نەمردون، یان لانیکەم حیزبەکان ناتوانن بە ئاسانی لەژێر قورساییە ڕەمزییەکانی بچنەدەرێ، چونکە خەڵکێکی زۆر گیانی خۆیان بۆ پیادەکردنیان فیداکردوە.
لایەنێکی دیکەی ئەم سەلەیە ئەوەیە کە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیی لە

بنەڕەتەوە خوازیاری گۆڕینی شێوە ناشیرینەکانی دەسەڵاتە و دەیەوێت دەسەڵاتێکی نوێ دامەزرێنێت کە دیموکراتیتر و ئینسانیتر و لێبوردوتربێت. ئەمڕۆ بەشێکی زۆر کەمی ئەو شێوە دەسەڵاتە لە کوردستاندا ئامادەیە. ئەوەتا من و تۆ دەتوانین لە سلێمانیدا بە ئازادی قسەبکەین و کۆڕ بگرین و ئەوشتانە بڵێین کە دەمانەوێت بیڵێین. ئەمەش دەسکەوتێکی کەم نییە، بەڵام زۆریش نییە. ڕزگاربوون لە بەعس و لەو کولتوورەی خستوویەتییەوە هەنگاوی گەورەتر و بوێرانەتر و ڕیشەییتری ئەوێت. ستراتیژێکی نوێی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵات و کۆمەڵگادا دەوێت کە حیزبە کوردییەکان تا ئێستاش هەڵگری نین.

پرسیار: بۆچی؟
وەڵام: پێمـوایە هۆی سەرەکی بگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەم حیزبانە ئامادەنین پرۆژەیەکی دیکەیان بۆ دەسەڵاتدارێتی هەبێت کە من لە چەند نووسینێکمدا ناومناوە «پرۆژەی دابەشکردنی دەسەڵات». ئەم پرۆژەیە دەخوازێت بەشێکی گرنگی دەسەڵات بداتەوە بە کۆمەڵگا خۆی، هەمووی لەدەستی حیزب و سەرکردە و مەکتەبی سیاسییەکەیدا کۆنەکرێتەوە. لەباتی پرۆژەی دابەشکردنی دەسەڵات حیزبە کوردییەکان پرۆژەی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتیان پێیە، ئەوان کە پێشمەرگەبوون و لە شاخەکانەوە هاتنەوە، لەماوەیەکی کوورتدا بەهۆی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتەوە توانیان لە کەسانی سیاسییەوە ببنە سەرمایەداری گەورە. واتە ئەمانیش بوون بە هەڵگری ئەو دید و پراکتیکە ناشیرینەی کە بەهۆیەوە شوێن و جێی سیاسی دەگۆڕدریت بۆ شوێن و جێییەکی ئابووریی، دەبێت ئەوە بڵێین حیزبەکان لەم پرۆسەیەدا زۆر سەرکەوتووبوون و لە کورترین ماوەدا بوونە هێزی ئابووری زۆر گەورە. بە مانایەکی دیکە لەپشتی پرۆژەی دابەشنەکردن و لێکجیانەکردنەوەی دەسەڵاتەوە پرۆسەی دروستبوونی نوخبەیەکی تازە لە ئارادایە کە دەخوازێت لەیەککاتدا هەڵگری دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئابووری بێت، بۆیە بەناویەکداچوونی سیاسەت و ئابوری یەکێک لە کاراکتەرە سەرەکییەکەیانە.

پرسیار: بەڵام ئایا دواجار هەموو حیزبێک نایەوێت ئەندامەکانی بچنە ناو

جێگەکانی دەسەڵاتەوە.. دەبێت گرفت لێرەدا چیبێت؟
وەڵام: گرفت لەوەدایە هەموو هێزەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردی، واتە ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی نوخبەی سیاسییەوە، بەشدارنابن لە پرۆژەی بنیادنانی ئەو دەسەڵاتەدا کە لەئارادایە و ئەو دەسەڵاتەش بەهی خۆیان نازانن. لێرەوە کۆمەڵگای ئێمە بێبەشدەکرێت لە هێزی هەموو گروپ و کەس و لایەنە جیاجیاکانی دەرەوەی نوخبەی دەسەڵاتدار. لەمانەش خراپتر دەرەنجامەکانی مۆنۆپپلیزەکردنی دەسەڵاتە. من بڕوام وایە ئەم نوخبە سیاسییە نوێییە بۆئەوەی بتوانێت ببێتە هێزی هەرەگرنگی ئابوری لە کوردستاندا کاتێک لە شاخەکانەوە هاتنەوە بۆ ناو شارەکانی کوردستان دەبوایە:
یەکەم: شەڕی ناوخۆ بەرپا بکات. چونکە بەشێکی گەورەی هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ شەڕە لەسەر ئەو جێگە و مەوقیعە ئابوورییە. نەک تەنها لە مۆنۆپۆڵکردنی گومرکەکان بڕوانە، بەڵکو لەپاڵیدا تەماشای بازرگانی چەک کڕین و فرۆشتن، قاچاغچێتی بەچەندان شتەوە، دزیکردن، ناقانوونیکردن و دەستگرتن بەسەر مڵک و ماڵی یەکدیدا، بکە. هەموویان ڕۆڵیان لە خێراکردنی پرۆسەی دروستبوون و بەهێزکردنی ئەم نوخبە نوێیەدا بینی. ئێمە دەزانین دەوڵەمەندبوونی حیزبە کوردییەکان و نوخبە دەسەڵاتدارەکەی دەوڵەمەندییەک نییە بە پرۆسەیەکی ئابوری سروشتی و لەسەرخۆدا تێپەڕیبێت. بەپێچەوانەوە ئەم پرۆسەیە بەناو هەلومەرجی پشێوی شەڕی ناوخۆ و نایاساییکردن و مۆنۆپۆلیزەکردنی ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا تێپەڕی. کردنە دەرەوەی هەموو هێزەکانی دەرەوەی نوخبەی سیاسی باڵادەست لە بازنەی دەسەڵات یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیە بوو. ئەمەش وایکرد حیزبەکان هەر لەسەرەتاوە هەڵگری پرۆژەی دابەشکردنەوەی دەسەڵات نەبن، یان لانیکەم هەڵگری پرۆژەی بەرفراوانکردنی سنوورەکانی ئەو نوخبەیە نەبن کە لە کوردستاندا دەسەڵاتدارە. ئەمەش هەڵگری هەموو ئەو کێشە و گرفتانەیە کە دەسەڵات بەرە و دیکتاتۆریەت و دوورکەوتنەوە لە دیموکراسیەت و ڕێزنەگرتنی ژیان و ئینسان و کۆمەڵگا دەبات.

پرسیار: ئایا ئەمە بە مانای ئەوەدەێت شەڕی ناوخۆ پلانێکی ستراتیژی هێزە

سیاسییەکانی کوردستان بوو بۆ دەستەبەرکردنی ئەم دەسکەوتانە؟
وەڵام: هەرگیز، شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا زۆر لەوە ئاڵۆزترە بە تەنها فاکتەرێک ڕاڤەبکرێت. من ناڵێم ئەم هۆکارە بەتەنها شەڕی ناوخۆی لە کوردستاندا داگیرسان، من دەڵێم شەڕی ناوخۆ یەکێک لە مەرجە پێویستەکانی دروستبوونی ئەو نوخبەیە بوو کە باسمکرد. من دەڵێم شەڕی ناوخۆ بۆ ئەو گۆڕان و جێگۆڕکێ کۆمەڵایەتییە پێویست بوو. بەڵام دەتوانم پێ لەسەر ئەوە داگرم کە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕانەوەستانی شەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەسەلەیە.
بێگومان لەپشتی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆوە کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئایدیۆلۆژی و هاوپەیمانێتی و کولتووریی و مێژوویی دیکەش هەن، بەڵام لەیادکردنی ئەو ڕەهەندە تایبەتەی دروستبوونی نوخبەیەکی بەهێز و دەسەڵاتداری نوێ لە کوردستاندا هەڵەیەکی گەورەیە و دەبێت بەردەوام ئەم ڕەهەندە وەک یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بەرپابوون و ڕانەوەستانی شەڕ ببینین. بەبێ ئانارامی و فەوزا و بێقانوونییەکانی هەلومەرجی شەڕی ناوخۆ ئەم نوخبەیە بەو ئاسانییە دروستنەدەبوو.

پرسیار: دوا پرسیار ئەوەیە تۆ لە ساڵی ١٩٩٢ دا ڕۆیشتیت و پاش حەوت ساڵ گەڕایتەوە. لەم ماوەیەدا کە لێرەبوویت چ شتێکی جوان و چ شتێکی ناشیرینت بینی؟
وەڵام: با بە جوانییەکان دەستپێبکەم. کوردستانێکی ئاوەدانم بینی، خەڵکم بینی جوتیاریان دەکرد، لەم بەر و ئەو بەری جادەکانی نێوان شارەکانی کوردستاندا جارێکی دی مەڕومالات و شوانم بینی کە لەدوای ئەنفالەوە نەمدیبوون. خەڵکم دی کاریان دەکرد و پێدەکەنین، شارەکانم جارێکی دی بە قەڵەباڵغی بینیوە. ژیانم بینی لەهەموو ئەو شوێنانەدا کە دنیایەک شت بۆ مردنی تەرخانکرابوو.. تەواو باوەڕم بەوەیە لە هەر شوێنێک ژیان هەبوو ئەگەری گەورەی ئازادیش هەیە. بەڕاستی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە تابڵێی دڵخۆشکەرە. زۆر دڵشاد بووم کە بینیم سەرلەنوێ گوند و شارۆچکەکان دەژێننەوە..
بەڵام ئەوەی زۆر پەست و ناڕەحەت و بێئومێدم دەکات نەبوونی پرۆژەیەکی

ڕاستەقینەی ئاشتییە، بوونی فەسادێکی ئیداری گەورە و سێهەمیش بەهێزبوونی دەسەڵاتی ترسناکی ئیسلامی سیاسییە.

«میتۆد و زانست نیشتیمانیان نییە، شتێک نییە ناوی میتۆدی ئەڵمانی و میتۆدی ئینگلیزی و میتۆدی مەغریبی و میتۆدی کوێتی و میتۆدی ئێرانی و میتۆدی هەولێری یان سلێمانی بێت. میتۆدی ماتریالیزمی مێژوویی و میتۆدی سۆسیۆلۆژیای ڤێبەری و میتۆدی ئەنترۆپۆلژیای کولتووری و میتۆدی مێژوویی و میتۆدی پۆزەتیڤیستی و شتی دیکەی لەم بابەتانە بوونیان هەیە، ئەمانەش موڵکی هەموو مرۆڤایەتین و هەر ڕۆشنبیرێک ئازادە باوەڕی خۆی بە کام میتۆد لەم میتۆدانە ببەخشێت و بۆ خوێندنەوەی کام دیاردە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریانبهێنێت، بە مەرجێک دەسپێک و چەمک و شێوازی بەکارهێنانی ئەو میتۆدە شارەزابێت و بتوانێت داهێنەرانە کاریان پێبکات. بەبۆچوونی من شتێک نییە ناوی ئەنترۆپۆلۆژیای ئەمریکی و ئەنترۆپۆلۆژیای هیندی و ئەنترۆپۆلۆژیای پاکستانی و لوبنانی و سوری بێت، شتێک هەیە ناوی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیایە و هەم سورییەک و هەم پاکستانیەک و هەم ئینگلیزێک و هەم کوردێک دەتوانن بۆ خوێندنەوەی دیاردەکانی دنیای خۆیان کەڵکی لێوەرگرن.»

چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری کاروان.
سازدانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و عەبدول موتەلیب عەبدوڵا
هاوینی ٢٠٠١
ئەمستردام

پرسیار: لە لێکۆڵینەوەکانتدا هەوڵتداوە میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەسەر کولتوور و مێژووی نوێی کوردیدا پراکتیزە بکەیت و بەکۆمەڵێک دەرنجامی گرنگ گەیشتویت. دەشێت لێرەدا هەندێک لەو میتۆدانە باس بکەین کە تۆ بەکارتهێناون، بۆ نموونە کۆمەڵێک چەمکی میشێل فۆکۆ، ئەنترۆپۆلۆژیای مێژوویی و بەراوردکاری، هەندێک گوتراو و چەمکی محەمەد ئارکۆن. هەرلێرەشدا دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە محەمەد ئارکۆن هەمان سودی لە فۆکۆ وەرگرتوە و دەقە ڕەسەن و سەرەکییەکانی ئیسلامی پێخوێندۆتەوە. بەڵام ئارکۆن ڕەخنە لە فۆکۆ دەگرێت و باسی ئەوە دەکات کە لە تۆژینەوەکانیدا لەسەر فیکری ئەوروپی ئاینی پشتگوێخستوە و تەنها لە سنووری ئەم فیکرەشدا ماوەتەوە و نەچۆتە سەر کەلەپوری دەوڵەمەندی ڕۆژهەڵات و ئاینەکانی دیکەی وەک ئیسلام. لەهەمانکاتدا ئارکۆن دەڵێت فۆکۆ لەو کاتە کەمانەدا کە لەسەر شۆڕشی ئیسلام قسەدەکات جگە لە حەماقەت شتێکی دیکەی نەگوتووە، لەڕاستیدا بێدەنگبوایە باشتر بوو. لەژێر سێبەری ئەو ڕاستیانەدا پرسیاری ئێمە ئەوەیە: ئایا تۆش لە خوێندنەوە و چاودێریکردنی بەردەوامت بۆ فۆکۆ و ئارکۆن و بیرمەندانی دیکە دەتەوێت میتۆدە نوێکانی ئەنترپۆلۆژیا و مێژوو لەسەر کەلەپور و مێژووی کوردی پیادەکەیت؟ ئایا کاریگەری بیری هەندێک لە بیریارە گەورەکانی دنیات بەسەرەوەیە یاخود پتر کاریگەری تیۆر و زانست و میتۆدەکان؟ دەتوانیت شتێکمان لەسەر گەشەی میتۆد و کاری میۆتدیانەی خۆتمان پێبڵێیت؟

وەڵام: زەحمەتە بتوانین تێز و تیۆر و میتۆدەکان لە بیریارە گەورەکان جیابکەینەوە، لەنێوان مەنهەجە فیکرییە گرنەگکان و داهێنەرە گەورەکانی فیکری مرۆڤایەتیدا پەیوەندییەکی نەپچڕاو هەیە، چۆن پۆزەتیڤیزم لە ئۆگست کۆنت و شیکردنەوەی دەرونی لە فرۆید و ماتریالیزمی دیالێکتیک لە مارکس و جینالۆجیا لە نیتشە و فینۆمینۆلۆژیا لە هۆسرەڵ و هێرمۆنێتیک لە گادامیر و ئارکیۆلۆژیا لە فۆکۆ جیاکەینەوە؟ لەنێوان ئەم بیریارانە و ئەو میتۆدانەدا کە ناومان هێنان پەیوەندییەکی بەهێز هەیە. ئەوەی گرنگە قسەی لەسەر کەین چییەتی میتۆد خۆی و ئەو گرنگیەیە کە میتۆد بۆ فیکر و بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی فیکری هەیەتی. میتۆد چوارچێوەیەکی دیاریکراوە بۆ بیرکردنەوە

و تێڕامان و ڕاڤەکردن، بوونی کۆمەڵێک چەمک و گوتراو و وێناکردنی تایبەتە کە بیرکردنەوە لە پەرش و بڵاوی و ناکۆکی و سادەگۆیی ڕزگاردەکات. هەر فەیلەسوف و بیریار و زانایەکی کۆمەڵایەتی بە میتۆدێک یان چەند میتۆدێک کاردەکات، هیچ بیریارێک نییە بتوانێت بێ میتۆد و بێ دەزگایەکی چەمکی تایبەت بتوانێت بەشێوەیەکی زانستییانە و قووڵ بیربکاتەوە، بیرکردنەوە لەدەرەوەی میتۆد دا خورافەیە، ڕیزکردنی قسە و سەرنجی ڕۆژانەی ڕاگوزەر و بێقووڵاییە و تەواو.

بێگومان چۆنیەتی بەکارهێنانی هەر میتۆدێک لە میتۆدەکان وابەستەی توانا و سەلیقە و هێزی داهێنەرانەی ئەو کەسەیە کە کاریانپێدەکات. هەر بیریارەو پێدراوە میتۆدیەکان بە شێوەیەکی جیاواز لەویدی بەکاردەهێنێت، پیادەکردنی میتۆدێکیش لە کایەی جیاجیادا دەشێت بە دەرەنجامی جیاوازمان بگەیەنێت. ئەوەی گرنگە جەغدی لێکەین ئەو ڕاستییەیە کە هیچ ڕۆشنبیرێکی ڕاستەقینە میتۆد تەنها لەبەر خاتری خودی میتۆدەکە بەکارناهێنێت، کەس نایەت بە میتۆدێک لە میتۆدەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا کاربکات لەبەر خاتری زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا خۆی، یان چەمکێک لە سۆسیۆلۆژێکەوە وەرگرێت لەبەر خاتری سۆسیۆلۆژیا، بەپێچەوانەوە تۆ وەک ڕۆشنبیر لەبەردەم جیهان و کۆمەڵگا و دیاردەکاندا وەستاویت و دەخوازیت لێیان تێبگەیت و ڕاڤەیانبکەیت و دواتریش لە چوارچێوەی ئەو ئیمکاناتە مێژووییانەدا کە لەئارادان بیانگۆڕیت. واتە کەس نایەت میتۆدێک، تێزێک یان تیورەیەکی تایبەت لە زانستێکەوە قەرزبکات تەنها بە مەبەستی پراکتیککردنیان و بەس، پەنابردنە بەر میتۆد و تێز و تیورەکان هەوڵدانە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی جیهان و دوای ئەمانەش داڕشتنی پلان بۆ گۆڕانی. بەبێ ناسینی جیهان ناتوانین بیگۆڕین، بۆ ئەوەی بیشیناسین دەبێت بتوانین لێیتێبگەین و بۆ تێگەیشتنیش کاری فیکری مەنهەجیمان پێویستە.

سەبارەت بە مەنهەجی کارکردنی هەر لێکۆڵەرەوەیەکی ڕاستەقینەش دەمەوێت لەو ڕاستییەوە دەستپێبکەم کە هەموو لێکۆڵەرەوەیەکی شێلگیر بەردەوام لە قۆناغی فێربووندایە و بەردەوام لە خەمی بەرفراوانکردنی ئاسۆکانی بیر و بۆچوون و دید و میتۆد و خەیاڵی مەعریفی و ئەدەبی و هونەری خۆیدایە. ئەو

ڕۆشنبیرەی پێیوایە بەتەنها میتۆد و تیورە و چەمکێک دەتوانێت یارمەتی بدات لە جیهان و دیاردەکانی ئەم دنیایە تێبگات و پێویستی بەفێربوون و تازەبوونەوە نییە بەهەڵەیەکی گەورەدا چووە. جیهان هەمیشە ئاڵۆز و پڕ گۆڕانکاری لەسەرخۆ و لەپڕ و ناوەختە، بۆئەوەی بتوانین شتەکان ڕیزبکەین و بیانخەینە ژێر ڕکێفی تێگەیشتنی عەقڵییەوە دەبێت ئامرازەکانی بیرکردنەوەمان لەگەڵ گۆڕینی دیاردەکان و ئاڵۆزبوون و تازەبوونەوەیاندا دەسکاری و پەرەپێبدەین. بەڵام زەحمەتە بە وردی ئەو ڕێگایانە دەستنیشانکەین کە پیایاندا تێپەڕیوین و ئێمەیان بەمرۆ و بەو قەناعەتانە گەیاندوە کە هەڵگریانین. زەحمەتە دوای تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵانە و خۆدۆزینەوە لەناوەندی ئەو هەموو ڕووداو و گۆڕانکاریانەدا ئێستاکە بزانین ئێمە بۆچی لە فلان ساتدا فلان بۆچوونمان هەبووە و لە فلان نووسیندا فلان میتۆدو لەفلان بەرخوردا فلان چەمک و وێناکردنی مەعریفییمان بەکارهێناوە. سەرباقی ئەم ڕاستییە و بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی ئێوە هەوڵئەدەم لێرەدا بە گشتی لەو نەخشە فیکری و مەعریفییە بدوێم کە پێموایە لەپشتی ئەو نووسین و تێڕوانین و دەرەنجامانەوەیە کە من تا ئێستا لە نووسینەکانمدا پێیان گەیشتووم.

ئێوە ئەزانن سەردەمانێک هەموومان مارکسی بووین و مارکسیزم ئەو چوارچێوە میتۆدی و تیورییە بوو کە لێیەوە چەمک و شێوازی تەماشکردن و وێنەمان قەرزدەکرد بۆ تێگەیشتن لە خۆمان و لە کۆمەڵگا و لەو جیهانەی تێیدا دەژیاین. لەمێژووی ڕۆشنبیری ئێمەدا مانەوە لەناو مارکسیزمدا و درێژی ئەم قۆناغە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە جیاوازە، نەوەی بەر لە ئێمە بە ژمارە زۆر زیاتر و لە ڕووی زەمەنیشەوە زۆر درێژتر لە ناو جوگرافیا فیکری و میتۆدیەکەی مارکسیزمدا مایەوە و ئێمە زووتر لێیدەربازبووین، واهەستدەکەم نەوەی دوای ئێمە لە مەسافەیەکی مەعریفی و خەیاڵی دوورترەوە لە مارکسیزم دەڕوانێت و لە ئێمە کەمتر مارکسیزم یەکێک لە وێستگە فیکرییەکانیەتی. ئەوەی ئێستا من دڵخۆشدەکات ئەوەیە من لە قۆناغی مارکسیبوونمدا، بە حوکمی کەمی تەمەنم، زۆرم نەنووسی، ئەم دڵخۆشیەشم لەوێوە هاتووە گەرهاتوو بمنووسیایە شتی باشم نە دەنووسی. مارکسیزم لای ئێمە فیکر نەبوو، مەنهەجێک نەبوو بۆ بیرکردنەوە و تێرامان و ڕاڤەکردن،

مـارکسـیـزم دووبارەکـردنەوەیەکی بێـڵـەزەت و دۆگـمـایی کـۆمـەڵێک ووتەزا و گـشـتگیـریی مـێـژوویی و مـژدەی نامـاقـوڵ و دروشـمی سـیـاسی بوو. من لەم قۆناغەدا دوو ووتاری ئەدەبیم نووسیوە کە هەردوکیان خراپن.

لە کـۆتایی هەشـتـاکـانەوە تا سـەردەمـانی ڕاپەڕین من زیاتر بە مـیـتـۆدی «بونیـادگـەری پێکـهـێنەرانـە» کـارم دەکـرد و بەشـێکی زۆری ئەو کـارانەش کـە نووسیمن ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی کولتووری بوون. ئەم شێوازی کارکردنە، کـە بۆ ئەوکـاتەی ڕەخنەی کـوردی شـتـێکی تەواو تازە و نوێ بوو، لـەو کـۆمـەڵە نووسینەدا بەرجەستەن کە من لە دوای ساڵی ١٩٨٧ ەوە لەسەر شێرزاد حەسەن و مـحەمـەد عومـەر عوسـمـان و گۆران و مـەحوی و زەینی نامیتۆدی و مەسـەلەی کەلەپوور و پەیوەندی کەلەپور و تازەگەری نووسیومن. ئەو فەیلەسوف و نووسەر و بیریارانەش کە ڕاستەوخۆ لە پشتی ئەم وەرچەرخانە میتۆدییە تایبەتەوە بوون بریتیبوون لە لوسیان گۆڵدمان، تۆدۆرف و کریستیڤا و دواجاریش ڕۆڵان بارت.

گـەرچی نووسـەرێکی مـارکـسی بوو، بەڵام وازی لـەو هەمـوو دیدە سـتـالینی و جادانۆڤی و بلیخانۆفییە سادە و دۆگماییانە هێنابوو کە ڕەخنەی مارکسییانەی تووشی ئیـفلیجیـەکی گەورە کردبوو.لەناو بونیادگەرەکـاندا گرنگی گـۆڵدمـان لەوەدابوو کــە لە نێــوان تێکست و دەرەوەی تێکســتــدا جـۆرێک پەیوەندی گـریمانـدەکـرد کـە بونیـادگـەرەکـانی دیکە نەیاندەبینی، لای گـۆڵدمـان تێکست جیهانێکی داخـراو و خـودمـوختـار و بێپەیوەندی نەبوو، تێکست سـەرزەمـینێکی کـراوەبوو بـەڕووی دەرەوەی خـۆی و کـۆی ئەو پێدراوە مـێـژوویی و سـیـاسـیی و کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکیانەی لەدەروەی تێکستەکاندا ئامادەیە.

بە نیـسـبـەت منەوە وەرچەرخـان لە مـارکـسـیـزمـەوە بەرەو بونیـادگـەری چەند دەرەنجـامی گـۆڕانکاری و پێـداویسـتـیـیـەکی مـەعـریفی و مـیـتـۆدی بوو، بەهەمـانئەندازەش دەرەنجامی پێداویستییەکی دەرونی و ڕۆحی بوو. ڕاسـتە من ورده ورده دەرکم بەوە دەکرد کـە مـارکسـیـزم لە ڕووی مـیـتـۆدی و مـەعریفییـەوە دەرهـقـەتی خـوێندنەوەی زۆر ڕەهـەندی واقیـعی ئێـمـە نایەت و فـیکری بەشـەری لە مـارکس و مـارکـسـیـزمـدا کـۆتایی پێنەهاتووە، بەڵام لەودیوی ئەم دەرککردنە مـەعـریفـیـیـەوە هـەلومـەرجـێکی حـەیاتیش ئـامـادەبوو کـە ئەم گـۆڕانـەی خـێـراتر و پێویستتر و هـەمـەلایەنەتر دەکرد.

له ناوەڕاستی هەشتاکانەوە من سەرقاڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بووم: بۆچی واقیعی ئێمە توانای گۆڕانی ڕاستەقینەی کەمە و هۆی چییە ئەو خەونی گۆڕانانەی ئێمە هەمانە و دوای ئەو مێژووە درێژەی قوربانیدان بە هیچ دەرەنجامێکی ڕاستەقینە و ڕازیکەر نەگەیشتوە و لەباتی سیستمێک ئازادی و بەختەوەریامن بداتێ بەعسیزم و سیستمە تۆتالیتێرەکەی باڵادەستە؟ واتە ئەو پرسیارەی من لەخۆمم دەکرد و بەدوای وەڵامدانەوەیدا دەگەڕام پرسیاربوو دەربارەی ئەو بەربەستانەی کە نەیاندەهێشت وناهێڵن پرۆژە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و فەرهەنگییەکان لە دنیای ئێمەدا بە ئەنجامێکی دڵخۆشکەربگەن و ببنە هۆی زیادبوونی بڕی بەختەوەری و ئازادی ئینسانی ئێمە لە جیهاندا. ئەم پرسیارە بەهیچ مانایەک پرسیارێکی مارکسییانە نەبوو، لانیکەم لەوکاتەدا و بەپێی تێگەیشتنی من بۆ مارکسیزم. ئەم پرسیارە پرسیارێک بوو لەودیوی مارکسیزمەوە، پرسیارێک بوو لە تێکشاکان و بوونبەستی مێژووییەوە دەستیپێدەکرد نەک لە هیواو ئامانج و مژدەوە. بە نیسبەت نەوەی ئێمەوە پرسیاری سەرەکی مارکسیزم ئەوەبوو چۆن دنیا بگۆڕین؟ کتێبی (چی بکەین؟)ی لینین، کە ئینجیلی زۆربەی مارکسییەکانی نەوەی من بوو، کتێبێک بوو کاریگەرییەکی لە ڕادەبەدەری لەسەر نەوەی ئێمە و تێگەیشێنی ئەم نەوەیە بۆ مارکسیزم بەجێهێشت. بەڵام تەواو بە پێچەوانەی ئەو پرسیارە لینینیەوە ئەو پرسیارەی لەو ساڵانەدا لای من دروستبووبوو ئەوەبوو: بۆچی دنیای ئێمە ناگۆڕێت؟ لەگەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا من بەو دەرەنجامە گەیشتم کە ئێمە لەباتی تیورەیەک بۆ گۆڕان پێویستمان بە تیورەیەکە سەبارەت بە نەگۆڕان، لەباتی ئەوەی سەرخۆشی کۆمەڵێک مژدە بین بۆ گەیشتن بە جیهانێکی دیکە، پێویستمان بە فیکرێکە پێمانبڵێت ئەو ڕێگرە بونیادیانە چین کە ناهێڵن ئەو جیهانەی تێیدا دەژین گۆڕانی ڕاستەقینەی تێدا دروستبێت. لێرە بەدوا من پێمـوابوو لەباتی گەڕانەوە بۆ ماتریالیزمی دیالەکتیک، کە بە بۆچوونی من جۆرێکی تایبەتی سۆسیۆلۆژیایە بۆ ئومێد، دەبێت بەدوای میتۆدی دیکەدا بگەڕێین کە بەهۆیەوە بشێت لە نهێنی نەگۆڕان و چەقبەستن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دنیای کۆن لەئێستادا و بەردەوامی تەقلیدیەت لە ناو تازەگەریدا بگەین. من وام هەستدەکرد لەباتی سۆسیۆلۆژیایەک بۆ ئومێد

پێویستمان بە سۆسیۆلۆژیایەکە بۆ نائومێدبوون، لە فیکرێکەوە ئومێدەوارمان بکات دەبێ بگوتێزینەوە بۆ فیکرێک نیشانیدات ئێمە بۆ نائومێدین. لەو ڕۆژانەدا من تەواو لەو باوەڕەدابووم لەباتی مژدەبەخشین پێویستمان بە ناسینێکی ورد و قووڵی ئەو جەبر و زەبر و هێزی جێگیربوون و نەگۆڕانەیە کە لە بونیادی کۆمەڵایەتی و عەقڵی و ڕۆشنبیری ئێمەدا پەنهانە و بە نادیاری ماوەنەتەوە. ئەم گۆڕانەبوو وای لەمن کرد هەستبکەم لەباتی ماتریالیزمی دیالەکتیک و فەلسەفەیەک بۆ گۆڕان پێویستمان بە فەلسەفەیەک بێت بۆ تێگەیشتن لە پراکتیک، بۆ تێگەیشتن لە ڕوودان و ڕوونەدانی ڕووداوەکان و دیتن و ناسینی هەموو ئەو جەبرە بونیادیانەی لێناگەڕێن مژدەکانی مارکسیزم و چاوەڕوانییەکانی ئێمە لەو مژدانە پیادەبن. هەموو ئەم مەسەلانە بەسەریەکەوە وای لەمن کرد بەدوای میتۆدیەتێکدا بگەڕێم کە بتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئەو بونیادە ئاڵۆزانەی کە لەپشت کار و کردەوەی بکەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە ئامادەن و کە ناهێڵن و لێناگەڕێن گۆڕانە قووڵ و ڕیشەییەکان لەدایکبن.

بەکورتی لە نیوەی دووهەمی هەشتاکاندا من پێموابوو ئێمە پێویستمان بە تیورەیەکە لە دیدێکی ئەبستراکتەوە بۆ مێژوو و مژدەی مێژووییەوە دەستپێنەکات بەڵکو لە پراکتیکی ئینسانەکانەوە لەناو جیهاندا و لە ناسینی ئەو بەربەستە بونیادیانەوە دەستپێبکات کە ڕێ لە گۆڕان و ژێروژووربوونە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکان دەگرێت. بەم وەرچەرخانەش سەرەتای ماڵئاوایکردنی من بوو لە مارکسیزم. لێرەبەدوا پرسیارەکانی من بوون بە پرسیارکردن سەبارەت بە خوێندنەوە و ناسینی ئەو بونیادانەی لێناگەڕێن ئنیسان وەک بکەرێک مێژوو بگۆڕێت و دەستکاریەکی قووڵ و ڕاستەقینەی ئەو دنیا و دەروبەر و کۆمەڵگایە بکات کە لەناویدا دەژی. ناسین و خوێندنەوەی جەبری بونیادەکان و تێگەیشتن لە توانای دژایەتیکردنی ئەم بونیادانە بۆگۆڕان هەنگاوی یەکەمی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بوو کە دەیپرسی دنیا بۆ ناگۆڕێت. ئەم هەنگاوە بوو منی بەرەو بوونیادگەری برد، بەرەو قوتابخانەیەکی فیکری کە عەوداڵی دۆزینەوەی بەربەستە بوونیادەکانی ناو جیهانی ئێمە بوو.

لەڕاستیدا ئەم گۆڕانە لە جۆری پرسیارکردندا، تا ئەوشوێنەی پەیوەندی بەمنەوە

هەبێت، لە هەمانکاتدا پەیوەندی بە ژیانی شەخسیشمەوە هەبوو. من لەو ڕۆژگارەدا سەربازبووم لەناو لەشکری گەورە و زەبەلاحی سیستمی تۆتالیتێری عێراقیدا. عێراق خۆشی بریتیبوو لە سەربازگەیەکی گەورە و مۆدێلی بەعس بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا مۆدێلیک بوو تێیدا کۆمەڵگا لەسەر وێنەی سەربازگەیەکی گەورە بنیاددەنرا. کۆمەڵگای عێراقی لە هەشتاکاندا سەربازگەیەکی گەورەبوو وە لۆژیکی کۆمەڵایەتی و فانتازیای سەربازگە ئەم کۆمەڵگایەی بەڕێوەدەبرد. کارەسات لەوەدابوو بەعس هێز و توانای تەواوی پیادەکردنی ئەم مۆدێلەی هەبوو، هەموو بەرگرییەکیش لە بەرامبەریدا لە دەریایەک خوێن و چەندان گۆڕستان لە شەهید و قوربانیدا نووقمدەبوو. هەمووومان لەو سەربازگە گەورەیەدا کە ناوی کۆمەڵگای عێراقی بوو بوونەوەرێکی بینراوبووین و دەوڵەت لەهەموو کۆڵان و جادە و شەقامێکدا چەندان دەزگای دیسپلینکردن و چاودێری و سزادانی هەبوو. لەپاڵ ترسدا پرۆسەی بە شانۆیککردنی مەرگ و گواستنەوەی جیهانی ناو زیندانە تاریکەکان بۆسەر شەقامەکان لەئارادابوو، بەعس لە خەیاڵی هەریەکێکماندا هەموو خانو و ژێرزەمینێکی چۆڵی گوڕیبووە سەر زیندانێکی واقیعی یان خەیاڵی، چەندان جۆر تاوانی تازەی داهێنابوو، سیستمێک لە ڕەمز و سومبولی خولقاندبوو کە توندوتیژی و مەرگییان لێدەباری، دەسکارییەکی تەواوی پێکهات و بونیادی خێزانی کردبوو وە جیهانە پۆلیسی و ئایدیۆلۆژییەکەی خۆی لەناو دەزگا ئیستیخباراتییەکانیەوە بۆناو خێزان گواستبۆوە. بەعس سیستمێک بوو لەناو شتە بچووکەکانی ژیانی ڕۆژانەدا ئامادەبوو، لەناو شێوازی جل و بەرگی منداڵان و لاواندا، لەناو یاریگە و گۆرانی و گۆڕەپانەکاندا، هەم لە تەعزیەکان و هەم لە ئاهەنگەکاندا. تەواو وەک سەربازگە، لەهەموو شوێنێکدا هەستت بە فەزای دیسپلین و کۆنترۆڵ و چاودێری دەکرد. ئەزموونی ژیان لەناو سیستمێکی تۆتالیتاریانەی لەو بابەتەدا سەرچاوەیەکی گرنگی کردنی ئەو جۆرە پرسیارە تازانەبوو کە لەسەرەوە هێمام پێکردن. وەک دەبینن گۆڕانی پرسیارەکان و ماڵئاوایی لە مارکسیزم و کارکردن بە میتۆدی بونیادگەری لەم ئاستەدا دەرەنجامی گۆڕانی ئەو هەلومەرجە ڕۆحی و سایکۆلۆژی و مەعنەوییانە بوو کە ژیانی ئێمەی گەمارۆ دابوو، بۆیە هەموو ئەوانەی کە بەردەوام باس لەوە دەکەن گوایە بونیادگەری فۆتۆکۆپی و

لاسایکردنەوەی عەرەبەکان و جوینەوەی فیکری رۆژئاوایە، جگە لە نیشاندانی بە سەهوداچوونێکی گەورە و شەوکوێرییەکی مەعریفی و کولتووری و رەمزی ترسناک هیچی دیکە بە ئێمە نالێن.
سەرەرای ئەو خالانەی سەرەوە مەسەلەی خوێندنەوەی قوتابخانە فیکری و ئەدەبی و رەخنەییەکانی دیکە، خوێندنەوەی رۆلان بارت، لیڤی ستراوس، فرۆید، سارتەر و بەشێکی گرنگی فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفورت و دواجاریش فۆکۆ سەر بەم قۆناغە تایبەتەی گەشەکردنی فیکری خۆم و هەندێک لە هاورێکانمن.
بەلام ئەم قۆناغە زۆر درێژەی نەخایاند و راپەرین سەرلەبەری شتەکانی لە رەگ و ریشەوە گۆری و وەرچەرخانێکی گەورەی لە مێژووی ئێمەدا بەرپاکرد. راپەرین لەپرێکدا ئێمەی خستە ناو دنیایەکەوە تەواو جیاواز لە دنیای بەر لە راپەرین. عێراق، ئەو ئامێرە سیاسییە کوشندەیە و ئەو سیستمە تۆتالیتێرە دڕندەیە، لەبەرچاومان پارچە پارچە لەبەریەک هەڵدەوەشایە و ئێمەش رۆژ دوای رۆژ دەکەوتینە ناو دنیایەکەوە جیاوازتر لە هەموو ئەو دنیایەی لە منالیمانەوە لەناویدا گەورەبووبین و ترسابووین و ئومێدەوار و نائومێد بووبووین. من لە رۆژانی راپەریندا بەردەوام هەستمدەکرد ئەمرۆم ئازادترە لە دوێنێم و دوێنێشم لە پێرێم. سەیربوو، بەدرێژایی ئەو چەند هەفتەیەی راپەرین بەردەوام هەستمدەکرد کە پانتایی ئازادی بەتێپەرینی کات تادێت زیاتر و زیاتر دەبێت، تادەهات زیاتر هەستم دەکرد لە شارێکدا ئەژیم هەر رۆژەی نهێنییەک لە نهێنییەکانی تۆتالیتاریزمی تێیدا ئاشکرادەبێت و بەم ئاشکرابوونەش دەلاقە و پەنجەرەی نوێ لەسەر ئازادی و بەختەوەری دەکرێتەوە. سپێدەی راپەرین سومبولەکانی سەرکوتکردن و ترساندن دەبوونە سومبولی ئازادبوون، سەیارەکانی پۆلیس و موسەلەحەی هێزە تایبەتەکانی رژێم بەدستی گەنجانی راپەریو سەرگەرمەوە بوون و سرود و گۆرانی سەرکەوتنیان تیا دەگوترا، زیندانەکان دەشکان و مرۆڤ لە نزیکەوە ئەو جیهانە تاریکەی دەبنینی کە بەعس لە پشتی دیوارەکانەوە دروستیکردبوو. وەک خۆشتان ئاگاداران ئێمە لەو هەلومەرجە مێژووییە دەگمەنەدا گۆڤاری (ئازادی )مان دەرکرد. وابزانم گۆڤاری ( ئازادی ) یەکەمین گۆڤاری سەردەمی راپەرینە. من لە دوو ژمارەی

یەکەمی ئەو گۆڤارەدا دوو ووتارم بڵاوکردەوە، یەکێکیان لەو پەیوەندییە ئیشکالی و ئاڵۆزە ئەدوێت کە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵایەتی لە واقیعی ئێمەدا بەیەکدیەوە دەبەستێتەوە، دووهەمیشیان خوێندنەوەیەک بوو بۆ ئەو بونیادە ئاینییەی کە لەپشتی دەرکەوتە ڕۆژانەییەکانی ڕۆشنبیری ئێمەوەیە. لە ووتاری یەکەمیاندا قسەم لە کێشەیەکی سۆسیۆلۆژی دەکرد، لە دووهەمیاندا لە کۆمەڵێک کێشەی بونیادیانەی کولتووری ئەدوام. من لەو ڕۆژگارەدا لە هەوڵی دروستکردنی میتۆدیەتێکی تایبەتدا بووم کە لەدەرەوەی گریمانە مارکسییەکاندا بدوێت و لە دەرەوەی بنەما تیۆرییەکانی بونیادگەریشدا بیربکاتەوە. ئەو نووسینانەی من تا قۆناغی ( ئازادی ) نووسیومن تێکەڵێکن لە بونیادگەری، لە چاپە گۆڵدمانییەکەیدا، لەگەڵ ڕەخنەی ئەبستمۆلۆژی لە عەقڵ و جۆرێک لە مێژوو گەرایی.

بەڵام لەدوای چوونمەوە بۆ ئەوروپا، لە ساڵی ١٩٩٢، و لەدوای فێربوونی زمانی هۆڵەندی و ئینگلیزییەوە و دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ لە ساڵی ١٩٩٧دا لە ئەمستەرادام، کۆمەڵێک گۆڕانکاری میتۆدیانەی دیکە هاتنەپێشەوە کە هەوڵئەدەم لێرەدا بە کورتی لە ڕووکارە هەرە گرنگەکانیان بدوێم.

لە هۆڵەندا من لە زانکۆیەکدا دەمخوێند کە هەر مامۆستایەک و هەڵگری فەلسەفە و بیروبۆچوون و میتۆدێکی تایبەت بوو. لەپاڵ خوێندنی زانستی سیاسیدا، وەک بەشی سەرەکی خوێندنەکەم، کۆمەڵێک کۆرسی تایبەتم لەسەر ئەنسرۆپۆلۆژیای ئاینی و مێژووی ناسیۆنالیزم و فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵگای فرە کولتووریش کرد. ئەم کایە زانستیانەش هەریەکێکیان لە دیدێکی تایبەتەوە دەڕوانێتە جیهان و ئینسان و دیاردەکان. بۆ نموونە، زانستی سیاسی، بەشی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان، لەڕووی میتۆدییەوە سێ ئاستی تایبەتی دیاردەیەک لەیەکدی جیادەکاتەوە. یەکەمیان ئاستی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگایە، دووهەمیان ئاستی ناوچەییە، واتە ئەو هەلومەرجە ناوچەییەی کە دەوڵەتێک و کۆمەڵگایەک خۆی لەناودا دەبینێتەوە، سێهەمیشیان ئاستی سیستمی نێودەوڵەتییە، کە وەک چەترێک بەسەر سەری کۆمەڵگا و دەوڵەت و هێزە لۆکاڵی و ناوچەییەکانەوە ئامادەیە. ئەم میتۆدە میتۆدی باڵادەستی زانستی سیاسیە و بۆ قسەکردن لەسەر هەر دیاردەیەک پێویستت بە

لێکجیاکردنەوە و نیشتەجێکردنی ئەو دیاردەیەیە لەنێو ئەو سێ ئاستە مەنهەجییە جیاوازانەدا. بەڵام لە چوارچێوەی ئەم میتۆدەدا چەندان تێز و تیورەی جیاواز و دژ بەیەک لە ئارادان کە هەریەکێکیان وێنەیەکی جیاوازی سەبارەت بە دەوڵەت و کۆمەڵگا و پێکهاتە ناوچەییەکان و سیستمی نێودەوڵەتی هەیە.

لە ئەنترۆپۆلۆژیای ئاینییەوە من شتێکی تەواو جیاواز فێربووم، شتێک تەواو پێچەوانەی ئەو میتۆدە گشتییەی زانستی سیاسی کاری پێدەکات. لە ئەنترۆپۆلۆژیاوە ئەوە فێربووم کە تەماشای سیاقە کۆمەڵایەتییە هەرە ڕۆژانەییەکان بکەم و لەو پەیوەندییە ئاڵۆزانە ڕامێنم کە ئینسان لەناو سیاقە تایبەتەکاندا دروستیاندەکات. ئەنترۆپۆلۆژیا فێری ئەوەی کردم کە لە کێشە سیاقییە کۆنکریتییەکان ڕامێنم و لەو ڕاستییە تێبگەم کە بەپێی گۆڕانی سیاق هەموو ماناکان دەگۆڕێن و نەک تەنها سیاقەکان لەیەکدی جیاوازن بەڵکو هەمان کەس لە هەمان سیاقدا، بەڵام لە دوو ساتەوەختی جیاوازدا، لەسەر هەمان دیاردە دەشێت دوو ڕای جیاوازی هەبێت. ئەو مەسەلەیەی میتۆدی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێوەی خەریکە سیاقە گەورە و بەرفراوانەکانی ڕێکخستنی جیهانە، بەڵام ئەنترۆپۆلۆژیا خەریکی ڕێکخستن و تێگەیشتنی سیاقە ڕۆژانەیی و بچووکەکانی ژیانی ئینسانە. لە کاتێکدا میتۆدی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان لە سەرەوەڕا و لە ئاستی سیستمی نێودەوڵەتییەوە تەماشای دیاردەکان دەکات و کە داشدەبەزێتە ئاستی خوێندنەوەی کۆمەڵگاوە، کۆمەڵگا وەک گشتێک تەماشادەکات و وردی ناکاتەوە بۆ ئەو هەموو پراکتیکە ڕۆژانەییانەی ئەنترۆپۆلۆژەکان پێوەی خەریکن، کەچی ئەنترۆپۆژیا لە خوارەوەڕا لە سیاقەکان دەڕوانێت و کۆمەڵگا بۆ دەیان و سەدەها سیاقی جیاواز کە تیایاندا مانا و دەلالەت و دیدی فرەچەشن بۆ شتەکان بەرهەمدەهێنرێت، وردەکاتەوە. وەک دەبینن ئەم دوو دیدە میتۆدییە زۆر لێکجیاوازن و دو عادەتی تایبەت و جیاوازی بیرکردنەوەش دەخولقێنن.

ئەم هەموو گۆڕانکاریانە بەسەریەکەوە بوونە هۆی ئەوەی من لەکاتی نووسیندا هەمیشە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی دیکە و لە میتۆدیەتێکەوە بۆ ئەویدیکەیان خوێندنەوە و لێکدانەوەکانم بگوازمەوە. بەڵام لە هەموو گواستنەوەیەکدا

هەوڵێکی تەواوی پێکەوەگرێدانێکی لۆژیکی پێدراوە میتۆدییەکان دەدەم.
لە دەروەی خوێندنی ئەکادیمیشدا من لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە خەریکی خوێندنەوەی فیکری نوێی عەرەبی و لەئێستاشدا بەشێکی دیاریکراوی فیکری نوێی ئەوروپی و ئەمریکیم. فۆکۆ یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی بەردەوام هەوڵئەدەم ئەو شتانەی لەسەری دەنوسرێت بخوێنمەوە. بەبۆچوونی من ئەم فەیلەسوفە یەکێکە لە عەقڵە هەرە گەورەکانی سەدەی بیستەم، بەبێ ئەم فەیلەسوفە زەحمەتە لە بەشێکی گرنگی کارەکتەری جیهانی هاوچەرخ بگەین و جیهان لە دوای کتێبەکانی فۆکۆ جیهانی بەر لە کتێبەکانی ئەو نین. ئەوەی بەلای منەوە لە فیکری فۆکۆد گرنگە دوو شتە:
یەکەمیان: ڕۆحە ڕەخنەییە بێئامانەکەی ئەم فەیلەسوفەیە، کە یەکێکی وەک فەیلەسوفی ئەمریکی ( ریچارد ڕۆتی ) والێکردوە دەربارەی ئەو بڵێت: "بەبێ ڕۆحە ڕەخنەییەکیە میشێل فۆکۆ ئێمە بەشێکی گەورەی ئەو مەترسیانەمان نەدەبینی کە لەناو کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ئامادەن".
دووهەمیان: ئاوەژووکردنەوەی بەشێکی زۆری ئەو گریمان فیکرییانەیە کە تا ساتەوەختی ئەو باو و بوون و خەڵک باوەڕی خۆیانیان پێبەخشیوە. بۆ نموونە، بەشێکی زۆری فەیلەسوفان و زانا کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکان پێیانوابوو کە مێژووی سێکس مێژووی چەپاندن و سەرکەوتکردنی غەریزەیە، لەپێش هەمووانیشەوە فرۆید کە تاڕادەیەکی زۆر داهێنەر و سەپێنەری ئەم تێزەیە. بەڵام فۆکۆ هاتوو ئەم تێزەی پێچەوانەکردەوە و سەلماندی کە مێژووی سێکس مێژووی چەپاندن و داپڵۆسین نییە، بەڵکو مێژووی قسەلەسەرکردن و ڕێکخستن و بە گوتارکردنی سێکسە. سێکس لەم خوێندنەوە فۆکۆییەدا بابەتێکی یاساغکراو نییە، بەڵکو بابەتێکە بەردەوام قسەی لەسەرکراوە و بیری لێکراوەتەوە و لە خەیاڵ و عەقڵی کۆمەڵایەتیدا ئامادەبووە. نموونەیەکی دیکەی ئەم تەرزی بریکردنەوەیە لای فۆکۆ بۆچوونەکانی فۆکۆیە سەبارەت بە دەسەڵات. تا سەردەمانی فۆکۆ هەرکەسێک کە هاتووە و باسی دەسەڵاتی کردوە ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی وەک هێزێکی چەپێنەر و تێکدەر و چەوسێنەر وێناکردوە، دەسەڵات وەک شتێک کە نێگەتیڤە و کاری نەهیکردن و نا گوتنە. فۆکۆ ئەم تێزەشی پێچەوانەکردەوە و گووتی دەسەڵات چەوسێنەر و چەپێنەر و خراپ نییە، بەڵکو

دیاردەیەکی پۆزەتیڤ و بەرهەمهێنە، دەسەڵات نەک تەنها مەعریفە بەرهەمدەهێنێت، بەڵکو شێوازە جیاوازەکانی خود و ئارەزوو و تاکایەتیش، الزاتیە، بەرهەمدەهێنێت. دواهەمین نموونەشم لەسە ئەم شێوازە تایبەتەی بیرکردنەوەی فۆکۆییانە مەسەلەی مەعریفە و تێڕوانینی فۆکۆیە بۆ مەعریفە. تا سەردەمانی فۆکۆ مەعریفە بەردەوام وەک ڕاستییەکی بابەتی، وەک هەقیقەت و وەک شتێک کە لەدەرەوەی دەسەڵات و ویست و ئیرادەیەکی تایبەتدا دەبینرا، ئەو هات و لەناو خودی زانست و مەعریفەدا چەندان میکانیزمی تایبەتی کارکردنی دەسەڵاتی دۆزیەوە و ئەو بێگوناهیەی لە مەعریفە سەندەوە کە پێشتر پێیبەخشرابوو.

من لە فۆکۆوە ئەم ڕۆحیەتە ڕەخنەییە تایبەتە و ئەم ڕازینەبوونە میتۆدییە بە ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و خوێندنەوە باوەکان فێربووم. ئەو دنیایەی لای فۆکۆ ئامادەیە زۆر ئاڵۆزترە لەو دنیایەی لای فرۆید و مارکس ئامادیە، ئەم ئاڵۆزیەشە وادەکات ناچاربین واز لەو پێناس و تێگەیشتنە کۆنانە بهێنین کە جیهانیان لە سادەییدا بۆ لێکداوینەتەوە. فۆکۆ بەتەواوی لەدەرەوەی فەلسەفەی جەوهەر و مژدە و غایەتگەرایی مێژوودا بیریدەکردەوە و لەو دیاردانە ڕادەما کە تا سەردەمانی ئەو بابەتی خوێندنەوەی فەلسەفی نەبوون.

گەر سەرنجتاندابێت دەبینن تا ڕادەیەک لە نوسینەکانی منیشدا ئەم ڕۆحیەتە فۆکۆییە ئامادەیە، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیران و سیاسییەکانی ئێمە قسە لە یەکگرتن و گرنگی یەکگرتن دەکەن لە مێژووی ئێمەدا، من باس لە گرنگی جیاوازی و گوتاری جیاوازی دەکەم و دەمەوێت ئەو ڕاستییە نیشانبدەم کە یەکگرتن وەهمێکی سیاسی و کولتووری و فیکرییە و گەر بمانەوێت پێکەوە کاربکەین دەبێت جیاوازییەکانی یەکدی بسەلمێنین، نەک بڕیاری ئەوەبدەین لەیەکبچین. یاخود لەکاتێکدا زۆربەی نووسەران و سیاسییەکانی ئێمە بەردەوام قسە لەوەدەکەن کە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی ئیسلامییە و ئیسلام مۆتۆڕی ئەخلاقی و فیکری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێمە، من باسم لەو ڕاستییە دەکەم کە ئیسلام مۆتۆڕی گۆڕانەکان نییە و واقیعی ئێمە زیاد لە سەدەیەکە لەناو چوارچێوە گشتییەکانی مۆدێرنەدا نیشتەجێیە و خودی ئیسلام خۆشی لەم سیاقی ئامادەبوونی مۆدێرنەدا گۆڕانی گەورە گەورەی بەسەرداهاتووە.

نموونەیەکی دیکەی ئەم شێوازی کارکردنە چۆنیەتی قسەکردنە لەسەر شەڕی ناوخۆ. لەکاتێکدا زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئێمە شەڕی ناوخۆی لە کوردستاندا بە شەڕی براکوژی لە قەڵەم ئەدەن، من لە نووسینێکمدا بنەما سیاسی و مەعریفییەکانی ئەم ناونانەم شیکردۆتەوە و ئەو میکانیزمانەم نیشنداوە کە وایکردوە ئەم دوژمنایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیە کوشندەیە بە کێشەی نێوان براکان لەقەڵەمبدرێت. وەک دەبینن کاریگەری فۆکۆ لێرەدا کاریگەرییەک نییە خۆی لە فۆتۆکۆپیکردنی تێزەکانی فۆکۆدا بینیبێتەوە، وەک زۆرکەس بێویژدانانە من بەم گواستنەوەیە تاوانباردەکەن، ئەوەندی ئەم کاریگەرییە مەسەلەیەکە لە ئاستی خەیاڵی مەعریفیدا ئامادەیە و پەیوەندی بەشێوازی کارکردن و بیرکردنەوە و تێڕامانەوە هەیە. بێگومان هەندێک لە تێزەکانی فۆکۆ دەربارەی مەترسییە ناوەکییەکانی مۆدێرنە و سرتراتیژەکانی دیسپلین و تەکنیکەکانی کۆنترۆڵ و تێزە تازەکانی دەربارەی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و مەعریفە، لەزۆر ڕووەوە یارمەتیدەرێکی گەورەبوون بۆ تێگەیشتن لەهەندێک دەرکەوت و میکانیزمی کارکردنی دەسەڵات و شکڵنەبی مەعریفە لە کوردستان و لە ئەزموونی بەعس لە عێراقدا. ئەمرۆ لەدنیادا کەم کەس هەیە خۆی بە کێشە گەورەکانی جیهانەوە خەریکبکات و ئاوڕێک لە فیکری ئەم فەیلەسوفە گەورەیە نەداتەوە، لەم ڕووەوە فۆکۆ یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە بە سەدان ڕۆشنبیر لە بەشە جیاجیاکانی دنیادا سودیان لە دەرەنجامە فیکرییەکانی وەرگرتووە و بۆ خوێندنەوەی واقعێک جیاواز لەو واقیعەی فۆکۆ کاری لەسەرکردوە. فۆکۆ وێستگەیەکی گرنگی فیکری هاوچەرخە و ئەمرۆ لە دنیادا زانکۆیەکی گرنگ نادۆزینەوە کۆرسی تایبەتی دەربارەی فیکری ئەم فەیلەسوفە تیانەبێت و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەم فیکرەی تێدا شینەکرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی تائێستا و بەشێوەیەکی بەردەوام ڕۆژانە کتێبی نوێ لەسەر ڕەهەندە جیاجیاکانی فیکری ئەم فەیلەسوفە دەردەچێت و تێز و تێڕوانین و میتۆدی کارکردنەکانی بۆناو کایە مەعریفییەکانی دیکە دەگوازرێنەوە. ئەوە تەنها لە ناوەندە ڕۆشنبیرییە نەخۆشەکەی ئێمەدایە خوێندەواری نومرە سێ و نومرە چوار ئەو مافە بەخۆی ئەدات بانگێشەی مەرگی فیکریی ئەم فیلەسوفە بکات و باس لەوەبکات ئەم ڕۆحە ڕەخنەیی و مەنهەجییە

به کەڵکی کورد نایەت و نابێت مێشکی نەوە نوێکانی پێ تێکبدرێت.
جگە لە فۆکۆ ناسینی کۆمەڵێک نووسەری دیکە ڕۆڵێکی هێجگار گرنگیان لە تێڕوانینی ئێستای مندا بینیوە، ڕەنگە لەهەمووویان گرنگتر زیگمۆند باومان بێت. ئەم پیاوە لە ئێستادا وەک یەکێک لە سۆسیۆلۆژە هەرە گرنگ و هەرە بەناوبانگەکانی جیهان ناسراوە. بە باوەڕی باومان جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکی تەواو جیاوازە لە جیهانی سەدەیەک لەمەوبەرو بۆ تێگەیشتنیش لەم جیهانە ناچارین تێز و تیورە و چەمکی تازە داهێنین و سەرلەبەری زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان نوێکەینەوە. بەباوەڕی باومان چەمک و تێز و تیورە کۆنەکان چیدی دادمان نادەن و ناتوانن نهێنییەکانی ئەم جیهانە تازەیەمان بۆ ڕوونکەنەوە. باومان یەکێکە لەو بیریار گرنگانەی لەنێوان پرۆژەی مۆدێرنە و جەنگ و جینۆساید و کارەساتە ژینگەییە گەورەکاندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئۆرگانی و گرنگ دەبینێت. من دوای ئەوەی کتێبی (هۆڵۆکۆست و مۆدێرنە) ی ئەم نووسەرەم خوێندەوە هەستمکرد جیهان چیدی ئەو جیهانە نییە کە من بەر لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە ناسیومە، ئەو کتێبە یەکێک لە گرنگترین ئەو کتێبانەیە کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا نووسراوە و لەکاتی خۆیدا خەڵاتی باشترین کتێبی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ساڵەی وەرگرتوە کە تێیدا چاپکراوە.
وەک دواهەمین خاڵیش دەمەوێت قسە لە کۆی ئەو خوێندنەوانەی دیکە بکەم دەربارەی کۆمەڵگای فرە کولتووری و مەسەلەی شووناسی تاکەکەسی و کۆیی".
ئەمڕۆ موناقەشەیەکی هێجگار بەپێز و قووڵ و هەمەلایەن لە ئەوروپا و ئەمریکادا لەسەر کۆمەڵگای فرە کولتووری و مەسەلەی شووناس لەئارادایە. مەبەست لە کۆمەڵگای فرە کولتووریی ئەو کۆمەڵگایەیە کە زیاد لە گروهێکی ئەتنی و ئاینی و کولتووریان تێدایە و ئەندامانی ئەم گروهانەش خوازیاری ئەوەن پارێزگاری لەو کولتوورە تایبەتە بکەن کە بە کولتووری خۆیانی دەزانن و هەوڵی ئەوەش ئەدەن وەک بەشێک لە شوناسی تایبەتەی خۆیان بیپارێزن و لەژیانی ڕۆژانەیاندا هەندێک لە دەرکەوتەکانی پیادەبکەن، هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەیەکی لیبرال و دەستوریی کراوەدا کە ڕێگربێت لەوەی ئەم کولتوورە ئەتنی و ئاینییە بچووکانە لەگەڵ کولتوور و ئەتنیەتی باڵادەستدا تووشی کێشە و پێکدادان و سیاسەتی

هەڵاوردن بن. باشترین نموونەیەک بۆ پیشاندانی ئەم مەسەلەیە پەیوەندی نێوان کۆچبەرانی خاوەن کولتووری جیاواز و خەڵکی ئەو وڵاتانەن کە کۆچیان بۆ کردون. ئەم پەیوەندییە زۆرجار شێوازی پەیوەندی نێوان "ڕۆژهەڵات" و "ڕۆژئاوا"، ئیسلام و مەسیحیەت و ئەوروپی و نا ئەوروپی دەگرێتە خۆی. لەم بەشە گرنگەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا گەڕانەوەیەکی بەردەوام بۆ فیکری ئێدوارد سەعید و هابرماز وجۆن ڕێکس و دێلانتی و چارلس تایلەر و زۆرانی دیکە هەن. من کەم تازۆر بەشێکی گرنگی بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوف و زانا کۆمەڵایەتیانەم سەبارەت بە کۆمەڵگای فرە کولتووری و مەسەلەی شووناس خوێندۆتەوە و واهەستدکەم ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێکهاتی فیکری و میتۆدیمدا بینیوە. گرنگی ئەم شێوازە تازەیەی فیکر و مەعریفە لەوەدایە کە لەو پەیوەندییانەی هێز و دەسەڵات ئەدوێت کە گروهە بچووکە کۆچکردوەکان لەناو کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا بە خودی ئەوروپییەکانەوە گرێدەدات. لە میانەی خوێندنەوەیەکی ورد و ڕەخنەیی ئەم پەیوەندییانەوە ئەم نووسەرانە ئەو نووقسانییە گەورە گەورانە دەستنیشاندەکەن کە لە سیستمی دیموکراسی ئەوروپیدا ئامادیە. لەم ڕووەوە هابرماز پێیوایە کە تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی دیموکراسیەت تاقیکردنەوەی توانای کۆمەڵگا ئەوروپییەکانە لەوەدا کە ببنە کۆمەڵگای فرە کولتووری و ڕێزی جیاوازی کولتووری گروهە جیاجیاکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە بگرن. ئەم نووسەرانە لەئێستادا ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەبین لە هەرچی زیاتر کرانەوەی سنوورەکانی ئەم کۆمەڵگا ئەوروپیانەدا و فراونکردنی پانتاییەکانی دیموکراسیەت و کرانەوەیان بەڕووی قبوولکردنێکی یەکسانی جیاوازییەکاندا. لەم مەیدانەدا هابرماز کۆمەڵێک بۆچوونی لەڕادەبەدەر گرنگی هەیە کە من لە دوو ووتارمدا بە هۆڵەندی دەربارەیان دواوم. هەر لەم سیاقەشدا خوێندنەوەیەکی زۆر لەسەر مەسەلەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم و ناسینی بەشێکی گرنگی ئەو کتێب و نووسین و میتۆدە جیاوازانەی لەم بیست ساڵەی دواییدا دەربارەی نەتەوە و ناسیۆنایزم هاتوونەتەکایەوە، یەکێکی دیکە لە سەرچاوە فیکری و میتۆدییەکانی منن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەمە ئەو هێڵە سەرەکیانەی سەرچاوەی کارکردنی میتۆدیانەی منن و وەک دەبینن زەحمەتە ئەم سەفەرە فیکری و میتۆدی و

حەیاتییە کورتکەینەوە بۆ کاریگەری ئەم یان ئەو میتۆد، ئەم یان ئەو فەیلەسوف و ئەم یان ئەو قوتابخانەی فیکری بەتەنها. من خۆشم بەهیچ جۆرێک باوەڕم بە تاک میتۆدی نییە و پێموایە بۆئەوەی لە دنیایەکی ئاڵۆزی ئەمڕۆ تێبگەین پێویستمان بە زیاد لە تیورەیەک و زیاد لە مەنهەجێک و زیاد لە تێزێک هەیە و دەبێت بە دەزگایەکی چەمکی ئاڵۆز و هەمەڕەنگەوە لە واقیع و کێشە و دیاردەکان نزیکبینەوە. سەرەڕای ئەم ڕاستییانە هەر ڕۆشنبیرێک کە دەنوسێت لە قووڵاییدا دژ بە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ڕۆحی خۆی و جیهان و ئەو کۆمەڵگایە دەنوسێت کە دەخوازن شووناسێکی پێشوەخت بەرهەمهاتو وباو و قبوڵکراوی پێببەخشن، ڕۆشنبیر چەند ئیشکالیەتی لەگەڵ جیهان و شتەکانی دەرەوەدا هەیە بە هەمانئەندازەش ئیشکالیەتی لەگەڵ خۆی و شووناسە جیاوازەکانی خۆیدا هەیە. نووسین و گەمەی میتۆد و تازەکردنەوەی دەزگا و ووتەزا و وێناکردنە فەلسەفییەکان هەوڵدانێکی بەردەوامە بۆ تازەکردنەوی زات خۆی و تازەکردنەوەی کۆی ئەو شوناسانەی کە تا ئەو ساتەوەختە هەڵگریان بووە. وەک فۆکۆ دەڵێت نووسین بریتییە لەهەوڵدانێکی بەردەوام بۆ گۆڕینی ڕوخساری دەموچاومان و وەرگرتنی ڕوخسارێکی دیکە کە تا ئەوکاتە نەماندیبێ و نەمان ناسیبێت. لێرەوە و لە قووڵاییدا فرە مەنهەجی و جیاوازی میتۆدی و فەلسەفی و هەوڵدانی بەردەوام بۆ گۆڕان وابەستەی ئەو ڕۆحییەتەیە کە نایەوێت لەناو پێناس و شووناسێکی حازرکراودا بەندکرێت.

سەبارەت بە ڕەخنەکانی محەمەد ئارکۆنیش لە فۆکۆ و گوێنەدانی فۆکۆ بە ئاین و تێڕوانینی هەڵەی ئەو بۆ ئیسلام و مەسەلەی حەماقەت و شتی دیکەی لەم بابەتە، دەمەوێت بڵێم ڕەخنەی نا ڕاست و نوقسان و نادروستن. من ئەو نووسینانەی فۆکۆم خوێندۆتەوە کە دەربارەی ئێران و شۆڕشی ئێران نووسیونی. ئەم نووسینانە کۆمەڵێک کاری ڕۆژنامگەرانە و چەند ووتارێکی کورت و هەندێک موناقەشاتی مێزگردانەیە. ئەو نووسینانە ناچنە ڕیزی کارە ئەکادیمی و فەلسەفییە گرنگەکانی ئەم فەیلەسوفەوە. لە ڕۆژەکانی شۆڕشی ئێرانیدا فۆکۆ لەسەر داخوازی ڕۆژنامەیەکی ئیتالی دەچێت بۆ ئێران و لەوێوە کۆمەڵێک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەریانە دەربارەی گەشەی ڕووداوەکان و خوێن و حیکایەتە بچووک و گەورەکانی شۆڕشی ئێرانی دەنوسێت. فۆکۆ ئەم

ڕیپۆرتاژانە ناودەنێت "ڕیپۆرتاژی فیکری" و تیایاندا وەک ڕۆژنامە نووسێک، نەک وەک فەیلەسوفێک، لە ڕووداوەکان ڕادەمێنێت و هەوڵئەدات نهێنییەکانی بۆ خوێنەری ڕۆژنامە ئەورووپییەکان لێکداتەوە.

دەربارەی ئەوەش کە گوایە فۆکۆ گرنگی بە ئاین نەداوە و ئاینی پشتگوێخستوە، بۆچوونێکی ناڕاستە و پێموایە ئارکون لێرەدا بە هەڵەدا چووە. لە بەرگە جیاوازەکانی کتێبی (مێژوو جنسانیەت) دا فۆکۆ بە دورو درێژی باس لە کاریگەرییە جیاوازەکانی مەسیحیەت لەسەر رووکارە کولتووری و سیاسییەکانی ڕۆژئاوا دەکات. بۆ نموونە لە بەرگی یەکەمدا بەدرێژی باس لەوە دەکات چۆن مەسیحیەت ڕۆڵێکی لە ڕادەبەدەر گرنگی بینیوە لە بەرهەمهێنانی گوتاری جنسانیەتدا لە ڕۆژئاوا و چۆن ئەم ئاینە جنسی کردۆتە بابەتێکی قسە لەسەرکراو. چەند ساڵێک دوای ئەوە و لە بەشەکانی دیکەی هەمان کتێبدا فۆکۆ باس لە ڕۆڵی مەسیحیەت دەکات لەو مەسەلە گرنگەدا کە ناوی دەنێت "تەکنۆلۆژیای زات" و هێنانەکایەی کۆمەڵێک تەکنیکی تایبەتی بەرهەمهێنان و فۆرم بەخشین بە زات، فۆکۆ لەم دوو بەشەدا بە درێژیی لەسەر دوو تەکنیکی تایبەتی دەوەستێت: یەکەمیان تەکنیکی دانپیانانە، واتە ئیعتیراف، و دووهەمیان تەکنیکی ڕزگاربوونی ئاینییانە. بەر لە مردنیشی بەشی چوارەمی کتێبی (مێژووی جنسانیەت) ی تەرخانکردبوو بۆ مەسەلەی مەسیحیەت، بەڵام مەرگ لێنەگەڕا تەواویکات. ئەمە جگە لەوەی ئاین و وێنە و خەیاڵی ئاینی هەر لە سەرەتاوە و بەشێوەیەکی بەردەوام لە کارەکانی فۆکۆدا ئامادەبووە، هەر لە کتێبی (مێژووی دێوانەیی) یەوە بیگرە، تا دەگاتە کتێبی (مێژووی جنسانیەت).

دەربارەی شوێن و جێی ئاین لە فیکری فۆکۆدا کتێبێک لە ساڵی ١٩٩٩ بەزمانی ئینگلیزی لەژێر ناونیشانی: (ئاین و کولتوور لای میشێل فۆکۆ) دا دەرچووە. لەم کتێبەدا بەدرێژی باس لە ئامادەگی بەردەوامی ئاین لە فیکری فۆکۆدا دەکرێت و ئەو دەقانەی فۆکۆش نیشانداوە کە ڕاستەوخۆ تیایاندا باسی لە ئاین کردوە. کتێبەکە لەلایەن زانکۆی مانشستەرەوە بەچاپ گەیەندراوە.

پرسیار: پراکتیککردنی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بەسەر کەلەپووری ئێمەدا کارێکی ئاسان نییە چونکە پێشتر ئەو زانستانە بۆ

خوێندنەوەی کەلەپوور و میکانیزمەکانی بیرکردنەوەی ئێمە بەکارنەهاتوون و بەناو زمانی کوردیدا تێنەپەڕیون. بەمانایەکی دیکە گواستنەوەی ئەو میتۆدە زانستییانە ـ کە لە خۆرئاوا سەریان هەڵداوە ـ بۆ سەرزەمین و زمان و کۆمەڵگایەکی دیکە دەشێت دووچاری هەندێک کێشە و گرفتی زانستیانەتان کات. ئاخۆ ئەمانە لەڕووی زمان و چەمک و زاراوە و میتۆدەوە تاچەند ئیشکالیەتیان بۆ دروستکردون؟ ئایا دەشێت میتۆدێکی ڕۆژئاوایی بەسەر واقیعێکی دەرەوەی ڕۆژئاوادا پراکتیککرێت؟

وەڵام: برایان، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە من سەرەتا دوو جۆر نارەزایی بەرامبەر بەو شتەی ئێوە ناوی "گواستنەوەی" میتۆدەکانی لێدەنێن، لەیەکدی جیادەکەمەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بەو گریمانەوە کە گوایە ئەم میتۆدانە "ڕۆژئاواین" و بەکەڵکی خوێندنەوەی واقیعی ئێمە نایەن:

یەکەمیان: نارەزایی ئەو گروهەیە کە لەناو بێئاگاییەکی فیکری و مەعریفی گەورەدا دەژین و هەر لە سەرەتاوە نایەنەوێت جگە لە ئینشا نووسین و تۆمەت داتاشین و سووککردنی فیکر و مەنهەج و مەعریفە هیچ کارێکی دیکە بکەن. لەپشتی نارەزایی ئەم گروهەوە تەمەڵییەکی فیکری و مەعریفی گەورە هەیە و ئەم تەمەڵییەش لە فۆرمی بەگژاچوونەوە و قبووڵنەکردن و نارازیبوون بەرامبەر بە میتۆدە فیکرییەکان بە خوێنەران دەفرۆشن و باسی ئەوە ئەکەن گوایە ئەم میتۆدانە کوردی نین و ڕۆژئاواین. ئەم گروهە کە تاقەتی زەحمەتکێشان و ڕەنجدان و فێربوونی بەردەوامی نییە، ڕاستەوخۆ ئەم تەمەڵییە فیکرییەی خۆی بۆ ڕەجمکردنی میتۆد و کاری میتۆدیانە تەرجەمە دەکات و لە سات و ناساتدا هاواری ئەوەی لێبەرزدەبێتەوە کە ڕۆژئاوا خواردوینی و غەزووی کولتووری هەموو ڕەسەنایەتییەکی لێسەندوینەتەوە. ئەم گروهە بەناوی بەرگری لە میتۆدی خۆماڵی و فیکری خۆماڵییەوە نەفرەت لە هەر شێوازێکی کارکردنی میتۆدیانە دەکات. وەختێکیش تەماشای فیکری خۆماڵی ئەم بەڕێزانە دەکەیت دەبینیت جگە لە بیابانێک بۆچوونی سواو و ئیشکالیاتی فیکری مردو و زەخرەفەی ئینشایی شتێکی دیکە نین. بەرامبەر نارەزاییەکانی ئەم گروهە واباشە جگە لە پێکەنین هیچ کاردانەوەیەکی دیکەمان نەبێت، ئەو جۆرە تێگەیشتن و تێڕوانینە بۆ فیکر و میتۆد و کاری مەعریفی نووکتەیەکی بێلەزەتە، نەک هەڵوێستێکی

مەعریفی.

دووهەمیشیان: نارەزایی ئەو گروهەیە لە خوێندەواران کە لە پشتی ئەم هەڵوێستەیانەوە سڵەمینەوەیەکی نامەعریفی و دیدێکی نادروست بۆ مەسەلەی میتۆد و میتۆدۆلۆژی و کاری زانستیانە ئامادەیە. لەم دیدەدا زانست و میتۆد و فیکر بەسەر خێڵ و کۆمەڵگا و نەتەوە و گروهە ئاینی و ئەتنییەکاندا دابەشدەکرێت و خەتێکی سوور لەنێوان ئێمە و ئەوانیدیکەدا دەکێشرێت. کەسانێک هەن تا ئەمرن واز لەو بۆچوونە سادیە ناهێنن کە گوایە میتۆدی مارکسیانە میتۆدیەتێکی رۆژئاوایی و مەسیحییانە و ب ئێمەش رۆژهەلاتی و موسڵمانین، بۆیە ئەو میتۆدە بە کەڵکی جیهان و عەقڵ و کۆمەڵگای ئێمە نایەت و ناتوانێت واقیعی ئێمە بخوێنێتەوە. لێرەدا نارازایی ئەم بەرێزانە لەوەوە نەهاتووە کە مارکسیزم هەوڵگری میتۆدێکە رەنگە لەرووی مەعریفییەوە توانای خوێندنەوەی هەندێک دیاردە و دەرکەوتی تایبەتی نەبێت، یاخود دەسپێک و گریمانە و پێدراوە میتۆدیەکانی نارێست بن و ئەو دەزگا چەمکییەی کارپێدەکات لەرووی مەعریفییەوە کەمخوێن و دۆگمایی و یەکلایەنبێت. ئەمانە لەدیدێکی مەعریفی رەخنەگرانەوە لە مارکسیزم ناروانن، ئەمانە مارکسیزم بۆیە رەتدەکەنەوە چونکە پێیانوایە میتۆدێکی رۆژئاواییە و لە رۆژئاوا بەرهەمهاتوە و مارکس یەهودیەکی ئەڵمانی بووە نەک موسڵمانێکی خەڵکی قوشتەپە. کەسێکی دیکە دێت و دەڵێت میتۆدی فەلسەفەی تەحلیلی میتۆدێکی ئینگلیزیە و ئێمە کوردین چ کارێکمان بەسەر میتۆدی ئینگلیزە داگیرکەرەکانەوە هەیە کە پیاوخراپ بوون و نەیانهێشت دەوڵەتی کوردی دامەزرێنین و ولاتەکەمانیان بۆکردین بە چوار پارچەوە. سێهەمیش دێت و دەڵێت فرۆید جولەکە بووە و میتۆدیەتی شیکردنەوەی دەرونی میتۆدیەتێکی جولەکەییانەیە و ئێمەی کۆنە زەردەشتی نابێت خۆمان بە ئاوی ئەم بیر و بۆچوونە جولەکەییانە تەربکەین. بەم جۆرە دەشێت بۆ هەر قوتابخانەیەکی فیکری و هەر میتۆدێک و هەر تێز و تیورەیەک نارەزاییەکی لەو بابەتە بدۆزینەوە. ئاشکرایە لەپشتی ئەم جۆرە لە سڵەمینەوەی نامەعریفییەوە ئوسوڵیەتێکی نەتەوەیی، ئاینی و ئەتنی لە ئارادایە کە فیکر و میتۆد و تێز و تیورەکان بەسەر نەتەوە و ئاین و ئەتنییەتە جیاوازەکاندا دابەشدەکات و رۆحە گشتگیر و زانستییەکەیان لێدەستێنێتەوە.

بێگومـان ئەم جۆرە دابەشکردنەی فیکر و مـیتۆد و زانست چ لە دوور چ لە نزیک پەیوەندییان بە فـیکر و زانست و مەعریفەوە نییە. میتۆد و زانست نیشتیـمانیان نییە، شتێک نییە ناوی میتۆدی ئەڵمانی و میتۆدی ئینگلیزی و میتۆدی مەغریبی و مـیتـۆدی کوێتی و مـیتـۆدی ئێرانی و مـیتـۆدی هـەولێری یان سلێمـانی بێت. مـیتـۆدی ماتـریالیـزمی مێژوویی و مـیتـۆدی سـۆسـیـۆلۆژیای ڤـێـبەری و مـیتـۆدی ئەنتـرۆپۆلژیای کولـتووری و مـیتـۆدی مێژوویی و مـیتـۆدی پۆزەتیـڤیـستی و شـتی دیکەی لەم بـابەتانە بوونیـان هـەیە، ئەمـانەش مـوڵکی هـەمـوو مرۆڤـایەتین و هـەر ڕۆشنبـیرێکیش ئازادە باوەڕی خـۆی بە کام میتـۆد لەم میـتـۆدانە ببەخشـێت و بۆ خوێندنەوەی کام دیاردە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریانبهێنێت، بە مەرجێک دەسـپێک و چەمک و شـێوازی بەکارهـێنانـی ئەو میـتـۆدە شـارەزابێت و بتـوانێت داهێنەرانە کـاریان پێبکات. بـەبۆچوونی من شـتێک نییـە ناوی ئەنتـرۆپۆلۆژیای ئەمـریکی و ئەنـتـرۆپۆلـۆژیای هیندی و ئەنـتـرۆپـۆلۆژیای پاکـسـتـانی و لوبـنانی و سوری بێت، شتێک هـەیە ناوی زانستی ئەنتـرۆپۆلۆژیایە و هـەم سورییـەک و هـەم پاکـسـتـانیـەک و هـەم ئینگلیـزێک و هـەم کـوردێک دەتوانن بۆ خـوێندنـەوەی دیاردەکانی دنیـای خۆیان کـەڵکی لێوەرگرن. لێرەوە بوونی نارەزایی بەرامـبەر بە میتۆدەکان بەوەی گوایە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهـەڵاتی، ئەمریکی و هیندی، مەسیحی و ئیـسـلامین جگە لە کـۆمـەڵێک نارەزایی ئوسـوڵی و جگە لە بەدحـاڵیـبـوونێکی نامەعریفی شتێکی دیکە نییـە. میتۆدەکان دەشێت لەسـەر بنەمـای توانا تیوری و چەمکی و مەعریفییەکانین ڕەخنەیان لێبگیرێت. کە یەکێک نایەوێت بە میتۆدیەتی پۆزەتیـڤیسم کـاربکات لەبەرئەوەی ئەم مـیتـۆدە مـیتـۆدێکی ئەکادیمـی وەسفـیی و بێـلایەن و نارەخنەییـە و بنەمـا فـەلسـەفـییـەکانی لاوازن، جیـاوازە لەوەی یەکێکی دیکە بێت و بڵـێت پۆزەتیـڤـیـزم بەکـەڵکی کـورد نـایەت چونکە ئۆگـست کـۆنت فـەرەنسی بووە. ڕەخنەی یـەکەمـیان ڕەخنـەیەکی تەندروست و مـەعریفـییـە و هـی دووهـەمیـان ڕەخنەیەکی هەڵە و ئوسـوڵیانەیە. هـەمـانشت بە گوێرەی میـتـۆدەکانی دیکەشـەوە هـەر ڕاستە، کە دەگوترێت مارکسیزم میتۆدێکی جەبری و تاکڕەهەندە لەبـەرئەوەیە کـە لە ئابووری و پەیوەندییـە ئابوورییـەکـاندا بەدوای لێکدانەوەی هـەمـوو دیاردەکـاندا دەگـەڕێت. لەکـاتێکدا دەشـێت پەیوەندییـەکـانی مـانا و پەیوەندییـەکـانی دەسـەڵات زۆر لە پـەیوەندییـە ئـابوورییـەکـان گـرنگـتـرین بۆ

تێگەیشتن لە دیاردەیەک لە دیاردەکان، یان دەشێت بۆ تێگەیشتن لە هەندێک پەیوەندی ئابووری واپێویستکات بۆ شتێک لەدەرەوەی ئابووریدا بگەڕێینەوە. یان کە دەگوترێت میتۆدی بونیادگەری میتۆدێکی ناتەواوە لەبەرئەوەیە کە بونیادگەری ناتوانێت گۆڕان و دابڕانە مێژووییەکان لێکداتەوە و ناتوانێت ئەو دەنگ و گوتارە بێدەنگکراوانە ببینێت کە ناکەونە ناو بونیادەکانەوە.

بێگومان کارکردن بە میتۆد شتێکی ئاسان نییە و کەس ناتوانێت لەخۆڕا و بە ئاسانی و بەپێی ئارەزو کاری میتۆدی بکات. کارکردنی میتۆدییانە بەناو هەوڵ و کۆششێکی فیکری گەورە و ڕەنجدانێکی مەعریفی فرەلایەن و خەیاڵێکی ئەبستیمی کراوەدا تێدەپەڕێت. تۆ بۆ ئەوەی بە میتۆدێک لە میتۆدکان کاربکەیت دەبێت سەرەتا ئەو دەزگا چەمکی و ئەو گریمان و پێدراوە پێشینانە بناسیت کە ئەم میتۆدە هەڵگریانە و لەو پێشینە فەلسەفییەش ئاگاداربیت کە لەپشتی ئەو شتانەوە ئامادەیە. دواتر دەبێت لانیکەم پەیوەندی ئەم میتۆدە بە میتۆدەکانی دیکەوە بزانیت و شارەزای ئەوەبیت داخۆ بەکام میتۆد دوور و بەکام میتۆد نزیک و لەگەڵ کام میتۆدا سەرلەبەر ناکۆکە. کەسێک کە کاری میتۆدیانە دەکات دەبێت بەردەوام ئاگاداری ئەو تازەکردنەوە و سەرلەنوێ پێداچوونەوە و موناقەشاتە فیکرییانەش بیت کە لەناو ئەو کایە میتۆدیەدا دەکرێت و بەهۆیەوە ئەم میتۆدە لەناوەوەڕا دەسکاری گریمان و پێدراو و پێشینە و چەمکەکانی دەکرێت و گۆڕانی بەسەردا دەهێنرێت. دوای هەموو ئەمانەش کاتێک کە کەسێک دەخوازیت میتۆدێک لە میتۆدەکان، یان چەند میتۆدێک لەیەککاتدا، لە واقیعێکی دیاریکراودا پیادەبکات، دەبێت هەڵگری خەیاڵێکی مەعریفی کراوە و ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە بێت، چونکە کە ئەمەت نەبوو نازانیت چۆن و لە کوێدا ئەم میتۆدە سوودمەندە و لەکوێدا کورتدەهێنێت و لەکوێدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە پێویستت بە دەزگای فیکری و مەعریفی دیکە هەیە. هەموو ئەم هەنگاوانەش ئەرکی زۆر و ڕەنجی فیکری گەورە و توانا و ئیرادەیەکی مەعریفی بەهێزی دەوێت.

میتۆد نەخشەیەکی دیاریکراوی گەڕان و لێکدانەوە و تەماشاکردن بە نووسەر دەبەخشێت، ڕێک وەک ئەو هێڵە ئاسنینە وایە کە شەمەندەفەری لەسەر دەڕوات. بەبێ ئەو هێڵە هیچ شەمەندەفەرێک ناتوانێت بجوڵێت، هەر خودی ئەو هێڵەشە

دەستنیشانی ئەوە دەکات شەمەندەفەرەکە بە چ ئاراستەیەکدا تێپەڕیت و چۆن بڕوات. بەڵام تۆ لەو ڕێگایەدا کە شەمەندەفەرەکە دەیبڕێت و لەپەنجەرەی ئەو شەمەندەفەرەوە چۆن تەماشا دەکەیت و چی دەبینیت و چۆن دەیبینیت، ئەوەیان وابەستەی تواناکانی چاوی تۆ و عادەتەکانی تەماشاکردن و ڕوانین و تێڕامانی خۆتن، خەیاڵی مەعریفی و کولتووری خۆت و کۆمەڵگاکەت دەستنیشانی ئەوەدەکەن تاچەندە تۆ توانای بینین و تەماشاکردن و بەرخوردت هەیە.

بەڵام داخۆ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت ئێمە ئەو میتۆدە ڕۆژئاواییانەمان پێویست نییە و ئەو میتۆدانە ناتوانن دنیای ئێمە بخوێننەوە و شتێکی بەسودو زانستیمان پێبڵێن، تا چەند ڕاستن؟ ئایا ڕاستە واقیعی ئێمە پێوسیتی بە میتۆدێکە لەهیچ شوێنێکی دیکەی دنیادا نەبێت و ڕاستەوخۆ لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا دروستکرابێت؟ یان پێویستی بە مێتۆدێک بێت لە شوێنێکی نزیکی وەک ئێران و سوریا و تورکیاوە هێنابێتمان؟ ئایا هێنانی میتۆد و هێنانی شتومەکی قاچاغ هەمان میکانیزمیان هەیە؟ ئایا دووری و نزیکی جوگرافی دەستنیشانی ئەوە دەکات میتۆدەکان لەکوێوە بهێنین؟ با بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کۆمەڵێک نموونە بهێنینەوە.

جارێکی دیکە لە فۆکۆوە دەستپێدەکەم. لای ئێمە کەسانێک هەن دەڵێن فۆکۆ باس لە ڕۆژئاوا دەکات و ئەوەی ئەو دەیڵێت پەیوەندیی بە کورد و کۆمەڵگای کوردیی و کێشەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایەوە نییە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش دەڵێن کۆمەڵگای کوردی هێشتا دوو تا سێ سەدە لەدوای ڕۆژئاواوەیە، بۆیە ئەوەی فۆکۆ دەیڵێت چ لە دوور چ لە نزیک پەیوەندی بە دنیای ئێمەوە نییە و دەرەنجامە فیکری و پێدراوە میتۆدییەکانی ئەم فەیلەسوفە تەواو نامۆن بە کۆمەڵگا و کولتوور و کەلەپوری ئێمە. جارێ هەڵەی یەکەمی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە بێئاگایە لەو ڕاستییەی کە بەشی هەرە زۆری نووسینەکانی فۆکۆ تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوەی سەرەتاکانی مۆدێرنە و ئەو سەردەمەی مۆدێرنە وەردە وردە دەچێتە شوێنی دنیای بەر لە مۆدێرن. ئەمەش مانای ئەوەی کە بەشێکی گرنگی بیری ئەم فەیلەسوفە ڕێک لە دەرکەوت و دیاردە و گۆڕانەکانی دوو تا سێ سەدە لەمەوبەر ئەدوێت، لە ڕۆژگارێک ئەدوێت مۆدێرنە سەرەتاکانی خۆی دەژیا و کۆمەڵگا و زانست و مەعریفە و دەزگا تازەکان لەسەرەتای لەدایکبوون و

دورستبوون و بەرجەستەبووندا بوون. جا گەر کۆمەڵگای کوردی سێ سەدە لەدوای ڕۆژئاواوەبێت، ئەوا بەم حیسابەبێت دەبێت ئەو قسانەی فۆکۆ لەسەر ئەو ڕۆژگارەی دەکات ڕێک وەک ئەوە وابێت لەسەر ئێستا و ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی بکات. وەک دەبینیت ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ فیکر و دەرنجامە فیکرییەکاندا چەند کۆمیدی و ناڕاست و نادروست دەکەونەوە کاتێک لۆژیکە نامەعریفییەکەیان ورد دەکەیتەوە بۆ زمانێک خەڵکی سادە لێیتێبگات، کاتێک لە پشتی ئەو گوتارە نەرجسییە نەخۆشەوە کە بەردەوام باس لە خۆماڵیبوون و میتۆدی خۆماڵییانە دەکات، ئەو بیابانە وشک و برینگە لە بەدحاڵیبوون و بێئاگایی و سادەگۆیی ئاشکرادەبێت.

بەڵام تۆبڵێی کۆمەڵگای ئێمە هێشتاکو ئەوەندە گەشەی نەکردبێت نەگەیشتبێتە ئاستی گەشەکردنی دوو تا سێ سەدەی لەمەوبەری ڕۆژئاوا؟ ئەگەر ئەم کۆمەڵگایە ئەم گەشەیەی نەکردبێت ئەی ئەو هەموو زانکۆ و قوتابخانە و چاپخانە و کارخانە و زیندان و نەخۆشخانە و دادگا و سەربازگە و حیزب و دید و بیر و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیە هاوچەرخانە چی لێبکەین کە لەکوردستاندا ئامادەن؟ ئەی چی لە بازاڕی سەرمایەداری و تەکنیکی نوێی پەیوەندی و توانای کۆچ و جوڵانەوە لە کوردستاندا بکەین؟ ئەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی خۆی بزوتنەوەیەکی مۆدێرن نییە و دەرەنجامی پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی دنیای مادی و ڕەمزی ئێمە نییە، چییە؟

من تەواو باوەڕم وایە ئەوانەی پێماندەڵێن ئێمە سێ سەدە لەدوای ڕۆژئاواوەین فێڵمان لێدەکەن و دەیانەوێت سێ سەدە بێقانوونی و خراپەکاری و تاکڕەویان لێقبوولکەین. کۆمەڵگای ئێمە لەزۆر ڕووەوە سەر تا پا نووقمی ناو دنیای مۆدێرنە و بەشێکی زۆری ئەو کێشانەش کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەو کێشانەن کە ڕووبەڕووی زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانە دەبێتەوە کە مۆدێرنە هیدی هێدی دەبێتە چوارچێوەی ڕێکخستنی فیکر و ڕەمز و دەزگا و ئەخلاق و کۆی شتەکانی دیکەشی.

فۆکۆ لەبەشێکی گەورەی کتێبەکانیدا لە هاتنەکایەی سیستمی نوێی خەستەخانە و قوتابخانە و بەندیخانە و زانستە ئینسانییەکان و بەشێکی زۆری ئەو شێوازە مۆدێرنانەی دەسەلات ئەدوێت کە ئەمڕۆ لە خانە بەخانەی کۆمەڵگای

ئێمەدا ئامادەن. ئەوەی پێیوایە کۆمەڵگای ئێمە مێژوویەک دەژی کە دیاردەکانی دوو یان سێ سەدە لەمەوبەر لە ئەوروپادا بوونیان نەبووە، هەم خۆی و هەم خوێنەریش بە هەڵەدا دەبات. کۆی ئەو دیاردانەی فۆکۆ کتێبە گرنگەکانی خۆی لەسەر نووسیون لە کۆمەڵگای ئێمە و بەشێکی گەورەی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆکەی جیهاندا ئامادەن. ئەوەی نکوڵی لەم ڕاستییە دەکات نە خۆی دەناسێت و نە ئەو کۆمەڵگایە و نە ئەو سەردەم و جیهانەش کەتێیدا دەژی. کام کۆمەڵگا هەیە لە دنیادا بەدەیان گوتاری تایبەتی لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جنسی و مەعریفی تێدا نەبێت. کام کۆمەڵگا هەیە چەندان شتی نووسرا و ووتراوی تێدانەبێت دەربارەی ئەوەی: هەقیقەت، ئەخلاق، دەسەڵات، مەعریفە، تاوان، جنس ئارەزوو هتد... چییە و چی نییە؟ کام کۆمەڵگا هەیە مانای تایبەتی بەو چەمکانە نەدابێت و ئەم مانایانەشی لەناو کۆمەڵێک پێدراوی گوتارییانەدا نیشتەجێ نەکردبێت؟ ئەگەر هەموو کۆمەڵگاکانی دنیا لێوانلێوبن لە گوتاری جیاواز، ئایا میتۆدی خوێندنەوە و شیکردنەوەی گوتار، میتۆدێک کە فۆکۆ تا مرد خەریکی گەڵاڵەکردن و دەوڵەمەندکردنی بنەما تیوری و چەمکی و مەعریفییەکانی بوو، میتۆدێکە بە کەڵکی ئێمە نایەت و کورد و کۆمەڵگای کوردی بەهەڵەدا دەبات؟ ئایا میتۆدێک پێمانبڵێت کە پێکهاتەی گوتاری ئەخلاق لای ئێمە لەسەر هێنانە پێش و باسکردنی کۆمەڵێک بابەت و قەدەغەکردن و بێدەنگکردنی کۆمەڵێک بابەتی دیکە کاردەکات، یان پێمانبڵێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێناسەمان بۆ هەقیقەت وایکردوە کۆمەڵێک هەقیقەتی دیکە نەبینین کە لەدەروەی ئەو پێناسە و لەپشتی ئەو پێناسەیەوە ئامادەیە، ئایا میتۆدێکی وا نامۆ و خواستراوە یان میتۆدێکە وەک نان و ئاو پێویستمانە؟ ئایا گەڕان بەدوای دەرکەوت و کارکرد و میکانیزمەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و پراکتیککردنی دەسەڵاتدا لەناو خانە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێمەدا، شتێکی نامۆیە بە دنیای ئێمە، یاخود بەشێکی زیندووی هەر کارێکی فیکری گرنگە بۆ تێگەیشتن لەم کۆمەڵگایە و ناسینی کێشە قووڵ و گرنگەکانی؟

یان کە مارکس پێماندەڵێت بۆئەوەی لە ئاین و هێزی ئاین و توانای ئاین لە مانەوەدا تێبگەین نابێت تەنها تەماشای دەقە ئاینییەکان خۆیان و پێکهاتی دەزگا ئاینیەکان و ئەخلاقی پیاوانی ئاین بکەین، بەڵکو بە پلەی یەکەم پێویستە

تەماشای ئەو واقیعە بکەین کە بەردەوام بۆ بەخشینی شەرعەیەت بەخۆی، یان بۆ پاسادانکردنی گریمانە کۆمەڵایەتی وسیاسی و کولتوورییەکانی، پێویستی بە ئاین و مانەوەی ئاین هەیە. ئایا ئەم سەرەتاگە میتۆدییە بە کورد و کۆمەڵگای کوردی نامۆیە، یان دەسپێکێکی ڕاست و زانستییە بۆ قسەکردن لەسەر ئاین و شوێن و جێ و نهێنی مانەوە و بەهێزبوونیشی لە کۆمەڵگای ئێمەدا؟

یان ئەو میتۆدەی کە پێماندەڵێت نەتەوە پێدراوێکی سروشتی نییە و بەرهەمی قۆناغی مۆدێرنە و پیشەسازی و هاتنە کایەی ڕۆژنامە و نووسین و سیستمی گشتی خوێندن و باجدان و سەربازی هاوبەش و ئامرازە نوێکانی پەیوەندیکردن و تێکچوونی فۆرمی سیاسی ئیمپراتۆریەتە فرە کولتووری و فرە ئەتنییەکان و لەناوچوونی ئەو پێکهاتانەی دیکەیە کە لە نەتەوە بچووکترن. ئایا ئەمە پێدراوێکی تیوری خواستراوە و ئێمە نابێت توخنی کەوین، یاخود پێدراوێکە دەکرێت لەپاڵیدا لەبەشی هەرە گەورەی کێشە سەختەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئەمڕۆدا تێبگەین؟

یاخود کاتێک کۆمەڵناسێکی گەورەی وەک زیگمۆند باومان دەڵێت بەبێ مۆدێرنە و توانا و ئەخلاقیات و پرنسیپە سیاسییەکانی مۆدێرنە مەحاڵبوو هۆلۆکۆست، کارەساتی بە کۆمەڵ سوتاندنی جولەکەکان، ڕوویبدایە و کەدەڵێت ئەگەری بەربەریەت بە بەردەوامی لەناو پرۆژەی مۆدێرنەدا ئامادەیە، ئایا ئەمە دەرنجامێکی تیوری نامۆیە بە واقیعی ئێمە و تەنها باس لە مێژووی ڕۆژئاوا دەکات، یاخود ڕێک و ڕاست باس لە مێژووی هاوچەرخی ئێمە و کۆی ئەو کارەساتە کوشندانەش دەکات کە ئێمە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە بەشێوەیەکی ترسناک لە ناویاندا نیشتەجێین؟ ئایا ئەنفال بەبێ بوونی دەزگایەکی بیرۆکراسی گەورە و مۆدێرن، بەبێ بوونی لەشکرێکی مۆدێرن، بەبێ ئەخلاقیات و مۆراڵی بیرۆکراسییانە کە کووشتن و بڕینی خەڵک وەک جێبەجێکردنی واجبێک دەبینێت کە لەسەرەوەڕا دێت و تاکەکان بەهیچ مانایەک لێی بەرپرسیار نین، ئایا بەبێ چەمکی سیاسی "یەکێتی نەتەوەیی" ، "ئاسایشی دەوڵەت"، "هاووڵاتی" و "خائین بە نەتەوە" دەکرا ئەنفال پیادەکرێت؟ ئایا ئەم شتانە هەرهەموویان لە هەناوی پرۆژەی مۆدێرنەدا نین؟ ئایا بەعس و بەعسیزم هێز و سیستمێکی مۆدێرن نین؟ ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی خۆی، شێوازی

ڕێکخستنی حیزبایەتی، چەمک و تێز و تیورە سیاسییەکانی، بەشێک نین لەو چەمکە سیاسییانەی کە مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا بەرهەمی هێناون؟
وەک دەبینن ئێمە سەر تا پامان لەناو جیهانی مۆدێرنە و ئەگەر و مەترسییەکانی مۆدێرنەدا نووقمە، کەچی کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و سیاسیمان هەن وا دەزانن ئێمە لە سەردەمانی زەردەشت و زەردەشتیەتدا دەژین و داوامان لێدەکەن توخنی میتۆد و کاری میتۆدیانە نەکەوین.

فۆکۆ کە دەڵێت نابێت دەسەڵات تەنها لە ناو دەوڵەتدا ببینین و نابێت دەزگاکانی دەوڵەت بە تاقە سەرچاوەی ئەم دەسەڵاتە بزانین، یاخود کاتێک پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەبێت لەو ڕاستییە تێبگەین کە دەسەڵات لە فۆرمی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیە، ئایا ئەم پیاوە باس لە ڕۆژئاوا دەکات، یاخود سەرەتاگەیەکی تیوری و میتۆدیمان پێدەبەخشێت بۆ خوێندنەوەی هەموو ئەو فۆرمانەی دەسەڵات کە لەدەرەوەی دەوڵەت و لەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکاندا ئامادەن. ئایا دەسەڵات لای ئێمە تەنها لە ژووری کۆبوونەوە حیزبیەکان و ماڵی سەرکردەکاندا ئامادەیە، یاخود لە ناو خێزان و ژووری قوتابخانە و قاوشی خەستەخانە و پەیوەندی نێوان نێر و مێ و گەورە و بچووک و ئەوانەی خۆیان بە هەڵگری مەعریفە دەزانن بەرامبەر بەوانەی کە هەڵگری مەعریفە نین هتد... ئامادەیە؟ ئایا ئەم دیدە میتۆدی و تیورییە دید و میتۆدێکی ڕۆژئاواییە، یاخود دیدێکی زانستییە و منیش وەک کوردێک دەتوانم، بۆ نموونە، سیستەمی پەروەردەیی و پەیوەندیەکانی دەسەڵاتی ناو ئەم سیستەمەی پێ بخوێنمەوە؟ ئایا من وەک کوردێک بۆ نەتوانم لەپاڵ ئەم دیدە میتۆدیەدا ئەو فۆرمانەی دەسەڵات بخوێنمەوە کە لەناو پەیوەندی نێر و مێ و گەورە و بچووک و پەیوەندییە مەعریفی و سیاسی و جنسییەکانی دنیای ئێمەدا ئامادەیە؟ ئایا فۆکۆ کە دەڵێت جنس بەشێکە لە فەزای گشتی کۆمەڵگاکان، ئەو تەنها باس لە ڕۆژئاوا دەکات، یان من دەتوانم لەپاڵ ئەم دیدەدا ڕەگەزە جنسییەکانی فەزای گشتی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا بخوێنمەوە و ئەم خوێندنەوەیەش سەرەتای هەوڵدانێکبێت بۆ بنیادنانی فەزایەکی کراوەتر و ئینسانیتر و دیموکراسیانەتر؟ ئاخر هەموو فەزای گشتی ناو شارەکانی ئێمە لەسەر دابڕینی جنسی نێر لە جنسی مێ، بیناکراوە. جنس لەنێو چۆنیەتی

ڕێکخستنی سیستمی خوێندندا لە فۆرمی دابڕینی کچان لە کوڕاندا ئامادەیە، لەنێو چۆنیەتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی شوێنی پشوودان و تەفریح و حەسانەوەدا ئامادەیە، زەحمەتێکی زۆری ناوێت تێبینی ئەوە بکەین کە فەزای گشتی پشوودان لە وڵاتی ئێمەدا بەتەواوی جنسی مێی لێکراوەتە دەرەوە، خوێنەر دەتوانێت سەرنجێکی سەرپێیی چاخانە و سینەما یانە و شوێنە گشتییەکانی ناو شارەکانی کوردستان بدات، بۆئەوەی بۆی ئاشکرابێت جنس چۆن ناڕاستەوخۆ لە چۆنیەتی بنیادنان و ڕێکخستنی ئەو فەزا گشتییەی کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیە و لەناوەوەڕا نەخشە و پێکهاتە و چۆنیەتی ئیشکردنی ئەم شوێنانە بەڕێوەدەبات. ئایا گەڕانەوە بۆ فۆکۆ بۆ بەستنەوەی ئەم فەزایە بە فیکرەی جنس و چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێوە، گواستنەوەیەکی میکانیکی خراپ و سەقەتی میتۆدە ڕۆژئاواییەکانە، یاخود هەوڵێکی مەعریفی ڕاستەقینە و قووڵە بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندێکی گرنگی کۆمەڵگای کوردی و ئەو هێز و پەیوەندییە نادیارانەی لەناوەوەڕا ئەم کۆمەڵگایە ڕێکدەخەن؟

یان گەر تەماشای دیدی فرۆید بۆ ئینسان و ئەو وێناکردنە تایبەتانە بکەین کە ئەم دەروونناسە گەورەیە بۆ بونیادی سایکۆلۆژی ئینسان هەیەتی، داخۆ ئێمە لەبەردەم پێدراوێکی ڕۆژئاواییدا ین یاخود لەبەردەم پێدراوێکی ئینسانی گشتیدا؟ کاتێک فرۆید باس لەوە دەکات کە ئینسان بوونەوەرێکە لەپاڵ عەقڵ و هەست و ئاگاییدا، بێئاگایی و نەستیشی هەیە و ئەم نەستەش کاریگەری گەورەی لەسەر هەڵسوکەوت و مامەڵە و ئەخلاقی ئینسان هەیە، ئایا ئەم پیاوە بە تەنها باسی خەڵکی نەمسا دەکات، چونکە فرۆید خۆی نەمساوی بووە، یان بەتەنها باس لە ئەورووپا و ئەورووپییەکان دەکات، یاخود ئەو باس لە ئینسان وەک بوونەوەرێکی موجەرد دەکات؟ بێگومان کورد لە مەریخەوە دانەبەزیوە بۆ ئەوەی بێئاگایی و نەستی نەبێت و ئەو نەخشە سایکۆلۆژییەی فرۆید بۆ ئینسانی هەیە بەسەر خەڵکی سلێمانی و هەولێر و دهۆکدا نەگونجێت.

سەرنجبدەن ئێمە کە قسەی ئەو جۆرە کەسانە دەربارەی گونجان و نەگونجانی میتۆدەکان بۆ ئەم ئاستە ورد دەکەینەوە، چ بیابانێک لە نەزانی و بێئاگایی و ناماقوڵیەتمان لەپشتی قسەکانەوە بۆ ئاشکرادەبێت. ببین کەوتنە دوای ئەم

جۆرە مامەڵەکردنەی فیکر و میتۆد چ کۆمیدیایەکی بێلەزەتی لە هەناودایە و چ زیانێکی گەورە بە توانا عەقڵی و فانتازییەکانی ئینسانی ئێمە دەگەیەنێت. من حەز ناکەم بە زمانی خیانەت و نیشتیمان پەروەری بدوێم، دەنا زۆر بە ئاسانی دەتوانم بڵێم مەترسی ئەم جۆرە بۆچوون و مامەڵەکردنە بێمانایەی فیکر و مەعریفە بەقەد مەترسی داگیرکەران گەورەیە، چونکە ئەمانە لە ناوەوەڕا پێکهاتی ڕۆحی و عەقڵی و فانتازیی ئینسانی ئێمە وێراندەکەن و ئەم ئینسانە دەکەنە بوونەوەرێکی بێ خەیاڵ و بێ ئیرادە و بێ توانا لە تێگەیشتن و ناسینی خۆی و ئەو ڕۆژگار و سەردەم و کۆمەڵگایەدا کە تێیدا دەژی.

بێگومان دەشێت هەریەکێک لەو پێدراوە میتۆدی و تیۆرییانەی لەسەرەوە بە نموونە هێنامانەوە نووقسان و ناتەواوبن و نەتوانن سەد دەر سەد کێشەکانی واقیعی ئێمە بخوێننەوە، دەشێت پێدراوی میتۆدی و تیوری دیکەمان پێویستبێت بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێمە، دەشێ لەکاتی پراکتیکردنی میتۆد و تیورەکاندا ناچاربین دەسکاری تێزەکان و گریمانە فیکری و مەنهەجییەکان بکەین و لەگەڵ هەندێک ئاستی تایبەتی واقیعی خۆماندا بیانگونجێنین. ئەمانە هەموویان ئەگەری فیکری و مەعریفی و میتۆدی ڕاستەقینەن و ووشیاربوون پێیان زۆر جیاوازە لەو بێبایەخکردنە بێلەزەت و سوکایەتیکردنە بەردەوامەی لە ڕۆشنبیری ئێمەدا بە میتۆد و فیکر و کاری میتۆدیانە دەکرێت. بێگومان هیچ میتۆدێک ناتوانێت هەموو شتەکانی ناو واقیعێکی دیاریکراومان بۆ کەشف بکات، لەپشتی هەر میتۆدێکیشەوە فەلسەفە و تێڕوانینێکی دیاریکراو بۆ جیهان و ئینسان و کۆمەڵگا ئامادەیە کە دەشێت ناتەوا و کوورتهێن بێت و پێویستی بە پڕکردنەوە و کامڵبوون و پێگەیاندن هەبێت، بەڵام ئەمانە کۆمەڵێک کێشەی تەواو جیاوازن لەو پاشاگەردانییە میتۆدییەی ئەمڕۆ لە ڕۆشنبیری ئێمەدا باڵادەستە.

دوای ئەو هەموو نموونانە با جارێکی دیکە لەخۆمان بپرسینەوە کێن ئەوانەی لە جیهانی ئێمەدا باس لە مەسەلەی میتۆدی خواستراو و قەرزکراو و خەوناوی و شتی دیکەی لەم بابەتە دەکەن؟ پێموابێت ئێستا ئاشکرایە ئەمانە ئەو دەنگە ڕۆشنبیرییە بێڕۆح و بێمیتۆد و بێ لانیکەمی ڕێزدانانەن بۆ فیکر کە ئینشا نووسین و قسەی گشتی کردن و هیچ نەووتن کاری سەرەکی و سەرمایەی

فیکری و ڕۆشنبیرییانە. ئەمانە ئەو کەسانەن کە سەردەمەکان و قۆناغەکان و قوتابخانە فیکرییەکان و شتە دژ بەیەکەکان بەیەکدی تێکەڵدەکەن و لەوسەرەوە بەرِستێک هەڵەی فیکری و کوفری مەعریفییەوە دێنە دەرەوە و بەناوی خۆماڵیبوون و نامۆنەبوون و شتی کۆمیدی دیکەی لەم بابەتەشەوە وەک فیکر بە خوێنەری ئێمەی دەفرۆشن.

لە پەیوەندیدا بە مەسەلەی زمان و چۆنیەتی گواستنەوە و جێنشینکردنی چەمکە فەلسەفی و میتۆدییەکان لەناو زمانێکدا جیا لە زمانی ئەسڵی میتۆدەکان خۆیان دەخوازم ئەو ڕاستیەتان پێبڵێم کە ئەم مەسەلەیە یەکێکە لەو کێشە گەورانەی کە ڕووبەڕووی هەموو نووسەرێکی مەنهەجی دەبێتەوە. بەڵام ئەم کێشەیە کێشەیەک نییە قابیلی چارەسەرکردن نەبێت، بۆ نموونە دەشێت هەندێک لەو چەمک و زاراوە زانستییە نوێیانە ڕاستەوخۆ وەرگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، ئەوانەی وەرناگێڕدرێن دەشێت هەندێکیان لاتینییەکەیان بنووسینەوە و بۆ هەندێکی دیکەشیان وەرگێڕانە عەرەبییەکان یان فارسییەکانیان یارمەتیدەربێت. لەهەموو ئەم دۆخانەشدا ناساندن و لێکدانەوە و تاو و توێکردنی چەمکەکان بۆ خوێنەر کارێکی گرنگە و دەبێت بیکەین. ئەم کارە چەند زەحمەتە، چەند پێویستی بە مامەڵەیەکی دیکەی زمانی کوردی هەیە، چەند پێویستی بە قەرزکردنی ووشە و دەستەواژە و پاشگر و پێشگرە لە زمانەکانی دیکەوە، دەبێت لەکات و ساتی پراکتیککردنی میتۆد و چەمک و تیورەکاندا چارەسەریان کەین و نەترسین لە کرانەوەی زمانی ئێمە بەڕووی زمانەکانی دیکەدا. میتۆدیش پەیوەندی بە دوور و نزیکی جوگرافییەوە نییە، ئەوەی لە ئێرانی دراوسێی ئێمەدا بەرهەمدێت بەهیچ مانایەک باشتر نییە لەوەی لە فەرەنسادا بەرهەمدێت و کتێبێک لە سوریا دەرچووبێت مەرج نییە باشتربێت لە کتێبێک لە کۆلۆمبیا دەرچوبێت. جوگرافیا و دوور و نزیکی دەشێت لە هێنان و بردنی شتومەکی قاچاغدا ڕۆڵیان هەبێت، بەڵام لە فێربوون و ناسین و خوێندنەوەی فیکر و میتۆد و زانستدا هیچ ڕۆڵێکیان نییە.

پرسیار: کاتێک باسی چەمک و مانا و ڕۆڵی ڕۆشنبیر دەکەین سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک مانای گشتی هەن کە ڕۆشنبیران لە جیهاندا بەیەکەوە کۆدەکەنەوە،

بەڵام لەهەمانکاتدا کۆمەڵێک جیاوازیش لە ئارادان لەنێوان مانا و ئەرکی ڕۆشنبیردا بەپێی بارودۆخی ئەو وڵات و کۆمەڵگایانەی تیایدا دەژین. بە مانایەکی دیکە وێنە و ئەرک و پەیامی ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر، یان ڕاستتر بدوێین، لەن خۆرهەڵات و خۆرئاوادا جیاوازن. دەشێت ئەرکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکاندا زۆر قورستر و هەمەلایەنتربێت. تۆ لە وتاری (ڕۆشنبیران لەنێوان بەرهەمهێنانی مەعریفە و کۆکرنەوەی ئیمزادا) بۆچوونێکی ڕێجیس دۆبرێت هێناوەتەوە و باوەڕی خۆتت پێبەخشیوە. تۆ لەگەڵ دۆبرێەدا دەڵێیت: "ڕۆشنبیر دەبێت لە ژورەکەی خۆیدا دانیشێت و کار بکات، تەناه لەو کاتانەدا بێتە دەرەوە کە شار خەریکە ئاگری تێبەردەبێت، کاتێک شتە هەرە جەوهەریەکان دەکەونە ژێر پرسیارەوە". ئاخۆ ئەم قسەیەی دۆبرێە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگای ئێمەدا ناکۆک نییە. چونکە شاری ئێمە بەردەوام ئاگری تێبەربووە و بەردەوامیش شتە هەرە جەوهەرییەکان ناشیرین دەکرێن؟ بەوپێیەبێت ڕۆشنبیری ئێمە دەبێت زۆربەی کات بێتە دەرەوە و ماوەیەکی زۆر کەمی بۆ کارکردن لە ژوورەوە دەمێنێتەوە. تۆ لەم ڕووەوە چیدەڵێیت؟

وەڵام: تکایە با واز لە دەستەواژەی قەبە و قورسی وەک «ئەرکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا» بهێنین. ناکرێت بە سەدان ئەرکی جیاجیای ڕۆشنبیران لە بەشە جیاوازەکانی دنیادا لەژێر دەستەواژەی «ئەرکی ڕۆشنبیران لە ڕۆژهەڵات» یان «ئەرکی ڕۆشنبیران لە ڕۆژئاوا» دا کۆبکەینەوە؟ لە ڕۆژهەڵاتدا بە دەیان و سەدان کۆمەڵگا و بە هەزاران کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی کولتووری جیاواز ئامادەن کە ناکرێت هەموویان لەژێر دەستەواژەی «ئەرکی ڕۆشنبیران لە ڕۆژهەڵات» دا کۆکەینەوە، وەکچۆن ناشتوانین ئەم کارە بەرامبەر بەوەی پێیدەگوترێت ڕۆژئاوا بکەین. ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دوو گوتراوی جەوهەرگەراین و لەڕووی زانستییەوە بێناوەرۆکن. ئەم دوو گوتراوە لەڕووی میتۆدییەوە هیچمان پێناڵێن و لەڕووی بەکارهێنانیشەوە بێسودن. کاتی ئەوە هاتووە لەو ڕاستییە تێبگەین کە ئێمە لە قۆناغی دوای نووسینی کتێبە گرنگەکانی ئێدوارد سەعید و نەوەیەک لە ڕەخنەگرانی ڕادیکاڵی ئەم جۆرە دید و تێڕوانینانەدا دەژین.

بێگومان ئێوە ڕاستدەکەن هەر سیاقێکی دیاریکراو کۆمەڵێک ئەرکی تایبەت دەخاتە سەرشانی ئەو ڕۆشنبیرانەی تێیدا ئامادەن، ئەمە ڕاستییەکە و کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات. ڕۆشنبیرێک لە هەولێر بژی ئەرکێکی لەسەرە جیاواز لە ئەرکی ڕۆشنبیرێک لە پاریس بژی. ڕۆشنبیرێکی ئێرانی ئەرکێکی لەسەرە جیاواز لە ڕۆشنبیرێکی تورکی، ڕۆشنبیرێکی بەرازیلی ئەرکێکی لەسەرە جیاواز لە ئەرکی ڕۆشنبیرێکی مەغریبی و هی ئەمانەش جیاوزە لە ئەرکی ڕۆشنبیرێک لە سوید. جیاوازی ئەرکەکان تەنها لەم ئاستەدا ناوەستێ، بۆ نموونە ئەرکی ڕۆشنبیرێکی کورد، وەک ڕۆشنبیرێکی کۆچکردو، لە هەولێر و لە ئەمستردام، لەبەرامبەر کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵگای هۆڵەندیدا و لە بەرامبەر کێشەیەکدا کە لەڕووی فینۆمینۆلۆژیەوە لێکبچن، دەشێت تەواو جیاوازبێت. با قسەی تەجریدی نەکەم بە نموونەیەک ئەم مەسەلەیە ڕوونکەمەوە: ماوەیەک لەمەوبەر لە هۆڵەندا کچێکی گەنج، کچی کرێکارێکی کۆچکردوی تورک، کە تازە کۆلێژی یاسای لە یەکێک لە زانکۆکانی هۆڵەندادا تەواوکردبوو داوای کارکردنی لەیەکێک لە دادگاکانی هۆڵەندادا کرد. دادگاکە ڕازینەبوو کاری بداتێ لەبەرئەوەی ئەو خانمە پەچەی دەبەست. بەرپرسیارانی ئەو دادگایە ڕایان وابوو کە دادگا لە هۆڵەندا شوێنێکی عەلمانی و بێلایەنە و نابێت هیچ ڕەمزێکی ئاینی تێبچێت، مادامەکی پەچەش ڕەمزێکی ئاینی ئیسلامییە بۆیە نابێت لە ژووری دادگادا ئامادەبێت. ئەم مەسەلەیە دیالۆگێکی گەورەی لەم وڵاتەدا خستەوە و چەندان ڕای جیاجیا لەم دیالۆگەدا هاتنەکایەوە. بەرەی ڕاست بەرگری لە بڕیاری کاربەدەستان دکرد و بەرەی چەپیش لە مافی خانمە کۆچبەرەکە. بەرەی چەپ پەچە لەسەرکردنەکەیان وەک مافی ئازادی هەرکەسێک لە هەڵبژاردنی جلوبەرگی خۆیدا پێناسەدەکرد، نەک وەک ڕەمزێکی ئاینی، لەکاتێکدا بەرەی ڕاست سوور بوو لەسەر مانا ئاینییەکانی ئەم جلە. من یەکێک بووم لەو کەسانەی لەچەند دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوەدا بەرگریم لە مافی ئەو خانمە بۆ لەسەرکردنی پەچە کرد، لە کاتێکدا من تا سەر ئێسقان کەسێکی عەلمانیم و دژ بە پەچە و داپۆشینی بەزۆری جەستەی هەرکەسێکم. بەرگریکردنی من لە لەو خانمە کۆچکردوە بەرگریبوو لە مافی ئازادی هەڵبژاردنی جلوبەرگ، کە لەپشتیشیەوە مافی کارکردن و ماماڵە لەگەڵداکردنی ئەو خانمە وەک

هاووڵاتییەکی خاوەن ماف ئامادەبوو.
بەڵام من دەربارەی هەمان کێشە لە شوێنێکی وەک هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا ئامادەنیم لەژێر هیچ ناونیشان و قەناعەت و بۆچوونێکدا بەرگری لە مەسەلەی پەچە لەسەرکردن بۆ هیچ ئافرەتێکی کورد بکەم. ئەو بەرگرییەی من لە ئەمستردامدا سەبارەت بە بەستنی پەچە لە خانمێکی تورک کردومە، لە کوردستاندا بەهیچ شێوەیەک نایکەم. بەڵام لەبەرچی؟ بۆچی دوو هەڵوێستی جیاواز لەسەر یەک مەسەلە کە لە ڕووی فینۆمینۆلۆژیەوە لێکدەچن، وەردەگرم؟
وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە وابەستەی ئەو ڕاستییەیە کە پەچە و پەچە لەسەرکردن لای ئافرەتی ئێمە، لە زۆربەی هەرەزۆری دۆخەکاندا، دەرەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازاد نییە. زیادبوونی ژمارەی پەچەبەسەرانی شارەکانی کوردستان لەم چەندساڵەی دواییدا وابەستەی گەورەبوون و زیادبوونی پانتایی ئازادیی ئافرەتانی ئێمە و بەرفراوانبوونی توانای هەڵبژاردنی ئەوان نییە. ئافرەتانی ئێمە کە پەچە لەسەردەکەن لەبەر ئەوە نییە ئەوان بە ئارەزووی خۆیان و لەو پەڕی ئازادیدا ئەو بڕیارەیان داوە، تەواو بەپێچەوانەوە زیادبوونی خانمانی پەچەبەسەر لە کوردستاندا وابەستەی بەهێزبوونی ئەو گروهە کۆنەپارێز و ئوسوڵیانەن کە لەم دەساڵەی دواییدا گەشەیەکی بەرچاویانکردوە و ماشێنێکی گەورەی ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و مزگەوت و بنکە و ناوەندی حیزبی و ناحیزبییان لەبەردەستدایە بۆ بڵاوکردنەوەی یەکێک لە ڕاڤەکردنە سەرکوتکەر و چەپێنەرەکانی ئیسلام. نەک هەر ئەمە بەڵکو حیزبە گەورەکانی کوردستانیش تا ڕادەیەکی بەرچاو کێبەرکێیانە لەگەڵ یەکدیدا و لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکاندا بۆ نیشاندانی ڕووە ئاینی و کۆنەخوازەکانی خۆیان. ئەم مەسەلەیە وایکردوە لە کوردستاندا شتێک نەبێت ناوی فەزایەکی ئازادبێت بۆ ژنان کەتێیدا ئازادانە بڕیاربدەن چی لەبەرکەن و چی لەبەر نەکەن، سەریان داپۆشن یان داینەپۆشن، باوەڕداربن یان بێباوەڕ.
سەرەڕای ئەم ڕاستییانە یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ڕۆشنبیران لە وڵاتی ئێمەدا بەرگریکردنێکی سەرسەختە لە هاتنەکایە و خولقاندنی فەزایەکی عەلمانی و دیموکراسی، فەزایەک کە تێیدا ئافرەتانی ئێمە ئازادانە، تەواو وەک ئەو خانمە تورکە کۆچبەرە، بتوانن خۆیان بڕیار لەسەر جۆری جلوبەرگی خۆیان

بدەن، نەک باوک و برا و مەلا و فەتواچی و خەتیبی جومعەکان بەزۆری زۆرداری و چۆنیان پێباشە و بە چ جۆرێک بە خەیاڵی ئەواندا دێت، ئاوا جلیان بکەنەبەر.
ئەم ڕاستییەیە وادەکات من زیادبوونی ژمارەی ئافرەتانی پەچە پۆش و داپۆشراو لە کوردستاندا وەک زیادبوونی بەرفراوانی توندوتیژی مادی و ڕەمزی ببینم، نەک وەک تەعبیر لە شوناسێکی ئیسلامی یان ئاینی، کە ئافرەتان ئازادانە هەڵیانبژاردبێت. بە مانایەکی دیکە لەسەرکردنی پەچە لە واقیعی ئێمەدا دەرەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازاد نییە و لەناو سیاقێکدا ئامادەیە کە لێوانلێوە لە شێوەی جیاوازی چەپاندن و ڕێگرتن لە ئازادی تاکەکەسی و وێرانکردنی ئیرادەی سەربەخۆی هەڵبژاردن تا بە مەسەلەی بە کۆمەڵکوشتنی ژنان دەگات. ئەم دیاردەیە لە سیاقێکدا ئامادەیە ئەسید دەکرێت بە خانمی بێپەچەدا و هوها دەکێشرێت لە کچێک قژی نەشاردبێتەوە و گولەدەنرێت بە خانمێکەوە بەئارەزووی کۆمەڵگا و نوخبە کۆنەپارێزەکانی هەڵسوکەوتی نەکردبێت.
بەڵام، تەواو بە پێچەوانەی ئەم دۆخەوە، لە وڵاتێکی وەک هۆڵەندادا بەرگریکردن لەوەی کە کچی کرێکارێکی کۆچبەری موسڵمان و خوێندەوار مافی ئەوەی هەبێت پەچە لەسەرکات، بەرگرییەکی ڕاستەقینە و دروست و دیموکراسیانەیە و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە فراوانکردنی سنوورەکانی دیموکراسیەت و فراوانکردنی ئازادی تاکەکەسی و مەوداکانی بڕیاردانی سەربەخۆ لەو وڵاتەدا.
لە هۆڵەندا، کە سیستەمەکەی تا سەر ئێسقان سیستەمێکی عەلمانییە، بەرگریکردن لەمافی ئەوەی کچێکی خوێندەوار ئازادە لە لەسەرکردن یان نەکردنی پەچەدا و دروستکردنی فەزایەک بۆ پیادەکردنی ئەم مافە، بەرگریکردنە لە مافی پاراستنی جیاوازی. وەک چۆن هەزاران ئافرەت مافی ئەوەیان هەیە کەمترین جل لەبەرکەن و لەکەناری دەریاکاندا نیمچە ڕووت لەژێر تیشکی خۆرەتاودا بخەون و بە دەیان ئافرەتی موسڵمانیش وەک ئەوروپییەکان بێپەچەن و ئازادن لەوەدا چی لەبەرکەن و چی لەبەر نەکەن، ئاواش بەودیودا کچێکی گەنجی دەرچووی زانکۆ و موسڵمان مافی ئەوەی هەیە خۆی بڕیاری ئەوەبدات داخۆ پەچە لەسەرکات یان نا. ئەم بەرگریکردنە بە مانایەک لە ماناکان فشار هێنانە بۆ سەر ئەو فەزا کۆمەڵایەتییە عەلمانییە بۆ هەرچی زیاتر واڵاکردنی

سنوورەکانی تا ئەو شوێنەی بتوانێت تەنانەت خانمێکی موسڵمان قبووڵکات کە دەخوازێت لەڕێی پەچەوە ئازادانە شووناسێکی تایبەت بەخۆی بدات. لێرەوە دۆخی ئەو خانمەی لە هۆڵەندا دەخوازێت ئازادانە پەچە لەسەربکات و ڕێی پێدەگیرێت هەڵوێستێک لە ڕۆشنبیران داوادەکات، جیاواز لە هەڵوێستی ڕۆشنبیران لە کوردستاندا کە تێیدا بیابانێک ترسی واقیعی و ڕەمزی لەپشتی پەچە لەسەرکردنی ئافرەتانەوە ئامادەیە و ئافرەتی ئێمە لەسەر نامەیەکی دڵداری دەکوژرێت. ئەم ڕاستییەیە وا لەمن دەکات لە کوردستاندا تا سەر ئێسقان دژ بە پەچە و پەچەپۆشین بم و بەردەوام وەک ڕەمزی جەبرێکی ئاینی کوشندە و خنکێنەر بیبینم، لەکاتێکدا لە ئەمستردام وەک تەعبیر لە ئیرادەیەکی ئازاد و هەڵبژاردنێکی ووشیارانە وێنایکەم. وەک دەبینن ئێمە لە هەدروو دۆخەکەدا لەبەردەم یەک سومبوڵداین، سیمبۆڵی خانمێکی پەچەپۆش، لەبەردەم یەک ڕۆشنبیریشدا، بەڵام تەوا و لەبەردەم دوو هەڵوێست و دوو مانا و دەلالەتی جیاوازداین. ئەم جیاوازییەش لە مانا و دەلالەتدا داوای دوو هەڵوێستی جیاواز لە ڕۆشنبیرێک دەکەن کە لەهەردوو دنیاکەدا ئامادەبێت. (حەزدەکەم ئەوەشتان پێبڵێم دواجار ئەو خانمە شکاتی کرد و لە دادگا سکاڵاکەی بردەوە و ئێستا وەک خانمێکی لەچک بەسەر لە مەحکەمەیەکی هۆڵەندی تاسەر ئێسقان عەلمانیدا دەستبەکارە).

وەک دەبینن هەر سیاقێکی تایبەت خوازیاری ئەرک و هەڵوێست و ڕاڤەکردنێکی تایبەتە و ڕۆشنبیرانیش تێیدا ئەرکی جیاواز و فرەچەشنیان لەسەرە. ڕۆشنبیران کوڕی کۆمەڵگاکانی خۆیانن و بەقەد جیاوازی ئەو کۆمەڵگایانەش ئەرکی جیاوازیان ڕووبەڕووە. بەبۆچوونی من کێشەکە کێشەی بوون یان نەبوونی ئەرکی جیاواز نییە، چونکە هەر کەسێک خۆی بە هەڵەدا نەبات دەزانێت ئەرکەکان جیاوازن، کێشەکە ئەوەیە داخۆ ئەو کارە سەرەکیانەی ڕۆشنبیر جێبەجێاندەکات چین؟ ڕۆشنبیر دەبێت چ کارێک بکات بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەری لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەبێت؟ دەبێت هەڵگری چ سیفەت و تایبەتمەندییەتیەک بێت و جیاوازی کاری ئەو و کەسێکی دی لەچیدایە؟

با لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە دەسەڵاتی ڕۆشنبیران دەسەڵاتێکی ڕەمزی و

مەعنەوی و ئەخلاقییە، نەک دەسەڵاتێک لەپشتییەوە چەک و تەقەمەنی و شیر و تیر ئامادەبێت. ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکە وابەستەی شوێن و جێی مەعنەوی و فیکری و مەعریفی ڕۆشنبیر خۆیەتی، نەک وابەستەی بوونی ئەو لە سێنتەری بڕیاردان و لوتکەی دەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا. کەوابوو دەسەڵاتی ڕۆشنبیر و دەسەڵاتی ئاغایەک و دەسەڵاتی سیاسیەک لەیەک جیاوازن. بەڵام داخۆ ئەم دەسەڵاتە ئەخلاقییە چۆن دروستدەبێت؟ پایەکانی ئەم دەسەڵاتە مەعنەوییە لەسەر چی بنیاددەنرێت و ڕۆشنبیر چۆن لە بوونەوەرێکی سادەوە دەبێتە بوونەوەرێکی خاوەن دەسەڵاتی مەعنەوی؟ بەباوەڕی من سەرچاوەکانی دەسەڵاتی ئەخلاقی و مەعنەوی ڕۆشنبیران لەناو ئەو بەرهەمە فیکرییانەدایە کە بەرهەمی دەهێنن، ڕۆشنبیران گەر دەسەڵاتیان هەبوو لەوێوە نایەت کە کوڕی فلانە یان فیسار خێزان و بنەماڵەن، سەر بە فلان حیزب و ڕێکخراوی سیاسین، بەرگریکەرن لە فلان یان فیسار ئایدیۆلۆژیا، خزمی فلان و فیسار سیاسی و سەرکردە و بازرگانن، ئەمانە دەشێت سەرچاوەی دەسەڵاتبن بۆ گروهە کۆمەڵیەتییەکانی دیکە، دەشێت ئەو کۆڵەکە گرنگانەبن کە دەسەڵاتی گروهێک لە گروهەکانی ناو کۆمەڵگای لەسەر بنیادبنرێت، بەڵام جیاوازی ڕۆشنبیران لەگەڵ ئەو گروهانەدا لەوەدایە کە دەسەڵاتی ڕۆشنبیران لەسەر ئەو شتانە بنیادنانرێت.
دەسەڵاتی هەر ڕۆشنبیرێک وابەستەی ئەوەیە ئەو ڕۆشنبیرە لە ڕووی فیکری و مەعریفی و هونەریی و ئەدەبییەوە چی بەرهەمهێناوە و چی بە کۆمەڵگا و کولتوور و جیهانی ڕەمزی ئەو سەردەمە بەخشیوە کە تێدا دەژی. دەسەڵاتی ڕۆشنبیران ئەو شێوەیەیە لە دەسەڵات کە سەرچاوەکەی لەناو کتێب و نووسین و داهێنانی فیکری و ئەدەبی و هونەرییدایە نەک لە دەرەوەیاندا. ڕۆشنبیر بۆئەوەی پایەکانی ئەم دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە بەهێزکات دەبێت بەر لە هەمووشتێک بنووسێت، بیربکاتەوە و بەناو سەرزەمینە سیحرییەکانی فیکر و ئەدەب و داهێناندا گەڕیدەبێت. ئەم گەڕیدەبوونەش جۆرێکی تایبەتی کارکردنە کە ئەنجامدانی مەحاڵە گەر هاتوو ڕۆشنبیر نەیتوانی لەناو کتێبخانە و ژوور و بەیازەکانی خۆیدا دانیشێت و بیربکاتەوە و بنووسێت. لەگەڵ دۆبرێدا جارێکی دیکە دەیڵێمەوە ئەرکی هەرە سەرەکی ڕۆشنبیر دانیشتنە لە ژوورەکەی خۆیدا بۆ بەرهەمهێنای فیکر و مەعریفەیەکی ڕاستەقینە، نەک چوونەدەرەوەی بەردەوام بۆ

سەر جادە و ئامادەبوونی لەناو بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەڵام داخۆ ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی ڕۆژئاواییە و نامۆیە بە کۆمەڵگای ئێمە یان لە هەناوی داخوازییە سەرەکییەکانی ئەم کۆمەڵگایەوە هەڵقولاوە؟

بە باوەڕی من ئەو کۆمەڵگایەی ڕۆشنبیرەکانی بەردەوام ناچارکات لەسەر جادەکان بن کۆمەڵگایەکە تاسەر ئێسقان نەخۆش و ئەوانەشی بەڕێوەی دەبەن تاقمێک دز و جەردە و پیاوکوژن. وەک ووتم، ڕۆشنبیران تەنها لەکاتێکدا دەچنە سەر جادە کە بەها هەرە سەرەکییەکانی ژیان و ئینسان ژێرپێخراپێت، کە دەستدرێژیکرابێتە سەر کەرامەتی ئینسانی و بێحورمەتی بەرامبەر بە بەهاکانی ژیانێکی ئاسودە کرابێت . ئەگەر کۆمەڵگایەک هەموو ڕۆژێک و هەموو ساتێک و بەبەردەوامی ئەم بەهایانە بخاتە ژێرپێیەوە و دەستدرێژی بکاتە سەر کەرامەتی ئینسانی ئەوکات پێویستی بە ڕۆشنبیران نییە، بەڵکو پێویستی بەوەیە هەموو کۆمەڵگا لەشوێنی خۆیەوە ڕاپەڕێت و ئەو دز و جەردە و پیاوکوژانە لەناوبەرن کە ئەم کارانە ئەنجامئەدەن و لەشوێنی ئەوانەشداسیستمێکی کراوە و ئینسانی و ژیاندۆست دروستکەن.

بێگومان مەبەستی من لەهێنانەوەی ئەو ڕایەی دۆبرێ ئەوە نییە بەرگری لەو بۆچوونە بکەم کە ڕۆشنبیر نابێت بەشداری چالاکییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسییەکان بکات و لە ژوورەکەی خۆیەوە لە دنیا و دیاردەکان ڕامێنێت. بەپێچەوانەوە مەبەستی من لەو بۆچوونە لێکجیاکردنەوەی دوو جۆر بوونەوەری جیاواز و دوو گروهی کۆمەڵایەتی جیاوازە لەیەکدی کە هەریەکێکیان ئەرک و کار و ڕۆڵی تایبەتی لەسەرشانە: مەبەستم جیاکردنەوەی ڕۆشنبیرانە لە ئەکتیڤیستە سیاسییەکان. ئەم جیاکردنەوەیەش کارێکی مەنهەجیە و لەسەر بنەمای کاری کۆمەڵایەتی جیاواز و و ڕۆڵی هەریەکێک لەم دوو گروهە جیاوازە دروستبووە. ئەگەر کاری سەرەکی ڕۆشنبیر بریتیبێت لە بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفە و ڕەمز ئەوا کاری ئەکتیڤیستی سیاسی بەشداربوون و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی نارەزاییە ڕۆژانەییەکانی کۆمەڵگایە. یەکەمیان لە فۆرمی نووسەردا بەرجەستەیە و دووهەمیان لە فۆرمی کادرێکی سیاسیدا.

ئێمە ناتوانین ئەم دوو بوونەوەرە بکەین بەیەک، هەر کۆمەڵگایەکیش بەم کارە هەڵسێت ئەوکات زەرەر لە هەردوکیان و لەخەڵک و لەخۆشی ئەدات. ئەم دوو

بوونەوەرە دوو بوونەوەری جیاوازن و هەردووکیان پێویستن بۆ بەردەوامی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحی کۆمەڵگا. بێگومان کاتێک من جەغد لەوە دەکەم کە نابێ ئەم دووانە بکەین بەیەک و نابێت ئەو سنوورانە تێکەڵکەین کە لێکدیان جیادەکاتەوە، دەشزانم کۆمەڵگا هەیە ئەوەندە بێڕێزی بەرامبەر بە ئینسان و بەهاکانی ژیان تێدایە کە ئەم لێکجیاکردنەوەیە دەکاتە لێکجیاکردنەوەیەکی ئیشکالی. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کۆتایی ئەم ئیشکالیەتە بەوە نایەت ڕۆشنبیر ناچارکەین بەردەوام لە ژوورەکەی خۆی بچێتە دەرەوە و کتێبخانەکەی بەجێبێڵێت و بەردبگرێتە پیاوخراپان. گەر ڕۆشنبیران کاریان بوو بەمە ئیدی کێ فیکر بەرهەمبهێنێت، کێ ئەگەرە نادیارەکانی ناو واقیع ئاشکراکات، کێ جیهان لەئاستی تیوری و فیکریدا بەرهەمبهێنێتەوە، کێ ئاسۆکانی ڕوانین و بەرهەمهێنانی مانا فراوانکات، کێ تام و چێژ و هەستی ئیستاتیکی کۆمەڵگا بگۆڕێت، کێ زمان تازەکاتەوە و بەم تازەکردنەوەیەش سنوورەکانی بیرکردنەوە فراوانترکات. هەموومان دەزانین جیهانێک پێشتر تەفسیرنەکرابێت و بەوردی نەخوێندرابێتە و تەواو ڕاڤە نەکرابێت ناتوانین بیگۆڕین. ئێمە کاتێک دەتوانین جیهان بەرەو ئاستێکی پێشکەوتوتر و گەشەسەندوتر و پەرەسەندوتر بەرین کە پێشوەخت خوێندبێتمانەوە و ئەگەرە نادیارەکانی ناویمان دەستنیشانکردبێت و جومگە تاریکەکانیمان ڕووناککردبێتەوە. لەم ڕوانگەیەوەیە من بەگریەکی تەاو لەو بۆچوونە دەکەم کە دەڵێت شوێنی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیران ناو ژوور و کتێبخانە تایبەت و گشتییەکانە، ئەو کۆمەڵگایەشی ئەم شێوە ژیانە لە ڕۆشنبیرەکانی دەسێنێتەوە و ناچاریان دەکات بەردەوام لەسەرجادەبن و بەڕۆژی نیوەڕۆ هەموویان دەکاتە ئەکتیڤیستی سیاسی ،کۆمەڵگایەکی نەخۆشە و پێویستی بە گۆڕانی ڕادیکاڵ و شۆڕشی کۆمەڵایەتی و توورەبوونێکی بێسنوور هەیە. وەک دەبینن جیاکردنەوەی کاری ڕۆشنبیران لە کاری گروهەکانی دیکە دەرەنجامی دیدێکی میتۆدی و کۆمەڵایەتی و فیکری دیاریکراوە و وابەستەی ئەو شێوازی کارکردن و ئەرکانەیە کە ڕۆشنبیران پێویستە جێبەجێیکەن، نەک داهێنراوێکی ئەوروپی یان ڕۆژئاوایی. لەم سیاقەشدا پێوەری جیاکردنەوەی ڕۆشنبیر لە یەکێکی دی پێوەری ئازایەتی و دڵفراوانی و ئامادەگی گیانفیدایی نییە، بەڵکو توانایەتی لەسەر داهێنان و تازەکردنەوە و بەرهەمهێنانی فیکری و

ئەدەبی و هونەری.
وەک ووتم ئەم بۆچوونە مانای ئەوە نییە ڕۆشنبیران نابێت بچنە سەر جادە، نابێت بەشداربن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا و نابێت بەشێک بن لە دەربڕینی نارەزاییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان. من هەرگیز ئەم ڕایە ناسەلمێنم و هەرگیز باوەڕی خۆمی پێنابەخشم، بەڵام ناشیشارمەوە ئەم بەشداربوونە بە کاری سەرکی ڕۆشنبیران نازانم. ڕۆشنبیران بۆئەوەی بتوانن لەسەر جادەکان کاریگەریان هەبێت دەبێت پێشوەخت ئەوەندەیان فیکر و مەعریفە و داهێنان بەرهەمهێنابێت قورساییەکی مەعنەوییان پەیداکردبێت و لەڕێی بەشداربوونیانەوە لە خۆپیشاندانەکاندا قورساییە مەعنەویە ببەخشنە خۆپیشاندانەکان، دەنا بەشداربوونی ئەوان و بەشداربوونی کەسێکی دیکە، کە پێی ناگوترێت ڕۆشنبیر، چ جیاوازییەکی هەیە. چوونە سەرجادەی ڕۆشنبیران دەبێت چوونە سەرجادەی دەسەڵاتێکی ڕەمزی تایبەت و هێزێکی مەعنەویبێت کە خۆپیشاندانەکان پێویستیان پێیەتی، دەنا بەشداربوونی ڕۆشنبیرێکی بێ سەرمایەی ڕەمزی و بێ قورساییەکی فیکری و مەعنەوی چ شتێک دەخاتە سەر خودی خۆپیشاندان و نارەزاییەکان کە دەشێت لە دەرەوەی ڕۆشنبیراندا ئەنجامبدرێن. بە کورتی و بە کوردی ئەرکی هەرەسەرەکی و هەرە گرنگی ڕۆشنبیران بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفەیەکی ڕەخنەییە، هەموو شتەکانی دیکەش دوای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە سەرەکیە دێن و لەڕاستیدا درێژکراوەی ئەو ئەرکە سەرەکیەن نەک ئەلتەرناتیڤی ئەو ئەرکە.
ئەوەی کە داوای ئامادەگی بەردەوامی ڕۆشنبیران دەکات لەسەر جادە کەسێکە ڕۆشنبیر وەک بانگبێژێکی ئایدیۆلۆژی دەبینێت. ئەم بانگبێژە دەخوازێت ڕۆشنبیر بچێتە سەرجادە و لەوێدا ئایدیۆلۆژیایەکی تەواو بەرهەمهێنراو و لەقاڵبدراو و پاککراوی پێبێت و بەخەڵکی بدات. یان لانیکەم چوونە سەرجادەی ڕۆشنبیر هێمابێت بۆ چوونە سەرجادەی حیزبێک یان ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، نەک چوونە سەرجادەی دەسەڵاتێکی مەعنەوی کە ڕەگەکانی لەناو بەرهەمهێنانێکی فیکری و مەعریفی و هونەریدا بێت. بەبۆچونی من ڕۆشنبیران دەبێت لە خەمی ئەوەدابن کە دەسەڵاتێکی مەعنەوی بۆخۆیان دروستکەن، نەک دەسەڵاتەکەیان بەردەوامی و درێژکراوەی دەسەڵاتێکبێت لەدەرەوەی کاری

فیکری و هونەری و مەعریفیدا. ڕۆشنبیران دەبێت خودی مەعریفە و کاری مەعریفی و داهێنان بکەنە سەرمایەی ڕەمزی خۆیان و لە دەرگاکانی ئەم سەرمایەیەوە بچنە دەرەوە بۆ سەر جادەکان، نەک لە ئینتیمایانەوە بۆ ئەم یان ئەو ئایدیۆلۆژیا، فلان یان فیسار حیزب، ئەم دەستە و تاقمی سیاسی یان ئەویدیان، ئەم یان ئەو خێڵ و خێزان و بنەماڵە. بەبۆچوونی من قۆناغی ڕۆشنبیر وەک بانگبێژێکی ئایدیۆلۆژی کۆتایی هاتوە، یان ئەو قۆناغەی کە ڕۆشنبیر تێیدا ڕۆڵی خەتیبێکی کۆمەڵایەتی دەبینی و قسەکانی وەک خوتبەی ڕۆژانی هەینی گێڕانەوەی حیکایەتێکی پێشتر نووسراوی ناو کتێبێک لە کتێبە ئایدیۆلۆژیەکان بوو، بەسەرچووە. ڕۆشنبیر بە پلەی یەکەم مەحکومە بەوەی فیکر بەرهەمبهێنێت، فیکرێک بتوانێت ڕەخنەگرانە لە واقیع رامێنێت و ئەو ئەگەرە نادیارانەی لە هەناویدان بدۆزێتەوە و بەم کارەشی دەلاقەیەکی فراوان بۆ گۆڕان بکاتەوە. مەحاڵە ئەم ئەرکەش جێبەجێکرێت گەر هاتوو ڕۆشنبیر نەیتوانی لەژوورەکەیدا دانیشێت و کاری میتۆدیانە نەکات. جارێکی دیکە دەیڵێمەوە دەبێت ڕۆشنبیر و ئەکتیڤیستی سیاسی و بانگبێژی ئایدیۆلۆژی تێکەڵنەکەین، ئەمانە کەس و گروهـ و تاقمی جیاوازن، کەسیان لەویدیکەیان باشتر یان خراپتر نییە، هەموو واقیعێک پێویستی بەهەریەکێک لەمانەیە، ئەوەی گرنگە ئاگاداربوونمانە لەو ڕاستییەی کە ئەرکی هەریەکێک لەم هێزانە لەویتریان جیاوازە و هەریەکێکیان چمکێکی دیاریکراوی کاری کۆمەڵایەتی بەدەستەوەیە و هەریەکێکیان بە بەشێکی گۆڕانی جیهانەوە سەقاڵە.

ڕۆشنبیران کاتێک لە شوێنە گشتییەکانیشدا بۆ بەرگریکردن لە مەسەلەیەک لە مەسەلەکان دەردەکەون، ئەوان وەک سیاسییەک دەرناکەون، یان وەک واعیزێکی ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژی، ئەوان وەک ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی دەردەکەون کە پشتئەستوور بە سەرمایەکی ڕەمزی ڕەخنەیی ناڕەزاییەکی ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەردەبڕن.

وەک دوا خاڵیش دەخوازم لێرەدا جیاوازییەک لەنێوان "کاری ڕۆشنبیر" و "ڕۆڵی ڕۆشنبیر" دا بکەم. بەبۆچوونی من "کار" ی ڕۆشنبیر بریتییە لە بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفەیەکی ڕەخنەیی، وەک چۆن کاری دارتاشێک ، بۆ نموونە، بریتییە لەبەرهەمهێنانی دەرگا و پەنجەرە و کورسی و مێز ی تەختە. هەرچی "ڕۆڵ" ی

ڕۆشنبیره بریتییه له کۆی ئەو بەشدارییه کۆمەڵایەتییه عەمەلییانەی که دەکەونه دەرەوەی ژوور و دەرەوەی کتێبخانەکەیەوه و له جەوهەردا ڕۆڵێکه دەربڕی نارەزاییەکی ڕەخنەییه دەربارەی ئەو کێشه سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی له سەردەمێکی تایبەتدا ڕووبەڕووی کۆمەڵگایەک دەبێتەوه. ئێمه دەبێت ڕۆشنبیر چەند لەسەر ڕۆڵه کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی موحاکەمه دەکەین، بەهەمانئەندازه و بگره زیاتریش لەسەر کار و بەرهەم و چالاکییه فیکرییەکانی لێیبپرسینەوه، ڕۆشنبیر چەند ناچاره کۆمەڵێک ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبێت، دە ئەوەندە زیاتر ناچاره ئەرکه فیکری و مەعریفییەکانی جێبەجێکات. جێبەجێکردنی ئەرکه فیکری و مەعریفییەکانیش مەحاڵه بەبێ دانیشتن له ژوورەکەیدا و نووقمبوون لەناو کتێب و فیکر و مەنهەج و تێز و تیوره جیاجیاکاندا. ئەو کۆمەڵگایەی ژوورێک و کتێبخانەیەک و دەفتەرێک به ڕۆشنبیرەکانی ڕەوا نەبینێت و بەردەوام ناچاریانکات بچنه سەرجادەکان کۆمەڵگایەکه، لەهەرشوێنێکی زەویدابێت، له ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا، له باکوری گۆی زەوی یان باشوری، نەخۆشه و پێویستی به دەسکارییەکی ڕادیکاڵ و هەمەلایەن هەیه.

پرسیار: ڕۆشنبیر کەسێکه ڕۆحێکی سەربەخۆی هەیه و مەیلێکی ڕەخنەگرانه و ڕەوشتێکی نارازیکاری هەیه و داوای فراوانکردنی ڕووبەرەکانی ئازادی دەکات. بەڵام بەم مانایه له کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم جۆره له ڕۆشنبیارن ژمارەیان زۆر کەمه لەچاو بارستایی و قورسایی ئەو ئەرکه مێژووییه گەورانەی لەسەرشانیانه، هەروەها لەچاو ئەو سنووره گەوره و داخراوانەی کۆمەڵگای تەقلیدی ئێمەیان کۆتکردوه.
بەبۆچوونی تۆ ئایا ئەو ژمارە کەمەی ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر دەتوانن له کۆمەڵگایەکی ئاوادا ڕۆڵێکی ئەکتیف ببینن و کاریگەریان له بزواندنی واقیع و ستراکتوورەکانی واقیعدا هەبێت؟ ئایا جگه له ڕۆشنبیران توێژی ئەکتیڤی دیکه هەن که کاریگەرییەکانی مۆدێرنه له دنیای ئێمەدا بەرهەمبهێنابن و بتوانن ڕۆڵێک لەو گۆڕانکاریانەدا ببینن؟ یاخود مەسەلەکه تەواو بەپێچەوانەوەیه و وەک فەیلەسوفی گەورەی لوبنانی عەلی حەرب دەڵێت ڕۆشنبیران چیدی ئەو توێژه

ئەکتیڤە نین چارەسەر بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان دابنێن و چیتر ئەوان کلیلی سیحریی چارەسەرەکانیان لە گیرفاندا نییە؟

وەڵام: بێگومان لەهیچ قۆناغێکی مێژوودا هیچ گروهێکی کۆمەڵایەتی کلیلی سیحری چارەسەرکردنی کێشەکانی پێنەبووە و پێنییە و پێنابێ و هیچ هێزێک نییە بتوانێت بە (کون فە یەکونێک) کێشەکان چارەسەرکات. هیچ هێزێک نییە پێشوەخت نەخشەی هەموو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی لە گیرفاندابێت و سەد در سەد بزانێت ئەو چارەسەرانە چین و چۆن لە واقیعدا پیادەدەکرێن. تێزەی ئەوەی گوایە گروهێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی دیاریکراو هەڵگری کلیلێکی سیحرییە و دەزانێت مێژوو ڕووداوەکان ڕوویان لە کوێیە و چارەسەرەکانیان چین و چۆنن، لە جەوهەردا تێزێکی ئاینی و دواتر پۆزەتیڤیستی و لە کۆتایشدا مارکسیستانەیە. من لێرەدا باسی کلیلە سیحرییەکانی ئاین و دیدی ئاینی ناکەم کە تا دەرگایەکمان بۆدەکەنەوە سەدەها دەرگامان لەسەر دادەخەن و دەخوازن ژیانمان لەنێوان کۆمەڵێک پرنسیپی ئەخلاقی و ئامۆژگاری و بەها و وەعزی ئاینی بەرتەسکدا زیندانکات. ڕەخنە لە ئاین لە کۆمەڵگای ئێمەدا مێژوویەکی درێژی هەیە و ناڕەزایی ئینسانی ئێمە بەرامبەر بەم کلیلە سیحرییە لەسەردەمانی مەحوی و حاجی قادری کۆییەوە ئامادەیە. من لێرەدا دەخوازم کەمەکێک باسی دوو لایەنەکەی دیکە و کلیلە سیحرییە عەلمانییەکان بکەم. لە فیکری تازەدا ئۆگست کۆنت یەکێکە لەو کەسانەی کە پێیوابوو خاونی تیورەیەکە کە ڕابووردو و ئێستا و ئایندەی مرۆڤایەتی لێکداوەتەوە و ڕاستەوخۆ دەزانێت کێشەکان چین و چارەسەرەکان کامانەن و کەی و لەکوێشدا شتەکان ڕوودەدەن. ئەم پیاوە، کە بێگومان فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکی گەورەیە، لەم ڕووەوە ئەوەندە کاڵفام بوو، کاتێک کە شۆڕشی ١٨٤٨ لە فەرەنسا ڕوویدەدا و خەڵک دوو کۆڵان لەولای ماڵەکەیەوە لە ڕاپەڕیندابوون، ئەو ڕازینەبوو لە ژوورەکەی بچێتە دەرەوە و تەماشای یاخیبوون و ڕاپەڕینەکان بکات. ئەو پێیوابوو زۆر لەمێژە لەو تیورانەدا کە دەربارەی مێژووی مرۆڤایەتی بەرهەمیهێناون پێشبینی ئەو ڕووداوانەی کردوە و مێژوو هیچی نوێی نییە ئەو لە کتێبەکانی خۆیدا کەشفی نەکردبێ و پێشوەخت پەی پێنەبردبێت. لای ئۆگست کۆنت پۆزەتیڤیزم کلیلی سیحری کردنەوەی هەموو دەرگاکانی مێژووە و ڕووداوەکان جگە لە تێپەڕین

بەناو کتێبەکانی ئەودا هیچ ڕێگایەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەماوەتەوە.
ئەم دیدە پۆزەتیڤیستییە بۆ مێژوو و ڕووداو و چارەسەرەکانی، وەک یەکێک لە وەهمە گەورەکانی مۆدێرنە، دواتر بە میرات بۆ بەشێکی گەورەی فیکری دوای ئۆگست کۆنت مایەوە، لەوانەش مارکسیزم ، بەتایبەتی مارکسیزمی دوای مارکس خۆی. ئەم دڵنیاییە لەوەی کە دشێت پێشبینی ڕووداوەکان بکرێ و تیورەیەک هەبێت بتوانێت هەموو نهێنییەکانی مێژوومان بخاتە بەردەست و گروهێک هەبێت کە هەموو ڕاستییەکان و چاوەڕوانییەکانی لەناودەستدایە، دواتر دەبێتە دۆگمێکی ئەوەندە گەورە و کوشندە کە هەموو مارکسییەکی نومرە دەش وایدەزانی مێژوو بەپێی نەخشە و ویست و خەیاڵ و فانتازییە تیورییەکانی ئەو دەچێت بەڕێوە. کەم مارکسی هەبوون وایان نەزانینبێت کە کلیلی کرانەوەی هەموو دەرگاکانیان پێییە و چارەسەری هەموو کێشەکانی مێژووش پێشوەخت نەزانن. هاوڕێییەکی مارکسیم بۆی گێڕامەوە لە کۆتایی هەفتاکاندا وەک گەنجێک لەگەڵ باوکیدا دەبێت بە دەمەقاڵەی و زۆر تووڕەدەبێت، لەوکاتەدا کە بڕیار ئەدات ماڵ بەجێبێڵێت و دەرگای حەوشەکە لەدوای خۆیەوە دادەخات بە باوکی دەڵێت: قەیناکات، هەمووی چەند مانگێکی دیکەیە و ئیدی هەم موڵکیەتی تایبەت و هەم خێزان و هەم دەوڵەت کۆتاییانپێدێت. بێگومان باوکی ئەو هاوڕێیەم تێناگات کوڕەکەی چیدەڵێت، بەڵام ترسێکی زۆری لا دروستدەبێت لەوەی کە شێت بووبێت.
بەبۆچوونی من باڵادەستی ئەم دیدە بۆ فیکر و بۆ مێژوو و بۆ پێشبینیکردنی ڕووداوەکان، لە پەیوەندیدا بە ڕۆشنبیرانەوە، بووە هۆی ئەوەی وێناکردنێک بۆ ڕۆشنبیر بێتەکایەوە کە یەکسانیکات بەو پێغەمبەرەی کە دەزانێت کەی و چی و لەکوێدا ڕوودەدەن و چ ئاراستەیەک وەردەگرن. هەر لە قوڵایی ئەم دیدەشدا ئەو وێناکردنە ئامادەیە کە پێیوایە ڕۆشنبیر هەڵگری کلیکێکی سیحرییە و دەتوانێت هەموو دەرگا داخراوەکانی ناو واقیعی خۆی و کۆمەڵگاکانی دیکەش بکاتەوە. بەبۆچوونی من ئەم دیدە بۆ ڕۆشنبیر و کار و توانای ڕۆشنبیران لەمێژە کۆتاییان پێهاتوە و لە شەستەکانەوە بەشێکی گرنگی فیکری هاوچەرخ لەسەر ناڕاستی و نادروستی ئەم دیدە بۆ مەسەلەی ڕۆشنبیر و ڕۆڵ و توانای ڕۆشنبیران دەدوێت. بۆ نموونە، فۆکۆ ئەو ڕاستییەمان

نیشانئەدات کە کە تێزەی ڕۆشنبیری گەردونی، ڕۆشنبیرێک بۆ هەموو کۆمەڵگاکان و لە کۆمەڵگایەکیشدا لەباتی هەمووان و بۆ هەمووان و بەناوی هەمووانەوە بدوێت، کۆتایی پێهاتووە و ڕۆژگاری بەسەرچووە. ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین کە ڕۆشنبیری تایبەتی تێدادەژی، ڕۆشنبیری تایبەت بەو مانایەی ئەم ڕۆشنبیرە هەرجارە و خۆی بەیەکێک لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریکدەکات و بەهۆیەوە کۆمەڵگا تەرجەمەدەکات بۆ کۆمەڵێک کێشەی تایبەت و چیدی بە موجەڕەدی بەناوی هەموو کۆمەڵگاو و لەباتی هەموو کۆمەڵگا نادوێت. هەر لەم سیاقەدا دەشێت پێ لەسەر ئەو پێدراوە فیکرییە داگرین کە مەعریفە و هەقیقەت لە دەسەڵات جیاناکاتەوە، کەواتە ڕۆشنبیرانیش وەک هەر هێزێکی کۆمەڵایەتی دیکە لە چوارچێوەی گوتارێکی تایبەتی هێز و دەسەڵاتدا کاردەکەن و بەهیچ مانایەک ڕۆشنبیران لەدەرەوەی گوتاری دەسەڵاتدا نین و کایەی ڕۆشنبیریش، وەک بۆردیۆ دەڵێت، کایەیەکە لەناو خۆیدا لێوانلێوە لە کێشە و گرفت و ململانێی توندی نێوان گروهە فیکری و ڕۆشنبیرییە جیاجیاکان. لای کەسێکی وەک هابرمازیش هەقیقەت شتێکە دوای گفتوگۆ و پەیوەندی و دیالۆگی بەردەوامی نێوان هێزەکان دروستدەبێت، هەقیقەت پێدراوێکی بابەتی نییە و ڕۆشنبیرێک بێت و بیدۆزێتەوە و پێمانیبڵێت، هەقیقەت بەرهەمی دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی ئەقلانیانەیە کە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەژێر پەیوەندییەکی تایبەتی هێز و دەسەڵاتدا تێیدا بەشدارن. بەم بۆچوونەش هابرماز موتڵەقیەت لەو زانیارییانە دەسێنێتەوە کە ڕۆشنبیران هەڵگریانن و دەیانکاتە یەکێک لەو زانیاریانەی کە دەچنە پرۆسەی موفاوەزاتکردنێکی کۆمەڵایەتی و فیکری و عەقلانییەوە لەگەڵ زانیاری هێز و بکەرە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا. بەم شێوەیە هەقیقەت دەبێتە دەرەنجامی ئاڵوگۆڕی ئەرگومێنتی عەقلانی نێوان ئەو هێزانە و پێشوەخت لە گیرفانی هیچ ڕۆشنبیر و هێز و گروهێکدا نییە. وەک دەبینین لەم بۆچونانەدا ڕۆشنبیر چیدی ئەو کەسە نییە کە هەموو هەقیقەتەکان دەزانێت و کلیلی کردنەوەی هەموو دەرگا داخراو و نەبینراو و نەدۆزراوەکانی ناو واقیعی لەگیرفاندابێت. ڕۆشنبیر هەڵگری مەعریفەیەکە لەپاڵ مەعریفەکانی دیکەدا و کەسێکە ئامادەیە بچێتە پرۆسەی گۆڕینەوەی ئەرگومێنت و دیالۆگێکی ڕەخنەییەوە.

بەڵام ئەم بۆچوونانە مانای ئەوە نییە کە ئەرکی ڕۆشنبیران ڕێک وەک ئەرکی هەر کەسێکی دیکەی ناو کۆمەڵگایە. فۆکۆ کە باس لە کۆتایی ڕۆشنبیری یونیڤێرساڵی و گەردونی دەکات، لەهەمانکاتدا باس لە ڕۆشنبیری لۆکاڵی و گرێدراو بە کێشە تایبەتەکانەوە دەکات، ئەو خۆی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا کاری گەورەی لەسەر کێشەی جیاجیا کردوە و لەم ڕووەوە، لەدوای سارتەرەوە، یەکێک لە مولتەزیمترین فەیلەسوفە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی بیستەمە. بەڵام فۆکۆ خۆی بە پێغەمبەری کۆمەڵگای فەرەنسی نەدەزانی و هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووە کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەو کۆمەڵگایەی پێیە و لەژوورەکەی خۆیەوە دەتوانێت بڕیار بدات چی باشە بۆ کرێکارانی فەرەنسی و چی باشە بۆ ژنان و چی باشە بۆ کۆچبەران و چی باشە بۆ جوتیاران و بۆ قوتابیان و هتد... لەڕاستیدا کەسێک کەمەکێک ڕێزی فیکر و مەعریفە و خودی ئەو هێزانە بگرێت کە گوایە بەرگریان لێدەکات، ئامادە نییە ببێتە دەمڕاستی هەموویان و لەباتی هەمووان و بەناوی هەموونەوە بدوێت. ئەو جۆرە کەسانەی دەخوازن ببنە دەمڕاستی هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکان و بەناوی هەمووان و لەباتی هەمووان بدوێن، جگە لە دیکتاتۆرێکی خراپ شتێکی دیکە نین. ڕۆشنبیر بەناوی کەسەوە نادوێت، بەڵام هەوڵی هاتنەکایەی هەلومەرجێکی وا ئەدات کە هەمووان تێیدا مافی قسەکردن و توانای قسەرکدنیان هەبێت.

ئەوەی من لە ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر تێگەیشتوم پاوانکردنی هەقیقەت نییە و قسەکردنیش نییە بەناوی هەقیقەتێکەوە کە یەکەمین و دواهەمین و تاقە هەقیقەتبێت، من پێموایە ڕۆڵی ڕۆشنبیر بریتییە لە کارکردن بۆ هێنانە کایەی هەلومەرجێکی کراوە کە تێیدا لەسەرێکەوە کۆمەڵگا و هێزەکانی ناوی توانای بەرهەمهێنانی هەقیقەتی جیاوازیان هەبێت، لەسەرێکی دیکەوە توانای دیالۆگکردن و گۆڕینەوەی ئەو هەقیقەتانەیان لەگەڵ یەکدا هەبێت. کاری سەرەکی ڕۆشنبیر بەرهەمهێنانی مانا نییە، بەڵکو خولقاندنی هەلومەرجێکی کراوەی بەرهەمهێنانی مانایە بۆ هەر هێزێکی کۆمەڵایەتی. بەڵام هەموو ئەمانە لە چوارچێوەیەکی کراوەی گۆڕینەوەی عەقڵانی ئەرگومێنت و دیالۆگێکی فیکری کراوەدا.

لێرەوە ئەگەر لەسەر ئەو خاڵە ڕێکەوتین کە ڕۆڵی ڕۆشنبیران تا ڕادەیەکی زۆر

بریتیبێت لە هەوڵدان بۆ هێنانەکایەی هەلومەرجێکی کراوە بۆ بەرهەمهێنانی مانا، ئەوکات هەر هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەشێت توانای بەرهەمهێنانی مانای تایبەت بەخۆی هەبێت و ئەو مانایانەش لە مەجالی گشتی کۆمەڵگادا و لەڕێگەی دیالۆگێکی عەقڵانییەوە ئەرگومێنتەکانی ئاڵگۆڕکات. لەدۆخێکی وادا هەموو ئەو هێزانەی دیکەش کە مۆدێرنە بەرهەمیاندەهێنێت دەکرێت ئەکتیڤانە ئامادەی ناو ئەم گۆڕینەوە بەرفراوانەی ئەرگومێنتە فیکری و ئەخلاقی و عەقلانییەکان بن و لەشوێنی خۆیانەوە هێزێکی گەورە و لەبن نەهاتوو بە دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسی ئەو کۆمەڵگایە بدەن. لەم چوارچێوەیەدا هەر هێزێک لە هێزەکان بەخۆی و هەقیقەتی خۆیەوە دێتە ناو ئەو فەزا گشتییە و دەکەوێتە دیالۆگەوە لەگەڵ هەقیقەتەکانی دیکەدا. وەک ئاشکرایە لە هەلومەرجێکی لەو بابەتەدا کاری ڕۆشنبیران ئەوە نییە لەباتی هەمووان و بۆ هەمووان و بەناوی هەمووانەوە بدوێن، بەپێچەوانەوە ئەرکی ڕۆشنبیران لێرەدا دەبێتە پاسەوانکردن و پاراستنی بنەماکانی ئەو چوارچێوە کراوەیە بۆ گۆڕینەوەی ئەرگومێنت و ڕاو بۆچوون و هەقیقەتی جیاواز.

بێگومان خۆمان بەهەڵەدا دەبەین گەر وامانزانی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو چوارچێوەیە ئامادەیە و کاری ڕۆشنبیرانی ئێمە بریتییە لە پاراستنی. نا... لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو چوارچێوەیە نەک ئامادە نییە، بەڵکو تا ئەم ساتەش بەردەوام ڕێ بە دروستبوون و هاتنەکایە و کارکردنی دەگیرێت. لێرەوە شەڕی سەرەکی ڕۆشنبیرانی ئێمە بریتییە لە شەڕی بیناکردن و هێنانەکایەی ئەو چوارچێوە گشتییە کراوەیە بۆ گۆڕینەوەی هەقیقەتی جیاواز. ئەم شەڕەش لە کۆمەڵگای ئێمەدا شەڕێکە بۆ بنیادنان و بەرقەرارکردنی پایەکانی دیموکراسیەت. بێگومان شەڕکردن بۆ بنیادنانی چوارچێوەیەکی دیموکراسی زۆر جیاوازە لە شەڕکردنی دوای ئامادەگی ئەو چوارچێوەیە. شەڕە فیکری و فەلسەفییەکانی کەسانێکی وەک فۆکۆ و هابرماز و تایلەر و چەندانی تر شەڕی ناو چوارچێوەکانی دیموکراسیەت خۆیەتی، هابرماز داوای کۆتاییهاتنی مانا کولتوورییەکانی نەتەوە دەکات و دەخوازێت شووناسی نەتەوەیی بەهیچ مانایەک شووناسێکی کولتووری نەبێت، هابرماز پێیوایە بناغە و پایەکانی نەتەوەی هاوچەرخ کولتووری ئەتنی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک پرنسیپی سیاسییە کە لە

دەستورێکی دیموکراسیدا جێنشینە و بۆتە چوارچێوەی کۆبوونەوەی هەموو هێزەکانی ناو کۆمەڵگایەک. فۆکۆ داوای فراوانکردنی چوارچێوەکانی شووناس دەکات و تەواو دژ بە سەپاندنی هەموو ئەو شووناسە دەرەکییانەیە کە زات خۆی بەشدارنییە لە هەڵبژاردن و دروستکردن و پیادەکردنیاندا، تایلەر کە قسە لە کۆمەڵگای فرە ـ کولتووری دەکات بەرگرییەکی تەواو لە مافی گروهە ئەتنی و کولتوورییەکان دەکات بۆ پاراستنی ئەو بوونە کولتوورییەی ئەو گروهانە بە خۆیانی ئەدەن و دیموکراسیەت لەدیدی ئەم فەیلەسوفەدا لە هەناوی ئەم ئیعتیرافە کولتوورییەدا دەبینێت. بەڵام بە نیسبەت ئێمەوە کە شەڕی بنیادنانی چوارچێوەیەکی دیموکراسیانە دەکەین بۆ کۆمەڵگای کوردی، پێویستمان بە وردکردنەوەی کێشەکانی خۆمان هەیە بۆ کۆی ئەو کێشە لۆکاڵیانەی ڕۆژانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دێنەکایەوە و تائێستاش بەشێوەیەکی نادیموکراسییانە چارەسەردەکرێن یان دەچەپێنرێن و بێدەنگ دەکرێن.
بەبۆچوونی من یەکەمینشتێک دەبێت لەم سیاقەدا وازیلێبهێنین ئەو بۆچونەیە کە دەڵێت دەبێت چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانمان هەڵگرین بۆ دوای سەرکەوتن و ناکۆکی سەرەکی ئێمە لە ئێستادا لەگەڵ داگیرکەراندایە. ئەم ڕستەیە چەند خۆی لۆژیکیانە نیشانئەدات و چەند دەخوازێت وەک پێدراوێکی مەنتیقی ئامادەبێت، بەڵام لەپشتییەوە ئەو دید و سیاسەت و کورتبینیە ئامادەیە کە نایەوێت ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە کراوەیە ئامادەبێت کە باسمکرد. کێشەی ساغکردنەوەی ناکۆکی سەرەکی و لاوەکی لەگەڵ داگیرکەراندا بەوەدەکرێت کە تۆ چوارچێوەیەکی کراوە و دیموکراسییانەت بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا پێبێت، چوارچێوەیەک جیاوازبێت لەوەی داگیرکەران پێیانە. ئەگەر ئێمە دەخوازین هەمان چوارچێوەی داگیرکەران بنیادنێینەوە و هەمان دنیا فۆتۆکۆپی کەین، ئیدی خەبات بۆ دەکەین، خەڵک ژیانی خۆیان بۆ ببەخشن و ئەم هەموو قوربانییە بۆ بدەین. کەس ناتوانێت قەناعەتمان بەوە پێبێنێت کە خەڵکی ئێمە بەدرێژایی مێژوو خۆیان بۆیە بە کوشتداوە بۆ ئەوەی ئەفسەرێکی ئاسایشی بەعس بە ئەفسەرێکی ئاسایشی کوردی بگۆڕنەوە. کۆمەڵگای ئێمە دنیایەکی دەوێت، کراوەتر، دیموکراسیتر، عەدالەتتر و ئینسانیتر لەوەی لە داگیرکەرانەوە بۆی ماوەتەوە. ئەمانەش مەحاڵن بەبێ بنیادنانی ئەو چوارچێوە

گشتییە کراوەیەی من پێشتر هێمام پێکرد، ئەو چوارچێوەیەش مەحاڵە دروستکرێت بەبێ خەباتێکی کۆمەڵایەتی بێوچان و بەبێ بەگژاچوونەوەیەکی ڕۆژانەی هەموو ئەو دیاردە و فیکر و عەقڵییەتانەی ڕێ لەهاتنەکایە و دروستبوونی ئەم چوارچێوەیە دەگرن. گۆڕانی ستراکتورە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسی و کولتوورییەکان لەم خاڵەوە دەستپێدەکات، لەو ململانێ ڕۆژانەییانەوە کە لەناو هەناوی ستراکتورە تەقلیدیەکاندا بەرپادەکرێت و لەو شەڕە مەوقیعیانەوە کە هێزەکان لەگەڵ یەکدیدا و لەگەڵ کۆمەڵگادا وەک گشتێک دەیکەن. لەم پرۆسەیەدا ڕۆشنبیران دەتوانن کاریگەری گەورە و گرنگ ببینن، بۆئەوەی ئەم ڕۆڵەش ببینن یەکەمینشتێک کە پێویستیان پێیەتی ڕۆحیەتێکی ڕەخنەیی بێئامان و نەترس و بێشەرمە. ناونانی شتەکانە وەک خۆیان و نەترسان لەو تۆمەت و بوختان و خراپەکارییانەی دەشێت بەرامبەریان بکرێت، هەنگاوی یەکەمی بینینی ئەم ڕۆڵەیە. بێگومان ئەم کارە لە کوردستانی ئەمڕۆدا زۆر زەحمەتە، سیستمی سیاسی باڵادەست لە کوردستاندا نەک تەنها بەشی هەرە زۆری توانای سەربەخۆبوونی لە ڕۆشنبیران سەندۆتەوە، بەڵکو لە خودی کۆمەڵگای کوردیشی سەندۆتەوە. ئەمڕۆ بەشێکی گەورەی ڕۆشنبیرانی ئێمە فەرمانبەر و کارمەند و باش کاتبی نێو دەزگای حیزبەکانن، بەپێی گۆڕانە وەرزییەکانی سیاسەتی حیزبەکان دەنووسن و بیردەکەنەوە و ڕۆڵدەبینن.

گەر ئەو چوارچێوە کراوەیەی گۆڕینەوەی ئەرگومێنت و بۆچوون و هەقیقەت نەبوو کە پێشتر باسمانکرد، ئەوکات نەک ڕۆشنبیران ناتوانن ڕۆڵیان هەبێت، بەڵکو کۆی ئەو هێزە تازانەی دیکەش کە مۆدێرنە دروستکیردون و دروستیان دەکات ککاریگەریان نابێت. لێرەوە مەسەلە ئەوە نییە داخۆ گروهی بچووکی ڕۆشنبیران دەتوانن یان دەیانەوێت واقیع بگۆڕن یان نا، مەسەلە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، بەتایبەتی هێزە سیاسییەکانی، دەخوازێت هەم خۆی بگۆڕێت و هەم هەلی گۆڕینی کۆمەڵایەتیش بە هێزەکانی دیکە بدات. بێگومان هیچ کۆمەڵگایەک لە دنیادا نییە بە کۆششی ژمارەیەکی بچووک لە ڕۆشنبیران بگۆڕێت، گۆڕان پێویستی بە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی هەیە و پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسی ڕاستەقینە هەیە کە بیەوێت هەم خۆی بگۆڕێت و هەم کۆمەڵگا و هێزەکانی ناوی. من باوەڕم وایە واقیعی ئێمە هەلی گەورەی گۆڕانی

لەبەردەمدایە، ڕۆشنبیرانی ئێمەش دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لەم پرۆسەیەدا ببینن، بەڵام هەموو ئەم شتانە تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی ئەوەیە ئەو نوخبە سیاسی و دەسەڵاتدارەی ئەمڕۆ کوردستان بەڕێوەدەبات تاچەند ئامادەیە سنوورەکانی دەسەڵات و بڕیاردانی کۆمەڵایەتی و ڕەخنە گەورە بکاتەوە و تاچەند ئامادەیە مافی قسەکردن و بەدەنگهاتن بە کۆمەڵگا بدات و تاچەند بڕیاری سیاسی لەلایەن گروهێکی سیاسی بچووکەوە مۆنۆپۆڵ ناکرێت.

خوێندکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان و ئەندازیاران و کۆی هێزە مۆدێرنەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێمە دەتوانن ڕۆڵی گرنگ لە بەرپاکردنی گۆڕانکاریدا ببینن، ئەم هێزانە دەتوانن لەگەڵ ڕۆشنبیراندا بلۆکێکی مێژوویی دروستکەن و پێ لەسەر کۆمەڵێک داواکاری تازەگەرانە داگرن. جیهانی ئێمە بەشێوەیەک تەقلیدیەت گەمارۆی داوە دەشێت تەنانەت لە چوارچێوەی ستراکتورە باڵادەستەکانی ئێستاشدا کۆمەڵێک ڕیفۆرم و گۆڕانکاری بەرپاکرێت، نوخبەی سیاسی باڵادەست پێویستی بە فشاربۆهێنانێکی کۆمەڵایەتی هەیە و دەبێت ناچارکرێن کراوەتر و دیموکراسیتر و مافپەروەرتر و مۆدێرنتر و بەرپرسیارتر بن.

پرسیار: تۆ ماوەیەک شیعری جوانت دەنووسی و وابزانم ئێستا دوورکەوتویتەوە، هەروەها کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییت لەسەر هەندێک دەقی کوردی نووسی، لەوانە دەقی مەحوی و گۆران و شێرزاد حەسەن و... ئەوانیدی. بەڵام لەم دە ساڵەی دواییدا لە کاری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی دوورکەوتوویتەوە. ئاخۆ هۆکەی ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئێمە زیاتر پێویستی بە کرانەوەیەکی مەعریفی و بەتێگەیشتن لە ماف و ئازادییەکان و فراوانکردنی پرۆسەی بە دیموکراسیکردن و بە مەدەنیکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم ڕەهەندانە هەیە، تا ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی؟

وەڵام: ئەدۆرنۆی فەیلەسوفی ئەڵمانی و یەکێک لە کۆڵەکە گرنگەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەڵێت: "لەدوای کارەساتی هۆڵۆکۆستەوە ناتوانین چیدی شیعر بنووسین". لەسەر هەمان نەزم دەکرێت یەکێکی وەک و منیش بڵێت: لەدوای شەڕی ناوخۆی کوردستانەوە ناتوانین لە کۆمەڵگای کوردیدا قسە لە جوانی

بکەین. شەڕی ناوخۆ پەلامارێکی بێئامان بوو بۆسەر هەموو جوانییەک کە کۆمەڵگای ئێمە بەدرێژایی ڕۆژان و ساڵان و سەدەکان بەرهەمی هێنابێت. لەدوای شەڕی ناوخۆوە جوانییەک لە ناو مێژووی دێرینی ئێمەدا نەما ناشیرین نەبووبێت. شەڕی ناوخۆ ئێمەی وەک میلەت و وەک مێژوو و وەک کولتوور ناشیرینکرد. لەدوای شەڕی ناوخۆوە ئێمە بووینە کۆمەڵێک جانەوەری ناشیرین. دورکەوتنەوە لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی وابەستەی ئەم مەسخە گەورەیە بوو کە شەڕی ناوخۆ لەهەموو شوێنێکدا خولقاندی. شەڕی ناوخۆ هات بۆئەوەی هەموومان مەحکومکات بە تەماشاکردنی شانۆگەرییەکی خوێناوی کە هەر ساتەو بەشێک لە ڕۆحی کۆمەڵگای ئێمەی تێدا دەکوژرا. من خۆم لەو ڕۆژانەدا لە مەنفای ئەوروپییەوە بەدیار شاشەی کەناڵی تەلەفیزۆنەکانەوە دادەنیشتم و تەماشای ئەو عەبەسە گەورەیەم دەکرد کە ناوی سیاسەتی کوردی بوو. لەدوورەوە لەمەرگی هەموو جوانییەکانی ناو نیشتیمان ڕادەمام، شەڕ گەیشتبوە ناو ماڵ و بەردەرگا و ژووری خەوتنەکانمان. دواجار دایکی من لەبەر ماڵەکەی خۆماندا پارچەی گولە تۆپێک بەر باڵی کەوتو بریندارییکرد، ئەو ژنە دراوسێیەشی کە لەپاڵ دایکمدا وەستابوو، کوشت. هەواڵی کوژرانی هاوڕێ و خزم و کەسانی ناسراو و نەناسراو جیهانێکیان دروستدەکرد پێویستی بە خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوە هەبوو. لەڕاستیدا هیچ ڕووداوێک نییە لە ژیانی مندا ئەوەندەی شەڕی ناوخۆی ئەمجارە کاریگەری توندی لەسەر عەقڵ و خەیاڵ و بیرکردنەوەم بەجێهێشتبێت، شەڕی ناوخۆ فیشەکنان بوو بە دڵی هەموو ئەو شتانەی لەناوەوەڕا مانایان بە بوون و مانەوەی ئێمە دەبەخشی، لە دوای تەقاندنی یەکەمین فیشەکەوە ئێمە کەوتینە ناو بیابانێکی کاکیبەکاکی بێمانا و بێڕۆح و بێجوانییەوە. من پێموابوو دابڕانێکی گەورە لە نێوان ساتەکانی شەڕی ناوخۆی ئەمجارە و هەموو مێژووی پێشتری ئێمەدا هەیە. وام هەستدەکرد مێژووی ئێمە، کە بەزۆر مانا مێژووی بەرگری و یاخیبونێکی گەورە و بەردەوام و ئەفسانەیی کۆمەڵێک ئینسانی ئیرادەگەرە، وردە وردە دەگۆڕێتە سەر مێژووی کۆمەڵێک جانەوەری توورە و ڕقاوی و دەست و مەچەک خوێناوی. هەستمدەکرد هەموو شتێک خوێنی لێدەڕژا، لەپێش هەمووشیانەوە خەیاڵ و عەقڵ و تەماحی ئەو نوخبە سیاسییەی لە کوردستاندا ڕووداوەکان دادەڕێژێت.

ئەو ڕۆژانە ئەوەندە بێمانا و بێدەلالەت و بێئومێد بوون ئینسان بە ئاسانی باوەڕی بەوە دەهێنا کە کورد سەرقاڵی بنیادنانی پرۆژەیەکی خودکوژی دەستەجەمعی گەورەیە و درەنگ یان زوو هەموومان بە مانایەک لە ماناکان لەم کارەساتەدا دەمرین. من لەبەردەمی ئەم وەرچەرخانە تراژیدیەدا نەمدەتوانی تەماشای دنیای بەر لەم وەرچەرخانە بکەم، نەدەکرا لەو خاڵە جوانانەی دوامانەوە ڕامێنم کە لە واقیعی شەڕی ناوخۆدا هیچ بەردەوامییەکیان نەمابوو. خۆشبەختانە ئێستاکە دەنگی تەقەی تفەنگەکان نایەن و ئینسانی ئێمە فاسیلەیەکی بچووکی بۆ گەڕانەوە بۆ جوانی لەبەردەمدایە. دەشێت ئێستا زۆر لەسەرخۆ و بە دوودڵییەکی گەورەوە باس لە شیعر و ئەدەب و جوانی بکەین. زەمەنی شەڕی ناوخۆ هێشتا بەتەواوی کۆتایی پێنەهاتوە، بەلام ناشتوانین لەمە زیاتر جوانی و شیعر لە جیهانی خۆمان بکەینە دەرەوە.

من لەم چەند ساڵەی دوایی و لە چەندان ساتی قەیرانئامێز و کوشندەی بەر لەم چەندساڵەشدا شیعرم هەرنووسیوە، لەئێستاشدا کەم تا زۆر سەرقاڵی نووسینی ڕەخنەی ئەدەبیم، بەلام تا پێمبکرێت شیعرەکانم بلاو ناکەمەوە و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانیشم وردە وردە لەڕێگەدان بۆ بلاوبوونەوە.

سەرەڕای ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسمکردن من لەدوای ڕاپەڕینەوە هەستمکرد کە تەواو پێویستم بە تازەکردنەوەی ئەو چەمک و تێز و تیورە و ئیهتیمامانە هەیە کەبەهۆیانەوە لە خۆم و دنیا و دیاردەکان ڕادەمێنم. ئەزموونی کۆچکردن و چوونیشم بۆ ئەوروپا بەرهەمی قۆناغی دوای ڕاپەڕینە، ئەم ئەزموونەش لەهەموو ڕوویەکەوە جیاوازبوو لە کۆی ئەزموونەکانی پێشتری ژیانم. من دەبوایە لە ولاتێکی نەناسراودا سەرەتایەکی دیکە دەستپێبکەمەوە، دەبوایە زمانی ئەو ولاتە فێربم، لە نزیکەوە ئاگاداری دیاردە و ڕووداوەکانی ناویبم، سەرلەنوێ هاوڕێ و دۆست و ناسراو و ماڵ دروستکەمەوە، دەبوایە کۆی ئەو شتە بچووک و سادە و ڕۆژانانە بنیادبنێمەوە کە هەموو ئینسانێک بۆ ئەوەی بتوانێت وەک ئینسان بژی پێویستی پێیانە. تەماشاکردن و بینینی نیشتیمانیش لەدوورەوە، کورتبوونەوەی نیشتیمان بۆ هەواڵ و وێنە و نامەی هاوڕێ و دۆستان، گۆڕانی نیشتیمان بۆ ئەو هەواڵە ناخۆشانەی کە ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بلاویاندەکردنەوە، ئەزموونێکی تەواو جیاوازبوون لە کۆی ئەو

ئەزموونانەی دیکەم.
لەدوای ڕاپەڕینەوە ئێمە کەوتینە ناو دنیایەک و مێژوویەک و هەلومەرجێکی تەواو نوێوە، ئەم شتە تازانە پێویستیان بە تێگەیشتن و تێڕامان و خوێندنەوەی تازە هەبوو. نەدەکرا دوای مەرگی ئەزموونی پەرلەمان و کارەساتەکانی شەڕی ناوخۆ و ئەو بێهیوایییە گەورەیەی لەهەموو کون و قوژبنێکی کۆمەڵگای ماندووی ئێمەدا ئامادەبووە، بێدەنگبم و خۆم بە خوێندنەوەی شیعری نالی یان مەحوییەوە خەریککەم. گەرچی خوێندنەوە و سەرلەنوێ ڕاڤەکردنەوە و پێداچوونەوەی جیهانی ئەم داهێنەرە گەورانەی ئێمە یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی ڕۆشنبیرانی ئێمەیە. بەڵام لەژێر کاریگەری ئەو گۆڕانانەی باسمکردن من لای خۆمەوە بڕیاری قسەکردنم لەسەر کۆمەڵگا و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دا، نەک قسەکردن لەسەر ئەدەب. بەڵام وەک ووتم من لەم دوو ساڵەی دواییدا جارێکی دیکە لەسەر ئەدەبم نووسیوەتەوە و نووسینێکی درێژم لەسەر ئەزموونی مەنفا لای نالی و حاجی قادری کۆیی و شێرکۆ بێکەس بڵاوبۆتەوە و نووسینێکی دیکەشم لەسەر ئەو ژمارە زۆرەی وەسیەتکردن لە شیعرەکانی قانیعدا نووسیوە و هێشتا بڵاومنەکردۆتەوە. پرۆژەی دیکەی ترم هەیە کە لە هیوادارم داهاتوودا بکەونە بەردەستی خوێنەران.

پرسیار: کاتێک لە فیکری خۆرئاوا یان عەرەبی ڕادەمێنین، دواجار بە بونیادێک دەگەین کە دەشێت شتەکانی تێدا یەکالابکەینەوە، هەر لەوێشەوە دەتوانین لە ئیزافەکان و خوێندنەوە و ڕاڤەکارییە تازەکان تێبگەین. بەڵام ئەم گەڕاندنەوەیە بۆ کورد بەهیچ شتێکمان ناگەیەنێت و ڕاستەوخۆ دەکەوینە ناو بۆشاییکی گەورەوە. بێگومان زەحمەتە ئەمڕۆکە لەناو ئەو تەوژمە بەردەوامانەی گۆڕاندا بیر لە ساتەوەختی "دامەزراندن" بکەینەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ناتوانین بیر لە ڕابووردو نەکەینەوە چونکە بەهیچجۆرێک ڕابووردویەک نییە تەواو مردوو یان تەواو زیندوو. ئاشکراشە کە دەق چ پیرۆزبێت یان نا، حیکایەتێک بێت لە لە حیکایەتە گەورەکان یان نا، تەنها لەبۆچوونی ئێمەوە نەبێت کار لە هەقیقەتەکان ناکات. بەم مانایەش لە هەموو سەردەمێکدا چەند ڕستەیەک هەڵدەوەرێت و چەند ڕستەیەک دەڕوات کا نایانبینین، بەڵام هەمیشە بەتەنیشتمانەوەن. پرسیارەکە

ئەوەیە ئایا دەشێت ئەمڕۆ بیر لە ڕووە جۆربەجۆرەکانی ئەو ڕستە گوزەرکەرانە بکەینەوە کا تا ئێستا بیرمان لێنەکردونەتەوە؟ ئایا کورد بێئەوەی پشت بە دەقێکی پیرۆز یان گەورە ببەستێت دەتوانێت بەشداری لە گۆڕانکارییە خێراکانی دنیادا بکات؟

وەڵام: بۆ بیرکردنەوە لەو شتانەی ئێمە تا ئێستا بیرمان لێنەکردونەتەوە و بۆ ناسینی ئەو ڕستانەی تائێستاش لە تەنیشتمانەوەن بەبێئەوەی توانیبێتمان بیانبینین، دەبێت سەرنج لەو سیستمی بیرکردنەوە و نووسین و ڕوانینانە بدەین کە ئێمە بەهۆیانەوە لە مێژوو و جیهان و دیاردەکان ڕادەمێنین. ئەگەر ئێمە دەرکمان بە کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ نەکردبێت و نەمانتوانیبێت ڕەگوڕیشە قووڵەکانیان ببینین ئەوە ئەو سیستمی پرسیارکردن و بینین و بیرکردنەوەیە بەرپرسیارە کە دەرک بە جیهان و خۆی و دەوروبەری ناکات. ئەو سیستمەی کە بەسەر کۆمەڵێک دۆگمی ئایدیۆلۆژی و سەلەفی و نامەعریفیدا کڕکەوتوە و ڕازینابێت بەجیێانبێڵێت. تێکچوونی پەیوەندی فیکری و مەعریفی ئێمە بە جیهان و ڕابووردو دیاردەکانی ناو کۆمەڵگای کوردییەوە خۆمان لێی بەرپرسیارین، هیچ داگیرکەرێک نەهاتوە و بەزۆر ئێمەی ناچرکردبێت، بۆ نموونە، فرۆید بە وردی نەخوێنینەوە، یان کانت و تۆکڤیل و هۆسرەل و لیڤیناس نەناسین. ئێمە کە شتەکان نابینین هۆکەی ئەوە نییە کە کەسێک لەدەرەوەڕا چاوی ئێمەی داخستووە و وای لێکردوین نابینابین، نا ئەوە چاوی خۆمانە کە توانای بینینی جیهان و دیاردە و کێشەکانی نییە. بۆ ئەوەی ببینین پێویستمان بە ئامراز و چەمک و تێز و تیورە و میتۆد هەیە، پێویستمان بە جیهانبینیەک هەیە پشتئەستوور بە دەسکەوتە مەعریفییەکانی جیهانی هاوچەرخ، کە شتەکان نابینین و دنیا و مێژوومان لە دەریایەک تاریکدا نووقمە مانای ئەوەیە ئێمە هەڵگری ئەو ئامرازی بینینانە نین کە تاریکی لادەبەن و جیهانمان بۆ دەکەنە شتێکی بینراو. بەکوورتی و بە کوردی چونکە ڕۆشنبیری ئێمە لەدەرەوەی توناکانی بینین و خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و تێگەیشتندا کاردەکات، ئێمە بە ساتەوەختێک گەیشتووین کە سادەترین تواناکانی دیتنی خۆمان و جیهانمان لەدەستداوە. وەک دەشزانن ئێمە چ لە گۆڤاری (ئازادی) دا و چ لە گۆڤاری (ڕەهەند) دا کاتێکی زۆرمان بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی پێکهاتی

ئەم ڕۆشنبیرییە نابینایە تەرخانکردوە و هەوڵێکی زرۆمان داوە کارەکتەر و میکانیزمەکانی کارکردن و نابینایی ئەم ڕۆشنبیرییە ئاشکراکەین.
بێگومان ئێوە ڕاستدەکەن، ڕابووردو، نە مردووە نە زیندوو، مردویی و زیندوویی ڕابووردو وابەستەی بڕیاری ئەوانەن لە ئێستادا و لە جیهان و سەردەم و پێکهاتێکی مەعریفی ترەوە تەماشای دواوە دەکەن. مردنی ڕابوردو وابەستەی مردنی ئێستا و زیندووبوونیشی وابەستەی زیندبوونی ئێستایە. کاتێک کە ئەخلاقناسی ئەرستۆیی لەمڕۆدا لای ژنە فەیلەسوفێکی وەک مارتا نوسباوم دەبێتە سەرچاوەی بیرکردنەوە لە سیستمێکی ئەخلاقی نوێ و مۆراڵێکی گەردونی تازە، یان کاتێک کەسێکی وەک فۆکۆ بۆ ئەخلاق و ئەتیکی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە و لەوێوە بە دیدێکی نوێوە بۆ مۆراڵ و کێشە ئەخلاقییەکانی ئینسانی هاوچەرخ دێتە دەرەوە، یان کە لیوتار بەردەوام بۆ کانت دەگەڕێتەوە بۆ کردنی کۆمەڵێک پرسیار دەربارەی جوانی و شوێنی جوانی لە جیهانی هاوچەرخدا، هەموو ئەم گەڕاندنەوانە بۆ ڕابووردو سەرچاوەکەیان لە هێز و توانا و وزەی پرسیارەکانی ئێستادایە. ئەرستۆ لای نوسباوم دەبێتە پیاوێکی هاوچەرخ، مۆراڵی یۆنانی لای فۆکۆ دەبێتە بناغەی بەرگریکردن لە جۆرێکی نوێی زاتییەت، وێناکردنەکانی کانت بۆ جوانی لای لیوتار دەبنە بناغەی فەلسەفەیەک کە دەخوازێت ژیان وەک تابلۆیەکی هونەری کراوەی قابیلی لێکدانەوەی هەمەڕەنگ وێنا کات. ئەم نووسەرانە هەریەکێکیان لە میانەی خوێندنەوەیەکی قووڵ و پەیوەندییەکی توند و باوەشکردنێکی مەعریفی گەورەوە بە جیهانی ئەمڕۆدا بۆ ڕابووردو دەگەڕێنەوە، کەدەشگەڕێنەوە بەوزەی پرسیارێکی تازەوە دەگەڕێنەوە کە خودی ڕابووردو تازەدەکاتەوە. بەمانایەکی دیکە گەڕاندنەوەی ئەم فەیلەسوفانە بۆ ڕابووردو گەڕاندنەوەی ڕۆحێکی تازەگەرە کە نووقمە لەناو کێشەکانی جیهانی ئێستادا و ئەم ڕۆحە تازەگەرەش ئاژیندەکاتە سەر بەشێک لەو ڕابووردوە و لەگەڵخۆیدا تازەیدەکاتەوە. لای هەندێک لە عەرەبەکانیش ئەم دۆخە ئامادیە، ئەو ئیبن ڕوشدەی لای جابری دروستدەکرێتەوە جیاوازە لە ئیبن ڕوشدی ناو موناقەشاتە فەلسەفییەکانی سەردەمانی کلاسیک و کێشەکانی عیلمی کەلام و بەلاغەی عەرەبی کۆن. کەلەپووری سوفیزم لای عەلی حەرب، هەڵگری مانایەکە تەواو جیاواز لەو مانایانەی کە سیستمی مەعریفی ئاینی

پێیان دەبەخشێت. لای ئەم فەیلەسوفە گرنگە کەلەپووری سوفیزم دێت بۆ ئەوەی بەگری لە میتۆدی تەفکیکیەت بکات و سێنترالیزمی عەقڵی وەبەر ڕەخنەبدات.

بەبۆچوونی من ڕابووردو چەندە جیهانێکە و کەوتۆتە دوامانەوە و بۆمان ماوەتەوە، ئەوەندەش جیهانێکە لە ئێستادا دروستیدەکەین، حیاکیەتەکانی ڕابووردو تاڕادەیەکی زۆر مانا و دەلالەتەکانیان لە ئێستادا دادەهێنرێن و دروستدەکرێن، نەک بیاندۆزینەوە و پەردەیان لەڕوو هەڵماڵین. لەنێوان دۆزینەوە و بەرهەمهێنانیشدا جیاوازی گەورە هەیە، بەرهەمهێنان پرۆسەی دروستکردن و کارکردنە، لەکاتێکدا دۆزینەوە پرۆسەی گەڕانە بەدوای شتە پێشوەخت دروستکراوەکاندا، یەکەمیان جۆرێکە لە چالاکی دووهەمیان جوینەوە و دووبارەکردنەوەیە. ڕابووردویەک دەتوانێت گەورەبێت کە لە ئێستایەکی گەورەوە تەماشادەکرێت، ئێستای بچووکیش ڕابووردو وەک خۆی بچووک دەکاتەوە.

لەبواری فیکر و داهێنان و مەعریفەشدا ڕابووردو موڵکی هەریەکێک لە ئێمەیە. فۆکۆیەکی فەرەنسی کە بۆ فەلسەفەی یۆنانی دەگەڕێتەوە ئەو پرسیارە لەخۆی ناکات داخۆ ئەوێک کە فەرەنسییە چۆن بگەڕێتەوە بۆ ڕابووردیەک کە یۆنانیە و موڵکی فەرەنسا نییە. یان مارتا نوسباوم بەخۆی ناڵێت من ئافرەتێکی ئەمریکیم و مافی ئەوەم نییە پەنا بۆ ئەرستۆیەکی یۆنانی ببەم، یاخود لیوتار هیچ کێشەیەک لەوەدا نابینێت کە بۆ ئیمانۆێل کانتی ئەڵمانی بگەڕێتەوە لەکاتێکدا ئەو خۆی پیاوێکی فەرەنسییە. من دواتر دێمەوە سەر ئەم خاڵە گرنگە، بەڵام با ئێستا چەند سەرنجێکی گشتی لەسەر بوونی دەقی پیرۆز و گەورە وەک بناغەیەک بۆ شووناسی نەتەوەیی و کانییەک کە بەردەوام بچینەوە سەری.

پێمـوانییە هیچ نەتەوەیەک بۆ ئەوەی ببێت بە بەشێکی زیندووی دنیا و بەشداربێت لە گۆڕانکارییەکانیدا، بەتایبەتی دنیای سەدەی بیستویەکەم، پێویستی بە دەقێکی پیرۆز یان گەورەبێت. بووون بە بەشێک لە جیهانی ئەمڕۆ پێویستی بە بوون یان نەبوونی دەقێکی پیرۆز نییە، بەڵکو پێویستی بە بوون بە بەشێک لە ڕۆحی سەردەمەکە هەیە، ڕۆحی سەردەمەکەش، خۆشبەختانە، نیشتەجێی نێو دەقە پیرۆزە ئاینییەکان نییە، بەڵکو نیشتەجێی ناو شاشەی کۆمپیوتەر و تەکنیکی نوێی پەیوەندیکردن و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوی بەرهەمهێنان و فیکر و مەعریفەیەکی مۆدێرن و کۆی ئەو دیدە ڕەخنەیی و

ئینسانیی و فەلسەفی و دیموکراسیانەیە کە قسە لە کۆمەڵگای مەدەنی و عەقڵانیەت و مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی کراوە و ئینساندۆستی دەکەن و پراکتیکیشی دەکەن. لەپشتی شووناسی کۆیی نەتەوە پێشکەوتوەکانی دنیای ئەمڕۆوە ئینجیل و تەورات و دەقە ئاینیەکانی دیکە ئامادە نین، بەڵکو بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ و شۆڕشە کۆمەڵایەتییە گەورەکان و فەلسەفە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی مۆدێرنە ئامادەن. ئەوەی شووناسی نەتەوەیی ئەڵمانی و ئەمریکی و فەرەنسی دەستنیشاندەکات مەسیحیەت نییە، بەڵکو گۆڕانە سیاسییەکانی ئەم دووسەدەیەی دوایی و کۆی ئەو دەسکەوتە ئینسانییە گەورە گەورانەن کە لەو گۆڕانکارییانەوە سەرچاوەیان گرتوە. گەر مەسیحیەت بەشێوەیەک لە شێوەکان لەناو ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ئەو شووناسانەشدا ئامادەبێت، ئەوا ئەو مەسیحیەتە مەسیحیەتی دوای گۆڕانە گەورەکانی مۆدێرنەیە، مەسیحیەتی ناو جیهانێکی عەلمانی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤە، نەک مەسیحیەتێک بە زمانی سەدەکانی ناوەڕاست و گرتن و کوشتن و سوتاندنی ڕەخنەگرەکانی کەنیسەوە بدوێت.
ئێمەش گەر دەمانەوێت وەک یەکێک لە نەتەوەکانی سەر ئەم ئەستێرەیە ببینە بەشێک لە و جیهانەی تێیدا دەژین، گەر دەخوازین ڕزگارمان بێت لەوەی کۆمەڵێک بوونەوەری فۆلکلۆری بین و چیدی لەدەرەوەی ڕووداوەکاندا نەژین، نابێت بەدوای دۆزینەوەی دەقێکی پیرۆزدا بگەڕێین و پێمانوابێت دەبێت شوناسی نەتەوەییمان لەو دەقە پیرۆزەوە وەرگرین. بەپێچەوانەوە بۆ بنیادنانی شوناسێکی هاوچەرخ دەبێت دەقە پیرۆزە ئامادەکانیش داخەین و ماڵەکانمان لەناو دێڕ و پەرەگراف و فاریزە و نوقتەکانیانەوە بۆ ناو جیهان بگوێزینەوە. بوون بە بەشێکیش لە جیهانی هاوچەرخ بەهیچ مانایەک بەناو لاپەڕەی هیچ کتێبێکی پیرۆزدا تێناپەڕێت، بوون لە ناو جیهاندا یەکسان نییە بە بوون لەناو دەقێکی پیرۆزدا، ئەوەی ئەم قسەیەمان وەک هەقیقەت پێدەفرۆشێت فێڵمان لێدەکات. بەپێچەوانەوە دەشێت بوونی دەقێکی پیرۆز ڕێگرێکی گەورەبێت لەبەردەم بوونماندا لەناو جیهاندا. مێژووی مرۆڤایەتی و مێژووی کۆمەڵگا جیاجیاکان ئەو ڕاستیەمان نیشانئەدەن بۆ ئەوەی ببیت بە ببەشێک لە دنیای هاوچەرخ، دەبێت کتێبە پیرۆزەکانی ڕۆژگاری بەر لە خۆت بەر تێڕامان و

خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێکی ڕەخنەیی بێئامان بدەیت. میللەتێک بیەوێت ببێت بە بەشێکی زیندووی جیهانی ئەمڕۆ دەبێت کتێبی نوێ بۆ چوونە ژوورەوەی ئەو دنیایە بنووسێت، نەک تا دەمرێت لاپەڕەکانی ئەو کتێبە پیرۆزانە هەڵداتەوە کە لە جیهانێکی دیکەوە هاتوون. لەو کاتەشدا کە کتێبی تازەش دەنووسین دەبێت لەو ڕاستییە ئاگاداربین کە دەشێت نەوەکانی دوای ئێمە کتێبەکانی ئێمە بدڕێنن و کتێبی تازەی خۆیان بنووسن.

سەیری کاریگەری کتێبە پیرۆزەکان بکە لەسەر دنیای ئەمڕۆ، من ناتوانم نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە کەتیایدا ئەو کتێبانە دەرگایەکیان بۆ چوونە ناو جیهانی هاوچەرخ کردبێتەوە و ئینسانیان بەو جیهانەوە بەستبێتەوە. من پێموایە لەنێوان جیهانی ناو کتێبە پیرۆزەکان و جیهانی سەدەی بیست ویەکەمدا دابڕانێکی گەورە و هەمەلایەن هەیە، ئەم جیاوازیەش ئەوەندە قووڵ و فرەڕەهەندە بەزۆر مانا ئێمەی خستۆتە بەردەم هەڵبژاردنێکی مێژوویی گەورەوە. ئێمە دەبێت هەڵبژێرین لەنێوان ژیان لەناو جیهانی دەقە پیرۆزەکان و ژیان لەناو جیهانی واقیعیدا، لەنێوان پەرەگراف و نوقتە و فارزیەی دەقەکان و لەنێوان شەقام و کۆڵان و جوگرافیای جیهاندا. بەزۆر مانا ئەم دوو جیهانە لێکدابڕاون و ئەمیان ناکۆکە لەگەڵ ئەویدیکەیاندا. تاقە هەلێکی مانەوەش لەبەردەم کتێبە پیرۆزەکاندا بریتییە لە قبووڵکردنی تەحەداکانی ئەم جیهانە تازەیە لەڕێگای گونجاندنی سیستمە دەلالییەکانی خۆیان لەگەڵ داواکارییە تازەکانی جیهاندا. بێگومان من لێرەدا باس لە کۆتایی دەقە ئاینییەکان ناکەم، من ناڵێم ئاین شوێنێکی لەم جیهانە نوێیەدا نەماوە، بەپێچەوانەوە من پێموایە ئاین ڕەهەندێکی ئەنترۆپۆلۆژی بوونی ئینسانییە و ماناوەشی وەک هاوڕێیەک لە هاوڕێکانی ئینسان مانەوەیەکە بەردەوام. پرسیار لێرەدا دەربارەی مانەوە و نەمانەوەی ئاین و دەقە ئاینییەکان نییە، پرسیار دەربارەی توانای کۆمەڵگای ئێمەیە لە بەخشینی شوێن و جێیەکی دیکەدا بەو دەقانە جیاواز لەوەی تا ئێستا هەیانبووە. بۆئەوەی هەرکەسێک لە گۆڕانکارییەکانی جیهانی ئەمڕۆدا بەشداربیت، دەبێت لەباتی گەڕانەوە بۆ دەقێکی پیرۆز بکەوێتە دوای هەمو ئەو دەقانەی دیکە کە ڕۆژانە بەشێوەیەکی زانستی لەسەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی کۆمەڵگا و سروشت و دیاردەکانی ناو ئەم جیهانە دەنوسرێن. بوون بە بەشێک

له جیهان بەبێ بوون بە بەشێک لەو ڕێگە مەعریفییانەی ئەمڕۆ جیهانیان پێدا تێدەپەڕێت مەحاڵە. هەمووشمان دەزانین ئەو ڕێگا مەعریفییانە ئەو ڕێگایانە نین کە دەمانبەنەوە ناو دەقە ئاینییە پیرۆزەکان. ڕێگاکانی مەعریفەی هاوچەرخ کۆمەڵێک ڕێگان کە زانستەکانی فیزیک و ماتماتیک و بایۆلۆژیا و فەلسەفەی نوێ و کۆمەڵناسی و سیاسەتناسی و ئینساناسی و ئایینناسی و دەروونناسی و هتد.. دۆزیویانەتەوە و بە ئینسانیان بەخشیوە. ئەم ڕێگایانە لە دەرەوەی گریمانەی دەقە ئاینییە پیرۆزەکاندا دروستبوون و ناکرێت ئێمە خوازیاری ئەوەبین ببینە بەشێک لە جیهان بەڵام ڕازینەبین بەم ڕێگا تازانەدا بڕۆین. سەرەڕای ئەمانە بوون بە بەشێک لە جیهان مانای بوون بە بەشێک لە داهێنانەکانی ناو ئەو جیهانەیە، بۆ داهێنانیش لەم جیهانەدا پێویستت بە ناسینی خودی ئەو جیهانە و ئەگەرەکانی ناوی و سنوور و تواناکانی هەیە نەک ناسینی کۆمەڵێک دەقی پیرۆز لە پشتی ئەو جیهانەوە و لە ڕابووردو و دەرەوەی ئەو جیهانەدا.

دواجار من تێناگەم بۆ دەبێت فیکر و زانست و میتۆد ڕاستەوخۆ بە ئەتنیەت و نەتەوە و خوێن و خێڵ و خێزان و عەشیرەتەوە ببەستینەوە، ئایا بۆ دەبێت کەلەپووری ئیسلامی چواردەسەدە بکەینە کەلەپوورێکی عەرەبی و پێمانوابێت تەنها عەرەب مافی گەڕاندنەوەی بۆ ئەم کەلەپوورە هەیە. بە چ مانایەک مێژووی داهێنانە فیکرییەکانی ناو ئیسلام مێژوویەکی عەرەبییە و فڕی میللەتانی دیکەی پێوە نییە؟ بە چ مانایەک فەلسەفەی ئیسلامی و سوفیزم و عیلمی کەلام بەرهەمی عەرەبن و بەشداری کورد و فارس و ئەفغانی و ئەلبانی و هیندی و پاکستانی و تورک و هتد.. تێدا نییە؟ ئەو بۆچوونەی ئیسلام دەکاتە موڵکی عەرەب بۆچوونێکە لەزۆر ڕووەوە ناڕاستە و لەڕاستیدا دووبارەکردنەوەیەکی بێمانای گریمانە فیکرییەکانی باڵە فاشییەکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە. بەدیوی ئەودیویشدا کێ دەڵێت یۆنان بەتەنها موڵکی ڕۆژئاوایە، هەڵە دەکەین فیکر و زانست و دەسکەوتە گرنگەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەو ئاسانییە بەسەر جوگرافیا و قەوم و نەتەوەکاندا دابەشکەین. فیکری یۆنانی لە ئێستادا چەند موڵکی فەرەنسییەک و ئەڵمانێک و ئەمریکیەکە بەهەمانئەندازەش موڵکی کوردێک یان عەرەبێک یان فارسێکە. تۆ وەک کوردێک گەر پێویستت بە

گـەڕاندنـەوە بۆ تێـڕوانـینێکی ئەفـلاتـوون بێت سـەبارەت بە ئەخـلاق، یان بۆ تێگەیشتن لە باشی و خراپی سیستمێکی سیاسی بتەوێ بۆ جۆن لۆک بگەڕێیتەوە، یاخود بۆ سەلماندنی دیدێکی تایبەت بەرامبەر بە پەروەردە و سیستمی پەروەردیی تەماشای تێزەکانی جیان بیاجە بکەیت ، کێ دەتوانێت رێت پێبگرێت و بڵێت ئەفلاتون هی یۆنانە و لۆک هی ئینگلیزە و جان بیاجەش فەرەنسییە و تۆ کوردیت و بۆت نییە سود لە بۆچوون و دیدی ئەو نووسەرە گرنگانە وەرگریت و بۆ خوێندنەوە و ناسینی ئەو دنیایەی تێیدا دەژیت سودیان لێببینیت. یاخود گەر ئەمڕۆ نووسەرێکی ئەڵمانی بێت و بخوازێت سود لە سەعدی یان حافیزی شیرازی یان مەحوی وەرگرێت و لە دنیای ئەم شاعیرە گەورانەوە دیدێکی تایبەت بۆ پەیوەندی نێوان ئینسان و سروشت، ئینسان و ئینسان و ئینسان و شوێن بەرهەمبهێنێت، دەبێت چ رێگرێک لەبەردەمیدا هەبێت و کێ مافی ئەوەی هەبێت پێیبڵێت تۆ بۆت نییە ئەم کارە بکەیت، تۆ ئەڵمانیت و تا دەمریت هەردەبێت بۆ گۆتە بگەڕێیتەوە. یان ئەگەر نووسەێک بێت بخوازێت لە پەیوەندی نێوان بەعس و مۆدێرنە بگات و بۆ ئەم مەبەستەش بۆ چەند تێزێک لە تێزەکانی فۆکۆ بگەڕێتەوە، بۆ دەبێت بەڕاستی نەزانین و پێمان وابێت دزی و تاوان و ناپاکیمان بەرامبەر فیکر و نەتەوە و نیشتیمان کردوە. نایشارمەوە مەترسی ئەوانەی ئەم جۆرە بیر و بۆچوون و تێڕوانینانە بڵاودەکەنەوە بۆ سەر ئێستا و ئایندەی ئێمە لە مەترسی داگیرکەران کەمتر نییە. ئەم بۆچوونانە بە کوێمان دەگەیەنن، جگە لە بیابانێکی مەعریفی چۆڵ و هۆڵ و دانیشتن بەدیار کوانوی بەتاڵ و مردن لەبەردەم دەقە پیرۆزەکاندا.

کێشەکە لەوەدا نییە سەرچاوەکانی فیکری کەسێک یان بنەما میتۆدییەکانی رۆشنبیرێک لە کوێوە دێت، گرنگ ئەوەیە بزانین داخۆ ئەو دەسکەوت و بنەما میتۆدییانە داهێنەرانە پراکتیککراون یان نا، ورد و زانستییانە بەکارهێنراون یاخود میکانیکییانە خراونەتە کار، نووسەرەکەی دەزانێت باسی چی دەکات یاخود تەنها ناوی فەیلەسوفەکان و قوتابخانە فیکرییەکان ریزدەکات. ئەوە ناسیۆنالیستە تەسکبین و کەمخەیاڵەکانن دەیانەوێت ئەم دابەشکردنە نا مەعریفی و ناڕاست و نا دروستە بۆ فیکری ئینسانی بکەن، من تێناگەم بۆ فیکری فەرەنسی زیاتر موڵکی سویدیەک یان ئەکوادۆریەک یان ئوسترالیەک

بێت، لەوەی موڵکی ئێرانیەک یان میسرییەک یان کوردێک بێت.

دواتر کێن ئەوانەی دەخوازن شووناسی نەتەوەیی لەسەر بنەما یان بناغەی دەقێکی پیرۆز یان گەورە بنیادنێن؟ ئەمانە کوێ ئەو ئوسوڵی و ئاینگەرا و تەقلیدی و کۆنە مارکسیانەن کە لەدەرەوەی دەقە پیرۆزەکاندا توانای بینینی هیچشتێکیان نییە و دواهەمین پرۆژەشیان بەندکردنی جیهان و کۆمەڵگا و ئینسانە لەناو دەقێکی ئایدیۆلۆژیدا. ئێمە گەر خوازیاری ئەوەین ببین بە بەشێک لە جیهانی هاوچەرخ و گەر دەخوازین شوێنێکمان لەژێر خۆرەتاوی هەزارەی سێهەمدا هەبێت، دەبێت واز لەو خەون و وەهم و ئەفسانە دێرینەگەرانە بهێنین کە دەیانەوێت شووناسی نەتەوەیی ئێمە لەسەر بناغەی دەقە ئاینییە کۆنەکان بنیادنێن و لە تاریکیدا بمانهێڵنەوە. هیچ دەقێکی ئاینی، کۆن یان نوێ، ناتوانێت دەرەقەتی ئاڵۆزییەکانی جیهانی ئەمڕۆ بێت، لەنێوان جیهانی ئەمڕۆکە و جیهانی بەر لە ئێستادا، لەنێوان قۆناغی باڵادەستی دەقە پیرۆزەکان و قۆناغی زانستەکاندا جۆرێک لە دابڕان هەیە، چیدی ناتوانین لە نەسیحەتە ئەخلاقی و پێدراوە فیکرییە سادەکانی زەردەشتەوە بۆ لێکدانەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی جیهانی ئەمڕۆ دەستپێبکەین. گەر بمانەوێت لە کێشەکانی ئەمڕۆ بگەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەسکەوتە گرنگەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و لە پرسیار و تەحەداکانی ئەم زانستانەوە بەرەو دواوە بگەڕێینەوە. ئێمە ئەمڕۆ بۆ تێگەیشتن و ڕزگاربوون لە دیاردەی ئوسولیەتی ئیسلامی ناتوانین لە پروپاگەندەیەکی ئاینییەوە بۆ زەردەشتیەت دەستپێبکەین، ناشبێت بۆ تێگەیشتن لە ئیسلامی سیاسی دەقەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر و تەفسیری تەبەری بپشکنین، ئێمە بۆئەوەی لەم دیاردەیە تێبگەین دەبێت تەماشای دەرەنجامە گرنگەکانی سۆسیۆلۆژیای ئاین و سایکۆلۆژیای ئاین و ئەنسرۆپۆلۆژیا و فەلسەفە و زانستی بەراوردکاری ئاینی بکەین. دەبێت تەماشای دۆزینەوەگرنگەکانی زانستی سیاسی، لێکۆڵینەوەی کولتووری و کوێ ئەو زانستانەی دیکە بکەین کە لە مەسەلەی شووناسی کۆیی و شوناسی تاکەکەس و پەیوەندی نێوان شووناس و ئاین دەکۆڵنەوە. ئێمە بۆ تێگەیشتن لە خۆمان و لە جیهان و لە دەوروبەرمان و بۆ کردنی ئەو شتانەش بە چوارچێوەیەک بۆ شووناس، پێوییستمان بە دەقێکی پیرۆز نییە، بەڵکو پێویستمان بەو دەسکەوتە

زانستییە گرنگ و نوێیانە هەیە کە هەم جیهانی ئەمڕۆ و هەم ڕابوورد و هەم مێژوومان بۆ لێکدەدەنەوە.

بەدەر لەم شتانەش، ئێمە گەر دەمانەوێت فێڵ لە خۆمان و لە ئێستامان و لە نەوەکانی ئایندەی ناو کۆمەڵگای کوردی نەکەین و گەر دەمانەوێت کۆمەڵگا و ئینسانەکانی ناوی بەختەوەربن و بناغەیەکی پتەو بۆ ژیانێکی ئاسودە داڕێژین، نابێت سەرقاڵی ئەوەبین چۆن بگەڕێینەوە بۆ ڕابووردو و چۆن دەقە ئاینییە پیرۆزەکان لەئامێزنێین و چۆن بەدوای ئەم یان ئەو کتێب و ئەم یان ئەو ئامۆژگاری و نەسیحەت و وەعزی مێژوویدا بگەڕێین، گەر دەمانەوێت ئایندەمان هەبێت نابێت واینیشاندەین کە ئێمە لەدەرەوەی دەقێکی ئاینی پیرۆز و ڕابووردوویەکی قووڵی ئاینی و ئەتنیدا هیچ ئایندەیەکمان نییە. ئێمە لەبەردەم هەلێکی مێژوویی گەورەداین و دەتوانین شوناسی نەتەوەییمان لەسەر بناغەی دەسکەوتە گرنگەکانی مۆدێرنە بیناکەین. لەباتی گەڕانەوە بۆ دەقە پیرۆزەکان دەتوانین بۆ کۆی ئەو دەسکەوتە سیاسی و کولتووری و ڕۆحییانە بگەڕێینەوە کە مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا هێناونی. لەباتی گەڕاندنەوە بۆ زەردەشتییەت، بۆ فەلسەفەی لیبرالیزم و مافەکانی مرۆڤ و لەباتی گەڕانەوە بۆ تەفسیری تەبەری بۆ ئەو فەلسەفە سیاسییانە بگەڕێینەوە کە بەرگری لە مافی جیاوازبوون و مافی ژیان و مافی یەکسانبوونی ڕەهای ئینسان بە ئینسان و نێر بە مێ و باوەڕدار بە بێباوەڕ دەکەن. بەبۆچوونی من ئێمە پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ پرنسیپە کولتووری و سیاسی و ئەخلاقییەکانی فەلسەفەیەک هەمووومان وەک هاوولاتی یەکسان ببینێت، نەک گەڕانەوە بۆ کۆمەڵێک تەفسیر هەندێکمان بە گوناهبار و ئەوانیدیکەمان بە بەهەشتی و سێهەمیشمان بە ئەهلی زیمە و شتی دیکەی لەم بابەتە بداتە قەڵەم.

ئێمە میللەتێکین لەناو کۆمەڵێک هاوکێشەی سیاسی هێجگار زەحمەتدا دەژین و بە کۆمەڵێک دراوسێی ناحەز و نا دیموکرات و لە ئێمە بەهێزتردا گەمارۆدراوین، گەربمانەوێت بەرگری لە خۆمان و شوناسی نەتەوەییمان بکەین، گەر بمانەوێت وەک هیندیە سورەکانی ئەمریکامان لێنەیەت، دەبێت هەوڵدەین بۆ ئەو پرنسیپ و فەلسەفە سیاسی و کولتوورییانە بگەڕێینەوە کە هەم جیاوازییەکانی ئێمە و هەم هی ئەوانیدیکە دەپارێزێت، هەم مافی ژیانی یەکسان

و ئازاد بە ئێمە و هەم بەوانەش ئەدات کە لەئێمە ناچن. دەبێت لە هەڵسوکەوتماندا جیاوازبین لەو دەوڵەتانەی داگیریانکردوین و سەدانساڵە کۆمەڵکوژمان دەکەن، دەبێت چوارچێوەیەکی دیموکراسیانە و ڕۆشنگەرانە و جیاوازیدۆست بۆ شووناسی نەتەوەییمان بدۆزینەوە، نەک قسە لە بوون یان نەبوونێ تێکستێکی پیرۆز بکەین. با ئەم قسانە بۆ ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و هاوشێوەکانیان بەجێبێڵین. شووناسی نەتەوەیی شتێک نییە پێشوەخت پێمندرابێت و گەر دەقێکی پیرۆزمان نەبوو ئیدی بێشوناس بین، شووناسی نەتەوەیی شتێکە دروستدەکرێ و دادەهێنرێت، لەم پرۆسەی داهێنان و دروستکردنەشدا تەنها ئاوڕدانەوە لە ڕابووردو گرنگ نییە، بەڵکو تەماشاکردنی ئایندە گرنگترە. شووناسی نەتەوەیی ئێمە دەبێت شوناسێک بێت هەم لە تەماشاکردنیدا بۆ دواوەی خۆی و هەم لە تەماشاکردنیدا بۆ ئایندەی، واتە هەم لە گەڕاندنەوەیدا بۆ کەلەپوور و هەم لە مژدەدانیدا بە ئایندە، دەبێت شووناسێکی کراوە و دیموکراس و جیاوازی قبووڵکەربێت. ئەمانەش ناتوانن لەپاڵ گوتارێکی ئاینیدا بیناکرێن کە ئینسان لەسەر بناغەی هەبوون یان نەبوونی ئاین، لەسەر بناغەی ئەوەی داخۆ هەمان ئاینی منی هەیە یان ئاینێکی جیاواز، بنرخێنین. کاتی ئەوە هاتووە واز لەو عادەتە خراپانەی بیرکردنەوە لە نەتەوە و وێناکردنی شووناسی نەتەوەیی بهێنین کە لە ڕابووردوی نەتەوەییدا بە دوای شوناسدا دەگەڕێت و دەقێکی پیرۆزی پێویستە بۆئەوەی شووناسی نەتەوەیی لەسەر بینابکات. گەر لە ڕابوردووشدا ئەو دەقەمان نەدۆزیەوە ئیدی یان ئەوەتە بەزۆری زۆرداری دروستیدەکەین یاخود تووشی نائومێدی ببینین و پێمانوابێت بەبێ بوونی دەقێی پیرۆز ناتوانین شووناسمان هەبێت.

شووناس نادۆزرێتەوە، بەڵکو دروستدەکرێت، پێدراوێکی پێشین نییە بەڵکو دادەهێنرێت. مادامەکی ئێمە لە جیهانێکی نوێدا دەژین و دەخوازین ببین بە بەشێک لەو جیهانە بۆیە پێویستە ڕەگەزەکانی شووناسی نەتەوەیمان لەو جیهانە نوێیەوە وەرگرین و بە ئامادەگییەکی ووشیارانەوە لەناو ئەو جیهانەدا چوارچێوەی شووناسی نەتەوەیمان دروستکەین. ئێمە دە ساڵە ئازادین، دەبوایە لەم دە ساڵەدا مۆدێلێکمان لە دەسەڵات و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و

کولتووریدا بە دنیا نیشاندایە کە بە فەخرەوە ببوایەتە سەرچاوەی شوناسی نەتەوەیی ئێمە لە ناوچەکەدا، نەک دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ئەو دەسەڵاتانەی چەندان ساڵە داگیریان کردوین و پلانی لەناوبردنمان دادەنێن.